زمان و زار

ساڵی دووەم- ژمارە (٦) (بەفرانبار-٢٧٢٢) (زستانی-٢٠٢٢)

گۆڤارێکی زمانناسیی وەرزییە

خاوەن ئیمتیاز:
د. تەها رەسووڵ

سەرنووسەر:
فەرەیدوون سامان

سەرنووسەری فەخری:
تۆفیق وەهبی بەگ

زمان و زار

هەڵەگری: لوقمان.م شلانی

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد

بەرگ: ئارام عەلی

چاپ: ٢٠٢٢

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی تاران

هەواڵنامەی کتێب

دامەزراوەی کەریمی عەلەکە و

ڕێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزری دەری دەکات

هەموو ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە:

گوزارشت لە راوبۆچوونی نووسەرەکەی دەکات

دەستەی ڕاوێژکاری:

د. وریا عومەر ئەمین

د. هۆگر مەحمود

د. مزگین چالی

کامران ڕەحیمی

ئیدریس لاوە

ڕاوێژکاری کارگێڕی: ئەڤین ئەحمەد

پەیوەندییەکان: سارا سەعدی عومەر

خەزان بابان

بۆ پەیوەندی بە گۆڤاری زمان و زار

fereydunsaman61@gmail.com

00964 750 448 0493

هەواڵنامەی کتێب

پێڕست

– دەوری دەزگا ئایدیۆلۆژیکەکان لە پێڤاژۆی پاکتاوکاریی زمانی کوردی..........٧
مەزهەر ئیبراهیمی
– ئاساییشی زمان، ئاساییشی نەتەوەیی..........٢٥
فەرەیدوون سامان
– بە ئاساییشکردنی پرسی کورد لە ئێران..........٤١
شێرکۆ کرمانج
– دەیانەوێ زمانیشمان لەت لەت بکەن!..........٤٧
ڕێکار ئەحمەد
– لە بارەی فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی زمانی کوردیی ڕوسلان تسەبۆلەفەوە..........٦٩
د.جەبار قادر
–لەپێناو زماندا..........٧٥
ئەحمەد بەحری
– نەڤەرەی ڕۆکیرۆ– بێخزانی (Rokiro Theory– Bekhzani)..........٩٩
تاریق هەمەوەندی
– یاسای ناوکاتیی و هاوکاتیی لە زمانناسی یونڤێرسالدا ١١٧
و: مستەفا غەفوور
– زمان لەپرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا..........١٢٧
کازم عەباس زەندی
– بۆکان حەسەن، زمانی کوردی لەوەرگێڕانی مایکرۆسۆفت جێگیرکرد..........١٣٩

– زمانی کوردی ناوەند لە وەرگێڕانی گووگڵ، ئاڵەنگاری و دەرفەتەکان..........١٤٣
د. موئمین زەڵمی
– زمانی کوردی لە سەردەمی میرنشینی ئەردەلاندا،..........١٤٧
د.نەریمان خۆشناو
– زمانی بەستەزمانی کوردی..........١٥١
عەلی بازیار
– زمانە هیندۆرووپییە زووەکانی ئەنادۆڵ و کوردستان..........١٥٧
شاسوار هەرشەمی
– زمان بوونەوەرێکی زیندووە..........١٧١
لەعەرەبییەوە :عەبدولرەحمان فەرهادی
– زمانناس د.محەمەد ئەمین هەورامانی..........١٨٣
ئا/ هەڵۆ دەلۆیی
– وەرەو زوان نامجیگیر..........١٨٧
مستەفا بەیگی (رودوس فەیلی)
– خەباتی سیاسیی هەنووکەیی سەبارەت بە دۆخی زمانی کورد..........١٩٥
د.ئەمیر حەسەنپوور
– کوردستان موکریانی: پێویستە ئەکادیمیایەکی تایبەت بە زمانی کوردی هەبێت..........٢١٣

– هەوڵەکانی مامۆستا سەلام ناوخۆش لە بواری زمان و فەرهەنگنووسیدا.............................٢٢٣
زیاد ڕەشاد قادر
– ڕەند زارعی: زمان یەکێکە لە توخمە بنەڕەتییەکانی ژێرخانی کۆمەڵگە.........................٢٣٣
ئا: بێهزاد قادری
–چەند تیلماسکێک لە هێشووی شیرینی زمانی کوردی...٢٤٣
عەبدولکەریم شێخانی
–ئێزیدییەکانی یەکێتیی سۆڤییَتی جاران.. ئەستێلە ئامی دێ لا برێتێک...........................٢٥٥
لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق
– زمانی شیرینی کوردی...٢٨١
حەمەسەعید حەسەن
– ڕەهەندەکانی زمان لە ڕۆمانی کوردیدا...٢٨٧
د. نەجم ئەڵوەنی
– پۆلیتیکایێ زافزوانی؛ ئەورۆپا را تایێ نموونەیی..٢٩٣
نەتیجە ئالتون
– کتێبی ئەم جارە: وریا عومەر ئەمین لە بواری زمانەوانیدا......................................٣٠٧
ئاوات فەرحان وەسمان
– رسم الخط استاندارد کوردی..٣١١
انستیتو زانست زاگروس
– بیجارگروس از فرهنگ وزبان خود روایت می کند...٣١٩
محمدولی کاکایی
– اللغة الكوردية: أشراقة تاريخية و حضارية...٣٢٣
فتحى المدرس
– الاثار الجانبية للعولمة على اللغات المحلية (اللغة الكردية كنموذج)............................٣٣٣
ستار باقي كريم
– التعدد اللهجوي وضرورة إيجاد اللغة الكردية المشتركة...٣٤٩
برزو محمود
– قوة اللغة الكردية في عراقتها التاريخية وغناها بلهجاتها المتكاملة.............................٣٦٧
برادوست ميتاني
– لماذا يستخدم بعض الكورد لغات مغتصبي كوردستان في كتاباتهم بدلا من اللغة الكوردية؟......٣٧٧
د.مهدي كاكەيي
– العلامة اللغوي عبدالرحمن الحاج معروف...٣٨١
اعداد: هوما پالانی
– وقفة مع اللهجة الفيلية ٣٨٥
جلال زنگابادي

AXAFTINA BI ZIMANÊ BIYANÎ...5
Bahadîn Robar

هەواڵنامەی کتێب

دەوری دەزگا ئایدیۆلۆژیکەکان
لە پێڤاژۆی پاکتاوکاریی زمانی کوردیدا

مەزهەر ئیبراهیمی

پێشەکی

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێزی ڕۆژئاوایی و لە ئاکامی پاوانخوازیی نەتەوە سەردەستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بە بێ لەبەرچاوگرتنی فرەڕەنگیی ئێتنیکی، زمانی، چاندی و ئایینیی گەل و پێکهاتە جیاجیاکان، هەندێک وڵات بە پێی سیستمی دەوڵەت-نەتەوە دامەزران و بەم جۆرە بەردی بنەڕەتی شەڕ و ململانێ و پاکتاوی هەمەلایەنە لە ناوچەکەدا دانرا. بەرهەمی ئەم پەرگالە نوێیە بۆ نەتەوە پەراوێزخراوەکان، چەوساندنەوە و هێرش و هەڕەشەی دەوڵەتە مۆدێرنەکان بوو لە دژی بوون، ناسنامە، زمان و فەرهەنگیان.

ئەم دەسەڵاتە نوێیانە هەوڵی چڕیان بۆ سڕینەوەی جیاوازی و یەکدەست کردنەوەی وڵاتی خستەگەڕ و لەم سەروبەندەدا زمان، وەک ئەستوونی سەرەکیی ناسنامەی نەتەوە بندەستەکان و هەروەهاش وەک لەمپەری بەهێزی سەر ڕێی ئاسمیلاسیۆن، زۆرترین زەختی خرایە سەر.

کوردستان لەم سەد ساڵەی دواییدا تاقیگەیەکی گەورەی ئەم شێوە سیاسەتە بووە و زمانی کوردی بە توندی بەرەوڕووی پەراوێزخستن و هەروەها پاکتاوکاری بووەتەوە؛ بە چەشنێ کە ئەمیر حەسەنپوور ئەم بارودۆخەی بە «زمانکوژی» پێناسە کردووە.

ئەگەرچی لەم ساڵانەی دواییدا ڕەوشی زمانی کوردی لە تورکیا و ئێران تۆزێک گۆڕاوە، بەڵام لەچاو گەورەیی کێشەکە و خێرایی پرۆسەی زمان سڕینەوە، بە تایبەت لە باکووری کوردستاندا، ئەم وردە هەنگاوە ئەگەرچی پێویستە، بەڵام قەت نابێتە چارەسەر و وەک ئاشکرایە گێژاوی زمانی سەردەستان هەتا دێت زمانی کوردی زیاتر بەرەو نغرۆبوون دەبات. جوما چیچەک لە پەرتووکی زمانەک چما تێ قەدەغەکرن؟ پەنجە لە سەر ئەم ڕاستییە تاڵە دادەنێت و دەبێژێت «ئێستا ئەم زمانە بۆ پڕانی گەنجانی باکووری کوردستان و بۆ زۆربەی زۆری زارۆکان، زمانێکی نائاشنا و نەزانراوە». ئەم ڕەوشە بۆ تاکی دەرەوەی کەشی ئایدیۆلۆژیکی تورکیا و باکووری کوردستان ڕوونتر و هەستپێکراوترە؛ بە چەشنێ کە لە گەشتی یەکەمدا بۆ ئەوێ، سەیر و سەرسوڕهێنەرترین شت کە بەرەوڕووی دەبیتەوە، بە تورکی ئاخافتنی زۆرینەی کوردانە لە بازاڕ و تەنانەت نێو ماڵاندا. لەم کاتەدا پرسیارێک بەرۆکت پێ دەگرێت کە: چما شێوەی مامەڵەی گەل لەگەڵ زمانی دایکیاندا ئاوەهایە؟

هەواڵنامەی کتێب

ئەم لێکۆڵینەوەیە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دوو ڕۆمانی لە دوو پارچەی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوەتە بەر ڕووناکیی چەمکە ڕەخنەییەکانی «ئایدیۆلۆژی»، «دەزگای سەرکوتی دەوڵەت»، «دەزگا ئایدیۆلۆژیکەکانی دەوڵەت» و «سووژە» لە تێگەهە گرنگەکانی بەرباسی لویی ئاڵتوسێر (١٩٩٠- ١٩١٨)، بیرمەندی ناسراوی فەڕەنسی. بۆ ئەم مەبەستە، پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی (٢٠١٠) نووسینی شەنەر ئۆزمەن و گابۆڕ (٢٠١٥) نووسینی قادر هیدایەتی وەک نوێنەرەوەی جڤاکێن کوردی لە ئەم دوو پارچەیەدا، تاوتوێ کراون و هەوڵ دراوە هۆکارە بەرچاو و شاراوەکانی ڕەوشی داسەپاو ڕوون بکرێنەوە.

ڕەوشی زمانی کوردی لە باکووری کوردستان

دەوڵەت-نەتەوەی تورکیا، لە بیستەکانی زایینییەوە بە شۆپاندنی دروشمی «یەک وڵات، یەک نەتەوە، یەک زمان»،سیاسەتی ئاسمیلاسیۆنی بەڕێوە بردووە و ئەم ڕەوشە بە گۆڕانکارییەکی کەمەوە ئێستاش هەر بەردەوامە. لە کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانی، واتە لە ساڵی ١٨٧٦دا، زمانی تورکی لە دەستووری بنەڕەتیدا بوو بە زمانی فەرمی و پەروەردەیی، زمانی کوردی بۆ مەبەستی فێرکاری بڤە کرا. پاش هەڵوەشانەوەی سیستمی خەلافەت و دامەزرانی دەوڵەتی کەمالیستی لە ساڵی ١٩٢٣ و پەسندکردنی دەستووری نوێ لە نیسانی ١٩٢٤دا، زمانی تورکی بوو بە زمانی ڕەسمی و قانوونی و هەموو دانیشتووانی تورکیا بە تورک دانران. بە وتەی سەیدۆ ئایدۆگان «ل ترکیایێ کوردی هەتا سالا ١٩٩١ێ ژی ژ بنڤە قەدەغە بوو و باندۆرا ڤێ قەدەغەیا زمانی هەتا سالا ٢٠٠٢ان ژی دەوام دکر». بەگشتی، دامەزرێنەرانی دەوڵەت-نەتەوەی تورکیا لەو کاتەوە بناغەی پاکتاوکارییان دانا و دوای سەد ساڵ هێشتا دەسەڵاتدارانی ئێستا هەندێک جار لە وتەکانیاندا حاشا لە بوونی کورد و نیشتمانێک بە ناوی کوردستان دەکەن.

هەر لەم پەیوەندییەدا ناوەندە زانستییەکانی بەرخۆری کەمالیزم، هاودەنگ و هاوتەریب لەگەڵ بەرپرسانی سیاسی و سەربازی، حاشایان لە بوونی زمانەکانی تر و لەوانە کوردی کرد؛ یان بەپێی تیۆریی هەڵبەستراوی «زمانی هەتاو»، نەک هەر زمانەکانی نێو تخووبی تورکیا، بەڵکوو هەر هەموو زمانەکانی دنیایان کردە ژێر لقی زمانی تورکی. لە درێژەی ئەم سیاسەتەدا، بۆ نموونە، وشەگەلی وەک کورد،

کوردی و کوردستانیان سڕییەوە؛ ناوی شار و گوند و شاخ و چۆمیان هەموو گۆڕی و وەک وەیسی باراک ئاماژەی پێداوە، کوردانیان نەک هەر بە «تورکی کێوی» و «تورکی ڕۆژهەڵاتی»، تەنانەت بە «تورکی کورد»یش ناودێر کرد. دوایەش، کە نەیانتوانی واقعی بەرچاو، واتە جەماوەرێکی پڕهەژماری ناوچەیەکی بەرینی جوگرافیایی و زمانە جیاوازەکەیان بشارنەوە، زمانی کوردییان بۆ بیست وشە دابەزاند و بەردەوام بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە هەموو وشەکانی تری لە زمانەکانی دەوروبەرەوە وەرگیراون. ئینجا هەر کەسیش بەم «زمانە بیست وشەییە»! قسەی بکردبایە، تووشیاری جەزا و جەریمە دەبوو. کازم پۆلات لە کتێبی ئێشا زمانێ مندا بیرەوەریی یەکەم ڕۆژی خوێندن و و هەڵسوکەوتی بەڕێوەبەری خوێندنگە و بەتاوان دانانی ئاخافتن بە کوردی، تەنانەت لەماڵەوە، ئاوەها دەگێڕێتەوە:

زارۆکێن کو ژ هەڤ حەز نەدەکرن ئوو یێن کو د ناڤبەرا هەڤدە پرسگرێکەک هەبوو، هەڤ ئیخبار دکرن کو یێ دن ب کوردی ل مال ئان ژی ل دەرڤە ئاخاڤییە. پاشێ پاشێ من فێم کر کو مدوور ل سەر قەدەخەکرنا کوردی دسەکنی؛ د هەر ڕۆژا دوشەمێ پشتی مەراسما «کورکما سونمەزی»[سروودی نیشتمانیی کۆماری تورکیا] د ئاخافتنا خوەدە دگۆت کو «کیم کورتچە کونوشورسا گەلین بانا سویلەیین.» (هەرکەس بە کوردی قسەی کرد وەرن پێم بڵێن.)

ئۆکتەم لە وتارێکی تێروتەسەلی چاپکراو لە ژورناڵی ئەورووپایی لێکۆڵینەوەکانی تورکیادا، بە وردبینییەوە سیاسەتی دەسەڵاتەکانی پاش خەلافەتی عوسمانی لە پێناو ئەندازیاریی دیمۆگرافیک و گۆڕینی ناوی شوێنەکان تاوتوێ کردووە و ئەم کردەوانەی لە چوار شەپۆلدا خستووەتەڕوو. لە شەپۆلی یەکەم (١٩١٥-١٩٢٢) و لە بن دەسەڵاتی «کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی»دا، زیاتر لە ملیۆنێک ئەرمەنی، سریانی و چەندین کۆمەڵگەی کوردی دوورخرانەوە و ناوی شوێنەکانیان هاتەگۆڕین. لە شەپۆلی دووەمدا (١٩٢٣-١٩٥٠)، هاوکات لەگەڵ دامەزرانی کۆماری تورکیا، ئەم کردەوانە پەرەدەستێنن و دەچنە نێو دەستووری نوێوە و دوو ڕێکخراوی «ئەنجومەنی کۆمەڵناسیی تورکیا» و «ئەنجومەنی لێکۆڵینەوەی دیرۆکی تورکیا»ش ڕەنگوبۆنی زانستییان پێدەدەن. لە شەپۆلی سێیەمدا (١٩٥١-١٩٨٠)، بەرەوڕووی سیستماتیکترین قۆناغی ئەم سیاسەتە دەبینەوە کە بە دامەزرانی «کۆمیسیۆنی تایبەت بە گۆڕینی ناو» دەست پێدەکات. لە

هەواڵنامەی کتێب

شەپۆلی چوارەمیشدا، واتە لە هەشتاکانەوە، کە وردەوردە ڕوانگەی تورکی-ئیسلامی جێی ڕوانگەی تورکی-سکولار دەگرێتەوە، هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی شۆڕش لە باکووری کوردستان، کاولکردنی گوندان و جێخستنی تەواوی ناوە گۆڕدراوەکان و گۆڕینی ناوی پاشماوەی شوێنەکان بە شێوەی هۆڤانەتر دەست پێدەکاتەوە و هەتا نهاش بەردەوامە.

لە هەولێکی تردا و لە پێناو پەکخستنی زیاتری زمانی کوردی لە باکووری کوردستان، بە توندی ڕێگری لە نووسین و بڵاوکردنەوەی کتێب و بڵاڤۆک کراوە؛ بە چەشنێ کە لە ماوەی نێوان ساڵی ١٩٢٣ تا ١٩٦٥ تەنیا دوو کتێبی کوردی بڵاو کراوەتەوە. پاش ئەم ڕێککەوتەش، تا ساڵی ١٩٧٩ ژمارەی کتێبە چاپکراوەکان لە بیستی تێنەپەڕاندووە. ئەڵبەت لە ساڵی ١٩٧٤دا لێبوردن ڕاگەیەندرا و گەلێک ڕۆشنبیر و نووسەر ئازاد کران. بە وتەی ئاجار «ژ بەر ڤێ، د ناڤ سالێن ١٩٧٥-١٩٨٠یی دە وەکی تەڤگەرێن سیاسی یێن کورد، رۆژنامە و کۆڤارێن کوردی ژی کەتبوون ناڤ پێشدەچوویینەکە بەربچاڤ». لە ساڵانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٩ توندوتیژی پەرەی سەند و تەنانەت تاقە کتێبێکیش چاپ نەکرا.

لە ساڵانی دواتردا، هاوکات لەگەڵ ئازادیی سنوورداری زمان، قۆڵبەستکردن و ئەشکەنجە و تەنانەت تیرۆر زۆرتر بووەوە و لەو ماوەیەدا نووسەرانی ناوداری وەک مووسا ئەنتەر و حسێن دێنیز هاتنەکوشتن.

دەوڵەتی تورکیا لە ساڵی ١٩٩١دا، بە مەبەستی چوونەڕیزی وڵاتانی یەکێتیی ئورووپا و هەروەها لەبەر چالاکی و بەرخۆدانی کوردانی زمانپارێزی باکوور، قانوونی قەدەغەی ئاخافتنی کوردیی هەڵوەشاندەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی بە شێوەی فەرمی دان بە بوونی زمانی کوردی لە تورکیادا نرا، ئاجار ئاماژەی بەوەش داوە کە «هەر رۆژ ب دەهان ئنسان دهاتن کوشتن، ب هەزاران گوند هاتبوون شەوتاندن، ب ملیۆنان ئنسان جهـ و وارێن خوە تەرک کربوون، رۆژنامەڤان و رەوشەنبیرێن کورد دهاتن کوشتن». هەروەها ماڵمیسانژ لە توێژینەوەکەیدا سەبارەت بە ڕەوشی چاپ و وەشان لە تورکیا، دەنووسێت بەپێی ڕاپۆرتی «ئەنجومەنی ڕۆژنامەوانانی هاوچەرخ» لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٢ تا ١٩٩٦، چواردە چالاکی بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردی تیرۆرکراون. هەر ئەو سەرچاوەیە ئاماژە بۆ کوژرانی چواردە هەواڵنێر تەنیا لە ساڵی ١٩٩٣دا دەکات.

شیاوی گوتنە، لە ساڵی ٢٠٠٢، واتە یازدە ساڵ پاش هەڵگرتنی یاساکە، هەندێک چاکسازیی سنووردار ئەنجام دران. بەو پێیە، بەبێ ناوهێنان لە زمانی کوردی، ڕێ بە فێرکاریی کوردی لە ناوەندە تایبەتەکاندا درا و بەربەستی وەشانی پەرتووک و چاپەمەنی و بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن لابرا. هەروەها وەک ژێرلقێکی «زمانێن زیندی»، بەشی کوردی لە زانکۆکانی مێردین، دێرسیم، چەولیگ (بینگۆل)، وان، سێرت، ئامەد (دیاربەکر) و مووش دامەزرا. لە ساڵی ٢٠١٢-٢٠١٣شدا وانەیەکی بژاردە کەوتە نێو پێرستی وانەگەلی خوێندنگە حکوومییەکانەوە. بەڵام سەرەڕای ئەم گۆڕانکارییە، وەک ئاشکرایە، دۆخی زمانی کوردی لە نێو جەماوەردا نەک هەر بەرەو باشی نەچووە، خراپتریش بووە؛ بە جۆرێ کە چیچەک پێی وایە ئێستا زمانی کوردی بۆ پرانی گەنجان و بۆ زۆربەی زۆری زارۆکان زمانێکی نائاشنا و نەزانراوە.

بارودۆخی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەگەرچی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانی ئێران لەچاو تورکیا، بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بەردەوام و بە کەڵک وەرگرتن لە توندوتیژیی ڕووت، ڕێگرییان لە ئاخافتن بە زمانی کوردی نەکردووە (ئەڵبەت لە شوێنە نافەرمییەکاندا)، بەڵام هەر لە سەرەتای دامەزراندنەوە بە شێوەی جیاجیا و لە ڕێگەی دەزگا گرێدراوەکانەوە هەوڵی چڕیان داوە زمانی فارسی بەسەر کوردان و نەتەوە و پێکهاتەکانی تردا بسەپێنن.

ئێستا ئەگەرچی دانیشتووانی زۆربەی شار و ناوچەکان بە کوردی قسە دەکەن و کاروباری ڕۆژانەیان بە زمان و زاری خۆیان تێدەپەڕێنن، بەڵام باندۆری زمانی سەردەست بە تایبەت لە سەر چینی خوێندەوار و شارنشین بە ڕوونی دەبینرێت. لە هەندێک شوێنیش، بۆ نموونە لە گەورەشاری کرماشان و باژاری ئیلامدا، سیاسەتی تواندنەوە تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە و زمانی کوردی خراوەتە پەراوێزەوە. وەک نموونەیەک لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئەم ستراتیژییە، لە ڕێککەوتی ٢٧/ ٢/ ١٩٣٢ لە نامەیەکی نهێنیی نێردراو بۆ وەزارەتی ناوخۆی ئەوکاتی ئێران، ئاخافتنی خەڵک بە زمانی کوردی وەک گرفتێکی گەورە وەسف کراوە. ناوەرۆکی نامەکە ئاماژە بەوە دەکات کە لە ناوچە کوردییەکاندا تەنیا لە خوێندنگە و دامودەزگای حکوومیدا زمانی فارسی بەکار دەهێنرێت.

بۆیە پاکتاوکاریی زمانی بە ڕێگەچارە دەزانێت و پێشنیارێکی ئاوا دەدات: «بۆ ئەوەی هەموو خەڵکەکە لە دواڕۆژدا ناچار بە ئاخافتن بە زمانی فارسی بکرێن، دروستکردنی قوتابخانە لە هەموو ناوچە و شارەکان و ناردنی مامۆستا لە ناوەندەوە زۆر پێویستە، تا لە ئەنجامی پەروەردەیەکی بنچینەییدا ئیتر بە هیچ شێوەیەک ئاشنای زمانی کوردی نەبن».

ئەمڕۆکە خوێندنگە، وەک دەزگایەکی هەرە کاریگەر، باڵی بەسەر هەموو شار و گوندێکدا کێشاوە و زۆرترین دەرفەتی بۆ گشتگیرکردن و چەسپاندنی ئایدیۆلۆژیی چینی دەسەڵاتدار لەبەردەستدایە. دەوڵەت لەم ڕێگایەوە بەردەوام بیرۆکەی بایەخمەندیی زمانی فارسی لە زەینی سووژەکانیدا جێگیر دەکات و وا لە منداڵان و هەروەها گەورەکانیان دەکات تەنیا زمانی سەردەست بە خاوەن پرێستیژی خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆدا بزانن. ئاوەهایە کە دەزگای فێرکاری لەم وڵاتانەدا، لەباتی تێپەڕاندنی ئەرکی هەستیاری پەروەردە، دەبێتە ئامرازێکی بەهێزی بڕینی زمانی ملیۆنان زارۆک و ورووژاندنی هەستی خۆبەکەمدانان و چێکردنی گرێی دەروونی.

دەزگای فێرکاری بۆ سەرخستنی ئامانجی یەک نەتەوە و یەک زمان، هاوکات لەگەڵ چێکردنی لەمپەر لە بەردەم بەکارهێنانی زمانە نافەرمییەکاندا، لە ڕێگەی منداڵانەوە ئایدیاکەی دەباتە نێو ماڵانیشەوە. بۆ ئەم مەبەستە، لە زۆر شوێندا قوتابیان هەر لە دەستپێکی خوێندنیانەوە ناچار دەکرێن بە زمانی فارسی قسە بکەن. بە وتەی مامۆستا ئەمیر حەسەنپوور، هەم لە سەردەمی پەهلەوی و هەم ئێستاش لە قوتابخانەکاندا ڕێگری لە قسەکردنی منداڵان بە زمانی خۆیان کراوە و هەندێ جاریش بۆ ئەم کارە تەمێ کراون. ڕەهەندێکی تری ئەم ئەشکەنجە دەروونییە ئەوەیە کە زارۆکان لەبەر نەزانین و هەروەها لە ترسی دەربڕینی بەهەڵەی وشەکان و گاڵتەپێکران، زۆرجار زمانیان دەبەستن و هێندەی دیکە ملکەچی لایەنی سەردەست دەبن. ئینجا بە درێژایی چەندین ساڵ خوێندنی فەرمی، بەوە ڕادێن ئەم هەڵوێستە لە هەموو ئاستەکانی ژیانیاندا پێڕەو بکەن.

کارتێکەریی قەدەغەبوونی زمانی کوردی، لەسەر چاپەمەنی و چاپی پەرتووکیشدا ئاشکرایە. لەم ڕووەوە بارودۆخی ئێران و تورکیای پاش دامەزرانی دەوڵەتی مۆدێرن تا ساڵانی کۆتایی سەدەی ڕابردوو زۆر لێکدەچێت. بە وتەی هاشم ئەحمەدزادە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جگە لە ماوەی کورتی سەردەمی کۆماری کوردستان لە

ساڵی ١٩٤٦، ڕەوشەکە باشتر لە تورکیا نەبووە. بۆ نموونە، لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٩ تا ١٩٦٥ دۆزینەوەی تاقە کتێبێکی کوردی و تەنانەت نووسراوەیەکی ناسیاسی لە ماڵە کوردێکدا، بە لایەنی کەمەوە دوو ساڵ زیندانی بە دواوە بووە.

پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییەش بکەین کە دژایەتیی مافی نەتەوە و ئێتنیکە جۆربەجۆرەکانی چوارچێوەی وڵاتی ئێران و نەپەژراندنی پێکەوەژیانی دادپەروەرانە، تەنیا بۆ دەوڵەتەکان ناگەڕێتەوە؛ بەڵکوو ئەم زەینییەتە وەها لە قووڵایی مێشکی زۆرینەی جەماوەردا جێگیر کراوە کە نەک هەر تاکی ئاسایی، تەنانەت دەستەبژێر و بە ناو ڕووناکبیرانیش لە بەرامبەر هەر چەشنە مافخوازییەکدا هەڵوێستی دەمارگرژانە دەنوێنن و توندئاژۆیانە دژایەتیی دەکەن. بۆ نموونە، لە دژی ڕێککەوتننامەی پارتەکانی ڕۆژهەڵات لە یەکی حوزەیرانی ٢٠١٢دا سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلان و سیستمی فیدراڵیزمی نەتەوەیی-جوگرافیایی، زۆربەی زۆری ئەوانەی تەنانەت لە هەندەران و لە دەرەوەی کەشی ئایدیۆلۆژیکی ئێراندا دەژین و خۆیان بە پارێزەری مافی مرۆڤ لەقەڵەم دەدەن، بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێک دژایەتیی قورس و قایمیان دەربڕی و ڕێک هەمان هەڵوێست و کاردانەوەی دەسەڵاتدارانیان پیشان دا.

شادی سەدر، پارێزەر و داکۆکیکاری ڕاستەقینەی مافی مرۆڤ، لە بەرامبەر ئەو تاقمە و لە بەرژەوەندیی ملیۆنان مرۆڤی مافخوراوی چوارچێوەی سیاسیی ئێراندا دەنووسێت: «هۆی ئەوەی ئەمرۆکە لەگەڵ وەها واقعێکدا بەرەوڕووین، تەنیا بۆ سیاسەتی سەرکوتکارانەی دەوڵەتە ناوەندییەکانی ئێران ناگەڕێتەوە، بەڵکوو زیاتر ڕەگی لە ڕوانگە و کردەی یەکەبەیەکەی ئێمەماناندا داکوتاوە؛ چ ئەو کاتەی وەک خەڵکی کووچە و کۆڵان ڕەگەزپەرستیمان بە وتنی «عەرەبی سووسمارخۆر» و «کوردی سەرژێکەر» دەردەخەین و چ ئەو کاتەی وەک ڕووناکبیر ڕاگەیەندراوی سیاسی دەنووسین و لە ڕاستیدا ناسیۆناڵیزمی توندئاژۆیانەمان لە پشتەوەی ئەم وشە ئاڵووالاّیانەدا دەشارینەوە». ئەم خانمە هێژایە یەک لەو دەگمەن کەسانەیە کە بە پێچەوانەی بە ناو ڕۆشنبیرانی ئێرانی، پێکهاتە بیمافکراوەکانی وەک کورد، بە نەتەوە ناو دەبات نەک بە قەوم. ئەو تاقمە، هاوشێوەی دەسەڵاتداران، وشەی قەوم بۆ مەبەستی دابەزاندن و بچووککردنەوە بەکار دەهێنن؛ واتە بۆ کۆمەڵە مرۆڤێکی ژێرلقی نەتەوە کە مافی ئەوەیان نییە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن.

کامەران مەتین لە وەڵامی ئەوانەی پێکەوەژیانی لەمێژینەی گەلانی ناوچەکە

لە چوارچێوەی وڵاتێکی هەڤگرتوو بە ناو ئێراندا دەبینن و ئەوە دەکەنە پاساوی ناوهێنانی کوردان بە قەوم و لەو ڕێگەیەشەوە دژایەتیی مافی چارەی خۆنووسینیان دەکەن، دەڵێت: شێوە و چییەتیی ئەو پەیوەندییانە گەنگەشەی زۆری لەبارەوە کراوە و ئێستاش هەر بەردەوامە. بەڵام بە لایەنی کەمەوە لە حەفتا ساڵی ڕابردوودا چوارچێوەی سیاسییان لەسەر بنەمای سەپاندنی توندوتیژانەی پەیوەندییەکی کولتووری-ناسنامەیی ناهاوسەنگدا بووە و تێیدا زمانی فارسی بە کۆڵەکەی فەرهەنگ و ناسنامەی ئێرانی دانراوە و زمانەکانی تر بە «ناوچەیی» و ئاستنزم سەیر کراون.

شیاوی باسە ماوەی چەند ساڵێکە بڵاوکردنەوەی کتێب و حەفتەنامە و گۆڤار، بە پێی هەندێک مەرج و سنوور، ڕێپێدراوە؛ هەروەها بەشی لیسانسی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی کوردستان لە باژاری سنە کراوەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا، هەوڵی تواندنەوە و پەراوێزخستن هێشتا بەردەوامە و بێجگە لە منداڵانی فارس، ئاخێوەرانی زمانەکانی تر لە خوێندن بە زمانی خۆیان و تەنانەت لە خوێندنی تاقە کتێبێکی زمانەکەی خۆیان (تەنانەت وەک ئەوەی لە تورکیادا هەیە) بێبەشن. سەرباری ئەمەش، زمانی فارسی وەک پێوەری گرینگی دیارکردنی ئاستی توانست و تەندروستیی منداڵان لە بەرچاو دەگیردرێت و پێش چوونە بەر خوێندن بەو پێیە هەڵدەسەنگێندرێن. بۆ وێنە، بەر لە دەستپێکردنی پۆلی یەکەم و لە قۆناغی پێش-بنەڕەتیدا، بۆ هەر منداڵێک فۆرمێک پڕ دەکرێتەوە و هەندێک پرسیار سەبارەت بە لێهاتوویی پەروەردەییان ئاراستە دەکرێت. کاتێک سەیری پرسیارەکان دەکەین، بە ڕوونی دەبینین کە لەبری هەڵسەنگاندنی گەشەی هزری و دەروونیی زارۆکانی تەمەن پێنج و شەش ساڵ و دیارکردنی ئاستی ئامادەییان بۆ دەستپێکردنی پەروەردەیەکی باش، فرەترین جەخت لەسەر زانینی زمانی فارسییە، بێ ئەوەی هیچ بایەخێک بە زمانی یەکەمیان بدرێت. چەند نموونەیەک لەو پرسیارانەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە باسەکەوە هەیە ئەمانەن:

- ئایا حەزی لە ئاخافتن بە زمانی فارسییە؟
- گوێگرتن لە چیرۆک و هۆنراوەی فارسیی پێخۆشە؟
- وشە فارسییەکان بە شێوەی ڕاست و دروست بێژە دەکات؟
- جیاوازیی دەنگیی وشە فارسییەکان تێدەگات؟
- دەتوانێت ناوی شت و دیاردەکان بە فارسی بڵێت؟

- له قسه‌کردندا زمانی فارسیی پێوەر بەکار دەهێنێت؟
- سروودی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێتەوە؟

ئاشکرایە بە گوێرەی ئەم پلانە پەروەردەییە – کە لە ڕاستیدا پیلانێکی ئایدیۆلۆژیک و دژی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤە - منداڵانێک کە ئاخافتن و هەست و هزرین و هەموو پەیوەندییەکانی ژیانیان بە زمانێکی تر، لەوانە بەلووچی، کوردی، عەرەبی، تورکیی ئازەری، تورکمانی و هتد، بە ناکارامە و ئاستنزم و ناتەواو دەزانرێن و پێویستییان بە چارەسەرییە. بۆیە لەم ساڵانەی دواییدا بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی ئەم کەمایەسییە(!)، پەروەردەی پێشبنەڕەتی لەو ناوچە و شارانەی خەڵکەکەی بە فارسی قسە ناکەن، بووەتە ناچارەکی و بە لایەنی کەمەوە تێپەڕاندنی ساڵێکی بۆ وەرگیران لە پۆلی یەکەمدا پێویستە. تەنانەت لە هەندێک شوێندا ئەم قۆناغە یەک یان دوو ساڵ زووتر دەست پێدەکات. دیارە ئامانجی ئەم کارە، هاندانی ئاخێوەرانی زمانە نافەرمی و پەراوێزخراوەکانە بۆ خۆپاکتاوکاری و خۆتواندنەوەی زمانی. بە پێی ئەم پێوەرانەی لە فۆرمی ئاماژە بۆکراودا پێداگرییان لەسەر کراوە، لە وڵاتی ئێراندا تەنیا منداڵانی فارسیئاخێو ئاستی شیاوێتییان مسۆگەرە و شایەنی وەرگرتنی ڕاژەی پەروەردەیین. کەوابوو، ئەوانی تر کە زیاتر لە پەنجا لە سەدی زارۆکانی ئێران پێکدەهێنن، تەنیا لەبەر ئەوەی بە فارسی قسە ناکەن، بە نالێهاتوو هەژمار دەکرێن.

ڕێکاری دەوڵەتانی سەردەست بۆ پاکتاوکردنی زمانی کوردی

پەرگالی دەوڵەت-نەتەوە، لە پێناو سازکردنی نەتەوەی یەکدەست، یەکڕەنگدا بە دوو شێوە بەرەوڕووی ڕەنگامەیی ئێتنیکی، زمانی و فەرهەنگی بووەتەوە. یەکەم، شێوەی توندوتیژانە کە بە دەزگای سەرکوتی دەوڵەت دەستەبەر بووە و بە پێی تیۆری ڕەخنەیی ئاڵتوسێر، هێزێن چەکدار، حکوومەت، دادگە و زیندان و دامودەزگای دانان و بەڕێوەبردنی دەستووری بنەڕەتی دەگرێتەوە. دووەم، شێوەی بەڕواڵەت نەرمونیان و تا ڕادەیەک هەست پێنەکراوی ئایدیۆلۆژی کە بە یارمەتی دەزگا ئایدیۆلۆژیکەکان بەڕێوە دەچێت و بریتین لە مزگەوت، ماڵبات، میدیا، قوتابخانە و دامودەزگای سیاسی، قانوونی و هەروەها دامەزراوە فەرهەنگییەکانی گرێدراوی هونەر، ئەدەبیات و وەرزش.

لەم دوو ڕۆمانەدا، دەزگای سەرکوتی دەوڵەت، بە تۆخی، ڕەنگی داوەتەوە و هاوکات، بە بەرفراوانی کەڵک لە دەزگا ئایدیۆلۆژیکەکانیش وەرگیراوە. لە گابۆڕدا، چالاکیی دەزگای سەرکوت بەرچاوترە؛ بۆیە، بەرەنگارییش زۆرترە. گێڕانەوەی هاوتەریبی کوشتارگا و سەربڕینی گاکان بە دەستی سەیدە سووری سەللاخ و لە کۆتاییدا هەڵاتنی گاکان، هێمای شوێنکاتی تەژی لە توندوتیژی و هەروەها سەرهەڵدانی بندەستانە. لە پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی، ئەگەرچی سەرکوتی ڕاستەوخۆ لە گۆڕێدایە، بەڵام ئەو هێزەی بە شێوەی هەست پێنەکراو و بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای سەرکوتی دەوڵەتدا، بە ناخی کۆمەڵگەدا ڕۆچووە و زمانی گەلی بڕیوە، ئایدیۆلۆژییە. لەم نێوەدا، «دەزگای ئایدیۆلۆژیکی ئایینی، زۆر زاڵە و دەوڵەت بە باشترین شێوە بەکاری هێناوە. ئەم دەزگایە، بە قۆزتنەوەی هەلی پاڵپشتیی دەوڵەتی، دەزگاکانی تری وەک خوێندنگەشی خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆی. لەم پێوەندییەدا، هاوئایینیی لایەنی سەردەست و بندەست، دەرفەتێکی باشی بۆ دەوڵەت ڕەخساندووە تا بە سانایی سووژەی دڵخواز بەرهەم بهێنێت. ئەم ڕاستییە لەو شارانەی ڕۆژهەڵات کە سەر بە ئایینزای شیعەن بەرچاوە و لە باکووریشدا بۆ ئەم مەبەستە کەڵک لە ئایین وەرگیراوە و ئێستاکەش حیزبی سەردەست لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرترین دەنگی لێ بەدەست دەهێنێت. هەروەها هێرشی هاوبەشی تورکیا و گرووپە ئیسلامییەکان بۆ سەر ڕۆژئاوا و باکووری سووریا بە دروشمی جیهاد لە دژی کافران، دووپات بوونەوەی هەمان دیاردەیە لە فۆرمی فاشیزمی ئایین-ڕەگەز-تەوەردا.

دەزگای ماڵباتیش وەک یەکەم دەزگای چێکەری سووژە و باوک و دایک وەک یەکەم جێبەجێکارانی ئایدیۆلۆژیی زاڵ، لە پێناو بەرهەمهێنانەوەی بارودۆخی داسەپاودا باشترین ڕاژە پێشکەش بە دەوڵەت دەکەن. لە جیهانی ئەمڕۆدا، بە هاتنە مەیدانی ئامێری پێشکەوتوو و جۆربەجۆر، ئایدیۆلۆژی زۆر ساناتر و بەربڵاوتر خۆی دەخزێنێتە نێو ماڵانەوە. شیاوی سەرنجە کە دەزگای بنەماڵە و هەروەهاش فێرکاری، بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی ئایدیۆلۆژیکیان زۆر جار پەنا دەبەنە بەر توندوتیژی و وەک دەزگای سەرکوت دەجووڵێنەوە. ئەم شێوە مامەڵەیە لە کاردانەوەکانی میرزا هادی، باوکی موتەلیبدا بەم شێوەیە ڕەنگی داوەتەوە:

ئەسڵەن زۆری ڕق لە کتێب بوو. هیچ کتێبێک جگە لە کتێبی دەرسی لە ماڵی ئێمەدا نەبوو. ئەو هەمووە سەعدی خۆش دەویست و تاریفی گوڵستان و بووستانی دەکرد،

تەنانەت ئەوانیشی نەبوو. دەیکوت تۆ عورزەی ئەوەت نییە دەرسەکانی خۆت بخوێنی ئێستا دەچی چوار لاپەڕە دڕاوی مەلا ڕەحمانی هەژار و سەیدی شێخەلیسلامم بۆ دەخوێنییەوە! پففف، مەسەلەن ئەوە خوێندیشتەوە، بە هیوای ببی بە چی؟! گەڵوقمچاغت ئەوەندە خاوێنە کوردایەتیم بۆ بکەی؟! کورڕڕدایەتی! ئای شیرڕڕڕڕڕڕ! ئەوانەی کردیان حاڵیان زۆر خاوێن بوو! دیتمان، دیتمان، بەڵێ، دیتمان چییان لێهات و چییان بەسەر هات.

لە ڕۆمانەکەدا، میرزا هادی وەک پیاوێکی سامدار، ملهوڕ و سکەڕۆ وەسف کراوە کە جگە لە خۆی و شێخ سەعدی کەسی دیکەی قبووڵ نییە. ڕەفتاری لەگەڵ هاوژین و کوڕەکەیدا زۆر توندە و ئەوانیش زۆر لێی دەترسن. هەموو کار و کردەوەیەکی عەبدولموتەلیب، وەک سەرلەهەنگی ڕۆمان و سووژەیەکی سەربزێو و نادڵخوازی دەوڵەت، لە بن چاودێریی باوکیدایە؛ بۆیە، هەموو کارێکی بە نهێنییە. بۆ نموونە، دوور لە چاوی ئەو، لەگەڵ کەریمدا، کتێبی کوردی دەکڕن و دەیخوێننەوە. میرزا هادی زۆر ڕقی لە کتێبی کوردییە و ئەویش ناوێرێ بیباتەوە ماڵ و کەریم بۆی هەڵدەگرێت. جارێکیان دوو کتێبی کوردی بە ڕۆژنامە دادەپۆشێ و لە نێو کتێبە دەرسییەکانیدا دەیشارێتەوە؛ باوکی ڕاستیی ڕووداوەکەی بۆ دەردەکەوێت و بە تانە و تەشەر و جنێو و شەق و تف دەکەوێتە ویزەی و ئەم قسانە بە کوڕەکەی دەڵێت.

ماڵبات یەکەم دەزگای سەپێنەری ئایدیۆلۆژیی زاڵە و باوک و دایک، لە پاڵ گەورەکردنی منداڵان و پاراستنیان لە نەخۆشی و مەترسییەکانی تر، بێ ئەوەی خۆیان ئاگادار بن، تێدەکۆشن بە ئایدیۆلۆژییەک گۆچیان بکەن کە لە مێشکیاندا چێنراوە و پێویستە لە پێناو قازانجی سەردەستانی خاوەن هێز و ساماندا بەردەوام بەرهەم بێتەوە. هەژیر (عەبدولموتەلیب)، کە هەوڵی چێکردنەوەی ناسنامەی خۆی دەدات و دەخوازێت لە ڕێگەی فێربوونی کوردی و ناسینی مێژووی ئەدەبی و سیاسیی گەلەکەیەوە لە ئایدیۆلۆژیی زاڵ ڕزگاری بێت، باوکی دەبێتە یەکەم ئاستەنگ و لەمپەری سەر ڕێی. لە ڕاستیدا، ئەو ئایدیاگەلەی دەوڵەت لە ڕێگای دەزگاکانی تری وەک قوتابخانە، مزگەوت و میدیاوە پڕۆپاگەندەیان بۆ دەکات و پەرەیان پێدەدات، لە ڕێی بنەماڵە و خێزانیشەوە بە گوێی منداڵاندا دەدرێتەوە و لە مێشکیاندا جێگیر دەکرێت. لە گۆشەنیگایەکی ترەوە، میرزا هادی چالاکی و کاری فەرهەنگی بە چالاکیی چەکداری و سیاسییەوە گرێ دەدات و بەم پێیە ڕێگری لە فێربوونی زمان و وێژەی کوردی دەکات. دیارە ئەم زەینییەتە لە بن باندۆری ئایدیۆلۆژیی زاڵدا چێ بووە و وەک ئەحمەدزادە ئاماژەی

پێداوە، ئەدەب و فەرهەنگی کوردان، لە لایەن دەسەڵاتدارانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریاوە تەنیا وەک چالاکیی سیاسیی دوژمنکارانە لەبەرچاو گیراون.

دەزگایەکی تری پەرەپێدەری ئایدیۆلۆژیی زاڵ خوێندنگەیە. سەپاندنی زمانی سەردەست و سەرکوتی زمانەکانی تر زیاتر بە یارمەتیی دەزگای فێرکارییەوە جێبەجێ دەبێت. بیرەوەریی سەردەمی خوێندنی کەسایەتییە سەرەکییەکان، بە زمانی سەردەستی «عەلی گەل، عەلی کوش» (عەلی وەرە، عەلی بازدە) و «چوپان دروغگو» (شوانی درۆزن) و «کوکب خانم»ی نێو کتێبە داسەپێنراوەکانەوە گرێ دراوە. ئەم دەزگایە، لە هاوسازیی لەگەڵ دەوڵەتدا، هەمیشە ئامادەی دابینکردنی سووژەی پێویست بۆ بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە دەوڵەتییەکانە. پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانی پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی، لە ماوەی خوێندنی لە دەبستاندا، ئاڵای کۆماری پێ هەڵدەگیردرێت، سروودی نەتەوەیی پێ دەچڕدرێت، بە زۆرەملێ بۆ جەژن و ڕێوڕەسم و ڕێپێوانەکان و تەنانەت سەیری تەرمی ڕووت و شێوێنراوی شەڕڤانان دەبرێت.

بێهیوایی لە پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیاییدا، بە پێچەوانەی گابۆڕ، زۆر زاڵە و چەند جار نوێندراوەتەوە. ڕەوش و وتەی «پیرا نا» (بوونەوەرێکی دەرئاساییی ڕۆمانی بەرباس کە ناوەناوە بە دەنگ و لە کۆتاییدا بە جەستە دەردەکەوێت)، دەرخەری ئەم ناهومێدییەیە. «پیرا نا» ئەو کاتەی لە ڕواڵەتی پیرەژنێکی قرێژدا لەگەڵ سەرتاج-ی سەرلەهەنگی ڕۆماندا دەبێتە دەمەقرەیان، دەڵێت: «ئەز داپیرا تەمە... ئەز دیا تەمە... ئەز وەلاتێ تە یێ کاڤلبوویی مە... ئەز شۆرەشا وە یا تێکچوویی مە...». لە بەرانبەر ئەم ڕەوشەدا، سەرلەهەنگی ڕۆمان، ئاواتە وەدینەهاتووەکانی بەم چەشنە وێنا دەکات:

بەلێ، وەلاتەک هەبوو ب ناڤێ کوردستانێ و ئەو ل مەزنترین باژارێ وی وەلاتی ژ دایک بووبوو، ل باژارێ ئامەدا قەدیم. ئامەد کو سۆرگولا کوردستانێ بوو، ئەو هەلبەستەکە قەوی، مێژوویەکە خوەراگرتی و رابردوویەکە سەرگەڤەز بوو، بەری کو ببە کریستال و ئەلیف-لام-میم. وی دایکەک و باڤەک وەلاتپارێز هەبوو، خوەندا و تێگهشتی. ناڤێ دایکا وی زارشیرینێ، ناڤێ باڤێ وی ژی میرۆ بوو... دو خوشک (هەڤۆک و رەڤۆک) و دو برایێن وی یێن ژێ بچووکتر (سەردەست و کاوا) هەبوون و ئەو ژی د رێیا دێ و باڤێ خوەدە بوون. ژخوە ناڤێ وی ژی نە سەرتاج بوو... ناڤێ وی، ناڤێ کو باڤێ وی لێ کربوو فەرهەنگ بوو. فەرهەنگ ناڤەکی ب کوردی بوو و گەلەکی لێ دچوو. رۆژا کو ژ دایک بووبوو، فەرهەنگ-نووسەکی ناڤداری کورد ل سەر داخوازا باڤێ وی هین ئەو ل زانینگەهێ، د گوهێ وی یێ راستێ دە دوسەد پەیڤێن

«مێ»، د گوهێ وی یێ چەپێ دە ژێ دوسەد پەیڤێن «نێر» ژمارتبوون ژ فەرهەنگا خوە یا دەولەمەند. ئەو هین د بیست و چار سالیا خوەدە بوو و ب تەشویقا باڤێ خوە، وی دەست ب نڤیساندنا کورتەچیرۆکان کربوو، بێگومان ب زمانێ خوە یێ رەسەن...

ئەم دێڕانە بەشێک لە جیهانی خەونەکانی سەرتاجمان بۆ دەگێڕنەوە، کە لەبەر شڵەژاویی دەروونیی بۆ دکتۆر سارین-ی دەروون پزیشکی دەگێڕێتەوە. سەرتاج لە وەڵامی پرسیارەکانی دکتۆردا، ڕاستی و خەیاڵی لێ تێکچووە و ژیانی ڕاستەقینە و چیرۆک و خەونەکانی تێکەڵ دەکات. ئەو کە کوڕی بچووکی زەکییە و فەتحی پۆستەچییە و لەگەڵ برایەکی ئاوەزناتەواوی مەزنتر و خوشکێکی بچووکیدا بە هەژاری لە گەڕەکی ژێرینی شاری هەزەخدا دەژین، لە دنیای خەونەکانیدا لە کوردستانێکی ئازاد و خاوەن ماف و زمان و لە نێو ماڵباتێکی تێگەیشتووی نیشتمانپەروەردا مەزن بووە و ئێستا نەک چل ساڵان، بەڵکوو بیست و چوار ساڵیەتی و بە هاندانی باوکی، بە نووسینی چیرۆک بە زمانی کوردییەوە مژووڵە. سەرتاج لە دنیای واقعیشدا، بە پێچەوانەی زۆرینەی زۆری هاوزمانەکانی، ئەویندای زمانی کوردی و ئاواتەخوازی گەشەسەندنی نووسین بەم زمانەیە.

لە هۆکارەکانی تێکچوونی دەروونـی و تووشبوونی سەرتاج بە شیزۆفێرنیا، وەدینەهاتنی ئاواتەکانیە؛ بۆیە ئەم ئاواتانە لە خەیاڵیدا سەرهەڵدەدەنەوە. ئەو کە لە دنیای خەوندا بۆ بارودۆخێک ئاوەژووی ژیانی واقع دەگەڕێت، خۆی وەک ئەندامی خێزانێکی ئازادی نیشتمانێکی سەربەست و دوور لە دەزگای سەرکوت و ئایدیۆلۆژیک و دوور لە توندوتیژیی فیزیکی و هێماییی وێنا دەکات. بە گوێرەی ئەم خەونە، سووژەی گوێ لەمستی دەسەڵاتی زمانکوژ بوونی نییە. ماڵباتێکی ژیر و خوێندەوار و تێگەیشتوون. ناوی هەرهەموویان کوردییە و زمانی کوردییان بە لاوە گرنگە؛ بە چەشنێ کە تەنانەت لە جێی بانگ، دووسەد پەیڤی نێر و مێی کوردییان لە فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی کوردی بە گوێی کۆرپەکەیاندا داوە. پەروەراندنی ئەم خەیاڵانە لە مێشکی سەرتاجدا، کە کەڵکەڵەی زمانی دایک و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیی هەیە، نیشانەی هیوابڕاوییەتی لە واقعی ژیان. واقعێک کە تێیدا کوردی ئاخافتن، لە ڕوانگەی نەیارانەوە وەک تاوان و لە چاوی یارانەوە وەک دواکەوتوویی سەیر دەکرێت. واقیعێک کە تێیدا زۆرینەی کوردان شێلگیرانە و چالاکانەتر لە کارگێڕان و بەڕێوەبەرانی دامودەزگانی دەوڵەت، بەشداری لە پێشبڕکێی بڕینی زمانی خۆیان و منداڵەکانیان دەکەن.

ئەنجام

خوێندنەوەی دوو ڕۆمانی پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی و گابۆڕ بە پێی چەمکە ڕەخنەییەکانی ئالتوسێر و پێکەوە بەراوردکردنیان، گەلێک خاڵی هاوبەش و هەندێک جیاوازیمان بۆ دەردەخەن. هەر دوو ڕۆمان تیشکیان خستووەتەسەر پێوەندیی چەوسێنەرانەی دوو لایەنی سەردەست-بندەست و بە شێوەی وردبینانە ڕاستییەکانی جڤاکی کوردی و ژیانی تاکی کوردیان لە هەشتاکانی زایینیدا و لە گۆشەنیگای کەسایەتییەکانی ڕۆمانەوە تۆمار کردووە. لەم نێوەدا پرسی زمان، وەک سەر واتای دوو دەقی بەرباس، خراوەتەڕوو. ڕۆمانی گابۆڕ بەسەرهاتی دوو تازەلاوی هۆگری زمان و وێژەی کوردی لە شاری بۆکان دەگێڕێتەوە و پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی ژی دەپەرژێتە سەر ژیانی زمانپارێزێکی بەر زریانی زمانبڕی لە باکووری کوردستان. ئەم دەقانە، گەلێک دیمەنی شەڕ و پەڤچوون و چەوساندنەوە و بەرخۆدان و سەربزێوی و سەرشۆڕییان تۆمار کردووە.

هەر وەک لە دەقی ڕۆمانەکانیشدا خویایە، پێڤاژۆی پاکتاوی زمانی لە باکووردا زۆر توندوتیژانەتر بەڕێوە چووە و بە دڵنیاییەوە ئەمە یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی ئاسمیلەبوونی زۆرتری خەڵکی ئەوێ، بەڵام هۆکاری گرنگتر و کاریگەرتر کە ڕێی خۆئاسمیلەکردن و خۆبەدەستەوەدانیان لە هەر دوو پارچەدا زیاتر تەخت کردووە، ئایدیۆلۆژی و دامودەزگا گرێدراوەکانین. بەگشتی، کەشی زاڵی پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی جێگیربوونی ئایدیۆلۆژی زاڵ بە پاڵپشتیی هەر دوو دەزگای سەرکوت و ئایدیۆلۆژیک، چاوبەستکردن بە یاریدەی دەزگایێن ئایینی و فێرکاری وماڵبات و، لە بەرامبەریشدا کەڵکەڵەی زمانپارێزی و بەرخۆدانی سووژەیەکی سەربزێو و دۆڕانی بەردەوام و ناهومێدییەتی لە شۆڕش. کەشی زاڵی ڕۆمانی گابۆڕیش سەرکوتی فیزیکی و لێپێچینەوەی دەزگا ئایدیۆلۆژیکەکانی خێزان و خوێندنگە و لە بەرامبەردا هۆشیاریی زمانی و شۆڕشباوەڕی و ملنەدانی دوو مێرمنداڵی سەربزێو و سەرهەڵدێرە.

تاوتوێکردنی ئەم دوو دەقە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سەرکوتی پەتی، بە تاقی تەنیا، نابێتە هەڕەشەی جیدی بۆ سەر زمان؛ بەڵکوو ئەو مۆتەکە مەترسیدارەی دەتوانێت سەرکەوتووانە پێڤاژۆی زمانکوژی سەربخات ئایدیۆلۆژییە. سەرکوت و ئایدیۆلۆژی ئاوەڵدووانەی خێزانێکن و هەردەم کەمایەسییەکانی یەکدی قەرەبوو دەکەنەوە. دەتوانین ئەم هەڤۆکەی فوکۆ کە دەڵێت، «لە هەر کوێ هێز و دەسەڵات

هەبێت، بەرخۆدان ژی هەیە»، لە پێوەندیی لەگەڵ پرسی زمان لەم دوو ڕۆمانەدا بەم شێوەیە دابڕێژینەوە و بڵێین، لە هەر کوێ توندوتیژیی ڕاستەوخۆ و فیزیکی لە گۆڕێدایە بەرخۆدان زۆرتر و تۆکمەترە؛ کەچی لە بەرامبەر هێزی هزرکوژ و بەلارێدابەری ئایدیۆلۆژیدا زۆرینەی سووژەکان نەک هەر خۆ بەدەستەوە دەدەن، بەڵکوو دەبنە هاودەستی و هاوکاریشی دەکەن.

شیاوی باسە کە سەرەڕای سەرکەوتنی دەوڵەت و دەسەڵات لە چێکردنی سووژەی دەستاژۆی زمانی بە تایبەت لە باکووردا و لەگەڵ ئەوەی لە هەر دوو ڕۆمانەکەدا سووژە زمانپارێزەکان بە شێوەی جیاجیا بەرەوڕووی هێرشی هەر دوو دەزگای سەرکوت و ئایدیۆلۆژیک دەبنەوە، بەڵام ئەم سووژانە هاوکات هێمای بەرگری و میناکی خۆپاراستنن لە هەمبەر ئایدیۆلۆژیی زاڵدا. پاڵەوانە سەرەکییەکانی گابۆڕ، سەرەڕای هەڵسوکەوتی توندوتیژانەی سووژە هەڵسازراوەکانی ماڵبات و قوتابخانە و لە ژێر چەپۆکی قورسی دەزگای سەرکوتدا، ناسنامەی خۆیان دەدۆزنەوە و بە فێربوونی زمانی خۆیان سیاسەتی سەپاندنی زمانی سەردەست، بە پێی هێز و توانستیان، پووچەڵ دەکەنەوە. لە کۆتاییشدا، ئەگەرچی بە تاوانی ملکەچ نەبوون دەکەونە بەر شاڵاوی هەڕەشە، بەڵام دەستهەڵگیری ئامانجەکەیان نابن.

لە پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی ژی، پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمان لە بن تەوژمی توندی زمانکوژیدا، وەک تاکێکی تەنیای نێو گەلێک سووژەی چاوبەستکراودا سەرهەڵدەدات و لە ئەنجامدا لەبەر ئەشکەنجەی دەزگای سەرکوتی دەوڵەت و هەروەها کێشەنانەوەی سووژە هەڵسازراوەکانی ئایین، ماڵبات، فێرکاری و میدیا تەندروستیی تێکدەچێت و لە کۆتاییشدا بە دەستی سووژەیەکی دەستاژۆی دەزگای ئایدیۆلۆژیکی ئایین دەکوژرێت. بەڵام بکوژ کە خوێندکاری خۆی بووە، دوابەدوای ئەم ڕووداوە پەشیمان دەبێتەوە و لە بن باندۆری بیروبۆچوونە جیاوازی مامۆستاکەیدا تەمی ئایدیۆلۆژیی پێش چاو و مێشکی دەڕەوێتەوە و ڕووی ڕەشی هاندەرانی بۆ ئاشکرا دەبێت. پەشیمانی و تێگەیشتنی ئەم سووژەیە، نیشانەی بەردەوامیی بیری بەرهەڵستکارانەی پاڵەونی سەرەکیی ڕۆمان و ئاماژەیەکە بۆ نەکوژانەوەی پشکۆی بەرخۆدان.

سەرچاوەکان:

کوردی/ Kurdî

- ئیبراهیمی، مەزهەر. «دەوری ئایدیۆلۆجی لە پەراوێزخستنی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا: خوێندنەوەی ڕۆمانی گابۆڕ بەپێی چەمکە ڕەخنەییەکانی لویی ئاڵتوسێر». کۆنفرانسی ئیمپریالیزمی زمانی و هەژموونی کەلتووری. زانکۆی سۆران، ١٥-١٤/ ١٢/ ٢٠٢١.

- «کاریگەریی ئایدیۆلۆجی لەسەر بەسووژەبوونی تاکی کورد لە پەیوەندی لەگەڵ زمانی دایکدا: خوێندنەوەی ڕۆمانی پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی». پژوهشنامە ادبیات کردی، ژ. ٦ (٢)، لل. ٨٧-١٠٨، ٢٠٢٠.

- «خوێندنەوەی دوو ڕۆمانی پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی و گابۆڕ بە گوێرەی تیۆریی ڕەخنەیی لویی ئاڵتوسێر». ماڵپەڕی ماڵی کتێبی کوردی. ١١/ ١١/ ٢٠١٩. http://kurdishbookhouse.com/ku/١٧٣-١٠٠/

- شێخولئیسلامی، جەعفەر. «زمانناسیی کۆمەڵایەتی لە نووسینەکانی د. ئەمیر حەسەن پووردا». دەروازە، ژ. ٢ (نیسان)، لل. ٢٢١-٢٠٠، ٢٠١٨.

- ناوخۆش، سەلام. «لینگویساید و دیالێکتی کرمانجی باکوور لە قۆناغی کۆلۆنیالەوە». ڕامان، ژ. ٢٥٠، لل. ١٠٩-١١٥، ٢٠١٨.

- هیدایەتی، سەید قادر. گابۆڕ. چاپی سێیەم. سەقز: گوتار، ٢٠١٩.

- Barak, Weysî. “Siyasetên Zimannasîyê û Kurdî”. Komgotara Konferansali ser Zimanê Kurdî. Koln: Weşanên Komkar, rr. 622002 ,87-.

- Çîçek, Cuma. Zimanek Çima Tê Qedexekirin?: Polîtîkayên Zimanî û Rewşa Kurdî li Tirkiyeyê ji Înkarê Ber bi Nasînê. Stenbol: Peywend, 2013.

- Ozmen, Şener. Pêşbaziya Cîrokên Neqediyayî. Stenbol: Lîs, 2010.

- Seydo Aydogan, Îbrahîm. Guman 2: Wêjeya Kurdî û Romana Kurdî. Stenbol: Rûpel, 2014.

فارسی

- آلتوسر، لویی. علم و ایدئولوژی. پژوهش، گزینش و برگردان مجید مددی. تهران: نیلوفر، ٢٠١٧.

- احمدزادە، هاشم. از رمان تا ملت. ترجمەی بختیار سجادی. چاپ دوم. سنندج: دانشگاه کردستان، ٢٠١٨.

- رسولی، حسین، رضا دهقانی و علیرضا کریمی. «سیاستهای زبانی پهلوی اول در کردستان و پیامدهای آن (با تاکید بر مدارس)». مطالعات تاریخ فرهنگی، پژوهشنامه انجمن ایرانی تاریخ، س. ٨، ش. ٣٠، صص. ٧٧-٩٦، ٢٠١٦.
- صدر، شادی. «دموکراسی با تمام تبعات آن: در نقد مخالفان حق تعیین سرنوشت»:
http://www.tribun.one/teori-menu/teori-demokrati/
- کلان، امیر. چه کسی از آموزش چندزبانه می‌هراسد؟ گفت‌وگو با تووه اسکوتناب-کانگاس، جیم کانیز، آجیت موهانتی و استیون بحری در مورد ایران و برخی کشورهای دیگر. ترجمه هیوا ویسی. ٢٠١٨. (وەشانی ئینترنێتی)
- متین، کامران. «ناسیونالیسم ایرانی و حق تعیین سرنوشت ملل». سایت بی‌بی‌سی فارسی، ١٤/ ٠٣/ ٢٠١٣.

English

- Althusser, Louis. “Ideology and Stete Ideological Appartus” in Lenin and Philosophy and Other Essays. Trans. Ben Brewster. New York: Monthly Review Press, 1971.
- Malmisanij, M. THE PAST AND THE PRESENT OF BOOK PUBLISHING IN KURDISH LANGUAGE IN TURKEY. Next Page Foundation, 2006.
- Oktem, Kerem (2008). «The Nation’s Imprint: Demographic Engineering and the Change of Toponymes in Republican Turkey», European Journal of Turkish Studies, Thematic Issue, No. 7 | Demographic Engineering - part I, URL: http://www.ejts.org/document2243.html]26 October 2020[

*مەزهەر ئیبراهیمی: ماستەر لە زمان و چاندی کوردی.

-_ دەقی بەردەست، کورتەی ماستەرنامەیەکە بەم ناونیشانەی خوارەوە، کە ساڵی ٢٠١٩ لە زانکۆی مێردینی باکووری کوردستاندا پێشکەش کرا.

Ebrahimi, Mazhar. Zimanî Kurdî, Îdeolojî û Pêvajoy Besûjebûn: Xwêndinewey Dû Romanî Pêşbaziya Çîrokên Neqediyayî û Gabo be Gwêrey Teorîy Rexneyî Louis Althusser. Teza Lîsansa Bilind bi Şêwirmendiya Dr. Hayrullah Acar & Dr. Bakhtiar Sadjadi, Şaxa Makezanista Ziman û Çanda Kurdî, Enstîtûya Zimanên Zindî yên li Tirkiyeyê, Zanîngeha Mardîn Artukluyê, 2019.

هەواڵنامەی کتێب

ئاسایيشی زمان،
ئاسایيشی نەتەوەییە

فەرەیدوون سامان

تێبینی؛ پوختەی ئەم لێکۆڵینەوەیەم لە کۆڕبەندی (هەڕەشەکانی بەردەم زمانی کوردی)، پێشکەش کرد. کە یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی لە ڕۆژانی ١٩و٢٠ی تەمووزی ٢٠٢٢، لە هۆڵی یانەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری سلێمانی بەڕێوەیان برد.

ئاسایشی زمان کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی ئاسایشی نەتەوەییە و هیچی کەمتر نییە لە ئاسایشی ئابووری وکۆمەڵایەتی و ژینگە و دیموگرافی و ئیتنیکی و هتد...

نەبوونی سیاسەت و پلانی زمان لە باشووری کوردساندا، ڕەوشی زمانی کوردی بە ڕۆژێک گەیاندووە کە هەموومان لە پاشەڕۆژی زمان و نەتەوەکەمان بترسین. لە کاتێکدا هەموومان دەڵێین زمان ناسنامە و کۆڵەگەی نەتەوەسازییە، بەڵام هێشتا حکومەت یان داودەزگا ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەکانی هیچ پلانێکیان بۆ پێشخستنی زمانی کوردی نییە. ئەگەرچی زمانی کوردی بە چەند قۆناغی گرینگی مێژوویی و سیاسیدا تێپەڕیوە و هەر کام لەو قۆناغانە بە پێودانگی زانستیی و سیاسیی خۆیان توانیویانە ببن بە خاڵی وەرچەرخانێکی مێژوویی و ئەم زمانە لە مەترسیی نەمان رزگار بکەن و لە وروژمی شەپۆلی سیاسەتی پاکتاوی کولتووریی دەوڵەتانی پێوەندیدار بە کێشەی کوردەوە بیپەڕێننەوە و بیگەیێننە کەنارێکی هێمن.

ئێستا زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە زیندووانەو کاریگەرەکانی ناوچەکە و کە تەنانەت لە غیابی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیشدا، ڕووبەرێکی سیاسی و کولتووریی بەرین و بەرفراوانی هەیە و نکوڵی لێناکرێت. بەڵام ئەمە بە مانای سەقامگیریی هەمیشەیی و کۆتایی قەیرانەکانی ئەم زمانە نەبووە و نییە. بەم پێیە ڕاستە ئێستاکە زمانی کوردی لە باشووری کوردستاندا لە خەمی مردن رەخساوە، بەڵام هێشتا لەبەشەکانی تری نیشتمان هەرەشەکانی ئاسمیلە بوون بەردەوامن، نەبوونی زمانێکی ستاندارد پاشاگەردانییەکی لە رادەبەدەری پێوە دیارە، ئەم دۆخە بووە بە ئاوێنەی باڵانوێنی ژیانی ئاخێوەرەکانی و هەروەها بیر و هزرە بەرهەم هێنراوەکەش. ئەو زمانە شیرینە کە ناحەزانی گەلەکەمان بە هەموو شێوازێکی شۆڤینیانە دژایەتی دەکەن و هەوڵی لە نێوبردنی دەدەن ئەویش بە قەدەغەکردنی

زمانی کوردی بۆ ئاخێوەرانی و لەسەر ئاستەکانی پەروەردە و فێرکردن و چاپەمەنی و رۆژنامەوانی و میدیادا، هەروەها ناساندنی هەندێک لەو دیالێکتە کوردییانە بە زمانی سەربەخۆو بە پلان و بەرنامە کار بۆکردنی.

لەم توێژینەوەیەدا باس لە ئاساییشی زمان دەکەین لەسەر ئەم ئاستانەی خوارەوە:

* لەسەر ئاستی پەروەردە و فێرکردندا.

*لەسەر ئاستی سۆسیال میدیاو رۆژنامەگەری کوردیدا.

*لەسەر ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیدا.

*لەسەر ئاستی زارە کوردییەکان.

لەسەر ئاستی خوێندنی پەروەدەییدا زمانی کوردی دووچاری کێشەی زۆر هاتووە، لەدوای ڕاپەڕین ئەویش بە دەسکاری کردنی میتۆدی خوێندن و فێرکردنی هەر لە قۆناغی سەرەتایی تا دەگات بە ئامادەیی، کە چەند جارێک لە هەردوو زۆنەکەی هەرێمدا بە بێ هیچ میتۆدێکی زانستی دەستکاری کتێبی خوێندنی کوردی کراوە، هاوکات زۆر لە بابەتەکانی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە رووی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ هەست و نەست و هزرینی خوێندکاراندا ناگونجێت، تەنانەت بە پێچەوانەی ئامانجە پەروەردەییەکانن، وێڕای نەبوونی زمانێکی کوردی پەتی و پاراو، هەبوونی وشەو زاراوەی بیانی و نامۆ، زۆر لەبابەتەکانیش لەگەڵ ئامانجی پەروەردەیی و نەتەوەیی ناگونجێن، هەبوونی ئەو هەموو خوێندنگا تایبەت و ئەهلیانەش زیانی زۆری بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن گەیاندووە، چونکە لەو خوێندنگایانەدا وێڕای هێژموونی زمانە بیانییەکان بەتایبەتیش زمانی ئینگلیزی وای کردووە نەوەیەک بەرهەم بهێنێت کە بە زمانی دایکی خۆی نامۆ بێت، لەو خوێندنگایانەدا وانەی کوردی وانەیەکی پەراوێزخراوە و لە هەفتەیەکدا کەمترین حیسەی بۆ تەرخان کراوە. تەنانەت مامۆستایەکانیش لەو ئاستە پەروەردەیی و زانستییە نین، ئەگەر ئاورێکیش لە رەوشی پەروەردە و خوێندنی زمانی کوردی بدەینەوە لە ناوچە کێشە لەسەرەکانی کوردستاندا، بە تایبەت دوای رووداوەکانی شانزدەی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ و داگیرکردنەوەی ناوچەکانی کەرکووک و خانەقین و دەشتی نەینەوا. ئەوا هەست بە پاشەکشەیەکی گەورەی پرۆسەی خوێندن بە زمانی کوردی دەکەین لەو بەشەی کوردستاندا.

ژمارەی قوتابخانە کوردییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە،بە پلان و بەرنامە دژایەتی زمانی کوردی دەکرێت،بۆ نموونەش زۆر لە خێزانە کوردییەکان بە خواست یان بە ناچاری بێت منداڵەکانیان دەنێرنە قوتابخانە عەرەبییەکان بەو پاساوەی زمانی کوردی لەو ناوچانەدا ئایندەی نییە.جگە لەوەش زانکۆکانی هەرێمی کوردستان باوەش بۆ دەرچوانی ڕۆڵەکانی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان ناکەنەوە.

• زمانی کوردی لەسەر ئاستی سۆسیال میدیادا و هەبوونی ئەو هەموو کەناڵە میدیایە کوردییانە بە لۆکاڵی و ئاسمانییەکان، ئەگەرچی دەستکەوتێکی میدیایی گەورەی سیاسی و کولتووری بووە، چی ئەوانەی لە ناو هەرێمی کوردستانن، چی ئەوانەی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانن یان لە ئەورووپاو ڕۆژاوادا پەخش دەکرێن. بەڵام لەباتی ئەوەی ئەم دەزگایانە ببنە پردێک بۆ زمانی ستانداردی کوردی و نزیکردنەوەی زار و بنزارە کوردییەکان، بەداخەوە هۆکارێکن بۆ پاشاگەردانی و لێکترازان، هێژمونی زمانی نەتەوەی سەردەست بەسەر ئاخێوەرانی ئەو کەسانەی کە وەک بێژەر کار دەکەن یا پێشکەشکاری بەرنامەکانن، بوونی دوو ڕێنووسی جیاوازی ئارامی و لاتینیش تارادەیەک وایکردووە کە زمانەکەمان لە یەکتر بترازێن، نەبوونی فلتەرێکی زمانەوانی وای کردووە زمانی کوردی لەباتی بەرەوە ئاوێتەبوون و نزیکبوونەوە بچن، بەداخەوە ڕووبەڕووی ئاسمیلەبوونێکی سرووشتی بۆتەوە و زارەکان پتر لە یەکتر دوور دەکەونەوە. بێگومان هەبوونی هێژمونی زارو بنزارەکان ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، ئەگەر پلانێکی زمانی هەبێت و حکومەت بەو پلانە زمانییە کار بکات، زمانی کوردی زیاتر گەشە دەکات و لەگەڵیشدا لەسەر ئاستی میتۆدە پەروەردەییەکان. سۆسیال میدیا. زارەکانیش گەشە دەکەن. مخابن هەندێ کەس بێ گەڕانەوە بۆ مەرجەعێکی زانستی و ئەکادیمی داوا دەکەن لە ناوچەکانی خۆیاندا هەر کەسە بۆ خۆی بە زار و بنزارەکانی خۆیان بخوێنن، دیارە هەوڵی ڕەتکردنەوەی ئەو جۆرە هزرینە بەهیچ شێوەیەک ناچێتە خانەی شۆڤینیزمی زمانی بەسەر ئەوانی دیکەدا، کە بەداخەوە هەندێ ناحاڵی بە چەواشەیی بانگەشە بۆ ئەو تێزە نالۆجیکە دەکەن.

• زمانی کوردی، لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا:

لە مێژووی هاوچەرخی کورددا سەدوبیستوچوار ساڵ بەسەر دەرچوونی (کوردستان)ی نۆبەرەی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە تێدەپەڕێت، سەرباری ئەو هەموو هەوراز و نشێویانەی بەردەم پێشکەوتن و گەشەکردنی ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستاندا، بەڵام ڕۆژنامەگەریی کوردی وەک هەر جومگەیەکی پرۆسەیەکی بە نەتەوە بوون لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا بەردەوام بووە، لەو سۆنگەیەوە تا چەند ڕۆژنامەگەریی کوردی خزمەتی بە زمانی کوردی کردووە، بە ئەرێنی و نەرێنی ڕوو بەرووی ئەو پرسیارەمان دەکاتەوە کە لە ئێستادا لەسایەی شۆڕشی تەکنەلۆژی و هەبوونی ئەو هەموو دەسکەوتە زانستییانەی بواری ڕۆژنامەوانی و سۆسیال میدیادا، بەڵام هێشتا مەترسییە سەرەکییەکانی سەر زمانی کوردی لە سەردەمی ئێستەدا هەن و بێ چارەسەری ماونەتەوە، جا چۆن دەتوانین زمانەکەمان لەو مەترسییانەی کەرتبوون و ئاسمیلە بوون دوور بخەینەوە و هاوکاتیش بەرەو گەشەکردن و بەخشینی توانای ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ تایبەتمەندییە نوێیەکانی سەردەمی ببەین و لە باری فورم و ناوەرۆکەوە دەوڵەمەندتری بکەین؟

چونکە زمان یەکێکە لە هەستیارترین دیاردەکانی ناسنامەی هەر نەتەوەیەک بەتایبەتیش بۆ نەتەوەی بێدەوڵەتی وەک کورد. کاتێک لەم سۆنگەیەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت دەروازەکانی بە ڕووی نوێگەری و زانست و هەروەها زمان و کولتوورەکانی تریشدا دادەخرێت و ئاخێوەرەکانی بەرانبەر بە دونیای دەرەوەی خۆیان ڕاڕا دەبینن. بێگومان ئەم ڕوانینە نووسینی خراپ، وەرگێرانی خراپ و لە ئەنجامدا هزرینی خراپیش بەرهەم دەهێنێت. ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە خزمەت بە زمانی یەکگرتوودا حاشای لێ ناکرێت، بەڵام کاتی ئەوەش هاتووە ئەو زمانە لە کۆت و بەندی ئایدیۆلۆژی و ناوچەگەرێتی و فرەزار و بنزارە لۆکاڵییەکان ڕزگار بکرێت، دوور لە دەمارگیری بیر لە زمانێکی ستاندارد بکەینەوە، ئەمە بە واتای ئەوەش نییە کە ڕاکێشانی سەرنجی دانیشتووانی ئەم زمانە بۆ لای فێربوونی زمان و پاراستنی ناسنامەی خۆیان، بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی نەتەوەیی پێویست نەبێت، بە دڵنیایی ئەم ئەرکە تا کاتێکی نادیار هەر لە ئەستۆی گوتاری ناسیۆنالیزمە، بەڵام ئەم گوتارە لێرە بەدواوە مافی دەستێوەردانی نییە و دەبێت سنوورەکانی زانستی بوونی زمان بپارێزێت. مامەڵەی زانستیی لەگەڵ

زماندا. واتە ئیدی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆیان نییە بە مەزاجی خۆیان زمانەکەمان بشێوێنن، یان دەزگا و ڕێکخراوی حیزبی مافی ئەوەیان نییە لە ڕقی یەکتر و بە بێ هیچ چاودێرییەکی زانستی بە لێشاو چاپەمەنی بێ خوێنەر بڵاو بکەنەوە، هەڵس و کەوتی نازانستیی لەگەڵ زماندا بکەن، واتە هەر کەس بە پێی هەستی کرچ و کاڵی ناوچەیی و لە غیابی بونیادە پێویستەکانی خوێندنەوە و خۆ پەروەردەکردنی زانستیدا خۆی بە مەرجەعی زمان بزانێ و بە وەرگێڕانی سەقەت و نووسینی لاواز و پڕ هەڵە دەست بخاتە نیو ڕۆحی شەکەتی ئەم زمانەوە، واتە ئیدارەکردنی فەرمیی زمان لە لایەن کەسایەتیی و دەزگا زانستیی و بە ئەزموون و پێوەندیدارەکان و بەڕێوبردنی بڕیارەکانیان، واتە موتوربەکردنی ڕاستەوخۆی زمان لە زانست و دەسکەوتە پۆزەتیڤەکانی شۆڕشە زمانناسییە مەزنەکانی مێژوو و کردنەوەی هەموو لقە زانستییەکانی پێوەندیدار بە زمانەوە لە ڕۆحی زمانی کوردیدا و هەروەها کردنەوەی دەروازەکانی ئەم زمانە بە ڕووی هەموو زمانە زیندووەکانی دونیادا، بە دوور لە هەر چەشنە ڕقێک و تەنیا بە مەبەستی دانوستان و گەشەی پێوەندییە ئینسانییەکان و دەوڵەمەند کردنی زمانەکەمان بێت.

ئێستا لەم ڕەوشـەدا چۆن دەتوانین توانستەکانی ئەم زمانە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ زانست و دیاردە مودێرنەکاندا فراوانتر بکەین و «لە دۆخی لۆکاڵی و ئایدیۆلۆژیکەوە بەرەو دۆخی زانستیی» زمانی نەتەوە ببەین؟

بێ گومان چ زمان بە خانەی هەستیی بزانین یان بە ئامرازی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان، چ بە دیاردەیەکی مێژوویی دابنێین، یان وەکو سیستەمێک لە نیشانەکان ببینین و بە شێوەیەکی هەنووکەیی سەیری بکەین، ناتوانین خۆمان لەم ڕاستییە بشارینەوە کە زمان و هزری مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گرێدراوی یەکترن، بە واتایەکی دی زمان ئامرازی هزرکردنە و هزریش بنەمای زمانە.

ئەوەی لێرەدا جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە کە دەرکەوتە ئایدیۆلۆژیکەکەی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هێشتا قەناعەتی بەم وەرچەرخانە مێژووییە نەهێناوە و هەر لە ڕەهەندی دوانـەی مردن و ژیانەوە سەیری زمانی کوردی دەکات نموونەش (داواکـاری ١٠١ پەرلەمانتاری کوردستان بۆ بە فەرمیکردنی زمانی ئینگلیزی لە هەرێمی کوردستاندا)، بەم پێیەش تا ڕادەیەکی زۆر ئەگەر و دۆخەکانی گەشەی زانستیی لێوەرگرتۆتەوە و ڕێگەی بۆ هەر چەشنە دەستێوەردانێکی نازانستیی

خۆش کردووە، ئەو دەستێوەردانانەی کە بە دروشمی رەسەنایەتی و پاراستن و دەوڵەمەند کردنی زمان و کتێبخانەی کوردی پاساو دەدرێن. بە گشتیی دوو گرووپ خاوەنداریێتی ئەم دەستییوەردانە نازانستییە دەکەن:

یەکەم/ ئەوانەی تا ئێستەش ئاگاداری ئەم راستییە نین و بە شێوازەکانی رابردوو هێشتا هەر پاراستنی زمان بە ئەرکی خۆیان دەزانن، دووهەمیش ئەوانەی بە تەواوی ئاگادارن، بەڵام ئەم دۆخەیان پێخۆشترە و نائاگا لەبایەخی ناسنامەی زمان بە ئاسانی رادەستی پرۆسەی بە ستانداردبوون و زانستیی کردنەوەی زمانی کوردی ناکەن. بە داخەوە نموونەیان کەم نییە ئەوانەی کە هێشتا گرفتی سەرەکییان لە ئاخاوتن و نووسینی کوردیدا هەیە، کردەوەیەک کە ئەگەرچی رواڵەتی خۆی بە بیری نەتەوەیی میکیاج دەکات، بەڵام لە ئەنجامدا گەورەترین زیان هەر لەو زمانەدا دەدات کە سەرەکیترین کۆڵەکەی ناسنامەی نەتەوەییە.

دووەم/ هەستی ناوچەگەریێتی و ئایدیۆلۆژیی یەکێکە لەو مەترسییانەی دەتوانێت پێوەندیی راستەوخۆی نێوان هزر و زمان تووشی دابڕان بکات. ئایدیۆلۆژی وەکو دەزگایەکی هزریی سیاسیی پێشتر داڕێژراو و بە پیرۆز کراو، ئاراستەی گەشەی زانستیی زمان دەگۆڕێت و سیستەمێکی چەقبەستوو و قەتیسکراو لە نیشانەکان بەرهەم دەهێنێت، کە دەروازەکانی زمان لە سەر گەشەکردن و نوێبوونەوە دادەخات.

لە ساتەوەختێکدا بە دووپات بوونەوەی دروشمگەلی وەکوو «هەرچی بێت با هەر زارێکی کوردی بێت» زمان دەبێتە بەستێنی تەراتێنی ناشارەزایی و لە ئەنجامدا دەقی نەزۆک بەرهەم دەهێنێت. بۆ نموونە دوای راپەڕین و لە ژێر کاریگەریی ململانێی سیاسیی و ئابووریی و فەرهەنگیی نێوان حیزبەکانی هەرێمی کوردستان، کە بوو بە هۆی هەڵتۆقانی دەیان دەزگا و رێکخراوی سەیر و سەمەرە بۆ زمان و ئەدەب و وەرگێڕانی کوردی، وەرگێڕانێکی بە لێشاو هەموو رووبەری زمان کوردستانی داگیرکرد، کە بە داخەوە لە غیابی میکانیزمی زانستیی و چاوەدێریی پێویستدا تا ئێستەش بەردەوامە، راستییەکی تاڵ کە بووەتە هۆی زمانبێزیی بەشێکی بەرچاو لە خوێنەران و هۆگرانی زمانی کوردی. لەم هەڵسەنگاندنە خێرایەدا بۆ یادەوەریی رۆژی رۆژنامەگەریی کوردی دەبێت لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی ئەو کەناڵە گرنگە لەبەرچاو بگرین لە هەمبەر پرسی زمان و ناسنامەی نەتەوەکەمان. گەرەکە بزانین ئێمەش وەک گەلانی سەر ڕووی زەوی دەتوانین لەو کەناڵەوە خزمەت بە زمانی یەکگرتووی کوردی بکەین.

*** لەسەر ئاستی زارە کوردییەکان.**

داواکاری مافی خوێندن بە زار و بنزارە کوردییەکان:

سالآنێکە ئەم داواکارییە لە لایەن هەندێ لایەن و کەسانێکەوە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان، لە فێستیڤاڵ و کۆنفرانسەکان رووبەرووی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێتەوە، لە راستیشدا هەوڵی جیددی دراوە لە بواری پەروەردە و خوێندندا کاری بۆ کراوە، بەرای من لەو دۆخە نالەبارەی کە گەلەکەمانی تێکەوتووە، چی لە باشوور و چی لەبەشەکانی تری نیشتماندا، داوایەکی ناواقیعییە و هەرەشەیە لەسەر ئاساییشی زمانی کوردی و لە ئەنجامیشدا هەرەشەیە لەسەر ئاساییشی نەتەوەییمان، بۆچی؟

چونکە خوێندن بە زار نابێت بە ئاراستەیەک بێت زمانی یەکگرتوو، کە لە هەنووکەدا نییە و داهاتووشی دیار نییە، بەڵام ئەو زمانە هاوبەشەی کوردییەی کە لە سەرانسەری باشووری کوردستاندا و لە عێراقدا بە بڕیاری ڕەسمی بە دەستوور دانی پێدانراوە ڕەت بکاتەوە، کە ئەویش لە بنەڕەتدا زارێکی کوردییە و بە (کوردی ناوەند) ناسراوە، بەڵام زارێکی یەکگرتووە و زیاتر لەسەدەیەکە لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و چاپەمەنی و میدیا و کۆڕە زانستی و ئەکادیمییەکان خزمەتکراوە، نزیکەی سەدەیەکە بۆتە سەرچاوە لە پەروەردە و فێرکردن و چاپەمەنی و سۆشیال میدیادا و لە بواری ئەکادیمی لەباشووری کوردستاندا گەشەی کردووە، لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا هەتا ئەمڕۆ رۆڵی زمانێکی هاوبەشی بۆ گشت پێکهاتەکانی کورد گێڕاوە. بۆیە ئەم زمانە فەرمییە پێویستە هەرچی زووترە بچەسپێندرێت نەک دژایەتی بکرێت. ڕەتکردنەوەی ئەم زمانە یەکگرتووە وەک زمانی ڕەسمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەڤەرێکی هەرێمەکەدا ئەزموونێکی خراپی پەروەردەیی بوو بە زار، من لەگەڵ ئەوەدام زارە کوردییەکان لەوانەش هەورامی و بادینی و کەڵهوڕی وەک زارێکی رەسەنی زمانی کوردی پێویستە لەبواری کوردۆلۆگی و کۆرسی خوێندنی باڵادا لە ئاستی باڵادا بخوێنرێن، بۆ ئەوەی زارەکە بێبایەخ نەبێت و پتر گەشە بکات، بەڵام دواجار نابێت زمانێکی باڵادەست و هاوبەشی کوردی لە باشووردا ڕەت بکاتەوە، کە ئەم ڕەتکردنەوەیە دەبێتە هۆی لەتبوونی زمانی کوردی بۆ دوو زمان و زیاتریش. دواجار زیان گەیاندن بە ئاسایشی زمانەکەمان، کە ئاساییشی نەتەوەییمانە.

*** زمانی کوردی و زمانی یاسایی:**

کاتێک مەملەکەتی عیراق لەساڵی ١٩٣٢دەبێتە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان، بەو مەرجەی زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکان بەتایبەتیش لە دادگاکاندا کاری پێ بکرێت، لە ماوەی نەود ساڵی ڕابردوودا لە واری پڕاکتیکدا ئەم بڕیارە جێ بە جێ نەکراوە، تەنانەت لە دادگایەکانی هەرێمی کوردستانیشدا، هێشتا نامەو نامەکاری لە نێوان دەڤەری سۆران و بادینان، تەنانەت هەولێر و سلێمانیدا بە زمانی عەرەبین، زمانی کوردی هێشتا نەیتوانیوە وەک پێویست لە هەموو دامودەزگاکانی سەر بە هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، دادوەری و جێبەجێکردن و لە سەرانسەری سنووری کارگێڕیی حکومەتی هەرێمدا بە تەواویی بچەسپێت. لە زۆرینەی فەرمانگە حکومییەکان بەتایبەت یاساییەکان زمانی ئاخاوتن و نامەکاری و دیکۆمینت و بەڵگەکان هێشتا بە زمانی عەرەبین، بێگومان هەبوونی زمانی فەرمی لە کوردستان و ناساندنی لەسەر ئاستی عیراقدا دەسکەوتێکی مێژووی گرنگە، بەڵام لە رووی پراکتیکییەوە هێشتا زمانەکەمان روو بەرووی جینۆسایدی فەرهەنگی دەبێتەوە، بەتایبەتیش لە ناوچە کوردستانییە کێشە لەسەرەکانی وەک دەشتی نەینەوا و کەرکوک و خانەقیندا، دەستنیشانکردنی چەندان هۆکاری گشتی کە زمانی کوردییان خستۆتە ژێر هەڕەشە بە پێویست دەزانم ئاماژەیان پێ بکەم:

- نەبوونی قەوارەی فەرمی و سیاسی بۆ بەهادان بە زمان و ئاخێوەرانی. شێواندنی پێکهات و فۆرمی سروشتی زماندا کە ئەمە زۆرتر هۆکاری سیاسی و کولتوورییە کە لە دیسکۆرسی ئایینی زاڵی دەسەڵات سەرچاوە دەگرێت.

- نامۆبوونی کورد لەگەڵ پێکهات و ماهییەتی زمانەکەی چوون هەر کەس یان تاکێک کە بە زمانی گوند وگەڕەکەکەی خۆی قسەی کرد بەو مانایە نییە کە زمان دەزانێت، بەڵکو ئەمە سرووشتیترین و سادەترین و لە هەمان کاتدا «بنەڕەتیترین» حاڵەتی فێربوونی زمانە، بەڵام ناتەواو و نیوەچڵە، دەتوانین باسی چەندان حاڵەت لەم چەشنانە لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بکەین، کە هەر کامەیان بەپێی فەزای سیاسی ئایینی ئەو وڵاتانە کولتوورێکی شێوێنەر و داگیرکارییان لە سەر زمانی کوردی دروست کردووە، بەڵام لە باشووردا فەزا و دۆخەکە شتی دیکەیە.

لەباشووردا لەگەڵ ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە و وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵای هەیە، بەڵام زمان کەمترین بایەخی پێدەدرێت، هەم لە ئاستی گشتی و پەروەردەی سەرەتاییدا و هەمیش لە ئاستی باڵا و خوێندنی دوا ناوەندی و زانکۆکانیشدا.

لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕۆژی ٨-٣-٢٠١٧ بەسەرپەرشتی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەڕێز یوسف گۆران و بە ئامادەبوونی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزارەت، کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزارەتەکە لە زانکۆی دهۆک لەسەر رەوشی زمانی کوردی بەڕێوەچوو، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا ئەژمارکردنی نمرەی وانەکانی زمانی کوردی بۆ دەرچووانی پۆلی دوانزە لە کاتی پێشکەشکردن بۆ کۆلێژە زانستییەکان (پزیشکی و ئەندازیاری) ئارەزومەندانە بێت.» ئەم بڕیارە چ لە رووی ماهییەتی روانینی وەزارەت بۆ پەروەردە و پلانێکی زمانی و چ لەرووی ئاگاداری لەسەر رۆڵی زمانی دایکی لە فێربوونی زانست و مەعریفەی نوێ، هەڵگری نەزانی گەورە و کەمتەرخەمی ترسناکە. ئەمڕۆ ئیدی شتێکی سەلمێندراوە کە زمانی دایک چ رۆڵێکی گرنگ و بنەمایی و تەندروستی لە فێربوون و پەروەردەی نوێدا هەیە، ئێمە تەنانەت زمانی دیکەش لەرێگەی زمانی خۆمان باش فێر دەبین و لێی تێدەگەین واتە کلیل و کلاورۆژنەی تێگەیشتنی زمانەکانیتر و جیهانیتر هەر لە رێگەی زمانی خۆمانە، هەر چەند ئەم بڕیارەی وەزارەت لەلایەن تاقمێک لە مامۆستایانەوە بە نادروست لێکدرایەوە و لە دژیدا خۆپیشاندانیان کرد و سەرۆکی حکومەتیش فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی دا، بەڵام وەکو لە هەواڵەکاندا لەکاتی خۆیدا بڵاوبوویەوە وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی رایگەیاند بووە هێشتا بڕیارەکە هەڵنەوەشێنراوەتەوە و وەکو خۆی ماوە. بەهەرحاڵ ئەم حاڵەتە رەهەندی زۆری هەیە و من نامەوێت هەموو لایەنەکانی ئەم کەمتەرخەمی و بێ پلانی و دژایەتییە بۆ زمانی کوردی کە لە پێکهاتێکی فەرمیدا ئەنجام دەدرێت، بخەینە بەر باس، بەڵکو دەمانەوێت بە هێنانەوەی نموونەیەکی سادە ئەم بێ پلانی و کەمتەرخەمییەی پەروەردەی زمانیی باس بکەین کە خەریکە لە هەناوی تاک وکۆی ئاخێوەرو تەنانەت هەندێک لە نووسەرانیش رەگئاژۆ دەبێت و بەو قەناعەتەمان دەگەیەنێت کە لە فێرکردنی هەڵە و بێ پلانی و کەمتەرخەمیدا چ دەستێکی باڵا و بوودجەیەکی قەبە لە کارادایە.

* زمانی کوردی لە پەرلەمانی کوردستاندا لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ بە زمانی فەرمی لە هەرێمی کوردستان بڕیاری لەسەردراوە، هاوکات لە دەستووری عیراق لە ساڵی ٢٠٠٦ و لە ئەنجومەنی نیشتمانی عیراقیشدا لە شووباتی ٢٠١٤ لە پاڵ زمانی عەرەبی زمانی کوردی لەسەر ئاستی عیراقدا بە فەرمی ناسێنراوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا دوای زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و عیبری پلەی زمانی پێنجەمی وەرگرتووە.

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی ڕاگوزاریی ساڵی ٢٠٠٤ و پاشان دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بۆ یەکەمجار دانیان ناوە بە فەرمیبوونی زمانی کوردی لە سەرانسەری عێراقدا، بە پێچەوانەی دەستوورەکانی پێشوو کە بێدەنگ بوون لەم بارەیەوە یا خود بە شێوەیەکی سنووردار و لە بوارێکی بەرتەسک (وەک خوێندن) و تەنیا لە چوارچێوەی ناوچەی کوردستاندا دانیان بە زمانی کوردیدا ناوە.

لەبەر ڕۆشنایی مادەی (٤)ی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ یاسای زمانە فەرمییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەرچووە، بەڵام هەتا ئێستا ناوەڕۆکی ئەم یاسایە وەک پێویست پراکتیزە نەبووە.

زمانی کوردی لە چوارچێوەی عێراق و هەرێمی کوردستان پاڵپشتی دەستووریی و یاسایی هەیە وەک زمانی فەرمی دانپێدانراو و، لە ڕووی ڕواڵەتییەوە هیچ گرفتێکی یاسایی بەدیناکرێت، بەڵام لایەنە پەیوەندیدارەکان سستی و کەمتەرخەمی دەنوێنن لە پراکتیزەکردنی ناوەڕۆکی یاساکان. زمان وەک بەشێک لە شوناسی هەر نەتەوەیەک گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە و بەشێکە لە کەلەپووری کەلتووریی نامادیی، کە ڕێککەوتننامە و ڕاگەیەندراوە نێودەوڵەتییەکان جەخت لەسەر پاراستنی دەکەنەوە.

لە یاسای زمانە فەرمییەکان، هیچ میکانیزمێکی تۆکمە و شیاو دانەنراوە بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەم یاسایە و بەدواداچوون و چاودێرییکردنی جێبەجێکردنی یاساکە.

راسپارده و ئەنجام:

– لە ئێستا و داهاتوویەکی نزیکدا دەزگا ئەکادیمیەکان و رۆشنبیرییەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر بایەخ بە شارەزا و پسپۆرەکانی ناوە ودەرەوەی وڵات بدەن، بە سازدانی کۆنگرە و سیمیناری زانستی بۆ لێک نزیککردنەوەی زارە سەرەکیەکانی زمانی کوردی و دانانی قاموسی هاوبەشی زارە جیاوازەکان و پاککردنەوەی زمانەکەمان لە ژێر کاریگەری و باندۆری زمانە بیانییەکان بەتایبەتی عەرەبی و فارسی و تورکی.

–رێککەوتن لەسەر زمانێکی رەسمی و یەکگرتوو بۆ هەموو گەلی کوردستان، بۆئەوەی لێرەدا خزمەتی زێتر بە گەل و نیشتمان بکەن. هەروەها خولی رۆشنبیریی رێکخراوەکانی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی بەردەوام بێت وپسپۆڕانی لایەنە کێشەدارەکانی زمانی کوردی دەوڵەمەند بکەن وحکومەت پاڵپشتی زیاتری ئەم جۆرە پرۆژە زانستیانە بکات.

– ناردنی زمانناسان بۆ مەیدانی لێکۆڵینەوە، پەروەردە کردنی شیکار و لێکۆلەرەوەی خۆجێیی، پشتیوانیکردن و یارمەتیدانی کۆمەڵگەکە بە سەرچاوەی زمانی ودابین کردنی مامۆستا، ئامادە کردنی رێزمان و قاموس، نووسینی مادە و کەرەستە بۆ دەکار کردن لە فێرگە کاندا، و بۆ ماوەی چەندان ساڵان، چونکە ماوەیەکی زۆر دەخایێنێ هەتا زمانێکی ژێر مەترسی بووژێندرێتەوە.

– خوێندنی زارەکانی زمانی کوردی لەسەر ئاستی کۆرسی خوێندنی ماستەرو دکتۆرا، ساڵانە چەندان خوێنکاری کورد لە بەش و هەرێمە جیاوازەکانی پارچەکانی کوردستان بانگهێشت بکرێن تا بە شێوازیکی ئەکادیمی و زانستی بڕوانامە لەسەر زمانی کوردی و لەهجەکان وەرگرن. هەروەها بایەخی پتر بە بەشی کوردولۆژی لە بەشە کوردیەکانی زانکۆکانی کوردستان بدرێت.

– پێویستە لە سەرەوە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا کەسانی شارەزا دابنرێن بۆ چاودێری بەشە کوردییەکان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا، و پلان و بەرنامەی خوێندن دابنێن. بۆ نموونە کاتێک پێشنیاز دەکرێت بابەتێک لە بەشی کوردی بگوترێتەوە، پێویستە خوێندنی باڵا داوا لە چەند مامۆستایەکی شارەزای ئەو بوارە بکات مەنهەجێکی زانستی و پێشکەوتوو دابنێن، بۆ ئەوەی ئەم

مەنهەجە بکرێت بە بنچینە بۆ خوێندنی ئەو بابەتە، مامۆستاکانیش ئەگەر شتی زیاتر هەبوو ئیزافەی بکەن و بابەتەکە دەوڵەمەند بکەن.

– بەرنامەی خوێندن لە هەموو بەشە کوردییەکان (بنیاد + ئاداب) یەک بخرێن و ئەم بێسەروبەرییەی خوێندن کۆتایی پێ بهێنرێت.

– ڕێنووسێکی یەکگرتوو هەبێت دیالەکتە کوردییەکان باشتر لەیەک نزیک بکاتەوە. هەروەها هەموو کتێب و سەرچاوەکانی بەشە کوردییەکان یەک بخرێن، نابێ مامۆستا و قوتابی لە ڕێنووس هەڵە بکەن یان ڕێنووسیان ئاژاوە بێت. بۆ نموونە مامۆستایەکی بابەتی دەنگسازی کە باوەڕی بە (وو) نییە و پێی وایە ئەمە فۆنیم نییە، ئەمە ڕای خۆیەتی نابێ ئەم ڕایە بکات بە مەنهەج و بە قوتابیان بڵێ (وو) لە ڕێنووسی کوریدا نییە. کەچی لە بەشێکی دیکەی کوردی مامۆستایەکی دی دەرسی دەنگسازی دەڵێتەوە و بە قوتابی دەڵێ: (وو) لە ڕێنووسی کوریدا.

– پێویستە فیلتەری زانستی توند دابنرێت بۆ وەرگرتنی قوتابی لە ماستەر و دکتۆرا. ماستەر و دکتۆرا ئەوەندە سووک نەبێت هەموو کەسێک تەقدیم بکات و ماستەرێکی لاواز بەدەست بێنێت و ببێ بە مامۆستا لە بەشە کوردییەکان.

– پێویستە مامۆستای بابەتەکان (زارە کوردییەکان) کەسانی پسپۆر بن یان شارەزایەکی باشیان لە بابەتەکە هەبێت. بۆ نموونە مامۆستای دەنگسازییە و شارەزاییەکی ئەوتۆی لە ئەدەب نییە، کەچی بابەتی ئەدەبی پێ دەدەن بیڵێتەوە. مەبەست تەنها بەڕێکردنە نەک گەیاندنی زانست بەشێوەیەکی زانستی و ڕێکوپێک.

– وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕێگە نەدات لە هیچ کۆلێجێک و فاکەڵتییەک بەشی کوردی بکرێتەوە بەبێ هەبوونی مەرجی زانستی و پێداویستییەکانی خوێندن. بۆ نموونە نەبوونی مامۆستای شارەزا و پسپۆر، نەبوونی کتێبخانە، نەبوونی هۆڵ،... هتد.

– بەرزکردنەوەی پلەی زانستی مامۆستای زانکۆ بووە بە شتێکی ڕۆتین و هەموو مامۆستایەکی زانکۆ ئاستی زانستی هەبێ و نەبێ پلە بە دەست دێنێ و دەبێ بە پرۆفیسۆری یاریدەدەر و سەرپەرشتی ماستەر دەکات. بۆیە ئەو توێژینەوانەی کە پێشکەش دەکرێن تەرقییە پێویستە بە فیلتەری

زانستی تێپەڕ بێت نەک بە فیلتەری هاوڕێ و دۆست و خزم و واستە و دەعوەتکردن.

– بایەخی زیاتر بە کوردۆلۆلۆژی بدرێت لە کۆلیژەکانی غەیری بەشی کوردی، کە تا ڕادەیەک ئەم بەشە لەو چەند ساڵانە فەرامۆشکراوە لەلایەن مامۆستایانی نەشارەزاو تەنبەڵ بەڕێوە دەچێت.

– هەماهەنگی لەگەڵ ناوەند و ڕێکخراوە زماننااسیەکانی هەرێمی کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستان بکرێت، هەروەها پەیوەندییەکی باش لەگەڵ ناوەندە ئەکادیمیە کوردناسییەکانی ئەوروپا بکرێت، بەتایبەت لە وڵاتانی وەک رووسیاو ئەڵمانیاو بەریتانیا، هەوڵ بدرێت، ساڵانە کۆنگرەو کۆنفرانسی هاوبەش سازبکرێت.

– هەوڵ بدرێت ساڵانە ڕێژەیەکی باش لە خوێندکارانی کوردی پارچەکانی کوردستان و دیاسپۆرا لە بەشی زمانی کوردی و بە خوێندنی باڵاشەوە وەربگیرێن و خەرجیەکەش وەزارەتی خوێندنی باڵا بیخاتە ئەستۆی خۆی.

ئەنجام:

ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر زمانی کوردی لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچووندایە، چەندان هۆکاری دەرەکی و ناوەخۆش هەن کە هەڕەشە لە زمانەکەمان دەکەن، بۆ هۆکارە دەرەکییەکان ئیتر پێویست بەوە ناکات دووبارە بگەڕێینەوە سەر هەوڵی وڵاتانی نەتەوەی سەردەست لە دژایەتی کردنی زمانی کوردی، بە هۆی بە سیاسەتکردنی پرسی کەمینەکان لە کوردستاندا وەک پرسگەلی کوردانی ئێزیدی و کاکەیی و فەیلی و شەبەک و هەورامی...هتد، و هەوڵدان بۆ پتر لاوازکردنی زمانی کوردی و کەمکردنەوەی کاریگەریی جوگرافیای دانیشتوانانی کورد لە عیراقدا بەتایبەتیش لە ناوچە کوردستانییە کێشە لە سەرەکان، ئێستا پلانێکی کارا هەیە بۆ ناساندنیان وەک کەمینەیەکی نەتەوەیی جیاواز لە کورد، بۆ ئەم مەبەستەش دامەزراوەی تۆکمە و حزبی سیاسی و دارایی و پشتگیری سیاسی ناوخۆ و دەرەکی کاری بۆ دەکەن، بەتایبەت لە هەندێک ناوەندی شۆڤینی لە ناو ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە) بە پلان و بەرنامەی تۆکمە کاری جددی بۆ کراوە، بەڵام داخەکە لەوەدایە هۆکارە ناوخۆییەکان خەریکە دەبنە کێشەیەکی چارەسەر نەبوو کە بە دەستی هەندێک کورد خۆیەوە برینەکان قوڵتر دەکەنەوە. هەڵبەتە هەبوونی زار و بنزار وهەروەها نەبوونی زمانێکی یەکگرتوو و هاوبەش بۆ هەموو تاکەکانی کورد لە بەشەکانی کوردستاندا، ئەگەرچی دیاردەیەکی سرووشتی هەموو زمانێکی زیندووە، بەڵام ئەو هەوڵانەی کە دەدرێن بۆ سەربەخۆ ناساندنی ئەو زارانە و جوداکردنەوەیان لە زمانی دایک، ناتوانرێت نکۆڵی لەو مەترسییە جیددیە بکرێت، وێڕای هەڕەشەی زمانە بیانییەکان وخوێندنیان لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردندا وهاوکات پەراوێز خستنی زمانی کوردی لەو خوێدنگا تایبەت و ئەهلیانەدا، کە نەوەیەکی نەشارەزای لە زمانی کوردی بەرهەم هێناوە، هەڵبەتە دواتریش لە پاشەرۆژدا ئەنجامەکەی زۆر بە خراپی دەبینین، کە ئەم نەوەیە سۆز و ئینتمای بۆ زمانی نەتەوەکەی خۆی نابێت، بە چاوێکی سووکیش تەماشای ئاخێوەرانی زمانەکەی خۆی دەکات. ئیدی شتێک لە باشووری کوردستاندا نامێنێت بە ناوی ئاسایشی زمان.

سەرچاوەکان:

١-قمندار. اسماعيل. اللهجات الكرديه الجنوبيه. بغداد.٢٠١٨
٢- د. محمد عناني، نظرية الترجمة الحديثة,, الشركة المصرية العالمية للنشر-لونجمان, ط١/ ٢٠٠٣.
ژماره یەکەم ١٩٧٣
٣- ١. (اللغة الكردية، التوزيع الجغرافي للهجاتها) فؤاد حمه خورشيد / بغداد
٤- شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی، لویس جان کالفی، وەرگێڕانی بەهادین جەلال ٢٠١٢ هەولێر
٥- زمانەوانی رەگەکانی، ناوخۆش سەلام و خۆشناو نەریمان ٢٠١٠ هەولێر
٦- گنجینه گویشهای ایرانی(گویش‌شناسی استان کرمانشاه، جلیلیان ئاکو فرهنگستان زبان و ادبیات فارسی ١٣٩٠ تهران
٧- زبان معیار چیست و چه ویژگی‌هایی دارد، والی رضایی، نامه فرهنگستان.
٨-کردها نوادگان مادها، مینورسکی ولادیمیر، ترجمه دکتر کمال مظهر احمد، مجله کۆڕی زانیاری کورد
٩- کوردیکا، جەلیلیان ئاکۆ، نشر دیباچه ١٣٩٧
١٠- پلانی زمانی، حەمید محەمەد، د. دارا، مانگنامەی تفکر انتقادی، ساڵی یەکەم، ژمارەی دووهەم

هەواڵنامەی کتێب

بەئاسایشکردنی پرسی کورد لە ئێران
(زمانی دایك و زارا محەمەدی)

شێرکۆ کرمانج

تاوانبارکردنی زارا محەمەدی کچە کوردێکی نیشتەجێ لە سنە، بە هەڕەشە لەسەر ئاسایشیی نەتەوەیی ئێران و سەپاندنی دە ساڵ زیندانی تەنیا لەبەر ئەوەی ڕێکخراوێکی پێکهێناوە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و یارمەتی بۆ لێقەوماوانی بومەلەرزەکانی کرماشان و لوڕستان لەگەڵ فێرکردنی خۆبەخشانەی منداڵانی کورد زمانی دایکیان هیچ گومانێک لەسەر بە ئاسایشکردنی پرسی کورد لە ئێران ناهێڵێتەوە. بۆیە لەم بابەتە هەوڵدەدەم بە ئاسایشکردنی پرسی کورد لە ئێران تاوتوێ بکەم.

مەبەست لە بەئاسایشکردن ئەوەیە کە چۆن دەوڵەت وەک بکەرێک شەرعیەت دەدات بە بەکارهێنانی هێزو توندوتیژی بۆ سەرکوتکردنی گروپێک یان لایەنێک کە داوای مافەکانیان دەکەن. بەئاسایشکردن سەرچاوەی لە تێگەیشتنێکی ڕیالیستەکان بۆ سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەڵهێنجاوە کە پێیوایە، مانەوەی دەوڵەت و یەکپارچەیی خاکەکەی گرنگترین ئامانج و ئەرکی دەوڵەتە. لەم سۆنگەیە دەوڵەت ئامادەیە هەموو یاساو ڕێساکان بشکێنێتو هی نوێ دابهێنێت بۆ پاراستی خۆیو مانەوەیو لەناوبردنی نەیارەکانی. ئەم دیدە پێچەوانەی دیدی قوتابخانەی کۆبنگهاگن گروپە نەتەوەییەکانو هەڕەشە لەسەر بوونو شوناسیان نابینێت.

چی ئاسایشەو چی بە ئاسایشدەکرێت هێندەی دروستکراوە هێندە بابەتیی نییە. لەم سۆنگەیەوە، ئاسایش ئەوەیە کە نوخبەی سیاسی یان ڕۆشنبیری دەوڵەت (نەتەوەی سەردەست) بەیانی دەکاتو دڵسۆزی گروپێک یان لایەنێک لەناوەوە یان لە دەرەوەی وڵات دەخاتەژێر پرسیارو دژ بە بەهاکانی دەوڵەتو نەتەوەی سەردەست نیشانی دەدات و وەک هەڕەشەیەک لەسەر یەکێتیی خاکو نەتەوە وێنای دەکات. ئیدی گروپە یان لایەنە بەئامانجکراوەکە وەک کۆسپێک دەبینرێت لەلایەن دەوڵەتو نەتەوەی سەردەست لە پێش پرۆسەی وەکیەکردن (homogenization) ی دەوڵەت-نەتەوە، ئەویش بەتواندنەوەو سڕینەوەی گروپە یان لایەنە بەئامانجکراوەکان.

پێش ئەوەی باسی بەئاسایشکردنی پرسی کورد لە ئێران بکرێت دەبێت دوو پرس ڕونبکرێتەوە، یەکەم، چەمکی داوا و ماف لێکجیابکرێنەوە، ئەوەش بەو مانایەی کاتێک کوردەکان داوای مافەکانیان دەکەن بە مافی دەوڵەتی سەربەخۆو سەروەریی

ناکرێت تەنیا وەک هەوڵێک بۆ دابەشکردن و هەڵوەشانەوەی ئێرن تەماشابکرێت، بەڵکو وەک ڕێگەچارەیەک بۆ ڕزگارکردنی ئێران ببینرێت بۆ گەیشتن بە سەقامگیریی‌و ئاشتی هەم لە ئێران هەم لە ناوچەکە هەم لە جیهان. دووەم، ڕاستە کوردەکان لە هەندێ قۆناغو لە هەندێک بارودۆخ ئاستی مافەکانیان بۆ سەربەخۆیی‌و جیابوونەوە بەرزکردۆتەوە بەڵام بەگشتیی کوردەکان هەوڵی دەستبەرکردنی مافە سیاسی‌و کەلتوری‌و زمانییەکانیان لە بەنامەرکەزیکردنی سیستەمی حوکمڕانی‌و دامەزراندنی چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی‌و فیدڕالی دا کردوەو بینیوە. بۆیە نزیکبوونەوەو تێگەیشتن لە پرسی کورد دەبێت لەو چوارچێوانەوە بێت ئەگەرنا ئەوە شەرعیەتدان، نەک ڕەخنەکردنی، بە بەئاسایشکردنی پرسی کوردی لێدەکەوێتەوە.

چۆنیەتی مامەڵەکردنی دەوڵەتی ئێران بۆ پرسی کورد دەکرێت بەسەر دوو قۆناغدا دابەشبکرێت. قۆناغی یەکەم، سەردەمی ڕەزا شا (١٩٢٥-١٩٤١) و محەمەد ڕەزا شا (١٩٤١-١٩٧٩)، لەم قۆناغەدا، بەتایبەتی سەردەمی ڕەزا شای باوک هەموو جیاوازییەکی نەتەوەیی نادیدەدەکراو دەوڵەت لە پڕۆسەی بەمۆدێرنکردندا لە هەوڵی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی وەکیەک دابوو، کە تێیدا هەموو جیاوازییەکان لە بۆتەکەی نەتەوەو کەلتوری سەردەست، فارس دا، دەتواندەوە. ڕەزا شا بەحوکمی سەرسامبوونی بە ئەتاتورکو لاسایکردنەوەی تورکیا بوونی جیاوازییەکانی وەک هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی میللەتو گەلی ئێراندا دەدیتو لەسەر ئەو بنەمایەش مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن. لەسەردەمی محەمەد ڕەزا شای کوڕ تاڕادەیەک فەزای سیاسی ئاواڵەتربوو بۆ نەتەوەو گروپە جیاجیاکانی ئێران بە کوردیشەوە، بەڵام تەرکیزی دەوڵەت لەسەر بەفارسیکردنی شوناسی ئێران وەک خۆی مابۆوە.

قۆناغی دووەم، لە ڕوخانی شا و دامەزراندنی جمهوری ئیسلامی (١٩٧٩ تا ئێستا) دەستپێدەکات. سەرەڕای ئەوەی کە دەستورەکەی ئەم قۆناغە پێچەوانەی قۆناغی پێشوتر دان بە جیاوازییە نەتەوەیی‌و مەزهەبییەکان دەنێت، کەچی وەک دەستورەکەی پێشووتر تەنیا زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی‌و زمانی خوێندن‌و پەروەردە دەناسێنێت. دەوڵەت جیاوازییە نەتەوەییەکان وەک ئاڵنگاریی ئەمنی‌و هەڕەشە لەسەر سەروەریی‌و یەکپارچەیی ئێران‌و لەسەر ئەو نیزامەی کە جمهوری ئیسلامی دەیەوێت لە ناوچەکە بەرقەراری بکات، دەبینێت. تەنیا لەو دیدەوەش

دەکرێت شرۆڤەو تێگەیشتن بۆ بەرخوردەکانی ئایەتوڵا خومەینی بکرێت، کە لە ڕۆژانی سەرەتای دامەزراندنی جمهوری ئیسلامی لەخۆی نیشاندا وەک: یەکەم، فەتوای شەڕ لە دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات؛ دووەم، ڕەتکردنەوەی هەموو حیزبێک بێجگە لە بەناو حیزبی خوا؛ پاککردنەوەی کوردستان لەوەی ناوینابوون «شەیتانەکان.» بەمشێوەیە، بەشداری ئێران لە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ڕیفراندۆمی کوردەکانی عێراقو بچوکردنەوەی هەرێمەکەیان لە ٢٠١٧ دا دەکرێت لەم تێگەیشتنەوە شرۆڤەی بۆ بکرێت.

سوننیبوونی بەشێکی زۆری کوردانی ئێران هێندەی دیکە پرسی کوردی لە ئێران ئاڵۆزتر کردوە. بێجگە لە شوناسی نەتەوەیی، حکومەت شوناسی مەزهەبییشیان وەک هەڕەشە لەسەر شوناسی مەزهەبیی نەتەوەی سەردەست وێنادەکات.

سەرەڕای سەرکوتکردنی بزوتنەوە کوردییە چەکدارییەکان لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردو کەچی دوای سی ساڵ کوردەکان نزیکەی نیوەی زیندانییە سیاسییەکانی ئێران پێکدێنن، ئەمە لەکاتێکدایە کە کوردەکان ١٠٪ لە دانیشتوانی ئێران پێکدێنن. کوشتنی سەرکردە کوردەکان لە ئەوروپا (عەبدولرەحمان قاسملۆ و سادق شەرەفکەندی لە ١٩٨٩ و ١٩٩٢ لە نەمسا و ئەڵمانیا لەدوای یەک) نیشانەی ئەوەن کە دەوڵەتی ئێرانی جوڵەی کوردەکان لە هەر جێگەیەکی ئەم دنیایە وەک هەڕەشە لەسەر ئاسایشی دەبینێت.

محەمەد ڕەزا شا لە ١٩٧٨ ئەحکامی عورفی بەسەر تەواوی ئێراندا سەپاند. دوای ڕوخانی ڕەزا شا بە ئاشکراو بەنائاشکرا ناوچە کوردنشینەکان لەڕێگەی ئەحکامی عورفییەوە بەڕێوەدەچنو دەسەڵاتی دامەزراوە ئەمنییەکانی سوپاو پاسدارانو بەسیجو ئیتیلاعات باڵادەستو یەکلاکەرەوەی پرسەکانن. بەسەربازگەکردنی کوردستان ناکرێت وەک پەرچەکردارێک بۆ خەباتی چەکداری دابنرێت چونکە بۆنمونە لە ئێران لە ١٩٨٩ ـەوە چالاکی چەکداری حیزبەکانی ڕۆژهەڵات زۆر سنوردار بووە.

بۆ سەپاندنی ئەحکامی عورفیو سەرکوتکردنی بزوتنەوە کوردییەکان، چەکدار و مەدەنی، ئێران کەم تا زۆر کوردستانی کردوە بە سەربازگەیەکی گەورە. بەسەربازگەکردنی کوردستان تەرخانکردنی زەویو زاری جوتیارانی بۆ دامەزراوە

سەربازییەکان؛ بۆ بنکەو ڕاهێنان، هەروەها بۆ خانوبەرە بۆ ئەفسەرو پلەدارەکانی لێکەوتۆتەوە. ئەمەش هێندەی دیکە ناوچە کوردنشینەکانی بەتورکو بەفارس کردوە. هاوکات، دروستکردنی بنکەو پایەگای سەربازی لە هەموو گوندەکانی کوردستان لەگەڵ وەبەرهێنان لە بواری سەربازییو دامەزراوەی سەربازی، کوردستانی لە دواکەوتیی ڕاگرتوەو ڕادەگرێت. خەڵکەکەشی ناچار بە کۆچ کردوە بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران کە توانەوەی کورد ئاسانترو خێراتر دەکات. هاوکات، دانیشتوانی ناوچەکەش ناچار بە کارکردن دەکات بۆ دامەزراوە سەربازیو ئەمنییەکان، ئەمەش ڕەواجو پاساو بۆ بەجاشبوون دروستدەکات، هەم لەبەر نەبوونی هەلی کاری دیکە هەم کردنی جاش بە تاکە هەلی «کار».

بەئیزافەی ئەمانە، هاندەری سەرەکی لە بەسەربازگەکردنی کوردستان لە دیدە فۆکۆییەکە «چاودێریی دەستەجەمعیی»و نیشاندانی ئامادەگیی هەمیشەیی دەوڵەتو دامەزراوەکانیەتی. دامەزراوەکان بەتەلبەندو لوغم پارێزراون کە ناوچەیەکی زۆریان لە کوردستان لە کەڵکی ئابووریو کشتوکاڵیی خستوە. بەجاشکردنی کۆمەڵگە بێجگە لەوەی ملکەچیی خەڵک بۆ دەوڵەتەکان مسۆگەردەکات، هاوکات، شەڕی کورد بە کورد خۆش دەکات. ئەمەش هەم لەڕێگەی بەگژدادانی جاشو هێزە چەکدارە کوردییە ئۆپۆزسیۆنەکان هەم بە پێکدادانی گروپو سەرکردە جاشەکان لەنێو خۆیان کە پەرتکەو زاڵبە دێنێتەگۆڕێ لەگەڵ نیشاندانی دووبەرەکیو دواکەوتویی سوننەتیبوونی کۆمەڵگەی کوردی.

بۆ بنکۆڵکردنی ڕەوایی پرسی کوردو بەئاسایشکردنی پرسەکە ئێران زاراوەی تاوانئامێز لە دژی هێزو لایەنە کوردییەکان، چەکدار یان مەدەنی، بەکاردێنن، وەک زیدی ئینقلابی (دژی شۆڕش).

هەموو ئەمانە دەریدەخەن کە ئێران پرسی کوردی کردوە بە پرسێکی ئاسایشییو لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵە لەگەڵ کوردو کوردستان دەکات، بۆیە کاتێک کچێکی خۆبەخش دەیەوێت منداڵانی کورد فێری زمانی دایکیان بکات وەک هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی خاکو میللەتی ئێران لەقەڵەمی دەداتو زارا خاتون بە دە ساڵ زیندانی دەکات.

هەواڵنامەی کتێب

دەیانەوێ زمانیشمان لەت لەت بکەن!

رێکار ئەحمەد

زۆر جاران گوێمان لێ بووە کە گوتراوە ‹پێنووس لە شمشێر تیژتر و بەهێزترە› و ‹زمان هەر بۆ خۆی دەسەڵاتە›، ئەم دوو وتەیەش هەردووکیان دەربڕینی باون؛ لە لایەکی دیکەشەوە لێکۆڵەران لەسەر ئەوە هاوڕان کە زمان و دەستەڵات، لە زۆربەی بوار و ئاستەکاندا پێکەوە بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵدەگرنەوە. هەرچەندە کە زمان خۆی لە خۆیدا ئامرازێکی خەیاڵییە و بەها جیاوازەکان دروست دەکات و بەردەوامیان پێ دەدات، بەڵام بۆ ڕایەڵە و پەیوەندی لە نێوان جڤاکی مرۆڤایەتیدا، یارمەتی مرۆڤ و نەتەوەکان دەدات، لە لایەکەوە بواری تێگەیشتن دەڕەخسێنێ و لە لایەکی دیکەیشەوە دەرفەتی بەرەو پێشەوەچوون فەراهەم دەکات، باشتر و بەرفراوانتری دەکات. زمان خۆی لە خۆیدا بۆ دەسەڵاتی مرۆڤ سەرمایە و شیانێکی گەورەیە، واتە ئەگەر زمان بە شێوەیەکی لە بار و دروست بەکاربهێنرێ، بۆ دەربڕین و گەیاندنی پەیام و ڕامانەکان هاوکار و یارمەتیدەرێکی یەکجار باش دەبێ.

توانای مرۆڤ بۆ سوودمەندبوون و بەکارهێنانی زمانەکەی یەکجار گرنگە، چونکە هێزی ئەوەی هەیە لە زۆر ڕووەوە کاریگەری لەسەر ژیانی خۆی و دەوروبەرەکەی دابنێ.

میخایل میکالیدێس(Mikhael Mikalides)، ساڵی ٢٠١٤، لە گۆڤارێکی ئەلیکترۆنیدا سەبارەت بە زمان نووسیبووی: (زمان لە جیهانی ئێمەی مرۆڤدا فاکتەرێکی دەسەڵاتە، چونکە مرۆڤەکان بە هۆی زمانەوە دەتوانن لەگەڵ دیتران دانوستان بکەن). ئەو نووسەرە پێیوایە کە زمانی بەهێز بۆ خەیاڵیش هاندەرێکی باش دەبێ، هەروەها هاوسۆزی و تێگەیشتنی مرۆڤەکان لە چۆنیەتی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانی دیکە زیاتر دەکات.

ڕاستییەکەی مرۆڤ لە ڕێی زمانەوە دەتوانێ خۆی بە دیتران بناسێنێ، هەر لە ڕێی زمانیشەوە دەکارێ هەستەکانی خۆی پێشان بدات و کاریگەری لەسەر دیتران دابنێ. بەو هۆیەوە مرۆڤ بەبێ زمانێکی باڵادەست و دەوڵەمەند ناتوانێ خاوەندارێتی لە خۆی بکات و ناسنامەی خۆی و نەتەوەکەی بە جیاوازی بهێڵێتەوە. ڕاستییەکەیشی بە درێژایی هەزار و چوار سەت ساڵی ڕابردوو، زمانی ئێمە هێز و شیانی هەبووە و توانیویەتی نەتەوەی کورد بپارێزی و بە زیندوویی بیهێڵێتەوە. بە واتایەکی دیکە، دەکرێ بنووسین کە نەتەوەی کورد بە هۆی زمانەکەیەوە خۆی ڕاگرتووە و ماوەتەوە، دەنا وەکو دەیان نەتەوەی دیکە، لەژێر کاریگەری زمانی نەتەوەی سەردەست، بە چۆک دادەهات و لە کۆتاییشدا ناسنامەکەی خۆی وندا دەکرد.

ئۆستێن داهل(ÖSTEN DAHL) ساڵی ٢٠١٣ نووسیبووی: (گرنگە خۆت هەڵیبژێری بە کام زمان قسە بکەی، چونکە دیتران بە پشت بەستن بە توانای زمانەکەتەوە حوکمت لەسەر دەدەن.) ئەو نووسەرە جەختی دەکردۆتەوە کە ئەگەر مرۆڤ بە زمانی دایکی قسە بکات، دەتوانێ باشتر مەبەستی خۆی دەرببڕێ و بیگەیەنێ، چونکە چەندە شارەزایی زۆرتری لە زمانی خۆیدا هەبێ، ئەوەندە باشتر، دەتوانێ خۆی بپەڕێنێتەوە و لە ئاکامیشدا هەست بە ئاسوودەیی بکات.

هەر سەبارەت بە زمانی دایک، نیلسۆن ماندێلا گوتویەتی: (ئەگەر بە زمانێک قسە بۆ کەسێک بکەی کە ئەو لێی تێدەگا، قسەکانت بۆ مێشکی دەچن، بەڵام ئەگەر بە زمانی ئەو کەسە قسە بکەی، قسەکانت بۆ دڵی دەچن).

پێر ئاکە ستريد (Per Åke Strid) لە پەڕتووکی (Det nyaklassmärket)دا نووسیویەتی: (ئەو کەسانەی کە لە زمانی زگماکیدا دەوڵەمەندن، دەتوانن بوێری هەر شتێک بکەن، واتە هەر شتێک بیانەوێ، دەتوانن بیکەن. نەک تەنیا لە ژیانی بازرگانیدا، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی لە ژیاندا سەرکەوتوو دەبێ).

مەبەست و ئامانجی ئێمە لێرەدا ئەوەیە کە چۆن دەتوانین زمانی کوردی بپارێزین و پاسەوانی لێ بکەین و ڕێ نەدەین کە پارچە پارچە بکرێ، چونکە ماوەیەکە شەپۆلێک لەرەلەری لە ڕیزپەڕیوو و ئاوارتە، بەملا و بەولادا بڵاو دەکرێنەوە و بانگەشەی هاوێرکردن و جیاکردنەوەی خەرمانی زمانی کوردی دەکرێ، تەنانەت لە وڵاتێکی وەکو سوێد، دەستەواژەی (De kurdiska språken) واتە زمانەکانی کوردی دەکاردەکرێ. هەڵبەت ئەمەش سەرچاوەی لە ناکۆکی نێوان تاکەکانی نەتەوەی کورد خۆیەوە گرتووە. مخابن زۆربەی جاران کە باس لە زمانی کوردی دەکرێ، کوردەکە بۆ خۆی پاشناوی سۆرانی، بادینانی، کرمانجی، زازاکی، فەیلی و هۆرامی بۆ زیاد دەکات، واتە دەنووسن زمانی کوردی/ سۆرانی، زمانی کوردی/ بادینانی، زمانی کوردی/ کرمانجی، زمانی کوردی/ زازاکی، زمانی کوردی/ فەیلی، زمانی کوردی/ هۆرامی و.........هتد.

ناحەزی لەگەڵ زمانی کوردی و دژایەتیکردنی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و چەندین قۆناغی تێپەڕاندووە. جاران داگیرکارانی کوردستان نکۆڵیان لە زمانی کوردی دەکرد و بە زاراوەیەکی زمانی فارسییان دادەنا یان پێوانەیان بۆ دەکرد؛ هەندێکی دیکە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە کوردەکان لە بنەڕەتدا عەرەبی یەمەنن!!

بەڵام بە تێپەڕبوونی کات زمانی خۆیان لە بیر چۆتەوە و زمانێکی دیکەیان سەرپشک کردووە؛ هەروەها تورکە کەمالییە ڕەگەزپەرستەکانیش لە دوای پێکهێنانی کۆماری تورکیا، بە هەموو شێوەیەک نکۆڵیان لە نەتەوەی کورد و زمانی کوردی دەکرد و تا ئێستاش هەر لەسەر ژەنینی ئاوازی ئەو نالۆژیکیە بەردەوامن. زۆر جاران مرۆڤ لە خۆی دەپرسێ: دژایەتیکردن و نکۆڵیکردن لە زمانی کوردی لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئایا بەڕاست لە مێژوودا ئەو زمانە نەبووە و تازە داهێنراوە؟ ئایا کورد لە بنەڕەتدا عەرەب بووە و زمانی خۆی لە بیرچۆتەوە؟ ئایا کورد هەر تورکی چیایین و گۆڕانکاری بەسەر زمانەکەیدا هاتووە؟

ئەو بینەوبەردەیە زۆری کێشا تا ساغ کرایەوە کە کورد ناسنامەیەکی جیاوازی لە فارس، عەرەب و تورک هەیە و زمانەکەیشی نەک هەر ڕیشەی مێژوویی هەیە و دێرینە، بەڵکو زۆربەی زمانەکانی دیکە تینوێتی خۆیان لە کانیاوی زمانی کوردیدا شکاندەوە و هەندێکیشیان بە شیری ئەو دایکە فرچکیان گرتووە؛ ڕاستییەکەی ئەو زمانانە، وشەگەلێکی زۆریان لە کوردی وێدەکردووە، یان وەریانگرتوون و داگیریان کردوون. دواتر کە جیاوازی نەتەوەی کورد یەکلایی کرایەوە، ئیدی بۆ هەڵتەکاندن و شکاندنی ستوونەکانی کۆشکی زمانی کوردی، بەرنامە و پیلانی دیکەیان داڕشت، سەرەنجام توانیان کەسانێکی بە ناو مێژوونووس و زمانناس بکڕن، تا ئەوانیش بڵێن زمانی کوردی تەنیا دوو زاری سۆرانی و بادینی هەیە و ئەوانەی دیکە نەتەوەی جیاوازن. کەسێکی ئەرمەنی بەناوی ‹گارنیک ئاساتۆریان› وتارێکی بەناوی نەتەوەی گۆران نووسی و بانگەشەی ئەوەی کرد کە گۆران کورد نین! بۆیە زۆر بە پەلە لەژێر ناوی (قوم گوران) بۆ فارسی وەرگێڕدرا. پێشتر ئەو نووسەرە و هەندێک نووسەری دیکەش هەوڵیاندا کە ‹لەک، لوڕ و بەختیاری› لە نەتەوەی کورد جیا بکەنەوە. دواتر هەر ئەو نووسەرە بانگەشەی ئەوەی کرد کە گۆران، باجەلان، شەبەک، هۆرامی و زازاکیشین کورد نین و نەتەوەی جیاوازن!! ئێستا کە بانگەشەی هەموو ئەوانەش ئاپاچ بۆتەوە، ئیدی هەندێک نووسەری خۆمانە لە دڵسۆزی بێ یان لە بێئاگایی هاتوون و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کوردی زمانێکی یەکگرتووی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک زمانی هەیە، بۆیە دەستەواژەی زمانەکانی کوردی بەکاردەهێنن.

گومان لەوەدانییە کە لە ئاکامی داگیرکاری و دەستەڵاتی بیانی، هەروەها بەهۆی نەبوونی قەوارە و کیانێکی سەربەخۆی کوردستانی، زاراوەکان لەباریەک کشاونەتەوە

و جیاوازیان لێ پەیدا بووە، بەڵام ئەو جیاوازییە تەنیا لە پەیڤەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە، ئەمەش نەک بە لاوازی و بێهێزی وێنا دەکرێ، بەڵکو دەوڵەمەندی و باڵادەستی زمانی کوردی پێشان دەدەن.

هەرچەندە کە زمانی عەرەبی دەیان زاراوەی جیاوازی هەیە، بۆ نموونە عەرەبێکی لوبنانی زۆر بە زەحمەت لە عەرەبێکی جەزائری تێدەگات، عەرەبێکی سوری بە سەختی لە عەرەبێکی لیبیایی تێدەگات؛ عەرەبێکی ئوردونی بە دژواری لە عەرەبێکی میسری تێدەگات، تەنانەت عەرەبێکی سعودی کاتێک گوێ لە زاراوەکانی دیکەی سوری، عێراقی، میسری و جەزائری و لیبیایی و مۆریتانی دەبێ، لەوانەیە بە گوێز ژماردنیان بزانێ؛ ئیدی باسی زاراوەی عەرەبی سودانی و مەغریبی و مۆریتانی و ئەوانی دیکەش هەر ناکەین. وێڕای هەموو جیاوازییەکان، هێشتا هەر دەگوترێ زمانی عەرەبی (اللغة العربية) و کەسێک بوێری ئەوە ناکات کە بڵێ زمانەکانی عەرەبی یان زمانی عەرەبی/ سوری، زمانی عەرەبی/ میسری، زمانی عەرەبی/ مۆریتانی و.....هتد. هەرچەندە کە عەرەب بۆ نووسین و خوێندنەوە تەنیا زمانی قورئانیان سەرپشک کردووە، بەڵام هەرگیز ناتوانن نکۆڵی لە زاری جیاواز بکەن.

زمانی کوردی وەکوو داربەڕوو ڕەگی قوڵی بە نێو خاکی نیشتماندا شۆڕبۆتەوە. داربەڕوو، درەختێکی بەناوبانگ و هەمیشە سەوزە، ئەو درەختەش لق و پۆپی زۆری هەیە، لقەکانیشی هەر داربەڕوون و ناوی جیاوازیان نییە، زمانی کوردیش وەکوو داربەڕووی خاکەکەی خۆی، زار و بنزاری جۆراوجۆری هەیە. ڕاستییەکەیشی هیچ زمانێک لەم جیهانەدا نییە کە تەنیا یەک زاری هەبێ، چونکە مرۆڤ وماڵباتەکان درەختی زمان دەڕوێنن و ئاوی دەدەن، دواتر گەورە دەبێ و بەردەگرێ. ماڵباتانی کوردیش لە هەر شوێن و جێیەک ژیابن لە بەرهەمی ئەو درەختەیان خواردووە.

پێشتر ئاماژەمان بەوە کردبوو کە پێوەندییەکی توند و تۆڵ لە نێوان زمان و دەسەڵاتدا هەیە؛ زمان کاریگەری ئەرێنی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دادەنێ و دەسەڵاتی خەمخۆر و نیشتمانپەروەریش لە کایەی ڕاگەیاندن، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پەرە بە زمان دەدات، لەو نێوەندەدا زمان گەش و گەشتر دەبێ و لەسەر ڕاستە ڕێی خۆی دەگیرسێتەوە. مخابن لە کوردستاندا یەک دەستەڵات نییە، دەستەڵاتەکان دابەش کراون و داگیرکاریش باڵادەستە، بۆیە زۆر بە ئاشکرا هەڕەشە و گەف لە زمانی کوردی دەکرێ.

زمان لە نێوەندەکانی فێربووندا، لە ڕێی ڕاگەیاندن، لە شوێنی کارکردن و لە کایەی تێکەڵاوبووندا، بەتایبەتیش لە زانکۆکاندا دەتوانێ پاشخانی زاراوە و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕێ و پێگەیەکی بەهێز و تایبەتی بۆ مسۆگەر بکات، بەو هۆیەوە زمانێکی ستاندارد بۆ خوێندنەوە و نووسین جێ دەگرێ. واتە ئەو زمانە فەرهەنگ و ڕێزمان و ڕێنووسی خۆی دەبێ و پێی دەناسرێتەوە. لەم پێوەندەدا جارێکی دیکەش زمان و دەسەڵات ئاوێتەی یەکتر دەبنەوە، دەبێ دەسەڵات زەمینەی لەبار بۆ جێگیرکردنی زمانی ستاندارد مسۆگەر بکات، هەنگاو و ڕێوشوێنی گونجاو هەڵبگرێتەوە.

لێرەدا ناچارین کە ڕاشکاوانە قامک لەسەر ڕاستییەکان دابنێین و بڵێین: هیچ زارێکی کوردی بە تەنیا و بەبێ پشتیوانی زارەکانی دیکە، ناتوانێ باڵادەستی و دەوڵەمەندی خۆی پێشان بدات، ئاخێوەرانی ناچار دەبن کە هانا بۆ زمانەکانی دیکە ببەن و وشەیان لێوەربگرن، بەڵام کاتێک هەموو زارەکانی کوردی کۆدەکرێنەوە و یەکێکیان بۆ نووسین سەرپشک دەکرێ، ئیدی شیان و لێهاتوویی خۆی پێشان دەدات، توانا و باڵادەستییەکەی وەکو خۆر دەدرەوشێتەوە، ئیدی تاکی کورد لە ڕێی ئاخافتن و نووسینەوە، دەتوانێ زۆر بوێرانە مەبەست و ڕامانی خۆی دەربڕێ و ژیانێکی سەرکەوتووانە مسۆگەر بکات. ڕاستییەکەیشی بۆ پێشخستن و گۆڕینی جڤاک و کۆمەڵی کوردەواری، زمان ئامرازێکی چالاک و کاریگەرە، زۆر بە خێرایی کاریگەری خۆی لەسەر هەڵوێستەکان دادەنێ، کۆمەڵگە ڕەنگرێژ دەکات و شوێنپەنجەی خۆی جێدەهێڵێ. لەم نێوەندەدا ئەرکێکی ڕەوشتی و نیشتمانی لە ئەستۆی ڕۆشنبیر و نووسەرانە کە ڕاستوێژانە ڕێبەرایەتی و پێشەنگی ئەو کاروانە بکەن، هەروەها بۆ کۆکردنەوەی پەیڤە زۆروزەوەندەکانی زارەکانی کوردی و بۆ ئافراندنی زمانی ستاندارد لێبڕاوانە و ماندوونەناسانە تێبکۆشن و هەرگیز بیر لە دابەشکردن و پارچەکردنی زمانی کوردی نەکەنەوە.

سەیوانی زمانی باپیرانمان

هیچ گومانی تێدا نییە کە زمانی باپیرانمان، بە تایبەتیش لە میدیاوە تا ئەمڕۆ نەک هەر دەوڵەمەند و لێهاتوو بووە، بەڵکو ئەو کانیاوە سازگارەش بووە کە دیتران بێ پەروا ئاویان لێ خواردۆتەوە و تینوێتی خۆیان پێ شکاندووە، ئێستاش زمانی باپیرانمان مینای سەیوانێک باوەشی خۆی کردۆتەوە و زمانی هەندێک نەتەوە لە بن سێبەری خۆیدا فێنک دەکاتەوە.

پارسەکان پێشینەی دوور و درێژیان لەگەڵ باپیرانی کورددا هەیە؛ کاتێک لە نێو دەوڵەتی میدیادا جێوارکران، زمانی ماد(میدی)ەکانیان سەرپشک کرد و پشتیان لە زمانی دێرینی خۆیان کرد، بەڵام لە ئاکامی ئەو تێکەڵاوبوونەدا هەندێک کاریگەریشیان لەسەر زمانی باپیرانمان دروست کرد، پێگۆڕکێ و جێگۆڕکێی پیتیان لە هەندێک پەیڤدا مسۆگەرکرد. هەروەکوو لە گۆڕینی: زەدست بۆ دەست، زرێـ و زەریـا بۆ دەریـا، زۆسـت بۆ دۆسـت. بەو هۆیەوە لە ڕێی زمانەوە خۆیان بە برابەش ناساند، بەڵام لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی، بە تایبەتیش لە زەمانی عەباسیەکاندا، ئەوان بۆ گەشەپێدانی زمانەکەیان ڕێی خۆیان جیا کردەوە و شێوازی جۆراوجۆریان تاقی کردەوە و هەوڵی قاچاندنەوە و وەرگرتنی وشەی دیترانیان دا، هەزاران وشەی عەرەبیان پەلکێش کرد و دەستووری زمانی خۆیان شێواند، سەرەنجام نزمە دیوارێکیان لە نێوان کورد و فارس دروست کرد. بەو هۆیەوە من باسی وشەی هاوبەشی نێوان کورد و فارس ناکەم، چونکە ئەوان ڕۆژێک برابەش بوون، بەڵام ئێستا هەگبەی زمانی خۆیان لە وشەگەلی بیانی داگرتووە و بە ئاسانیش لێی دەرباز نابن.

لە لایەکی دیکەوە، دەبێ ئەوە بە بیر بهێنینەوە کە کورد لە دراوسێیەتی عەرەب و عیبریدا ژیاوە و پێکەوە ژیانیشی لەگەڵ کلدانەکاندا درێژە پێداوە، دواتر سەلجوقی و مەغۆل بەزۆرەکی، خۆیان تێخزاندوە و لە نێو نیشتمانی کورداندا گیرسانەتەوە، پاشان عوسمانلییەکان داوای برابەشییان کردووە، کەچی ئێستا نەوەی ئەوان، واتە تورکەکان بە زمانی چەک و هێز داوای خاوەندارێتی خاک و زمانمان لێ دەکەن.

وێڕای هەموو ئەو کارەسات و مەرگەساتانەی بەسەر کوردستاندا هاتوون، کەچی زمانی کوردی چیا ئاسا بەرگری لە خۆی کردووە و نەتەوەی کوردی بە زیندوویی هێشتۆتەوە. مخابن ئێستا هەندێک گوزیلکە پەیدابوون و بانگەشەی هەژاری و نەداری زمانی کوردی دەکەن، توانج و پلار لە پەیڤە دێرینەکان دەگرن؛ ئەوانە نەک هەر لە ڕاستییەکانی مێژوو بێئاگان و بوێری ئەوەشیان نییە بۆی بگەڕێنەوە، بەڵکو کۆلەوارن و سەریشیان لە بنەچەزانی دەرناچێ، بەو هۆیەوە هەزاران وشەی کوردی هەرەتەی دیوانی دیتران دەکەن. بۆیە ئەرکی هەموو کوردستانییێکی دڵسۆزە کە خاوەندارێتی لە زمانەکەی خۆی بکات و بەرسنگ لەو هێرشە ناڕەوایە بگرێ.

ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە دەوڵەمەندی زمانی باپیرانمان پێشانی جیهانیان بدەین

و ئاماژە بە سەیوانی زمانی باپیرانمان بدەین.

وشەگەلی باپیرانمان لە نێو زمانی ڕووسی

زمانی ڕووسی لە گرووپی زمانی سلاڤی ڕۆژهەڵاتدا هەژمار دەکرێ، کەچی زمانی سلاڤۆنی کلێسای سلاڤی باشوور بۆ ماوەیەکی درێژ کاریگەری زۆری لەسەر گەشەکردن، لەسەر ڕێزمان و وشەسازی زمانی ڕووسیدا هەبووە. ئەم زمانە بە ئابێ (ئەلفبێ)ی سیریلی دەنووسرێ. هەتا ئێستاش ئەم زمانە بەشێکی زۆری پێکهاتەی وەرچەرخانی دروستکراوی سلاڤی ڕۆژهەڵات و وشەسازیی سلاڤی لە خۆیدا هێشتۆتەوە، بەڵام لە فۆرمی مۆدێرنەکەیدا چەندین وشەی لە بابەتەکانی وەک سیاسەت و زانست و تەکنەلۆژیا وێندە کردووە.

زمانی ڕووسی لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپادا قسەی پێدەکرێ. لە وڵاتانی ڕووسیا، بێلاڕوس، کازاخستان و قرقیزستان زمانی فەرمییە، هەروەها لە سەرانسەری قەفقازیا و ئاسیای ناوەڕاست و تا ڕادەیەک لە وڵاتانی باڵتیکدا بەکاردەهێنرێ.

لێرەدا بە گرنگی دەبینم کە هەندێک وشەی ڕووسی بخەمە بەرچاوان کە لە زمانی باپیرانمانەوە وێندەکراون:

ئاڵ: وشەیەکی کوردییە بۆ ڕەنگی مەیلە و سوور دانراوە، چۆتە ناو زمانی ڕووسی، هەر بە ئاڵی (алый) واتە بە هەمان دەنگ و واتای خۆی ماوەتەوە. لە زمانی پەهلەویدا وشەی ئالاگۆنە هەیە کە واتای گۆنەسوور دەدات. ئەم وشە لە باپیرانەوە بۆ کورد ماوەتەوە و ڕووسیش وەریانگرتووە. هێشتا خۆیا نییە کە ڕووسەکان ڕاستەوخۆ لە کورد وەریانگرتووە یان لە ڕێی عوسمانلیەوە دەستیان بە وشەکە گەیشتووە.

باغچە: واتای باغ و باغستانی بچووک دەدات، کورد و فارس بەکاری دەهێنن، بەڵام ئەم وشەیە لە هەر ڕێ و شێوەیەکەوە بووبێ بۆ نێو زمانی ڕووسی ڕۆیشتووە، هەمان واتاو گۆکردنی هەیە(бахча).

بوسرمان: جاران لە کوردەواریدا بە مرۆڤی موسڵمان دەگوترا بوسرمان، ئێستاش لە هەولێر هەر بە ‹بوسرمان› ماوەتەوە و کارایە. بوسرمان بەو مرۆڤە دەگوترێ کە دینی محەمەدی هەڵبژاردووە؛ ئەم وشەیە لە زمانی ڕووسی بە بەسورمان (бакшиш) هەیە و بەو کەسانە دەگوترێ کە کریستیان نین ((چۆن کورد بە نا موسڵمان دەڵێین گاور، ئەوانیش بە نا کریستیان دەڵێن بەسورمان)) هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەم

وشەیەیان لە ئێزدیەکانەوە وەرگرتووە، چونکە ئەوان بەو کوردانەی کە پشتیان لە دینی ئێزدی دەکرد، دەگوت: بوسرمان.

بەخشیش: ئەو شتەی کە لە بەرامبەر کارێک بە کەسێک دەدریێ، لە پەهلەوی ساسانیدا بە ‹بەخشیشن› هەبووە. هەمان وشە چۆتە نێو زمانی ڕووسی، کە بە شێوەی بەکشیش (бакшиш) گۆ دەکرێ و هەمان واتای هەیە.

بێجامە: جلکی خەو، کاتی خۆی لە جڤاکی ڕۆژهەڵاتدا، پیاو و ژنان بۆ ئەوەی ئەندامی زاوزێیان بەدەر نەکەوێ، جامیان لەسەر بەستووە و دوایی ئەگەر جلک و بەرگێکیان هەبووبێ، لەبەریان کردووە، بەڵام بۆ خەوتن ئەو جامە لێکراوەتەوە و جلکی ناسک لەبەر کراوە، ئیدی بووە بە بێ جامە؛ دواتر لە قوماشی ناسک کراس و دەرپێ، یان شەروار و کراس دروست کراون و بۆ کاتی خەوتن سوودیان لێوەگرتوون، پێی گوتراوە بێجامە. ئەم وشەیە بە شێوەی بێژامە (пижама) بۆ ناو زمانی ڕووسی و زۆربەی وڵاتانی دیکەی ئورۆپایی ڕۆیشتووە و هەمان واتا بەرجەستە دەکا.

پارچە: ئەم وشەیە بە واتای جۆراوجۆر لە نێو زمانی کوردیدا جێوارە، بە واتای قوماش، بەش، لەت و پارچەی ئاوریشم دێ. وشەکە بە هەمان گۆکردن و واتاوە بۆ نێو زمانی ڕووسی غلۆر بۆتەوە (парча). هەندێک پێیانوایە کە لە ڕێی زمانی قیرغزستانی بە ڕووسەکان گەیشتووە. وێڕای هەموو ئەوانەشەوە دەبێ بزانین کە لە کوردەواری زۆر جاران گوێمان لێ بووە کە گوتراوە پارچە نانێکم پێبدە، واتە لەتە نانێکم بدەرێ. پارچە واتای لەتۆکە و پارۆکە دەدات، چونکە ‹چە› وەک پاشگر دەچێتە سەر وشە و پەیڤی نوێ دروست دەکات. بۆ نموونە: باغ و باغچە؛ پار و پارچە، تاق و تاقچە.

پۆڵا: ئەم وشەیە بە شێوەی بولات بۆ نێو زمانی ڕووسی سەری خۆی هەڵگرتووە، بەڵام بە هەمان دەنگ و واتاوە(булат) جێوار بووە. هەر ئەم وشەی پۆڵا (پۆڵات و پۆڵاد)ە بە شێوەی بولات چۆتە ناو زمانی عەرەبیش، ناوی بنەماڵەی جونبولات(جنبلاط) لە لێکدانی هەردوو وشەی جان و پۆلات پێکهاتووە و هەردوو وشەکەش کوردین.

پەری: ئەم وشەیە بۆ ژنی جوان و بێهاوتا وەکوو درکە بەکاردەهێنرێ. بەڵام لە باوەڕی دێرین و ئەفسانەکانیشدا پەری ژنی باڵدار و نازەنینە، بۆ پارێزگاریکردن لە مرۆڤی چاک شەڕی دێو و درنجی شەڕخواز دەکات. وشەکە بۆ نێو زمانی ڕووسی (пери) ڕۆیشتووە، بەهەمان واتا سوودبەخشە.

توت: تو. ئەم وشەیە لە پەهلەوی ساسانیدا ‹توت› بووە، ئێستا لە نێو زمانی

کوردی بۆ ‹ تو› کورت کراوەتەوە، بەڵام لە فارسی هەر بە توت ماوەتەوە. وشەکە بە هەمان گۆکردن و واتاوە چۆتە ناو زمانی ڕووسی (тут).

چایخانە: وشەیەکی لێکدراوە لە ‹چای+خانە› پێکهاتووە، چای وشەیەکی سینییە، بەڵام خانە لە نێو زمانی کوردی و فارسیدا جیاوازە؛ خانە وەکوو پاشگر ڕۆڵی خۆی بە شێوەی ‹گە، گەهـ› لە دروستکردنی وشەی نوێدا دەبینێ. ڕاستییەکەی زمانی کوردی زیاتر سوودی لێوەردەگرێ، وەک: نەخۆشخانە، خەستەخانە، دەرمانخانە، بەندیخانە،چێشتخانە، گرتووخانە، سەربازخانە و....هتد. ئەم وشەیە لە نێو زمانی ڕووسی بە هەمان گۆکردن و واتاوە جیاوازە، بە شێوەی چایخانێ(Чайхане) و چایخانە (Чайхана) گۆدەکرێ.

چنار: ناوی درەختێکە، لە پەهلەوی بە چینار گۆ کراوە، ئێستاش لە کرمانجی بە چینار ماوەتەوە. ئەم وشەیە چۆتە نێو زمانی ڕووسی، بە هەمان گۆکردن (Чинар) و واتای خۆی ماوەتەوە.

چەقەل: ناوی گیاندارێکە، لە زمانی پەهلەوی ساسانی بە ‹شەغەل› و ‹چەغەل› گۆکراوە، ئێستا لە فارسی بە شۆغال (شغال) ماوەتەوە، ئەم وشەیە گەیشتۆتە ڕووسیا، ئێستا بە هەمان واتە بە شەکەل(шакал) کاری خۆی ئەنجام دەدا.

خاکی: وشەی خاکی بەو ڕەنگە دەگوترێ کە وێنەی زەوی دەدات، مەیلەو قاوەییە و لە وشەی.خاک›ەوە دروست کراوە، هەروەها ئەگەر کەسێک زۆر کۆمەڵایەتی و بێفیز بێ، بە کەسێکی خاکی ناو دەبردرێ. لە زمانی پەهلەویدا خاک هەبووە. ئەم وشەیە چۆتە ناو زمانی ڕووسی (хаки)، بە هەمان گۆکردن و واتا سوود دەبەخشێ.

خورما: لە فەرهەنگی خاڵدا نووسراوە: (بەری دارێکی بەرزی گەرمیانییە زۆر شیرینە و بە هێشوو دەیگرێ). ڕاستییەکەیشی ئەوەی بەرەکەی نەرمە پێی دەگوترێ خورما و ئەوەی دیکەشیان قەسپە. کەچی میوەیەک بە ناوی خورمالو هەیە، مەمنە وەک خورما شیرینە، ئیدی فارس و کورد ناویان لێناوە ‹خورمالو›، ئەو میوەیە زیاتر لە یابان دەچێندرێ، ڕووسەکان بە میوەی خورمالو دەڵێن خورما(хурма)، گومانی تێدا نییە کە وەریانگرتووە، چونکە هەم خورما و هەمیش خورمالو لە شوێنی گەرمەسێر دەڕوێن و لە خاکی ڕووسیا شین نابێ و بەر ناگرێ.

دێڤ: دێو. ئەم وشەیە لە پەهلەوی دێڤ بووە، ئێستا لە کوردی بە دێو و دێڤ، لە فارسی بە دیڤ هەیە، کە چۆتە نێو زمانی ڕووسی بووە بە دیف (див) و(дивь)،

بەڵام بە هەمان واتای خۆی.

دەرویش، دەروێش: کەسی سۆفی، نەدار، گۆشەنشین. لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا هاتووە (عەودال، بێ ماڵ و حاڵ، ڕەبەن)، ئەم وشەیە بە واتای نەدار چۆتە ناو زمانی ڕووسی و (дервиш) و ئێستاش هەر کارایە.

دیوان، دیڤان: شوێنی کۆکردنەوەی نووسین و کۆبوونەوەی مرۆڤە. کاتێک هەڵبەستی هۆنەرێک لە پەڕتووکێکدا کۆ دەکرێنەوە، پێی دەگوترێ دیوان. هەر بەو شێوەیە بۆ دیوانی فەرمانڕەوا، دیوانی وەزارەت، دیوەخانی ئاغا و میران سوودی لێوەرگیراوە. ئەم وشەیە لە زمانی ‹سۆمیری›یەوە ماوەتەوە، لە زمانی ئاڤێستایی و پەهلەوی سوودی لێوەرگیراوە، لە پەهلەوی بە شێوەی ‹دێڤان› و ‹ دیڤان› و ‹دیپیوان› بێژەکراوە، بەڵام بە هەر شێوەیەک بووبێ، گەیشتۆتە ڕووسیا، ئیدی وشەی دیڤان(Диван) بە هەمان دەنگ و واتاوە جێگیر بووە.

زوڕنا: ئامێرێکی مۆزیکی کوردەوارییە، لە فەرهەنگی خاڵدا نووسراوە: [لوولەیەکی کون کونە سەرێکی خڕ و واڵە، سەرەکەی تری باریکە «فیقەنە»یەکی پێوەیە فووی پێدادەکرێ و دەنگێکی زیقنی لێ پەیدا دەبێ]. وشەی زوڕنا بە هەمان واتا و گۆکردنەوە بۆ ناو زمانی ڕووسی ڕۆیشتووە (зурна). مخابن هەندێک نووسەری کورد لە بێ ئاگایی بێ یان بە مەبەست دەنووسن کە زوڕنا وشەیەکی تورکییە! بەڵام ڕاستییەکەی لە دێرینەوە کوردی نای هەبووە، زوڕناش لە لێکدانی ‹زوڕ+نا› پێکهێنراوە، زوڕیش لە زەڕە زەڕ و زۆڕە زۆڕەوە هاتووە و هیچ پەیوەندی بە تورکەوە نییە.

زیان: وشەیەکی کوردییە، بە واتای زەرەر، کەم بوون، لە دەستچوونی شتێک یان کەمێکی دەگەیەنێ. ئەم وشەیە چۆتە ناو زمانی ڕووسی و بووە بە ئیزیان کە هەمان واتای هەیە (изьяан). هەرچی گۆکردنی خودی وشەکە واتە زیان (изъян) بە واتای کێماسی و عەیب سوودی لێوەردەگیرێ.

شاڵ: پارچە پەڕۆک، یان چنراوێکی خورییە، زیاتر ژنان سوودی لێوەردەگرن؛ بەسەر شان دادەدرێ یان لە مل دەپێچرێ، یان بەسەر سینگ و مەمک شۆڕ دەکرێتەوە. تەنانەت هەندێک کەس بە پشتدێنیش دەڵێن شاڵ. وشەکە چۆتە نێو زمانی ڕووسی، ئێستا (шаль) بە بە هەمان گۆکردن و واتای خۆی جێوارە.

شوان، شڤان: ئەم وشەیە لە پەیڤی ‹شوپا›ی سۆمیری ماوەتەوە، لە پەهلەوی ساسانی بە شێوەی ‹شەپان› و ‹شوپان› جێوار بووە، لە فارسی بە چوپان جێوارە.

لەوانەیە ڕووسەکان ڕاستەوخۆ لە ساسانییەوە وەریانگرتبێ، بۆیە بە چیپان و چەپان (чабан) گۆی دەکەن و بە هەمان واتا بەکاری دەهێنن.

کاروان: ئەم وشەیە لە پەهلەوی بە شێوەی کارەڤان، کاروووان، کارڤان هەبووە، بۆ نێو زمانی ڕووسی ڕۆیشتووە و بە شێوەی کارەڤان (караван) بە گۆکردن و واتاکەی ماوەتەوە. ئەم وشەیە بۆ نێو زۆربەی زمانەکانی ئورووپایش ڕۆیشتووە،

کاروان سەرا: ئەم وشەیە لە نێو زمانی کوردی و فارسی وەکو یەکە، بۆ نێو زمانی ڕووسی ڕۆیشتووە و بە کارەڤان سەرای (караван – сарай) جێوارە و هەمان واتا دەدات.

فەرمان: وشەیەکی دێرینی کوردییە، لە زمانی ئاڤێستایی –میدی- بە فرامان هەبووە، هەروەها لە پەهلەوی بووە بە فرەمان، ئێستا بە فەرمان و فرمان جێوارە. ئەم وشەیە چۆتە ناو زمانی ڕووسی (ферман) بە فیرمان گۆ دەکرێ و هەمان واتای هەیە.

فستق: ناوی جۆرێک چەرەزاتە و بەرهەمی داری فستقە، لە زمانی پەهلەویدا بە ‹پیستاک›، ‹پیستەک› و ‹بیستەک› هەبووە. بەهەر شێوازێک بووبێ خزاوەتە نێو زمانی ڕووسی، ئێستا بە (фисташка) فیستاشکا بە هەمان واتا جێوارە.

کافوور: ئەم وشەیە لە زمانی پەهلەوی ساسانیدا بە شێوەی کاپوور و کافوور جێوار بووە، بۆ نێو زمانی ڕووسی ڕۆیشتووە و بە گۆکردنی کامفورە (камфора) و بە هەمان واتا سوودی لێوەردەگیرێ.

کشمیش: جۆرێک ترێی بێناوکە، وشک دەکرێتەوە و بە شێوەی جۆراوجۆر سوودی لێوەردەگیرێ. ئەم وشەیە پەڕیوەتە نێو زمانی ڕووسی، ئێستا کشمیش بە گۆکردنی کیشمیش(кишмиш) و بە هەمان واتا جێوارە. هەرچەندە کە ڕووپێوی وڵاتی ڕووسیا یەکجار گەورەیە، بەڵام بەهۆی ساردی پلەی سەرماکەیەوە بۆ چاندنی ترێ و کشمیش گونجاو نییە، بۆیە ساڵانە لە وڵاتانی دیکەوە کشمیش هاوردە دەکات، لەوانەیە لەو ڕێیەشەوە وشەی کشمیش بۆ نێو زمانی ڕووسی ڕۆیشتبێ.

کۆشک: ئەم وشەیە لە زمانی پەهلەوی بە واتای خانووچکە هەبووە، ئێستا لە نێو زمانی کوردی کۆشک بۆ خانووی گەورە و نایاب تایبەت کراوە، بەڵام بۆ خانووچکە وشەی بۆتکە هەیە، هەروەها کۆچک بەو کڵاوە دەگوترێ کە چارۆگەیەکی پێوەیە و لەسەری منداڵی دەنرێ، لە فەرهەنگی خاڵدا نووسراوە: [سەرپۆشێکە بۆ زارۆک و هێندێ ژنان]، بەڵام لە کرمانجیدا کوچک بە واتای تووتگە سەگ و

گوجیله بەکاردەهێنرێ، لە بادینان بە کۆشک دەگوترێ کۆچک، بەتایبەتی لە جڤاکی ئێزدیاتیدا کۆچکا میری پێگەی تایبەتی خۆی هەیە. ئێستا لە نێو زمانی فارسی وشەی ‹کاخ› هاوواتای ‹کۆشک›ی کوردییە، بەڵام کیوسک بۆ خانووچکە و بۆتکە سوودی لێوەردەگیرێ. ئەم وشەیە بۆ نێو زمانی ڕووسی ڕۆیشتووە و بە شێوەی (киоск) کیوسک هەیە و هەمان واتای کیوسکی فارسی و بۆتکەی کوردی دەدات بەڵام ڕەگەکەی بۆ ئاڤێستایی و پەهلەوی دەگەڕێتەوە.

کیسە: ئەم وشەیە لەنێو زمانی کوردی فرە واتایە، جۆرێک کیسە هەبوو، جاران پیاوان توتنیان تێ دەکرد و لەبەر پشتدێنیان ڕادەکرد، هەروەها ژنان بۆ کل و کلدان جۆرێک کیسەی تایبەتیان هەبوو، ئەو جۆرکەی لە کاغەز، پەمۆ، خوری و نایلۆن دروست دەکرێ و بۆ شت هەڵگرتن بەکاردەهێنرێ دیسانەوە کیسەی پێدەگوترێ؛ ئەم وشەیە بە شێوەی کیسێت (кисет) لە نێو زمانی ڕووسیدا هەیە، ئەو کیسەی توتنەیە کە دەمەکەی بە پەڕۆکی کێشراو دادەخرێ. تەنانەت هەمان وشەی کیسە بە شێوەی جۆراو جۆر لەنێو زمانی عەرەبیشدا هەر سوودبەخشە.

گورزە: ئەگەر ژمارەیەک یان دەستەیەک شتی باریک بە یەکەوە لوول بدرێن و ببەسترێنەوە دەگوترێ گورزە، هەروەها بەو مارانەی کە یەک ڕەنگ نین، واتە ڕەنگی پێستیان جۆراوجۆرە، دەگوترێ گورزە مار. هەڵبەت ئەم وشەیە بە هەمان گۆکردن و واتای خۆی بۆ نێو زمانی ڕووسی ڕۆیشتووە (гюрза) و ناوی جۆرە مارێکە.

مسک: میسک ناوی جۆرە بۆنێکە، مادەیەکی بۆنخۆشە لە ڕژێنەکانی ئاسکی نێر و هەندێک ئاژەڵی دیکەوە بەرهەم دەهێنرێ، هەروەها لە ڕەگ یان تۆوی هەندێک ڕووەکدا هەیە. لە لایەکی دیکەشەوە گیایەک بەناوی مسک و موسوک هەبووە، نازانم ئێستا لە کوێ دەڕوێ، بەڵام لە زۆر شوێنی کوردستاندا گیای موسەنەک هەیە کە دڕکاوییە و لە جلک و بەرگی مرۆڤ و خوری مەڕ گیر دەبێ. سامی عەوداڵ لە دێرە هۆنراوەیەکیدا دەڵێ: [تۆمەز بادی دڵی بولبول هەناسە و بۆنی خونچانە، نەزانە مسک و عەنبەر بۆی لەبۆ عاشقان بەبادا]، ئەم وشەیە چۆتە ناو زمانی ڕووسی و بە موسکوس(мускус) بە هەمان واتا بەکاردەهێنرێ.

نەفت: ئەم وشەیە لە پەهلەوی ساسانی نەفت بووە، ئێستا لە نێو زمانی کوردی بە نەفت، نەوت و نەپت جێوارە؛ وشەکە وەکو خۆی بۆ نێو زمانی ڕووسی گۆزراوەتەوە

و بە (нефть) واتە بەهەمان گۆکردن و واتا سوودبەخشە.

هەژیر، هەنجیر، ئەنجیر: ئەم وشەیە لە زمانی پەهلەویدا ئەنژیر و ئینژیر بووە و لە کوردیشدا درێژی پێدراوە، دوایی هەر بە شێوەی ئینژیر (инжир)بۆ ناو زمانی ڕووسی ڕۆیشتووە و بە هەمان گۆکردن و واتا ماوەتەوە.

وشەگەلی باپیرانمان لەنێو زمانی سوێدی

هەرچەندە کە دووری نێوان وڵاتی سوێد و کوردستان یەکجار زۆرە، بەڵام دیسانیشەوە زمانی سوێدی هەناسەیەکی درێژی لە ژێر سێبەری سەیوانی زمانی باپیرانماندا هەڵکێشاوە. هەندێک پەیڤ زۆر بە ئاسانی دەناسرێنەوە کە لە زمانی باپیرانمانەوە وێندە کراون، هەندێکی دیکەشیان بە شێوەیەک ئارایش کراون کە ناناسرێنەوە.

ئاڤ: ئاو. ئەم وشەیە لە ئاڤێستایی ‹ئەپ› و ‹ئاپە› بووە، لە پەهلەوی بووە بە ‹ئاپ›، دوایی لە زمانی کوردی پیتی ‹پ› بۆ ‹و› و ‹پ› گۆڕاوە، لە زاری بادینی و کرمانجی بووە بە ئاڤ، کەچی وشەی هاڤ(hav) کە لە (هـ+ ئاڤ) پێکهاتووە، لە نێو زمانی سوێدی بە واتای دەریا دێ کە ئەویش هەر ئاو بەرجەستە دەکات.

ئیس، ئیسی: بوز، سەهۆڵ، وشەیەکی ئاڤێستاییە، لە نێو زمانی سویدیدا (ئیس- Is) هەمان واتای هەیە و هاودەنگن.

بانگ: وشەیەکی دێرینی کوردییە، واتای گازکردن و دەنگی بەرز دەدا، لە نێو زمانی پەهلەوی بە ‹ڤانگ› جێوار بووە، ئەم وشەیە پەڕیوەتە نێو زمانەکانی ئوروپایی، ئێستا هەمان وشە (Bang) لە نێو زمانی سوێدیدا کارایە.

برا: ئەم وشەیە لە ئاڤێستایی بە شێوەی ‹براتەر› هەبووە، لە پەهلەوی کورت کراوەتەوە و بووە بە ‹برات›؛ لە کوردی کورتر کراوەتەوە و بووە بە›برا›، کەچی وشەی برور (bror) لە نێو زمانی سوێدیدا هەمان واتای هەیە. بە گومانی زۆرەوە لە باپیرانمان وەرگیراوە.

بەند: ئەم وشەیە لە ئاڤێستایی بە ‹باندا› بووە، لە پەهلەوی ساسانی بووە بە بەند، هەمان وشە (Band)بە هەمان واتا لە نێو زمانی سوێدیدا جێوارە.

پلات: ڕاستایی، پانایی؛ وشەیەکی ئاڤێستاییە، ئەم وشەیەی ئاڤێستایی ئێستا وەکو خۆی و بە هەمان واتا لە نێو زمانی سوێدیدا بە شێوەی (Platt) هەیە.

دۆت: وشەیەکی کەونارە، هەتا ئێستا لە زارەکانی بادینی و کرمانجی بە دۆت ماوەتەوە، بەڵام لە زارەکانی دیکە وشەکانی کچ، کیژ و قیز هاوواتان. ئەم وشەیە لە ئاڤێستایی دوخذەر بووە، لە پەهلەوی بووە بە ‹دۆخت› و ‹دوختەر›، دواتر لە زمانی کوردی بۆ ‹دۆت› کورت کراوەتەوە، ئێستا وشەی دۆتـەر(dotter) لە نێو زمانی سوێدیدا هەمان واتای هەیە.

ڕێڤ: ڕێویَ، ڕۆڤی، ڕۆڤ، ڕێڤ. لە ئاڤێستایی بە ڕێپ هەبووە، لە زمانی پەهلەوی بووە بە ‹ڕۆپا› و ‹ڕۆپاس› هەبووە، ئێستا ئەم وشەیە لە نێو زمانی سوێدی بە ڕێڤ(Räv) جێوارە.

زیند (زەند): گوناهـ گوناح، وشەیەکی ئاڤێستاییە، هاوواتای وشەی ڤیناک و گوناکی پەهلەوەییە، لە نێو زمانی سوێدی پەیڤی سیند(synd) هەمان واتای گوناهـ و گوناح دەدا، بەڵام چونکە پیتی ‹ز› دەستپێک بە ‹س› دەخوێندرێتەوە، بۆیە زیند بووە بە سیند.

زەندیگ، زیندیگ: گوناهکار. وشەیەکی ئاڤێستاییە، لە زمانی پەهلەوی بووە بە ‹زەندیک› و ‹زەندیگ›، کەچی وشەی سیندیگ(syndig)ی زمانی سوێدی هەمان واتـای هەیە. ڕاستییەکەی بەهۆی ئەوەی پیتی ‹ز› لە دەستپێکی وشە لە زمانی سوێدی بە ‹س› دەخوێندرێتەوە، بۆیە زیندیگ بووە بە سیندیگ.

ئەستوور: گەورە، وشەیەکی ئاڤێستاییە بە ستوویَ و ستوور بێژەکراوە، لە پەهلەوی بە ‹ستـوورگ›، ‹ستـەور› و ‹ستـور› مـاوەتـەوە، ئـەم وشـەیە بە هـەمان واتـا بە ستۆر(Stor) لە نێو زمانی سوێدیدا جێوارە.

ستێر، ستار: ستریک، ئەستێرە، وشەیەکی ئاڤێستاییە، لە پەهلەوی هەر بە ستار و ستارەک هەبووە، ئێستا وشەی ئەستێر(Aster) لە ناو زمانی سوێدی بە هەمان واتا بەکاری دەهێنیَ. هەروەها وشەی ئەستێرسک (Asterisk) کە واتای ئەستێرۆکە دەدات، لەگەڵ وشەکانی(ئەسترۆلۆگیastrologi) و (ئەسترۆنۆمیastronomi) لەم وشەیەوە دروست کراون.

ڤەن: بردنەوە، سەرکەوتن. ڤەن وشەیەکی ئاڤێستاییە، لە زمانی پەهلەوی بووە بە ‹ڤەنیهـ›، کەچی لەگەڵ وشەی ڤان (Vann)ی سوێدی هاوواتایە.

کورت: پێچەوانەی وشەی درێژە. ئەم وشەیە لە ئاڤێستایی ‹کەمنە› و لە پەهلەوی ساسانی ‹کۆتەک› و ‹کووتەک› بـووە. ئێستای وشـەی کـورت(kort) لە نێو زمانی

سوێدیدا هەیە، هەمان دەنگ و واتای پەیڤی ‹کورت›ی کوردی هەیە.

گەرم: ئەم وشەیە لە زمانی ئاڤێستاییدا ‹گەریمە› و ‹گەرما› بووە، لە پەهلەوی بووە بە ‹گەرم› و ‹ڤەرم› کەچی وشەی ڤارم (Varm) لەنێو زمانی سوێدیدا هەمان واتای هەیە.

مشک: لە زمانی ئاڤێستایی وشەکە موسک و موسکا بووە؛ لە زمانی پەهلەوی بە موشک و مووشەک گۆکراوە. بە گریمانی زۆرەوە وشەی موس(Mus)ی سوێدی لەم وشەیە وەرگیراوە.

ناو: ناڤ. نامەن، نامن وشەی ئاڤێستایین، لە زمانی پەهلەوی بۆ نام کورت کراوەتەوە، لە زمانی فارسی هەر بە نام مابۆوە، بەڵام ئێستا وشەی ئیسم(اسم)ی عەرەبیان وەرگرتووە و پشتیان لەم وشە ڕەسە کردووە، کەچی وشەی نامن(Namn) لە نێو زمانی سوێدیدا هەمان گۆکردن و واتای ئاڤێستایی هەیە.

نو: هەنووکە، نها؛ نو وشەیەکی ئاڤێستاییە، لە پەهلەوی ساسانی بووە بە ‹نوون› کەچی وشەی (نو- Nu) لە نێو زمانی سوێدیدا هەمان دەنگ و واتای هەیە.

هان(Han) **و هون**(Hon): هان و هون لە زمانی سوێدیدا، جێناوی کەسێی سێیەمن. هان بۆ نێر و هون بۆ مێ. لە زمانی ئاڤێستاییدا جێناوی کەسی سێیەم بۆ مێ، ‹ها› و بۆ نێر ‹هاو› بووە؛ لە زمانی پەهلەوی ئەشکانیدا ‹هۆ، هاو› جێناوی کەسی سێیەمی تاک بوون، هەروەها لە پەهلەوی ساسانیدا جێناوی کەسی سێیەمی تاکی نێر ‹هان› و تاکی مێ ‹هو› بووە. ئێستا لە زمانی کوردیدا جێناوی سێیەمی تاک ‹ئەو›ە، بەڵام لە زاری بادینی و کرمانجی هەندێک جار ‹هان› وەک جێناوی ئاماژە ماوەتەوە. ئەوەتا دەگوترێ: ئەڤ یەکا ‹هان›ێ؛ کارێ هانێ. کاتێک لە ‹هان› و ‹هون›ی سوێدی دەڕوانین یەکسەر ‹هان› و ‹هو›ی پەهلەویمان وەبیر دێتەوە.

هەنگوین: ئەم وشەیە ڕەگ و ڕیشەی دێرینەی هەیە؛ لە نێو زمانی پەهلەوی ‹ئەنگوبین›، ‹هەنگوبین› و ‹ئەنگەپین› بووە. دواتر لە زمانی کوردی بۆ هەنگوین و هەنگڤین گۆڕاوە، ئێستا وشەی هۆنونگ(honung) هەمان واتای هەیە و نزیکایەتی یەکجار زۆری لەگەڵ پەیڤە کوردییەکەدا هەیە. هەرچەندە هەنگ (مێشا هەنگڤینی)ی لە هەموو وڵاتانی جیهاندا هەیە و چەندین جۆری جیاوازی هەیە، بەڵام زێدی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئاسیا بووە، هەرچەندە جۆرە هەنگێک هەیە و بە هەنگی ئورووپایی ناودێرکراوە.

وشەگەلی باپیرانمان لە نێو زمانی ئینگلیزی

هەنووکە زمانی ئینگلیزی یەکێک لە زمانە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهانە، پەیڤی نوێ

بۆ داهێنانەکان دادەنێ و بە هەموو جیهان بڵاوی دەکاتەوە، بەو هۆیەوە زمانەکانی دیکە باوەش بۆ وشەگەلی ئینگلیزی دەگرنەوە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەم زمانە ڕەگی خۆی لەسەر جەستەی چەندین زمانی دیکە داکوتاوە و خۆی پێگەیاندووە. ئەڵمانیەکان لەو باوەڕەدان کە زۆربەی هەرە زۆری وشەکانی ئینگلیزی لە زمانی ئەڵمانی (دۆیچە) وەرگیراون. وێڕای ئەوانەشەوە وشەگەلێکی باپیرانمان بۆ نێو زمانی ئینگلیزی گواستراونتەوە. نازانرێ کە ئەو وشانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەریان لە نێو زمانی ئینگلیزی دەرهێناوە. لێرەدا ئاماژە بەهەندێ وشەی ئینگلیزی دەکەین کە ڕەگی زمانی باپیرانی ئێمەی تێدا دەدۆزرێتەوە.

بازاڕ(Bazaar)ی وشەیەکی باپیرانمانە و بۆ نێو زمانی ئینگلیزی گواستراوەتەوە. لە زمانی پەهلەوی ساسانیدا ڤازاڕ بووە، هەروەک ئاشکرایە ژمارەیەکی زۆر پەیڤی باپیرانمان لە ساسانییەوە بۆ ئێمە هاتوون، بەڵام لە زۆربەیاندا پیتی ‹ڤ›ی دەستپێک بۆ ‹ب› گۆڕاون، وەکوو: ڤەفر بۆ بەفر؛ ڤاران بۆ باران، هەر بەم شێوەیەش ڤازاڕ بۆ بازاڕ گۆڕاوە.

بولبول(Bulbul)ی ئینگلیزی هاوواتای وشەی بولبول(بلبل)ی کوردییە. بولبول بۆ خۆی باڵندەیەکی دەنگخۆشە، زێدی سەرەکی ئاسیا و ئەفریقایە وێڕای دەنگەکەی، ڕەنگی جوانی جۆراوجۆری هەیە. هۆنەرانی کورد، فارس و عەرەب زۆر ئاماژەیان پێداوە. لە کوردەواری خۆماندا ئەگەر منداڵ زوو فێرە ئاخافتن ببێ و بە باشی قسە بکات، دەڵێن: وەکوو بولبول وایە.

پێپەر(Pepper)ی ئینگلیزی لەگەڵ بیبەر و فلفل هاوواتە. ئەم وشەیە لە زمانی پەهلەوی ساسانی ‹پلپل› بووە، ڕاستییەکەی دوای هاتنی ئیسلام گۆڕانێکی گەورە بەسەر زمانی ساسانیدا هات، ‹پ›ی زۆربەی وشەکان بۆ ‹ف› گۆڕان، بەو شێوەیە پلپل بوو بە فلفل، بەڵام کورد وشەی ‹بیبەر›یشی هەیە کە هاوواتای ‹پیپەر›ی لاتینیە، ئەگەر سەیری وشەکە بکەین، دەبینین پێپەر و بیبەر زۆر لەیەکدییەوە نزیکن، دەکرێ بڵێین کە پێپەر لە وشەی بیبەری کوردی یان پیپەری لاتینی وەرگیراوە. ڕاستییەکەی بیبەری دۆڵمە(گەورە) سەوزەیەکی وەرزی گەرمایە، بە وێنەی تەماتە و باینجان ڕقی لە سەرما دەبێتەوە، حەز لە پلەی گەرمای نێوان ١٨ تا ٣٥ دەکات واتە بەشێوەیەکی گشتی بەرامبەر بە سەرما هەستیارە. واتە زێدی سەرەکی ئاسیایە.

ئارم (Arm)ی ئینگلیزی بەواتای دەست دێ و لەگەڵ وشەی ‹ئاریم›ی ئاڤێستایی هاوواتایە

ئایس(Ice)ی ئینگلیزی بەواتای سەهۆڵ دێ و لەگەڵ وشەی ‹ئیسی›ی ئاڤێستایی هاوواتایە.

ئایسی (Icy)ی هەمان وشەی ‹ئیسو(ئیثو)ی ئاڤێستاییە.

ئینتەر(Inter)ی ئینگلیزی لەگەڵ وشەی ‹ئەنتەر› ی ئاڤێستایی هاوواتایە کە واتای لەنێو، لەناو دەدات.

ئەستەر (aster)، ستار(star)ی ئینگلیزی لە وشەکانی ‹ستێر، ستار›ی ئاڤیستاییەوە وەرگیراون. ئێستا لە زمانی کوردی بە ئەستێرە، ستێر و ستێرک جێوارن.

تۆڕبان(Turban)ی ئینگلیزی هاوواتای چەفیە، مەندیل و عەمامەیە.لە هەردوو وشەی (تۆڕ+بان) پێکهاتووە و هەردوو وشەکەیش لە زمانی کوردیدا واتادارن. تورِبان ئەو بەنە لوولدراوەیە کە شێوەی تۆڕ دەدات، ئیدی توربان ئەو تۆڕەیە کە لەسەر یان لەسەرەوە دەپێچرێ.

ثری (ثـری Three)ی ئینگلیزی هاودەنگ و هاوواتای ‹ثری›ی ئاڤێستاییە کە واتای سێ دەدا، ئێستاش لە زاری کردکی(زازاکی) بە ‹هری› جێوارە.

جاکل(Jackal)ی ئینگلیزی هاوواتای وشەی چەقەلی کوردییە. لە زمانی پەهلەوی ساسانی بە ‹شەغەل› و ‹چەغەل› گۆکراوە.

جەنگڵ(Jungle)ی ئینگلیزی هاوواتای وشەی جەنگەلی کوردی و فارسییە.

سپای (Spy)ی ئینگلیزی لەگەڵ وشەکانی ‹سپای، سپەش، سپەس› ی ئاڤێستایی هاوواتایە ئێستا لە کوردی وشەی سیخوڕ شوێنی گرتۆتەوە.

سپیناچ(spinach)ی ئینگلیزی هەمان ‹سپیناغ› یان سپیناخی کوردییە، سپیناخ گیایەکی ئاسیاییە و بە شێوەیەکی بەرفراوان دەچێندرێ. لە فارسی پێی دەگوترێ (اسفناج –ئێسفەناج).

ستاند(Stand) ی ئینگلیزی لە (ستا)ی ئاڤێستایی وەرگیراوە کە واتای ڕاوەستان دەدات، لەلایەکی دیکەوە وشەی ستارت(Start)ی ئینگلیزی هەر لە وشەی ستارتی ئاڤێستایی وەرگیراوە کە واتای دەستپێکردن دەدات.

فەذەر (Father)ی ئینگلیزی لە وشەی پەتەری ئاڤێستایی وەرگیراوە کە واتای باوک دەدا.

ڤییەر(Veer) لە زمانی ئینگلیزی واتای لادان و لاربوونەوە دەدات، هاوواتای وشەی ‹ڤیریت›ی ئاڤێستاییە.

کارەڤان(Caravan)ی ئینگلیزی هاوواتای کاروانی کوردییە. ئەم وشەیە لە زمانی پەهلەوی ساسانیدا هەر ‹کارەڤان›، ‹کاروان› و ‹کارڤان› بووە.

کاو (Cow)ی ئینگلیزی لە ‹گێو›ی ئاڤێستایی و ‹گاو›ی پەهلەوی ساسانیی وەرگیراوە.

لیمۆن(Lemon)ی ئینگلیزی لەگەڵ وشەی ‹لیمۆ›ی کوردی هاوواتایە. ڕاستییەکەی وڵاتی هیندستان زێدی سەرەکی درەختی لیمۆیە و ئەوان بە نیمبۆ ناوی دەبەن، وا مەزەندە دەکرێ کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا گەیشتبێتە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئەو ناوەی لێنرابێ، دواتر لە ڕۆژهەڵاتەوە هەر بە ناوە نوێکەیەوە بە ئورووپییەکان گەیشتبێ.

ناین (Nine)ی ئینگلیزی لەگەڵ وشەی ‹نەوەن و ناوەن›ی ئاڤێستایی هاوواتان کە ئێستا لە کوردی بە نۆ و نەهـ جێوارە.

نۆت(Not)و نۆ (No)ی ئینگلیزی لەگەڵ ‹نۆیت›ی ئاڤێستایی هاوواتان و ئێستا لە کوردی بە ‹نە، نا› ماوەتەوە.

وشەگەلی باپیرانمان لە نێو زمانی بولگاری

بولگاری (български) زمانێکی هیندۆئەورووپییە و لە خێزانۆکەی باشووری زمانە سلاڤیەکانەدا جێی گرتووە. بولگاری تایبەتمەندی زمانی هەیە و بەمەش خۆی لە زمانەکانی دیکەی بنەماڵەی سلاڤی جیا کردۆتەوە؛ وەک لابردنی وشەی سادە؛ فراوانکردنی پیتی پێناسەی پاشگر و هەندێک وردەکاری دیکەی کرداری.

زمانی بولگاری بەشێکی دانەبڕاوی زمانەکانی بەڵکانە. جگە لە زمانەکانی بولگاری، یۆنانی، زاری مەکدۆنی، ڕۆمانی، ئەلبانی و تۆرلاکی کە لقێکی زمانی سربییە هەموویان ئەندامی ئەم بەستەرن. ئەم زمانە لە وڵاتانی بولگاریا، ئۆکراینا، سربیای ڕۆژئاوا، ڕۆمانیا، مەکدۆنیا، یۆنان و تورکیا ئاخێوەری خۆی هەیە.

هەرچەندە دەگوترێ کە زمانی ڕووسی بە هەزاران وشەی لە زمانی بولگاری دێرین وەرگرتووە، بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدەم بە خێرایی ئاماژە بە هەندێک وشەی بولگاری بدەم کە لە زمانی باپیرانمان وەرگیراون.

بەبە: منداڵی ساوا. وشەی بەبە لە کوردەواری بۆ ئەو منداڵانە بەکاردەبەن کە هێشتا فێری قسەکردن نەبووینە. هەمان وشەی بەبە(бебе) لە نێو زمانی بولگاریدا

هەیە و هاوواتای وشەی منداڵە.

ژن: لە زمانی کوردیدا وشەی ژن بۆ مرۆڤی مێ تایبەت کراوە، ئەم وشەیە لە ئاڤێستایی بە ‹غینا›، ‹غنا›، ‹نایریێ›، ‹نااینه› و ‹غاینه› هەبووە، لە پەهلەوی بە ژەن(ژن) و ژییاک جێوار بووە. ئەم وشەیە بۆ نێو زمانی بولگاری سەری هەڵگرتووە و بووە بە ژینا (жена).

شۆربا: خواردنی شل یان شلاو. ئەم وشەیە چۆتە نێو زمانی بولگاری و بە ‹چۆربا› بەهەمان واتا دەکاردەکرێ، بەڵام ئێستا ئەوانیش وشەی سوپ (soup)ی ئینگلیزیان وەرگرتووە و بە سوپا (супа) گۆی دەکەن.

کوتکە: کتک، پشیلە، پشیک، گوربە. زۆر جاران بە مرۆڤی چاوشین دەگوترێ کوتکە چاوشین و مەبەست لە پشیلەی چاوشینە. وشەی کۆتکە (котка) لە زمانی بولگاری هەمان واتای پشیلە دەدات.

نە: لە نێو زمانی کوردیدا ‹نە› بۆ نەرێ بەکاردێ، هاوواتای ‹نا، نەئ و نەخێر›ە. ئەم وشەیە لە ئاڤێستایی بە ‹ما› و ‹نۆیت› بووە، لە پەهلەوی بووە بە ‹نێ› و ‹ما-مە-›، هەمان وشە نە(Не) چۆتە نێو زمانی بولگاری، بە هەمان گۆکردن و واتای خۆی بەردەوامە.

وشەگەلی باپیرانمان لە نێو زمانی فنلاندی

زمانی فینلاندی بە زمانی ‹suomen kieli›یش ناودێر دەکرێ و لە گرووپی زمانە ئوورالیکیەکاندایە، نزیکەی ٤ ملیۆن و ٩٠٠ هەزار کەس وەک زمانی یەکەم و زیاتر لە نیو ملیۆن کەسیش وەک زمانی دووەم لە وڵاتی فینلاندا قسەی پێدەکەن. واتە ڕێژەی ٩٢٪ی دانیشتوانی فینلاند قسەی پێ دەکەن، هەروەها کەمینە فینلاندیەکان لە سوێد و نەرویج پێی دەدوێن. ئەم زمانە حەوت زاری سەرەکی هەیە، هەر هەریەکەشیان چەندین بنزاری لاوەکی تایبەت بە خۆیان هەیە. هەرچەندە تا سەدەی شانزەهەم پێی نەنووسراوە، بەڵام وەک هەر زمانێکی دیکە، مێژوویەکی درێژی هەیە. ئەم زمانە پەیوەندی بە بنەماڵەی ‹فینۆ-ئوگریک›ەوە هەیە کە زمانەکانی دیکەی وەک ئێستۆنی، هەنگاری و چەند زمانی دیکەی کەمینە بچووکەکانی سیبیریا دەگرێتەوە. زمانی فینلەندی جگە لە سوێد و نەرویج و کارێلیای ڕۆژهەڵات و ئینگریا (لە ڕووسیا)، لە ئەمریکا و ئوستralیاش بەکاردێ. ئەو دەستنووسانەی بە زمانی فینلەندی تۆمارکراون،

بۆ نزیکەی ٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێنەوە.

فینلاندییەکان لەو باوەڕەدان کە ڕەگ و ڕیشەی زمانەکەیان هەمان ئەوانە نین کە ئێستا خەڵکی فینلەندی قسەی پێدەکەن، بەڵکو زمانەکەیان ئۆرالیکە و لە ناوچەی چیای ئۆرال لە ڕووسیا و ئەو خاکەی کە ئێستا بە ناوی تورکیا دەناسێنرێ، لە دایک بووە و بە سەر پێ کەوتووە. ئەگەر ئەو زانیارییە ڕاست بێ، دەکرێ بگوترێ کە باپیرانی کورد و فینلاندییەکان پێشینەی هاوسێیەتی دێرینەیان هەبووە.

جێی ئاماژەیە کە ئەم زمانە چەندین وشەی لە زمانەکانی دیکە وێندە کردووە و ئەمەش ناشارێتەوە، بەڵام لە زۆر بواردا زمانی فینلاندی پەیڤە وێندەکراوەکانی ئارایش کردووە و بەرگی خۆماڵی لەبەرکردوون. لێرەدا بە خێرایی ئاماژە بە هەندێ وشە دەکەین کە لە زمانی باپیرانمان وێندە کراون.

دییڤ(djäv): دێو. ئەم وشەیە لە ئاڤێستایی بە ‹دەئێڤا› هەبووە، لە پەهلەوی بۆ دێڤ کورت کراوەتەوە، ئێستا لە کوردی بە دێو و دێڤ کارایە، کەچی وشەی دییڤ لەنێو زمانی فنلاندی هەمان واتای هەیە و لە ئەفسانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینەوە وەریانگرتووە.

نایێنێن(Nainen): ژن، لە زمانی ئاڤێستاییدا وشەی ‹نایرێ›، ‹ناینە› و ‹غاینە› هاوواتای ژن بوون. وشەی نایێنێی زمانی فینلاندی هاوواتای پەیڤەکانی (نایرێ و ناینە)ی ئاڤێستاییە زۆریش لێیانەوە نزیکە.

مینا(minä): من و ئەز جێناوی ئاخێوەری کەسی یەکەمن لە زمانی کوردیدا. لە زمانی پەهلەوی ساسانیدا هەر ‹من و ئەز› بووە. لە زمانی ئاڤێستاییدا ‹ئەزێم› و ‹مەنا› بوونە، لە زمانی فینلاندیدا جێناوی مینا (minä) هەیە، هەمان واتای ‹من›ی دەدات و لە بێژەکردنیشدا زۆر لە منی کوردی و مەنای ئاڤێستاییەوە نزیکە.

هان(hän): ئەو، جێناوی کەسی سێیەمە. لە زمانی ئاڤێستاییدا جێناوی کەسی سێیەم بۆ مێ، ‹ها› و بۆ نێر ‹هاو› بووە؛ لە زمانی پەهلەوی ئەشکانیدا جێناوی ‹هۆ، هاو› بۆ مێ و نێر هەبوون، هەروەها لە پەهلەوی ساسانیدا جێناوی کەسی سێیەمی تاکی نێر ‹هان› و ئەڤێ› بوون و بۆ مێ ‹هو› بووە. ئێستا لە زمانی فینلاندیدا جێناوی ‹هان› بۆ نێر و مێ هاوواتای جێناوی ‹ئەو›ە، واتە لە بێژەکردن و واتادا وەک جێناوەکەی پەهلەوییە.

وشەگەلی باپیرانمان لە نێو زمانی عەرەبی و تورکیدا

ڕاستییەکەی زمانی عەرەبی و تورکی ئەوەندە پەیڤیان لە زمانی باپیرانمان

وەرگرتووە، ئیدی ناژمێردرێن، دەتوانین بڵێین کە زمانی عەرەبی زۆربەی وشەکانی دینی لە زمانی باپیرانمان وەرگرتووە، هەروەها تورکەکان بە وشەکانی زمانی ئێمە بناغەی زمانی خۆیان داناوە، بۆیە پێویست ناکا کە وشە بە وشە بە دوایاندا بگەڕێین. وشەکانی(ئاگا، ئاخوڕ، ئاسوودە، ئاشنا، ئاواز، ئازاد، ئاهەنگ، بادام، پەزاڕ «بازاڕ»، باغ، باغچە، بەهانە، بەهار، بەختیار، بەرابەر، بەرباد، بێچارە، جام، جان، جامباز، ئەندام، خام، سەرا، سەرخۆش، چونکە، گۆشە، تەختە، ئەمبار، ئارەزوو، ئاسایش، ئاوارە، ئاواز، ئاوێزان، چینار، فت و.......... هتد) بەشێکن لەو سرووپە پەیڤانەی کە پەلکێش کراون. ئەمەش بەو مانایە نییە کە وشەی ئەوانیش نەخزابێتەوە ناو زمانی ئێمەوە، بەڵام ئێمە وێندەمان نەکردوون، بەڵکو بە زۆرەکی بەسەرماندا سەپێندراون، ئەوەش لەوکاتانەدا بووە کە ڕێیان گرتووین و نەمانتوانیەووە بە زمانی خۆمان بدوێین.

هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوەکان:

١- دکتر حسین آذران، واژەهای ایرانی در زبان سوئدی.
٢- ڕێکار ئەحمەد، ئاڤێستایی زمانی دێرینی کوردی، دەستنووس.
٣- لیلا عسگری، واژەهای دخیل فارسی در روسی.

http://zabanp.ir/ 4-

5- https://charbzaban.com/other/html

6- https://sv.wikipedia.org/wiki/Ryska

7-The Oxford Russian Dictionary (Russian-English, English-Russian), Oxford University Press. Oxford, New York 1997.

8- KAVASJI EDALJI KANGA, ENGLISH-AWESTA DICTIONARY, BOMBAY, 1867.

9- https://www.quora.com/Which-words-in-English-have-Persian-origin.

د.جەبار قادر

لە بارەی فەرهەنگی ئێتیمۆڵۆژی زمانی کوردیی ڕوسلان تسەبۆڵەفەوە

د.جەبار قادر

درەنگانێکی ئێوارەی ٢ ئایاری ٢٠٢٠ دۆستی هێژام کاک مەنسوور سدقی تەلیفۆنی بۆ کردم، یا بە وتەی ڕۆژهەڵاتییان زەنگی بۆ لێدام و لە فەرهەنگێکی ئێتیمۆلۆژی(ئێتیمۆلۆگی، ئێتیمۆلۆجی- ڕیشەناسیی) بە زمانی ڕووسی ئاگاداری کردم کە لە دوو بەرگەدایە و زیاتر لە ١٢٠٠ لاپەڕەیە. هەرچەندە هەواڵەکە زۆر دڵخۆشی کردم، بەڵام دەمزانی زمانزانی وامان لە ڕووسیا لە ژیاندا نەماوە ئەو کارە گەورەیە بکات. کەمێک دواتر کاک مەنسوور هەردوو بەرگەکەی بەPDF بۆ ناردم و دیاریشبوو هەندێ ناڕەحەت بوو لەوەی نووسەری فەرهەنگەکە زۆربەی وشە کوردییەکانی بردۆتەوە سەر زمانانی دیکە. کاتێ ناوی نووسەرەکەی هێنا، ئیدی پێویستم بە ڕوونکردنەوەی زیاتر نەبوو، چونکە ئەو پیاوەم دەناسی و ئاگام لە هەندێ بیر و بۆچوونی لە بارەی زمانی کوردییەوە هەبوو. ئامادەکاری فەرهەنگەکە ڕوسلان لازەرەڤیچ تسەبۆڵەف(تسەبۆلۆف) و ئەو سایتەی فەرهەنگەکەی داناوە بە زابۆلۆف ناوی هێناوە.

تسەبۆڵەف پسپۆڕێکی زمانە ئێرانییەکان بوو لە ئینیستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی(هەندێ جار ناوی ئینیستیتوتی گەلانی ئاسیا و ئەفریقایشی هەڵگرتووە). ساڵانێکی دوور و درێژ وەک گەورە توێژەری زانستی لەو ئینیستیتوتە کاری دەکرد. تسەبۆڵەف بە ڕەچەڵەک ئۆسیتی (ئۆسیتینی) بوو. ئۆسیتیا وڵاتێکە لە کەفکاز و لە نیوان گورجستان و ڕووسیادا دابەشکراوە. باشوری ئۆسیتیا خۆی وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ ڕاگەیاندووە و ڕووسیای فیدیرالی پشتیوانی لێ دەکات، بەڵام لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی دانیپێدا نەنراوە. هەرچی ئۆسیتیای باکور- ئالانیایە ئەوا کۆمارێکی ئۆتۆنۆمی سەر بە ڕووسیای فیدیراڵییە. زمانی ئۆسیتی لە گروپی ڕۆژهەڵاتیی زمانە ئێرانییەکانە و دوو دیالێکتی سەرەکی هەیە: دیگۆر (بە ئۆسیتی دیگورۆن)و ئیرۆن.

فرهەنگەکەی تسەبۆڵەف دوو بەرگە، بەرگی یەکەمی (٦٨٧) لاپەڕەیە و پیتەکانی A-Mدەگرێتە خۆی، بەرگی دووەمیش(٥٣٦) لاپەڕەیەو و پیتەکانی N-Z دەگرێتە خۆ. فەرهەنگەکە بەسەر یەکەوە (١٢٢٣) لاپەڕەیە. بەرگی یەکەم ساڵی ٢٠٠١ و بەرگی دووەمیش لە ساڵی ٢٠١٠ لە مۆسکۆ بڵاوکراوەتەوە. بۆ تێگەیشتن لەم کارەی تسەبۆڵەف بە پێویستی دەزانم هەندێ زانیاری لە بارەی نووسەرەکەیەوە بخەمە ڕوو.

ڕوسلان لازەرەڤیچ تسەبۆلەف لە شاری ڤلادیکەفکاز، پایتەختی ئۆسیتیای باکور لە ٨ نۆڤەمبەری ١٩٢٦ هاتووەتە دونیاوە. ساڵی ١٩٤٢ کاتێ تەنها قوتابخانەی هەشت کلاسی لە شاری ئەرجەنیکیدزە تەواوکردبوو، لە بەر جەنگ ڕاگوێزران بۆ گورجستان. ساڵی ١٩٤٦ گەڕایەوە بۆ ئەو شارە و لەوێ تاقیکردنەوەی ئامادەیی ئەنجامدا، ساڵی

دواتر (١٩٤٧) ڕووی لە لێنینگرادی ئەوسا و سانپیتەربورگی ئێستا کرد. ساڵانی ١٩٤٧ – ١٩٥٢ لە بەشی زمانە ئێرانییەکانی فاکەڵتی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی زانکۆی لێنینگراد دەیخوێند. بۆ ماوەیەکی کورت لە کتێبخانەی زانکۆ کاری کرد. لە دوای تەواوکردنی زانکۆ بوو بە قوتابی دکتۆرا لە پەیمانگای زمانزانیی و لە ساڵی ١٩٥٥ خوێندنەکەی تەواوکرد بێ ئەوەی بتوانێ بەرگری لە تێزی دکتۆراکەی بکات. دوای چوار ساڵ، واتا لە ساڵی ١٩٥٩ توانی بەرگری لە تێزی دکتۆراکەی بکات، کە لە سەر زمانی ئۆسیتی بوو. لە نێوان ساڵانی ١٩٥٥ – ١٩٥٩ لە شوێنی جیاواز کاری دەکرد. بۆ ماوەیەک لە بەشی پاراستنی وێنەکانی ئاژانسی دەنگوباسی تاسی سۆڤییەتی کاری کرد. دوای ئەوەش بۆ دەزگای بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی سەر بە پەیمانگای گەلانی ئاسیا و ئەفریقا (کە دواتر بوو بە ئینیستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی) لە مۆسکۆ دەستی بەکارکردن کرد. دوای ئەوەی بڕوانامەی دکتۆرای بەدەست هێنا لە لقی لێنینگرادی ئینستیتوتی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا دەستبەکاربوو و مافی ئەوەشی پێدرا لە ناوەند، واتا لە مۆسکۆ کار بکات. ساڵانی ١٩٦٤ – ١٩٦٦ لە بیرۆی ڕاوێژکاری ئابوری سەر بە باڵیۆزخانەی یەکێتی سۆڤییەت لە ئەفغانستان کاری دەکرد. لە ساڵی ١٩٦٧ەوە تا کۆچی دوایی لە ٢٠٠٣ لە بەشی زمانەکان لە ئینیستیتوتی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا وەک توێژەری پێشکەوتوو کاری کرد. بۆ ماوەیەک (١٩٦٨ – ١٩٧٠) زمانی فارسی لە ئینیستیتوتی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی سەر بە زانکۆی مۆسکۆ بە خوێندکاران دەوتەوە. لە هەمان کاتدا خەریکی ئامادەکردنی تێزی دکتۆر ناووکەکەی بوو و لە کۆتاییدا ساڵی ١٩٧٨ بەرگری لێ کرد، کە بە ناونیشانی» ڕێزمانی مێژوویی زمانی کوردی» بوو. تسەبۆڵەف زیاتر لە سی بەرهەمی زانستی لە بواری فۆنەتیک و مۆرفۆلۆجیای زمانە ئێرانییەکان بڵاوکردووەتەوە. نووسینە سەرەتاییەکانی لە سەر زمانی دایکی بوو، واتا زمانی ئۆسیتی و لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە زمانی کوردی. لە بەرگی دووەمی «بیبلیۆگرافیای کوردناسی» ژ. موسائیلیاندا ئاماژە بە هەموو ئەو نووسینانەی کراوە کە لە حەفتاکانەوە تا نەوەتەکانی سەدەی رابردوو نووسیبوونی و بڵاوی کردبوونەوە.

من پسپۆری زمانناسی نیم، بۆیە لە بارەی زانستی زمانەوە، فەرهەنگسازی، ڕیشەناسیی زمانی کوردییەوە ناتوانم کارەکەی ڕوسڵان تسەبۆڵەف هەڵبسەنگێنم، بۆیە تێبینی و بۆچوونەکانم لێرەدا هی خوێنەرێکی ئاسایی کارەکەیەتی. من پێش نزیکەی پەنجا ساڵ لە ئینیستیتوتی ڕوژهەڵاتناسی ڕوسڵانم ناسی و دوا جاریش شەش حەوت ساڵ بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات لە کۆنفرانسێکی زانستیدا لە هەمان ئینیستیتوت لە مۆسکۆ

چاوم پێی کەوتەوە. دوای خوێندنەوەی پێشەکی هەردوو بەرگەکە و چاوخشاندنێک بە هەندێ لە بەشەکانی فەرهەنگەکەدا، ئەم چەند خاڵەی خوارەم لە لا گەلاڵە بوون:

١. دەبێ دان بەو ڕاستییەدا بنرێ کە ڕوسلان لازەرەڤیچ تسەبۆڵەف ساڵانێکی زۆری بۆ ئامادەکردنی ئەم فەرهەنگە تەرخان کردووە و ئەرکی زۆری کێشاوە بۆ ساغکردنەوەی ڕەگ و ڕیشەی ئەو وشانەی ڕیزی کردوون. پێموایە لەم کارەیدا چاوی لە زانایەکی گەورەی تری ئۆسیتی کردووە کردووە، کە ڤاسیلی ئیڤانەڤیچ ئەبایەفە(١٩٠٠ – ٢٠٠١). ئەبایەف زانایەکی گەورە و بەناوبانگ بوو لە بواری زمانی ئۆسیتی و زمانە ئێرانییەکاندا. ئەبایەف گەورەترین فەرهەنگی مێژوویی ئێتیمۆلۆژی بۆ زمانی ئۆسیتی لە پێنج بەرگدا داناوە. فەرهەنگەکەی ئەبایەف بە گەورەترین فەرهەنگ لە بواری زمانە ئێرانییەکاندا دادەنرێ. تسەبۆڵەف لە زۆر شتدا چاوی لە ئەنایەف کردووە.

٢. بۆ ئامادەکردنی ئەم وتارە سەیری چەند فەرهەنگێکی ئێتیمۆلۆژیم بە زمانی ڕووسی کرد، جیاوازیم لە نیوان ئەوانە و فەرهەنگەکەی تسەبۆڵەفدا بینی. تەنها وەک نموونە «فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی زمانە ئێرانییەکان»ی ڤ. س. ڕەستەگویەڤا و د. ی. ئێدلمانا. کە ساڵێ پێش فەرهەنگەکەی تسەبۆڵەف، واتا لە ساڵی ٢٠٠٠ هەر لە مۆسکۆ بڵاوکراوەتەوەو لە سێ برگدایە و (١٣٢٤) لاپەڕەیە، لەم فەرهەنگەدا ئێدلمان پێشەکییەکی تێر و تەسەلی سی لاپەڕەیی نووسیوە و ئاماژەی بە کۆمەڵێ زانیاری کردووە، کە پێموایە گرنگن بۆ تێگەیەشتن لە/ و بەکارهێنانی فەرهەنگەکە وەک مێژووی کارەکە، بنەماکانی هەڵبژاردنی کەرەسە و مەتریاڵەکان، پێکهاتە و بونیادی فەرهەنگەکە، مۆدێلەکانی وشەسازی، سەرچاوەی کەرەسەکان...تاد. لەم بارەیەوە پێشەکییەکەی تسەبۆڵەف و ئەوانەشی بەرگی دووەمیان بە چاپ گەیندووە زۆر هەژار و کەم زانیارین.

٣. من ڕوسلانم دەناسی و لە ئینیستوتی ڕۆژهەڵاتناسی دەیان جارم بینوە و قسەم لە گەڵیدا کردووە، قەت نەمدی جارێک چەند وشەیەکی کوردی بڵێ، کە زۆر لەوانەی لەو پەیمانگایە کاریان دەکرد حەزیان بەوە دەکرد، ئەگەر یەک دوو وشەی یەکێ لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان بزانن خۆیانی تیدا تاقیبکەنەوە. قەت نەمدی لە گەڵ کەسی دیکەشدا بە کوردی قسە بکات، پێموایە کوردی نەدەزانی. ئەو فارسی، پوشتو و تاجیکی دەزانی و زمانی دایکیشی زمانێکی ئێرانی بوو، کە زمانی ئۆسیتی بوو. نەزانینی زمانێک کە لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەوە بکەی کارێکی ئاسان نیە. بەسێکی زۆری ئەوە گوناهی ئەوان نەبوو، کە ڕێگەیان نەدەدرا بێنە کوردستان و لە نێو هەڵگرانی زمانەکەدا لێکۆڵینەوە بکەن.

٤. پێم سەیر بوو کاتێ بینیم لە پێشەکی بەرگی یەکەمدا باسی زاراوەی کرمانجی و سۆرانی وەک دوو کۆمەڵە دیالێکت، نەک دوو دیالێکت دەکات. پیدەچی ئەمە بۆچوونی خۆی بێ چونکە ئەو کاتە هێشتا لە ژیاندا بوو، بەلام لە بەرگی دووەمدا، کە حەوت ساڵ لە دوای مردنی بڵاوکراوەتەوە، ئەو کۆمەڵە دیالێکتە لابراوە و تەنها باس لە دوو دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی کراوە.

٥. دەمزانی و گوێم لێبوو کە خوالێخۆشبووان قەناتێ کوردۆ (کوردۆیەف) و چەرکەزێ بەکۆ (باکایەف) تسەبۆڵەفیان بە کوردناس نەدەزانی و خۆشیان بەچارەیدا نەدەهات. ئەوەندەی لەوان و هەندێ زمانزانی دیکەم بیستووە، ئەم پیاوە لە ژێر کاریگەری تێزەکانی دەیڤید مەکەنزییە David Neil Mackenzie سەبارەت بە دیالێکتەکانی زمانی کوردی، کە لە تێزی دکتۆراکەی ساڵی ١٩٥٧ بە ناونیشای (Kurdish Dialect Studies) خستوونێتە ڕوو. پێموایە مەبەستی کوردۆیەف و باکایەف ئەوە بوو کە ئەم پسپۆرانە دەیانەوێ دیالێکتەکانی زمانی کوردی بە زمان دانێن نەک دیالێکت. ساڵی ١٩٩٥ لە کۆنفرانسێک لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی لە مۆسکۆ جارێکی تر گوێم لە ئەم بۆچوونەی تسەبۆڵەف بوو کاتێ باسی لە دیالێکتی زازاکی دەکرد. بەداخەوە ئەو کاتە قەناتێ کوردۆ و چەرکەزێ بەکۆ لە ژیاندا نەمابوون کە لێگەڕ دادەنران بۆ زمانی کوردی. بۆیە کەس نەبوو گفتوگۆیەکی زمانەوانی لە گەڵدا بکات. دکتۆر عیسمەت شریف وانلی لێی تورە بوو و وتی تۆ باسی چی دەکەی و منیش یەک دوو پرسیارم لێکرد.

٦. نەزانینی زمانی کوردی تسەبۆڵەفی تووشی هەڵەی زۆر کردووە و زۆر وشەی بە کوردی داناوە، کە کوردی نین و دواتر بە دوای ڕەگ و ڕیشەیاندا گەراوە و کردوویانەتی بە عەرەبی و تورکی. باسی فارسی و زمانە ئێرانییەکانی تر ناکەم، چونکە کوردی وەک زمانێک لە گروپی زمانە ئێرانییەکان ئاساییە زۆر وشەی هاوبەشی لە گەڵ ئەو زمانانەدا هەبێ. تەنها بۆ نموونە لێرەدا ئاماژە بە چەند وشەیەک لە پیتی ئە دەکەم کە لە چەند لاپەڕەی بەرگی یەکەم بەرچاوم کەوتوون: أغنام، أخذ، أهالي، أهل، أهليت، أهميت، أحسن، أحد، أحوال، أجل، أجنبي، أجر، أكابر، أكبر، أكليل، ألچاك، ألم، علاقة، أمانت، أمين، أمثال، أمتعة، أمراض، عقرب، أرقام، أرذل، أرزاق، أصحاب، أسلحة، أصناف، أسرار، الصياد، أشراف، أشياء...تاد. هەموو ئەم وشانە لە دوورە هاوار دەکەن کە وشەی عەرەبین و باوەڕ ناکەم ئەمڕۆ کەسی خوێنەوار بەکاریان بێنێ. دەڵێم خوێنەوار چونکە ئەو هەموو کەرسە و مەتریاڵەکانی لە فەرهەنگ و کتێبەوە وەرگرتووە.

٧. نەبوونی دەقی کوردی هاوچەرخ و سەرچاوەی نوێ لە بەردەست تسەبۆڵەفدا هۆکارێکی سەرەکی ئەم ناتەواوییەی ڕەنجەکەیەتی. سەرباری ئەوەی سەرچاوە

کوردییەکانی زۆر هەزارن، تەنها یەک دوانێکیان مێژووەکەیان دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ١٩٨١ – ١٩٨٢، ئەوانی تر زۆر کۆنترن. هەموو دەزانین دیالێکتی کرمانجی بە پیتی لاتینی دوای ساڵانێکی زۆر لە قەدەغەکردن، لە هەشتاکاندا هەوڵەکان دەستیان پێکردەوە بۆ زیندوو کردنەوەی. دیالێکتی سۆرانیش لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی بە گەشەکردن کردووە. تسەبۆڵەف بۆی نەکراوە سوود لە هیچ یەکێک لەم دوو دەرفەتە ببینێ. ئەو یا کەڵکی لە نووسینەکانی کوردانی یەکێتی سۆڤییەت بینیوە، یا لە ڕێی زمانی فارسییەوە هەندێ دەقی کوردی لێکداوەتەوە. ئەو کوردییەی شاعیرانی کوردی سەدەکانی رابردوو و بگرە نووسەرانی دەسپێکی سەدەی بیستەمیش پێیان دەنووسی، خوێنەری ئەمڕۆی کورد بە ئەستەم دەتوانێ بیانخوێنێتەوە. لە هەموو وڵاتێک و لە لای هەموو گەلانی دونیاش هەر وابووە، زمان لە ڕێگای خوێندن بە زمانی دایک، بەکارهێنان، نووسین، بڵاوکردنەوە، بەکارهێنانی زمان لە دەزگای کارگێڕی فەرمی دەوڵەتدا پێشدەکەوێ و گەشە دەکات.

٨. خۆزگا تسەبۆڵەف زمانی کوردی دەزانی، دەستیشی دەگەیشت بەو کتێب، گۆڤار و بڵاوکراوانەی لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لە کوردستان و لە هەشتاکانیشەوە لە ئەورووپا دەردەچوون، پێموایە ئەو کاتە کارەکەی دە ئەوەندەی تر دەوڵەمەند و دروستتر دەبوو. پسپۆرانی کورد لە بواری زمانی کوردیدا، بە تایبەتی ئەوانەی زمانی ڕووسی دەزانن، دەتوانن کار لە سەر ئەم بوارە بکەن. دەکرێ ئەم فەرهەنگە لە گەڵ هەموو ناتەواوییەکانیشیدا بکرێتە بناغەیەک بۆ دانانی فەرهەنگێکی ئێتیمۆلۆژی گشتگیری زمانی کوردی.

بۆ ئامادەکردنی ئەم وتارە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە کە هەموویان بە زمانی ڕووسین:

١. لە بارەی ژیانی ڕوسلان تسەبۆڵەفەوە بڕوانە: گوچێڤا. ڕ. ن و شێرباک. ن. ل، فەرهەنگی بیۆگرافی، بەرگی ١ – ٤.
٢. بۆ بەرهەمە زانستییەکانی تسەبۆڵەف لە بارەی زمانی کوردییەوە بڕوانە: موسائیلیان، ژ. س، بیبلیۆگرافیای کوردناسی، بەرگی ٢، مۆسکۆ ١٩٩٦، ل. ٧٢٢– ٧٣١.
٣. تسەبۆڵەف، ر. ل، فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی زمانی کوردی، بەرگی ١ و ٢، مۆسکۆ ٢٠٠١ – ٢٠١٠.
٤. ڕەستەرگویەڤا ڤ. س و ئێدلمان د. ی، فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی زمانە ئێرانییەکان، سێ بەرگ، مۆسکۆ ٢٠٠٠.

لە پێناو زماندا

ئەحمەد بەحری

زمانی نووسینی کوردی لەودیو بەرەو کوێ دەچێ؟

یەکەم بەرگی کتێبی ڕشتەی مرواریی عەلائەددین سەجادی ساڵی ١٩٥٧ بڵاو بۆوە. ئەو ئەدیبە داهێنەر و خۆشفکر و کوردیوێژ و کوردینووسە، هەر ئەو ساڵە بە تاسەوە نووسی: ناتوانی قەومێک ناو بنێی بە قەوم تا زمانی نەبێ. ... کە زمان نەبوو، قەومییەت نییە.»

سەجادی کەسایەتییەکی خاوەن هەڵوێست بوو، بە دەهەیەک تێکۆشانی ڕۆژنامەگەری (گەلاوێژ و نزار) و دوو دەهە داهێنانی چەندین کتێب لە نێوەڕاستەکانی سەدەی بیستەتدا. ڕاست ئەودەمەی تاکی خاوەن بەرە و خاوەن شعووری کورد، ئەرکی دوو ئەرک بوو بۆ هۆوییەتپارێزی و چوونە نێو ڕەوەندی ڕێبەرایەتی فیکریی بەشێک لەو دیاردە کەلتوورییەی ناوی نرابوو کوردایەتی.

بیری ئەو تاکە شوێندانەرانەی لە گوێن سەجادی هەر بە ئەودیو (باشوور) نەگیرسانەوە، تامەزرۆیانی ئەمدیوە (ڕۆژهەلات) باوەشی پڕ لە تاسەیان هەمیشە کراوە بوو. خوێندەواری وریا و زیت یەکێک لە مەرجە ڕۆشنبیرییەکەی، زاخاودرانی مێشکی بە پەخشان و شێعری کلاسیکی نووسەران و شاعیرانی ناوداری ئەودیوە بوو. سنوور نەیتوانی لەمپەری ئاودیو بوونی ئەو بەرهەمە مێژوویی و هونەری و کەلتوورییانە بێ.

زۆر گرینگە من و تۆ بزانین تاکی هونەرمەندی خاوەن بەهرەمان، لە بەشێکی دیارکراوی زەماندا، بە چییەوە خەریک بووە و لە ڕێگەی چییەوە چاکی خزمەتی بە لادا کردووە. تاکی خاوەن بەهرەی ئێمە کام بابەتی بۆ تێکۆشان هەڵبژاردووە و تەمەنی خۆی بۆ چی تەرخان کردووە.

سەجادی لە نێوەڕاستەکانی سەدەی بیست، مەیدانی خەباتی ڕۆژنامەوانی و بواری ئەدەبی و فۆلکلۆری هەڵبژارد. وێدەچێ هێندێک پێیان وا بێ بواری ئەدەبی و فۆلکلۆرییەکە لە سەردەمی زەبروزەنگی حکوومەتی ئەو سەردەمی ئێراقدا ئیمکانی بڵاو بوونەوەی ئاسانتر بووبێ؛ ئەمە دەتوانێ ڕەشبینانەترین بۆچوون لە ئاست ماندووبوونەکانی کەسانی وەک سەجادی بێ.

ئەوەی یەکی وەک من دوای شێست و چەند ساڵ لێیەوە دەڕوانێ، حەولێکی وشیارانە و ئیشێکی بنەڕەتییە بۆ مانەوە و پێناسەی نەتەوەیی لە سەردەمێکی

پڕ کارەساتدا، حەولێکی پڕ بایخ لە پێناو پاراستنی زمان و کەلتوور؛ ئەو دوو دیاردەیەی بەرچاوترین فاکتۆڕی جیاوازی گەلانن و ململانەیەکی بە درێژایی مێژووی نوێی بەرەی مرۆڤی لێکەوتووەتەوە.

هەر دوو بواری «ئەدەبی» و «ڕۆژنامەوانی» کە وەک کارنامەی خەباتی سەجادی دێنە ئەژمار. ئێستاش کە ئێستایە بەشێکی گرینگن لە ویست و داخوازییەکانی کورد. ئێستاش بەشێک لە تێکۆشانی ڕۆشنبیرانی بواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی هەر ئەو دوو دیاردەیەیە.

وە نەبێ ئەوە هەر سەجادی بێ لەو سەردەمدا گرینگی بە زمان دابێ، نووسەران و شاعیرانی ناوداری کلاسیکی ئەوان سەردەم و پێشتریش، سەرچاوەی بەڵگەیی و پێشینەی زمانیمانن. ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ زمانی شێعریمان گرینگترین سەنەدی نووسراوەیی سەدەکانی ڕابردووی زمانیمانە؛ ناشێ ئەم ڕاستییە بخرێتە پشت گوێ و پێمان وا بێ بۆ ژیانی ئەمڕۆمان کەڵکیان براوە.

لەم نێوەدا بابەتێکی گرینگی تری فەرامۆشکراو ئەوەیە کە لە ئەمدیوە، لە موکریان، زمانی شێعریی وەفایی، سەیفولقوزات، مەلا مارف و شاعیرانی ورد و درشت، پەخشانەکانیشی لەگەڵ بێ، تەواو لە جینسی زمانی نالی، مەحوی، سالم، شێخڕەزا، و...ن و جیاوازییەکی زمانیی ئەوتۆ لە هەر دوو دیو هەست پێناکرێ. بۆ وێنە شوێنی زمانی عەرەبی و فارسی بە سەر هەر دوو لادا یەک چەشنە، بەڵام سەجادی گوتەنی زمانەکە «زمانی کوردییە».

گرینگی زمانی کوردی بە لای سەجادییەوە بە ڕادەیەک بووە، ئەوی لێبڕاو کرد پێشبینی داهاتوو بکا و هاواری ئەو مەترسییە بەرز بکاتەوە کە لە ڕێگەی خوێندن بە زمانی غەیرەوە بۆسەی بۆ زمانەکەی ناوەتەوە. ئەم پێشبینییەی سەجادی ئێستا تا ڕادەیەک خەریکە وە ڕاست دەگەڕێ. خوێندەواری بە هەموو خاڵە گرینگ و بەرچاو و پۆزیتیڤیەکانییەوە، بە هۆی زکماکی نەبوون، بنجوبناوانی زمانی کوردی هەڵتەکاندووە. لە هەموو پارچەکاندا بە پێی گوشاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، گەلاڵەکراو و نەکراو، زمانی ئاخاوتنی کوردی شێواندووە و بێتوو سەجادی ئەمڕۆ زیندوو بێتەوە، سەری سووڕ دەمێنێ لەو هەموو هەڵتەکانە؛ کورد گوتەنی دەڵێ "نەمگوت!"

لە ڕووی بەرهەم و کارەکانی سەجادی من وای بۆ دەچم کە ئەو زاتە دڵی بە ئەمە خۆش بووە کە «قەڵەم»ی وشیاری کورد بە گژ ئەو مەترسییەدا دەچێتەوە و لانیکەم تا ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی و ئاڵقەمەندانەی کۆمەڵگا، پێشی زیانی پتر بۆ سەر زمانی کوردی دەگرێ. واتا سەجادی پێی وا بوو کە ڕەوتی نووسراو و مەکتووباتی کوردی وەک ئاخاوتنی ڕۆژانەی بە سەر نایە؛ چونکە لە ڕەوتی زمان دەگەیشت و دەیفامی ئەم دووە واتا نووسین و ئاخاوتن هەر کام ڕێگەی خۆیان دەپێون. پێی وا بوو قەڵەمی کورد دەروەستی زمانەکەی خۆی دەبێ، لە ڕابردووی نابڕێتەوە، ئیزنی شوێن دانانی ڕێزمانیی زمانانی دەرکی نەک شوێن دانانی وشە نادا.

سەجادی بۆ وێنە دەیزانی نووسەرانی سەدەی بیستی فارسزمان پێوەندیی زمانییان لەگەڵ شاعیرانی وەک سەعدی و حافزی سەدەی حەوت و هەشتی کۆچی مانگی نەبڕیوەتەوە؛ زمانەکەیان بە سەنگی شاعیران و نووسەرانی ئەودەم و سەدەکانی دواتر لە محەک دەدەن. تەنانەت دەیزانی باوکی شاعیرانی نوێخوازی فارس، نیما یوشیج، سەرەڕای شکاندنی قالبی شێعریی کۆن، خاوەن زمانێکی پتەو و بە چواربەندەیەکی بەتەواوی فارسانەیە. دیارە لێرەدا مەبەستم دزە کردنی وشە نییە بۆ نێو زمان؛ بەڵکە ڕێزمانی تایبەت و ڕووحییەتی تایبەت بە زمانە کە لێمان تێکچووە!! بەرتەسکیی کاتی وتار ئیزنی ئەوەم پێنادا بچمە سەر پێویست بوون یا نەبوونی هاتنی وشەی دەرەکی بۆ نێو زمانی کوردی؛ هەر ئەوەندە دەڵێم ئەو لایەنە بە مەترسییەکی ئەوتۆ نازانم.

پرسیارێک لەمێژە مێشکی کەسانی وەک منی داگیر کردووە کە: ئەرێ زمانی نالی، کوردی، سالم، حاجی قادر، مەحوی، تاهیربەگ، ئەحمەد موختار، حەمدی، ناری، زیوەر، پیرەمێرد، ... لە ئەودیو چی بە سەر هات؟ خۆ ناکرێ بڵێین ئەمانە زمانی شێعرن و ڕەوا نییە وەک پێشینەی نووسینی کوردی چاویان لێ بکرێ؛ ئەم بۆچوونە نە دروستە و نە بۆ ڕابردووی زمانی کوردی دەگونجێ. با ئاوڕێکی زۆر زۆر کورت لە چەند بەیت شێعر بدەینەوە؛ بەبێ لە بەر چاو گرتنی نێوەرۆک؛ تەنیا و تەنیا لە ڕوانگەی زمانەوە:

شەهیدی عەشقم و مەمشۆن و کفنم بۆ مەکەن یاران
گەواهی حەشرە بۆ دەعوای شەهادەت بەرگی خوێنینم کوردی ١٨٠٩-١٨٤٩

سەر بەردەبازی ڕێتە، تەن تەختەبەندی جێتە
دڵ مەیلی خاکی پێتە، ڕوح ماڵی خۆتە، بیبە ناڵی ١٧٩٨- ١٨٥٥

یەک زەڕڕە عەکسی پەرتەو دەرکەوت و تووری سووتاند
ئاوێنە سەختڕوو بوو لەو عەکسە تابی هێنا ساڵم ١٨٠٠- ١٨٦٦

هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت
بێ بەهرە لە خوێندن و کیتابەت حاجی قادر ١٨١٥- ١٨٩٢

لە پێ کەوتووم و نەفەسم بۆ هەوا دەشنێ وەکوو منداڵ
لەبەر پیری سەرم خۆی ناگرێت و تازە پێ دەگرم مەحوی ١٨٣٠- ١٩٠٤

مەڕبووتە حەیاتم بە سولەیمانی و خاکی
خۆزگەم بە سەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی شێخ ڕەزا ١٨٣٥- ١٩٠٩

عاجز بوو کە ڕووم خستە بەری پێی، وتی پێم
ئەی ئەبلەهە، کەی ماڵشی ئاوێنە بە سەنگە!؟ تاهیربەگ ١٨٧٥-١٩١٧

ئەبێ کاغەز لە بەرگی گوڵ، قەڵەم جانا لە عەنبەر بێ
کە من مەیلم هەیە ئێستا بنووسم وەسفی ڕوخسارت ئەحمەد موختار ١٨٩٧- ١٩٣٥

عاشقی ڕەنگی خەزانی تۆیە بۆیە دێ بەهار
فەسڵی هاوین گەرم و مەیلی بەفرەکەی زستانتە حەمدی ١٨٧٦ ١٩٣٦

ئەو زمانەی ئێستا لە سەرەتای سەدەی بیستویەکدا وا بە گەللایی پێی دەنووسین، ئایا تەتەوری زانستییانە و مەنتیقی زمانی مەکتووباتی سەدەکانی پێشووە؟ ئەگەر وایە، بۆ وا هێندە کەمهێز و لاوازە؟! بۆ فێعڵ کردار. ەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەم بوونەتەوە!؟ بۆچ نووسەری کورد لەگەڵ وردەواژەکان کە بەشێکن لە ڕۆحی زمان ئەوەندە نامۆیە!؟ ئەگەر ئەو تەتەورە ڕەوتێکی دروستی نەگرتووەتە بەر، زمانی نووسینی ئەمڕۆمان پشتی بە چییەوە بەستووە؟ بریا ئیمکان و دەرفەتی ئەوەی هەبووایە بەرهەمێکی دوو سەد سێ سەد لاپەڕەیی نووسەرێکی ئەمڕۆی کورد پشکێندرابا و بژاردرابا و دیاری کرابا لەو چەند سەد لاپەڕەیەدا چەند فێعلّی جیاوازی بە کار هێناوە! ئەودەم کلۆڵیی زمانی نووسینی ئەمڕۆی ئێمە دەردەکەوت! ئەودەم دیاری دەدا لەم یەک دوو دەهەیەدا ڕۆحی زمانی نووسینی کوردی و ئێمە چەندە لێکتر غەوارە کەوتووینەوە!! بێ گومان ئەو زمانە ڕەقوتەق و بێڕۆح و کەموشە و کەمفێعڵ و پڕ هەڵە و لە گرێژەنەچووە بەرهەمی تەتەور و گەشە کردن و ئەدیبانەی زمانە خۆش و شیرینەکەی نالی و مەحوی و بەرەی ئەوان سەردەم نییە!؟ لە ئەودیودا ئاڵوگۆڕەکە ئەوەندە بە خێرایی و بە باری سەڵبیدا چووە، هەر دەڵێی دوو زمانن!! ئەو هەڵبڕانە مەترسییەکی گەورەیە. دەبێ وە خۆ بێینەوە؛ ئەوە تەتەورێکی مەنتیقیی زمانی نییە، دابڕانێکی نائاساییە، زمانی نووسینمانی پووک کردووە. ئیتر لەمدیوە باوەشی پڕ تاسە و تامەزرۆیانە بۆ زمانی ئەودیوە ناکرێتەوە. تاوانی ئەم دابڕانە لە سەر شانی قەڵەمی نادەروەستی ناوەستایانەیە. ئەوانەی لە دەرەوەی ئەم کەشە تەماوییە زمانییەدا وێستاون، ئەم ئاڵۆزییە بە ڕوونی دەبینن و دەبێ بە گوێیان بکرێ.

ئێستا لەودیو لە جیاتی ئەوەی زمانی نووسراوە پشتوپەنای ساغ مانەوەی خۆی و زمانی ئاخاوتن بێ، دەستەوەستان ماوەتەوە! زمانی ئاخاوتنی ڕەمەکی کە مۆرکەی زمانانی دەوروبەر کرمێی کردووە، خەریکە بە سەر زمانی نووسیندا زاڵ دەبێ و سەیر ئەوەیە نووسەرانیش بە دوای خۆدا دەکێشێ. پێم وایە ئەمە ڕووداوێکی دەگمەنی زمانییە و کەم وا هەیە لە نێو نەتەوەکانی تردا بەو توندییە ڕووی دابێ!!

زمانی ئاخاوتنی ڕەمەکیی شەقام هەر بە ناخۆش کردنی نووسینەوە نەوێستاوە، زمانی سیاسەتیشی گرتووەتەوە، زمانی ئابووریشی گرتووەتەوە، زمانی هونەریشی گرتووەتەوە، ڕیشەی زمانی کاناڵە ئاسمانییەکانی تەنیوە!! نە کەسایەتی وشە دیارە،

نە چوارەچێوە و جەغزی مانایی ئەو! ڕێزمان داری بە سەر بەردەوە نەماوە!! خەریکە «هەڵە باوەکان» (غەڵەتە موستەلەحەکان) ڕێژەیان لە ژمار دەچنە دەر؛ ئیتر ناتوانی ناویان بنێی ئاوارتە و ئیستسنا، هەڵەباوەکان لەشکرێکن و خۆیان بوونەتە قاعیدە!! زمانی کەمهێز هونەرمەند، سیاسەتوان، بێژەر، ئەکتەر و ... کەمهێز دەکا و پەیام کەم مانا.

گومان لەوەدا نییە بەو زمانە کەمهێزەی ئەمڕۆ پێی دەنووسێن، هەر وەها بەو بێ تەفاوەتی و کەمتەرخەمییەی ئاکاری بەشێکی بەرچاوی قەڵەمی کوردی گرتووەتەوە، بە لای تاکی ئاسایی کوردەوە، زمانانی دەوروبەر شیرینتر دەمێننەوە و سەجادی گوتەنی شوێنهەوارێکی خۆش لە ماڵە کوردەکان بۆ خۆیان دروست دەکەن.

لە نێو ئەو ڕەشەبایە زمانییەدا، «قەڵەمی کورد» بە کام هێز و بە کام تێگەیشتن لە مەیدانی پاراستن و سەربەخۆیی زمانەکەیدا وێستاوە؟

فارسیی تارانی؛ کوردیی هەولێری

ڕاوێژی تارانی یەکێک لە بنزاراوە نە زۆر مەنشوور و گرینگەکانی زمانی فارسی بوو. ئێستا ئەو بنزاراوەیە باڵی بە سەر هەموو ناوچەکانی فارسیزماندا کێشاوە. لە ئێراندا مەکتووبات، قوتابیخانەکان، زانستگاکان و پێوەندیی ئیداری هەموو بەو زمانەن. ئەوەش تەنیا و تەنیا سەبارەت بە ئەوە ڕووی دا کە تاران بوو بە پایتەخت.

* لە سەردەمی سەفەوییەدا تاران گوندێکی چکۆڵە بوو. شاتەهماسبی سەفەوە کردی بە شار. نادرشای ئەفشار تارانی کرد بە پادگانێکی نیزامی. ئاغامحەممەدخانی قاجاری تورکزمان ساڵی ١٧٩٦ زایینی تارانی کرد بە پایتەخت و دەورانی گەشەی ئەو شارە دەستی پێکرد.

* جەماوەرێکی زۆر لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران بۆ کار ڕوویان لە پایتەختی تازە کرد. بەشێک لە عێلی زەند لە شیرازی ناوەندی فارسەوە کۆچ دران بۆ تاران. تەنانەت بەشێک لە کەمینەکانی مەزەبی و نەتەوەییش خۆیان لەو شارە خزاند.

* «تەفرش» و «ئاشتیان»، دوو شارۆچکەی چکۆڵەی نیزیک تاران بوون، بەشێکی زۆر لە گەورەپیاوانی لەشکری و سیاسی ئەو دوو شارە لە دەورەی قاجاراندا بە پلەوپایەی گەورە گەورەی حکوومی گەیشتن. ئەوانە شوێنێکی بەرچاویان لە

سەر زمانی «لەشکری» و «حکوومی» پایتەخت دانا و لە باڵادەست بوونی ئەو بنزاراوەیەدا دەوری بەرچاویان گێڕا.

* زمانی تارانی بوو بە زمانێکی ڕەسمی و یەکگرتووی فارسی بۆ سەرانسەری ئێران. هەر وەک باس کرا، ئێستا لەو وڵاتەدا سەرجەمی کاروباری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و هونەری بەو زارەی فارسی بەیان دەکرێ.

* خاڵی جێی سەرنج ئەوە بوو کە پێشینەی دوورودرێژ و بەرچاوی نووسین بە فارسی نەیتوانی پێشی باڵادەست بوونی فارسیی تارانی بگرێ. هەر لە نووسراوە بە جێ ماوەکانی سەرەتای هاتنی ئیسلام بۆ ئێران و فیردەوسی و شانامەکەی لە سەدەی چوار، شێعرەکانی سەعدی و حافز لە سەدەکانی حەوت و هەشت، هەتا کتێبە مێژوویی و نووسراوە بەنرخە ئەدەبییەکان؛ هەموویان بە چەشنێک کەوتنە پەراوێزەوە و ناڕاستەوخۆ هاتنە بەر ڕکێفی دەسەڵاتی ئەو زمانە فارسییەی لە تارانی پایتەخت دەسەڵات برەوی پێدا.

* وشە و ئیدیۆم و بابەتە زمانییەکانی ناوچە جیا جیاکانی فارسیزمانان ڕژانە نێو فارسیی تارانی و ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتریان کرد و پێداویستییە نوێیەکانی زمانی پایتەختیان پێ دابین کرا.

* بەرەبەرە بەشێک لەو دیاردە زمانییە ناپێویستانەی کە هەر تایبەت بەو بنزاراوەیە بوون لابران و بە تێکەڵاو بوونی هەموو چین و توێژەکان، زمانی فارسیی تارانی سوا و پوخت کرا؛ دەوڵەمەند و بەهێز بوو؛ بە چەشنێک کە توانی وەڵامدەری نیازی زمانیی دەسەڵات بێ.

ئەزموونی تاران و دیاردەی بە پایتەخت بوون، بابەتێکی ئاوارتە و ئێستنا نییە. لە لایەکەوە هەر دەسەڵات و حکوومەتێک پێویستییەکی تایبەتی بە زمان هەیە؛ زمانێکی بتوانێ بە باشترین حاڵەت پێوەندیی حکوومیی ئەو بەراوردە بکا. زمانی پایتەخت بەردەستترین و لەبارترینە لەم حاڵەتەدا. لە لایەکی دیکەوە زمانێکی دەسەڵات پێی دەدوێ و پێی دەنووسێ، بایخ پەیدا دەکا، لە نێو جەماوەردا گرینگی پێدەدرێ، هەندەران تێدەکۆشن بەو زمانە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بدوێن. خاوەن مەنسەبانێ کە لە دەرەوەی پایتەخت دێنە ئەو شارە و ئەرک وە ئەستۆ دەگرن، تێدەکۆشن بەو زمانە بدوێن. لە باری ڕۆحی و ڕەوانییەوە دوان بەم زمانە جۆرێک شانازی بە بێژەر دەدا؛ چونکە زمانی پایتەختە و ئەو پایتەختنشین. سەرجەم

چەشنێک ئۆڵگوو هەڵگرتنەوە لەو زمانە لە نێو زاراوەکانی دیکەدا ڕوو دەدا و تەنانەت ئەو زمانە شوێن دەخاتە سەر زمانانی دراوسێش.

هەڵبژاردنی «هەولێر» بۆ پایتەختیی هەرێمی کوردستان، بە دوور لە هەر چەشنە هەڵوێستی سیاسی و قازانجی ئەم و زەرەری ئەو، هەر وەها گێرە و کێشەی سەروەری و دەمارگرژیی بێژەرانی زاراوەکان و شارچێتی، هەڵبژاردنێکی یەکجار باش و دروست و بەجێ بوو کە لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە ڕووی دا. ئەم شارە جیا لە ئەم دەسەڵاتە زمانییەی «پایتەخت بوون» پێی داوە، هەم لە باری زمانی و هەم لە باری مەکانی خاوەنی هەندێ تایبەتمەندیی بەرچاو و پۆزتیڤە؛ سەرنج و ئاوڕێکی شیاو بەو تایبەتمەندییانە، یارمەتییەکی گرینگە بۆ زمانەکەمان و بە ئاکام گەیشتنی هەوڵە گشتییەکانمان؛ هەر وەها قەرەبوو کردنەوەی ئەو بێ مەیلییانەی لە باری زمانییەوە لە ڕابردوودا دەرحەق بەم ناوچەیە کراوە:

* ئەم شارە یەکێک لە گەورەترین و کۆنترین شارەکانی کوردستانە بە مێژوویەکی دووردرێژی هۆلاکۆ بەزێنیەوە. لەو شارە و دەشتە کاکی بە کاکییەکەیدا زاراوەیەکی بەهێز و توانامەند و تا ڕادەیەک پەتی، بە میراتێکی دەوڵەمەندی فۆلکلۆرییەوە، زۆر زیندووانە برەوی هەیە؛ ئەگەرچی تا ئێستا نەگونجاوە بۆ نووسین کەڵکی هەمەلایەنە و پێویستی لێ وەربگیرێ و زاری سەرەکیی نووسین لە ڕابردووی کوردستانی سەر بە ئێراقدا نەبووە.

* بنزاری هەولێری لە سنووری دوو زاری سەرەکی کوردی واتا سۆرانی و بادینیدا هەڵکەوتووە. لە ئاستی زمانی و مەکانییەوە نیزیکترین زارە بە سەرجەم زارەکانی کوردیی باکوور.

* کوردی هەولێری بەشێکە لە کوردییە جوان و پاراوەکەی موکریانی گەورە. بە لای منەوە موکریانی گەورە لە باری زمانییەوە جەمسەرێکی مەهابادە و جەمسەرەکەی تری هەولێر.

* ئێستا هەولێر ناوەندی حکوومەتە، ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان. ساڵ بە ساڵ گەورەتر دەبێتەوە، بە پێی ئامارێکی نافەرمی ساڵانە دوو سەد و پەنجا هەزار کەس بە دانیشتووانی ئەو شارەوە زیاد دەبێ.

* لە هەموو ناوچەکانی کوردستان، بە زاراوەگەلی جۆربەجۆرەوە، خەڵک ڕوو دەکەنە ئەو شارە. لە لایەک لە نێو کوردیی هەولێریدا دەتوێنەوە لە لایەکیش شوێنی

زمانی دەخەنە سەر دەوڵەمەندیی ئەو بنزاراوەیە. بێتوو لێکۆڵینەوەیەکی کورت، بەڵام زانستییانە بگونجێ، نیشانی دەدا لەو ماوە زۆر کورتەی ئەو بیست و چەند ساڵەیەدا چ گۆڕانێکی زمانی خەریکە نەختەنەختە ڕوو دەدا.

* گەورە گەورەکانی حکوومی لە پایتەخت دەژین و خۆ لەگەڵ ئەو زمانە ڕێک دەخەن و بە هەولێری سۆرانی دەدوێن و دەنووسن؛ ئیتر لە زاراوەی خۆیان کەڵک وەرناگرن.

* کوردیی هەولێری هەر لە ئێستاوە بۆتە بنەما و کاکڵی زمانی یەکگرتوو و لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا زاڵ دەبێ بە سەر هەموو زارەکانی کوردستان؛ لانیکەم بە سەر بەشە سۆرانییەکەیدا.

* کوردیی هەولێری ئەمڕۆ زمانی دەسەڵاتە. دەسەڵات بیهەوێ و نەیهەوێ تابیعی دەبێ و ناتوانێ کەڵکی لێوەرنەگرێ. دەسەڵات ناتوانێ زاراوەیەکی دیکەی کوردی بێنێتە نێو پایتەخت؛ گاڕانتیی مانەوەی هەر دەسەڵاتێک مەشرووعییەتە، زمانی هاوبەش پێوەندیی ئەم دوو لایەنە پتەوتر دەکا.

* لەو هەلومەرجەدا بێتوو گەڵاڵەیەکی توێکمە و مەنتیقی هەبێ، ئەو زاڵ بوونەی زمانی پایتەخت لە مەودایەکی کەمتردا وەدی دێ و میوەکەی زمانی یەکگرتووی کوردی دەبێ. هەر وەها قەرەبوو کردنەوەی ئەو بێمەیلییە دەبێ کە لە ڕابردوودا دەرحەق بە زمانی ئەو ناوچەیە کراوە.

* بێتوو نووسەران و بنکە فەرهەنگییەکان وشیارانە لەو بوارەدا هەنگاو هەڵێننەوە، یارمەتی دەدەن بە زمانی فەرمی؛ هەر بۆیە ئەرکێکی یەکجار گرینگیان کەوتووەتە سەر شان، کەمتەرخەمی نابێ تێدا بکرێ. ئەرکی زۆر گرینگی تری ناوەند و بنکە فەرهەنگییەکانی حکوومیی هەرێم، ئاوڕدانەوەیەکی نیازمەندانە لە کوردیی موکریانی دیوی ئێرانە و ڕێگە خۆش کردن بۆ قەڵەمە ڕەسەنەکانی ئەو ناوچەیەیە کە دەبێ بە تێبینییەکی وردەوە ئەو قەڵەمانە تەتەڵە بکرێن و لە بێژینگ بدرێن.

* نووسەرانی موکریانیش دەتوانن لەو هەلومەرجە گرینگەدا دەورێکی باشیان لە دەوڵەمەندتر کردنی کوردیی هەولێریدا هەبێ. بە هۆی زۆر لێک نیزیک بوونی زمان و کەلتووری هەر دوو دیوی سنوور و پوخت و پاراوییەکەی کوردی موکریانی هەیەتی، ئەو ئیشە دژوار نییە. هەر ئێستا بەشێک لە قەڵەمی موکریانی ڕاستەوخۆ تێکەڵاوی ئیشی فەرهەنگی، بەتایبەت نووسین لە هەولێری پایتەختن و بەشێکیش بەرهەمەکانیان

لەویٚ بڵاو دەبێتەوە و ناڕاستەوخۆ بوونەتە لایەنێکی ئەو هەوڵە. بەگشتی هەر دوو بەش دەبیٚ نوێنەرێکی بەوەج بن و لەو هەلومەرجەدا هەوڵی قەڵەمی موکریانی دەبیٚ گواستنەوەی تواناییەکانی بنزاراوەی موکریانی بۆ نێو زمانی پایتەخت بیٚ و وەک بە جیٚ گەیاندنی ئەرکێکی نەتەوایەتی بڕوانێتە ئەو هەوڵەزمانییە.

سەرنجی ئێوە بۆ هەندیٚ وردە بابەتی زمانی بە پێی ئاوڕدانەوە لە هەندیٚ دەقی بەیتەکانی موکریان ڕادەکێشم.

تەبا

بابی خەج و سیامەندی برا بوون، زیادە لە هەموو عالەمیٚ پێکەوە تەبا بوون.

فەرهەنگە کوردییەکان بە ڕیشەی وشەی «تەبا»دا نەچوونەتەوە؛ بۆ مانا لێکدانەوەشی نەیانتوانیوە لە سەر وشەیەک یان دووان ساغ ببنەوە؛ هەر بۆیە بۆ مانا کردنەوەی بەم چەشنە وشەیان ڕیز کردووە.

تەبا: ئاشت، ئارام، بێدەنگ، جووت، ڕێک، کۆک، پێکەوە، دەگەڵ، لەگەڵ، ڕە. بەتەباوە: بەهەڤرە (فەرهەنگی کوردستان).

تەبا: ئاشت، نێوانخۆش، دەگەڵ، ڕەگەڵ، پێڕا (هەنبانەبۆرینە)

وشەی «تەبا» ماکەی دوو وشەی «تەبایی» و «ناتەبایی»ە. تەرکیبی «تەباوڕەبا»ش هەر لە تەباوە هاتووە؛ وشەی «ڕەبا» سەربەخۆ لە فەرهەنگە کوردییەکاندا نەهاتووە، وێدەچیٚ «مومەل» بیٚ.

بۆ دۆزینەوەی ڕیشەی وشەی تەبا تەنیا شکم بۆ وشەی «تەباتۆڕ» دەچیٚ کە بە تۆڕی جاڵجاڵووکە دەگوتریٚ. تۆڕی جاڵجاڵووکە زۆر بە ڕێکی دەچندریٚ؛ هەر بۆیە وشەی «ڕێک» بە نیزیکترین مانای تەبا دەزانم.

دوو نموونە بۆ وشەی تەبایی و ناتەبایی لە زمانی کوردیدا:

* تەبەکی پڕ تەباییماڵە.
* لەبەر حیزە بە خۆیی و ناتەبایی
لە ژێر حیزی حیزان بووینە دۆشەگ (حاجی قادر کۆیی)

شەت / شەتەک

لە قەدی خۆی شەت دەداوە شیرێکی باڵچە زێڕ.

شەت واتا شەتەک. فەرهەنگی کوردستان بۆ مانای شەتەک وشەی «قایم»ی

هێناوەتەوە؛ شەتەکدان، قایم کردن. هەنبانەبۆرینە بۆ مانای شەتەک «بەستنی توند»ی هێناوەتەوە؛ شەتەکدان داپێچانی توند. بۆچوونی هەنبانەبۆرینە لە ڕاستی نیزیکترە. هەر دوو فەرەەنگ وشەی «شەت»یان بەو مانایە نەگرتووە.

چوو

کلک لە سەر چووان

چوو: گرێی چووکەی قامکی دەست و پێیانە، گوێزینگ، قاپ، دوو ئێسکە دەرپەڕیوەکانی ئەم لا و ئەو لای قولاپە (فەرهەنگی کوردستان).

کلک لە سەر چووان واتا کلک لە سەر گوێزینگ؛ مەبەست درێژی کلکە، ئەسپی کلکدرێژ. ئەسپی قالڕەش واتا ئەسپێک کە چووەکانی ڕەشن. لە هەندێ جێدا دەگوترێ چیتوو لە سەر چووان؛ وێدەچێ مەبەست لە چیتوو کلک بێ.

پووش

ئامۆزا لە وێ دەستێنمەوە خەرجی شەک و زەکاتانەی پووشانەی دە شاخانە.

پووش: گیای وشک. پووشانە: پارەیێکە ئاغا لە خاوەن ئاژەڵێکی دەستێنێ لە ساڵێدا بەرانبەر بەو پووشەی کە ئاژەڵەکانی خواردوویانە. (فەرهەنگی کوردستان)

پووشانە: بریتی بووە لەو میزان پارەیە کە مەڕدار دەیدا بە خاوەن مەزرا و مووچە بۆ ئەوەی ئەو زەویوزارە لە ماوەیەکی دیارکراودا بلەوەڕێنێ. هەندێک جار لە باتی پارە مەڕ دەدرا. لە دێهات زۆر جار ئەوە ئاغا بوو کە پووشانەی وەردەگرت، چونکە بەیار و زەوییە نەکێڵدراوەکان ملکی ئاغا بوون.

گامێش بەکەڵ

دەهات گامێش بەکەڵێکی دە کەڵەکێویانە.

گامێش بەکەڵ: بە حاڵەتی گامێش و مانگا هڵێن ئەودەمەی ئامادەی جووت بوون دەبن. وە کەڵ هاتن. لەو حاڵەتەدا کەڵ و گا دوای گامێش و مانگای وە کەڵهاتوو دەکەون و گامێش بەکەڵ و مانگا بەکەڵ ساز دەبێ. بەهێزترین کەڵ یا گا ئەوانی دیکە دوور دەخاتەوە هەتا مێیە داگیر بکا و لەگەڵی جووت بێ.

وە تەگە هاتن بۆ بزن، مەڕ، ئاسک، ... ؛

وە با هاتن بۆ سەگ، ڕێوی، گورگ، پشیلە، ... ؛
وە فالّ هاتن بۆ ماین، ماکەر، ... ؛
وە هێلکە هاتن بۆ باڵندە.

ئەگەر لە پەشیمانێی

ئەگەر لە پەشیمانێی: ...

ئەم ڕستە ناتەواوەم لەبەر چۆنیەتی داڕشتی زمانییەوە هێناوەتەوە.
جیاوازیی ئەم دوو ڕستەیە لە چیدایە؟

- **ئەگەر پەشیمانی ...**
- **ئەگەر لە پەشیمانێی ...**

بە بڕوای من ڕستەی دووەم کوردانەترە؛ ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر نەقش و دەوری وردەواژەی «لە» کە بە شێوەی جۆربەجۆر دێتە سەر هێڵی ڕستە و یارمەتی دەدا بە بەرفراوانیی مانایی

پیرە

لە وڵاتەکەی دە پیرەژەنگاریێ

«پیرە» هەندێک جار بە هەندێک وشەوە دەنووسێ؛ وەک پیرەهەولێر، پیرەمووسڵ، پیرەحەیران، پیرەپاییز، پیرەتەڕلان، پیرەبەراز، ....، وشەی پیرە لەم جۆرە نموونانەدا مانای جۆرێک مەشەوور بوون و ناسیاوی دەدا بەو وشانەی پێیانەوە دەلکێ.

زووخاو

مەگە ئەتۆ لە جیاتی ئاوێ، بخۆیەوە خوێنێ دەگەڵ زووخاوێ.

زووخاو: کێم و خوێنی تێکەڵاو (هەنبانەبۆرینە). فەرهەنگی مەردووخ «زەرداو»ی بۆ مانای زووخاو هێناوەتەوە. بۆ مانا فارسییەکەی «هو» و «نلچ» و بۆ مانا عەرەبییەکەی «مەل»، «یبائە»، «قژی» هێناوەتەوە. تێکەڵاوی خوێن و ئەسیدی گەدە کاتی ڕشانەوە ڕەنگی زۆر ڕەشە؛ وەک زووخاڵ دەچێ. وێدەچێ ڕیشەی ئەم وشەیە بەم جۆرە بێ: وشەی زووخاڵ + ئاو = زووخاڵئاو، زووخاو.

بەهاربەند

سیامەند ڕوو دەکاتەوە تەویلە و بەهاربەند و یەختەرخانە

بەهاربەند: بەهاربەن، تارمەی پێش پەنجەران، سەرگیر، حەوشێکە ئاخوڕی تێدا هەڵبەسترابێ و وڵاخی تێدا ببەسترێتەوە لە هاویندا (فەرهەنگی کوردستان).

تەویلەی سەر دانەپۆشراو کە پاش زستان یەکسمی تێدەکەن (هەنبانەبۆرینە)

بەهاربەند هەر تایبەت بە یەکسم نییە، کەڵ و گامێش و گا و مانگاشی تێدا دەبەستنەوە. بەهاربەند حەوشەیەکە بە دیوارێکی کورت. سینگی تێدا دادەکوتن بۆ بەستنەوە و نیگاداشتی ئاژەڵان؛ بەتایبەت لە شەوانی هاویندا.

شۆرەت

قسە لە مابەینی من و تۆ ببێتەوە بە شۆرەت و بڵاوە

شۆرەت بڵاو بوونەوە: شۆرەت دەرکردن.

فەرهەنگی موعینی فارسی لە بەرانبەر وشەی «شەرت»دا نووسیویە: «وشەیەکی عەرەبییە و چاوگی تێنەپەڕە بە مانای ئاشکرا بوون، مەشەور بوون.»

لە کوردیدا وشەی شۆرەت مانایەکی بەربڵاوتری هەیە. جیا لەوەی وەک نازناو بە دوای ناودا دێتە سەر بەرگی شوناسنامە، بە مەجاز هەم بە هەر دوو شێوەی ئەرێنی و نەرێنی بە کار دێ. «قسە بوون بە شۆرەت» واتا ڕاز و نهێنی ئاشکرا بوون. «شۆرەت دەرکردن» واتا مەشوور بوون. «لە شۆرەت بردنە دەر» واتا لە کردەیەکدا زێدەڕۆیی کردن. «شۆرەت ڕۆیشتن» واتا ناو دەرکردن،

تای کەلامولڵایە

لێیاندەدا تای کەلامولڵایە و سووڕەتی دە قوڕعانە

تای کەلامولڵا: «تا» بە گەلێ مانا لە زمانی کوردیدا هاتووە. بە تای کراس لە ماڵ هاتە دەر. وەک تای تەورداس ئامادەیە. بە تای زولفان باوەشێنم کە. تای تەرازووی سەروخواری هەیە. لێی دامە تای قوڕئانی و نەهات. لەم نموونانەدا «تا» هەر جارە بە مانایەک هاتووە، بەڵام هەموو ماناکان لێک نیزیکن. لە تای کراسدا مەبەست تەنیا یەک کراسە لە بەردا و هیچی تر. لە تای تەورداسدا پانی و تیژی تەورداسەکە مەبەستە، لە تای زولفدا تاقە داوێک، لە تای تەرازوودا لینگەیەک.

پێڕۆکە

پێڕۆکە بوون

فەرهەنگی کوردستان پێڕۆکەی نەگرتووە، بەڵام پێڕۆکەڵەی هێناوەتەوە بە مانای منداڵێک کە تازە پێی هەڵگرتبێ. فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە نەیگرتووە. فەرهەنگی «گوڵچینەوە» بە مانای منداڵی تازە پێگرتووی هێناوەتەوە.

وای بۆ دەچم کە وشەی پێڕۆکە لە پێ (پا)، ڕۆ (ڕەگی موزارعی ڕۆیشتن) و کە (نیشانەی بچووکی تێغیر) ساز بووە. پێڕۆکە زەمانی دوای دارەدارە کردنی منداڵە کە دەتوانێ بە ئاسانی بێ و بچێ.

بەرکەسەر

ڕەبی بەرکەت لە عەمری نەبێ، یارەبی بەرکەسەر نەبی

بەرکەسەر: بەرکە. لە بەرەکەتی ئارەوی وەرگیراوە لە کاتی نزادا دەڵێن، مانگاکەت بەرکەی کا؛ واتا شیری زۆر بێ (فەرهەنگی کوردستان).

بەرکە: خێر و بەرەکەت، پیت: مەڕەسوور بەرکە دا دوو بەرخەمێ زاوە، هەی بەرکە کەی (هەنبانەبۆرینە).

بەرکە سەر نەبی واتا بمری و زاوزێ نەکەی. بەرکە بە چەند شێوە دێتە نێو ڕستەوە:

* بەرکەت لێ بێ / لێ نەبێ.
* بەرکەت لە عەمری بێ / نەبێ.

مکووڕ

ئەگەر ئەو خەبەرەیان زانی، مکووڕ بوون؛ بە خەجیان کوت قسەت دەگەڵ سیامەند بێ چاوت دەکۆڵێن.

هەنبانەبۆرینە وشەی «مکووڕ»ی بە مانای نەترس و ئازا هێناوەتەوە. ئەم مانایە لەگەڵ شێوەی بە کارهێنانی مکووڕ لەم نموونەیەدا یەک ناگرنەوە. مکووڕ پڕ بە پێستی وشەی «مێمم»ە لە فارسیدا و لەگەڵ مانای ئەم نموونەی سەرووش دێتەوە.

بەرەمۆ

ئەوە بۆ شامێو دەکوژنەوە بەرخۆڵەی دە بەرەمۆ

بەرەمۆ: بێچووی ئاژەڵ کە دەم لە گوان ناکاتەوە و بە زۆر دووری دەخەنەوە. (هەنبانەبۆرینە)

بەرخی بەرەمۆ لە چاو بەرخی دیکە هەم قەڵەوتر دەبێ و هەمیش خۆشەویستی شوان یا خاوەن مەڕە. لە وشەگەلێ وەک «بەرەمۆ»، «دەستەمۆ»، «ملۆمۆ» و «نامۆ»دا کەرتی دووەم واتا «مۆ» جێی سەرنج و لێوردبوونەوەیە.

لێم ڕوون نییە ئەم «مۆ»یە ئایا وشەیەکی سەربەخۆیە یان کورتکراوەی وشەیەکی نەناسراوە. ئەوەندەی بۆی دەچم لە بەرەمۆ و دەستەمۆ و ملۆمۆدا جۆرێک بۆن کردن و لووت بۆ شتێک بردن لە ئارادایە و مانای وشەکە بۆ ئەم ئاقارە دەچێ.

مەیتەر

مەیتەریان بۆ وەڵاغی خۆیان قەت نەدەگرت.

مەیتەر: ئەم وشەیە لە فارسیدا بە «مەتر» (مێهتەر) هاتووە و سیفەتی تەفزیلییە. «مەتر» لە فارسی‌دا چەند مانای هەیە و یەکێک لە ماناکانی ئەو کەسەیە کە ئاگاداری لە ئەسپ دەکا. ڕاست ئەو مانایەشی لە کوردی هەر ماوە و مەیتەر واتا ئەو نۆکەرەی ئەسپ بەخێو دەکا.

مەیتەر: خزمەتکاری چارەوێ ئەسپ و مایین و ئێستر. (فەرهەنگی کوردستان).

مەیتەر: مەهتەر، خزمەتکاری ئەسپ (هەنبانەبۆرینە).

ئەوەی پێویستە لە سەر ئەم وشەیە بگوترێ ئەوەیە کە مەهتەر یا مەیتەر مانای بەربڵاوی هەیە و سەرجەم لە جەغزی گەورەیی و سەرۆکایەتیدا خول دەخوا. گرینگیی ئەسپ لە ژیانی ڕابردوواندا وای کردووە کە ئینسانی گەورە و خاوەن پلەوپایە بکەنە بەرپرسی خزمەت و نیگاداشتی ئەو زیندەوەرە. هەر بۆیە پیشەی مەیتەر پیشەیەکی گەورە بووە. دوایە وردەوردە جێی خۆی داوە بە پیشەی نۆکەرایەتی و بەخێو کردن.

بۆر و بدەو

دە بەر بۆر و بدەوانم کەوتووە جل و هەوسار و توورە!

بۆر و بدەو: یەکەمیان ڕەنگە بۆ ئەسپ و دووەمیان سیفەتە هەر بۆ ئەو ئاژەڵە

هەواڵنامەی کتێب

نەجیبە. ئەسپ بە هۆی بار کردن و سوار بوون و شەڕ پێکردن، دەورێکی بەرچاوی لە کەلتووری کوردیدا گێڕاوە. ئەسپی چاک فەخر و شانازی دەدا بە پلەوپایەی خاوەنەکەی. لە کەلتووری عەشیرەتی کوردەواری‌دا ئەسپ و تفەنگ نیشانەی جوامێری و ئازایەتی خاوەنەکەی بوون.

وشەی بدەو جێی سەرنج و کەلک لێوەرگرتنە. بدەو سیفەتی فاعیلییە بۆ ئەسپێک کە چاک هەڵدێ. لە فارسیدا وشەی «دونده» (دەوەندە) هەر بەو مانایەیە. ئێمە وشەی بدەومان لە دەرەوەی هەڵاتنی تۆرەمەی ئەسپ بە کار نەهێناوە. دەبێ لە وەرزشدا بەتایبەت لە شێوەی هەڵاتن وشەی بدەو بێنینەوە نێو زمانەکەمان. ئەگەر بمانەوێ بۆ وێنە یاریزانێکی فووتباڵ، سیفەتی باش هەڵاتنی پێ بدەین، چیمان هەیە بۆ گوتن. با نەهێڵین وشەی «بدەو» لە زمانەکەماندا بسڕێتەوە.

پاک

خەڵقی دێیەکەی پاکی وە خڕ کردەوە، پاکی قوڕعانی خوارد.

پاک: پاک یەکێک لەم وشانەیە لە بەیتەکاندا بە لێشاو کەلکی لێوەردەگیرێ. پاک بە مانای گشت و هەموو هاتووە. ئەمڕۆ کەمتر بەم مانایە کەلکی لێوەردەگیرێ. جاری وایە بۆ تەئکیدی زیاتر وشەی تێکەڵاوی «سەرپاک» لە جیاتی «پاک» دە کار دەکرێ: سەرپاکی ئەم دەشتە باغ و باغاتە.

پارچەم

ئەمن شین دەکەم وردەپارچەمان، ئەتۆ شین کەوە کەزیەی دە ناو ملانێ

پارچەم: پەرچەم

پەرچەم: پێچووکە، تووکی کورتکراوەی سەر ڕوو کە بە قەف ڕادەوەستێ، بەرچاوکە، مووی ناوچاوان کە بە مقەست خشت کرابێ بۆ جوانی (فەرهەنگی کوردستان).

پەرچەم: مووی سەر هەنیە، پەرچووکە (هەنبانەبۆرینە)

کەزی: پرچ، گیس، پەلکە، پرچێکە لە پشتەوە هۆنرابێتەوە (فەرهەنگی کوردستان)

کەزی: پرچ، زولف (هەنبانەبۆرینە).

کەزی ناو ملان درێژترین کەزی هۆنراوەیە کە بە نێوان دوو شاندا بە سەر مۆرەی پشتدا شۆڕ بووبێتەوە.

فەسڵ

سبحەینێ دەبێ بانگێشتنیان بکەین؛ فەسڵی نەهارێ

فەسڵ: کات، وەخت. ئەوەی لە سەر وشەی «فەسڵ» دەبێ سەرنجی پێبدرێ ئەوەیە کە فەسڵ کەمێک دەقیقتر و وردتر لە کات و وەختە. فەسڵی نەهار یانی ڕاست کاتی نەهار؛ بێ ئەملا و ئەولا. لە فارسیدا بۆ ئەم مانایە «سروقت، هماندم»یان داناوە.

یای

یای ئەستی دەڵێ بە یای بەغدانێ

یای: فەرهەنگی مەردووخ لە ژێر وشەی یایدا نووسیویە یایە، خانم. هەنبانەبۆرینە نووسیویەتی: وشەی ڕێز گرتن بۆ ژنی بەڕێز. فەرهەنگەکانی دیکەی کوردی کە لە بەر دەستم دان ئەم وشەیەیان نەگرتووە. فەرهەنگی مەردووخ و هەنبانەبۆرینەش نەچوونەتە سەر باسی ڕیشەی ئەم وشەیە کە لە چییەوە هاتووە. ئەوەندەی دەزانم کە بۆ ژنێکی کەیخودای سەرسپی بە کار هاتووە کە مێردەکەی سەرۆکعەشیرە بێ یان جێگە و پێگەیەکی بەرچاوی لە سازمانی عەشیرەتی و تایفەی خۆیدا هەبووبێ، بە مانایەکی تر بەشێک لەو ئیحترامەی بە گوتنی یای لە ژنێکی دەنێن هی شووەکەیەتی.

برنجاڕ

ئەو جێی کاکەمیر و کاکەشیخ لێیاندەکرد شەقین و شەڕەگۆ، ئێستا مەرگەیی دەیکەنە برنجاڕ و پەمۆ

برنجاڕ: برنججاڕ، جاڕەبرینج

جاڕ: وشەیەکە کە بکرێتە پاشبەندی ناوان دەیکاتە ناوی شوێن، نێرگزجاڕ (فەرهەنگی کوردستان).

جاڕ: پەرێز، جێگەی دەخڵی درووێنەکراو، شوێنی گیایەکی تایبەت، نەرگزجاڕ، کەماجاڕ (هەنبانەبۆرینە)

ئەوەی دەکرێ لەو تاریفانەی زیاد بکەم ئەوەیە کە جاری وایە وشەی جاڕ دێتە سەرەتا وەک جاڕەگەنم، جاڕەنۆک.

فەرهەنگی فارسیی موعین وشەی «جاڕ»ی وەک پاشگر بە مانای «زار» هێناوەتەوە، زاریش پاشگرە بۆ زۆر بوونی شتێک لە شوێنێک، لالەزار، گوڵزار.

بەم پێیە «جاڕ» و «زار» دەبێ هاومانا بن.

دەرفەت لێ نەدیتن

بە هیچ شتێکیان دەرفەت لێ نابینن.

ئەوەی لەم ڕەستەیەدا جێی سەرنجە فێعلەکەیەتی. دەرفەت بە شێوەی ئاسایی لەگەڵ چاوگی «پێبردن» دێ: دەرفەتی پێبرد/ نەبرد دەرفەتی پێهێنا / نەهێنا؛ لە زمانی ئاساییدا «دەرفەت لێ نەدیتن»م نەبیستووە. هێنانەوە ئارای ئەم شێوەیەش یارمەتی دەدا بە دەوڵەمەندەیی زمانەکەمان.

ڕێسمە

دەست دەداتە خەنجەرێ و خۆ دەداتە پاڵ ڕێسمەی پاش دەرکێ

ڕێسمە: گرێژەنە، گێجەنە، زیلان، ساری، جێگایەکی قووڵە ڕێسمەی دەرگای لە سەر دادەنرێ و دەرگای لە سەر ڕادەوەستێ (فەرهەنگی کوردستان).

دەرگای قەدیم کە چوارچێوەیان دار بوو، دەرگا بە چوارچێوە لە سەر ڕێسمە دەکراوە و پێوە دەدرا. وەک ئێستا بە لاولاوە لە چوارچێوەی قایم نەدەکرا. چێوەی سەر و خوار قووڵ دەکرا دەرگایان لە ئاست ئەو دوو قووڵاییيە زۆڵ دەکرا؛ ئەو بەشە زۆڵاییيە دەخرایە قووڵایی سەر و خوار و بەم شێوەیە دەرگا بە چوارچێوەیە دەلکا و ئیمکانی کرانەوە و بەستنیشی دەبوو. بەم بەشە قووڵاییيە کە زۆڵایی دەرگا وەک نێر و مێ دەچووە دە باڵییە دەکوترا ڕێسمە. ئەگەر ئەم دووە لێک ترازابان دەیانگوت دەرگا لە ڕێسمە چووە.

چارۆکە و کۆڵوانە

ئەمن لێدەدەم لکی دە چارۆکێ، ئەتو لێدەوە لکی کۆڵوانێ

کۆڵوانە: چارەکە، چارۆکە، چارۆک (هەنبانەبۆرینە)

چارۆکە و کۆڵوانە هەر یەکن. لە گۆرانی فۆلکلۆریدا بە یەک مانا دە کار دەکرێن.
چارۆکە هەولێرییە/ کۆڵوانە هەولێرییە / یارم دەڕوا بۆ ڕێی مەڕی / ئەوڕۆ نۆبە خێرییە (گۆرانی)
چارۆکە و کۆڵوانە هەر دوو بە شانی ژنان دادەدرێن. لە هەندێ شوێنی موکریان بەو چارۆکەیە دەڵێن چارۆکەشان. جاری وایە هەر ئەو چارۆکەشانە لە پشتێند بەرەو خوار وەک بەرهەڵبێنە ژنان لە پێش خۆیانی دەبەستن؛ لەو حاڵەتە پێی دەڵێن چارۆکە.
بەرهەڵبێنە و بەرهەڵبێنە / بەرهەڵبێنەی خام عەولاوە / هەر دەڕۆیی و دەکراوە / گەلێکیش مەمنوونم بوو / بە دوو ماچ بۆم گرێ داوە (گۆرانی)

قەرەپۆش

سواری جوانوولەیان دەکردن بە قەرەپۆشی دە شینە

قەرەپۆش، قەرەپۆشین: دەبێ جۆرێ پۆشتەمەنی بێ و ژنان وەک دەسماڵ لە سەریان نابێ. دیارە ڕەش بووە و ڕیشووی هەبووە. لە نێو ژنانی ناوچەی کرماشان جۆرە سەرپۆشێک هەیە ناوی «مشکی»یە، وێدەچێ قەرەپۆشین شێوەیەک لەو مشکییە بێ.

پیاوی یەکیەک

لە مەرگەیان سیوسێ کەسیان کوشتن، هەموو پیاوی یەکیەک

ژمارەی یەک بۆ هەڵبژاردن و لێک جیا کردنەوەی شازەکان بە کار دێ. پیاوی یەکیەک یان پیاوی یەکەیەکە یانی چەند پیاوی شاز و هەڵکەوتوو و ماقووڵ. یەکیەک ئاماژەیە بە هەڵبژاردن و دەرکێشانی چەند لە نێو زۆراندا.

قەلاش

کاکەمیر چەند سوارێکی مەرد و ڕەند و قەلاشی

قەلاش: ڕووت، نابووت، بێپارە و پووڵ، بداخوازا گەڕناس و لاش چرین هاتیە (فەرهەنگی کوردستان).
قەلاش: مرۆی سووک و بێکارە (هەنبانەبۆرینە)

هەولێنامەی کتێب

قەلاش لە نموونەی سەرووودا لەگەڵ دوو سیفەتی «مەرد» و «ڕەند» هاتووە کە هەر دوو سیفەتی پۆزیتون؛ کە وایە دەبێ قەلاشیش لە باری ماناییەوە لە ڕیزی ئەم دووە بێ. ئەمە بەپێچەوانەی مانای هەر دوو فەرهەنگی کوردستان و هەنبانەبۆرینەیە.

قەلاش بە پێی ئەم دەقە دەبێ بە مانای دەستڕۆیشتوو و دڵگەورە و تەنانەت ئەبلەخەرج بێ؛ چونکە بەغدان دوایە دەڵێ ئێمەت دەبردە سەر دوکانی بەزازان، بەڵام ئێمە تەنانەت بە ئەتڵەسیش ڕازی نەدەبووین کە بۆمان بکڕی.

قایمە و گەرمەلان

کەروێشکێ لە منی دەگوت بە کەوێ: دە بڵا ئەمە قایمە و گەرمەلانێ باوێینەوە دامێنی دە کوێستانان

قایمە و گەرمەلان: لان، لانە، هێلانە. لان یان لانەی کەروێشک بریتییە لەو شوێنە کە کەروێشک لە بن کەرسەک یا پەنا پنچکێک عەرز هەڵدەکۆڵێ و خۆی تێدا مات دەکا؛ زۆربە ئەو کەرسەک یا پنچکانە لە ڕەنگی لەشی خۆی هەڵدەبژێرێ هەتا بە چاو نەبیندرێ. بە لانی تازە دەڵێن گەرمەلان. لە هەڵبژاردنی شوێنی لاندا کەروێشک قایمە ڕەچاو دەکا. قایمە بریتییە لە شوێنی سەخت و عاسێ تەنانەت ئەگەر شوێنی لانەکەش ئەو حاڵەتەی نەبێ، دەبێ لە شوێنی سەخت و پڕ گیا و گۆڵ و بەردەڵان نیزیک بێ هەتا ئەگەر ڕاوچییان دۆزییانەوە، بە ڕاکردن خۆ بگەیەنێتە ئەو شوێنە سەختە؛ لە وێدا نە تانجی دەردەچێ و نە تفەنگ کاریگەر دەبێ. بۆ وشەی تێکەڵاوی قایمەلانیش هەر دەبێ لەو ڕوانگەیەوە بۆی بچین. کەروێشک لە جێی ڕووتەن لان ساز دەکا و ئەودەمەی دەکەوێتە مەترسییەوە بەرەو شوێنی قایم و سەخت ڕادەکا.

شەکبەران

قاوڵتوونێ لە بۆت دەگوژنەوە شەکبەرانی.

شەک: بەرخی یەکساڵەی نێر یا مێ، کاوڕی دوو ساڵەی نێر یا مێ. کاوڕ کە گەیشتە یەکساڵێ تا دوو ساڵان شەکی پێدەڵێن (فەرهەنگی کوردستان)

شەک: بەرخی دوو بەهار دیتوو.

لە دابەش کردنی تۆرەمەی مەڕ (پەز) بە پێی تەمەن شەک دەکەوێتە دەورەی سێیەم. بەرخ، کاوڕەمێ، شەکەمێ، مەڕ. بەرخ، کاوڕەنێر، شەکەنێر، بەران.

بە جێ هێشتن

ئەورۆکە حەوت ڕۆژە مەرگە و پژدەری ڕەنگینیان پێ بە جێ دەهێشتە

واتا حەوت ڕۆژە کاکەمیر و کاکەشێخ کوژراون.

بۆ مردن وشە و ئیدیۆمی زۆر لە زمانی کوردیدا ساز کراون و هەر کام بە پێی هەلومەرجی خۆی بە کار دێ؛ بۆ نموونە مردن، کۆچ کردن، کۆچی دوایی کردن، دەست لە دنیا بەردان، ڕۆیشتن، ئاوا بوون، لینگ جووت کردن، تێداچوون، ... بە جێ هێشتنیش لەم نموونانەیە.

قوونەباسک

ئەوە تاجی و تولەی کاکەمیر و کاکەشێخانن، لە قوونەباسکی دە مەرگەیان، دەستیان دەکردەوە بە قوڕسکەقوڕسکێ

قوونەباسک: باسک، ملەی کێو، بستوو (هەنبانەبۆرینە) فەرهەنگە کوردییەکانی بەر دەستم قوونەباسکیان نەگرتووە. باسک بەو بەشە لە داوێنی کێو دەگوترێ کە وەک شووخاڵێک وردەوردە لە کێو دوور دەکەوێتەوە و بەرەو نزمایش دەڕوا هەتا دێتە ڕێکی تەختانی. زۆربەی ڕێگاکانی نێوان ئەو بەرەوبەری کێو دەکەوێتە کۆتایی باسک و سەرەتای تەختانی؛ بەو شوێنە دەڵێن قوونەباسک.

لێرەدا بەیتبێژ تەنانەت قوڕسکەقوڕسکی تاجی و تولانیشی هێناوەتە خزمەت گەیاندنی پەیامی خۆی و جۆرێک بێسێحەبی و ماڵوێرانی کوژراوان نیشان دەدا.

سمێڵی نیوەرۆ

ئەورۆ دوو ڕۆژە ڕانی ڕکیفێ و سمێڵی دە نیوەرۆیان وە بن باڕستی دە گڵی دەکەوێ!

ئەوەی لەم نموونەیەدا جێی سەرنجە وشەی «نیوەرۆ» و کردارەکەیەتی. نیوەرۆ واتا نیوەڕواو؛ سمێڵی نیوەرۆ سمێڵێکی کە تازە ڕواوە؛ واتا سمێڵی لاوێکی تازە مووی لێهاتووە و خەتی سمێڵی داوە. ئەم دوو ڕستەیە نموونەیەکی جوانن لە داڕشتنی زمانی کوردانە. لە جیناسی «جوز بە کول» کەلک وەرگیراوە. لە جیاتی ئەوەی بڵێ دوو سوارچاک ناشتراون، تەنیا باسی ئەوە دەکەن کە ڕان و سمێڵیان وە بن گڵی کەوتووە. شێوەی کۆکردنەوەشی جێی سەرنجە، نیشانی کۆ واتا «ان» لە جیات ئەوەی بە فێعلەوە بنووسێ بە سیفەتی نیوەرۆوە لکاوە. «ان» بە ڕواڵەت نیشانەی کۆیە بۆ ڕان و سمێڵ، واز لە کۆ کردنەوەی هەر دوو کوژراو هاتووە؛ دەکرێ وای

دانیین دووەمیان بە قەرینە لابردووە. فێعلی «دەکەوێ» ڕابردووی نەقلییە و لە جیاتی «کەوتووە» هاتووە؛ ئەوەش شکل و بیچمی ئاسایی ڕەستەکەی گۆڕیوە.

لادان

قەت لامەدەنە ماڵە ئاودەل گۆرانی.

«لادان» لەو چاوگانەیە دەکرێ لە زمانی کوردیدا کاراتر بکرێ و بەشێک لە پێداویستییەکانی ئەمڕۆی پێ دابین بکرێ. لادان لە ئەسڵدا واتا لە ڕێگا کل بوون و تلا بوون، لە سەر هێڵ بۆ ڕاست یان چەپ چوونە دەر. ئەو بابەتە ەەم بۆ باری موسبەت هەم بۆ باری مەنفی دەتوانێ کەلکی لێوەربگیرێ. پڕ بە پێستی «منحرف شدن»ی فارسییە.

- ماشێنەکە لە ڕێ لای دا.
- ماوەیەکە لە دین لای داوە.

وشەی «لادەر» لە ئەوەوە ساز بووە. لادان بۆ دەعوەت و تەنانەت «تەعاروف»یش بە کار دێ.

- فەرموو لادە بۆ ماڵی ئێمە.

دەمانچەی هەیبەک

بەڕێز عەبدولڕەقیب یۆسف یەکێک لە ئاسارە باشەکانی، کتێبچەیەکی بچووکە بە ناوی «پەیدا بوون و دروست کردنی چەکی ئاگردار لە کوردستان». هەندێ زانیاری باشی لە سەر هاتنی تفەنگ و دەمانچە بۆ کوردستان تێدایە. بە پێی زانیارییەکانی ئەو کتێبە تفەنگ بە گشتی ساڵی ١٤٦٦ی زایینی هاتووەتە کوردستان. یەکەم شەڕ کە لە کوردستاندا تفەنگی تێدا بە کار هاتووە ساڵی ١٤٧٣ بووە. «شینکە» کۆنترین تفەنگە لە ناوچەی سلێمانی ساز کراوە، چەخماخدار بووە. «حسکە» دووەمین جۆری تفەنگی فیشەکدار بووە کە ساز کراوە. تفەنگی «کارخانە» دەسکردی کوردستان نەبووە. «کرماشانی» جۆرە تفەنگێکی شینکە بووە لەو شارە ساز کراوە. لە ناوچەی ڕەواندز بە تفەنگی شینکە دەڵێن «ڕەشۆکە» و لە کرمانجی ژووروودا بە «تفەنگی کرمانجی» یان «دانستان» دەناسرێ. دەمانچە یەکلوول و دوولوولی هەبووە. لە سەدەی هەڤدەوە لە دیاربەکر هەبووە. سەدەی نۆزدە لە سلێمانی دەمانچە ساز کراوە. قەرەبینە/ قەرەبینا جۆرە دەمانچەیەک بووە و لە سەرڕا گوللەی خواردووە. کرماشان ناوەندێکی بەهێزی ساز کردنی دەمانچە لە کوردستان بووە. لە بانە بە

دەمانچەی دوولوولیان کوتووە «دەمانچەی ڕەشۆکی». لە سابڵاغیش دەمانچەی دوولوول و تفەنگی شینکە ساز کراوە.

لە بارەی دەمانچەی هەیبەک دەبێ بڵێم زۆرتر وا باو بووە وەستاکاران ناوی خۆیان لە سەر ئەو چەکانە دادەنا کە سازیان دەکرد. بۆ وێنە تۆپی وەستا ڕەجەب، تفەنگی خانگێلدی. ویدەچێ ناوی هەیبەک بۆ ئەو دەمانچەیە لە ئەوەوە هاتبێ.

لە سەرەتای سەدەی بیست دەمانچەی جۆربەجۆر هاتە موکریان و هەندێکیان ناوی خۆجێییان لە سەر داندرا: خەفیف، شاگۆژ، چاردەخۆر، لامە، شارەبانی، نێرگان، کۆڵت.

گمگمە

دەستی دەداوە ئافتاوە و گمگمی حەیدەربەگی

گمگمۆک: تونگە، دەفری ئەستۆ زراو بۆ تراو. گمگمە: گمگمۆک، مەتارەی سەفەر بۆ ئاو، فینجانی قاوە خواردنەوە (هەنبانەبۆرینە).

بەو پێیە دەبێ گمگم یا گمگمە دەفری مل باریک بێ. گمگمی گەورە بۆ بابەتی وەک ئافتاوە و گمگمی چکۆلە بۆ خواردنەوەی ئاوەکی وەک قاوە.

قوربانت بم ئەی فاتمە / مەمکت فینجانەی گمگمە / من قاوەچیم پێم لازمە «گۆرانی»

مەمکی ژنان جیا لە گەورەیی و بچووکی، سەرجەم بە دوو جۆری قیت و شۆڕ دابەش دەکرێن. ژنانی کوردی موکری بە مەمکی شۆڕ دەڵێن «گۆزەڵە». گۆزەڵە دەفرێکی گڵێنەی لە گۆزە بچووکترە. لە لایەک وێک چوونی گۆزەڵە و گمگمە و لە لایەک وێکچوونی گمگمە و مەمکی فاتمە بووەتە هۆی ساز بوونی ئەو تەسویرە لە گۆرانیی حەسەن زیرەکدا.

حیزەفێڵ

حیزەفێڵ: فێل و گزی کردنی ترسەنۆکانە و خوێڕییانە (فەرهەنگی ڕێژگە)

حیزەفێڵ: فێڵی حیز و بێ ئابڕووانە (فەرهەنگی کوردستان)

وا وێدەچێ وشەی تێکەڵاوی «حیزەفێڵ» زۆرتر بە فێڵ و فەرتەنە و کردەوەی بەدزیی ئەو پیاوانە بکوترێ کە «ژنباز»ن. ئەم بۆچوونە لە گوتەکانی میراندا دەبیندرێ لە بەیتی برایمۆکدا. مانای وشەی حیز دەچێتە خانەی سێکسەوە. حیزەپیاو.

نەڤەرەی ڕۆکیرۆ- بێخزانی
(Rokiro Theory_ Bekhzani)

تاریق هەمەوەندی



پەرتی چوارەم

هەروەک لە پەرتەکانی پێشوودا بینیمان کە پیتی (ڂ) پیتێکی دوولفانەیە و هەردوو دەنگی (خ) و (ث) ی لێکەوتۆتەوە و چەندین فۆرم و واتای نوێی سازاندووە. پیتی(ڛ) یش هەردوو دەنگی (ش) و (ل) ی لێکەوتۆتەوە.

پیتی (ۊ) یش پیتێکی دوولفانەیە و لە هەردوو دەنگی (و) و (ی) پێکهاتووە. ئەم پیتەش بە چوار جۆر دەبیسترێت. کە برێتین لە (و، ی، یو، وی). وەک لە نەخشەی ژمارە پێنجدا دەبیندرێت.



بۆ نموونە: (کەرکۆک) ←(کەرکویک-کەرکیوک- کەرکوک- کەرکیک)،(مۆصل)← (میوصل-مویصل- موصل- میصل).

لە هەندێزاردا‌پیتی (ی) دەگۆڕێت بۆ (ێ). بۆ نموونە:- (خۆن) ←(خوین، خوێن- خون- خین، خێن)، (جۆن) ← (جوین، جوێن- جون- جین، جێن)، بەهۆی گۆڕانی دەنگی (و) بۆ (م)، لە هەندێ زاردا (جوێن) دەبێت (جمێن)، هەروەها لە هەندێ زاری دیکەدا بووە بە (جمان).

فەرموون لەگەڵ چەند نموونەیەک، کە لە پیتی(ۆ) ەوە، گۆڕانکاری لە وشەکاندا دروستبووە:(چەرمۆ- چەرموو- چەرمی)، (داڕۆ- داڕوو- داڕی)، (خۆس- خوس- خیس)، (بۆک- بووک بیک)، (زۆ - زوو- زی)، (کودۆ – کودو- کودی)، (بۆ- بوو- بی)،(مازۆ- مازوو- مازی)، (ڕەژۆ- ڕەژوو- ڕەژی)، (تینۆ- تینوو- تینیی)، (قامیشلۆ- قامیشلو- قامیشلی)، (سۆ- سو- سی)، (دۆر- دوور- دیر)، (بەڕۆ- بەڕوو- بەڕی)، (نۆەڕ- نوەڕ، نۆڕ- نیەر- نێر)، (ڕووار، ڕووبار- ڕوڤار- ڕیڤار- River)...هتد

شایانی ئاماژەیە، کە لەزمانی کوردییدا، بە گوێرەی پەیڕەوێک، پیتی (و) دەگۆڕێت بۆ (گ). بۆ نموونە:- (پەموو- پەمگ)، (موروو- مورگ)، (پیاو- پیاگ)، (هەموو- هەمگ← حەمک).کە هەندێ لەو وشانەی سەرەوەش بە گوێرەی هەمان پەیڕەو دەگۆڕێن. بۆ نموونە:- (چەرموو- چەرمگ)، (نوەڕ- نگەر)، (داڕو- داڕگ- داڕوگ). کە لەزمانی ئینگلیزییدا بووە بە(Drug)گوایاگومان دەکرێت کە ئەسڵی ئەم وشەیە فەرەنسییە و لە (Drogue)ەوە هاتووە،بەڵام وشە فەرەنسییەکەش لە زمانی کوردییەوە وەرگیراوە.

شیگەریی وشەی « بەڕوو»

بە گوێرەی نەخشەی ڕۆکیرۆ، بێخی وشەی (بەڕوو)، برێتیی بووە لە (ڤەروخ) دواتر گۆڕاوە بۆ(بەڕوخ)، دواتر پەرش بووە بۆ (بەڕوخ) و (بەڕوث)، دواتر هەردوو وشەی (بەڕوه) و (بەڕوت) کەوتونەتەوە، دواتریش، لە وشەی (بەڕوه) هەردوو وشەی (بەڕوو) و (بەلوو) کەوتوونەتەوە، لە (بەڕووت)یشەوە وشەی (بەلوت) کەوتۆتەوە و هەر بەهەمانشێوە کەوتۆتە ناو زمانی هیندییەوە. لە زمانی فارسی و عەرەبییشدا بووە بە (بلوط). وشەی (بەڕوو) کە بە (بەڕۆ) لە ڤز کراوە، وشەی (بەڕی)ی لێکەوتۆتەوە. (بەلوو) یش دوایئەوەی کەبە (بەلۆ)لەڤز کراوە، لە زاری لوڕییدا بووە بە (بەلی). هەروەها دوای ئەوەی کە (بەلوت)یش بە (بەلۆت) لەڤز کراوە، وشەی (بەلیت)ی لێکەوتۆتەوە، کە لە زمانی ئازەرییدا بووە بە (پەلید) ولە زمانی فارسییشدا بووە بە (بلیط). ئەو نانەی کە لە ئاردی بەڕوو دەسازێنرێت، لە لوڕستان پێیدەگوترێت (نانی بەلی- نان بلی)، لە زۆر

ناوچەی دیکەی ئێران پێیدەگوترێت (نانی بەلیت- نان بلیط)، جگە لەوەی کە (نان بلوط) یشی پێدەگوترێت.

شایانی ئاماژەیە کە وشەی (ئۆک- Oak) ی ئینگلیزیش کە بە مانای بەڕوو دێت، بەپێی هەمان پەیڕەوی سەرەوە، گۆڕاوە بۆ (ئێک) کە لە زمانی سوییدا بووە بە (Ek)و لە زمانی نەرویجییشدا بووە بە (Eik) وبە ئەڵمانییش بووە بە (ئێخ، ئێخێ)(Eiche).

شیگەریی وشەی « کولەکە»

بە گوێرەی نەخشەی ڕۆکیرۆ، بێخی ئەم وشەیە برێتییە (خوثە). ئەم وشەیە دواتر گۆڕاوە بۆ (کوثە). بە هۆی گۆڕانی دەنگی (ث) بۆ (س) و(ت)، وشەی (کوثە) گۆڕاوە بۆ (کوسە) و (کوتە). وشەی (کوسە) لە زمانی عەرەبییدا بووە بە (کوسة) و (کوسا)، هەروەها بە دیوێکی دیکەیشدا بووە(قثة) و (قثاء) (قتة)، کە واتای (خەیار چەنبەر، خەیار چەمبەر- ترۆزی) ی لە خۆ گرتووە. هەروەها وشەی (کەمبەر) ئینگلیزیش هاوڕیشەی(چەمبەر)ە، (کو) هاوڕیشەی (کو) هاوڕیشەی (کولەکە) یە وهەردوو وشەکە پێکەوە (کوکەمبەر) (Cucumber) ی لێکەوتۆتەوە.

بە هۆی گەشەی ڕێزمانییەوە لە زمانی کوردییدا، هەندێ لەووشانەی کە کۆتاییەکەیان برێتییە لە(ە)، گۆڕاون بۆ پیتی (و). بۆ نموونە:- (زیندە- زیندوو)، (شەنبە، شەممە- شەموو)، (پەنبە، پەمە- پەموو)، (تیخنە← تیثنە- تیخنە← تیشنە- تیهنە← تیهنوو- تینوو)... هتد

هەر بەمشێوەیە لە وشەی (کوتە)ەوە، وشەی (کوتو) وە دواتریش وشەی (کودو) و، هەروەها بە هۆی پیتی دولفانەی (ۆ) ەوە،وشەی(کودی- کۆدی) کەوتۆتەوە. بەمشێوەیە وشەی (کولەکە)، لە زمانی عەرەبی و فارسی و کوردییدا بە شێوەی (کوسە، کدو، کودی) لە قز دەکرێت.

گەر بگەڕێینەوە بۆ پیتی دولفانەی (ڛ)، وشەی (کوثە) دەبێت بە (کوڛە)، بە پەرش بوونی پیتی (ڛ) بۆ دەنگەکانی (س)، (ت)، (ل). هەروەک بینیمان کە وشەی (کوسە) و (کوتە) ی

لێکەوتەوە،هەروەها وشەی (کولە) یشی لێدەکەوێتەوە، کە دواتر وشەی (کولەکە) ی لێسازێنراوە کە بەمانای (کدو- کودی، کۆدی)ی بچووک دێت.

(کودو-کودی- کۆدی)، جگە لەوەی کە وەک خۆراک بەکارهاتووە، سودی دیکەشی لێوەرگیراوە. ناوەکەی هەڵکۆڵراوە و دواتر وشککراوەتەوە وبۆ هەڵگرتنی خۆراکو داوودەرمان بەکارهاتووە، هەروەهاقەفەسی باڵندەشی لێسازێنراوە.

جارێکی دیکە وشەی (کودو- کودی- کۆدی)گۆڕاوە و وشەکانی (قودو- قودی- قۆدی)و (قوتو- قوتی- قۆتی) ی لێکەوتۆتەوە.ئەم وشەیە لە زمانی فارسییدا بووە بە (قوطی)، لە زمانی عەرەبییشدابە شێوەی تاک(قوطية) و بە شێوەی کۆیش (قواطي) ی لێسازێنراوە.

شیگەریی وشەی «کەنگێ»

لە زمانی کوردی و فارسییدا وشەکانی (کەی- کوێ- کو-کێ- کە - چە- چ- چی- چێ.. هتد) هەرچەندەئەمڕۆ واتاکانییان جێوازن، بەڵام لە بنەڕەتدا یەک وشە بوون و هەموویان یەک واتایان هەبووە، ئەویش پرسیارە بۆ شتێک، لە گەڵ وشەیەکی دیکەدا وشەیەکی ئاوێتەیان سازاندووە و واتای پرسیاری (شوێنێک، کاتێک، کەسێک، هەندێک، جۆرێک... هتد) ی داوە. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات وشەکەی دواتری کەوتووە و هەریەک لەم وشانە واتایەکی تایبەتیان لە خۆ گرتووە.

بۆ نموونە:- وشەی (هەند) کە بۆ بڕی شتێک بەکاردێت لەگەڵ،(چ- چی- چە) وشەی ئاوێتەی (چهەند- چیهەند- چەهەند)ی لێسازێنراوە، ئیدی وشەی (چەند) ی لێکەوتۆتەوە، کە وەک وشەیەکی سادە بەرچاو دەکەوێت.کە لە زمانی فارسییشدا لە گەڵ وشەی (قدر- قد)کە هەمان واتای (هەند) ی هەیە، وشەی (چقدر- چقد) سازێنراوە، کە بەشێوەی (شقد- شگد) یان (اشقد- اشگد) کەوتۆتە زمانی عەرەبییەوە.

وشەی (چەند) لە گەڵ ئەوەدا واتای وشەیەکی پرسیاریی لە خۆگرتووە، لە هەمانکاتدا بە مانای ژمارەش دێت. بۆ نموونە:- چەند جارێک ڕۆیشتووم بۆفڵان شوێن. یان رۆیشتم بۆ کتێبخانە، چەندین کڕی.

هەروەک لەم وشانەدا (کەی- کوێ- کو-کێ- کە - چە- چ- چی- چێ) دەبینین کە پیتی (ک) و(چ) هاوڕیشەن. هەر بۆیە وشەی (چەند) و (کوانت)(Quant)ی لاتینی هاوڕیشەن، کە لە ئینگلیزییدا بووە بە(کاونت) (Count)، بنۆرەوشەی (چەندێتی) و (کوانتیتی- Quantity).هەروەها وشەی (کوۆ- Quo) ی لاتینیش، بە مانای (کوامەیان- کامەیان) ی کوردیی دێت، هەروەها وشەی (Qual) کە بەمانای (کوامە- کامە) دێت، کە واتای پرسیاریی (جۆر- نوع) هەیە. وشەی (Quality) یش، هاوواتای (چۆنییەتی- جۆرییەتی) ی کوردیی هەیە، کە بە زمانی عەرەبی دەبێتە (نوعية) یان (جودة). هەروەها بنۆڕە وشەی (کوێ- Qui) ی لاتینی، کەدوو مانای هەیە، یەکەمیان بە مانای

(کێ) دێت کە پرسیارە بۆ کەسێک، دوومیان بەمانای (چی) دێت، کە پرسیارە بۆشتێک.کە لەزمانی ئیسپانییدا برێتییە لە (Que). هەروەها وشەی (کوا- Qua) ی لاتینی بەمانای وشەی (کوێ) ی کوردی دێت.

هەر هەمان وشەی (چ- چە- چی)، لە گەڵ وشەکانی (لۆن، گۆن، جۆر) وشەی (چلۆن، چگونە- چگۆن - چۆن،، چەجور) یلێکەوتۆتەوە، کە (چلۆن) یش لە زمانی عەرەبییدا بووە بە (شلۆن- اشلون). لێرەدادەبینین کە هەردوو وشەی (چۆن) و (چەند) ئاوێتەن و لە ئەسڵدا لە لە وشەی (چ- چە- چی)یەوە وەرگیراون، بەڵام بە شێووەی دوو وشەی سادە دەردەکەون و دوو واتای پرسییاریی جودایان هەیە.

گەر بگەڕێینەوە بۆ پیتی دولفانەی(ق). دەبینین کە وشەکانی (کەی، کو، کێ، کوێ) هەموویا لە (کۆ) ەوە کەوتونەتەوە. دووەکی (ڕا) لەهەندێ زاردا واتایدووەکی (ەوە)یهەیە. بۆ نموونە:-(لە هەولێر ڕا) و (لە هەولێرەوە) هاوواتان. دووەکی (ڕا) لە زارەکانی لوڕی و هەوراممییدا دەبێت بە (نا). گەر وشەی(لەکوێ) بێنین، لە گەڵ ئەم سێ دووەکە داینێن، ئەمانەمان بۆ دەردەچێت: (لە کوێڕا، لە کوێنا، لە کوێوە)، کە چی وشەی(کوێڕا) بە مانای پرسیار بۆ کات دێت. بۆ نموونە:- (کوێڕا ئەمەت کرد؟)واتا(چەند زوو ئەمەت کرد؟). لە هەندێ زاریشدا خودی وشەی (کوێنا- کوێنە) هەمان واتای وشەی (کوێ)ی هەیە.هەروەها بنۆڕە وشەی (کو)، کە لە زاری هەولێرییدا،هەمان واتای (چلۆن- چۆن) ی هەیە.

بنۆڕەئەم ڕستانە:- (کوا وادەبێت؟)، (کەی وا دەبێت؟)، (چۆن وا دەبێت؟). وشەی (کەی)، بۆپرسیاری کات بەکارنەهاتووە، وشەی (کوا)یش،بۆ پرسیاری شوێن بەکارنەهاتووە، هەرسێ وشەی (کوا، کەی، چۆن) هاوواتان.

لە زمانی کوردییدا وشەی (هەنگ) بە مانای کات دێت. وشەی (هەنگاو) بە مانای (مدة) ی عەرەبی دێت، بنۆڕە وشەی (چێشتهەنگاو-چێشتەنگاو)، بە مانای کاتی خواردنی بەیانییان دێت. هەروەهاوشەی (هەنگاو)لە زمانی فارسییدا بووە بە (هنگام).

وشەی (هەنگ)، دوای ئەوەی کە گۆڕاوە بۆ (هانگ)، (هان)، (هێن- هەین)، لە (هان) و (هێن)یشەوە، (ئان- آن) و (حین) کەوتونەتەوە. نموونە:- هەنگێ کە لە ماڵ دەرکەوتم، هێشتا خۆرهەڵنەهاتبوو. هەینێ کە لەماڵ دەرکەوتم، هێشتا خۆر هەڵنەهاتبوو.

دوای ئەوەی کە وشەی (کەی-کێ) لە گەڵ (هەنگ) ئاوێتە کراوە، (کەیهەنگ- کێهەنگ) ی لێکەوتۆتەوە. ئیدی وشەی (کێهەنگێ- کەنگێ) واتای پرسیاری لە خۆگرتووە، دوای ئەوەی کە لە هەندێ زاردا وشەی (هەنگ) کەوتووە، ئیدیخودی وشەی (کەی) واتای پرسیاری کاتی لە خۆگرتووە. هەروەها وشەی (کەی)، لە گەڵ (هێن- هەین) یش وشەی (کەهێن) ی لێسازێنراوە، دواتر وشەی (کەینێ) ی لێکەوتۆتەوە.

بە گوێرەی نەخشەی ڕۆکیڕۆ،بێخی وشەی (بەیان) برێتی بووە (ثوو). کە وشەکانی (سوو) و (شوو) ی لێکەوتۆتەوە.کە دووەکی (ەک) یان کەوتۆتە سەربوونە (سووەک) و (شووەک- شەوەک) کە واتاکەیان گۆڕاوە بۆ (دەمەوبەیان)، لە هەندێ زاردا دەگوترێت: (سووەکی) کە بەواتای دەمەوبەیانێکی زوو دێ، لە هەندێ زاری دیکەدا دەگوترێت(شووەکی) یان (شەوەکی). بەهۆی گۆڕانی دەنگی (و) بۆ (ڤ)، لە هەندێ زاردا وشەی (شەوەک) کە گۆڕاوە بۆ (شەڤەک)، دواتر وشەی(شەفەق) و (شەبەق) ی لێکەوتۆتەوە.بە هەمانشێوەوشەی (سوو) یشگۆڕاوە بۆ (سوڤ) ودواتریشوشەی (سوب) ی لێکەوتۆتەوە. لە هەندێ زاردا بە بەیانی دەگوترێت:- (سوڤەهی) یان (سوبەهی) و لەهەندێ زاری دیکەدا دەگوترێت:- (سووەی) یان (سبەی). وشەی (سوبە) لە هەردوو زمانی عەرەبی و فارسییدا بووە بە (صبح).

وەک پێشتر ئاماژەم پێدا کە (هەین) بەمانای (کات) دێت، ئەم وشەیە لەگەڵ وشەی (سوو) یان (سوب) ئاوێتە کراوە و وشەی (سووهەینێ- سوەینێ) و (سوبهەینێ – سوبەینێ- سوبحەینێ) ی لێکەوتۆتەوە، کە بەمانای کاتی بەیانی دێت. دووبارە بنۆڕە وشەی (هەین) و (حەین)، کە لە زمانی عەرەبییدا وشەی (حین) ی لێکەوتۆتەوە.

شایانی ئاماژەیە کەجگەلە وشەکانی (سوەکی،شەوەکی، شەبەقی) کە واتای دەمەو بەیانی زوو دەگەیەنن، هەموو وشەکانی (سوو، سوب، سوبەهی، سبەی، سوەینێ، سبەینێ، سبحەینێ) بە واتای دەمەو بەیان دێن. بەڵام دواتر وا تاکانیان گۆڕاوە و واتای ڕۆژی دواتریان لە خۆگرتووە. چونکە ڕۆژیک پێشتر بڕیار لەو کاتانە دەدرێت، بۆنموونە:- سبەینێ زوو لە خەو هەڵدەستم. لێرەدا سبەینێ بە مانای کاتی دەمەوبەیان دێت، بەڵام چوونکە بڕیارەکە لە شەوی پێشتردا دراوە، وشەی (سبەینێ) واتای ڕۆژی دواتر دەدات.

هەردوو وشەی (سوو) و (شـەوەک) هەرچەندە لە بنەڕەتدا هاوواتابوون، بەڵام لە زاری کەڵهوڕییدا واتاکانیان گۆڕاوە، وشەی (سوو) واتای ڕۆژی دووایی، وە وشەی (شەوەک) واتای دەمەو بەیانی لە خۆ گرتووە. بۆنموونە: سوو شەوەکی چم ئەراکار، سبەینێ دەمەو بەیان دەچم بۆ ئیش.

شیگەریی وشەی درەنگ»

وەک پێشتر بینیمان کە وشەی (دۆر- دویر)پەرش بووە بۆ (دوور) و (دیر). وشەی (هەنگ) کە بەمانای کات دێت لەگەڵ وشەی (دیر) ئاوێتەکراوە و وشەی (دیرهەنگ) سازێنراوە، کە بەواتای (کاتێکی دوور) دێت. کە دواتر ئەم وشەیە گۆڕاوە بۆ (دیرەنگ- درەنگ). دواتریش لە هەندێ زاردا وشەی (هەنگ) کەوتووە، ئیدی خودی وشەی (دیر) واتای درەنگی لە خۆگرتووە و واتا ئەسڵییەکەی لەدەستداوە، کە برێتییە لە (دوور). وشەی (دیر) بە هەمان واتاوە کەوتۆتە ناو زمانی فارسییەوە، وە لەهەندێ زارییشدا بووە بە (دێر)، بنۆڕە وشەی (دێرزەمان). هەروەهاوشەی (دێر) لە گەڵ ئامرازی

سیفەی(ین)دا، وشەی (دێرین)ی لێسازێنراوە، هەروەها لە وشەی (دیر) وە، وشەی (دیرۆک) سازێنراوە، کە هەمان واتای (کاتی دوور) ی هەیە، دواتریش وشەی (چیرۆک) ی لێکەوتۆتەوە، کە بەواتای گێڕانەوەی ڕووداوی دێرین دێت.

شیگەریی وشەی «بەرسڤ»

وشەی (ثوخ)بە واتای (ڕۆیشن بە رەو ئاڕاستەیەک، یان بەرەو ڕووی شتێک) هاتووە.کە بە زمانی عەرەبی بە مانای (الی) دیت. ئەم وشەیە دواتر پەرش بووە بۆ (ثوخ) و (ثوث).وشەی (ثوخ) دواتر گۆڕاوە بۆ (ثوھ)، دواتریشبۆ (ثو)، لە زمانی ئینگلیزیدا بووە بە (تو) (To)، وە لە زمانی فارسییشدا بووە بە (سو). بە گوێرەی نەخشەی ڕۆکیڕۆ دوای گۆڕانی دەنگی (ث) بۆ (ڤ)، وشەکە گۆڕاوە بۆ (ڤۆ)، دواتریش وشەی (بۆ) ی لێکەوتۆتەوە، هەروەها بە هۆی پیتی دولفانەی (ش) ەوە، دەنگی (ث) گۆڕاوە بۆ (ل)، لە زاری هەولێرییداوشەی (ثۆ)گۆڕاوە بۆ(لۆ). بە دیوێکی دیکەشدا دوای ئەوەی کە دەنگی (ث) گۆڕاوە بۆ (ش) و (چ)، هەردوو وشەی (شۆ) و (چۆ)کەوتۆتەوە. هەردوو وشەی (ئام- هام) و (هات) کە بڕێتیلە ڕەگی کرداری رابردووەی (ئامان- آمدن)و (هاتن)، لە گەڵ هەردوو وشەی (شۆ) و (چۆ)، دەستەواژەی (ئاموشۆ- هاموشۆ) و (هاتوچۆ)ی لیکەوتۆتەوە، کە لە زمانی فارسییدا بووە بە (آمدوشد)،وشەی (ئاموشۆ)، هەرچەندە ئەم وشەیەئەمڕۆ واتاکەی گۆڕاوە، بەڵام لە بنەڕەتدا بە مانای (From- To).

هەروەها بە هۆی پیتی دوولفانەی (ق)ەوە، وشەی (سو) لەزاری لوڕییدا گۆڕاوە بۆ (سی). بنۆڕە ئەم پەندە لوڕییە: (نە سما سی کور، نە سرنا سی کر)، واتە (نە سەما بۆ کوێر، نە زوڕنا بۆ کەڕ).

بەدیوێکی دیکەدا وشەی (ثوخ)، گۆڕاوە بۆ (توخ) و بەگوێرەی پەیرەوی « هانەونا »، دووەکی (ن) ی کەوتۆتە سەر و وشەی (توخن)کەوتۆتەوە، کە واتاکەی لە (ڕۆیشتن بەرەو ڕووی شتێک) ی گۆڕیوەبۆ (ڕۆیشتن بەرەو لای شتێک). بە دیوێکی دیکەشداوشەی (ثوث) گۆڕاوە بۆ (جوس)، کە هەمان واتای (ڕۆیشتن بەرەو ڕووی شتێک) ی هەبووە، دواتر واتاکەی گۆڕاوە بۆ (گەڕان بە دوای شتێکدا). کە لە باری چاوگدا وشەی (جوس) بووە بە (جوستن)، کە ڕەگی چاووگەکەی بووە بە (جوست)، هەروەها بە دیوێکی دیکەدا و ڕاستەوخۆ، وشەی (ثو) گۆڕاوە بۆ (جو- جۆ)، بنۆڕە وشەی (جوست و جو- جوستوجۆ). پیتی (ا) کە سیفەی بکەر دەسازێنێت، بنۆڕە (دار- دارا)، (فەرم- فەرما)، (شێت، شەید- شەیدا)، بەمشێوەیەش پیتی (ا) دەکەویتە سەر وشەی (جو)، بەڵام چونکە وشەکە بە بزوێن کۆتایی هاتووە، لە بەرئەوە پیتی (ی) دەکەوێتە پێش (ا) و وشەی (جو) دەبێت بە (جویا)، کە بەمانای کەسێک دێت کە بەدوای شتێکدا بگەڕێت.

وشەی (هاو) کە ڕەگی کرداری (هاتن) ە. کە وشەی هاتن لە ئەسڵدا (هاوتن) بووە. بە هۆی گۆڕانی دەنگی (ه) بۆ (ئـ)، وشەی (هاو) گۆڕاوە بۆ (ئاو – آو)،بنۆڕە وشەی (هاوردن- ئاوردن،

ئاوردن)، کە برێتین چاووگی وشەی (هێنان). هەروەها بە هۆی گۆڕانی دەنگی (و) بۆ (م)، وشەی (ئاو- آو) گۆڕاوە بۆ (ئام- آم)، کەلە باری چاووگداله زمانی فارسییدا دەبێت بە (ئامدن- آمدن). بە هۆی گۆڕانی دەنگی (د) لە زارەکانی لوڕی و هەورامییدا، وشەکە دەبێتبە (ئامەیەن)،بەمشێوە یە وشەی (هاتن) بە سێ شێوە دەردەبڕدرێت. بۆ نموونە: لە زاری سۆرانییدا (خۆش هاتی)، لە زمانی فارسییدا (خوش آمدی)، لە زاری هەورامی دا (خۆش ئامای)، لە زاری لوڕییدا (خوش ئومای).

هەروەها ڕەگی چاووگی (هاوردن- آوردن) یش برێتییە (هار- ئار- آور)، کە دواتر وشەی (هار) لە زمانی کوردییدا گۆڕاوە بۆ (هێر)، هەروەها ڕەگی کرداری (هێنان) یش برێتییە لە (هێن).گەر لە باری فەرماندانموونەیەک وەرگرین: لە زمانی فارسییدا دەبێت بە: (ب +ئار+ ش+= بیارش)،لە زاری لوڕییدا دەبێتب بە: (ب+ آور+ ش=بآورش)، لە زاری کە ڵهوڕییدادەبێت بە: (ب+ ئار+ ەی+= بئارەی، بارەی)، لە زاری سۆرانییدابەدیوی (هێر) دادەبێت بە: (ب+ی+ هێر+ە = بیهێرە، بێرە) وبەدیوی (هێن) یشدا دەبێت بە(ب+ ی+ هێن+ ە= بیهێن، بێنە).

وشەی (سو) لە گەڵ وشەی (ئار) ئاوێتە کراوە، و واتای (بەرەو ڕوو هێنان) دەدات، کە دیوێکی دیکەی (تکاکردن، داواکردن، طلب) ە. وشەی (سوئار) ی لێکەوتۆتەوە، کە دواتر ئەم وشەیە گۆڕاوە و هەردوو وشەی (سوئال) و (سواڵ)* کەوتوونەتەوە. هەروەک پێشتر بینیمان کە وشەی (جو) بەواتای (بەدوادا گەڕان- بحث- Search) دێت ووشەی (هاو- ئاو- آو)یش ڕەگی کرداری (هێنان) ە. هەردوو وشەی (جو)لەگەڵ وشەی (ئاو- آو)دا ئاوێتە کراوە و وشەی (جواو) ی لێکەوتۆتەوە. دوای گۆڕانی دەنگی (و) بۆ (ڤ) وشەکە گۆڕاوە بۆ (جواڤ)، و بەشێوەی (جواب) کەوتۆتە ناو زمانی فارسی و عەرەبییەوە. وشەی (وەر) کە دواتر گۆڕاوە (ڤەر) و (بەر)، واتای (پێچەوانە)ی هەیە، بۆنموونە:- (وەرگەڕان)، واتا (گەڕان بەپێچەوانەوە) (عکس الاتجاه)، کە لە زمانی فارسییدا دەبێت بە (برگردان).وەک پێشتر بینیمان کە وشەکانی (هاو، ئاو، ئام) هاوواتان. وشەی (وەر)لەگەڵ و شەی (ئام- آم) دا ئاوێتە کراوە ووشەی (وەرام) ی لێکەوتۆتەوە، کە بەمانای (رد) ی عەرەبی دێت، کە دیوێکی دیکەی واتای (جواب) ە. کە دواتر لە هەندێ زاردا گۆڕاوە بۆ (وەڵام). وە بە دیوێکی دیکەدا وشەی (بەر) لە گەڵ وشەی (ئام - آم) دا ئاوێتە کراوە، کە وشەی (بەرام) ی لێکەوتۆتەوە، کە لە بنەڕەتدا هەمان وشەی (وەرام) ە، بەڵام تۆزێک واتاکەی گۆڕاوە، کە بە مانای (لکن) ی عەرەبی دێت، واتا بۆ (مخالف) ی شتێک بەکارد دێت، کە لە بنەڕەتدا (مخالف) و (عکس الاتجاه) هاوواتان.دواتریش وشەی (بەرام) گۆڕاوە بۆ (بەڵام).

بەدیوێکی دیکەدا هەردوو وشەی (بەر) و (سو) ئاوێتە کراون و وشەی (بەرسو) کەوتۆتەوە، کە بەر بە واتای (پێچەوانە) دێت و (سو) یش بەواتای (ئاراستە) دێت. کە واتاکەی بە هەمانشێوە واتاکانی (عکس الاتجاه، مخالف، رد) یهەیە. دوای گۆڕانی دەنگی (و) بۆ (ڤ)، وشەی (بەرسو) گۆڕاوە بۆ (بەرسڤ).

*(سواڵ) کە هاوڕیشەی وشەی (سؤال) ە و هەردووکیان بە مانای داواکردن (طلب) دێن، بەڵام دواتر واتای (سواڵ) گۆڕاوەو واتای (تکا- رجاء) ی لە خۆگرتووە. چەند وشەیەکی دیکەی هاوواتای سواڵ لە زمانی کوردییدا هەن.کە برێتیین لە (دەرۆزەیی، گەدایی، دەروێشی).لە بنەڕەتدا هەردوو وشەی (گەدا) و (دەروێش) هاوواتا بوونە.وشەی (گەدا) لە (گاثا) وە هاتووە، کە بە واتای (سروود) هاتووە، (گاثایی کردن- گەداییکردن)، برێتی بووە لە کارێک، کە کەسانی هەژار لە بەر (دەر) ی ماڵاندا بەدەم لێدانی دەفەوە (گاثاوێژی - سروود وێژی- سروودخوانی) یان کردووە، لە بەرانبەر وەرگرتنی بڕێک خۆراک، یان جلوبەرگ.هەروەها (دەروێژ) یشی پێگوتراوە، کە لە هەردوو وشەی (دەر- دەرکە- دەرگا) و (وێژ- بێژ) ئاوێتە کراوە، کە دواتر وشەکە گۆڕاوە بۆ (دەرڤێز) و (دەرڤیش) و (دەرویش). هەروەها وشەی (دەرۆزە) یش، کینایەیە بۆ، کەسانێک کە لە بەر(دەر) ی ماڵاندا (ڕۆزە- رزق) ی خۆیان دابینکردووە، کە دواتر وشەی (دەر رۆزە) گۆڕاوە بۆ (دەرۆزە)، کە بەمانای سواڵ دێت و بە سواڵکەریش گوتراوە (دەرۆزەکەر).

شیگەریی وشەی «هەنجیر»

لە زۆربەی زارە کوردییەکاندا، بە تایبەتی لەزاری لوڕیی و هەورامییدا دەنگی (خ) دەگۆڕێت بۆ(ه)، بنۆرە وشەی (خەم- هەم)، (بەخش- بەهش- بەش)... هتد. وە هەندێجارلە دواتردا دەنگی (ه) دەگۆڕێت بۆ (ی) و(ا) و (و)، (ۆ)،بۆ نموونە:- (تەختە- تەهتە- تاتە)،(خانە- هانە، یانە)، (خواردن، هواردن، واردن) (سورخ- سورە، سوور)، (دووڕوخ- دووڕوە، دووڕوو- درۆ).شایانی ئاماژەیە کە وشەی درۆ لە وشەی (دووڕوو- دوو ڕوخ) ەوە هاتووە، کە کینایەیە بۆ کەسێک کە ڕووە ڕاستەقینەکەی خۆی دەرنەخات، دواتر فۆڕمی ئەم وشەیە گۆڕاوە بۆ (درۆ) و وشەی (دووڕوو) یش هەروەک خۆی ماوەتەوە و دوو واتای جێوازیان لە خۆگرتووە، وە وشەی (دوو ڕووخ) یش لە زمانی فارسییدا بووە بە (دوروغ- دروغ).

وشەکانی (خواردن) و (خوردکردن- وردکردن) هاوڕیشەن، هەروەها کاتێک وشەی (خواردن) گۆڕاوە بۆ (هواردن)،(خاردن)، (هاردن)، (خارن)، (هارن)، وشەی (هارد- ئارد) و (هاڕین) یشی لێکەوتۆتەوە.وشەی (خواردن) (خوردکردن) (هاڕین) لە ئەنجامی بەریەککەوتن و پێکدادانەوە ڕوودەدات.

وشەی (خورد) کە بەهۆی کەوتنی دەنگی (د) ەوە دەبێت (خور)، هەروەها وشەی (خوەر- هوەر-وەر)، (خۆر- هۆر- ۆر) ی لێکەوتۆتەوە.وشەی (بەرخورد)، کە بەمانای (تصادف- تصادم)* دێت. لە زاری هەورامییدا بووە بە (بەروەر)، کە دواترلە زارەکانی دیکەداگۆڕاوە بۆ (بەروار)، کە بەهەڵە بە مانای (مێژوو-تأریخ) تەرجەمە کراوە، کە لە ڕاستییدا بە مانای (مصادف)دێت، کە برێتییە بەرخوردی مێژووی دووی شت لە یەککاتدا، بۆ نموونە:- ڕۆژی ١ی نەورۆز، بەرواری ٣/٢١ی زایینی.

هەواڵنامەی کتێب

وشەی(خۆر) دەکرێت بە شێوەی سیفە لەگەڵ بکەردا بەکاربێت، بۆ نموونە:- (کاڵەکخۆر) بکەرە. لە هەمانکاتدادەکرێت بۆ بەرکرداریش بەکار بێت، بۆ نموونە:- (چەقەڵخۆر)بەواتای خۆراکی چەقەڵ دێت. هەنجیر و ترێ خۆراکی جۆرەکانی هەنگن، واتە مێشهەنگوین وهەنگەسورە و هەنگەزەردە، کە ناوی دیکەشیان هەیە وەک (زەردەواڵە- زەردەزیڕە- زەرگەتە- زەنبور... هتد). پێیان گوتراوە (هەنگخۆر)، لە دوای گۆڕانی (خۆر) بۆ (ۆر)، وشەی(هەنگخۆر) گۆڕاوە بۆ (هەنگۆر)، لە زۆربەی زارەکاندا بە (ترێ) دەگوترێت (هەنگۆر)، لە هەندێ زاردا بووە بە (هەنگور)، لە زمانی فارسییدا بووە بە (ئەنگور- انگور)، دوای ئەوەی کە وشەکە بووە (هەنگۆر)، دوایئەوەی کە پەرشبووە وشەیکانی(هەنگویر)، (هەنگور)، (هەنگیر) ی لێکەوتۆتەوە، کە دواتر وشەی (هەنجیر) ی لێکەوتۆتەوە، کە لە هەندێ زاری کوردی و لە زمانی فارسییدا بووە بە (ئەنجیر- انجیر). بۆ گۆڕانی وشەی (هەنگ) بۆ (هەنج) بنۆڕە (هەنگوین- هەنگڤین- هەنگبین- انگبین- انجبین) هەروەهابنۆڕە وشەی (گوڵ هەنگوین- گل انجبین - جلنجبین).

شایانی ئاماژەیە کە هەردوو وشەی (هەنجیر) و (هەنگور) لە بنەڕەتداناو نین و بەرکردارن. کە (ترێ) ناوی هەنگورە و، هەنجیریش ناوە ئەسڵییەکەی لەدەستداوە. لە زمانی کوردییدا زۆر ناو هەن، کە سیفە شوێنی ناوەکانیانی گرتۆتەوە. بۆنموونە:- (ئەسپ- باگیر، بارگین)، (کەر- گوێدرێژ)، هەندێ ناوی دیکە هەن سیفەن و ناوە ئەسڵییەکانیان نادیارە، بۆ نموونە: (هەزارپێ)، (شیرین) لە زمانی کوردییدا هیچ وشەیەک نییە کە پێچەوانەی وشەی تاڵ بێت، وشەی (شیرین) سیفەی وشەی (شیر)ە کە لە گەڵ ئامرازی (ین) ئاوێتە کراوە و سیفەی (شیر) ی وەرگرتووە، بنۆڕە وشەکانی (شەکەرین، عەنبەرین، زێڕین... هتد).

شیگەریی وشەی «نە ڤەر- نظر»

لە پەرتی دووەمدا بینیمان کە وشەی (ثەر) بە واتای شلەیەکی خەست هاتبوو، کە وشەکانی (ئەسر، عصر، قطر، چڕ... هتد) ی لێکەوتبوونەوە. هەروەک لە پەرتی یەکەمدا ئاماژەم بەوەدابوو کە زمان لە یەک وشەوە دروستبووە، دواتر ئەو وشەیە گەشەی کردووە و پەلی هاویشتووە و وشەی نوێی لێکەوتۆتەوە. وا دەبینین لێرەدا هەمان وشەی (ثەر) دووبارە دەبێتەوە، بەڵام بە واتایەکی نوێوە، کە ئەویش برێتییە لە (بیر) کە لە هەمانکاتدا واتای (هۆش) و (ئاگایی) دەگەیەنێت.

وشەی (ثەر) دوای ئەوەی کە پەرش بووە، وشەکانی (خەر)، (ثەر)، (خثەر)، (خثر)ی لێکەوتۆتەوە.بە گۆڕانی دەنگی (ث) بۆ (ڤ)، وشەکانی (ڤەر)، (خڤەر)، (خڤر) یش کەوتوونەتەوە. وشەی (خڤەر)، هەردوو وشەی (خەوەر) و (خەبەر) ی لێکەوتۆتەوە، وشەی (خەبەر) لە بنەڕەتدا بەمانای(ئاگا) دێت، بۆنموونە: بە کەسێک کە نەخەوتبێت،دەگوترێت (بە خەبەرە)، واتا (بە ئاگایە)، لە زاری کەڵهوڕییدادەگوترێت(وە خەوەرە)، لە زاری لوڕییشدا دەگوترێت (ڤە

خەڤەرە). وشەی (خەڤەر) بە شێوەی (خەفەر) کەوتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە، کە هەمان واتای نەخەوتن(ئێشکگرتن) ی هەیە.دواتر ئەم وشەیە گەردێنراوەو جەندین وشەی وەک(مخفر، خفرية، خفارة... هتد) ی لێکەوتۆتەوە.

وشەی (خڤر)بەهۆی جێگۆڕکێی پیتەکانەوە گۆراوە بۆ (ڤخر)، هەردوو وشەی (فکر) و (ذکر) ی لێکەوتۆتەوە.

وشەی (خثر)، دوای گۆڕانی دەنگی (ث) بۆ (ز) گۆڕاوە بۆ (خزر)، دواتر وشەی (هزر) ی لێکەوتۆتەوە، کە بەزاری کرمانجی هەمان واتای (بیر) و (فکر) ی هەیە.

بە دیوێکی دیکەشدا، دوای گۆڕانی دەنگی (ث) بۆ (ت) وشەی (خثر) گۆڕاوە بۆ (ختر)، کە لە زمانی فارسیی و عەرەبییدابووە بە (خطر)، بنۆڕە وشەی (خاطرە) لە زمانی فارسییدا، بەمانای بیرەوەری دێت. هەروەها بنۆڕە دەستەواژەی (خطر ببالي)، لە زمانی عەرەبییدا.

وشەی (ڤەر) یش دوای کە هەردوو وشەی (بەر) و(وەر) ی لێکەوتۆتەوە، وشەی (بەر) لە زمانی عەرەبییدا بووە بە (بەل- بال). بۆنموونە:- لە زاری کرمانجییدا دەگوترێت: (ڤەرێ خۆ بدە، یان بەرێ خۆ بدە)، واتا بیری خۆتی بدەرێ، یانئاگات لە خۆت بێت. لە زمانی عەرەبییشدا دەگوترێت: (دیر بالک)، کە هەمان واتای هەیە، لە زمانی فارسیشدا دەگوترێت: (خبردار باش)، وەک دەبینین، کە هەرسێ وشەی (ڤەر، بال، خبر) لە گەڵ ئەوەدا کە هاوواتان، هاوڕیشەیشن.

وە لە زاری سۆرانییدا دەگوترێت: وانەکەم (لەبەر) کرد، لەزاری کەڵهوڕییدا دەگوترێت (لەوەر کرد)، چونکە هەردوو ئامرازی (ئەز) و، (لە) هاوواتان، هەندێجار دەگوترێت (ئەزبەر) کرد. کە بەمانای ئەوە دێت کە وانەکەم خستە بیرمەوە یان مێشکمەوە، کە لێرەدا وشەی (لە بەر کردن) بە مانای خستنە ناو(ذاکرة)ەوە دێت، کە وەک دەزانیین ئەم وشەیەش لە (ذکر) ەوە هاتووە، کە هاوڕیشەی خودی (بەر)ە، وەک پێشتر ئاماژەم پێدا.

وشەی (ڤەر) بە هۆی « پەیڕەوی هانەونا»ەوە، هەردوو ڤەرەکی (نە) و (ئا) ی کەوتۆتەبەر و، بە دیوێکدا بووە بە (نەڤەر)، وە بە دیوێکی دیکەشدا بووە بە (ئاڤەر). بۆ وەبیرهێنانەوە، «پەیرەوی هانەونا «برێتیە لە کەوتنە بەرو دوای (نە) و(ئا)بۆ سەر وشە لە ڕێزمانی کوردییکۆندا،واتای نوێی لێسازێنراوە. بۆ نموونە:بەرەکی(ئا- آ) کەوتۆتە بەر وشەی (سان)، و وشەی (ئاسان)،وە دووەکی (ئا- آ) کەوتۆتە دوی وشەی (سان) و وشەی (سانا- سانا) ی لێسازێنراوە، لە زاری سۆرانییدا دەگوترێت: (بە ئاسانی)، لەزاری کرمانجییشدا دەگوترێت: (بە سانایی- بە ساناهی). هەروەها لە گەڵ وشەی (ڤەث) دا، (ئاڤەث) و (ڤەثا)، سازێنراوە، کە هەردوو وشەی (ئافەت) و (پەتا) ی لێکەوتۆتەوە. لە گەڵ(نە- ن) یشدا هەردووشەی (نەڤەث) و (ڤەثن) ی لێکەوتۆتەوە، کە دواتر (نفس) و (وثن) کەوتوونەتەوە، کە بەمانای جسم دێت، یەکەمیان بە مانای جسمێکی زیندوو، ئەوی دیکەیان بەمانای پەیکەر دێت.

وشەی(نەڤەر) بە واتای وێنەیەک دێت کە لە(بیر- فکر- هزر) ی مرۆڤدا بەرجەستە دەبێت. واتا بینین بە چاوی مێشک،کە بە مانای» خەیاڵ» دێت. بە دیوی (وەر) یشدا بووە بە (نەوەر) و وشەی (نۆڕ) ی لێکەوتۆتەوە،بنۆرە وشەی (چاوەنۆڕی- چاوەنواڕی)، کە هۆی جێگۆڕکیی پیتەکانەوە، لە هەندێ زاردا بووە بە (چاوەڕوانی). بە هۆی پیتی دولفانەی (ڤ) یشەوە، لەزاری کرمانجییدا (نۆر- نەوەر) گۆڕاوە (نێر- نیەر).

لە زمانی عەرەبییدا دەنگی(ڤ) نییە. لە بەر نێزیکی هەردوو دەنگی (ظ) و(ڤ). وشەی (نەڤەر) لە زمانی عەرەبییدا بووە بە (نەظەر- نظر)، هەروەک لە پەرتی پێشووتردا ئاماژەم بە وشەی (نەڤیر) داوە، کە لە زمانی عەرەبییدا بووە بە (نەظیر- نظیر). هەروەک پێشتریش ئاماژەم بە گۆڕانی دەنگی (و) بۆ (گ)داوە، بۆیە (نۆڕ) بووە بە (نگر)و هەر بەمشێوەیە کەوتۆتە ناو زمانی فارسییەوە. هەروەها وشەی (نۆاڕ) یش، هەردوو وشەی(نواڕ) و (نیار) ی لێکەوتۆتەوە، بنۆڕە وشەی (پێشنیار) کە بە واتای پێشبینیی وێنەیەکی خەیاڵی دێت. کە بەعەرەبی دەبێتە (توقع)، بەڵام دواتر ئەم وشەیە واتاکەی گۆڕاوە و واتای(اقتراح)ی لە خۆگرتووە.بە هەمانشێوە، وشەی (نواڕ) یش بووە بە (نگار). هەروەک چۆن وشەکانی (نەڤەر- نیەر)، (نگر)، (نظر)هاوڕیشە و هاوواتان، وشەکانی (نیار) (نیگار)، (منظرة) شهاوڕیشە و هاوواتان و وشەکانی(نۆڕین، نگریستن، نظرة) هاوڕیشە و هاوواتان. لە باری فەرمانییشدا ئەم وشانە دەبن بە (بنۆڕە- بنێرە)، (بنگر)، (أنظر).

لە زمانی فارسییدا دەگوترێت: بە نظر من، لەزاری سۆرانییدا: بە باوەڕی من، لەزاری کرمانجییدا: بە نێرەی من، لە عەرەبییدا: حسب نظري.

شایانی ئاماژەیە کە وشەی (نظارة)ی عەرەبی لە هەمان واتاوە وەرگیراوە، واتە گۆڕینیی وێنە بۆ چاوی مێشک، جێوازلەو وێنەیەی کە بە چاوی ئاسایی دەبیندرێت.

شایانی ئاماژەیە کە وشەی (نیگەران) یش، هەر لێرەوە هاتووە. کە برێتییە لە وێنەیەکی (وەهمی- خەیاڵی) کە بەر لە ڕوودان، لە مێشکی مرۆڤدا بەرجەستە دەبێت.

هەروەها وشەی (ئاڤەر) یش، کە بەگوێرەی « پەیڕەوی هانەونا» لە ڤەرەکی (ئا) و وشەی(ڤەر) ئاوێتەکراوە. بەمانای وێنەیەکی خەیاڵی دێت، کەبە شێوەی واقیعی لە بیری مرۆڤدا دەچەسپێت و واتای (عقیدة- ایمان) ی لە خۆگرتووە. کە بەدیوی (وەر) دا بووە بە (ئاوەڕ).

وشەیئاوێتەی(ئاوەڕ) هەرچەندە واتایەکی نوێی وەرگرتووە، بەڵام لە هەمانکاتدا هەمان واتای وشەی سادەی (ڤەر، بەر، وەر)یشیهەیە. بۆ نموونە: ئاوەڕدانەوە،کە ئێستا بە واتای (سوڕاندنەوەی مل) دێت، بۆ ئاڕاستەکردنی ڕوخسار بۆ دوواوە، لە ئەسڵدا واتای ئاگاداربوونەوەی هەبووە، هەروەک (دیر البال) ی عەرەبی.

مرۆڤی (بە ئاوەڕ)،بە مانای مرۆڤی بەئاگا و خاوەن عەقیدە دێت. بەهۆی زۆر بەکارهاتنی ئامرازی جوێی (بە) لە گەڵ وشەی (ئاوەڕ)دا، ئیدی ئامرازەکە بە وشەکەوە لکاوە و، وشەی (بەئاوەڕ) بووە بە (باوەڕ). بە هەمانشێوەش بە دیوی (ڤەر) دا، وشەکە بووە بە (ئاڤەر)، (بە ئاڤەر)، (باڤەڕ).

نموونەی لکانی ئامرازی جوێ بە وشەوە، وەک لە (بە ئاوەڕ- باوەڕ)دا بینیمان هەڵەیەکی باوە، لە زۆر وشەی دیکەدا دەبیندرێت. بۆنموونە: وشەی (کەنین)، لە گەڵ ئامرازی (پێ) دا بووە بە پێکەنین.یان وشەی (باوەش)، بە هەمانشێوەی وشەی (باوەڕ) بەرجەستە بووە. کە ئەسڵی وشەکە برێتییە لە (خوت). کە دواتر بە دیوێکدا وشەی (کۆش) ی لێکەوتۆتەوە و بە دیوێکی دیکەشدا گۆڕاوە بۆ (خۆش). بە گوێرەی « پەیڕەوی هانەونا» بووە بە (ئاخۆش). کە لە زمانی فارسییدا بووە بە (آغوش)، و لەزاری هەورامی و لوڕییدا بووە بە (ئاوەش). دواترلە گەڵ ئامرازی جوێی (بە) بووە بە(بە ئاوەش)، بۆ نموونە:گوتراوە(منداڵەکەی بە ئاوەشەوە گرتووە)، دواتر (بە ئاوەش) گۆڕاوە (باوەش)، دوای ئەوە جارێکی دیکە (بە) دووبارە دەبیتەوە و دەگوترێت: منداڵەکەی بە باوەشەوە گرتووە.

شیگەریی وشەی «مەرەکەب»

هەردوو وشەی (زەر) و (مور) لە زمانی کوردییدا، بەواتای پارچەیەکی بچووکی کۆمەڵە ئێسقانێک هاتوونە،کە دواتر ئەم وشانە گۆڕاون بۆ (زار) و (مۆر)، لە زمانی فارسییشدا گۆڕاون بۆ (زهر) و (مهر). بۆ نموونە هەریەک لە بەشەکانی ستوونی پشت گوتراوە(مۆرە) یان (زارە). هەموویان پێکەوە پییانگوتراوە (گازارە) یان (مۆرەگا)، دواتر وشەی (گازارە)گۆڕاوە بۆ (گازەرا) هەروەک دەگوترێت: گازەرای پشت. وە وشەی (مۆرەگا) یش گۆڕاوە بۆ (مۆرەگە) و دواتریش وشەی (مۆرەغە) ی لێکەوتۆتەوە.

ناوی (مۆری لگاو)، یان (زاری تاوڵە) لێرەوە هاتووە، کە پێشتر لە ئێسقانی ئاژەڵ دروستیان کردووە.

وەك پێشتر ئاماژەم پێداوە، کە بە گوێرەی پەیڕەوێکی ڕیزمانی، ئەو وشانەی کە بە (ە) کۆتاییان دێت، پیتی (ە) دەگۆڕێت بۆ (و) دواتریش بۆ(گ). بنۆڕە (مردە- مردوو- مردگ)، (هەمە- هەموو- هەمگ، حەمک)، (دانە- دانوو- دانگ، دەنک). بەم شێوەیەش(مورە- موروو- مورگ)، (زارە- زاروو- زارگ).(زار) و (مۆر) ی یاری بەشێوەی شەشپاڵو دروست کراون، بەڵام (موروو) لەگەڵ (زاروو)بە شێوەی گۆیی (ڕستە- ڕشتە)یانسازێنراوە. ئەوەی کە بە موروو سازێنراوە، واتای خشڵی لەخۆگرتووە، وەک (ملوانکە)، بەڵام ئەوەی کە بە (زاروو) سازێنراوە، واتایەکی دیکەی لە خۆگرتووە،و بە دیواری ماڵاندا هەڵدەواسرێت، بۆ دژی چاوپیسی و پێی دەگوترێت (چاوەزار). کاتێک کەوشەی (موروو) گۆڕاوە بۆ (مورق)، وشەی (موری) لێکەوتۆتەوە. بەو خشڵەی کە دەکرێت بە بەرۆکەوەدەگوترێت

هەواڵنامەی کتێب

(بەرمورە) یان (بەرموری)، بە و خشلّەی کەلە بەشی خوارەوەی پوز دەکرێت، جگە لە (پاوانە)، (پامورە) و (پاموری) یشی پێدەگوترێت.

هەروەها (مۆر) بەشێوەی بازنەییش بڕدراوە و نووسینی لە سەرهەڵکەندراوە و بەشیوەی (ختم٠ طمغة) بەکارهاتووە. ئەو مەرەکەبەی کە بەکارهێنراوە ڕەنگێکی شینی تۆخی هەبووە، کە بە کوردی پێیدەگوترێت (کەو) یان (کەوە)*. هەردوو وشەی (مۆر) و (کەو) ئاوێتەکراون و وشەی (مۆرەکەو)ی لێسازێنراوە، دواتر وشەکە گۆڕاوە بۆ (مەرەکەو)، (مەرەکەڤ)، (مەرەکەب). بنۆڕە کە چۆن واتاکان گۆڕاون! دوای ئەوەی وشەی (مۆر) واتای پارچە ئێسقان لە دەست دەدات، واتاکەیدەبێت (طمغة)، لە بەر ئەوەی کە ڕەنگی (طمغە) کە شینێکی تۆخ بووە، جارێکی دیکە واتای مۆر دەگۆڕێت و بە واتای ڕەنگی شینی تۆخ دێت، ئەگینا لە زمانی کوردییدا هیچ ڕەنگێک نییە کە ناوی مۆر بێت، بەڵکو ئەسڵی وشەکە برێتییە لە (کەو- کەوە). هەروەها وشەی (مۆرەکەو- مەرەکەو) یش کە بەمانای (طەمغەی شین) دێت، واتاکەی گۆڕاوە و واتای (حبر) ی لە خۆگرتووە.

وشەی (مۆرک) یش لێرەوە هاتووە. بۆنموونە دەگوترێت: فلانە کەس مۆرکی خیانەت بە تەوێڵیەوەیە. شایانی ئاماژەیە کە وشەی (وصمة العار) ی عەرەبییش، لە (ڤەثمە- وەثمە)ەوە هاتووە، کە ئەمڕۆ پێیدەگوترێت (وسمە) یان (وزمە) کە بۆ ڕەنگکردنی موو بەکاردێت و بۆ(طمغە)یش بەکارهاتووە، لە دوای گۆڕانی دەنگی (ڤ) بۆ (و) و (ب) هەردوو وشەی (وصمة) و(بصمة) ی لێکەوتۆتەوە، هەروەها، بەهۆی گۆڕانی دەنگی (ث) بۆ (ش)، وشەی (وشمة) یش کەوتۆتەوە. کە (بصمة) واتای مۆری پەنجەی لە خۆ گرتووە، (وصمة)یشواتای مۆری تەوێڵی لە خۆگرتووە، (وشمة) یش واتای کوتانی خاڵی لە خۆ گرتووە، کە پێی دەگوترێت (وشـم).

(کەو- کەوە)* بە گوێرەی نەخشەی ڕۆکیرۆ، بێخەکەی (کەڤوخ) بووە، کە دواتر پەرش بووە بۆ (کەڤوخ) و (کەڤوث)، دواتر گۆڕاوە بۆ (کەڤوهـ) و (کەڤوت)، دواتر گۆڕاوەبۆ (کەووە) و (کەڤود)، دواتریش (کەڤود) گۆڕاوە بۆ (کەبود). شایانی ئاماژەیە کە ڕەنگی (مێشی) ش واتای (کەوە) ی هەبووە، هەر بۆیە ئەو خۆڵەی کە لە پاشماوەی سوتانی داردا دروستدەبێت، لە هەندێ ناوچە پییدەڵێن: (خۆڵە مێش- خۆڵەمێشی)، وە لە هەندێ ناوچەش پێیدەڵێن: (خۆڵەکەو- خۆڵەکەوە).

شیگەریی وشەی (ئەژنۆ)

بە گوێرەی نەخشەی ڕۆکیرۆ، بێخی وشەی(ئەژنۆ)، برێتی بووە (ثنق)، کە بەمانای (جومگە، مفصل، Joint) هاتووە.تا ئێستا ئاماژەمبە سێ پیتی دولفانە کردووە.یەکەمجار نموو نەم لە سەرهەندێ وشە هێناوەتەوە. کە یەکێک لە وێت دولفانەکانی تیدابووە. دواتریش هەندێ وشە کە دوو پیتی دوولفانەی تیدا بووە.بەڵام وشەی (ثنق)وشەیەکی ئاڵۆزە و، نەک هەر سێ پیتی دولفانەی تیکەوتووە،بەڵکو « پەیڕەوی هانەونا» یشی تیکەوتووە.

لە کاتێداکە پیتیدوولفانەی (خ) پەرش دەبێت بۆ (خث) و(خ) و (ث).وشەی (ثنق) دەبێت بە: (خثنق- خنق- ثنق).

وە لە کاتێکدا کەپیتی دوولفانەی (ق)پەرش دەبێت بۆ (یو)، (و)، (ی)، ئەم وشانەمان بۆ دەردەچێت: (خثنیو)، (خثنو)، (خثنی)، (خنیو)، (خنو)، (خنی)، (ثنیو)، (ثنو)، (ثنی).

دوای ئەوەی کە بەهۆی پیتی دوولفانەی (ن)ەوە، دەنگی (ث) دەگۆڕێت بۆ (ڵ)، لە وشەکانی (خثنیو)،(خثنو)،(خثنی) یەوە، ئەم وشانەمان بۆ دەدەچێت: (خڵنیو)، (خڵنو)، (خڵنی).

وشەی (ثنو)،کە وشەکانی (زنو) و (ژنو)ی لێکەوتۆتەوە. دواتر بە گوێرەی « پەیڕەوی هانەونا»وە، لە زمانی کوردییدا وشەی (ژنو) گۆڕاوە بۆ (ئەژنو- ئەژنۆ). هەروەها وشەی (زنو) یش لە زمانی فارسییدا بووە بە (زانو). هەروەها وشەی (ثنیو)بەشێوەی (Genou) کەوتۆتە زمانیفەرەنسییەوە، کە هەروەکو (ژنو) ی کوردی لەڤز دەکرێت، وە بە شێوەی (Genu)(جەینو) کەوتۆتە زمانی لاتینییەوە،هەروەها دوای ئەوەی کە وشەی (خثنی) گۆڕاوە بۆ (گوثنی)،لە زمانی ئوردوییدا بووە بە (گوتنی)، وە دواتریشوشەکە گۆڕاوە بۆ (گوثنا) ولە زمانی هیندییدا گۆراوە بۆ (گوتنا- ????).

هەروەها لە وشەکانی (خڵنیو) و (خڵنو) و (خڵنی) یەوە، لە زمانە سلاڤییەکاندا ئەم وشانە کەوتوونەتەوە: لە زمانی سلۆڤاکییدا (کۆلێنۆ- koleno)،لە زمانی پۆڵۆنییدا (کۆلانۆ- kolano)، لە بێلاڕووسییدا (کالینا- калена)، لە زمانی ڕووسییدا (کالیەنا-колено).

هەرچەندە وشەی (ئەژنۆ) لە بە واتای (جومگە- مفصل) هاتووە، بەڵام دواتر واتای جومگەی نێوان ڕان و ساقی پێی لە خۆگرتووە. بە هۆی هەمان پەیڕەووی سەرەوە کە برێتی بوو لە (ثنو- ژنو- ئەژنۆ) وشەی (ثنی) یش گۆڕاوە بۆ (زنی)، (ژنی)، (ئەژنی).

هەروەها وشەی (خنی) لە زمانی ئەڵمانییدا بووە بە (کنی- Knie)، لە زمانی نەرویجییشدا بووە بە (کنێ- Kne)، وە لە زمانی ئینگلیزییشدا بووە بە (کنی- Knee) بەڵام بە (نی) دەخوێندرێتەوە، بۆچی؟!

گەر سەرنجی ئەم وشانە بدەین لە زمانی ئینگلیزیدا: (knot, knife, knight, knee) هتد... کە بریتیین لە (کنی، کنایت، کنایف، کنۆت)، بەڵام بە شێوەی (نی، نایت، نایف، نۆت) دەخوێندرێنەوە. هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە ئەسڵدا پیتی(ک) برێتی بووە لە (خ)، کە بە (k) نووسراوە، کە دواتر پیتی (خ) گۆڕاوە بۆ (ه)، وە دواتریش دەنگی (ه) کەوتووە. بەڵام بە شێوەی نووسین پیتی (خ) واتا (K) لە شوێنی خۆی ماوەتەوە. کەواتە ئەو وشانەی سەرەوە لە ئەسڵدا برێتی بوونە لە (خنی، خنایت، خنایف، خنۆت)، دواتر گۆڕاون بۆ (هنی، هنایت، هنایف، هنۆت). دواتریش دەنگی (ه) کەوتووە. بنۆڕە وشەی(هۆش)، کە وشەی (هۆشیار)ی لێسازێنراوە، دواتر دەنگی (ه) کەوتووە و گۆڕاوە بۆ (وشیار). هەروەها بنۆڕە وشەی (خورو) لە چاوگی (خوراندن) ەوە هاتووە، دواتر لە باری ناوی چاوگدا بووە بە (خوروش)، کە دواتر وشەی (خرۆش) ی لێکەوتۆتەوە. دوای

ئەوەی کە گۆڕاوەبۆ (هوروش)، وشەی (هوروشاندن- هوروژاندن) ی لێکەوتۆتەوە، دواتریش کە دەنگی(ھ) کەوتووە، وشەکە گۆڕاوە بۆ (وروژاندن)،شایانی ئاماژەیە کە بە پێی نەخشەی ڕۆکیرۆ، وشەی (وروکاندن) یش لێرەوە هاتووە.

ئێستا گەر بگەڕێینەوە بۆ بێخی وشەی (ئەژنۆ) کە ئەم وشانەی لێکەوتبوونەوە(خنو، خنی، ژنو، ژنی). وشەی (خنی) کە لە زمانی ئینگلیزیدا بە شێوەی (کنی- Knee) دەنووسرێت، گۆڕاوە بۆ (هنی)، دواتریش گۆڕاوە بۆ (نی). هەڵبەتە لە زمانی کوریشدا بە هەمانشێوە، وشەی (خنی) گۆڕاوە بۆ (هنی)، بەڵام ئەم وشەیە پوکاوەتەوە و بە شێوەی سادە ئەم وشەیە بەکارنایەت. بەڵام خۆشبەختانە شوێنەواری ئەم وشەیە لە ناو وشە ئاوێتەکاندا ماوە. هەر بۆ یە بە جومگەی نێوان قۆڵ و مەچەک گوتراوە (هنیچک- هەنیچک)، واتا (ئەژنۆ بچکۆلە) یان (جومگە بچکۆلە)، کەدواتر ئەم وشەیە گۆراوە بۆ (هەنیشک) و(ئەنیچک) و(ئەنیشک).

وشەی (ڤیل)، کە بەمانای (کلک و پەنجە)هاتووە» لە ئەسڵدا پەنجە برێتییە لە کلکی دەست، واتا هەر دەستێک پێنج کلکی هەیە». دواتر وشەی (ڤیل) پەرش بووە بۆ (خیل) و (ثیل).دواتر وشەی (خیل) گۆڕاوە بۆ (کیل) و بۆ بچووککردنەوەش بووە بە (کیلک- کلک)، وشەی (کلک)لە زۆربەی زارەکاندا بە مانای پەنجە دێت، بنۆڕە وشەی (کلکەوانە) کە بەمانای (ئەنگوستیلە) دێت. کە هاوشێوەی (لوتەوانە، پوزەوانە، کۆڵوانە) یە.هەروەها وشەی (ثیل) یش لە عەرەبییداگۆراوە بۆ (ذیل)،لە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیشدا بووە بە (تیل)، کە وشەی (Tail) لە زمانی ئینگلیزییدا بە مانای کلک دێت و لە زمانی کوردییشدا بەمانای پەنجە دێت، کە لە زاری کرمانجییدا بە هۆی جێگۆڕکێی پیتەکانەوە بووە بە (تلی)، بنۆڕەوشەی (تیل لیدان)،لە یاریی ماتانێدا بە مانای (پەنجە لیدان) دێت. وەک پێشتر بینیمان کە وشەی (هەنیچک- ئەنیشک) بەمانای (جومگە بچکۆلە) هاتووە، لەگەڵوشەی (کیل) کە بەمانای (کلک) هاتووە، ئاوێتەکراوە و وشەی (کیل هەنیچک) ی لێسازێنراوە، کە بەمانای (جومگەی کلک) دێت،کەدواتر وشەکە گۆراوە بۆ (کیلێنچک).

وەک لە بابەتی پێشوتردا ئاماژەم بە وشەی(زار) داوە، کە بەمانایبڕگەیەکی ئێسقان دێت.وشەی (زار) لە گەل (هنی) دا وشەی ئاوێتەی (زارهنی) ی لیکەوتۆتەوە، کەدواتر گۆڕاوە بۆ (زرانی)، کە لە زارەکانی هەورامی و کەڵهوڕییدا بە مانای (ئەژنۆ) دێت. هەرچەندە لە بنەڕەتدا وشەی (زرانی) بە واتای ئەژنۆ نە هاتووە. بە ڵکوواتای ئەو ئێسقانەی هەبووە کە بەسەر جومگەی ئەژنۆوەیە، چونکە(زار) بەمانای ئێسقان دێت و (هنی) یش بە مانای (ئەژنۆ) دێت، کە ئەمرۆ ناوێکی دەستکردی بۆ داڕێژراوە، ئەویش (کڵاوەی ئەژنۆ) یە، ئیدی خودی (زرانی) واتای ئەژنۆی لە خۆ گرتووە.

هەروەها ئەو جومگەیەی کە کەوتۆتە نێوان پێ و پوزەوە کە بەهەڵە پیی دەگوترێت (قولەپێ)، چونکە خودی (قول) بە مانای (پێ) دێت و کە ئەسڵی وشەکە برێتییە (کوڵ) لە وشەی (قاچ) وە وەرگیراوە، کە پێشتر ئاماژەم بە چۆنییەتیی گۆڕانی ئەم وشەیە داوە، بنۆرە (قاچ وقول) کە وشەی

قاچیش له ئەسڵدا (ساک) بووه، که وشەکانی (ساق، لاق، لەقە،لگد،Leg، شاق، شەق)ی لێکەوتۆتەوە، دواتریش له (شاق) وەوشەی (قاچ) کەوتۆتەوە. پێشتر بە جومگەی قول گوتراوە(هنی) ی (قول -کوڵ)، (هنیقول- هنیکول)، واتا ئەژنۆی قول، یان جومگەی قول، که بە ئینگلیزی دەبێتە (ئەنکڵ- Ankle).

هەروەها بە جومگەی شانگوتراوە (هەنگڵ)، هەرچەندە ئەم وشەیە ئێستا بەکارنایەت و پوکاوەتەوە، له بری ئەوە هەر دەگوترێت (جومگەی شان)و هیچ ناوێکی تایبەت نییە بۆ ئەم جومگەیە. بەڵام بە بەشی ژێرەوەی ئەم جومگەیەدەگوترێت: (بن هەنگڵ – بنهەنگڵ)، شایانی ئاماژەیە کەبە نوشتانەوەی جومگە، گۆشەی ئەندازەیی پێکدێت، که بە زمانی ئینگلییزی برێتییە له (ئەنگڵ- Angle).

_درێژەی هەیە...

هەواڵنامەی کتێب

یاسای ناوکاتیی و هاوکاتیی
لە زمانناسی یونڤێرساڵدا

و: مستەفا غەفوور

ئایا لە زمانناسیدا ڕووداوەکان لە ڕێگەی یاساوە چارەسەر دەکرێن، ئەگەر وایە ئەو یاسایانە چین و چۆنن؟ بەو پێیەی زمان ئۆرگانێکی کۆمەڵایەتییە، هەر وەک ئەو یاسا و کۆتوبەندانەی بەسەر کۆمەڵگادا زاڵە، دەتوانین بڵێین یاسا و ڕێسایەک بەسەر زمانیشدا زاڵە. بەو پێیە هەر یاسایەکی کۆمەڵایەتی دوو خەسڵەتی فەرمانی و گشتیبوونی هەیە، ئایا یاسا زمانناسییەکان دەکەونە خانەی ئەم پێناسەوە؟ بە پێی ئەوەی وتمان یەکەمین هەنگاو، لێکجیاکردنەوەی سنوور و پانتایی هاوکاتیی و ناوکاتییە. لێرەدا دوو پرس دێنە بەردەممان، کە نابێ تێکەڵ بەیەک بکرێن. لە ڕاستیدا تاوتوێکردنی یاسای زمانیی وەک گرتن و لە داوهاویشتنی تارمایی وایە.

لیرەدا ئاماژە بە چەند نموونە دەکەین کە لە زمانی گریکیی وەرگیراوە و لەم نموونانەدا هەردوو جۆری زمانناسی هاوکاتی وناوکاتی بە ئەنقەست تێکەڵ بەیەکتر بوون:

١) دەنگە ڤاوڵە کێشراوەکانی هیندو ئەورووپی گۆڕاون بۆ ناڤاوڵی کێشراو: dhuomos بۆ thumous/ bhero بۆ phero....

٢) هێز هەرگیز ناکەوێتە سەر برگەی پێش کۆتایی

٣)تێکڕای وشەکان بە ڤاوڵێک یان بە –s– ,n– ,r کۆتاییان دێت. کۆنسۆنانتەکان چیتر ناکەونە ئەم شوێنە.

٤) دەسپێکی پێش ڤاوڵەکە گۆڕاوە بۆ h(هەناسەیی ناودەم)، وەک: septm (septem) لاتینی گۆڕاوە بۆ hepta واتە حەوت.

٥) (m–) ی کۆتایی گۆڕاوە بۆ (n–)، وەک، jogum بۆ zugom، بڕوانە وشەی لاتینی jugum.

٦) دەنگە کۆسپەکییەکانی کۆتایی لەناوچوون، وەک: guanik بووە بە guani، epheret بووە بە epheront، ephere بووە بە epheron.

لێرەدا ئەوەی بە ناوی یاسای (١) هاتۆتە ئاراوە یاسای ناوکاتییە: گۆڕاوە بۆ و...، و یاسای (١) پەیوەندی نێوان وشە و هێز ڕوون دەکاتەوە، جۆرێک لە گرێبەست لە نێوان دوو یەکەی پێکەوەژیاو هەیە، کە یاسای هاوکاتییە. لە حاڵەتی سێهەمیشدا پرسەکە هەر بەم شێوەیە، چونکە بەستراوەتەوە بە یەکییەتی وشە

و کەرەستەی کۆتایی وشەکە. یاساکانی ٥،٤، ٦ ناوکاتیین، هەرچی (s) گۆڕاوە بۆ (h) و (-n) جێگای (-m) ی گرتۆتەوە و t و k ئەوانی تر بێ ئەوەی هێزەکەیان لە شوێنی خۆیان بەجێبهێلن، لەناوچوون. سەرەڕای ئەوەش پێویستە بزانین یاسای (٣) لە یاساکانی (٤) و (٥) ـەوە هاتووە، دوو رووداوی ناوکاتی و یەک رووداوی هاوکاتیان ئافراندووە.

کاتێک ئەم دوو یاسایە لێکجیا دەکەینەوە، دەبینین یاساکانی ٢ و ٣ سەبارەت بە یاساکانی ١، ٤ و ٥ سروشتێکی دیکەیان هەیە. یاسای هاوکاتی گشتی و هەمووەکییە بەڵام داسەپاو نییە. دیارە ئەم یاسایە بە هۆی سنووردداربوونی لە رێکاری گشتیدا، خۆی بەسەر تاکەکاندا دەسەپێنێ، بەو مانایە نا کە مەبەستی ئێمە ئەوە نییە بەزۆر بەسەر ئاخێوەراندا بیسەپێنین، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە (لەناو زماندا) لە هەر شوێنێک ریتمێک هەبێ، هیچ هێزێک ئەو ریتمە بۆ هەمیشە ناپارێزێ. یاسای هاوکاتی کە گوزارست و دەربڕینی سادەی ریتمەکەیە، تەنیا ئەو دوخە نیشان دەدات کە لە ئارادایە. ئەم یاسایە لە سروشتی خۆیدا وەک یاسایەکە کە دەڵێ: درەختەکانی باغێک پینج پێنج چێنراون. شێوازێک کە ئەم ریتمە دەردەخات، وەک ئەو هۆکارەیە کە داسەپاو و جێگیر نییە. بۆ نموونە هیچ شتێک ئەوەندەی یاسای زاڵ بە سەر هێز لە زمانی لاتیندا، رێکوپێک نییە (ئەو یاسایەی کە بەوردی هاوشێوەی یاسای ٢ وە)، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو رێسایەی لەسەرەوە باسمان کرد، لە بەرامبەر فاکتەرەکانی گۆڕانکاریدا خۆڕاگر نییە و لەبەرامبەر یاسایەکی نوێ واتە یاسایەکی ناو زمانی فەرەنسی، خۆی رادەست کردووە. بە کورتی کاتێک لە چوارچێوەی هاوکاتیدا باسی یاسا دەکەین، مەبەستی سەرەکی جۆرێک رێکخستن و بنەڕەتی دەرخستنی ریتمەکەیە.

بە پێچەوانەوە یاسای ناوکاتیی، جۆرە یاسایەکی تۆکمە لەبەرچاودەگرێ بەرهەمهێنەری کاریگەریی تایبەت و ئەو گۆڕانکارییەیە کە روویداوە. بەڵام خەسڵەتی پابەندبوونی واتای یاسا سەبارەت بە رووداوەکانی گۆڕانکاریی بەس نییە، کاتێک ئاخاوتن دێتە پێشەوە کە کۆمەڵێک رووداوی پێکپەیوەست، پەیڕەوی یەک رێسا بکەن. رووداوەکانی ناوکاتیی لەگەڵ ئەوەشدا لە رواڵەتدا دژپێکن هەمیشە و رێکەوت و تایبەتن.

ئەم پرسەش لە رووداوە مانابییەکاندا یەکسەر دەردەکەوێ. بۆ نموونە ئاشکرایە ئەگەر لە فەرەنسا poutre واتە ماین مانای (پارچە تەختە، داردەست)ی هەڵگرتبێ، بە هۆی هێندێک هۆکاری تایبەتییەوەیە و بەو گۆڕانکارییانەوە نەبەستراوەتەوە، کە دەکرا لە هەمانکاتدا بەدیارکەون. ئەمە تەنیا یەکێکە لە رووداوە رێکەوتەکان، کە مێژووی زمانێک دەیسەلمێنێ.

سەبارەت بە گۆڕانکاریی گەردانیی و سینتاکسیی، بابەتەکە روون نییە. لەکاتماوەیەکی تایبەتدا تێکڕای فۆڕمە بکەرییەکانی زمانی دێرینی فەرەنسە لابراون. ئایا لێرەدا کۆمەڵێک رووداومان دەسناکەوێ کە پەیڕەوی یاسایەک بکەن؟ نە خێر لە ژێر تێکرای ئەم پرسانە، جگە لە دەرکەوتنی جۆراوجۆری رووداوێکی تایبەت و دەگمەن بەو لاوە شتێکی تر نییە. لێرەدا واتای دۆخی بکەریی گۆڕانی بەسەرداهاتووە و لەناوچوونەکەی سرینەوەی کۆمەڵێک فۆڕمی هدوادا هاتووە. بۆ کەسێک کە تەنیا رواڵەتی زمان دەبینێ، ئەم دیاردە دەگمەنە لە زۆری دەرکەوتنەکانی خۆیدا نفووم بووە، لەکاتێکدا ئەو دیاردەیە لە قووڵایی سروشتی خۆیدا دەگمەنە و روونکەرەوەی رووداوێکی مێژووییە، کە هەروەک گۆڕانی مانای poutre لە بەش بە حاڵی خۆی تاکە. دیاردەیەکی ئاوا تەنیا کاتێک رواڵەتی یاسایەک بە خۆیەوە دەگرێ، کە لە سیستمێکی زمانییدا جێبەجێ بکرێ. ریتمی پایەداری دەزگای زمان، هەم وەهمە وەدینێ کە رووداوی ناوکاتیی، پەیڕەوی هەمان مەرجەکانی هاوکاتی دەکات. لە کۆتاییدا پێویستە بڵێین، سەبارەت بە گۆڕانکاریی دەنگیی پرسەکە بە هەمان شێوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام سەبارەت بە یاسا دەنگییەکان دەدوێن. لە راستیدا دەتوانیین ببینین لە کاتێکی دیاریکراو و ناوەندێکی دیاریکرودا، تێکڕای وشەکانی خەسڵەتێکی دەنگییک نیشان دەدات، بە شێوەی یەکسان گۆڕاون. بۆ نموونە یاسای (١- دەنگە ڤاوڵە کێشراوەکانی هیندو ئەورووپی گۆراون بۆ ناڤاوڵی کێشراو: (dhuomos بۆ thumous) کاردەکاتە سەر تێکڕای ئەو وشە یۆنانییانەی دەنگەڤاوڵی کێشراویان هەیە (بڕوانە گۆڕانی nebhos بۆ nephos، angho بۆ ankho، medhu بۆ methu) یاسای ٤ (septm بۆ hepta) سەبارەت بە sus بۆ hus، serpo بۆ herpo، و تێکڕای ئەو وشانەی بە (s) دەسپێدەکەن، راستە. ئەم ریتمەکە هێندێک جار گومانی

لێدەکرێ، بە بڕوای ئێمە بە تەواوی سەلمێنراوە. سەرەڕای ئەو هەڵبواردانەی دێنە بەرچاو، ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە مسۆگەر و خێو لێ لادانیان مەحاڵە. چونکە ئەو هەلابواردانە یان بە یارمەتی یاسای تایبەتی تر دەسەلمێنرێن، یان بەیارمەتی دیاردەی جۆری تر (وەک پێوانە و شتی تر). بەم پێیە، وێدەچێ ئەو پرسەی سەرەوە، لەگەڵ ئەو پێناسەی وشەی یاسا کە لەسەرەوە هاتووە، یەکبگرێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای ژمارەی ئەو حاڵەتانەی یاسایەکی دەنگییان تێدا پڕاکتیزە دەکرێ، تێککڕا ئەو ڕووداوانەی دێنە ئاراوە تەنیا دەرکەوتنی ڕواڵەتێکی تایبەتی و تاکە.

پرسی بنەڕەتی ئەوەیە بزانین ئایا ئەو وشانە تووشی گۆڕانکاری ئاوازی گوتن دەبنەوە یان تەنیا گۆڕانی دەنگ؟. گومانێک لە وەڵامدانەوەی ئم پرسیارەدا نییە، لەم وشانەدا nephos، methu، ankho، دەردەکەوێ کە دەنگەڤاوڵی کێشراوی هیندوئەوروپی، دەگۆڕێن بۆ کێشراوی ناڤاوڵیی، یان گۆڕانی (s) دەسپێکی زمانی یۆنانی کۆن بۆ (h) و... هیتر. هەریەک لەم ڕووداوانە تاکن و لە ڕووداوەکانی تری لەم جۆرە جیاوازن و سەربەخۆن یان هیچ پەیوەندییان بەو وشانەوە نییە، کە ئەم دەنگانەیان تێدا بەکاربراوە.

ئاشکرایە جەوهەری دەنگیی تێکڕای ئەم وشانە گۆڕانی بەسەر داهاتووە، بەڵام نابێ ئەم بابەتە سەبارەت بە سروشتی ڕاستەقینەی ئەم دیاردەیە بمانخاتە هەڵەوە.

ئێستا بۆ سەلماندنی ئەم پرسە پێویستە چ بنەمایەک لەبەرچاو بگرین، کە خودی وشەکان دەستیان لە گۆڕینکاری دەنگەکانیاندا نییە؟ دەکرێ ئەمە بە بنەما وەربگرین، کەئەم گۆڕانکارییانە بۆ وشەکان نامۆن و کاناکەنە سەر جەوهەری سەرەکی وشەکان. یەکییەتی وشە تەنیا لە یەکە دەنگییەکان دروست نەبووە و پەیوەندی بەخەسڵەتی تری غەیری سروشتی فیزیکییەوە هەیە. گریمان تەلێکپیانۆ کۆک نەکراوە، هەرکاتێک ئاوازیک بەو پیانۆیە لێبدەین، نۆتێکی ناڕێک بەرگویمان دەکەوێ. ئەم ناڕکییە لە کوێوە هاتووە؟ ئایا لە خودی ئاهەنگەکەوە هاتووە؟ نەخێر، ئەم پرسە هیچ پەیوەدییەکی بە ئاوازەکەوە نییە، بەڵکو گرفتەکە لە خودی پینۆیەکە دایە. لە فۆنۆلۆجیشدا پرسەکە بە هەمان شێوەیە.

دەزگای یەکەی دەنگیی ئێمە وەک ئامێرێکی موزیکە، بە چەنینی ئەو موزیکە وشەی زۆر بەرهەمدێن، ئەگەر یەکێک لەو فاکتەرانە گۆڕانی بەسەردا بێ، دەرەنجامی جۆراوجۆرمان دەداتێ، بەڵام ئەم پرسە وەک خۆی، کارناکاتە سەر ئەو وشانەی ئێمە وەک ئاواز دەیانچڕین.

بەم شێوەیە دیاردەی ناوکاتیی رووداوگەڵی تایبەتن، هەر جێگۆڕکێیەک لە دەزگای زماندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رووداوانەی، نەک هەر بۆ دەزگای زمانیی نامۆن، بەڵکو دەگەمەنن و نەزمێک بۆ خۆیان دەخوڵقینن.

بەکورتی، رووداوە هاوکاتییەکان هەرچیەک بن، نیشاندەری جۆرێکی نەزمن، بەڵام هیچ خەسڵەتێکی داسەپاوییان نییە، بە پێچەوانەوە رووداوە ناوکاتییەکان بەسەر زماندا دەسەپێن بەڵام گشتگیر نین.

کورتی و کرمانجیی، ئەوە هەر ئەو دەرەنجامەیە کە ئێمە دەمانویست پێی بگەین: هیچ کام لەم دوو کۆمەڵ رووداو، بە پێی ئەو لێکدانەوەی سەرەوە، پەیڕەوی یاسا نین، بەڵام ئەگەر بمانەوێ سەرەڕای هەموو ئەمانە باسە یاساگەلی زمانیی بکەین، ئەم زاراوەیە بەو پێیەی بۆ ئەم کۆمەڵە کەرەستە یان ئەو کۆمەڵە رووداوانە بەکارهاتووە، مانای جیاوازمان رادەست دەکات.

هەواڵنامەی کتێب

دەرەنجام

لەسەر بنەمای ئەوەی وتمان، زمانناسی لەسەر دووریانی دووهەم وەستاوە. ئێمە سەرەتا ناچاربووین بە بژاردەی نێوان زمان و گوتار بووین و ئێستا لە خاڵی ئەو بەسیەکگەیشتنانەین کە یەکێکیان بە ناوکاتیی و ئەویتریان بە هاوکاتیی کۆتایی دێ.

کاتێک ئەم بنەما دووفاقییە رێکخراوە پەسند بکەین، دەتوانین بڵێین کە هەرچی پەیوەندی بە ناوکاتیی زمانەوە هەیە ئەوا تەنیا لە گوتتندا راستە. لە راستیدا تەنیا لە گوتان دایە کە تۆرەمەی تێکڕای گۆڕانکارییەکان هەوێن دەگرێ، هەر یەک لەو گۆڕانکارییانە پێش گوتن و گوتوبێژ، لە لایەن هەندێ کەسەوە بۆ یەکەمین جار بەکارهاتووە. زمانی ئەڵمانی مۆدێرن دەڵێ: ich war, wir waren کەچی گەردانکردنی ئەم کردارانە تا سەدەی شانزدەهەم لە زمانی ئەڵمانیدا هەر ئاوا: ich war, wir waren بووە. (کەچی فۆرمە ئینگلیزییەکەیان هێشتا I was و we were) ـە.

چۆن war جێگای was ی گرتۆتەوە؟ هێندێک لە ئاخێوەران لە ژێر کاریگەریی بە پێوانەی دایانڕشتووە. ئەمە رووداوێکی گوتن بووە، ئەم فۆڕمە دووبارە بۆتەوە و دواتر کۆمەڵگای زمانیی پەسندی کردووە و بووە بە رووداوێکی زمانیی. بەلام تێکڕای داهێنانە نوێیەکان بەم شێوەیە سەرکەوتوو نەبوون و تا تاکە کەسێک بمێنی ئاوڕیان لێنادرێتەوە، چونکە زمان تاوتوێ دەکەین، تا ئەو کاتەی کۆمەڵگای زمانیی پەسندیان نەکات، ناکەونە پانتایی تێڕوانینی ئێمە.

هەمیشە پێش گۆڕانکارییەک، رووداوێک یان کۆمەڵێک رووداوی هاوشێوە لە گوتندا هەیە. هەم بابەتە بە هیچ شێوەیەک ئە جیاوازییە پوچەڵ ناکاتەوە، کە ئێمە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، تەنانەت پشتیوانیشی دەکات، چونکە ئێمە لە مێژووی هەر داهێنانێکی نوێدا تووشی دوو چرکەساتی جیاواز دەبین:

یەکەم: ئەو چرکەساتەی داهێنانەکە لە رێکاری کەسێکدا دێتە ئاراوە، دووهەم: کات داهێنانە بۆتە رووداوێکی زمانیی. لێرەدا فۆڕمی نوێ هەر ئەویە کە بەکاردەبرێ و کۆمەڵگای زمانیی پەسندی کردووە.

ئەم هێلکارییەی خوارەوە ئەو شێوە لۆجیکییەیە کە دەبێ زماننناسی لەبەرچاوی بگرێ:

هاوکاتیی

زمان

هێزی گوتن (نوتق) ناوکاتیی

گوفتار

دەبێ ئەو قبوڵ بکەین شێوەی تیۆری و پێویستیی زانستێک، هەمیشە ئەوە نییە کە پابەندی پڕاکتیکی بەسەرماندا دەیسەپێنێ، لە زمانناسیدا پتر لە هەر زانستێکی تر ڕووبەڕووی ئەم پابەندییانە دەبینەوە. ئەم پابەندییان تارادەیەکە ئەم شێواوییەی ئێستامان لە پرسی لێکۆڵینەودا پشتڕاست دەکاتەوە. تەنانەت تێکڕای ئەو پابەندییانەی لێدا خرانە ڕوو، یەکجار بۆ هەتا هەتایە پەسندیان بکەین، دیسانەوە ناتوانین لەسەر بنەمای خستنە ڕووی ئەم پرسە، ئاڕاستەیەک بە لێکۆڵینەوکانی خۆمان ببەخشین.

بۆ نموونە لە تاوتێکردنی پرسی هاوکاتیی لە زمانی کۆنی فەڕەنسیدا، زمانناس ڕووبەڕووی ڕووداو و پرنسیپی ئەو تۆ دەبێتەوە کە هیچ پەیوەندی ولێکچوونێکیان لەگەڵ مێژووی ئەم زمانەدا، لە سەدەی سیزدەهەمەوە تاسەدەی بیستەم، نییە. بە پێچەوانەوە ڕووبەڕوی ئەو ڕووداو و پرنسیپانە دەبێتەوە کە لە شرۆڤەی زمانی بانتۆ یان زمانی یۆنانی ئاسینای (٤٠٠) چوارسەت ساڵ پێ زایین، یان لە کۆتاییدا لە شرۆڤەی زمانی فەرەنسای ئەمڕۆدا بەکاردەبرێن، چونکە ئەو شرۆڤانە لە سەر بنەمای پەیوەندی هاوشێوە بونیادنراون. ئەگەر هەر زمانێک سیستمێکی داخراو بێت، تێکڕای زمانەکان خاوەنی زنجیرەیەکە پرنسیپی نەگۆڕ و جێگیر دەبن، ئەو پرسنیپانەی لەگوزەر لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بەردەوام دەیاندۆزینەوە، ئەویش لەبەر ئەوە لق یان بەشیی لێکۆڵینەوەکانی خۆمان نەگۆڕیوە. لە لێکۆڵینەوە مێژوویەکانیش پرسەکە بە هەمان شێوەیە. ئەگەر قۆناغێکی دیاریکراوی زمانی فەڕەنسی لەبەرچاوبگرین، لە هەموو شوێنێک ڕووبەڕووی ڕووداوگەلی ئاوشێوە دەبینەوە، کە بەراوردکردنیان بۆ سەلماندن و جێگیرکردنی ڕاستییەکانی تێکڕای لقی لێکۆڵینەوە ناوکاتییەکان، بەسە.

دوای تەواو ئەوەیە کە هەر توێژەرێک کاتی خۆی بۆ یەکێک لەم دوو لقانەی زمانناسی بەکاربێنێ و رووداوەکانی تایبەت بە هەمان لق تاوتوێ بکات. بەڵام زانینی تێکڕای ئەم زمانانە بە شێوەی پراکتیکی ئاسان نییە. لەلایەکی تر هەر زمانێک لە پراکتیکدا جۆرە یەکەیەکی لێکۆڵینەوەیە و، زاڵبوونی رووداوەکان دەبێتە هۆی ئەوەی ناوبەناو بە لە رووی هەنووکەیی مێژووییەوە تاوتوێ بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا نابێ لەبیرمان بچێ، کە ئەم یەکەی لێکۆڵینەوەیە لە روانگەی تیورییەوە شتێکی سەرپێییە، لە کاتێکدا جۆراوجۆری زمانەکان یەکییەتییەکی قووڵ دەیانگرێتەوە.

هەر رێکارێک بۆ تاوتوێکردنی زمانێک دیاری بکرێ، پێویستە هەرچۆنێک بێ هەر رووداوێک لە پاوانی تایبەتی خۆیدا بێ و رێکارەکان لەیەکتر جیابن.

ئەم دووبەشەی زمانناسی کە بەم شێوەیە پێناسەکران، هەر یەکەیان بابەتی تاوتوێکردنی ئێمەیە. زمانناسی هاوکاتیی پەیوەندییە زەینی و لۆجیکییەکان تاوتوێ دەکات، کە لەو لێکۆڵینەوەیدا کەرەستە هاوتاکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و لە زەینی هاوبەشی ئاخێوەرانی کۆمەڵگایەکی زمانییدا، دەزگایەک دەئافرێنێ.

بە پێچەوانەوە زمانناسی ناوزمانیی، ئەو پەیوەندییانە تاوتوێ دەکات کە کەرەستە یەک لەدوای یەکەکان (لە ناوکاتدا) بەیەکەوە دەبەستێت، ئەو کەرەستانەی زەینی هاوبەشی کۆمەڵگا پەیان پێ نابات و بێ دروستکردنی سیستمێک لە نێوان خۆاندا، جێگای یەکتر دەگرنەوە.

هەواڵنامەی کتێب

زمان له پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردندا

کازم عەباس زەندی

ئەم پرۆسەیە بەگرنگترین سەرچاوە بۆ خزمەتکردنی زمان و ئەو بوار و بابەتانە دادەنرێت، کە نەتەوەیەک پێی پێشدەکەوێت، بۆ چارەسەرکردنی زۆربەی ئەو گرفتانەی کە لە کۆمەڵگایەکیشدا هەیە بەخاڵی یەکلاکەرەوە دەزانرێت، چونکە بوارەکی فرەوانە، جێی باسکردنی هەموو بابەتەکی تێدا دەبێت. هەروەها بە جێگەی بەرهەمهێنان و دەرکەوتنی توانای مرۆڤەکانیش دەزانرێت، چونکە دەتوانرێت بنەماکانی بە نەتەوەبوون و پێشکەوتنی وڵات و داهاتووی نەوەکانی تێدا دابرێژرێت، لەهەمانکاتدا لەخزمەتی گەشە و دروستکردنی زمانەکی زیندووش بەکاربهێنرێت، بۆیە پێویستە بە بایەخەوە لێی بڕوانرێت، وەک زانستەک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بە فەلسەفەیەک بەڕێوە ببردرێت، کە هەموو بنەماکانی لە پێناو دروستکردنی هەستی مرۆڤایەتی و بەرژەوەندی نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و زانستی و پێگەیاندنی تاکەکی سودبەخش و نیشتمان پەروەردا بێت، بە مەبەستی پێگەیاندنی نەوەیەک بێت، کە ڕێزداربن و باوەڕیان بەخۆیان هەبێت لە هەمانکاتدا فێریش بکرێن، کە چۆن مافی خۆیان داوادەکەن و چۆن ئەرکی خۆیان جێبەجێ دەکەن.

لەم پرۆسەیەدا، زەمینەی خزمەتکردن لە دوو بواردا دەرەخسێت، کە کاریگەری لەسەر ڕۆشنبیربوونی تاک و گۆڕانی کۆمەڵگادا دەبێت، یەکەمیان پەروەردەکردنە ئەوی دیکەیان فێرکردنە، لە پەروەردەکردندا، دەتوانرێت هەستی نەتەوەیی و خۆشەویستی نیشتیمان و کەلتور و بیروباوەڕی ئایینی لە دڵ و دەروونی تاکەکاندا بچێنرێت، بەڵام لە فێرکردندا، لە پلەی یەکەمدا خزمەتی زمان دەکرێت، چونکە زمان تەوەری هەموو بابەتەکانەو خوێندن و نووسینی پێ دەکرێت ئینجا لەگەڵیدا ئامانج و مەبەستی تری پێ ئەنجام دەدرێت، هەر لەڕێی ئەم بوارەشەوە زمان زووتر سوڕی پێگەیشتن و یەک ئاڕاستەیی وەردەگرێت و قۆناغی پەرتەوازەیی تێ دەپەڕێنێت، چونکە وادەکات شێوەزارە جیاوازەکان بەخێرایی تێکەڵ و ئاشنای یەکتر ببن و ناهێڵێت زیاتر لێک دووربکەونەوە و هەرشێوەیەک بە ئاڕاستەیەک گەشەبکات، ئینجا لە دەرئەنجامدا بە هەردوو بوار نەوەیەکی تەندروست لەڕووی پەروەردە و فێربوونەوە دروست دەبێت

لە سەردەمە زۆر کۆنەکاندا داگیرکردنی خاک و سەرکەوتن و خۆسەپاندنی کۆمەڵە خەڵکەک بەسەر کۆمەڵەکی تردا بە مەبەستی سڕینەوە و تواندنەوەی زمانی یەکترنەبووە، بەڵکو لەو سەردەمدا سەپاندنی ئایین و بە کۆیلەکردنی پیاو و ئافرەت و بە تالانبردنی سەروەت و سامانی یەکتر و فراوانکردنی سنوور بۆ لەوەڕی ئاژەڵەکانیان

سەرەکیترین مەبەست و ئامانج و بە ڕەواجترین بازرگانی ئەو سەردەم بووە، بۆیە بە بێ هەستیاری و بەشێوەیەکی سروشتی تێکەڵبوونی زمان و ئاخاوتنە سەرەتاییەکان و توانەوەیان لە نێو یەکتردا شێوازەکی ئاسایی وەردەگرت، ئینجا لەپاشاندا، بە تێپەڕینی سەردەم و کاریگەرییەکانی، لە ئەنجامدا، زمانی جیاواز و سەربەخۆ و پێشکەوتووتر لەڕووی بنەما ڕێزمانییەکانەوە دروست دەبوو، هەروەها لەو سەردەمیشدا، زۆربەی میللەتان بە ژێری و لێهاتوویی سەرکردەیەک یان بە ناوی بنەماڵەیەک دەردەکەوتن، بە یەکگرتویی و بە هێزی لەشکر و سوپاش خۆیان دەپاراست، ئینجا لەگەڵ ئەمانەدا دەسەڵات و ئیمپراتۆریەتیان دروست دەکرد، بەڵام هەردەم پەروەردەکردنی خەڵک و کۆمەڵگاو ژێردەستەکانیان بەپێی ئەو بنەمایانە بووە کە لە ئایینەکدا هەبووە، چونکە لە کۆندا، بنەما ئایینییەکان هەڵسوکەوتی مرۆڤەکانیان ڕێکخستووە لە هەمانکاتدا سنورو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکانیشیان دیارکردووە، فێرکردنیشیان هەر بەو زمانە بووە، کە لە دەقەکی ئایینی بەکارهاتووە، چونکە زمانی ئایین سەرچاوەی خوێندن و نووسین بووە، ئەمەش وای دەکرد هەردەم بەڕێوەبەرانی وڵات و دەسەڵاتداران بەو زمانە فێر ببن و بۆ دەسەڵات ئامادە ببن.

ئەگەر لە ڕەوڕەوەی مێژووی نەتەوەکاندا، سەرنجی خزمەتی زمانەکان بدەین، دەبینین هەموو زمانەکان لە دوو ڕێگەوە خزمەتکراون، یەکەمیان لە ڕێی پەیڕەوکردنی بیروباوەڕەکی ئاینیەوە بووە لەو کاتەی کە شێوەزارەکیان لە دەقەکدا بەکارهاتووە، وەک ئاڤێستای وەرگێڕدراو بۆ زمانی فارسی، ئینجیلی مەسیح بۆ لاتینی، قورئانی ئیسلام بۆ عارەبی، دووەمیان لەڕێی هەبوونی دەسەڵاتەکەوە بووە کە شێوەزارەکی لە دامودەزگاکانی فەرمانڕەوایەتی بەسەر هەموو شێوەکانی دیکەدا سەپاندووە، وەک زمانی ئینگلیزی و تورکی و عیبری، چونکە بەهۆکاری ئەم دوو ڕێگەیە زمان لە خوێندن و نووسین بەکارهاتووە، هەر بەم هۆیەشەوە شێوەزارەک لەجیاتی زمان ناسراوتربووە و وەک بنەواشە ڕۆڵی لە یەکخستنی زمانەکەدا هەبووە، چونکە بەردەوام خوێنەر و ئاخێوەری شێوەزارەکانی تر هەوڵی خۆنزیکخستنەوەیان لەو شێوەزارە داوە، کە زمانی دەقە ئاینیەکە بووە یان دەسەڵاتی پێ بەڕێوە بردراوە، چونک بۆ تێگەیشتن و پەیڕەوکردنی بنەماکانی ئاینەکە پێویستییان بەوە بووە لە زمانی دەقەکە بگەن، بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندی و بژێوی ژیانیشیان پێویستییان بەوە بووە زمانی دەسەڵات فێر ببن، لە ئەنجامی ئەمەشدا ئەو زمانانە زووتر کەوتوونەتە

سەر ئەو ڕێڕەوەی کە وەک زمانەکی یەکگرتوو دەربکەون، نەک وەکو زمانەکی چەند شێوەزاری هەروەکو زمانی کوردی کە لە ئێستادا بەچەندین زار دەناسرێتەوە، چونکە لەهیچ سەردەمەکدا یەکەک لەم دوو ڕێگەیەی بۆ دەستەبەر نەبووە تاوەکو خزمەت بکرێت و ئەمیش لەشێوەزارەکیەوە سوڕی پێگەیشتنی بۆ بڕەخسێت و قۆناغی پەرتەوازەیی تێ بپەڕێنێت.

هەروەک دەزانین لە دەستپێکدا دەقی ئاڤێستا بە خەتی بزماری و بە زمانی زەردەشتی مەدییەکان نوسرابوو، بەڵام کە هەخامەنشییە پارسەکان ئیمپڕاتۆریەتی مادەکانیان لەناوبرد (٥٥٣ پ، ز)، لەسەردەمی داریۆشی یەکەم(٥٢٣ پ، ز) خەت و زمانەکەیان گۆڕی، خەتەکەیان کردە ئارامی، زمانەکەشیان کردە پارسی، چونکە خەتی ئارامی بۆ نووسین ئاسانتر بوو، گۆڕینی زمانەکەش بۆ ئەوەبوو، تا پەیڕەوکەرە هەخامەنشییەکان کە تازە هاتبوونە سەر ئایینی زەردەشتی، لە بنەماکانی ئایینەکە بگەن، چونکە لە زمانی مادەکان نەدەگەیشتن، کە ئاڤێستای پێ نووسرابوو، بەڵام ئەم کارە لە قۆناغەکانی دواتردا کاریگەری لەسەر ڕێڕەوی هەردوو زمانەکە دروستکرد، وایکرد زمانی مادەکان لە بەرامبەر زمانی پارسەکان پاشەکشە بکات و وەک زمانی ئاخاوتن بمێنێتەوە، زمانی هەخامەنشییە پارسەکان ناسراوتر بێت و جێگەی زمانی مادەکان بگرێتەوە، چونکە زمانەکەیان بووە زمانی ئایین و دەسەڵات لەیەک کاتدا و بەردەوام خوێندن و نووسینی پێ دەکرا، بۆیە لەهەموو بوارەکاندا خزمەت دەکرا، ئەمەش تاوەکو سەردەمی ئەشکانی و ساسانییەکان و داهاتنی ئیسلام بەردەوام بوو، بەڵام لە دوای سەرهەڵدانی ئیسلام دەبینین بەهەمان هۆکاری کاریگەرییەکانی زمانی ئایین، ئەمجارەیان زمانی فارسی لەبەرامبەر زمانی عارەبی پاشەکشەی کرد، چونکە قورئان بە زمانی عارەبی بوو، خوێندن و نووسینی پێ دەکرا، بەڵام هەر بە هۆی وەرگێڕانی ئاڤێستاوە، کە چەندین سەدە پێشتر ئەنجام درابوو، زمانی فارسی ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵی داکوتابوو، بۆیە لە دوای چەند سەدەیەکی دواتر زمانی فارسی توانی ڕۆڵی خۆی ببینێتەوە، هەر بەهۆی ئەو زەمینەیەی کە لە هەخامەنشییەکانەوە بۆ زمانی فارسی دەستەبەر ببوو، توانیان هاوبڕکێی زمانی عارەبی بکەنەوە لەگەڵ ئەوەی ئەوەندە وشەی عارەبیشیان وەرگرت، کە ئەگەر لە ئێستادا خاوێن بکرێتەوە، زمانەکە لە ئاخاوتن و دەربڕین لاواز دەبێتەوە، لەو کاتەوەی کە ئینجیلیش بۆ نەتەوە مەسیحییەکان بەلاتینی نووسرایەوە، دەبینین

زمانی لاتینیش بۆ نەتەوە مەسیحییەکان، کە ببووە زمانی خوێندن و نوسین، وایکردبوو هەمو زمانە نەتەوەییەکان وەک زمانی ونبوو لە چوارچێوەی ئاخاوتن بمێننەوە، بەڵام هەر لەو کاتەوەی کە زمانە نەتەوەیییەکان ئینجیلیان وەرگێڕایە سەر زمانی خۆیان، دەبینین لاتینیش لە بەرامبەر زمانە نەتەوەیییەکان پاشەکشەی کرد، چونکە لە بواری فێرکردندا جێگەی لاتینییان گرتەوە و خوێندن و نووسینی پێ دەکرا، لەمەشدا بایەخ بۆ زمانە نەتەوەیییەکان گەڕایەوە، بەلام زمانی عارەبی بۆ نەتەوە موسلمانەکان، کاریگەرییەکانی لەسەر پەیڕەوکەرانی هەر دەمێنێتەوە، چونکە ڕێگە پێدراو نییە قورئان وەربگێڕدرێتە سەر زمانەکانی دیکە، ئەمەش وای کردووە هەردەم نەتەوە موسلمانەکان پێویستییان بەفێربوونی زمانی عارەبی بێت، تاوەکو لە بنەماکانی ئاینەکە بگەن، بۆیە خزمەتی زمانی عارەبی لەلایەن پەیڕەوکەرانی ئاینی ئیسلام ئەگەر عارەبیش نەبن بۆتە کارەکی خۆنەویست، کەچی زمانی ئینگلیزی و تورکی لەگەڵ ئەوەی هیچ دەقەکی ئاینیان پێ نەنووسراوەتەوە، بەڵام بەهۆی هەبوونی دەسەڵاتی درێژخایەنەوە توانیتیان زمانەکەیان لە ڕێگەی خوێندن و نووسینەوە خزمەت بکەن، ئەگەر سەرنج بدەینە زمانی ئینگلیزی - ئەمریکی دەبینین لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا لەچەندین نەتەوەی خاوەن زمانی جودا پێک دەهێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بەویستی دەسەڵات زمانی ئینگلیزی لە خوێندن و نووسیندا بەکاردەهێت، بۆیە لەم ڕێگەیەوە توانیتیان خزمەتی بکەن و زمانەکی یەکگرتوو دروست بکەن، بە هەمانشێوە زمانی تورکیش لەگەڵ ئەوەی وڵاتەکە لە چەندین زمان و زار پێکدەهێت، بەڵام لە سەرەتای دروستبوونی تورکیای نوێ و بەهۆی دەسەڵاتەوە، لە ڕێی خوێندن و فێرکردنەوە، شێوەزاری ئەستەنبولییان بەسەر هەموو زمان و شێوەزارەکانی تردا سەپاند، ئەوەی لە چوارچێوەی سنوری تورکیادا بوو، ئەگەر تورکیش نەبوایە بە ناچاری فێرە زمان و خوێندن و نووسینی تورکی دەکرا، هەر لەم ڕوانگەیەوە جولەکەکانیش لە دواتردا بە هۆی دروستکردنی دەسەڵات لە وڵاتی ئیسرائیلدا، توانیان هەر لە بواری فێرکردنەوە زمانی تەوڕات بەکاربهێننەوە، بەمەش توانیان زمانی جولەکەیەکی ئەوڕوپی و ئاسیایی و ئەفریقی بە عیبری بگۆڕنەوە.

ئێمە لەو باوەڕەداین وەرگێڕانی ئاڤێستا و دەرهاوێشتەکانی لەگەڵ هاوڕیشەیی زمانی کوردی و فارسی، گرنگترین هۆکارە کە بۆ ئێمەی کورد بۆتە هۆی

لاوازبوونی هەستی خۆ بەجیا زانین، لە هەمانکاتدا ڕێڕەوی خزمەتی زمان و مێژووی نەتەوەکەمانی بەم ئاقارەدا برد، کە ئێستاکە دەیبینین، چونکە وایکرد دەرهاویشتە مێژووییەکان گۆڕانی بەسەردا بهێت، هەست و زمانی کورد دوابکەوێت و هەمووی بە قازانجی فارس تەواو ببێت، بەردەوام زمانی فارسی لە ڕێی فێرکردنی خوێندن ونووسین و بەکارهێنانی لە دامودەزگاکانی فەرمانڕەوایەتی خزمەت بکرێت، تا وای لێهات هەموو سەروەرییە مێژووییەکان بە ناوی فارسەوە بڕوات، هەردەم زەمینەی گرتنە دەستی دەسەڵات بۆ فارس دەستەبەر ببێت، ئینجا ئەگەر دەسەڵاتدار فارس بووبێت یا نەبووبێت، هەروەک دەسەڵاتی ئەشکانییەکان، کە زیاتر لە خێڵە مادەکان پێکهاتبوون، ساسانی و زەندەکان کە لە کوردەکان نزیکبوون و سەفەوییەکانیش لەگەڵ ئەوەی کە تورکزمان بوون، بەڵام نەیانتوانی زمانی فارسی بێ بایەخ بکەن، چونکە لە دوای وەرگێڕانی ئاڤێستا، زمانی فارسی بە تەنیا زەمینەی خزمەتکردنی بۆ دەڕەخسا، بۆیە لەهەموو زمانەکانی تر بایەخدارتر ببوو، هەر بەو هۆیەشەوە سوڕی پێگەیشتن و گەشەی ئەدەبی لەزمانەکە ڕویدابوو، بە ڕادەیەکی زۆر زیاتر لەزمانە ئێرانییەکانی تر پێشکەوتوتر ببوو، بەڵام گومان لەوەدا نییە ئەگەر ئاڤێستا وەرنەگێڕدرابووایە سەر زمانی فارسی، دەرهاوێشتەکان پێچەوانە دەبوو، بەردەوام زەمینەی گرتنە دەستی دەسەڵات بۆ نەوەی مادەکان دەستەبەر دەبوو، یان وای دەکرد لەهەرکاتەکدا ئەگەر دەسەڵات بکەوتبایەوە دەستی کەسەک لەمادو نەوەی مادەکان، ئەو کەسە یان سەرکردەیە دەیتوانی سەرلەبەری سەردەم و قەڵەمڕەوی دەسەڵات بگەڕێنێتەوە سەر ناوی مادەکان یان دەیکردە هاوبەشی ئەو مێژووەی کە ئێستا فارس تەنیا بەهی خۆی دەزانێت، بەڵام لەدوای وەرگێڕانی ئاڤێستا لەگەڵ ئەوەی چەندین دەسەڵات و بنەماڵە گۆڕان، نەوەی مادو نەوەی فارس دەسەڵاتیان تێداگێڕا کەچی هیچ دەسەڵاتەک نەیتوانی لەزمانی ئەو ئایینە داببڕێت کە هەموو خەڵکی پێ پەروەردە کرابوو، خوێندەواری پێ فێرببوو، لە ڕێی ئەدەبەوە گەشەی کردبوو، وەک زمانی دەسەڵاتدار ناسرابوو کە زمانی فارسی بوو.

لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی فەڕەنسا (١٧٨٩ز) گۆڕانکاری ڕیشەیی لە بواری فێرکردن و خزمەتی زمانەوە ڕوویدا، چونکە ئایین لە دەسەڵات جیاکرایەوە و بە هەست و زمانی نەتەوەیی وڵاتەکان دروستکران و سنورەکان دەستنیشانکرانەوە، زمانی زگماک و دایک لە خوێندن و نووسیندا، لەجیاتی زمانە ئایینییەکان

بەکارهێنرانەوە، تا وای لێهات هەر نەتەوەیەک بە زمان و تایبەتمەندییە کەلتورییەکانی خۆیانەوە بناسرێنەوە، ئەمەش وایکرد زمانەکانی لاتینی و عارەبی لە بەرامبەر زمانە نەتەوەییەکان پاشەکشە بکەن و ئەو سیستەمە جیهانییە نوێیە بهێتەکایەوە، کە هەر وڵاتەک بە پێی بەرژەوەندی نەتەوەیی و بە زمانی تایبەتی خۆیانەوە، کەرتی فێرکردن ڕێک بخەنەوە، بەڵام ئێمەی کورد کە لە دوای بە ئیسلامکردنمان تا دروستبوونی وڵاتە نەتەوەییەکان وەک هەموو نەتەوە موسڵمانەکانی تر بە بنەماکانی ئیسلام پەروەردە دەبووین و بەزمانی قورئان کە عارەبی بوو، فێرە خوێندن و نووسین دەکراین، لە دواتردا لەبەر ئەوەی نەمانتوانی وڵاتی نەتەوەیی خۆمان دروست بکەین، کراینە چەند پارچەیەک و بەسەر وڵاتەکانی تورک و فارس و عارەبدا دابەشکراین، بۆیە نەمانتوانی ئەو زەمینەیە لە بواری فێرکردن بۆ زمانی کوردی برەخسێنین کە بۆ زمانە داگیرکەرەکان ڕەخسابوو، خوێندەواری کورد نەتوانێت بەو شێوەیە خزمەتی زمانە زگماکەکەی خۆی بکات کە لەسەری بوو، چونکە خوێندەوارانی لە هەر پارچەیەکی داگیرکراویدا بەزمانەکی بێگانە فێرە خوێندن و نووسین دەبوون، ئەمەش ڕێچکەی خزمەتکردنی زمانی کوردی گۆڕی، وایکرد خوێندەوارانی بەزمانی تر گۆش ببن، ڕۆشنبیر ببن و بە زمانی دیکە بیر لەخزمەتی زمانی کوردی بکەنەوە، ئەو دەسەڵاتە میرنشینی و ناوچەییانەی کە لە کوردستانیشدا هەبوون، ئەوانیش لە ئاستی بەرپرسیاریەتیدا نەبوون، چونکە ئەو هەستەیان نەبوو تا خزمەتی زمان بە خەمی خۆیان بزانن، بۆیە هەر زمانی داگیرکەرانیان بەکار دەهێنا، بەڵام لەم نێوەندەدا چەندین شاعیر و ڕوناکبیری دڵسۆزی بێ دەسەڵاتی وەک باباتاهیری هەمەدانی تا ئەحمەدی خانی و جگەرخوێن و نالی و حاجی قادری کۆیی و بێکەس و پەشێو.......تاد هەڵکەوتونە، کە خەمی زمان و نەتەوەیان بەخەمی خۆیان زانیوە.

لە هیچ سەردەمەکدا ئاخێوەر و خوێندەواری کورد بێجگە لە لاسایی زمانە زاڵەکان، هەڵبژاردەیەکی باشتری لەبەر دەستدا نەبووە، چونکە بەردەوام خوێندن و نووسینی بەزمانەکی دیکە کردووە، کە هەرگیز تایبەتمەندی زمانی کوردی تێدا ڕەچاو نەکراوە، بۆیە هەردەم ناچاربووە خۆی لەگەڵ زمان و نووسینی داگیرکەراندا بگونجێنێت، تا بە تێپەڕینی کات وای لێهات تاکی کورد حالەتەکی دەروونی بۆ دروست ببێت، کە زمانی خۆی بە هاوتای زمانی داگیرکەران نەزانێت و زمانی زاڵ بە جێگرەوەی زمانی خۆی

بزانێت، چونکە هەردەم بە زمانەکی زاڵ خوێندەوار دەبوو، هەر ئەو زمانەش دەبووە سەرچاوەی خۆ ڕۆشنبیرکردنی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی کورد لە تایبەتمەندییەکانی زمانی خۆیان بێ ئاگابن و زیاتر ئاشنای بنەمای زمانەکانی تر ببن تا کارگەیشتە ئەو ڕاددەیەی لە باشترین حالەتدا خەمخۆران و خوێندەوارانی، زمانزان و زمانەوانانی بە لاسایی زمانە باڵادەستەکان بیر لە خزمەتی زمانی خۆیان بکەنەوە نەوەکو بەتایبەتمەندییەکانی، لە ئەنجامی ئەمەشدا، داگیرکەران گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە بیر لە توانەوەی زمانی کوردی بکەنەوە و هەر لە ئاخاوتنی نێو ماڵەکاندا بیهێڵنەوە، بەڵام لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا زمانی کوردی هەر بەزیندوویی مایەوە، چونکە نەتوانرا بمرێنرێت و بتوێنرێتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی نەخوێندەواری و نیشتەجێبونی ئاخێوەری کورد لە گوند و چیا دوورە دەستەکان بوو نەوەکو خوێندەوارانی، چونکە خوێندەوارانی لە ڕێی فێرکردنەوە هەردەم لە ژێر کاریگەری زمانەکی بێگانەدا بوون، بەڵام نەخوێندەوارانی لە کاریگەری زمانی داگیرکەر و باڵادەستان دوور بوون، ئەمەش وایکرد زمانی کوردی لەسەر زاری نەخوێندەوارانی لە زمانی خوێندەوارانی پاک و پاراوتر بێت.

لەڕاستیدا زمان وەک کۆرپەڵە وایە، وەک نەمامەکی ساوایە، بۆیە پێویستی بەخزمەتکردن و بەرەخسانی بارودۆخە تاوەکو ببوژێتەوەو نەشونما بکات، پێداویستییەکانی مانەوە و بەردەوامی دابین بکات، بۆ ئەوەی سوڕی گەشەو پێگەیشتنی تەواو بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمەی کورد لەهیچ سەردەمەکدا خزمەتکردنی زمانەکەمان ئەو بارودۆخ و زەمینەیەی بۆ نەڕەخساوە، کە بەشێوەیەکی تەندروست گەشەبکات و سوڕی پێگەیشتنی تەواوبکات، بۆیە بەشێوەیەکی ناسیستماتیک و بە پێی شێوەزارەکان، بە ئاڕاستەی جیاواز گەشەی کردووە، بەڵام بەردەوام لە ڕێی ئەم توێژانەی خوارەوە خزمەتکراوە:

توێژی یەکەم: لەزاری ئەو دایکە نەخوێندەوارانەوە بوو، کە منداڵەکانیان بەزمانی کوردی فێرە ئاخاوتن دەکرد.

توێژی دووەم: لەسەردەستی ئەو خەمخۆرە تاکە کەسیانە بوو، کە زمانی کوردییان لەنووسیندا بەکار دەبرد.

توێژی سێیەم: بە هۆکاری ئەو لاوکبێژ و حەیرانبێژ و بەندبێژ و چیرۆکخوانانە بوو، کە پشتاوپشت بەسەرهات و سەرگوزەشتەیان بە زمانی کوردی دەگێڕایەوە.

هەوراەمەی کتێب

لەبەر ئەوەی هەستی پاکی ئاخێوەرەکی نەخوێندەوار و دایکانی کورد، کە لە ناخەکی بێ دەسەڵات هەڵقوڵاوە، هەستەکی خۆڕسک بووە، بۆیە پێویستە لە هەموکاتەکدا بەرزترین پلەی خزمەتکردنی زمانی کوردییان پێ بدرێت، چونکە ئەوان وایانکرد زمانی کوردی لە بەرامبەر زمانە زاڵەکاندا خۆی بپارێزێت و بەپاکی بمێنێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە خزمەتکردنە بێ پاڵپشت و بێ مەبەستەکی ئاراستەکراو بووە، بەشێوەیەکی پەرشوبڵاو و بێ ئاگا لەیەکتر بووە، بۆیە لە ئەنجامدا زیاتر شێوەزاری لێ دروستبووە، چونکە لێک نزیککەوتنەوەی زارەکان لەڕێی پاڵپشتی دەسەڵاتەکی دڵسۆز و لێزان زەمینەی بۆ ساز دەکرێت، کە بۆ زمانی کوردی نەبووە، سازکردنی ئەم زەمینەیەش بەپێی هەبوونی سێ کۆڵەگەی سەرەکی و تەواوکەری یەکتر بەرهەمدار دەبێت:

کۆڵەگەی یەکەم / هەبوونی هەست و هۆشیاری نەتەوەییە، چونکە هەبوونی ئەم هەستە وادەکات شێوەزار پەرستی ڕۆڵی نەمێنێت، خزمەتی زمان بەگشتی ڕەچاوبکرێت.

کۆڵەگەی دووەم / هەبوونی بەرپرسی دڵسۆز و شارەزایە لە بایەخی زمان، کە خزمەتی زمان بە ئەرکی نەتەوەیی بزانێت، چونکە هەبوونی ئەمانە وا دەکات پێشنیار و بیروبۆچوونە تاکە کەسییەکان بۆ یاسای سەپێنراو بگۆڕێت و لە بواری فێرکردندا جێبەجێ بکرێت.

کۆڵەگەی سێیەم/ هەبوونی دەزگایەکی تایبەت بەو زمانە، کە چارەسەر بۆ گرفتەکان دابنێت، چونکە هەبوونی ئەم دەزگایە وادەکات بناغەیەکی پتەو بۆ سەپاندنی ڕێگەچارەکان ئامادە ببێت.

پشتبەستن بەم کۆڵەگانە وادەکات: خزمەتکردنی زمان ڕێچکەیەکی سیستماتیک وەربگرێت، بەشێوەیەکی تەندروست خزمەت بکرێت و لەپاشەگەردانی ڕزگاربێت، ئەو ڕێچکە ڕاستەیە وەربگرێت کە لە داهاتوودا بە قازانجی زمانەکە تەواو ببێت، بەڵام ئاشکرایە کە بە درێژایی مێژووی دوو هەزار ساڵە و زیاتر ئەم سێ کۆڵەگەیە بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی نەڕەخساوە، بۆیە هەردەم لە پاشەگەردانیدا بووە و هەر شێوەزارەکی ئاڕاستەیەکی جیاوازی وەرگرتووە.

هەروەک دەزانین کوردستانی باشوور پارچەیەکی بچوکە لە کوردستانی گەورەدا، کە هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە زۆرترین ئەرک و بەرپرسیاریەتی خزمەتی زمانی کوردی کەوتۆتە سەرشان، چونکە بە ڕاددەیەکی زیاتر لە پارچەکانی تر لە

بەکارهێنانی زماندا کاراتر و ئازادتر بووە هەروەها بە سیستەمی نوێش لە خوێندندا بە شێوەیەکی بەردەوام زمانی کوردی تێدا بەکارهاتووە، نزیکەی سەدەیەک دەبێت خوێندەوارانی کورد لەم پارچەیەدا چەند نەوەیەکیان لێ پەروەردە بووە کە بە کوردی دەنووسن و دەخوێننەوە، لە کاتەکدا لە پارچەکانی دیکەدا زمانی کوردی قەدەغەبووە و نووسینی پێ نەکراوە یان بێ بایەخکراوە و هەوڵی تواندنەوەی دراوە، بۆیە هەق وایە ئەگەر خزمەت و چاکەی زیاتری کردبێت بە ستایش باس بکرێت، ئەگەر لە ئاستی پێویستیشدا نەبووبێت ڕەخنەی زیاتری لێ بگیرێت.

به باوەڕی ئێمە حەفتاکانی سەدەی بیستەم قۆناغەکی جیاکەرەوەیە لەنێوان دوو سەردەمی جیاواز بۆ زمانی کوردی لە باشوور و لە پارچەکانی تری کوردستاندا، چونکە لە سەرەتای حەفتاکان کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا وەک دەزگایەکی تایبەت بە زمانی کوردی دامەزرا، ئەمەش وایکرد خزمەتکردنی زمانی کوردی لە خەمخۆری و پێشنیاری تاکەکەسییەوە بگۆڕێت بۆ دەزگایەکی پەیوەست بەزمانی کوردییەوە، چونکە ئەم دەزگایە وەک دەزگایەکی تایبەت بۆ خزمەتی زمانی کوردی کاری دەکرد و زمانەوانانی پارچەکانی تریشی لە یەکتر نزیک دەکردەوە، بەپێی توانا هەوڵی تێدا دەدرا تا زمانی کوردی بە ڕێزمان و ڕێنووسەوە ئەو تایبەتمەندییە وەربگرێت کە هەیەتی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی قۆناغەکی جیاوازی بە دوادا بهێت و زەمینەی خزمەتکردن بە تایبەتمەندی زمانی کوردی بهێنێتە کایەوە، چونکە چەندین توێژینەوەی زمانەوانی خستەڕوو، چەندین یاسای بۆ ڕێکخستنی زمانەکە دانا، کە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا، هەندەکی پەیڕەوکراو هەندەکی تری بووە بناغە و هەوێنی ئەوەی کە بیرکردنەوە و پێشنیارو ڕێنمایی تری بەدوادا بهێت، پێشنیارەکانی کۆڕ بوونە بنەواشە، نەوەیەکی پێ پەروەردەبوو کە لە ئێستادا پشتیان پێ دەبەسترێت، بەڵام ئەم دەزگایەش تا سەر پاڵپشتی لێنەکرا، چونکە دەسەڵاتمان نەبوو، ئەوەبوو لە سەرەتای هەشتاکان ڕۆڵی کەمکرایەوە و وەک بەشەک لە کۆڕی زانیاری عێراق بچوک کرایەوە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) هەناسەیەکی ئازادی بەبەر بیرمەندانی کورددا هاتەوە، هیوایەک بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی گەڕایەوە، چونکە دەسەڵاتی داگیرکەر لە پێگەی بڕیار دوورکەوتەوە، بۆیە ژینگە و زەمینەیەکی لەبار بۆ خزمەتی زمانی کوردی ڕەخسا، ئەوە بوو لە جێی کۆڕی زانیاری، ئەکادیمیای کوردی دامەزرا، بەڵام بەداخەوە چۆنمان دەویست

وا دەرنەچوو، چونکە نەوەکوو هەر خزمەتمان نەکرد، بەڵکو ئەوەی داگیرکەران ڕێیان پێ نەدەبرد خۆمان پەیڕەومانکرد، ئەوەی لە خەیاڵی داگیرکەراندا بوو خۆمان جێبەجێمانکرد، زمانی کوردیمان ئەوەندە بێ بایەخ کرد کە وەک ئەوەی میللەتەکی بێ زمان بین، تا وای لێهات لە بواری فێرکردندا گرنگی نەمێنێت و بژێوی ژیانی خوێندەوار و نەخوێندەوارانی بەزمانی ترەوە گرێ بدرێت، ئەمەش لە ئەنجامی بێ هەستی و نەزانین و زاڵکردنی بەرژەوەندی شێوەزار پەرستاندایە یان بەئەنقەست و بە بڕیاری حوکمی قوڵی پشت پـەردەوە، ویست و ئـارەزووی داگیرکەران جێبەجێ دەکرێت، بۆیە بەداخەوە لەم قۆناغەشدا بەپێی پێویست خزمەت نەکرا، هەر لەومەودا تەسکەدا بیر لەخزمەتی زمانی کوردی کرایەوە کە پێشتر ڕێچکەکەی داگیرکەران دەستنیشانیان کردبوو، ئەویش پەرەدان بە زارپەرستی بوو لەجیاتی دانانی بەردی بناغە بۆ دروستکردنی زەمینەیەکی لەباری خزمەتکردن بۆ زمانەکە بە گشتی تاوەکو لە دواڕۆژدا بەرهەم و ئەنجامەکانی لە پارچەکانی تریشدا لاسایی بکرێتەوە، کە پێویستبوو، لەمەشدا زمانەوانانی هەروەک زمانەوانانی پارچەکانی تر هەر ئەوەندەیان پێکرا، کە تایبەتمەندی و جیاوازی نێوان زارە کوردییەکان دەربخەن یان شێوەزارەک و زمانەکی بیانی بەراوردی یەکتر بکەن.

لەڕاستیدا بایەخدان بە زمانی بێگانە لە کوردستانی باشوردا، شێوە بیرکردنەوەیەکە بەردەوامی هەیە و کراوە بە بەرنامەی فێرکردن، ئەمەش کاریگەری لەسەر بایەخی زمان و ڕەنگدانەوەی لەسەر فێربوونی خوێندەواران و توێژینەوەکان و ڕۆشنبیری زمانەوانی و بابەت و پرۆگرامەکاندا پەیداکردووە، بۆیە قوتابیان و خوێندکارانی ئێستا هەروەکو نەوەی بەر لە ڕاپەڕین، بەبێ بایەخی یان لە ڕوانگەی شێوەزارەکەوە یان بەپێوانەی زمانەکی دیکەوە بیر لە خزمەتی زمانی کوردی دەکەنەوە، ئەم شێوە بیرکردنەوەو فێربوونەش بۆتە هۆی پەیدابوونی پێشبڕکێ لە زاڵکردنی شێوەزارەکان و بایەخدان بە زمانە بیانییەکان، کە لە ئەنجامدا وای لێهات زمانی کوردی لە بایەخ بێ بەش بێت و خزمەتکردنی زمانی کوردی بکەوێتە دەستی کەسانی ناشایستە و دەستڕۆیشتووە زارپەرستەکان و لاساییکەرەوانی زمانە بیانییەکان، کە تایبەتمەندی زمانەکی تری بەبەردا دەکەن و تایبەتمەندی خۆی ڕەچاو ناکەن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هیچ شتەکی نوێیان بۆ زمانی کوردی پێ نییەو بەخەیاڵی ڕابوردوو کاوێژ دەکەن، لەمەشدا کۆمەڵێ لە نووسەرو بێژەر و ڕاگەیانکارو سەرنووسەرانی دامودەزگاکانی

پەخش و چاپ و بڵاوکراوەکان پەیدابوونە کە لەجیاتی زمانەوانە نەتەوەییەکان و شارەزایان بڕیار لەشێوەی خزمەتکردنی زمانی کوردی دەدەن.

لە کۆتاییدا دەڵێین بەشەکی کەم لە مرۆڤەکان توانای داهێنانیان هەیە، کە بتوانن دەستور بۆ فێربوونی خەڵکانی تر دابنێن، بەڵکو دەتوانرێت بەشی هەرە زۆری مرۆڤەکان بە فێرکردن فێر بکرێن، بۆیە پێویستە بایەخێکی زۆر بە پرۆسەی فێرکردن بدرێت، لە نێویدا بایەخ بۆ زمانی دایک دابنرێت و خزمەتکردنی بە ئەرکەکی نەتەوەیی بزانرێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت لە پرۆگرامەکانی خوێندندا گرنگی زیاتری پێ بدرێت، بژێوی ژیانی پێوە گرێ بدرێت، لەلایەن بەرزترین دەسەڵات شیرین بکرێت. فەرهەنگەک دروست بکرێت کە وشەی هەموو شێوەزارەکان لەخۆ بگرێت، هەموو سەرچاوە پێویستەکان، بۆ خوێنکارانی زانکۆ لەزمانە بیانییەکان بۆ زمانی کوردی وەربگێڕدرێت.

هەواڵنامەی کتێب

بۆکان حەسەن، زمانی کوردی لەوەرگێڕانی مایکرۆسۆفت جێگیرکرد

بۆکان حەسەن:

١١٣ هەزار داتام لە پرۆگرامەکانی وەرگێڕاندا جێگیرکردووە

گەنجێکی هەڵەبجەیی زمانی (کـوردی نـاوەند) لەوەرگێڕانی مایکرۆسۆفت جێگیر دەکات، هەوڵەکانیش بۆ بەیەکجار جێگرکردنی زمانی کوردی ناوەند بۆ وەرگێڕانی گوگڵ گەیشتوەتە قۆناغی کۆتایی.

ئێوارەی رۆژی پێنج شەممە ٢٠ی ئاب ٢٠٢٠، دوای یەک کاتژمێر لەکۆتایی پێهێنانی سیمینارە تایبەتەکەی، کە کۆمپانیانی گوگڵ بۆی ڕێکخستبوو، پەیامنێری (میللەت) لە هەڵەبجە، لەگەڵ ئەو گەنجەیە چاوپێکەوتنێک ئەنجام دەدات بۆ ئاگاداربوون، لەکۆتا کارەکانی بۆ خزمەتکردن بە زمانی کوردی و جێگریکردنی لە هەردوو پرۆگرامی وەرگێڕانی (مایکرۆسۆفت و گوگڵ) دا.

میللەت: لەکەیەوە کاری لەبواری وەرگێڕان ئەکەیت و هەوڵدەدیت لە گوگڵ و مایکرۆسۆفت زمانی کوردی جێگیربکەیت ؟

بۆکان حەسەن: من لە ساڵی (٢٠١٥) بەبەردەوامی کار لەم چوارچێوەیە دەکەم چونکە پێموایە ئەمە گەورەترین خزمەتە کە بتوانم بەزمانی دایک بکەم کە زمانی کوردی ناوەندە، هەموو وولاتانی دنیا بەم شێوەیە هەوڵدەدەن زمان بپاریزن و و لەئاست جیهاندا زمانی دایکیان جێگیر بکەن لەپرۆگرامەکانی وەرگێڕاندا و بەتیمی زۆرباش کار دەکەن بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانەکەیان.

میللەت: باسی کاری گرووپت کرد تۆ بەتەنها کار دەکەیت یان لەگەڵ گرووپ ؟

بۆکان حەسەن: بەداخـەوە من لەساڵی (٢٠١٥) کاتێک زمانی کوردی ناوەند لە ناوی زمانی کوردی لەزمانی کرمانجی جیاکرایەوە، لە زۆر شوێن هەوڵمدەدا کە بەگروپ ئەم کارە بکەین، بەڵام بەخت یاوەرم نەبوو هاوکارم نەبوو گرووپێک نەبوو لەگەڵمدا لەسەر ئاستێکی باڵا خۆبەخشانە بێتە پێشەوە لەخەمی زمانی و دا بین جێگیری بکەین و زۆرترین ڕستە لە کانی وەرگێڕاندا وەک داتا جێگیر بکەین، بۆیە تەنها مامەوە کۆڵم نەدا تا خۆشبەختانە لەهەوڵەکانم بێ هیوا نەبووم، تاوەک

ئێستا توانیومە (١١٣) هەزار داتا وەرگێرانی بۆبکەم و بەرەسمی لەپرۆگرامەکاندا جێگیری بکەم.

میللەت: لە چ پرۆگرامێکی وەرگێران لەئێستادا زمانی کوردی کاراکراوە بۆ وەرگێڕان ؟

بۆکان حەسەن: خۆشبەختانە دوای هەوڵەکانم لەماوەی چەند ساڵی پێشوودا، رۆژی ١٨ ئاب ی٢٠٢٠ هەوڵەکانم سەرکەوتوو بوو، بەیەکجاری زمانی کوردی هاوشانی زیاتر لە ٧٠ زمانی جیهانی لەپرۆگرامی وەرگێرانی (Microsoft Translator) جێگیرکرا لە ئێستا هەر هاووڵاتییەک دەتوانیت لەو پرۆگرامە زمانی شیرینی کوردی بۆ (٧٠) زمانی جیهان وەربگێڕیت و بەپێچەوانەشەوە، هەوڵەکانیشم بەردەوامە دەوڵەمەندکردن و باشترکردن و جێگیرکردنی داتای زیاتر.

میللەت: لەپرۆگرامی گۆگڵ کە زۆرترین خەونی تۆ ئەوەیە لەو پرۆگرامە وەرگێرانەدا زمانی کوردی جێگیربکەیت بەکوێ گەشتوە؟

بۆکان حەسەن: خۆشبەختانە من پەیوەندیەکی زۆرباشم لەگەڵ کۆمپانیای گوگڵ هەیە، بەشێوەیە من کە لەساڵی (٢٠١٥) ەوە کە کارئەکەم لەکۆمەڵەی گوگڵ توانیومە بگەمە پلەی کاریگەر، یەکەمین گەنجی کوردم بەهەوڵەکانم بگەمە ئەو پلەیە، وە خۆشبەختانە جێگرکردنی زمانی کوردی ناوەند لەپرۆگرامی وەرگێرانی گوگڵ دا گەشتوەتە قۆناغی کۆتایی و لە ئێستادا دەتوانن وەرگێڕان لە زمانی کوردی ناوەندییەوە بۆ زیاتر لە ١٠٠ زمان بکەن، وە بەڵێنیان پیداوە کە بیکەنە زمانێکی سەربەخۆ لە ئایندەیەکی نزیکدا.

میللەت: باست لەپلەی کاریگەر کرد لەکۆمپانیای گوگڵ پێت بەخشراوە لەسەر ئاستی جیهان بۆگەنجێک وەک تۆ ئەم پلەیە کەم نیە،هیچ کات هەوڵدراوە بەفەرمی ئەو کۆمپانیا گەورەیە تۆبانگهێشت بکات.

بۆکان حەسەن: من یەکەمین گەنجی کوردم لەسەر ئاستی جیهان کۆمپانیای گوگڵ بەرەسمی سوپاسنامەی خۆی پێ بەخشیوم و خەلاتی کردووم هاوکات بانگهێشتی رەسمی کراوم بۆ رۆشتم بۆ بارەگای سەرەکی گوگڵ مانەوەم بۆماوەی (٤) رۆژ، ئەمەش وەک گەنجێکی کاریگەر لەپای ئەو هەوڵەبەردەوامانەم کەلەم پرۆگرامەیە بەگەڕمخستووە، بۆیە بەڵێ کۆمپانیای گوگڵ زۆر پێزانینی هەیە بەرامبەر کارەکانم

بەجۆرێک ئێستا بەنمونەی گەنجی بەتوانا من لەسەر ئاستی (١٠٠) کەسایەتی کاریگەر ناساندوەو ئەمڕۆش (٢٠ئاب) لەم چوارچێوەیەدا سیمنارێکی بۆ ڕێکخستم تاوەک بەهەموو ئەو کەسانە بڵێت پێوستە وەک (بۆکان حەسەن) کاربکەن لە داخڵکردنی داتا و جێگیرکردنی زمان.

میللەت: لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئایا حکومەتی هەرێم وەک کۆمپانیای گوگڵ توانیوەیەتی پێزانینی هەبێت بۆ ئەم کارەی تۆ؟

بۆکان حەسەن: بەداخەوە تاوەک ئێستا من نەک سوپاس نەکراو م، بەلکو هیچ هاوکاریەکیش نەکراوم ئەوە جێگەی داخە کە لەئاست ناوخۆدا ئەم کارەی من تاوەکو ئێستا بەکارێکی پیرۆز یاخود بەجێ سەیرنەکراوە،هاورێکانم لەسەر ئاستی جیهان کەکاری وەرگێران ئەکەن بۆنمونە من کەپلەی یەکەمم هەیە لەگروپی خۆمدا پلەی دووەمی گروپەکەی من کەسێکی هندی یە هەموو خزمەتێکی لەلایەن حکومەتەکەی خۆیەوە پێ کراوە بۆخوێندن نێدراوەتە دەرەوە هەموو ئاسانکاریەکی بۆکراوە خزمەت ئەکرێت وە لێ ی دەپرسنەوە و خزمەتی ئەکەن هێشتا لەپلەی دووەمدایە من بەبێ هیچ خزمەتێک تەنها خەمی من خەمی نیشتمان وزمانەکەمە توانیومە سەرباری لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموجیاوازیەش من پلەی یەکەمم هەیە.

بۆکان حەسەن ئەحمەد دەرچووی زمانی ئینگلیزی زانکۆی سلێمانییە لە ساڵی ٢٠١٦ کاری بۆ دانانی کیبۆردی کوردی کرد بۆ کیبۆردی جیبۆرد کە هی گوگڵە، دواتر کاری بۆ دانانی زمانی کوردی کردووە لە کۆمەڵگەی گوگڵ، دواتر کاری بۆ دانانی زمانی کوردی ناوەندی کردووە لە کراودسۆرس لە بەرواری ٣١-٠٥-٢٠١٩ کردووە کە بەرنامەیە جهانی گوگڵە، کاری بۆ چارەسەرکردنی چەندین کێشەی کیبۆردی کوردی کردووە، نزیکەی ١١٣ هەزار وەرگێڕانم بۆ زمانی کوردی ناوەندی، بۆ دانانی کیبۆردی کوردی کردووە لە سویفتیکی کە تایبەتە بە مایکرۆسۆفت بۆ سیستەمی ئەندرۆید، کاری بۆ دانانی زمانی کوردی ناوەندی کردووە لە وەرگێڕی مایکرۆسۆفت کە رۆژی ١٨ئاب ٢٠٢٠ بە فەرمی دانرا لەلایەن کۆمپانیای مایکرۆسۆفت، دوای چەندین ساڵ هەوڵ تێکۆشان.

زمانی کوردی ناوەند لە وەرگێڕانی گووگڵ؛ ئاڵەنگاری و دەرفەتەکان

د. موئمین زەڵمی

زیادکرانی زمانی کوردی ناوەند، بۆ وەرگێڕانی گووگڵ یەکێکە لە هەواڵە جوانەکانی ٢٠٢٢، ئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ کوردەکان، بۆ کوردستان و ئەو گەنجە سەربەرزانەش چەند ساڵێکە سەرقاڵی ئەم پرۆژەیەن. ئەم پرسە لە یەک کاتتدا هەم ئاڵەنگاری تێدایە و هەم دەرفەتیش دڕەخسێنێت کە هەوڵ ئەدەم بە چەند خاڵێک ئاماژەیان پێبکەم:

* مامۆستایانی بەڕێزی زانکۆو پەیمانگەکان دەبێ بزانن لەمەولا قوتابیان بۆ نوسینەکانیان وەک قوتابیانی وڵاتانی جیهان پشت بە وەرگێڕانی کوردی- ئینگلیزی (گووگڵ) دەبەستن، گرنگە لە ئێستاوە خۆیان بۆ سازان لەگەڵ ئەم دۆخە رابهێنن.
* وەرگێڕانی گووگڵ دەبێتە مایەی زیاتر بەکارهێنانی زمانی کوردی لە لایەن قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگەکانەوە و ئەمەش بایەخێکی یەکجار گەورەی هەیە لە ڕووی سیاسەتی زمان و شکۆمەندی و مەکانەتی زمانی کوردییەوە.
* ئەم پرسە هەم ئاڵەنگاریی تێدایە و هەم دەرفەتی گەورەش دێنێتە ئاراوە کە گرنگە ژینگەی ئەکادیمی کوردستان ئاڵەنگارییەکان بخوێنێتەوە و سود لە دەرفەتەکان وەربگرێت.
* توێژەران و مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگەکان چەندین ناونیشانی گرنگیان بۆ دێتە پێشەوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی نوێ و بەرۆژ، دەربارە ڕەهەندە جیاوازەکانی زیادکرانی زمانی کوردی/ناوەڕاست/سۆرانی بۆ وەرگێڕانی گووگڵ.
* مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگەکان دەبێ بزانن کە ئەم پرۆسەیە بێ کەموکورتی نیە، وەرگێڕانی گووگڵ بۆ هەموو زمانەکان هەر وا پڕ کەموکورتییە و وەک مامۆستایانی زمان ئێمە تەنها وەک هاریکار بە قوتابیانی دەناسێنین نەک وەک سەرچاوەی وەرگێڕان ... لەگەڵ ئەوەشدا وەرگێڕانی ئامێریی هەمیشە پڕکێشە و کەموکورتی بووە و دەبێت و هێشتاش هیچ ئامێرێک جێگای هەستی بەرزی مرۆڤ ناگرێتەوە کە لەکاتی وەرگێڕاندا دەیخاتەکار بۆ دۆزینەوەی وشە و ڕستەی شایستە و پڕبەپێست.
* یەکێکە لە ئاڵەنگارییەکان کە لە جیهاندا هاتووەتە پێشەوە، پرسی وەرگێڕانی پوختەی توێژینەوەکان، کە بە پێی ژمارەیەک توێژینەوە، زۆرینەی توێژەرانی جیهان

هەواڵنامەی کتێب

بۆ نوسینی توێژینەوەکانیان و پوختەی توێژینەوەکان سود لە وەرگێڕانی گووگڵ ووردەگرن و ئەم وەرگێڕانەش نائەکادیمییە و نابێت توێژەران پشتی پێببەستن. (توێژینەوەی ئانگاکانا و گریفت –٢٠٢٠ کە هەڵسەنگاندنیان بۆ ٥٤ توێژینەوەی توێژەرانی تایلەندی کردووە، گەشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە زۆرینەی زۆری توێژینەوەکان بە وەرگێڕانی گووگڵ کراونەتە ئینگلیزی و نائەکادیمیانە کراون).

* بەکارهێنانی وەرگێڕانی گووگڵ لە نوسینی ڕاپۆرت، دارشتن و پەیپەرەکانی وانەی نوسینی ئەکادیمی زیاتر دەبێت و ئەمەش ئەرکی مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگەکان لەم وانەیەدا سەختتر دەکات لە هەمان کاتدا توانای نوسین زیاتر و ئاگایی قوتابیان بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان زیاتر دەکات (کۆڵ، شکۆلینگ و کۆهین –٢٠١٨ لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی دارشتنی وانەی نوسینی ئەکادیمی، بەراوردی ئەو دارشتنانەیان کردووە کە بە وەرگێڕانی گووگڵ نوسراون لەگەڵ ئەوانەی بە بێ وەرگێڕانی گووگڵ نوسراون کە ئەنجامەکان دڵخۆشکەر بوون، ئەوان پێشنیار دەکەن کە بۆ وانەی (زمانی ئینگلیزی بۆ مەبەستی ئەکادیمی) وەرگێڕانی گووگڵ بەکاربهێنرێت).

* پرسی زیادبوونی زمانی کوردی/سۆرانی/ناوەڕاست بۆ وەرگێڕانی گووگڵ، دووەمین هەوڵی زیادبوونی زمانی کوردییە بۆ ناو جیهانی تەکنەلۆجیا، ئەویش پاش ئەوەی چەند ساڵێکە کوردی/کرمانجی زیادکراوە، بۆیەش لەگەڵ ئەوەی کە تازەیە بەڵام ژمارەیەک ئەکادیمیست ڕەخنەی وردیان لەسەر هاوواتایی وشەکان گرتووە و دەکرێت ئەم ببێتە هەوڵێکی باشتر بۆ چاکسازی لە پرۆسەکە و هاریکاری و هاندانی ئەو گەنجانەی کاریان لەسەر ئەم پرسە کردووە.

* حکومەتی هەرێم دڵخۆشی بەم هەنگاوە دەربڕیوە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سوپاسی گووگڵی کرد، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێم و خودی وەزیری ڕۆشنبیری ولاوان پەیوەندییان بە یەکێک لەو گەنجانەوە کردووە و سوپاسیان کردووە.

* لە ناو کۆمەڵگەی کوردی و شەقامی کوردیدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی لێکەوتەوە خەڵکی بە شێوەیەکی گشتی دڵخۆشن بەم هەنگاوە و داوای ڕێزلێنان لەو گەنجانە دەکەن کە بەم کارە هەستاون.

* ئێستا لە هەر کاتێکیتر پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆک

وەزیران بێنە سەرخەت و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان راسپێرن بۆ پشتیوانی پرۆژەی نوسین و دارشتنی (سیاسەتی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان) کە ماوەیەکە کاری لەسەر دەکرێت و لەئەگەری سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیەدا دەستکەوتی گەورە بۆ زمانی کوردی و پرسی زمانەوانیی لە هەرێمی کوردستان دێتە ئاراوە.

لە کۆتاییدا گرنگە ئەوە دووپات بکەینەوە کە ئەرکی زانکۆ و پەیمانگەکان قورستر دەبێت و گرنگە هاوکات لەگەڵ رێزلێنان و نرخاندنی کاری ئەم ژمارە گەنجە بە تایبەت (بۆکان جاف، سەرچیا خورشید، رۆشنا عمر عەبدلرەحمان، میدیا غازی زادە، سامان وەیسیپوور)، هەوڵەکان فراوانتر بکرێن بە مەبەستی بە جیهانیکردنی زمانی کوردی.

* پسپۆڕی سیاسەت و پلاندانی زمان

هەواڵنامەی کتێب

زمانی کوردی لە سەردەمی میرنشینی ئەردەڵاندا

د.نەریمان خۆشناو

هەندێ کەس پێیان وایە ئەم میرنشینە لە سەدەی چواردەمی زایینیدا لەلایەن دامەزرێنەرەکەی بابە ئەردەڵان دامەزراوە(١)، کەچی هەندێ لە شارەزایانی تر بۆچوونی تریان هەیە، لەوانە محەمەد ئەمین زەکی پێی وایە بابە ئەردەڵان لە کۆتایی سەدەی یازدەدا گەیشتۆتە شارەزوور، کاتێک بنەماڵەی مەڕوانییەکان نەمابوو، ناچار بابە ئەردەڵان چووە لای گۆرانەکان و ماوەیەک لەگەڵیان ژیانی بەسەر بردووە، لە کاتی هێرشی جەنگیزخاندا بۆ سەر ئێران، پشتگیری هێزەکانی مەنگۆلیانی کردووە و لە پاداشتی ئەمەشدا کراوە بە فەرمانڕەوایی شارەزوور(٢).

ئەگەرچی وەکو دەردەکەوێت مێژووی سەرەتای پەیدابوونی میرنشینەکە تەواو ڕوون نییە، بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە بابە ئەردەڵان ڕێبەری یەکەمی ئەم میرنشینە بووە و سەرەتای حوکمڕانێتییەکەشیان لە شارەزوور بووە، بابە ئەردەڵانیش لە بنەماڵەی ئەحمەدی کوڕی مەڕوانی دیاربەکرییە، کە ئەمیش خۆی لەوەو پێش دامەزرێنەری دەوڵەتی مەڕوانی کوردی بووە لە باکووری کوردستان لە شاری دیاربەکر، بە هاتنی بۆ ناوچەی گۆران توانی بەردی بناغەی میرنشینی ئەردەڵان دابنێت و گۆرانەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ(٣).

ئەم میرنشینە خاوەنی زۆرترین میر بووە، ئەمیش بەهۆی زۆری سەردەمی حوکمیان، لەوانە (بابە ئەردەڵان، کلۆڵ بەگ، تەیمور خان، سلێمان خان، خوسرەو خان، ئەمانوڵڵا خان، مستەفا خان، سەلیم پاشا... هتد)، هەریەک لەمانە لە کات و سەردەمێکی جیاجیادا حوکمی ئەم میرنشینەیان کردووە(٤).

لە سەردەمی ئەمانوڵڵا خان لە سەدەی حەڤدەهەمدا شاری (سنە) دەبێتە پایەتەختی ئەم میرنشینە، چونکە ئەم شارە لەم سەردەمە بە جوانترین شێوە بنیاتنراوە و، بووە شوێنێکی ئابووریی و کەلتووریی بەهێز بۆ میرەکانی ئەردەڵان(٥).

ئەگەر بێینە سەر لایەنی زمان لەم میرنشینەدا، ئەوە لە سەردەمێکی مێژوویدا دیالێکتی گۆران وەک زمانێکی ئەدەبی لە بەشێکی فراوانی کوردستانی ئێران و لە هەندێ ناوچەی کوردستانی عێراق سەریهەڵدا و بووە زمانی ڕەسمی کۆشک و سەرای میرەکانی ئەردەڵان، کە هانی شاعیرەکانیان دەدا پێی بنووسن(٦)، کەواتە زمانی نووسین و زمانی ئەدەب لە سەردەمی میرنشینی ئەردەڵاندا شێوەزاری گۆران بووە، ئەمە لە ڕووی سیاسییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی ئایینیەوە، بەتایبەتی کتێبی (سەرئەنجام)ی یارسانەکان(٧)، کە بە شێوەزاری گۆرانی نووسراوە، هۆکارێکی ترە لە گەشەسەندنی شێوەزاری گۆران(٨)،

هەواڵنامەی کتێب

بە جۆرێک شێوەزاری گۆران زمانی ڕەسمی یارسانەکانە، کە کۆنترین و بەرزترین بەرهەمی ئەدەبی کوردی ئایینی یارسانەکانە، تەنانەت ئەم بەشەی کورد زمانی خۆیان بە زمانی بەهەشت دەزانن و ڕۆژی مەحشەریش بەلای ئەوانەوە لە شارەزوور دەبێ(٩).

کەواتە (سەرئەنجام)(١٠) کتێبی پیرۆزی یارسانەکانە، لای یارسانەکان بە دەقەکانی ناو سەرئەنجام دەوترێت کەلام، واتە سەرئەنجام کتێبی کەلامەکانە، هەر کەلامێک لە کەلامەکانیش دەقێکی ئایینی سەربەخۆیە و لە سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا پەیدابووە و تۆمارکراوە و چووەتە ڕیزی دەقەکانی سەرئەنجامەوە(١١).

شاعیرانی ئەم دیالێکتە نموونەی هەرە بەرزی ئەدەبی کوردین، لەوانە مەلا پەرێشان(١٢)، کە یەکێکە لە کۆنترین شاعیرانی کورد، کە بە دیالێکتی گۆرانی زمانی کوردی شیعری دانابێ، لە یەکێ لە شیعرەکانیدا دەڵێت:

چون حەق ژ ئیجاد ماسیوا پەرداخت
ژ نووری ئەحمەد لەوح و قەلەم ساخت
عەرش و کورسی هەم ژ نوور مورتەزا
ئاسمان و زەمین ژ نوور موجتەبا
ژ نووری حوسەین بە هەشت کرد بینا
جیلوگەری نوور بە توولی عەزرا(١٣)

دیالێکتی گۆران لە سایەی میرنشینی ئەردەڵاندا زۆر پەرەی سەند، تەنانەت لەلایەن میرەکانی ئەردەڵانەوە زۆر پشتگیری لە خوێندەواران دەکران، تا بەم شێوەزارە بنووسن، ئەویش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی دیاریی و پاداشتی دراوییەوە(١٤)، بەڵام کاتێ لە سەدەی نۆزدەهەمدا قاجارییەکان ئەم میرنشینەیان ڕووخاند، ئیتر شێوەزاری گۆران لە کوردستانی ئێران قەدەغە کرا، کە ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ قەدەغە کردنی زمانی کوردی، چونکە دواتر ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران، هەموویان دژی زمانی کوردی بوون و هەمیشە یەکێ لە کارەکانیان قەدەغەکردنی زمانی کوردی بوو.

لەسەر ئەو بنەمایەش ئەم دیالێکتە بۆ ماوەیەکی درێژ لەم میرنشینەدا شان بەشانی زمانی فارسی زمانی دادگا بووە، هەروەها بۆ ماوەیەکیش زمانی ئەدەبیی و دادگایی میرنشینی بابان بووە.

پەراوێز و سەرچاوەکان

١. هادی ڕەشید بەهمەنی(٢٠٠١)، پەیامی هەورامان، چاپخانەی ژین، هەولێر، ل ١٧١.

٢. ی. ئی. ڤاسیلیەڤا(٢٠٠٩)، کوردستانی خوارووی ڕۆژهەلات، و: ڕەشاد میران (د)، دەزگای ئاراس، هەولێر، ل ٤٤.

٣. هادی ڕەشید بەهمەنی، هەمان سەرچاوە، ل ١٧١.

٤. شێخ محمد مەردۆخی(٢٠١١)، مێژووی کورد و کوردستان، و: زانەر محەمەد، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ل ٣١٩.

٥. سەعد بەشیر ئەسکەندەر(د)(٢٠٠٤)، سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، و: جەوهەر کرمانج، چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ل ١٦٥.

٦. هەمان سەرچاوە، ل ١١.

٧. ئایینی یارسان، یەکێکە لە ئایینە ڕەسەنە کۆنەکانی کورد، پێڕەوانی ئەم مەزهەبە باوەڕیان بە گەڕانی دۆنادۆن هەیە، هەروەها یارسانەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئایینیان کۆنترین ئایینی سەر ڕووی زەوییە، بڕوانە: بڕوانە:ـ مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، ل ٥٤ – ٥٥.

٨. بڕوانە: عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ(د)(١٩٧١)، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (سلمان الاعضمی)، بەغدا، ل ٢٤. ب ـ ئەمجەد شاکەلی (٢٠١١)، زمانی کوردی ـ ناسنامە و نیشتمانی کوردە، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کۆمەڵ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ل ١١.

٩. مارف خەزنەدار(د)(٢٠٠١)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم ـ لە سەرەتاوە تا سەدەی چوارەم، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل ٥٥.

١٠. سەرئەنجام ناوی کتێبێکی بەناوبانگی یارسانەکانە، ئەم کتێبە بە پەخشان دەست پێدەکات و بە شیعر دوایی دێت، بە دیالێکتی گۆرانی زمانی کوردی نووسراوەتەوە، یارسانەکان ئەم بەرهەمە بە بەرهەمی سوڵتان سەهاک دادەنێن، بڕوانە:ـ مارف خەزنەدار(د)(٢٠٠١)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم ـ لە سەرەتاوە تا سەدەی چوارەم، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل ٢٢٩.

١١. عرفان مستەفا حەمە ڕەحیم(٢٠٠٩)، کێشەی زمان و دیالێکتە کوردییەکان لە ڕوانگەی فەلسەفەی زمانەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان زانکۆی سەلاحەددین، ل ١٥٤.

١٢. مەلا پەرێشان ناوی محەمەد ئەبولقاسمە، لە ساڵی ١٣٥٦ لە شاری دینەوەری ناوچەی کرماشان لەدایکبووە، نازناوی شیعریی مەلا پەرێشانە، شیعرەکانی هەموو بە دیالێکتی گۆرانی نووسیوە و بە پێچەوانەی شاعیرانی ئەوسای گۆران لەسەر تەریقەی یارسان نەڕۆیشتووە، لە ساڵی ١٤٢١ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، ل ١٣.

١٣. مارف خەزنەدار(٢٠٠٢)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم ـ سەدەکانی چوارەم ـ هەژدەم، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل ١٤.

١٤. سەعد بەشیر ئەسکەندەر(د)(٢٠٠٤)، سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، و: جەوهەر کرمانج، چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ل ١٦٦.

هەواڵنامەی کتێب

زمانی بەستەزمانی کوردی

عەلی بازیار

له كاتێكدا كه گه‌وره‌ترین ڕووناكبیران و زمانه‌وانانی وه‌ك چامسكی زمانی كوردی به كۆنترین و ڕه‌سه‌نترین و سروشتی ترین و ده‌وڵه‌مه‌ندترین زمانه‌كانی دونیا پێناسه ده‌كه‌ن، له ئێوه ژنان و كیژانی كورد زمانی فارسی بێژ ده‌پرسم؛ ئایا ڕه‌وایه زۆرینه‌ی هه‌ره زۆری ئێوه زمانی كوردی وه‌ك زمانێكی په‌راوێز و دواكه‌وتوو و بێ كه‌ڵك ده‌بینن و فێربوون و ڕاهێنانی خۆتان و منداڵه‌كانتان به زمانی زگماكی خۆیان به فیڕۆدانی كات و پاره ده‌زانن و به پێچه‌وانه فارسی قسه كردن به بێ زار و له‌هجه بۆ نموونه به‌وپه‌ری كلاس و پێشكه‌وتوویی و ئایه‌نده‌نگری ده‌زانن و هه‌زار ئه‌وه‌نده‌ی كوردی كات و پاره و هه‌وڵ و ته‌قالا بۆ زمانه‌كانی تری وه‌ك عه‌ره‌بی و توركی و ئینگلیزی و فه‌رانسه‌یی و ئه‌ڵمانی و ئیسپانیایی ته‌رخان ده‌كه‌ن و كه‌سێك كه زار و له‌هجه‌ی فارسی بێت با ئه‌نیشتاین و ئیفلاتوونیش بێت، لاتان هه‌ر دواكه‌وتوو و بێسه‌واد و كز و داماوه و كه‌سێكیش كه قه‌د قوتابخانه نه‌چووبێت به‌ڵام سێ چوار وشه‌ی ئینگلیزی یا فارسی له به‌ر كردبێت ئه‌سڵزاده و نه‌جیب و خاوه‌ن پریستیژ و به‌رۆژ و زانای سه‌رده‌م دێته به‌رچاوتان و له هه‌ر كوێ ده‌ركه‌وێت هه‌ر له دووره‌وه ده‌ست و پێی خۆتان گوم ده‌كه‌ن!

ئایا ڕه‌وایه له شارێكی وه‌ك سنه‌دا كه خۆی به ناوه‌ند و پێته‌ختی كولتوور و مۆسیقا و هونه‌ر و جوانی ده‌ناسێت و ده‌ناسن پتر له سی چل موسسه و فێرگه‌ی زمانی ئینگلیزی و ئیتالیاییو ته‌نانه‌ت مێخی و سۆمه‌ری و بابولی و په‌هله‌وی كۆنیش هه‌یه به‌ڵام فێرگه‌ی زمانی سه‌ره‌كی و پێویست و بنه‌ره‌تی كوردی یه‌ك دوو دانه فره‌تر نییه ئه‌ویش وه‌رزییه و له به‌ر ئه‌وه‌ی كه‌س لایان لێ ناكاته‌وه تووشی كێشه‌ی ئابووری ده‌بن و هێشتا دایان نه‌مه‌رزاندووه به كۆڵێ قه‌رز و قیست و وام و كرێ ماڵ و دووكان و بیره‌وه‌ری تاڵ و ناشیرینه‌وه ده‌بێت كۆی كه‌نه‌وه و ئه‌گه‌ریش به قه‌د سه‌ره‌ناخوونێك ئه‌ڤینی زمانه‌كه‌یان له دڵیان بووبێت چیتر كوردییه‌كه‌یان لێ ده‌بێت به ده‌عبا و دێوه‌زمه‌یه‌ك كه پووڵ و پاره و ته‌مه‌نیانی قووت داوه و....

ئه‌وه‌یش نه‌بێت گوشار و هه‌ڕه‌شه و گوڕه‌شه و بوختیان و اتهامی هێز و ناوه‌نده ئه‌منیه‌تییه‌كانی داگیركه‌ران و چه‌وسێنه‌رانی تورك و تازی و فارس به

تەنیا بەسە بۆ دارمان و کۆکردنەوەی هەر فێرگە و ئەنیستیتۆیەک کە ئامانجی فێرکاری زمانی کوردی بووبێت و بە هەوڵ و تەقالا و کەمپەین و تەبلیغ و وتار و ڕەخنە و داماوییەکی لە ڕادە بەدەر توانیبێتی سێ چوار قوتابی کوردی خوێنی کۆکردبێتەوە و پارەی بەڕێوەبردن و کرێی فێرگەکەی دەست خستبێت!

بە ڕای ئێوە ڕێکخراوەیەکی نێونەتەوەیی و زل و زەبەلاحی وەک یۆنسکۆ کە ئاگادارییەکانی بە لێکۆڵینەوە و سەرچاوە و بن و بناغەی قایم و پتەوی زانستی بە دەست هێناوە و بە پانتایی هەموو نەتەوە و وڵاتانی دونیا خاوەن ئەزموون و لێهاتووییە لە خۆیەوە دەڵێت کە هەر کەس نەتوانێت بە زمانی زگماکی خۆی بنووسێت و بخوێنێتەوە بە فەرمی نەخوێندەوار و بێسەواد و دواکەوتوو و لارەمل و داماو و هەموو ئەو شتانەیە کە ئێوە دەیخەنە پاڵ و ئەستۆی کوردی زانان و شوێنکەوتووانی زمان و ناسنامە و وڵاتی داگیرکراوی کورد و کوردستان!؟

یا نە یۆنسکۆیش وەک ناوەند و ڕێکخراوەیەکی ڕەگەزپەرستی دەمارگرژی بێ بنەما و مافیایی داگیرکەرانی تورک و فارس دەبینن کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە شەیتانییەکانی هەموو پێوەرە زانستی و دەسکەوت و بەها بەنرخەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی پێشێل دەکات و بۆ ساق کردنەوەی خەلافەتی عوسمانی یا هیلالی شیعی یا قەڵەمڕەوی هەخامەنشی لە هەر چەشنە تاوان و جینایەتێک سڵ ناکات؟

کەی ڕەوایە کە زمان و کولتوور و ناسنامەیەک هەم لە لایەن داگیرکەرانەوە بچەوسێت و سەرکوت و قەدەغە بکرێت و هەم لە لای گێژی و گەمژەیی و نەزانکاری و هەڵە و هوروژمی بێ بنەمای ئێوەی دواکەوتوو و لەخۆباییەوە کە ساڵەهای ساڵە بوونە بە داری تەوری تاڵان کەران و دەستەی چەقۆی چەوسێنەران و لە باتی بیرکردنەوە و پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی ئامانج و ئاواتە چیپ و نزم و بێ بەهاکانتان، ئاواتە بەرز و ئامانجە مەزنەکانی چالاکوانان و تێکۆشەران و ڕۆڵە ڕاستەقینەکانی ئەم وڵاتە لەت لەت و پرژ و پڵاوە دەکەنە نیشان و بە وەهم و خەیاڵی ساویلکانەی پاراستنی داهاتوو و کلاس و پریستیژی بەرۆژی خۆتان و منداڵە هەژارەکانتان و تاوانی دواکەوتوویی و بێکەڵکی، زمان و ناسنامەی دەیان هەزار ساڵەی خۆتان و باب و باپیرانتان دەبەنە قوربانگای دوژمنان و داگیرکەرانی

خۆتان و ناسنامەیەکی نامۆ و بێگانە و جڵف بە زۆر لەبەر دەکەن و بە هەزار درۆ و دەلەسە لە بەر چاو بنەماڵە و منداڵە داماوەکانیشتان پیرۆزی دەکەن تا ئەوانیش لەبەری کەن و لە ناسنامەیەک کە پێی گەورە بوون و داهاتن پشت هەڵکەن.

کەی خوا هەڵدەگرێت لە کاتێکدا منداڵێکی فارس زمان بابەتێکی بیرکاری یا ریازی بۆ نموونە بە زمانی زگماکی خۆی بە ئاسانی و بە بێ هیچ ئاڵ و گۆڕ و گیر و گرفت و کێشەیەک ڕاستەوخۆ بە فارسی ببیسێت، بە فارسی وەریگرێت، بە فارسی لەبەری کات و بە فارسی و دەسبەجێ بیخاتە نێو قووڵایی دەروون و ڕۆح و ڕەوانی خۆی بەڵام هەر لەو کاتەدا منداڵێکی هەژاری بێدەسەڵاتی کورد دەبێت هەر بۆ ئەو بابەتە بە کوردی گوێ بگرێت، بە فارسی ببیسێت، بە ناتەواوی بیکاتە کوردی - یانێ ئەو منداڵە داماوە لە یەک کاتدا دەبێت هەم کاری تەرجومە و وەرگێران بکات و هەم بابەتە ریازییەکەش فێر ببێت- بە کوردی فێری ببێت و بەو چەشنە دوای چەندین جار و چەندین ڕۆژ و ڕەنگە حەوتوو و مانگ و ساڵیش، بابەتێکی پارچە پارچە و تێکەڵاوی کوردی و فارسی بناسێ، لەبەری کات و بچێتە بیر و دەروونی! کە دیپولۆمیشیان وەرگرت هەر فارس و کورد بە پێوەری یەک ئەزموونی زەبەلاح و ناعادڵانە و بە دوور لە هەر چەشنە لێکۆڵینەوە یا بنەمایەکی زانستی یا دەروونناسی بە نێو کونکور تاقی دەکرێنەوە و فارس زمانێکی خاوەن پلە و پایە بەرز و بە هێزی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارومەندی پلە یەک، لە گەڵ منداڵێکی ڕەش و ڕووتی دێهاتی هەژاری چەوساوەی کورد بە یەک پێوەر تاقی دەبنەوە ئەویش لە وڵاتێکدا کە خۆی بە تەنیا نوێنەر و رزگاریدەری هەژاران و چەوساوەکانی دونیا دەزانێت و فروفیشاڵ و دەنگی پاڵپشتی مافی هەژارانی پتر لە چل ساڵە گوێی عالەمی کەر کردووە!

بەو چەشنە کە لەم چەند ساڵەی رابردوودا زمانی کوردی سەرنجی زانایان و زمانەوانانی کورد و بیانی بۆ لای خۆی راکێشاوە و بە پێی ئەو بەڵگە بەهێزانەی کە ڕەسەنایەتی و بنەرەتی زمانی کوردی بۆ دە هەزار ساڵ پێش و سەرەتای شارستانییەت و پێکەوە ژیانی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە و بێ هیچ شەک و شوبهەیەک دەیسەلمێنێ کە سەرچاوەی زمانە هیند و ئەورووپییەکان بە تایبەت و هەموو زمانەکانی دونیا بە گشتی زمانی کوردی بووە و هەر وەها لە سایەی سەری

هەواڵنامەی کتێب

ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زیندوو بوونەوە و پەرە سەندنی خێراتری ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و ساڵ لە دوای ساڵی ئەم زمانە هیچ دوور نییە لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا زمانی کوردی پلە و پایەکی زانستی وەها پەیدا بکات کە هەموو قوتابیان و توێژەرانی مێژوو و زانستە مرۆڤییەکان مەجبوور بکات کە بۆ زانیاری پێویست و شارەزایی و زانایی سەرەتا کوردی فێر بن وەک چۆن ئێستاکە بۆ ڕاهاتن بە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و زۆربەی لقە جۆربەجۆرەکانی زانست پێویستە ئینگلیزی بزانین و بەو جۆرە زمانی کوردی ببێتە یەکێک لە زل و بەهێزترین زمانەکانی دونیا. گەرچی لە ئێستادا و بە تایبەت لە ژێر هێژمونی و هەیمەنەی داگیرکەرانی کوردستاندا وێنا و تەسەوری وەها ڕۆژێک بۆ زمانی کوردی بە خەیاڵێکی ساویلکانە دێتە بەرچاو بەڵام بە پێی هەموو پێوەر و دەسکەوتە مێژووی و زانستییەکان، ئەو وێنایە ئاکامێک ماقووڵ و موستەدیل و مەنتیقیە.

بە لە بەرچاوگرتنی وەها ئاکام و داهاتوویەک و ئەو ڕاستییەیی کە فێربوونی هەر چەشنە زانست و زانیارییەک بە زمانێکی تری بێجگە لە زمانی زگماکی سێ ئەوەندەی زمانی دایکی دژوارترە بۆ ساوایان نە تەنیا داهاتوو و تەنانەت کلاس و پریستیژی سبەینێ منداڵەکانتان دەخەنە ژێر پرسیار و بەر مەترسی و تارمایی بەڵکوو بە لەبەر کردنی زمانێکی نامۆ و بێگانە پەروەردە و فێرکاری ئەمرۆ و ئێستاکەیشی تووشی کێشە و دژواری و ئاڵۆزی دەکەن و دەبنە وێنای ڕاستەقینەی دۆستێکی نەزانی خراپتر لە سەدان دوژمنی زانا!

تێبینی:

ئامانجی سەرەکی ئەم نووسراوەیە تێگەیشتن و لۆمەی هەندێ بەردەنگ با موخاتەبی تایبەت بووە کە تێگەیشتنی کوردی پەتی و ڕەسەن بۆیان ئاستەمە. هەر بەو هۆیەوە بە ئەنقەست وشەی فارسی یا ئینگلیزی بەکار براوە.

توورەیی و توند دەربڕینی بابەتەکەیش بە ئەنقەست و پێویستی نالەباری بارودۆخەکە بووە و بەردەنگی تایبەت بە خۆی بووە نە هەمووانێ کە پاشتر داوای لێبوردنیان لێ دەکەین.

هەوالنامەی کتێب

زمانە هیندۆروپییە زووەکانی ئەنادۆڵ و کوردستان

شاسوار هەرشەمی

شتێکی زۆر ناکۆک و لەگەڵ یەک نەگونجاو دێتە بەرچاو، ئەگەر بڵێین، کۆنترین زمانێکی هیندۆرووپیی، لە هەموو جیهاندا، کە بەڵگەنامە و نووسراوی لە پاش بەجێمابێت، تازەترین و دوا زمانی هیندۆرووپییە، کە لە لایەن زانایانەوە دۆزرابێتەوە. ئەو دۆزینەوەیە مەزن و گەورە و زۆر گرنگە، هەروا بە ڕێکەوت، لە سەرەتای ڕۆژێکی پایزی ساڵی ١٩٠٦ی زایینی، لە ئاقاری گوندی (بوغاز کۆی) لە باکوری شاری (قارس) یان بە زمانی خەڵکی ئەوێ، (سەرحەدێ)ی ئەوپەڕی باکوری کوردستان بوو، کاتێک کە جووتیارێک خەریکی کێڵانی زەوییەکەی بوو، دمی گاسنەکەی لە بەردێک گیر بوو. بە هەڵکۆڵینی، بۆی دەرکەوت کە بەردەکە نووسراوی لەسەرە. یەکەمجار نەزاندرا کە ئاستی دۆزینەوەکە ئاوا گەورە و کاریگەرە، بەڵام تا دەهات کاری گەڕان و دۆزینەوەکان بەرفراوانتر دەبوون. تا سەرەنجام دەرکەوت، کە شارێک لەوێ حەشار دراوە.

لەو ساڵە بەدواوە، شوێنەوارناسان، بەتایبەت شوێنەوارناسانی ئەلمان، تەنانەت لە دۆخی زۆر سەختی شەڕی یەکەمی جیهانییش، کە سەرحەدێ ببووە مەیدانێکی گەرمی پێکدادانی هێزەکانی ڕووس و عوسمانی، کۆڵیان نەدا و کەوتنە هەڵکەندن و هەڵدانەوەی ژمارەیەکی زۆر تابلۆی پارێزراو لە شوێنەواری شارێکی کۆنینە، کە دواتر هەر لە ڕێگای تابلۆکانەوە زاندرا، شارەکە (هاتوسا، Hattusa)ی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی هیتیی هیندۆرووپیی بوو. ئیمپراتۆریەتێک، کە تا ئەوکات نزیکەی بۆ مێژوونووسان نەناسرابوو. شوێنەوارناسان، لەناو یەکێک لە کۆشکەکانی شاردا، کە وێدەچێت کۆشکی پاراستنی بەڵگەنامە و ئەرشیف، یان کتێبخانە بوو بێت، ژمارەیەکی یەکجار زۆر تابلۆی قوڕی سوورەوەکراویان دۆزییەوە. تابلۆکان بە ڕێنووسی مێخی نووسرابوون.

ئەو ڕێنووسەی، کە تا ئەوکاتە بە گشتی، زمان و فەرهەنگی گەلانی ئەو کاتی میزۆپۆتامیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێ تۆمار دەکرا.

هیتییەکان لە نێوان ساڵانی ١٦٠٠ پ. ز تا ١٢٠٠ پ. ز، واتا بۆ ماوەی چوارسەت ساڵ، دەستەڵاتداری زاڵ بوون، لە هەموو باکوری کوردستان و ناوچەی ئەنادۆڵدا. تابلۆکان بەڵگەن لەسەر دەوڵەمەندی زمان و فەرهەنگی هیتییان. وەک ڕووداوێکی ناوازە، بۆ یەکەمین جار بەو زمانە هیندۆرووپییە، تووشی دەقی وەرگێڕاوی زۆر ناسراوی داستانی گیلگامێشی سومێرییان دەبینەوە.

لە کتێبی (داستانی گیلگامێش)دا، کە وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی، لە چەند شوێنێکدا وەک کاری بەراوردکردنی دەق، ئاماژە بەو دەقە هیتییەی داستانەکە کراوە.

تابلۆکانی هاتوسا، فرەکەلتور و هەمەڕەنگ بوون. دەقیان بە زۆر زمانان تێدا نووسرابوو لەناویاندا زمانی ئەوکات زۆر ناسراوی ئەکەدیی، کە زمانێکی (سامی) یان ئەفرۆئاسیایی بوو. ئەو زمانە لە چاخی برۆنزیدا ببووە زمانی نێونەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا، هەر بۆیەشە کاریگەری ئەکەدیی (هەروەک سومێرییش) بەسەر زمانی هیتیی، لە نووسینە ئیدیۆگرافییە مێخیەکانەوە بە ئاشکرا دەناسرێتەوە. ئەو کاریگەرییانەی سومێریی و ئەکەدیی تا ئێستاش بەسەر زمانی کوردیی و زمانانی دی ناوچەکە بەرچاون. بۆ زانیاری پتر لەسەر ئەو کاریگەرییانە، بگەڕێوە سەر کتێبێکی من بەناونیشانی (ئاوڕێک لە زمانی سومێریی).

بەشی هەرەزۆری تابلۆ دۆزراوەکانی هاتوسا، بە زمانێکی تا ئەوکات بە تەواوی نەزاندراو و نادیار و نەناسراو نووسرابوونەوە. هەڵهێنان و زانین وخوێندنەوەی تابلۆکان، چەند ساڵێکی خایاند. تا لە ساڵی ١٩١٥ زایینی، شارەزا و لێکۆڵەری چیکیی، بێدریخ هرۆزنی Bedrich Hrozny، توانی کلیلی ڕەمزی دەنگەکانی زمانەکە بکاتەوە و دەقە نووسراوەکان دیسان بنووسێتەوە و دواتریش وەریانبگێڕێت. ئەو زمانەی کە دواتر ناوی لێندرا (هیتیی، Hittite)، بە حەپەساوی و واقوڕمانی هەمووان، دەرکەوت کە زمانێکی هیندۆرووپییە. هەر ئەوەش نا، بەڵکو کۆنترین زمانی هیندۆرووپییشە، کە تا ئێستا نووسینی لەبەر دەست مرۆڤایەتی دابێت. واتا لە دەقەکانی پێشتری ناسراوی ڤێدایی، سانکسریتی، ئاڤێستایی، گرێکیی و لاتینیی زۆر کۆنترە.

بەهۆی شارەزایی پەیداکردن و ڕێکخستنەوەی وشە و فەرهەنگی هیتیی، شارەزایان و زانایانی ئەو بوارە، توانیان کۆنترین وشەی تۆمارکراو و بەکارهاتووی هیندۆرووپییش بدۆزنەوە. ئەو وشەیە وەک چاوەڕوان دەکرێت، لەو دەقە قوڕیانەی هیتیی نەبوون، کە لە هاتوساوە بەدەست هاتبوون. بەڵام بێگومان لە ڕێگای ئەو دەقانەوە بوو، کە وشەکە ناسرابووەوە. وشەی گۆڕین و جێمەبەست، لەناو دەقێکی بە ئەکەدیی نووسراوی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری دەرکەوت، کە لە وێستگەیەکی کاروانسەرای بازرگانی لە شاری (کەنێش، kanesh)ی ئاسیای بچووک دۆزراوەتەوە. لەو دەقەدا، کە بۆ ساڵی ١٨٠٠ پ.ز دەگەڕێتەوە، وشەی (ئیشیول، ishiul)ی هیتیی بۆ (گرێبەست) بەکارهاتووە. بەم جۆرە ئەم وشەیە سەرەوە، واتا (ئیشیول)، کۆنترین وشەی نووسراوی هیندۆرووپییە، کە تا ئێستا دەست ئێمە کەوتبێت. وەک گوتمان وشەکە هیتییە و تەمەنی نووسینەوەی بۆ پتر لە ٣٨٠٠ ساڵ دەچێت. وشەکە بۆ گرێبەستی بازرگانی، یان کڕین و فرۆشتن

بەکارهاتووە. بەمجۆرە، ئەم وشەیەی سەرەوە، (ئیشیول)، وەکو کۆنترین وشەی نووسراو یان تۆمارکراوی هیندۆرووپیی چۆتە ناو مێژووەوە. تەمەنی وشەکە وەک گوتمان بۆ سەرووی ٣٨٠٠ ساڵ دەچێت. وەک دەریشمان خست، وشەکە لە بواری بازرگانی و کڕین و فرۆشتندا و بە مەبەستی گرێبەست بەکارهاتووە. دیارە لەو سەردەمەدا زمانی هیتیی لای بازرگانانی ئاشوری، زمانێکی ناسراو بووە. تەنانەت گومانی ئەمەش دەکرێت، کە هەر لەو سەردەمە زووەدا، نووسینی دیش بە هیتیی هەبووبێت، بەڵام یان لەناوچوون، یان هێشتا نەدۆزراونەتەوە.

دەقەکان وا دەردەخەن، کە زمانی هیتیی، نەک هەر زمانێکی کۆنە، بەڵکو یەکێکە لە زمانە زۆر کۆنەکانی هیندۆروپییش. زمانەکە لە ڕووی ساختاری مۆرفۆلۆژیەوە، وەکو زمانە کۆن و کلاسیکیە ناسراوەکانی دی خێزانەکە،(لاتینیی، یۆنانیی، سانسکریتیی، ئاڤێستایی) زۆر ئاڵۆز نییە. هەر ئەمە خۆی لە خۆیدا بایەخێکی یەکجار گەورەی هەبوو، بۆ زانستی بەراوردکردنی پێوانەیی و گەشەکردنی زانستی زمان لە سەدەی بیستدا. ئەوەی کەم و زۆر تەگەرە و ئاڵۆزی خستە ناو وەرگێڕانی، یان دیسان نووسینەوەی دەقەکانی هیتیی، ئەو ڕاستییە تەڵخەبوو، کە نووسینی مێخی سیستەمێکی زۆر بەجێ و گونجاو نەبووە، بۆ دەرخستنی گۆکردن و سیستەمی دەنگ، لە زمانی هیتییدا. نوسینی مێخی، پشتی بە حونجە کردنی دەنگە دیارەکان (پیتە بێدەنگەکان یان کۆنسونانت) دەبەست. ئەو سیستەمەی، کە دواتر بوو بە بناغەی پیت لای فەینیکیەکان. زۆر زمانی دی وەکو سریانیی، عیبریی و عارەبییش، هێشتا پێڕەوی لە هەمان ئەو بنچینە کۆنەیە دەکەن بۆ نووسینەوە. وەک دەزاندرێت، عارەبەکانیش دەنگ، یان پیتەکانی بزوێن یان ڤاول نانووسن و هەر پیتە بێدەنگەکان (کۆنسونانت) لەو زمانەدا نیشانەی پیتی سەربەخۆیان هەیە. لە نووسینی هیتییشدا، ئەو پیتە دەنگدارانەی، کە زمان لەسەریان نەدەسەنگرایەوە، لە نووسین دەرنەدەکەوتن و نەدەنووسران. (بۆ زانیاری پتر لەسەر ڕێنووسی مێخی سەیری کتێبی"ئاوڕێک لە زمانی سومێریی" بکە).

بۆ نموونە وشەی هیتیی (تارهتە،Tarhta) بەواتای (ئەو سەرکەوت)، دەبێت بەو شێوەیە نووسرابێتەوە، کە دەخوێندرایەوە. واتا شێوەی ڕستە سادەکە دەبێتە:- (تار- ئەه- تە، tar- ah – ta). کێشە و ئاستەنگێکی دی لەو دەقانەدا ئەوەیە، کە زۆر وشە و دەربڕینی هیتیی، هەر لە بنەڕەتدا هیچ دەنگ، یان شێوەی گۆ کردنی تایبەتیان بۆ نەنووسراوەتەوە، بەڵکو نیشانە، یان وێنەیەکی مێخی، ئەو کات لای هەموو

خوێندەواران ناسراوی ئیدیۆگرافیان بۆ داناوە. جا کێشەکە ئەوەیە، کە ئەمڕۆ کەس نازانێت ئەو وێنەیەی، کە ئەو کات ئاسان و ناسراو بووە، چۆن چۆنی گۆکراوە. لەبەر ئەوەی هیتییەکان نووسینی مێخییان لە زمانەکانی ئەکەدیی و سومێری وەرگرتووە، هەر بۆیەش ئەو نیشانە و وێنە مێخییە ئیدیۆگرامانەش کە هەن، هەر لەو دوو زمانانەوە خواستراون، سەرەڕای ئەوەش، کە هەرسێ زمان، سەر بەسێ خێزانە زمانی زۆر لێکجیاوازن. ئێمە وێنەکان یان گۆکردنی وێنەکان بە سومێریی و ئەکەدیی دەزانین، بەڵام بێگومان سەرەڕای لێکچوونیشیان لە نووسینەوەدا، بە هیتیی جۆرێکی دی گۆکراون. بەڵام ئەمڕۆ بەناچاری و لەکاتی وەرگێڕان و خوێندنەوەی دەقەکاندا، لە شوێنی وشە و دەربڕینی وادا، هەر وشەی سومێری و ئەکەدیی دادەندرێت.

وێنەکە:

کۆنترین دەقێکی پەیمانی ئاشتیی و شەڕڕاگرتنە لە دنیا، لە نێوان ئیمپراتۆریەتی هیتیی و دەستەڵاتی هایاسە-ئاززی لە ناوچەی گۆلی وانێ، ساڵی ١٣٠٠ پ.ز، یان ٣٢٠٠ ساڵ پێش ئێستا. ئەمە دوای ڕاونانی شەڕکەرانی هایاسە-ئاززی هات لە ئاتوسە کە داگیریان کردبوو. سپای هیتییان بە سەرکردایەتی Suppiluliuma I، سوپپیلیومای یەکەم بوو، کە دواتر لە شوێنی تودهالیای سێیەم، بووە پاشای هیتیان.

زمانی هیتیی، تاکە زمانی هیندۆرووپیی نەبووە لە کوردستانی کۆندا، لە هەمان چەرخ و سەردەمی هیتییاندا. هەر لە کۆشکی ئەرشیفەکانی شاری هاتوسا، تابلۆی قوڕین و شوێنەواری چەندین زمانی دیش دۆزراونەتەوە، کە هەموویان بەیەکەوە لەگەڵ هیتیی، بنخێزانی لەناوچووی زمانەکانی ئەنادۆڵی هیندۆرووپیی پێکدێنێن. گرنگترینی ئەو زمانانەی دی، بریتین لە زمانی (لوڤی، luvi). هەر لوڤیی خۆی، بە زاراوەیەکی دیش دەقی پێدۆزراوەتەوە، کە بە جۆرێک لە پیتە وێنەی ئیدیۆگرافی جیاواز نووسراوەتەوە. بەو زاراوەیە دەگوترێت (لوڤی هییرۆگلیفی،Hieroglyfluvi).

ئینجا لوڤیی، لەگەڵ زمانێکی دی، کە بە (لیبکی، lyki) ناسراوە و تا درەنگانێک، واتا لە نێوان سالانی ٤٠٠ پ. ز تا ٣٠٠ پ. ز، بە ئەلفبایەکی لە گرێکیی وەرگیراو، هێشتا بەکارهاتووە و پێی نووسراوە، هەردووکیان بە یەکەوە، دەستەیەکی تایبەتی، لەناو بنخێزانە زمانی ئەنادۆڵیی دروست دەکەن، کە بەدەستە زمانی (خواروی ئەنادۆڵ) ناسراوە. زمانە ئەنادۆڵیییەکان، کە تا ئێستا بۆ ئێمە ناسراون، بریتین لە زمانەکانی (هیتیی، پالایی، لوڤیی، لیبسیی، میلیی، کاریی، یان کاریانیی، سیدێتیی، پیسێدیی، پریگیی، لیدیی...). بوونی زمانەکانی ئەو بنخێزانەیە تا سالانێکی وا درەنگی ٤٠٠- ٣٠٠ پێش زایین، واتا ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە زۆر دوای نەمانی دەستەلاتی هیتییان، زمانەکانی ئەنادۆڵیی نووسینیان پێ نووسراوە. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئاخێوەرانی ئەو زمانانە، ڕۆژانێک بەشێک بوون لە دەستەلاتی مادی و ئەخمێنیان، چونکە خاکەکەیان لە باشوری ئەنادۆڵ، دەکەوتە ناو ئەو سنورانە. بێگومان بیرکردنەوەی ئەوەی، کە ئەو زمانانە دواتر بوونەتە بەشێک لە زار و زمانەکانی کوردستان، یان مانەوەی شوێنەواریان لە زمان و زارەکانی باکوری کوردستان، هەرگیز بۆچوونێکی هەڵە نییە.

لەو زمانانەی دی ئەنادۆڵ، کە ناسراون، وەک دەرمانخست، دەکرێت ناوی ئەمانە بەرین: (پالایی، Palai)، (لیدیی، lydi)، (کاریی، kari)، (سیدێتیی، sideti)، (پیسیدیی، pisidi)، (پریگیی،prigi). ئەوەی تا ئێستا بە زمانی پالایی دەستکەوتووە، تەنیا بریتییە لە چەند دەقێکی کەمی، وێرد و نزای ئایینی، کە لە کتێبخانەکەی شاری هاتوسادا دۆزراونەتەوە. لێکۆڵەروان تا ئێستاش لە خوێندنەوە و وەرگێڕانی ئەو

دەقانەی پالایی، بە باشی دڵنیا نین. هەوڵ دان بۆ لە زمانەکە گەیشتن، بەو چەند دێرە کەمە، جارێ کارێکی سەختە. لیدیی و کاریی، ڕێک وەکو لیکیی بە ئەلفەبێتی لێکجیا، بەڵام لە گرێکیی وەرگیراو نووسراونەتەوە.

بنخێزانی زمانە ئەنادۆڵییەکان، ئەمڕۆ بە یەکجاری لەناوچووە و مردوە. هیچ زمانێکی دی نەوە یان وەچە و دەستەخوشکی ئەو بنخێزانەیەش لە پاشیان بەجێنەماوە. لە ڕووی جوگرافییەوە، هەردوو زمانی کوردیی و ئەرمەنیی، شانبەشانی زمانە کۆنەکانی گرێکیی وەک یۆنیی، میکۆنیی و تاد)، نزیکترین زمانی هیندۆرووپیین. کە لە وڵاتی کۆنی هیتییان ئاخێوەریان هەبووە و هەیە. هیچ یەک لەو دوو سێ زمانەنەش میراتگری زمانی هیتیی نین و لەو بنخێزانە وەپاش نەکەوتوون.

سەرەڕای ئەمەش کاریگەری هیتیی بەسەر زۆرێک لە وشەکانی هەرسێ زمانەوە دەبیندرێت. من فەرهەنگێکی هیتیی- کوردییم بە جیا ئامادەکردووە. بەڵام لێرەدا تەنیا بواری ئەمە هەیە، کە لە کۆتایی ئەم بابەتەدا، لیستێکی بچووک بەو وشانە ڕیزبکەم کە (بە ڕواڵەت) لە وشەی کوردیی دەچن. لە سەرجەم بابەتەکانی ناو کتێبەکەشمدا(زانستی بەراوردپێکردنی پێوانەیی لە زمانە هیندۆرووپییەکان...)، هەروەها فەرهەنگی سێ بەرگیی (ئێتیمۆلۆژی کوردیی)، تووشی لێکدانەوەی دەیان وشەی هیتیی دەبیت، لەگەڵ بەراوردکردنیشیان بە وشەی کوردیی. لەوانەیە ئەو بەراوردکردنەی لە نێوان وشەی هیتیی و هاوشێوە کوردییەکانی، ناو هەردوو کتێبەکان پێکەوە، گەورەتریین و بەرفراوانترین بەراوردکردنێک بێت، کە تا ئێستا بە زمانی کوردیی کرابێت.

کاتێک کە بنخێزانی زمانە ئەنادۆڵییەکان، (لە ڕاستیدا زمانی هیتیی) دۆزرایەوە، پەشێوی و سەرلێشێواویەک، کەوتە ناو جیهانی لێکۆڵینەوەی زمانە هیندۆرووپییەکان. هیتیی، کە کۆنترین زمانی پارێزراوی هیندۆرووپییە، بە ئاراستەیەکی زۆر جیا، لەو وێنە گشتییانە لادەدات، کە تا ئەوکات بۆ زمانی کەونارای خێزانەکە کێشرابوو. لە زمانی هیتییدا هیچ جۆرە جیاوازی کردنێک لە نێوان نێر و مێ نەبووە. سیستەمی گەردان کردنی کرداریش لە زمانی هیتیی، لە سیستەمی، یان بارەکانی گەردان کردنی کرداری زۆر لەیەکچووی، سانسکریتیی و گرێکیی و لاتینیی ناچێت. جگە لەمانەش، چەندان جیاوازی دی زۆر زەق لەو زمانەدا دەبیندرێن.

ئەو جیاوازییە زۆرانە، هەندێک لە لێکۆڵەرانی هێنا سەر ئەو باوەڕە، کە لایان هەڵە بێت، بنخێزانە زمانی ئەنادۆڵی، بە بنخێزانێکی (ئاسایی) هیندورۆپی دابندرێت، سەرەڕای لە یەکچوونی زۆری ئەو زمانانەی بنخێزانەکەش لەگەڵ سەرجەم زمانە هیندۆرووپییەکانی دی. لە نمونەی ئەو لێکۆڵەرەوانەی کە باوەڕی لەوجۆرەیان دەربڕیوە، دەتوانین ئاماژە بۆ (وارڕێن کۆوگیل،Warren cowgill و ئێدگار ستورتیڤانت،Edgar Sturtevant) بکەین. ئەو دوو توێژەرەوە و هەندێکی دیش، لەیەکچوونەکان لە نێوان زمانەکانی بنخێزانی ئەنادۆڵی و زمانەکانی دی هیندۆرووپیی، وا لێکدەدەنەوە، کە زمانەکانی ئەنادۆڵ، لە کۆنیدا هاوشانی پرۆتۆهیندۆرووپیین و هەردوولا بەیەکەوە، زووتر خێزانێکی هاوبەشی گەورەتریان پێکەوە ناوە، (کە زۆرجار بە خێزانەزمانی هیندۆ-هیتیی ناوی دەبەن).

بە گوێرەی ئەو بیردۆزەیە بێت، هەروەک بە ناوەکەیشیەوە دەردەکەوێت، دەبێت زمانە ئەنادۆڵییەکان، شان بەشانی زمانە هیندۆرووپییەکان، وەک خێزانە زمانێکی سەربەخۆ گەشەیان کردبێت، بەڵام هەردوو خێزانە زمانی ئەنادۆڵیی و هیندۆرووپیی، زووتر و لە بنەڕەتدا، لە سەرچاوەیەکەوە هاتوون و دواتر بە ڕێچکەی لێکجیا گەشەیان کردووە. کەواتە بە گوێرەی ئەم بۆچوونە بێت، دەبێ هەردوو زمانە هیندۆرووپییەکان و ئەنادۆڵییەکان، لە سەرچاوەیەکی هاوبەشی دیی نەزاندراوەوە هاتبن. ئەگەر ئەم بۆچوونە بخەینەوە سەر درەختی گۆرینی زمانیش، ئەوا ئیدی زمانە ئەنادۆڵییەکان، نابنە دەستە خوشکی بنخێزانە زمانەکانی دی. تەنانەت لکێکی لە قەد دەرچووی درەختەکەش پێکناهێنن. بەڵکو دەبنە پوری ئەو خێزانە زمانە و قەدێکی هاوتەریبی درەختی گۆرینیش دەبن.

ئەمڕۆ ئەم بۆچوونە چیدی گەلێر نییە و لای توێژەرەوە و لێکۆڵەرەوان پەسەند نەکراوە و کاریشی پێناکرێت. بەڵام ئەو جیاوازییە زۆرانەی کە لە بنخێزانەکە دەبیندرێت، لێکۆڵەرەوانی هێنا سەر ئەو باوەڕە، کە دەبێت زمانە ئەنادۆڵییەکان، زۆر زوو (ڕەنگە زۆر پێش بنخێزانە زمانەکانی دی)، لە زمانی هاوبەشی هیندۆرووپیی، واتا زمانی کەونارای (پرۆتۆهیندۆرووپیی) دابڕابن و جیابووبنەوە و ڕێچکەی سەربەخۆی گەشەکردنیان گرتبێتە بەر. هەر بۆیەشە زۆرێک لە دیاردە هاوبەشەکانی دواتری ئەم خێزانە زمانە، لەو زمانانەدا نابیندرێت.



دۆزینەوەی زمانە ئەنادۆڵییەکان، کە ئێمەی بۆ قۆناغێکی کۆنتری گەشەی زووی زمانە هیندۆرووپییەکان گێڕایەوە، بۆ پێشخستنی زانستی زمانە هیندۆرووپییەکان، هەتا بڵێیت گرنگ و بە بایەخ بوو. ئەم دۆزینەوەیە لە زۆر ڕووەوە، وەکو شۆڕش و وەرچەرخانێک وابوو بۆ دید و بۆچوونی پێشوترمان، لەسەر ئەو خێزانە زمانە بە گشتی و قۆناغەکانی مێژوی گەشەکردنیشی بەتایبەتی.

یەکێک لە کاریگەریە هەرە مەزنەکانی دۆزینەوەی زمانی هیتیی، بەرەنجامی ئەوەی لێکەوتەوە کە بیردۆزەیەکی یەکلاییخەرەوە بێتە پێش و سەرهەڵبدات. بیردۆزەکە ئەمڕۆ بە گشتی لای لێکۆڵەرەوان، نەک هەر پەسەندکراوە، بەڵکو لە توێژینەوەکاندا، پشتی زۆریشی پێدەبەسترێت. ئەو بیردۆزەی ناوبراو لە ژێرناوی بیردۆزی (لارینگال،laryngal) ناسراوە، کە لێکۆڵینەوە لەسەر دەنگە گەروییەکان دەکات.

زمانی هیتیی، یان ڕاستتر بڵێین، دەقە نووسراوەکانی هیتیی، هەندێک لە دەنگی گەرو ئاسای (هـ)، یان دەنگی دی گەرویی لە (هـ) چووی پاراستووە. ئەو دەنگانەی، کە ڕێک و ڕەوان و ڕاستەوخۆ، تا سەر زمانی پرۆتۆهیندۆرووپیی دەچنەوە، لە کۆنی و ڕەسەنی دا. ئەو جۆرە دەنگە، کە بۆ لێکۆڵینەوە و ساغ کردنەوەی وشەی دیسان داڕێژراوە زۆر گرنگە، لە زمانە کلاسیکییە مردووەکان و زمانە هاوچەرخەکانی هیندۆرووپییدا، نەماوە و لەناوچووە (مەگەر لە زاری کرمانجیی زمانی کوردیی بە

تایبەتی و فارسیی بە گشتی نەبێت، کە شوێنەواری ئەو دەنگە دەبینم و دواتر دێمەوە سەری). لە بەشەکانی کتێبی ناوبراودا، بە وردی ناوەرۆکی ئەم بیردۆزەیەم خستۆتە بەرچاو.

زمانە ئەنادۆڵییەکان، جگە لەوەی کە زۆر زۆر کۆنن، زۆریش لەو وێنە گشتییە لادەدەن، کە لێکۆڵەرەوانی زوو، بۆ زمانە هیندۆرووپییەکانیان کێشابوو. ئەمە خۆی لەخۆیدا یارمەتیدەرێکی بەهێزە، تا بە بیرێکی فراونترەوە خەریکی کارە زانستییەکانی بەراوردکاری پێوانەیی بین. لە لێکۆڵینەوە و کارکردن لەسەر ئەو زمانانەدا، هەرگیز نابێت خۆمان لە چوارچێوەیەکی داخراودا، قەتیس بکەین و بواری ئەوە بە خۆمان نەدەین، فراوانتر بیر بکەینەوە. ئێمە لە زمانێک دەکۆڵینەوە، کە هەزاران ساڵ کۆنە و بە دەیان نمونەی لێکجیاشی لە نەوە زمانەکان بۆ بەجێهێشتووین.

نموونەی دەقێک بە زمانی هیتیی:

(دەقێکە لەبارەی شا ئەنیتا ١٧٠٠ پ. ز). دەقەکە بە زمانی هیتیی نووسراوە و دۆزراوەتەوە، بەڵام ئەو وشانەی، کە لە دەقەکەدا بە پیتی گەورە نووسراون، تەنیا کۆپی کردن و ڕاگواستنی (وێنەنووسین، ئیدیۆگرام)ی سومێریی و ئەکەدیین. بێگومان لە سەردەمی خۆیدا، ئەو شوێنانەی دەقەکەش، بە هیتیی گۆکراون، بەڵام لێکۆڵەرەوان هێشتا لە دەنگە هیتییەکانیان دڵنیا نین کە چۆن بوون.

Anitta DUMU Pithana LUGAL Kussara QIBIMA: nepisz – asta Tarhunni assus esta

n- asta Tarhunni man assus esta

Nesas hassus kussaras hassui….

Kussaras hassus happiraz katta pangarit uet

nu Nesan ispandi nakkit das

Nesas hassun epta U Nesas DUMU.MES

idalu natta kuedanikki takkista

annus attus iet

هەمان دەقی هیتیی بە ڕێنوسی کوردیی:

ئەنیتتا (دومو) پیثانا (لوگال) کوسسارە (کی بیمە)

نیپپیستس- ئەستە تەرهوننی ئەسسوس ئێستە.

ن- ئەستە تەرهوننی مان ئەسسوس ئێستە

نیساس هەسسوس کوسسارەس هەسسوی...

کوسسارەس هەسسوس هەپپیرەتس کەتتە پەنگەریت ئویت

نو نیسان ئیسپەندی نەککیت داس

نیساس هەسسون ئیپتا (ئو) نیساس (دومو.میش)

ئیدا لو نەتتە کویدە نیککی تەککیستە

ئەننوس ئەتتوس ئییت.

تێبینی: وشەکانی ناو کەوانە، وێنە دەنگی بێگانەی سومێریی و ئەکەدیین لەناو دەقەکەدا.

وەرگێڕانی هەمان دەقی هیتیی، بۆ زمانی کوردیی:

((ئەنیتتا، کوڕی پیثانا، پاشای کوسسارە، دەڵێ:

ئەو شەیدای خودای ئاسمانیی گەرداو بوو

و کاتێک کە ئەو شەیدای خودای گەرداو بوو

..... پاشای نیسا بۆ پاشای کوسسارە....

پاشای کوسسارە بە هێزێکەوە لە شار دابەزی

و بە زۆر نیسای لە شەودا داگیرکرد.

ئەو پاشای نیسای گرت، هەرچی منداڵانی نیسان (مەبەست خەڵکە)

ئەو چ ئازاری پێنەگەیاندن.

ئەو ئەوانی کردە باوک و دایک)).

* * *

واتای چەند وشەیەکی ناو دەقەکە:

بەزۆر= hakkit

خواریَ= katta

لەشەودایە= ispandi

شەو= ispant

* * *

وەک ئاماژەمان بۆکرد، زمانی هیتیی و زمانەکانی دی ئەنادۆڵ، زۆر دەمێکە لەناوچوون و هیچ زمانێکی زیندوشیان لە پاش بەجێنەماوە. سەرەڕای ئەمەش هەست بە بوونی وشەگەلێک دەکرێت، کە لە زمانی هاوچەرخی کوردییدا ڕەنگیان داوەتەوە. لە هەردوو کتێبەکانمدا (بەراوردکردنی پیوانەیی... فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی)، توشی لێکدانەوە و بەراوردکردنی زۆر وشەی هیتیی دەبینەوە. حەزم کرد لەو فەرهەنگە هیتییەش، کە ئامادەم کردووە، ئەم گوڵبژێرە لێرەدا بڵاوبکەمەوە:-

کوردیی- هیتیی

پاش= ئاپپا، appa

تۆ، تە، ئەتو= دو، du

تۆ، تە، ئەتو: تە، ta

تۆ، تە، ئەتو= تتە، tta

گۆلک= ئیَ. گو . E. Gu

گا= گو . Gu

هەس (- ە)، هەیە= ئێس، es

ئەو پیاوەی لە ڕێگای ژن و ژنخوازیەوە بۆتە خزم= گەیێنە، ژەیێنە gaena

وێران= هەرنینک . harnink

هە(بوون)= هەر / هەرک har/ hark

زا/ لە دایک بوو= هەس، هەسس، has/ hass

خێزان= هەسسەننە . hassanna

کولانەوە/ ئێشان= هول، hul

شەڕ، جەنگ، لام وایە (قوڵڵە)، کە لە بنەڕەتدا بۆ خۆپاراستن دروست کراوە، لە ڕەگی هەمان وشەوە ماوەتەوە=: هوڵڵە . hulla

هەموو/ هەر= هومەنت . humant

هیربار/ ئامان/ قاپوقاچاخ= هوپپەر . huppar

پارچەی کەتان/ قوماشی کەتتان= کەتەنی پو . katani pu

هەنوکە، نوکە، ئێستا= کینون/ کینونە . kinun/ kinuna

کەسێک/ یەکێک/ شتێک: کویسک . kuisk

کوشتن/ گومانم بۆ خزمایەتی لەگەڵ وشەی (خوێن) دەچێ= کوێن، kuen

وڵات/ وشەکە لە وشەی لێکدراوی (کور+مانج) ماوەتەوە، بە واتای (وڵاتی مانج یان مانناا):-

وڵات= کور/ کورکور . kar/ kur kur

کو/ چی/ کە/ کێ= کوی . kui

هەرکوبێ/ هەرچۆنێ بێ= کوی – کوی . kui – kui

بۆکوێ/ کوێ= کو واپی . kuwapi

لە کوێ/ کوێ یە= کوێز . kuez

ما/ چما/ بۆچی/= ما . ma

شان/ سەرقۆڵ. لە وانەیە (کۆتەرەی) پشت لە هەمان ڕەگەوە مابێتەوە= کوتتر- kuttar

هی (من)= می . mi

وڵاتی میسر= میزری . mizri

جیهان/ سەیری جی-هان. یان گێ-تی بکە = کی ki

سەرێ= سەر . ser

سەر= سەگ. sag

چو(نکە)= سو . su

ساغ= سیگ . sig

سەیرکە/ سەح کێ= سو وایە . su waya

قوربانی کردن (گومانم بۆ ناوی شاخی سیپان دەچێت، لە دەڤەری وان، کە لەوانەیە شوێنی پەرستگایەکی هیتی بووبێت، بۆ قوربانی کردن= سیپانت sipant

زل: سێڵلی= . salli

بەردەم/ تەنیشت/ پەڕگە= پێرەن . peran

پارچە/ پارچەکردن/ شکاندن= پەرس/ پەرسیە . pars/ parsiya

نا= نەتتە . natta

نان= نیندە . ninda

ئەژنۆ/ چۆک= ژێنو . genu

ئامرازی پەیوەندی (و)= ە/ یە/ و/ نو a/ ya/ u/ nu

* **سەرچاوە**: کتێبی (زانستی بەراوردکرنی پێوانەیی لە زمانە هیندۆرووپییەکان، میتۆدێک بۆ دیاریکردنی بنەچەی زمانی کوردیی)

زمان بوونەوەرێکی زیندووە

د. ئازاد حەموتو
لە عەرەبییەوە: عەبدولڕەحمان فەرهادی

ئەم بابەتەی لەم چەند لاپەڕەیەی کە لەبەر دەستتدایە بریتییە لە باسێکی زانستی لە بارەی زمان و ڕوانینێکی فیکری لە بارەی زمان کە لەلایەن د.ئازاد حەموتو بەشێوەی نامیلکەیەک بڵاوبووەتەوە.

ئازاد حەموتو مامۆستای زانکۆ و نووسەر، خەڵکی عەفرینە و دوکتۆرای لە زانستی ئایین و ڕەگەزناسی لە زانکۆی مۆنستەر و بەرلینی ئازاد لە ئەڵمانیای یەکگرتوو وەرگرتووە و لە بوارەکانی ئارکۆلۆجیا و زانستی زمانە ڕۆژهەڵاتییە کۆنەکان و سۆسیۆلۆجیا و مێژووی هونەر شارەزایە و نووسینی زۆرە.

لێرەدا بە پێویستمان زانی چەند لاپەڕەیەک لە نامیلکەکە بۆ خوێنەرانی کورد وەرگێڕین کە سوودی زۆری هەیە.

بیرۆکەی ئەم دەستنووسە لە مێژە لە خەیاڵدایە، بەڵام بەهۆی سەرقاڵی و کاری زۆرمەوە درەنگ ڕووناکیی بینی، هەر جارەی کە پێیدا دەچوومەوە ئەوەم بە خەیاڵدا دەهات کە فۆرم و شێوازەکەی بگۆرم، بەڵام لەو بڕوایەدام کە ئەو بیرۆکانەی تێیدا نووسراونەتەوە تا حاڵی حازر هەر جێی مشتومڕ و وتووێژن.

ئامانجم لێکۆڵینەوەیەکی تیروتەسەل نەبوو لەبارەی زمانەوە، بەڵکوو زیاتر ئەوە بوو کە هەوڵ بدەم هەندێک لایەنی گرنگ لە ڕەگەز و ڕۆڵی زمان لە ژیانی مرۆڤ و ژیانی ڕۆژانەی تاکە کەس ڕوون بکەمەوە، ئەویش لەنێو ژینگە و ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژی و ئاوێتەی دەبێ.

ئامانجم دەربڕینی لایەنێکی گرنگ بوو کە لە هۆشیاریی ڕۆژانە و پەیکەری زمان وەک بابەتێک بۆ گفتوگۆو وتوێژدا نەبوو...

سەرەتاش بیرۆکەی بنەڕەتی بریتی بوو لە وتارێکی چەند لاپەڕەیی کە ئامانجی ڕوونکردنەوە بوو بەشێوەیەکی هزری لەشێوەی نامیلکەیەک. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین سەرچاوە و کتێب و وتاری جۆراوجۆرو سوود بەخشم لەم بارەوە دەست کەوت کە بەهۆی زۆری ژمارەیانەوە، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە قەبارەیەکی زۆریش دەگرن نەمتوانی ناویان بهێنم کە هەندێکیان ڕۆڵێکی گرنگیان لە لێکۆڵینەوەکەدا هەبوو، بەتایبەتی وتار و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی وتار و توێژینەوەکانی مامۆستای پسپۆری زانستی زمان بەڕێز (خالید جەمیل محەمەد) بە قامیشلو کە بە عەرەبی نووسیبوونی و زۆر ڕێزو سوپاسی تایبەتیم بۆی هەیە.

سەرەتای بیرۆکە کە دانانی وێنەیەکی پڕشنگدار و هونەرییانە بوو لەبارەی جۆر و شێوەی دەست نووسەکە، بۆیەش پەنام بردە بەر دۆستی هونەرمەند و خۆشەویستم (لوقمان ئەحمەد) لە حەسەکە کە بە سوپاسەوە بەهانامەوە هات و بە وێنە ئەبستراکتیەکانی نامیلکەکەی ڕازانـدەوە بۆ ئـەوەی ڕۆحێکی جوانکارانە بە دێڕەکان ببەخشێ، بۆیە سوپاسی زۆری دەکەم بۆ وێنەکان و نەخشەسازیی بـەرگ. لەدواییدا ڕێزو سوپاسی زۆرم بۆ هاوڕێم (د. باسم جبور) لە حمص کە دەستنووسەکەی خوێندمەوە و لەڕووی زمانەوە لێی وردبۆوە.

د. ئازاد/ حەلەب/ ئابی ٢٠٠٧

پێکهاتەکانی زمان:

هەر زمانێک چەند پێکهاتەیەکی بنەڕەتیی هەیە کە بنیادی دەنێ و پەیکەری هەر زمانێکیش چەند کۆڵەگە و پایەیەکی بنەڕەتیی هەیە، کە ناتوانرێ دەستەبەرداریان بین، هێز و پتەوی ئەم پێکهاتانە وادەکەن کە هەر زمانێک لە زمانێکی دیکە جیا بکرێنەوە و فۆرم و شێوە دەرەکییە گشتییەکەی پێکهاتەکەی دەداتێ. ئەمە لەلایەنی تەکنیکیەوە یان لە پێکهاتەی بنیادی بیناسازی.

پێکهاتە بنەڕەتییەکانی زمان بریتین لە: ڕێزمان، نەحو، سـەرف، شیکردنەوە، سیستەمی پێکهاتەی ڕستە، ڕەگ و ڕیشەی وشەکان و هتد...

لەسەر بنچینەی ئەم پێکهاتانە مرۆڤ فێری چۆنیەتی تێگەیشتین و ڕاهاتن لەگەڵ دەوروبەر و کۆمەڵگا دەبێ و دەست بە ڕێکخستنی فەرهەنگی وشە ڕۆژانەییەکانی دەکات لەگەڵ پێش کەوتنی خۆی ئەمیش لە گۆڕاندا دەبێت، ئەمە لەلایەنی فیزیایی جەستەیی و هزرو مێشکیشەوە، هەروەها لەلایەنی پێداویستیەکانی ژیانیشەوە هەر لە گۆڕاندا دەبێت.

هەروەها لەلایەنی تاکە کەسانەوە، هەروەها ئەم کارە بەشێوەیەکی بەر بڵاو و فراوان لە ئاستی خانە کۆمەڵایەتییە بچووکەکانیش (خێزانو کەسوکار)و لەخانە کۆمەڵایەتییە گەورەکانیش (کۆمەڵگا) هەر پراکتیزە دەبێت.

ئەم کۆمەڵەگە و پایە بنەڕەتییانە بۆ فێربوون و فێرکردنی تاکە کەسی یەکێکە لە پێداویستییە گرنگەکانی ژیان بۆ ئەوەی تاکەکەس لەگەڵ دەوروبـەر ڕا بێت و لەگەڵ بازنەی کاروکردەوە و چالاکییەکانی بەشێوەیەکی لۆجیکی و ڕێکوپێک وەک

ڕێککاری کردنی جلوبەرگەکانی لەنێو دۆڵابی ماڵەوە. توانا هزری و مێشکیەکان و وەرگرتن و فێربوون لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە لە کار و کردەوە و ئاوێتە بوون و تێکەڵاوییەکانی لەیەکتر جیان، هەروەها لە سروشت ئەقڵە تایبەتمەندەکەشی کە لە سروشتی زمانە تایبەتەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە، چونکە ئاکارێکی زمانی تایبەت بەخۆی هەیە، ئایا ئەم جۆرە زمانە بەرهەمی چالاکیی هزرە بۆ بەکارهێنان.

زانستەکانی زمان:

لەو زانستە بنەڕەتییانەی کە لە کاروباری زمان دەکۆڵێتەوە و بایەخ بەلایەن و کارەکانی دەدات (زانستی زمانناسی- linguistics)ە و بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زانستی و تەکنیکی لە زمان بەپێی پرەنسیپی پرۆگرامی زانستی پیادە کراو کە لە زانستە سروشتییەکان کاردەکات و لێیدەکۆڵێتەوە.

ئەم زانستەش پەنا دەباتە بەر زانستەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و ڕەگەزناسیی ئادەمیزاد و زانستی مێژوو و زانستی جیۆگرافیا و هتد... واتە بەپێی میتۆدی زانستی نوێ کاردەکات کە ئێستا بۆتە میتۆدێک و لە زۆربەی زانکۆکانی جیهاندا دەخوێندرێ و بەسیستەمی (interdiscipliner) ناونراوە (لەنێوان زانستەکانو پسپۆرییەکان).

زانستی زمان و زمانناسی بایەخ بەلێکۆڵینەوە لە سروشتی زمان دەدات لەلایەنی ڕێزمان و نەحو و سەرف و دەنگ و هتد... بایەخی یەکەمینیشی توێژینەوەیە لە زمانی قسەکردن.

زمانناسی پێکهاتووە لە چەندین لقە زانستی دیکە (کۆڵەگە و پایە) کە پێکهاتە و بنیادی ئەم زانستە پێک دێنێ و ئەمانیش بریتین لە زانستی ئەتیمۆلۆجی (etymology) کە زانستێکە بایەخ بەڕەگ و ڕیشەی وشە و وشەسازی دەدات.

- فەرهەنگناسی/ lexicology
- زانستی دەنگەکان/ phonology

بایەخ بە لایەنەکانی کاری دەنگەکانی زمان دەدات.

- زانستی دەنگە گشتییەکان (فۆنەتیک) کە بایەخ بە لایەنی ماددیی دەنگەکانی زمانە مرۆییەکان دەدات.
- سیمانتیک (semantics) بایەخ بە زانستی واتا و تایبەتمەندییەکانی دەدات.

لە پاڵ زمانناسی، زانستێکی دیکە هەیە کە فیلۆلۆجی (philology)یەو بەزانستێکی

گرنگ و بنەڕەتیی زمان دەژمێردرێ کە بایەخ بە پێشکەوتن و دۆخی زمانێکی دیارکراو دەدات، بەپێی قۆناغی مێژووییەکان لەلایەنی نەحو و سەرف و دەنگ.. هەروەها بایەخ بەخێزانی زمانە لێک نزیک چووەکان دەدات لە ڕووی ڕەگ و ڕیشە و شتە لێک جیاواز و لێکچووەکانی، ئەم زانستەش زمان و ڕۆشنبیری و مێژوو و دابونەریت و کەلەپووری ئەدەبی هەر گەلێک لە سەردەمانێکدا دەگرێتەوە، هەروەها زانستێکە بە پلەی یەکەم بایەخ بەدەق و دەستنووس‌و نیگارە نووسراو و بەڵگەنامەییەکان دەدات، واتە زانستێکە لە کاروباری زمانی نووسراو دەکۆڵێتەوە.

هەروەها زانستی تر هەیە کە لە کاروبار و کاریگەریی زمان و پیادەکردنی لەسەر هەر گەلێک و کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش دەکۆڵێتەوە و ڕۆڵێکی گرنگیشی هەیە، ئەویش (زمانناسی کۆمەڵایەتی- sociolinguistic)و (زمان دەروونناسی- psycholinguistic)ن کە هەردووکیان لە دۆخەکانی قسەکردن و قسەکەرانی هەر زمانێک و چۆنیەتی گواستنەوە و کۆچی بە کۆمەڵ و زمانان دەکۆڵێتەوە.

توێژەر بە هۆی ئەو زانستانەی زمان و زانستە یاریدەدەرەکانی دەتوانێ لەبارەی پرۆسەی گەشەسەندن و بەرەو پێش چوونی هەر زمانێک لە هەر سەردەمانێک و دۆخی هەر زمانێک لە سەردەمێکی هاوچەرخدا بزانێ.

هەروەها بەهۆی ئەم زانستە بنەڕەتیانەوە توێژەر دەتوانێ پرۆگرام و ئاکارێکی زمانی لە نیشتمانی خۆی شارەزا بێ.

زمانی قسەکردن و نووسین

زمان دوو لایەنی زیندووی هەیە کە ئەمانەن:

لایەنی یەکەم بریتییە لەگوێ لێبوون، واتە دووان و قسەکردن و زارەکیی سنووردار لەڕووی شوێن‌و کاتەوە بۆ تەمەن و زیرەکی قسەکەران، زمانی قسە پێکراویش پایەی یەکەم لە ژیانی تاکەکەس داگیر دەکات و لەنێو خەڵکدا زۆر بەر بڵاو وفراوانە، کە زمانێکە بە پێی باری خانە کۆمەڵایەتییە ژیاوەکان و گۆڕانی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی دەگۆڕێت.

لایەنەکەی دیکە بریتییە لە نووسراو و تۆمارکراو کە دوای مردنی نووسەرەکەش دەمێنێتەوە، ئەم لایەنەیان چەند سیفەتی ڕەسمیی هەیە کە کار بەزمانی تاکە کەسی دەکات و بەرەنگی خۆی بۆیەی دەکات.. لەوانە:

جۆرو ڕەنگی زمانی کارگێڕی
جۆرو ڕەنگی زمانی پەروەردەیی
جۆر و ڕەنگی زمانی فێرکردنی بەکارهاتوو
جۆر و ڕەنگی زمانی ڕۆشنبیریی پیادەکراو
جۆر و ڕەنگی زمانی ئابووریی بەکارهاتوو
جۆر و ڕەنگی زمانی ئایینیی بڵاو
جۆر و ڕەنگی زمانی بازرگانیی ئاڵوێرکراو

هەموو ئەم ڕەنگانەی زمان سەرچاوەکانیان لە زمانی سیستمە سیاسییەکانەوە هەڵقوڵاون، واتە دەسەڵاتی سیاسی سەرکردە و ڕێنماییکەر و کۆکەرەوەی ژیانی کۆمەڵگا بەگشتی و لەمەشەوە ڕەنگ و ئادگاری زمانی سیستمەکانی دەزگا دەوڵەتییەکانی دەیپارێزن.

بۆ هەموو ئەم دوو لایەنە ڕێزمان و میتۆد و پرۆگرامی تایبەت و دیارکراو بەم زمان و بەو زمان هەیە.

جیاوازیی جور و ڕەنگی زمانێک کە تاکە سەرچاوەیەکی بەکارهاتووی لە سیستەمی کارگێڕی و دەزگایی جیاواز، دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی میتۆدی سیستمە دەزگاییەکانی دەوڵەت کۆیکردونەتەوە، (زمانی عەرەبی لە زێتر لەبیست وڵاتی خودان بیست سیستمی سیاسیی جۆراوجۆر، زمانی تورکی کە لە وڵاتی تورکیا و ئازربێجانو هەرێمەکانی و ئێران و تورکمانستان بەکاردێ، زۆر نموونەی تر) ئەوەی بەڵگە نەویستە بۆ هەنگاوەکانی فێربوونی مرۆڤ بۆ هەر زمانێک جا ئەگەر مرۆڤەکە منداڵ بێت یان نەوجەوان، یاخود پێگەیشتوو ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: گوێ لێ بوون

دووەم: قسەکردن

سێیەم: خوێندنەوە

چوارەم: نووسین

هەنگاوی بنەڕەتین بۆ فێربوونی مرۆڤ بۆ هەر زمانێک، هەروەها هەنگاوی یەکتر تەواوکەرن لەڕووی گرانی و ئاسانی بۆ فێربوون.

هەواڵنامەی کتێب

زمان تێگەیشتن و بەیەک بەستنەوەیە:

زمان هەروەک لە زمانناسانەوە زانراوە بریتییە لە گرنگترین هۆکارە بنەڕەتییەکان کە تاکەکەس و کۆمەڵگا بەکاری دەهێنن بۆ گوزارشت کردن لەناخ و تێگەیشتن و بەیەکەوە بەستن و پابەند بوون لەگەڵ کەسانی تر کە لەڕووی تەکنیکەوە هۆکارە.

هۆکارە بۆ ئاڵوگۆڕیو گواستنەوە بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنو ڕاڤەکاری، گەیشتنو پابەند بوون، گوزارشت کردنو پێناسین، هۆکارە بۆ داپۆشینی ناوو پێداویستییەکان، کاروبار، بیروڕا، گەیشتنە بە ئامانجەکان وەک د. السید دەبێژی: کە زمان دەبێتە هۆکارێکی بنەڕەتیی مرۆڤ بۆ گوزارشت لە بیروڕاو هەست و سۆزەکانی، ئەوا دەفرێکی ئەبستیمی و کانگەی کەلەپووری گەل و هۆکاری پابەندی و بەردەوامیی نێوان تاکەکەسانی ئەو کۆمەڵگایەیە کە تیایدا دەژین.

زمان گرنگترین پێداویستییە کە کەسایەتی و مرۆڤ پێکدێنێ تا بەدەوروبەرو کۆمەڵگا و ژینگەیەوە ببەستێتەوە.. ئەدرەسی ناسنامەکەیەتی کە لەخەڵکانی دیکەی جیادەکاتەوە، هەروەها کلیلە تایبەتیەکەیەتی تا بەهۆیەوە بچێتە نێو ناوەندو دەوروبەر و ژینگەکە و هەروەها ڕۆشنبیری و کەلەپوورە تایبەتەکەشی.

زمان پابەندە بە ڕۆشنبیری (کەلەپوورو دابونەریتی) هەڵسەنگاندنێکی سەرەکیو گرنگیشە بۆ ناسنامەی خۆیو کۆمەڵگاکەی.

بەهۆی زمانێکی دیکەوە مرۆڤ دەتوانێ بچێتە نێو ڕۆشنبیریی زمانانی ترو لەکەلەپووریان قوڵ بێتەوەو شارستانێتییان بدۆزیتەوە.

تا بەم جۆرە زمان ناوی دووەمی تاکەکەسانە، هەروەها هۆکارێکی سەرەکیشە بۆ بنیادنانی کەسایەتی تاکو کۆو پەیوەست کردنی بەدەوروبەریو خانەی ژینگەکەی و ئەم کۆمەڵگایەی تێیدا دەژیت.

تێگەیشتن لەهەر زمانێک دەتباتەوە بۆ ئاڵوێری و کارلێکی نێوان زمانەکان و دەبێتە هۆی بەردەوامیدان و گەشەسەندن و دەوڵەمەندبوونی زمانیی.

لە مێژووشدا هیچ زمانێک نادۆزرێتەوە کە ڕۆڵێکی بەرفراوانی هەبێت و لەگەڵ زمانانی دیکەشدا ئاوێتە نەبووبێ.

زمان بوونەوەرێکی زیندووی داینەمیکییە:

زمان بە دیدی هەردوو زانستی کۆمەڵناسی و سایکۆلۆژی پێناسە دەکرێ، کە ئەویش بوونەوەرێکی داینەمیکیی بزۆزو گۆڕاوە وەک هەر بوونەوەرو زیندەوەری تر.

- بارێکی تەواو داینەمیکییە نەوەکا دیاردە، هەروەها وەک هەر بوونەوەرو زیندەوەرێکی دیکە لەدایک دەبێت و یەکەمین هەنگاوەکانیشی گاگۆڵکێ کردن لەسەر دەست و پاکانیەتی بۆ ئەوەی بکارێ تەنیا بۆ خۆی ڕێ بکات، هەروەها پاشان هەوڵ دەدات لەسەر پاکانی بوەستێ و دواتر گەشە دەکات و گەنجێتی و پێگەیشتنەکە قۆناغی گەشت و کۆچ کردن و داخورانە لەگەڵ دەوروبەر، پاشان دەچێتە قۆناغی جێگیر بوون و گەشەو پێشکەوتن، دواتریش دەگاتە پیربوون و مردن.

بە شێوازێکی تر دەتوانین بڵێین: زمان وەک هەر بوونەوەرێک زیندووە و ملکەچی یاساکانی لەدایک بوون و ژیانەوە و گەشەکردن و پێشکەوتن و مردن و نەمانە.

ئاشکراو بەڵگە نەویستە کە بوونەوەران هەیانە بەهێزو پتەوە و بەرگەی ناخۆشی و نەخۆشییە بڵاوبووەکانیش دەگرێ و هەشیانە لەڕو لاوازە و بەرانبەر هەر ناخۆشییەک دەڕوخێ.

زمان لەگەڵ مرۆڤ گەشە دەکات و پەرە دەسێنێت، ئەمە بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.

- زمان بەهەموو مانایەکەوە لەگەڵ کۆمەڵگا و ژینگە گەشە دەکات و پەرە دەسەنێت و بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.

- زمان لەگەڵ دەزگاکانی دەوڵەت کە تیایدا دەژیت گەشە دەکات و پەرەدەسێنێت و بە پێچەوانەوە هەر ڕاستە.

ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە هەربوونەوەر و زیندەیەک بۆی هەیە تووشی گۆڕان و لاوازی و خۆشی و ناخۆشی و پەککەوتەیی و نەمانیش بێت، هەموو ئەم دۆخانەش بەسەر زمان و پێکهاتەی زماندا دێت.

زمانیش وەک بوونەوەرێکی زیندوو (بەواتا مەجازییەکەی) منداڵ و خزم و کەسی هەیە.

وانە یەکەم: شێوەزارەکان بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتوون لە زنجیرەیەک شێوەزار لەڕووی پێکهاتەو پەیکەرەوە (شێوەزاری خێزان و کەس و کار، بەڵام زۆر سادەیە وەک بچووکترین خانەی کۆمەڵایەتی، پاشان شێوەزاری جێنشین و پاشان شێوەزاری دەوروبەری تێدا ژیا و کە زۆر دەگرێتەوە دواتریش شێوەزاری شارو دوای ئەویش

هەواڵنامەی کتێب

شێوەزاری ناوچە تەواو جوگرافییەکە، هەموویان بەشێوەزارێک دەدوێن).

هەموو ئەم شێوەزارانە بارودۆخی زمانی بەکارهاتووی تێدا ڕەنگ دەداتەوە ئەویش بەکاریگەریی ئەم هۆکارانە:

- دۆخی دیمۆگرافی تێدا ژیاو (پێکهاتەو بنیادی کۆمەڵایەتی).
- دۆخی جیۆگرافی (چیاو دۆڵ و بیابان).
- دۆخی کۆمەڵایەتی
- دۆخی کەشوهەوا (ساردیو گەرمی).
- دۆخی ئابووری (پیشەسازی، بازرگانی، کشتوکاڵی).
- دۆخی ڕۆشنبیری (کۆمەڵگای سەرەتایی، گەشەسەندوو).

هەموو ئەم دۆخانە کۆدەبنەوە و شێوەزار و دواتریش زمان پێکدێنن و پەیکەر و بنیادەکەی دیار دەکەن.

هەروەها زمان بە ریتم و ئاوازە مۆسیقییە بیستراو و تایبەتەکەیەوە پێناسە دەکرێ، ئەویش لە ئەنجامی کاریگەریی ئەو هۆکارانەی باسیان لێوەکراوە.

هەموو زمانێک پێکهاتە و ئاوێتەیەکە لە شێوەزار و لق و پۆپی زۆر.

دووەم: خزمانی زمان، ئەو زمانانەی کە ڕێزمان و وشەکانی لێک نزیکن وەک گروپی زمانانی سامی و گروپی زمانانی هیندۆ جەرمانی و ئەم جۆرە زمانانە بوونەوەر ڕادێن و دەتوێنەوە.

زۆربەی بوونەوەرانی زیندوو لێک دەچن، کە هەندێکیان توانای ڕاهاتن و خۆگونجاندن و توانەوەیان هەیە لەگەڵ ئەو ژینگەو بارودۆخ و کەشوهەوا تازەیە و کە جیهانێکی تازەیە و لە سروشتی وڵات و لە زێدی خۆیان جیاوازە، جا بە تێکەڵاو بوونی دوو جۆربوونەوەری زیندوو بۆ خولقاندنی کەشێکی جیاواز و توانا باشتر بۆ ژیان و ڕاهاتن لە ناوچە نامۆکانی دوور لە زێدی خۆیان.

ئەمە بەسەر هەموو بوونەوەرێکی زیندوودا پیادە دەبێ، بە زمانیشەوە کە توانای ژیانی هەیە لەو ناوچانەی دەکەونە دەرەوەی ژینگە و زێدی خۆی، وەک مرۆڤ و زیندەوەر و تاڕادەیەک ڕووەکیش.

مرۆڤ لە چەشنی ئێمە بۆ نموونە (homosapiens مرۆڤی ژیر) لەسەر هەڵدانیەوە لە جوولەیەکی بەردەوامدایە، وەک تاک و کۆمەڵیش لە کۆچ و ڕەودایە و

له خاك و زێدی خۆی دادەبڕێ و له شوێن و ناوچەی دوور جێگیر دەبێ و لەدواییدا له نیشتمان و خاكی جۆراوجۆرو جیا له زێدی خۆی ڕەگ دادەكوتێ.

مرۆڤ، ئەوانەی لەناوچه جیۆگرافییه گەرمەكان دەژین دەتوانن له ناوچەی جیۆگرافیی جیاواز له ژینگه و زێدی سروشتیی خۆی ڕابێ.

بۆ نموونه بچێته ناوچه جیۆگرافییه ساردەكانەوه و تیایدا نیشتەجێ بێت، ئەمه بەپێچەوانەشەوه هەر ڕاسته! هەروەها وەك چۆن هەندێك ڕووەك لەڕووی بایۆلۆجییەوه دەتوانێ له شوێن و خاكی جیاواز له خاكه بنەڕەتی و سروشتییەكەی خۆی گەشه بكات (گونم و جۆ و پەتاته و هەروەها نموونەی زۆری دیكه كه لێرەدا ناژمێردرێن)، هەروەها جۆرەها گیانەوەری دیكه هەن كه دەتوانن له خاك و ژینگەی دوور له ژینگه سروشتییەكەی خۆیان ڕابێن و بژین (وەك ئەسپ و سەگ و مەڕو بزن) ئەو زیندەوەرانەش كه ناتوانن لەگەڵ دەوروبەر و ژینگەی جیا له ژینگەی خۆیان ڕابێن سەر دەنێنەوه و نامێنن، نموونەی ئەمانەش زۆرن، مێژوو پڕیەتی له ڕووداوی گواستنەوه و ڕاهاتنی مرۆڤ و گیانەوەرو ڕووەك و هتد...

زمان گەشت و ڕەویش دەكات

زمان پەرشوبڵاو دەبێت و زمانیش هەیه سەرهەڵدەدات وەك گەلان بڵاودەبنەوه و گەلی دیكەی تازەش سەرهەڵدەدەن، زمان (بە واتا مەجازییەكەی) هەموو ئەو سیفەتانەی كه باسیان لێوەكرا بەسەریدا پەیڕەو دەكرێن، زمان (وەك هەندێك گیانەوەر) كه كۆچ دەكات و ڕادێت و بە هۆی زمانانی دیكەوه دەتوێتەوه یان بڵاودەبێتەوه و دەژییێت و لەگەڵ ژینگه دوور له ژینگەی سروشتییەكەی ڕادێت، دوو چەشن، یەكەمیان له ڕێی هێز و هەژموون (داگیركەر): زمانی ئینگلیزی كه لەوڵاتەكەی خۆی ئینگلستان هاتۆته دەرو له ڕێی مرۆكانیەوه چۆته كیشوەرێكی نوێ (ئەمریكا) پاشان له وڵاتانی باشووری ئەفریقیا و هیندو... تاد بڵاوبۆتەوه ئەمڕۆ قسه لەبارەی ئینگلیزی بەریتانیا و ئینگلیزی ئەمریكایه.

ئینگلیزی باشووری ئەفەریقیا و ئینگلیزی هیند... تاد، هەروەها بەگوێرەی زمانی ئیسپانی و پرتوگالیو فەرەنسایی و هی تریش. ئەم زمانانه به ڕێگای هێزەوه پاڵیان به زمانه بنەڕەتییەكەی زێدەكانیەوه ناوه، بۆنموونه هێند، ئەمەریكای باشوور، بەرازیل.. بەڵام جۆری دووەمیان ناڕاستەوخۆیه، بەڵكو ڕێگەیەكی ئاشتییانەیه كه هەندێ شت لەخۆدەگرێ و لەم جۆرەیان:

هەوڵنامەی تێز

بازرگانی: ڕێگەی بازرگانیی بخوور و ڕێگەی بازرگانیی ئاوریشم و نموونەش لە کاریگەریی زمان لەڕێگەی بازرگانییەوە. خەڵکانێک لە ناوچەیەکی جیۆگرافیی دیارکراو لەسەریانە بازرگانیی بەهارات بکەن، لەم ڕێگایەوە بە ناچاری زمانێکی تازە سەرهەڵدەدات کە پڕیە لە وشەی زمانی عەرەبی کە ئێستا پێی دەڵێن زمانی بیابانییان، کە ئەمڕۆ لە کیشوەری ئەفەریقیا بە ملیۆنان کەس پێی دەدوێن.

ڕێگەی مژدەبەری بە بیرۆکە و عەقیدە و ئایینێک (وەک نێردە مژدەبەرەکانی ئایینی مەسیحی و مسوڵمانەکان).بەڵام ڕێگەی تەکنیکیی پێویست بۆ ژیانی ڕۆژانە وەک تەکنۆلۆجیا لە ڕێگەی گەشتوگوزار بە هەموو جۆرەکانیەوە (گەشتی ئایینی یان ڕۆشنبیری... تاد) ئەمەیان یان بە سەپاندنی زمانی ڕاڤەکاری و تێگەیشتن و گوزارشت لێ کردن دەبێت، یاخود بەکاربردنی وەک داردەستێکی کارگێڕیی ڕێکخراو و هاوبەش کە لای هەمووان ڕوونە، بەڵام بەهۆی وشە تەکنیکییە بەکارهێنراوەکان.

وشەو زاراوەکان گەشت و کۆچیش دەکەن (وەک گەشتی باڵندان)و لە خاکی دوور لە زێدی خۆشیان بەشێوەیەکی سادە و ئاسان و زۆر خێراش جێگر دەبن و دەشتوێنەوە و پێویستیان بەڤیزا نییە، چونکە هیچ بەڵگەنامەیەکی گەشتوگوزاریان پێویست نییە!!! (وەک وشەی ئەلکحولی عەرەبی، وشەی کۆمپیوتەری ئینگلیزی کە ئێستا هەموو زمانی دنیا بەکاردی دێنێ هەروەها وشەی تەکنۆلۆجیا کە لە زمانی گریکی داڕێژراوە، نموونەی زۆر تر لە ژمارە نایەن).

ئەوەی بەڵگەنەویستە ئەوەیە کە هەر گەلێک مافی خۆیەتی ئەو زمانەی کە بەکاری دێنێ بە ڕێگەی ڕەفتارو تایبەتمەندی ژیانی خۆی پەرەی پێ بدات بە شێوەیەک لەگەڵ ژینگەی جیۆگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەتایبەتی ڕۆشنبیرییەکەی بگونجێ!.

زمان پێویستی بە پاراستنە:

زمان وەک مرۆڤ پێویستی بە چاودێری و پاراستن و پارێزگاری لێ کردنە، ئەمەش زۆر لایەنی پێویستە بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی مرۆڤ وەک لایەنە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجییەکان و فێرکردن و ئابووری و پاشانیش ڕۆشنبیریی فیکریش.

زمان وەک مرۆڤ پێویستی بەوەیە یەکێک لە تێکرای نەخۆشی و دەردەکان بیپارێزێ و لەخۆی بگرێ و پارێزگاریی لێ بکات لە ئاوابوون و نەمان، هەروەها پێویستی بەوەشە کە یەکێک گەشەی پێ بدات و بەرەو پێشەوەی ببات.

لە مرۆڤدا ئەوانەی ئەو ئەرک و کارانە دەگرنە ئەستۆ بڕێکی لە دایکان و باوکان و خێزان و خزم و کەسوکار وەک خانەیەکی کۆمەڵایەتیی بچووک کە ژیانی مرۆڤ ڕێک دەخەن، پاشانیش ڕۆڵی پێکهات وە دام دەزگا کارگێڕی و بەڕێوەبردنەکان وەک خانە و یەکەی گەورە دێن.

دەزگاکانی وڵات پارێزەرو کۆشی گەورە و بەتوانان کە پارێزگاریی هەر هەموو خانەو یەکە کۆمەڵایەتی و کارگێڕییەکانی کۆمەڵ دەکەن، دیارە پێشڕەوی و کارگێڕیی دەزگاکانی وڵاتیش ڕێنمایی لە دەستەڵاتی سیاسی وەردەگرێ کە ئاراستەو ڕەنگو بیرکردنەوەیەکی دیارکراوی هەیە، واتە دەستەڵاتی سیاسی سەرکردە و پێشڕەو و ڕێ نیشاندەری دەزگاکانی وڵات یان ڕێکخراو یان بزاوێکن، زمان وشەو زاراوەی تایبەتی خۆیان لەڕێگەی ئەدەبیاتو پەیڕەوە سیاسییەکانەوە هەیە.

هێزی دەزگاکانی وڵات تاکە هێزێکە کە دەتوانێ هەموو خانە و یەکەکان ڕێکبخات و یەکیان بخات و ئامادەیان بکات بۆ گەشەسەندنو پاراستنیان لە لەت بوونو پچڕانو دارمان هەروەها بە پێچەوانەشەوە دەبێتە هۆی ئەنجامی پێچەوانەی ئەو شتانەی باسیان لێوەکرا.

هەروەها تاکە دەزگاو دامەزراوێکی یەکگرتوو دەتوانێ زمانێکی سەرەکیی خاوەن تایبەتمەندی هاوبەش و زمانێکی گەیەنراو کە هەموو خانە یەکەکانی بەیەکەوە پابەندن کە گرنگترین هۆکاری کارکردن و دەزوویکە هەمووان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، چ تاک یان دامو دەزگاکان.

سەرچاوەکان:

١- احمد يحي، الاتجاه الوظيفي دوره فى تحليل اللغه مجلة الفكر الكويتية- العدد ١٩٨٩/٣.
٢- د. السيد، محمود احمد
علم النفس اللغوي، منشورات جامعه دمشق، ٢٠٠٠-٢٠٠١م
٣- عمر احمد مختار: المصالح السنى العربى وضبط المنهجية/ مجله الفكر الكويتيه- العدد ١٩٨٩/٣.
٤- محمد، خالد، المجازفه فى الكلام، بحث فى الاراء بعض الكتاب العرب فى اللغه الكرديه ٢٠٠١.
5- Naom Chomsky: TheAspects of the theory syntax, mit press camberidge.
6- Vladimir Minorsky: kurden in Enzylopa Islam, Bd III, 1936.

زمانناس د. محەمەد ئەمین هەورامانی

ئا/ هەڵۆ دەلۆیی

زاناو زماننناسی کورد دکتۆر محەمەد ئەمین غەفور عەبدوڵلا ناسراو بە دکتۆر محەمەد ئەمین هەورامانی، لە ساڵی ١٩٢٨ لە باشووری کوردستان لە شارۆچکەی بیارە لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٣٧ لە بیارە خراوەتە بەر خوێندن و قۆناغی ئامادەیی دەبڕێت و پاشان بۆ خوێندنی ناوەندی دەڕوات بۆ سلێمانی، دوای بڕینی قۆناغی ناوەندی خانەی مامۆستایان لە کەرکوک تەواو دەکات، لە ساڵی ١٩٥٣ دەبێتە مامۆستا لە شارۆچکەی بیارە، دوای دووساڵ دەگوازرێتەوە بۆ گوندی هاوار، زیاد لە دەوامی فەرمی خۆی دەست دەکات بە کۆکردنەوە و توێژینەوە لەسەر ژیان و مێژوو و وردەکارییەکانی ئاینی یارسان و خزمانی کاکەیی، لە ساڵی ١٩٦١ دەگوازرێتەوە بۆ قوتابخانەی شارەدێی سیروانی سەر بە قەزای هەڵەبجە، لە ساڵی ١٩٦٣ لەلایەن زەعیم سدیقەوە بانگ دەکرێت و داوای لێ دەکرێت وەک کەسایەتیەکی دیار و ڕۆشنبیر و خوێندەواری هەورامان، کە سوکایەتی بە سەرکردایەتی ئەوسای شۆڕشی کورد بکات، بەڵام ئەو داوایە ڕەت دەکاتەوە، هەر بەو هۆیەوە بەفەرمانی زەعیم سدیق دوور دەخرێتەوە بۆ سەماوە لە باشوری عێراق، دوای ئەوەی لێیدەدەن و دەستی چەپی دەشکێنن، هەورامانی سزادانی بۆ باشوری عێراق وەک دەرفەتێک دەقۆزێتەوە و هەوڵ دەدات هەرچۆنێک بێت لە زانکۆ وەربگیرێت و هەوڵەکەی سەرکەوتوو دەبێت، لەساڵی ١٩٦٥ بەکالۆریۆس لە زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزی لە زانکۆی موستەنسریەی بەغدا وەدەست دەهێنێت، لەساڵی ١٩٨٩ لە زانکۆی ئەسکەندەرییەی میسر دکتۆرای لە بواری زماندا وەدەستدەهێنێت.

گرنگترین بەرهەمە ئەکادیمی و زانستییەکانی:

١ـ چۆن دەبیتە مامۆستایەکی سەرکەوتوی زمانی ئینگلیزی، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٧٢، چاپخانەی سەلمان ئەعزەمی لە بەغداد.

٢ـ سەرەتایەک لە فینۆلۆژی زمانی کوردی لە ١٩٧٣.١١.٢٣ ئامادە کراوە لە چاپخانەی مەعاریف لە بەغداد.

٣ـ فۆنەتیکی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٧٤ چاپخانەی دار الجاحز،بەغداد.

٤ـ زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوردا، ساڵی ١٩٨١، چاپخانەی دار العراقیە للتباعە والنشر، بەغداد.

٥ـ میرزا ئۆڵقادر، ساڵی ١٩٨٤، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

٦ـ فەرهەنگی ئیریەن ڤاچ، کوردی کۆن و نویَ، سالّی ١٩٨٧، چاپخانەی سومر.
٧ـ زمانی ئاڤێستا سۆکۆلۆف، سالّی ١٩٩٨، چاپخانەی دار الحریە، بغداد.
٨ـ مێژووی ڕێبازی زمانی کوردی، سالّی ١٩٩٠ لە بلّاوکراوەکانی مەلّبەندی ڕۆشنبیری و کۆمەلّایەتی زانکۆی سلاح الدین.
٩ـ بەراوردی نێوان زمانی کوردی و ئاڤێستا، سالّی ٢٠٠٥ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
١٠ـ لەیلیَ و مەجنون، سالّی ١٩٨٥، لە بلّاوکراوەکانی ئەمانەتی گشتی و ڕۆشنبیری لاوان، چاپخانەی علا، بغداد.
١١ـ ما کتب عن اللغە الکردیە، سالّی ١٩٧٨، چاپخانەی المجمع العلم الکردی.
١٢ـ وەلی دێوانە، چاپخانەی علا، بغداد، سالّی ١٩٧٩.
١٣ـ ڕەسەنایەتی، سالّی ٢٠٠٥ دەزگای ئاراس.
١٤ـ مێژووی گولّزاری هەورامان، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، سالّی ٢٠٠٤ بەیارمەتی محمد رشید امین.
١٥ـ مێژووی گولّزاری هەورامان، زمانناسی و ئەدەبیات، بەرگی دووەم، سالّی ٢٠٠٤، دەزگای ئاراس، بە یارمەتی محمد رشید امین.
١٦ـ کاکەیی، بغداد، چاپخانەی الحوادس، سالّی ١٩٨٤.
١٧ـ زارە کوردییەکان، پرۆژەی هاوبەش لەگەلّ کامل حسن پور، کوردستان موکریانی، سادق بهادین ئامێدی، حەمە ئەمین هەورامی، سالّی ١٩٨٧، جامع سلاح الدین.
١٨ـ جوگرافیاو مێژووی هەرە دێرینی هەورامان لە ئاڤێستادا، سالّی ٢٠١٠، چاپخانەی چوارچرا.
١٩ـ هەندیَ لە لاپەڕەکانی ژیانم، سالّی ٢٠١٥، چاپخانەی چوار چرا.
٢٠ـ ولّاتی کەیانیان و زەردەشت و هەورامان لە ئاڤێستادا، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، سالّی ٢٠١١.
٢١ـ فەرهەنگی ئێریەن ڤاچ، بەرگی ١ و ٢ و ٣، سالّی ٢٠٠٨ چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٢٢ـ مێژووی هەورامان، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی یەکەم، تهران، چاپخانەی بلخ، لە بەرواری ٣٠ـ٧ـ١٩٩٤.

٢٣. مێژووی هەورامان، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی دووەم، ساڵی ٢٠١٦، چاپخانەی چوار چرا.

٢٤. فەرهەنگی قوتابیان بۆ پۆلەکانی ناوەندی و ئامادەیی، بە هاوکاری دکتۆر احسان فوئاد، عبدالله شاڵی، دکتۆر خلیل حماش، یەکەمین قاموسی ئینگلیزی، کوردی، بەغداد.

٢٥. مەقالەی پەنجا پەڕەیی لە گۆڤاری کوردناسی، بەناوی؛ ڕەسەنایەتی زمانەکەت بناسە، ساڵی ٢٠٠٧.

٢٦. کوردی شێوەزار، لە بەرگی ٢١ مەم و ٢٢هەمی کۆڕی زانیاری عێراق، بغداد، ساڵی ١٩٩٠.

٢٧. مێژووی هەورامان، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، ساڵی٢٠١٦، کوردستان.

٢٧ بەرهەمی چاپکراو، ١٣ دەستنوس، ٢ بەرهەمی ئامادە بۆ چاپ، شارەزا لە زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی، فارسی، فەرەنسی هەروەها لە زار و بنزارە کوردییەکان وەک هەورامی، کرمانجی، خاوەن دبلۆم و بەکالۆریۆس و دوو دکتۆرا، خاوەن سەدان وتار و چاوپێکەوتن و چەندین پرۆژەی مێژوویی.

دوایین بەرهەمی لەبەردەستیدا بوو کتێبێکی قەبارە گەورەی٧٥٠ لاپەڕەییە و لە بارەی ئەدەبیاتی ئاینی دەڤەری هەورامان ئامادەی کردبوو بەناوی (ڕەوزەتولسەفا)، محەمەد ئەمین هەورامانی، نوسەر و ڕۆشنبیری دیاری کورد لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١١/٢٣ کۆچی دوایی کرد، کە هەموو ژیانی بۆ کورد تەرخان کردبوو، پێش مردنی وەسیەتنامە دەنووسێت و بڕیار دەدات کە هەرچی ماڵ و موڵکی هەیە بە کتێبخانە گەورەکەیەوە، کە یانزە هەزار کتێبی لەخۆ گرتووە ببەخشرێت بەوەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/زانکۆی هەڵەبجە و کتێبخانەکەی وەک سەنتەرێکی زانستی بناسرێتەوە، لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١ لە ڕێورەسمێکی شایستەدا بەفەرمی سەنتەری ڕۆشنبیری هەوراماناسی دکتۆر مەحەمەد ئەمین هەورامانی کرایەوەو لەو کاتەوە تا ئێستا ئەو جێگایە وەکو گۆڕەکەی بێدەنگە !

وەرەو زوان نامجیگیر

مستەفا بەیگی (رودوس فەیلی)

پێشەکی:

ئەر بخوازم وە رێ و رێچەی کوردیاتی و وە هەنەکیانەیێگ دەس بکەمە ئی نووسریاگەمە، وەیجووره بایەد بویشم: هە وەو چوونە ک ئیمە ئەڕا جیا کردن چەن ئایم دە نامڕاس شەڕ و تلابەییگ، هەوەجەمان دکەفێکە نامجیکار، دە باس زوان و زار و بنزارەیل، لە دەوڵەتی سەر ئی هەمگە شەواچە دە نام ئی هەمگە موبایلە ک هەر کەس وە ڕاس، وە راس و وە دروو، خوداڵەم شوکرێ، بییەسە هەوالنیاریێ ئەڕا خوەی و هەر چێ هاتە دەمییەو دنووسنێ و جارجارێگیش دنیشێگە شوون میرکان نەداشتگ فەرهەنگستان کوردی خوارین.

دە نام قوڵ ئی هەڕەکیشەکییەیلە، و ئی هەر کەس ئەڕا خوەی ناشرینە، یەکێ دخوازێ شەو و رووژ هە نامجی ئی ئەساتید گەوراوارە بکە ک وە ئوستاد ئوستاد و ماموستا ماموستا وتن وە یەکترەکی، هەر کەس نەزانێ دویشێ ئەیانە یەکلای وڵات کردنە وە گرد و گردواری.

ئی پێشەکییە وە زوانێ خوەمانی وتمەی دە سەرانی باسێ وەسەقام ک هادەێ قسە دڵ فرە کەس ببێ دە ها ئی ”دە یەک بڕشە“ ک دبینیمن و کەس نەدوێرێ و زیەڵەی نییە چشتێ چیاتێ بویشێ ک نەوا تووش بیایێ وەرد ئەو ئەساتید گەوراوارە و خوەی بپلنێ وە شەڕدا. م وە چەواشەی گشت و لەقەسێ، دەس دکەمە تایا، ئوو دۆمای ئی سەرەتا، چەن ئاسوو دچەکنم دە وەراوەر ئەوانەی ک وە جی خاپوورە کردن و ئوستاد ئوستاد وتن درووکانی، هانە شوون کار ڕاسکانی، بەشکەم دەرانەی تر بچەکنم دە ئی کەلە ک کەفتگە، بەڵکەم ک نەبێگە کەل و کووس و کەلەمەی گەن.

بنەتای قسە یەسە ک ئەوانەی ک هێمان هانە ئەیت شەڕ و شوور ئێڵیاتی و وە جاتی تفەنگ، موبایل گرتنەسە دەس و زەین خەڵکەگە دشێونن ک نەتوانێ دە تەمتەمەلولێ ک دیارە ناوە، رێ و لاڕێ و بەرەڕێ و... چوزانم رێگەی هات و نەهات لە یەکەو بکەێ، هێمێدارم ک ئاو بەزەی بڕشێگە دڵییان و بچن دە ئەو کارە ک ها دە قووەو تەوانایان، خزمەت وە وڵات بکەن و وە کوورەسەوادێگ، بەی لە بەی بەدتر، سەر لە خوەیان و وڵات نەشێونن.

بوەخشن ئەر جگێ زوانم تیەڵ بی، تیەڵ وتم لە قەس، چوون سەمەر و مەمەر ئی جەڕ کیشانەیل ولە دە یە دزانم ک برێ هانە دەوران ماڵ ئەو خوار و ماڵ ئەو ژێر،

هێمان هە ئەو قار و قینە ک جاران دە بان خێڵ و خێڵوازی داشتنە، هە شوونگر ئەوەنە وەر بایەسە بزانن ک دووسخواز فەرهەنگ و ئەدەب، وەر ژە هەر چشتێ، خاسە ک دە چوازچووەی ئەدەب، قسە بکەێ.

بنەوای زوان نامجی

زوان نامجیگیر، دە جی زوان معیار، یەکێ لە باسەیلێگە ک دەی رووژگارە، خاون هیر و ویر و رایەیل، فرە هیردەو ئەڵەی دبن.

پرسیاری یەسە: "دە دەورانێ ک وە پوست مودڕنیسم دناسرێ، ئایا دپووڕێ ک ئیچوونە قسەیلێ بکرێ؟"

دەوران مودڕن دە ناوچەی ناودوئاوان (خاوەرمیانە) وەرد دامەزرانن "یەک وڵات، یەک میللەت، یەک دەوڵەت، یەک زوان، یەک ئەرتش" ئوو دە ئێران، وە زوور رزاشا، دە تورکیە وە دەس زوور ئاتاتورک، دە عراق و سووریە و زوور وتن حزب بەعس عەربی و دە سایەی پانفارسیسم و پانتورکیسم و پانعەربیسم، پیریا و وڵات، دۆمای هەڕەکیشەکی فرە هاوردە ژێر هێڵ و کارێ کردن ک جگجگ بمەزرێ.

دە لا و لوو ئی رێ و رەوێشتە دە ئێران، زوان کوردییش وە شێوازێ مەردمی، خوەی ئەڕا خوەی، جگەجگە رەوزەو کرد.

دە ئێران ئی دەورانە، بی وە دەورەی دەسئەڵکەفت ئەڕا کوردی سورانی، جوورێ ک کوردی گورانی ک سەدان ساڵ بی زوان ئەدەبی گشت کوردەیل بی دە ئێران، جی خوەی دا وەی زاراوە.

ئمجا دە دەوران دە بیس ساڵ دۆمایینە، جگڵەجگڵە زاراوەیل کرمانجی و کوردی خوارینیش، پا گرتن.

م ک لە ساڵ شەس و هەشت تا وە یەمە، جوور یەک شاعر و رووژنامەوان و نویسەر، کار و زنەی خوەم ئەڕا کار کوردی ول کردمە و ژیانم خەریک ئی کارە کردمە، فرە خوەشی دکەم ک دۆمای ئی هەمگە ساڵە برێ لە منالمەزنەیل ئەومە، یەمە لە لایەن پڕکاری دانەسە نوای ئیمە و ڕەی کردنە لەمان، وەلێ وە ڕێ و ریچەی ئەیجنت و کارسازێ دە کار کوردی دخوازم ک ئی پیشەوانە و کاروانی و تەجروبەی خوەمە بخەمە وەر چەم ئەوانەی ک هانە نام ئی جەرخە و چەرخەی کار کوردی ڕاسکانی، وە بان ئەو هەمگەی هەڵە و هەڵەپەڵەکییە ک هادەێ داشتبیم.

بنەڕای زوان نامجی

دۆمای یە ک ئیمەیش ئەوڕەسیمن ک بایەسە بنووسنیمن، لە سەرا گەرەکە ک بنووڕیمن وڵاتەیلێ تر چە کردنە؟

بێژە ئی ناودوئاوان (خاوەرمیانە) گورز شەڕ دەێ دریاگە ک هەر کەس مەنێگە ئەڕا خوەی و کەس کووتایی نەدیرێ لە قسە و سەرێ بچوو، قسەی نەدچوو، چوون پیاگەتی خوەی دە وسان دە بان قسەگەی، چ خاس و راس و چ دەم و دروو دبینێ، ئەو دووەی وڵاتەیل وە شێوازەیل دموکراتیکێ، وە جی (دیکتاتوری زوان) و ژیان وە قسەی (دیکتاتور نامگ) خوەیان، دموکراسی زوانی نانەو لە زوان فەرمی و دەستووری واز هاوردنە.

دە وڵاتێ جوور کانادا، وە بان ئەو هەمگەی تەوانا، وڵات دە مل یە ک (زوان یەکگرتوو) داشتووبیمن یەک ئەڵنەبڕینە.

دە بارەی یە ک لە یەوڵا دخوازم، بویشم، قسەیل کاک کامران رەحیمی، ک ساڵیان ساڵە، خاس و راستر لە گشتمان کار کردگە، لە قسەی م رەنگێ وەرترە و منیش چەمەڕێیم ک زووترێ بتوانێ کارە گەوراگەی لەی باوەتەوە بڵاو بکەێ ک خاس دزانم، ئەوە سەرئاسوو بڵنێگە ئەڕا گشتمان و بانانمان، وەلێ منیش تا ئەو وەختە، منیش قسەیلەم دکەم، بەشکەم باریکەرێ خاسێ، وە بەش خوەم بتوانم وازەو بکەم. منیش دزانم و دویشم ک لە لا دەق نووسانن، دە سورانی کار فرەی کریاگە و چوون ها دە نامراس، گشتمان فرەتر لە زاراوەیل کوردی خوارین یا کوردی کرمانجی دفامیمنەی، ئەمما یە وە مەمر نەدبێ ک دەس ئەڵگریمن لە ئەو دووەی زاراوەیلە، نە.

دە بان چەن وشە، هیردەو ببیمن، خاستر دەتوانیمن باسەگە شییەو بکەیمن.

ئیمە دە ئیلام و ئامووزایل کورد فەیلیمان دە عراق، چەن جوور (فێعڵ) دە (مضارع اخباری) دیریمن، ئەڕا نموونە، لە (چاوگ) زانستن، ئەیانە دیریمن:

د+ زانێ/ ئە + زانێ/ زانێ/ مەزانێ/ ئزانێ

هووز کەڵهوڕ دویشن (زانێدن)

ک دبێ بویشیمن ک (د) بردنەسە دۆماجی، وە چەواشەی ئیمە ک هاوردیمنەسەی نواجی دە وشەگە. گشتێیانیش شرینن.

یەمە ئەڕا نووسان کامەیان ها نوواتر ئەڕا ئەڵوژارتن؟

هەواڵنامەی کتێب

ئەر وە بنچینەی ئەدەبیاتمان بنوورِیمن (مەزانوو) وتریاگە دە شێعر گورانی ک زوان نامجی گشتمان بییە، ئەڵوەت دە شێعر.
یەمە دی یە لە ناوە ئەڵگیریاگە.
دوێم چشتێ ک بایەد بگریمنەی وەر چەم، یەسە ک کامەیان، زاروەند (گویشور) فرەترێ دیرێ ک خاس دزانیمن ئیمە دەسەو بەسە و دەسەڵاتێ ئەرا ئی ئامار گرتنە نەدیریمن و بایەد چاو لە یە نەکەیمن.
سێیم تشت یەسە ک بووشیمن کامێیان ریچڵەک (قاعدە) و بنەمای زوانی دیرن.
ئەر نوستالووژییەگەی جەنگ بەرد و جەنگ چوو وەمە، نەگرێگەمان، راسییەگەی یەسە ک "د" ئەو وەرتر ئەرِا سازین (مضارع اخباری) و (ماضی استمراری)، ئەرِا؟ ئەرِا یە ک، ئەر وە شێواز مەنفی کریاگ گشت فێعڵ ماضی استمراری و مضارع اخباری بنوورِیمن، دبینیمن ک دە گشتێیان، (د) بریاگەسە کار. چوون؟ وەیجوورە:
نیەزانم، نەێزانم، نەێزوونم، نازانم
دە هەر چوار شێوە بانینە، ئیجوورە گۆرِیانێ کەفتگە ک "د" کریاگەسە "ێ"، جوور یە ک لە بن و بنچینەوە، "نە +د + زانم" بییەسە "نە ی زانم" ک چوون دە دەم جگێ مەپوورِ بییە، لرِیاگە وە "ن یە زانم" و "نە ێ زوونم".
ئەنی "نازانم" چە؟
خۆ یە خوەی دبێگە نزیکەی پەنجا لە سەد ئی فێعڵە رەنگێ ک وتم، خۆ ئەر دی نەخوازیمن جەرِ ول بکیشیمن یەسە ک "د" نەداگەردنیمن و وە جی "نیەزانم، نازانم، نمەزانم، نەێزوونم و..." هە بویشیمن "نە د زانم، ئمگل وە جی "زانم، دزانم، ئەزانم، مەزانم" وە بان ئی قاعدەوە بووشیم، گشتمان "د زانم"
یە کار بێبنچینەی نییە چوون جاران، گشتمان وە هەر زار و بنزارێ، وە یەکەو، وەختێ خواستیمنە شێعر بویشیمن، وەگرد "مە" بردیمنەسە کار، خۆ یە دی کار ئەڵاجەوی و چەپی چەواشەی نییە ک بویشیمن، کوت و کوتوپرِ لە خوەمان دەرهاوردیمنەسەی.
دە کوردیاتی، "ئا" فرە کریاگە وە "ێ" و ئمجا "ێ"ییش فرە کریاگە وە "ئا".
جوور "ناو" وە "نێو"
دە ئێرەیش "نەێ/ نیە" بییەسە "نا".

ئەر خاس بنجووری بکەیمن، وەی چشتە رەسیمە ک ئیمە دە کوردەاری خوەمان وە کار ئێڵیاتی کوردی کردن وتیمنە (کوردیاتی) و وە کار حزبایەتی و نیشتمانی کردن ئەرا کورد و کوردی وتیمنە (کوردایەتی) ک ئەوەڵیەکە زارەکی و شەفاهی و فولکلور بییە، دویمیەکەگە هن نووسانن و شارمەندییَ فرەترەکە.

دە کوریاتی، نەدزانم چ باوگکوشتەکییَ وەرد "د" داشتیمنە ک یا کردیمنەسەی وە "ی" جوور "نەیامە/ نیامە" وە جی "نەدامە"، یا "نامە" وە جی "نەدامە"

ئەگەر ئیمە بخوازیمن هە وەوجوورە ک دویشیمن، هە وەوچوونەیش بنووسنیمنەی، ئەڵەی نموونە ک دە دریژای وتەیلەم دیارمەی خاس هیردە بن، دە زوان رووژینەی خوەمان دویشیمن(نام)

یە وە چ مانایێگە؟ چوونە ک ئیوە بزانن؟

نام، دتوانیَ هامدای (نیام) بییَ، ک فارسییەگەی دبێگە (گذاشتم)

نام، هاتیَ گۆڕیاگەی (نەیام) بییَ، یانیَ (نیایم) دە فارسی

نام، هادەیَ لریاگەی (نەدام/ نەیام) بییَ یانیَ (ندادم) دە فارسی وتەنی

نام، بەشکەم (نام=ناو، نێو) یانیَ (اسم) فارسی بییَ

نام، بەڵکەم (نام = ناو، نێو) یانیَ (داخل، تو) بییَ

یەمە وەی هەمگە مانا، کیَ خەس یە بکەیَ، مەر جوور چەوچە، وە زەین و گورد خوەمان و دە نام جومڵەگە بزانیمن ئی وشە ک دویشریَ لە بنەڕەتەو چە بییە؟

م پێشنیارم وە کار بردن شێوەی ئازای وشەسە، یانیَ "د" نەسڕیمن یا نەکەیمنەی وە "ی"، هەمجا "ب" نەکەیمنە "و" و....

زوان نامجی، دی ئی سەر و تەپ لەی شێویانەیلە، بنبڕەو دکەیَ.

دویشن هەر مەردمیَ ئەرا ماین خوەی دە بان پەڕەی رووژگار، بایەد لە هووز واز بیارێگ و بچوو وەرئەو قەوم و قەومیەت، ئمجا قەومییەتیش بنێگە پشت سەر و بڕەسێگە نێشتمانپەروەری و جویز بکەیَ لە ململانەکی ول کردن.

ئێسە وەخت یەسە ک ئیمەیش لە هووز و هووزپەروەری بچیمنە وەرئەو نێشتمانپەروەری دە لا زوان و زاراوەو بنزارەیل کوردی خوارانیش، رێگەی ک گشتمان دە دەوران زوان نامجی "گورانی" پاوەنەی بیمنە و خوەزەو بتوانستایمن ئەڵگەردیامنە سەر وە کار بردن ئەو زاراوەی سەقامدار و بنچینەدار و رێک و پێک

کریاگە، ئاوەختمە ک ناوانیمن و زوان چشت زینگێگە و هە دچوو وەرئەو نوا و دە نامنی دو کوچگیش ریگەی ئەڕا خوەی دکەێگە دی و وە رێ ئیمە نەدوسێ ک هیچ، وە قسەی ئیمەیش، نەدکەێ.
ئەڕا چشتێ جوور "ۆ" چە بکەیمن؟ ک هە هن خوەمانە؟ کاک کامران رەحیمی ک لەی باوەتە منیش هامە سەرێ، سەمەر و مەمەر فرەیێگ هاوردگە ک وەیجوورە بنووسرێ "ۆ" نە لەیوا "ۆ" ک خوەی خاس شییەو کردگە ک ئەڕا و ئێسە باس ئیمە یە نییە. دخوازم بویشم، جوور فێعڵەیلە ک وتم وە ئازا و ساق و بێلڕیان و داگەردانن، خاسە بنووسرن، دە ئێرەیش بایەد بوینیمن ک باسمان لە ئەسڵا لە سەر چەسە؟ ئمجا بچیمنە سەر قسەگە.
بنووڕن بڕێ لەمان دویشیمن "دوینم، دڤینم، دۆنم/ دۆنم، دینم" کامەیان خاس و راسە؟ ئەگەر بچیمنە سەر فێعڵەگە خوەێ، بن مضارعەگەی یەسە :"بین"، "د" وە نوایەو زیاکی هاتگە، بییەسە "د+بین+م"، خۆ ئمکە م دپرسم، ئەڕا هە نەنووسنیمن "دبینم"؟ و وە دروو ئی وشە بشکنیمن؟ ئمجا ئەر شکانیمنەی کێ وتگە ک رێ و رەوێشت کام هووز دوروسە و کامەیان نە؟
ئێسە یەکێ تر. هادەێ ئیوەیش دینە ک چەنێ جەڕ و جت ها دە بان یە ک "ئووشم، ئیشم، ئۆشم، ئویشم، دڤیشم، دڤەشم، دەشم، ئەویشم، ئەیشم، ئێژم، ئەوژم، ئۆژم" کامەیان دوروسترە؟
چوون ئیمە دە کوردی "وشە" وە جی "واژە/ کلمە" دیریمن، خۆ "ش" ها نوای "ژ"، هەرسەی م خوەم خوەشم دیای "ژ" بکەفێگە سەر زوانەیل ئەڕا ئی وشە وەڵێ نەدبێ. ئمجا کامەیان؟ م خوەم "د+ ویشم" دوروستر زانم تا "ئۆشم"، چوون هەر چەن ک "ئۆشم" زاروەند فرەترێگ دیرێ وەڵێ چوون وشەی نییە ک دوروس دوروس کریا بی، خۆ خوەی ئەڕا خوەی ئەوسڕێ.
یا "نەۆ" یە لە ئەسڵا "نەبۆ/ نەبی" بییە ک "ب" کریاگە وە "و" و سەر لە وشەگە شێویاگە و بییەسە یە.
دە ئەو دووەی وشەیلە ک فێعڵ نیین هەم هە ئی دووزە دیریمن وەرد "ۆ" هەنەی دڕەسێ وە "و" جوور "ئەڵاجەوی" ک بڕێ دویشن و دوروسەگەی هە یەسە، نە "ئەڵاجەو" یا "وەوی، بەوی، بەویک" ک بڕێ کردنەسەی "وەۆ" ک هەڵەسە و زوان

عامیانە و نەدبیٚ دە زوان نامجی بچووگە کار. هە لەیواسە ”ئەڤ“ ک وە جی ”ئەوی“ و ”ئەو“ بریاگەسە کار.

م داخوازم لابردن ”ڤ“ هەم دە نام وشەیل ”ڤ“دارە، هەمیش وشەیلیٚ ک ”ە“ وەر ژە ”ڤ“ بریٚگە کار.

م یە ناویٚ دنم ”چالنج“ زوانی یا وە قەوڵ فارسەیلە وتەنی ”چالش زبانی“ ئەڕا بنزارەیل زاراوەی کوردی خوارین ک م دوروستر دزانم وە خاتر یە ک ئیمە هە لە زوونان و جارانەو بەشیٚ یا نامتووک جوغرافیای ”پەهڵە“ی ئەوسا بیمن، وە جی کوردی خوارین یا کوردی خوارگ، کوردی فەیلی ببمە کار، چوون ک فەیلی کوڵبڕ فەهڵەوییە و فەهڵەوی عەراوی پەهڵەوی یانیٚ کەسەیلیٚ ک نیشتەجی پەهڵە یا فەهڵە یا پاڵەی وەمە بینە، ببیە.

هەواڵنامەی کتێب

خەباتی سیاسیی هەنووکەیی سەبارەت بە دۆخی زمانی کورد

د.ئەمیر حەسەنپوور

تێبینی: وێڕای تێبینیمان لەسەر ئەو بۆچوونەی بەڕێزیان لە دەربڕینی زاراوەی سۆرانیخواز و شۆڤینیزمی سۆرانی، هەروەها هەندێ جار وشەی (زمان)ی لە باتی (زار) بۆ کرمانجی ئاخێوەران بەکارهێناوە، بۆ نموونە دەڵێت زمانی کورمانجی نەک زاری کورمانجی، ئێمە ناچار بووین بە پێی ڕێنمایی و ئامانجی گۆڤارەکەمان بیکەین بە زاری کورمانجی، بەڵام لەبەر بایەخی بۆچوونەکانی ڕەوانشاد ئەمیر حەسەنپوور، لەمەڕ زمانی کوردی بە پێویستمان زانی دەقی ئەو سیمینارەی بەڕێزیان وەک خۆی بڵاوبکەینەوە.

ئەمیری حەسەنپوور:

لێکۆڵەر و زانایەکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، لە ١٠ی گەلاوێژی ١٩٤٣زایینی لە شاری مەهاباد لە دایکبووە. لە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠١٧ لە تۆرنتۆی وڵاتی کەنەدا کۆچی دوایی کردووە. ئەندامی کۆنفیدراسیۆنی جیهانیی خوێندەکارە ئێرانییەکان-یەکێتیی نەتەوەیی و یەکێتیی کۆمۆنیستەکانی ئێران بوو. هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بوو لە زمانی ئینگلیزی زانکۆی تاران (١٩٦٤)، لە خوێندنگاکانی مەهاباد لەنێوان ساڵانی (١٩٦٥–١٩٦٦) وانەی ئینگلیزی داوەتەوە. لە ١٩٦٨ بە مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی ئینگلیزی ڕووی کردووەتە تاران. لە ساڵی ١٩٧٠ بڕوانامەکەی بەدەست هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٢ بڕوانامەی دکتۆراشی لەزمانی ئینگلیزی بەدەستهێناوە و هەر لە زانکۆی تارانیش بووەتەوە وانەبێژ. پاشان ڕووی کردووەتە زانکۆی لیۆنۆیس لە ئوربانە، لەساڵی ١٩٨٦ لەبواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و مێژوو و زمانی شارستانییەتە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕوانامەی پرۆفیسۆری بەدەستهێناوە (. بنەمای کارەکانی لەپێناو دیارکردنی زمانی کوردی و دروستکردنی زمانێکی کوردی یەکگرتوو بووە، لەدوای ساڵی ١٩٨٦ لە کەنەدا ژیاوە و بووەتە وانەبێژ لەزانکۆی ویندسۆر و کۆنکۆردیا و زانکۆی تۆرنتۆ. دواهەمین پۆستی بریتی بوو لە مامۆستای شارستانییەتە نزیک بەیەکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە گرنگترین کارەکانی بایەخدان بە بزاڤە دیموکراتی و ئازادیخوازەکان و مافی چارەی خۆنووسینی گەلە ژێردەستەکان و کارە ڕەگەزپەرستییەکان و کۆمەڵکوژییە باوەکان.

لەهجەی سەرەکی زمانی کوردی، لە باری ئەو کەسانەی کە قسەی پێدەکەن کورمانجییە، کە لەسەدا ٧٠ تا ٧٥ی کوردزمانان بە کورمانجی دەئاخێون. لەهجەی دووهەم سۆرانییە کە لە ئێران و لە عێراقدا هەیە. کورمانجی لە گشت پارچەکانی کوردستاندا هەیە، لە قەفقاز، تورکیا، سووریا. لە سووریا تەنیا کورمانجی هەیە. لە ئێران، لە ئاسیای ناوەندیش ئەوەندەی کوردی لێ بێ، گشتیان کورمانجی زمانن، بەڵام سۆرانی تەنیا لە ئێران و عێراق قسەی پێدەکرێ. سێیەم دەستە لەهجەیی «هەورامی» و «زازایی»یە. زازایی لە تورکیا هەیە و هەورامیش لە سنووری ئێران و عێراق. ئاخێوەرانی هەورامی کەمترن لە زازایی و لەهجەکانیتر. دەکرێ بڵێین دەستە لەهجەیەکی تر هەیە کە من جاروبار پێی دەڵێم «کرماشانی» کە لە خوارەوەی لەهجەی سۆرانییە و ئەویش زۆرتر لە کرماشانە، بەڵام جارجار لەوبەری سنووریش قسەی پێدەکرێ. کۆمەڵە لەهجەن ئەوانە. لەو لەهجانە دا سێ لەهجەی ئەدەبی هەن. «هەورامی» لە سەدەی ١٦ ەوە، «کورمانجی» لە سەدەی ١٦ ەوە و دەستیکردووە بە نووسین و ئەدەبیات. زۆرتریش ئەدەبیاتی شێعری بووە تا پەخشان، «سۆرانی» سێ سەدە دوایی کورمانجی ئەدەبیاتەکەی دەستپێکرد. لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا.

تا ساڵی ١٨٩٨ کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بڵاوبووەوە، ئەو سێ لەهجانە، هەر کامەی لە ناوچەی خۆی گەشەی دەکرد و پەیوەندییەکی بەرین نەبوو لە نێوان ئەو لەهجانەدا. گەرچی پەیوەندی نێوان سۆرانی و هەورامی کەمێک زیاتر بوو. لە ١٨٩٩، کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی چاپکرا، ئەوکات کێشەی لەهجە هاتە گۆڕ، بەڵام نەک بە شێوەی سیاسی. ئەوانەی کە ئەو ڕۆژنامەیان بڵاوکردەوە کورمانجی ئاخێوبوون و زۆربەی ڕۆژنامەی کوردستان بە لەهجەی کورمانجییە. جاروبار لەو ڕۆژنامانە و گۆڤارانەی کە دواتر بڵاوبوونەوە، ئەوانەی کە سۆرانی ئاخێوبوون، بە سۆرانی بابەتیان نووسیوە و لەو گۆڤارانەی ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستدا، دەقی سۆرانیش هەیە. ساڵی ١٩١٨ ماوەیەکی یەکجار گرنگە، ئەویش تێکچوون و نەمانی دەوڵەتی عوسمانییە. بەشی هەرە گەورەی کوردستان لە دەوڵەتی عوسمانی دابوو، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوایی ئەو سنوورەی کە ئێستا بەینی عێراق و ئێران و تورکیایە. هەر ئەو سنوورە لەو کاتیش بە تێکچوونی دەوڵەتی عوسمانی کوردستانیش دابەشبووە، بەشی کوردستانی تورکیا و کوردستانی عێراق و کوردستانی سووریا پەیدابوون.

لێره به کورتی دەڵێم: تا ساڵی ١٩١٨ له سەراسەری کوردستان لەهجەی کورمانجی لەهجەی سەرەکی بوو. یەکەم ڕۆژنامه به کورمانجی بوو، که «کوردستان»ه له ١٨٩٨. یەکەم کتێب به کورمانجی بوو، «ئەلفبایێ کورمانجی» ساڵی ١٩٠٩، «خەلیل خەیاڵی مۆتکی»ی بڵاوی کردەوە. یەکەم قەوانی کوردی به زاری کورمانجی بوو. یەکەم جار که دەنگ تۆمارکرا ساڵی ١٩٠٢، ئەو دەمی سێ گۆرانی کوردی تۆمارکراوه که به زاری کورمانجین. یەکێک لەو گۆرانییانه ده دوازده ساڵ لەمەوبەر له ئاڵمان بڵاوکرایەوە. یەکەم فەرهەنگی وشه «نۆبهار»ی «ئەحمەدی خانی» له سەدەی ١٧ به کورمانجی بڵاوکرایەوە. یەکەم ڕێزمانی کوردی، ئیتالیاییەک به ناوی «گارزۆنی» نووسی، که له سەدەی ١٨ دا بوو و به کورمانجی بوو. یەکەم وەرگێڕانی «شەرەفنامه» بۆ کوردی به کورمانجی بوو، که «مەلا مەحموودی بایەزیدی» له ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا ئەنجامی دا. یەکەم وەرگێڕانی ئینجلییەکان له ١٨٥٦ به کورمانجی بوو و به خەتی ئەرمەنی چاپکرا. یەکەم باسی ڕیفۆرمی ئەلفبێی کوردی، له گۆڤاره کورمانجی زارەکانی سەردەمی عوسمانی بڵاوبووەوە، به تایبەت له «ڕۆژی کورد» له ساڵی ١٩١٣ دا. یەکەم دیوانی شێعر که کوردان به خۆیان چاپیان نەکرد، ئاڵمانییەک به ناوی «هارتمەن» له ساڵی ١٩٠٦، «دیوانی مەلایێ جزیری» بوو که چاپی کرد، ئەویش هەر به کورمانجی بوو. تەواوی ئەو یەکەمانه به کورمانجی بوون،

بەڵام له ساڵی ١٩١٨دا، پێوەندی لەهجەکان گۆڕا. دابەشبوونی دووهەمی کوردستان، پەیدابوونی تورکیا و عێراق و سووریا، بوو به هۆی ئەوەی که لەهجەی کورمانجی، که لەهجەی سەرەکی بوو، سەرکوت بکرێ. کورمانجی، به شێوەیەکی زۆر دڕندانه له ساڵی ١٩٢٥ەوه سەرکووت کرا، لەهجەی هەره گەورەی کوردی، لەهجەیەک که پێشینەی ئەدەبی زۆریش له سۆرانی زیاتر بوو و ئەو هەموو یەکەمانەی هەبوون که باسم کرد، له تورکیا سەرکوت کرا. زۆربەی گەلی کورد ئێستاش هەر له تورکیا، کورمانجی زارن، بەڵام ڕەژیمی کەماڵیستی تورکیا ئەو لەهجه و زمانی کوردی سەرکوت کرد. له ئێرانیش، له ساڵی ١٩٢١ بەو لاوه، گشت لەهجەکان سەرکوت کران. له ئێران گشت لەهجەکان هەن: کورمانجی، سۆرانی، هەورامی، بێجگه له زازا، لەهجەکانی تر گشتیان هەن. له ئێرانیش سیاسەتی سەرکوت و زمانکوژی به تایبەت له دەورەی پەهلەوی یەکەم دا یەکجار زۆر توندوتیژ بوو و له دەورەی پەهلەوی

هەولێرنامەی کتێب

دووهەمیشدا درێژەی هەبوو. لە سووریا، کورمانجی، ڕێگەی پێنەدەدرا لە خوێندن و نووسیندا بەکاربێ، بەڵام بۆ ماوەیەک بە تایبەت لە شەڕی دووەمی جیهانیدا سووریا کە لە بەر دەستی دەوڵەتی فەڕانسە دابوو، چاپەمەنی کوردی هەبوو، ڕادیۆی کوردی هەبوو، کە گشتی ئەوانە بە کورمانجی بوون.

لە کوردستانی عێراق، لە ساڵی ١٩١٨ بەو لاوە زمانی کوردی هەلی بۆ هەڵکەوت کە خوێندن و چاپەمەنی و ڕادیۆ و لە دەزگای ئیداریدا بەکاربێ. دیارە لەهجەی سۆرانییان بەکارهێنا. دەوڵەتی بریتانیا کە عێراقی لەبەردەست دابوو، لەهجەی سۆرانی بەکارهێنا، ئەوەیش لەبەر ئەوەی بوو کە دیارە لە کورستانی عێراق زۆرتری کوردان بە سۆرانی قسەیان دەکرد. ناوچەی سلێمانی کانگای بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردبوو و شارنشینی لەوێ زیاتر بوو لە چاو ناوچەی بادینان. ناوچەی بادینان زۆرتر ناوچەیەکی عەشیرەیی بوو و خوێندەواری کەمتر تێدابوو. لە ناوچەی سلێمانی، عوسمانییەکان لە زووە، لە ساڵانی ١٨٦٠ەوە مەدرەسەیەکی عەسکەریان دانابوو کە لەو مەدرەسە عەسکەرییە دا چینێکی ڕۆشنبیری مۆدێرنی کورد پەیدا ببوون. من پێموایە ئەگەر دابەشبوونی دووەم نەبا، کوردستانی تورکیا ئاوا دابەش نەبا، کورمانجی وەک لەهجەی سەرەکی دەماوە. چ ئازادی نووسینی هەبا، چ نەیبا.

لە کوردستانی عێراق، هەلێک هەڵکەوت بۆ ئەوەی زمانی کوردی بەکاربێت. ڕاستی ئەوە بوو دەوڵەتی عێراق کە ئینگلیز دایمەزراند، زۆری پێ خۆش نەبوو کە زمانی کوردی پەرەبستێنێ، پێیان وابوو زمانی کوردی، ناسیۆنالیزمی کوردی بەرەو پێش دەبات، لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی بڕیارەکان کە درابوو کە دەوڵەتی (عێراق و بریتانیا) بڕیاریان دابوو، دەبوو کوردان ئازادی ئەوەیان هەبێ لە مەدرەسەی سەرەتایی بە کوردی بخوێنن، بەڵام لە باشترین کاتدا زیاتر لە ١٥ مەدرەسە نەبوو، ئەویش زیاتر لە ناوچەی سلێمانی بوو. لە هەولێریش چەند مەدرەسەیەک هەبوون. تەواوی قۆناغ و پۆلەکانی ئەو مەدرەسانە بە کوردی نەبوو. چەند پلەیەک بە کوردی بوو و سیاسەتی تەعریب ئەو زەمانیش هەر هەبوو. لە چاپەمەنیدا کتێب زۆر کەم چاپ دەبوو، دەوڵەتی بریتانیا ڕێگەی نەدەدا ڕۆژنامەی کوردی هەبێ، چونکە پێیان وابوو ڕۆژنامەی کوردی پەرە بە ناسیۆنالیزمی کوردی دەدا، بەڵام گۆڤار هەبوون. هەرچەندە گۆڤار بڵاودەبووەوە و پاش ماوەیەک تەواو دەبوو، چونکە خوێنەری زۆر

نەبوو. بۆ وێنە گۆڤاری گەلاوێژ کە گۆڤاری هەرەباشی سۆرانی بوو، شەش ساڵ بڵاوبووەوە و بەردەوام بوو، زۆر بە زەحمەت دەیتوانی ژمارەی دوایی بڵاوبکاتەوە. چەند جار گۆڤاری گەلاوێژ هەڕەشەی ئەوەی کرد، کە ئەوانەی پارەی ئابوونە نادەن، ناویان بڵاودەکاتەوە! تکای دەکرد کە پارەی ئابوونە بدەن، کەم کەس پارەی دەدا. ئاخیرەکەشی مەحکەمەی دانا بۆ ئەو کەسانەی کە پارەیان نەداوە و ناوی بەعزە کەسێکیشی نووسی. لە باری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، کورد هێشتا کۆمەڵگایەکی دەرەبەگایەتی بوو. خوێندەواری دەورێکی زۆر گرنگی نەبوو، ئەوەندەش کە هەبوو ناسیۆنالیستی کوردی بوو کە چاپیان پێ خۆش و جوان بوو، بەڵام وەزعەکە ئاوا بوو کە زۆربەی خەڵک لە دێهاتدا دەژیان. لە گوندەکانیشدا خوێندەواری و مەدرەسە نەبوو. شارەکانیش، شاری زۆر بچووک بوون. چاپەمەنی هێشتا نەبوو، لە باری ئابووری سەرمایەداریشەوە هێشتا وایی لێنەهاتبوو کە وەک دیاردەیەکی سەرمایەداری لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ. لە ئیدارەکانیشدا، لە شارەوانی سلێمانی، جاروبار شتێکیان بە کوردیی دەنووسی، بەڵام ڕاستییەکەی کاتێکی ئاگاییان دەدا لە گۆڤارەکاندا، زۆرتر بە عەرەبی بوو تا بە کوردی. لەو باروودۆخەدا دیاربوو ڕۆشنبیری کورد، کە تازە پێکدەهات، زۆرتر بە زمانی عەرەبی لە کاری ڕۆشنبیری دابوو. زمانی کوردی، زمانێکی ڕۆشنبیری نەبوو.

لە سۆڤیەت، کورمانجی هەلی بۆ هەڵکەوت کە ببووژێتەوە و بە ڕاستیش بووژاوە. لە سۆڤیەت کورد زۆر کەم بوو، نزیکەی ٦٠هەزار کەسێک بوون، لە ئەرمەنستان و لە ئازەربایجان و گورجستان، بەشێکیشیان لە ئاسیایی ناوەندی، لە تورکمەنستان بوون. ژمارەیان زۆرکەم بوو، بەڵام هەر لە سۆڤیەت لەهجەی کورمانجی کە بەکارهێنرا و گشت کوردیی سۆڤیەت بە کورمانجی قسەیان دەکرد، کتێبێکی زۆر بڵاوبۆوە. کە دەڵێم زۆر، مەبەستم لە «زۆر»ێکی نسبییە. دواتر باس لە ئامارەکە دەکەم. ڕۆژنامەی «ڕێیا تازە» بڵاوبۆوە کە تا ساڵی ١٩٩١، کە لە کوردستانی عێراق هەلێک هەڵکەوت، «کوردستانی نوێ» و «خەبات، ئۆرگانی حیزبەکان، ڕۆژانە بڵاوبێتەوە، ڕۆژنامەی «ڕێیا تازە» تا ئەو زەمانی، کۆنترین ڕۆژنامەی کوردی بوو کە هەر هەفتە سێ جار بڵاودەبووەوە. زۆرتر لە چوار لاپەڕە دابوو، بەڵام جاری هەبوو زیاتر لە ٤ لاپەڕەش بوو، لە گشت ڕۆژنامەی کوردی، زۆرتر دەوامی بوو و دەورێکی گرنگیبوو لە

هەواڵنامەی کتێب

کۆتکردنی زمانی کوردی، لەهجەی کورمانجی.

ڕادیۆ ئیرەڤانیش [کە دواتر باسی دەکەم] دەورێکی یەکجار گرنگی گێڕاوە، شەڕێکی زۆر گەورە سازبوو لەسەر ڕادیۆ ئیرەڤان. نیو سەعات بەرنامەی بە کورمانجی هەبوو، دەوڵەتی ئەمریکا و ئینگلیز و فەرانسە و ئێران و تورکیا و عێراق و تەواوی ئەوانە لەسەر ئەو نیو سەعات بەرنامە بە کورمانجی، شەڕیان بوو. ئەڵبەتە هەر لەبەر لەهجەکەی نەبوو، بەڵکوو لەبەر ئەوەش بوو کە لە ڕادیۆیەکی سۆڤیەت بوو.

باسی سۆرانیخوازان ئەوەیە: دەڵێن سۆرانی ئەوەندە وەپێشکەوتووە کە کورمانجی پێی ناگاتەوە. سۆرانی لە عەرشە، کورمانجی لە چاڵاوێک کەوتووە ناگاتەوە ئەو عەرشەی. باسەکەیان ئەوەیە کە سۆرانی وەها پێشکەوتووە کە ئەگەر بشمانەوێ کورمانجی بۆ ئەوەی نابێ بەکاریبێنین، بە تایبەت کە خوێندن و نووسین و کاری پەروەردە و لەکاری ئیداری و ڕۆشنبیریدا. من دەڵێم وا نییە، سۆرانی و کورمانجی لە یەک ڕادە دان. سۆرانی لە ئاسمان نییە، نە سۆرانی نە کورمانجی نەیانتوانیوە بەرەنگاری مۆدێرنیتە بن، بەرەنگاری دونیای مۆدێرن. هەروەها پێم وایە کە بە گەورە دانان و بە پێشکەوتوو دانانی سۆرانی و بە دواکەوتوو دانانی کورمانجی لە باری سیاسییەوە، سیاسەتێکی شۆڤێنیستیە. مەبەست لە سیاسەتی شۆڤێنیستی هەر ئەوەیە کە بە گەورە دانانی لەهجەی سۆرانی و بە دواکەوتوو دانانی کورمانجی. من تەنانەت دەتوانم ئەوەش بڵێم، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە ماوەی نەوەد ساڵی ڕابردوودا، سۆرانی هەنگاوی بۆ پێشەوە هەڵگرتووە، بەڵام کڵۆڵکراوە، داماوکراوە، ناڕۆشنبیرکراوە، یانی بۆتە زمانێک کە کاری ڕۆشنبیری پێناکرێ. دواتر زیاتر باس لەوەش دەکەم. لە کوردستانی عێراقدا سۆرانی ئەو هەلەی بۆ هەڵکەوت کە بنووسرێتەوە و بخوێندرێتەوە لە میدیا دا بەکاربێ، بەڵام ئێستا ئەو پرسیارە دێنمە گۆڕ، کە زمانی کوردی چۆن تووشی کێشە بوو؟ باش لە کێشەی زمانی کوردی نەگەیشتن، نەک تێگەیشتن، بەڵام بە جۆرێک لە کێشەکە گەیشتن کە زمانەکەی کڵۆڵکرد.

زۆربەی ڕۆشنبیری کورد پێیان وابوو کە کێشەی زمانی کوردی، کێشەی خۆماڵی و بێگانەیە. ئەوەی کە ئەلفبێیەکە خۆماڵییە یا بێگانەیە، عەرەبییە یا کوردییە، ئەوەی کە وشەکان کوردین یا بێگانەن؟ هێنایان کێشەکەیان ئاوا لێکرد، بەڵام ئەوە کێشە نەبوو. کێشە ئەوە بوو کە زمانی کوردی دواکەتبوو لە زمانە ئەورووپاییەکان، ئێستا

پێوەندی هەیە لەگەڵ زمانە ئەورووپاییەکان، زمانی کوردی و کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ مۆدێرنیتەی سەرمایەداری، تەنانەت لەگەڵ مۆدێرنیتەی سۆسیالیستیش لە کێشە دایە. دەبێ تەکلیفی خۆی ڕوون بکاتەوە، چ دەکات لەگەڵ دونیایی مۆدێرن؟ ئەوە بە تایبەتی دەگەڕێتەوە سەر مەسەلەی وشەکان. کوردی بە کاری دونیایی مۆدێرن نەدەهات لە ساڵی ١٩١٨، ئەمن دەڵێم کە تەنانەت کوردی، فارسی و عەرەبیش، کە ئەدەبیاتێکی گەلێک دەوڵەمەندتر لە کوردیان هەبوو، ئەوانیش ئەو کێشەیان هەبوو، بەڵام کێشەی زمانی کوردی زۆر جددیتر بوو. چونکە زمانی کوردی ئەدەبیاتی فارسی نەبوو، کە هەم پەخشانی هەبوو هەم شێعر، ئەویش ئەدەبیاتێکی یەکجار دەوڵەمەند و بێ وێنە. زمانی کوردی، ئەدەبیاتی عەرەبی نەبوو. ئەوەیش هەر وا، ئەدەبیاتێکی کلاسیکی بێ وێنە، هەم پەخشان و هەم شێعر و فەلسەفە و مێژوو و ئابووری. لە گشت بابەتێکدا، زمانی فارسی و عەرەبی، پێشینەیەکی کلاسیکی دەوڵەمەندیان هەبوو. نەک لە مۆدێرن، تەنانەت تورکی عوسمانیش پێشینەیەکی وایی هەبوو، بەڵام کوردیی هیچ یەک لەوانەی نەبوو.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، کە کوردی ئاوا دامابوو، ڕۆشنبیری کورد هاتن لە کوردستانی عێراقدا گوتیان کە کێشەی زمانی کوردی ئەوەیە، کە ئەلفبێیەکەمان عەرەبییە یا کوردی. ئایا هەمزە کوردییە یا عەرەبی! ئەوەیان کردە کێشە. بیری لێبکەوە، پیتی هەمزە لە ئەلفبێی کوردیدا ئایا ئەوە عەرەبییە یا کوردی. هاتن کاتێکی زۆریان دانا، هەڵلایەکی زۆریان سازکرد لەسەر ئەوە، بەڵام باسی ئەوەی دەکەم کە چییان لە دەنگەکان و ئەلفبێ کرد. زەرەرێکی زۆر کە لە زمانی کوردی درا، بەو شێوە زمانەکە هەژارکرا، مەسەلەی وشە لە زمانی کوردی دابوو. لە ئەلفبێ ڕا جارێ باسی ئەوەی بکەم کە دەستیان کرد بە ئەوەی کە بیکەن بە لاتین، بەڵام لە حکوومەتی عەرەبی عێراق دا نەدەکرا. یەکەمیم دەوڵەتی ئینگلیز بەرنامەی هەبوو کە بیکاتە لاتین، بەڵام زۆر زوو لەوە لایاندا و هەر ئەلفبێی عەرەبی مایەوە. ڕۆشنبیری کورد، تا ڕادەیەک ئیمکانی ئەوەی هەبوو کە چاکسازی ئەلفبێی عەرەبی بکات. ئەو پرۆسەی کە لە سەنعەتی «فقه اللغه» دا پێیان دەگووت «ئیعراب» بە حروف کردیان. ئەو حەرفانەی کە پێیان وابوو عەرەبییە، وەک ص و ض و ئەمانەیان لابرد و هەموویان کردە ئەو حەرفانە کە پێیان وابوو کوردییە. ئەوە شتێکی زۆر خەراپ نەبوو، بەڵام

بە ڕاستی پێویست نەبوو. زمانی عەرەبی ئەو کارەی نەکرد و هیچ موشکلەیەکیشی نییە، زمانی فارسی نەیکرد و هیچ موشکلەی نییە، زمانی چینی کە کۆنترین زمانی دونیایە کە ئەدەبیاتی نەپاساوەی هەیە، هەر ئەلفبێی نییە. زمانی چینی هەر نیشانەی هەیە نەک ئەلفبێ، زۆریش لە زمانی کوردی، پێشکەوتووتر بووە. دەمەوێ ئەوە بڵێم کە هەر پێویست نەبوو ئەلفبێ ئاوا بگۆڕن. ئەوە هیچ، تەنانەت لەو ساڵانەی دواییدا، ڕیزی ئەلفبێی کوردیش دەگۆڕن. ئێوە بیری لێبکەنەوە لە سوید بیانەوێ ڕیزی ئەلفبێی سویدی بگۆڕن! حەرفێکی ببنە ئەولاتر، سەر و خواری پێبکەن، نەزمی کۆمەڵگای سوید تێکدەچێ، چونکە گشت شتێک لەسەر ئەساسی ڕیزی ئەلفبێیە، بەڵام لە کۆمەڵی کوردەواریدا ئەوانە گرنگ نین. کۆمەڵێکی دواکەوتووە، بە کەیفی خۆت وەرە بیگۆڕە. چەند کەس لە فەرهەنگەکان دا گۆڕیویانە. هیچیش نەقەوماوە. تەنانەت دەیانویست کە دەنگەکانیش پەتی بکەن و کردیان. دەنگی /ح/، دەنگی /ع/، دەنگی /ق/، دەنگی /غ/، دەیانگووت ئەوانە دەنگی بێگانەن و عەرەبین و دەبێ وەلایان بنێین. بەڵام زمانی کوردی پڕە لەو دەنگانە، ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی پڕە لەو دەنگانە. هەژاری شاعیر لە بەربەرەکانی ئەو بۆچوونە، لە بەرانبەر ئەوانەی کە دەیانگوت دەنگی «ق» عەرەبییە و دەبێ فڕێی بدەی گوتبووی: قورقرۆچکەت بگرم، وەک قشقەڵە وە قرەقڕت خەم؟ [بە پێکەنینەوە]. شتێکی ئاوایی گوتبوو! بەڵام ئەو جۆرە ڕەخنانە هیچ کاریگەری نەبوو و پەتیگەران کاری خۆیان کرد.

هەروەک گوتم، کێشەی سەرەکی کە زمانی کوردی کلۆڵ کرد، سۆرانی کلۆڵ کرد، مەسەلەی وشەکان بوو. هەر زمانێکی زیندوو، ئەگەر وشە نەخوازێ لە زمانی دیکە، دەکرێ بڵێین کە زمانێکی زۆر زیندوو نییە. زمانی زیندوو یانی زمانێک کە پەیوەندی لەگەڵ زمانەکانی دیکە هەیە و وشە دەخوازێ و وشە دەدا. لە کوردستانی عێراق هاتن، وشەی خوازراوی تورکی و فارسی و عەرەبیان وەلانا، بەڵام زۆرتر وشەی خوازراوی عەرەبیان وەلانا. چونکە عەرەبیان بە دوژمن دادەنا، لەبەر ئەوە دەوڵەتەکە عەرەب بوو. پێیان وابوو، چونکە فارس بە ڕەچەڵەک لەگەڵ کورد یەکەن، ئاريایین، کەمتر بەرەنگاری زمانی فارسی دەبوونەوە. تا ڕادەیەک بەرەنگاری تورکیش دەبوون. بەو سیاسەتە، من پێموایە لە هەر شتێکی کە کردیان خەراپتر بوو، زمانی کوردییان هەر تەواو کۆڵەوار کرد. لێکۆڵینەوەیەک هەیە، «جەمال جەلال عەبدوڵڵا» کردوویەتی،

تێزی دوکتۆرایەتی، لەو لێکۆڵینەوە دا دەرکەوت کە لەساڵی ١٩٢٤ تا ١٩٣٩، وشەی خوازراو لە چاپەمەنی کوردستانی عێراق دا، لە سەدا ٤٦ بووە، چل و شەش خاڵ چوار. لە ساڵی ١٩٣٩ تا ١٩٥٨، ئەو لە سەدی چل و شەشە بوو بە سەدی ٩. نۆ، خاڵ پێنج، یانی تەواو کەم بووەوە. واتا زمانەکە تا ساڵی ١٩٥٨ زۆر پەتی کرا. لە ساڵی ١٩٥٨ تا ساڵی ١٩٧٣، وشەی خوازراو بوو بە ٤,٤ لە سەد، یانی زمانەکە یەکجار زۆر پەتی کرا! کەوابوو لە ماوەی ئەو پەنجا ساڵە دا، پەتی کردن بە ڕاستی سەرکەوت، بەڵام من پێموایە کە لەو سەرکەوتنەدا تۆوی دواکەوتوویی چاندرا. بە بژارکردنی زمانی کوردی، بە بۆچوونی من زمانەکەیان هەژار کرد.

ئێستا کتێبێکی فیزیک، شیمی، ئابووری، بایۆلوژی، ئەنترۆپۆلۆژی، ئەگەر بتەوێ لە ڕادەی زانکۆدا بە سۆرانی(کوردی ناوەند) بینووسی، زۆر زەحمەتە، ناکرێ، کارێکی یەکجار سەختە. زمانێکە کە نارۆشنبیری کراوە، کراوەتەوە ئەوەی کە دەوڵەتەکان دەیانەویست بیکەن. لە ئێران دەگوترا، لەهجەی کوردی، گویش کوردی، لەهجەی فارسییەوە و هیچ ئیرادێکی نییە با لە قسەکردندا خەڵک بەکاریبێنن، لەهجەی ماڵییە. ئەوە سیاسەتی نارۆشنبیرکردنی زمانی کوردی بوو کە سیاسەتی شایی دووەم بوو. شایی یەکەم کە ڕێگەی نەدا قسەشی پێبکرێ. واتا زمانی کوردی زمانی زانست و کاری بیری نەبوو. بە داخەوە، ڕۆشنبیری ناسیۆنالیستی کورد، تەواو ئەو کارەیان کرد کە دەوڵەت ئێران دەیەویست بیکا. ئێوەش پێتان وانەبێ ئەوە تەنیا بیر و بۆچوونی منە. من تا هەفتەیەک لەمەوبەر دەمزانی کە گۆرانی شاعیریش وا بیردەکاتەوە، بەڵام بەڵگەیەکی وام نەبوو، هەر لە نووسینەکانی ڕا دەمزانی. هەفتەیەک لەمەوبەر، هەر بە هەڵکەوت، لە کتێبخانەی هەرزان بووم، ئەو کتێبەم دیتەوە، من ئەوەم نەدیتبوو، ئەوە بەرهەمی پەخشانی گۆرانە. بزانین گۆران، لە ساڵی ١٩٦٠ لە ڕۆژنامەی ئازادی ژمارە ٥٠، تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ چی نووسیوە. گۆان لەوێدا، سۆرانی لە کوردستانی عێراق بەروارد دەکات لەگەڵ کورمانجی لە ئەرمەنستان لە یەکێتیی سۆڤیەت و باسی ناتەواوی وشەی کوردی دەکات و دەڵێ: «بەرابەر بەم ناتەواوییەی وشەی کوردییە، خۆپاراستن لە بەکارهێنانی وشەی بێگانە، بەرەو ئەوەی بردووین کە هێزی دەربڕینمان[تەعبیرمان] لە چوارچێوەیەکی تەسکا قەتیس بمێنێ، ئەمە هەر نەک لە بابەتی زانست و فەلسەفە و بیری زانیاریی ورد دا، بەڵکوو لە جەرگەیی هونەری

ویژەییشدا، کە زۆرتر بە بەری بیر و هەست و نیازەکانی ناو تاقیکردنەوەکانی مرۆڤ خۆیەتی و ...». گۆران دواتر باسی کورمانجی لە سووریا و سۆڤیەتستان دەکات. گۆران دەڵێ: «بە تایبەتی سۆڤیەتییەکان [مەبەست کورمانجەکانی سۆڤیەت] ڕێگایەکیان گرتووە بۆ گەشە و پێشخستنی زمان و ویژە، بە تەواوی بە پێچەوانەی ئێمەیە. ئەوانە بایەخی زۆریان بە پێشخستنی بیر و ناوەڕۆک داوە، لەباتی بایەخدان بە بژاری زمان لە وشەی بێگانە.

من چەند نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە، من سێ وشە دەڵێم کە لە فارسیدا هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا کە لێک نزیکن، بەڵام جیاوازن. یەکیان «قاعدە» کە بە ئینگلیزی دەبێتە «ڕوول». یەکیان «مقررات» کە بە ئینگلیزی دەبێتە «ڕێگیولەیشن»، یەکیان «قانون» کە بە ئینگلیزی دەبێتە «لۆو». لە هەڤاڵێکم پرسی ئەوانە بە سویدی دەبنە چی، گوتی قاعدە دەبێتە «ڕێگلێل»، «ڕێگلێرینگ» و قانوون دەبێتە «لاگ» کە هەر «لۆڤ»ی ئینگلیزییە. قاعدە، مقررات، قانون، هەرسێکی دیارە عەرەبیە، فارسی ئەو سێ وشەی لە عەرەبی وەرگرتووە، با بزانین فەرهەنگی گیرفانی ئینگلیزی – کوردی جاف چی کردووە لەوەی: هەرسێکی داناوە بە «یاسا»! یاساش لە زمانی موغولی وەرگیراوە. فەرهەنگی جاف، قەبووڵی ناکا، قانوون وەک کوردی دابنێ، یاسایی دادەنێ کە موغولییە! بۆچی «یاسا»یی موغولی لە «قانوون»ی عەرەبی باشترە؟ ئەگەر کەسێک ئەوەم بۆ ڕوون بکاتەوە زۆری سوپاس دەکەم! بۆ قانوون کوردی نییە؟ عەرەبی بۆ خۆی لە یۆنانی وەرگرتووە. وشەیەکی نێونەتەوەییە، لە زۆر وڵاتی دونیا بەکاریدێنن، بۆچی ناسیۆنالیستی کورد، زمانی کوردی لەو وشەیە مەحرووم دەکات؟ ئەمن زۆرم پێخۆشە ئەوەی بزانم. یا چەند وشەی دیکە وەک «جرم، جنایت، جریمە، اتهام»، ئەوانە لێک نزیکن، بەڵام جیاوازییان یەکجار زۆرە. بۆ کاری دادگا و عەدالەت و ئەوانە زۆر موهیمە کە جیاوازی ئەوانە بناسین. زۆربەی ڕۆشنبیری کورد، تەنانەت کتێبێکی کە فەرهەنگی وشەی قانوونیە، گشت ئەوانە بە «تاوان» دادەنێ! شتی وا ئاخر چۆن دەبێ؟ چونکە ئەوانە عەرەبین، ڕۆشنبیری کورد تەحەمولیان ناکات! لە جیاتی تەواوی ئەوانە «تاوان» دەکاردێنێت، ئاخر ئەوە چ زمانێکە کە نەتوانێ ئەو جیاوازییانەی لەبەرچاو بێت؟

وشەیەکی تازەتر کە لە زمانە ئەورووپاییەکان، لە ئینگلیزیدا پەیدا بووە، «جێندێر»،

زمانی فارسی زۆر زوو، «جنسیت»ی بۆ دانا، با بزانین ڕۆشنبیری کورد چی لێکردووە! ڕۆشنبیری کورد، جێندر دەکاتە ڕەگەز! بەڵام ڕەگەز، نزیکەی حەفتا هەشتا ساڵە لە کوردیدا لە جیاتی «راس» دانراوە کە فارس پێی دەڵێن «نژاد». لەوانەشە «ڕەگەز» و «راس»ی ئەورووپایی هاوریشە بن، مومکینە ئاوا بێ، بەڵام ڕۆشنبیری کوردی کە ناتوانێ «جنسیت» قبووڵ بکات چونکە عەرەبیە، جێندر دەکاتە «ڕەگەز»، دەڵێ ڕەگەزی مێ و ڕەگەزی نێر. ڕەگەز، وەک ڕەگەزی سپی و ڕەش بەکارهاتووە لە کوردیدا، بەڵام چونکە هیچ چارەیان نییە و عەرەبیشیان پێ گڵاوە، دەڵێن ڕەگەزی مێ و ڕەگەزی نێر! بۆ وا لە زمانی کوردی دەکەن؟ پرسیاری من ئەوەیە، ڕۆشنبیری ناسیۆنالیستی کورد بۆ بەربینگی زمانی کوردی بەرنادا؟

وشەیەکی وەک «ئەبستراکت» واتە «مجرد»، زۆر بەکاردێ، هەر ڕۆژنامەیەکی چاوی لێبکەی، لە فیلم ڕا بگرە هەتا شتیتر، وشەی ئەبستراکتی تێدایە. چاو لە فەرهەنگە کوردییەکان بکەن بزانن بۆ ئەبستراکت= مجرد، چ دادەنێن! ڕووت! نەبینراو، نادیار، جیا، جیاواز، ئەوانە هیچیان مانایی ئەبستراکت نین. چاو لە فەرهەنگە فارسییەکان بکەن بزانن چەندە وشەی باشیان بۆ داناوە. «مجرد»یان بۆ داناوە، مجردیش لە عەرەبی ڕا هاتووە و هیچ ئیرادێکی نییە. موجەرەد، چونکە کورد بەکاری هێناوە، بۆتە کوردی، عەرەبی نییە ئیتر. هەزار وشەی تر هەیە، وەک ئیمکان، ئیحتمال. ئیمکان چی بۆ دادەنێی؟ چاو لە فەرهەنگە کوردییەکان بکە! زمانی کوردییان کلۆڵ کردووە.

چاو لە دوو فەرهەنگی گرنگی کوردی بکەن کە لەو ساڵانەی دواییدا بڵاوبوونەتەوە. فەرهەنگی ئازادی ئینگلیزی-کوردی، فەرهەنگێکی هەرەگەورەی دوو زمانییە، دکتۆر قەرەداخی تەواوی تەمەنی خۆی خەریکی ئەو فەرهەنگە بووە، زیاتر لە پەنجا ساڵە، ئەمن ئاگام لێیە، چەندە خەریکی بووە. فەرهەنگەکەی دی، لە زانکۆی کوردستان بڵاوبۆتەوە لە سێ بەرگدا، فەرهەنگی فارسی-کوردی، ئەویش لە باری تەکنیکی فەرهەنگ نووسینەوە یەکجار پێشکەوتووە، بەڵام بە بۆچوونی من هەردووک فەرهەنگ تووشی کێشەی سیاسەتی پەتیکردن بوونە، بە جۆرێک کە وشەیەک کە کوردی پەتی بۆ نابینرێتەوە دێن تەعریفی دەکەن! تەعریف کردن بۆ فەرهەنگی یەک زمانی دەبێت، وەک فەرهەنگی زەبیحی. فەرهەنگی قامووسی زەبیحی ئەگەر بۆ وێنە چاو لە وشەی «ئاوارە» بکەی، بە کوردی پێت دەڵێ کە ئاوارە یانی چی، تەعریفی

دەكات لە ڕستەیەكدا و نموونەیەكیشی بۆ دێنێتەوە. لە فەرهەنگی دوو زمانی دا، قەت نەبووە كە وشەیەكی زمانی ئەسلی كە دەیهێنی، بێی تەعریفی بكەی، دەبێ بەرانبەری بۆ دانێی، بەڵام بۆ وێنە فەرهەنگی كوردستان، فارسی-كوردی، كە ئێستا هەیە لە كتێبخانە دا و دەتوانن چاوی لێبكەن، پۆمپی بەنزینی تێدایە، پۆمپی بەنزین فارسییە و فەرهەنگەكە لە بەرانبەر ئەو وشەیەدا هاتووە تەعریفی كردووە و نووسیویەتی، جێگایەكە كە ترومبێل(ماشێن) دەچێ و لەوێدا بەنزینی هەڵدەگرێ یا لێیدەدا! شتێكی وا. ئەوە فەرهەنگی دوو زمانی نییە ئیتر، وەك فەرهەنگی یەك زمانی لێكردووە.

تاكتیكێكی دیكە كە بەكاری دێنن، فەرهەنگی ئازادی بۆ وێنە. زۆر جار چەند وشەی هاومانامان هەیە، نزیكن لە مانادا، هەر وەك گوتم، وەك جەریمە و جرم و هتد. كاتێك چەند وشەی ئاوا لێك نزیك هەن، فەرهەنگی ئازادی، چونكە نەیتوانیوە بۆ هەر یەك لەوانە وشەی كوردی پەتی ببینێتەوە، بۆ چەند وشەی جیاواز، یەك وشەی كوردی بەكاردێنێ. لە ڕاستیدا من هەوڵم داوە بۆ نووسینی كوردی و ئینگلیزی ئەو فەرهەنگەی بەكاربهێنم، بەڵام بەكاری من نەهات. فەرهەنگەكە بێ كەڵكە، بێ فایدەیە. عومرێك هەوڵ و تەقەللای دوكتۆر قەرەداخی بە بۆچوونی من بەفیڕۆچووە. حەیف بوو، نەدەبوو وایی لێبێ. ئەگەر ئەو سیاسەتی پەتیكردنەوەی وەلانابا، فەرهەنگەكە زۆر سەركەوتووتر دەبوو. دیارە من زۆر باش دەزانم، زمانی كوردی وەك ئینگلیزی و فارسی نابێ. ئەوان وشەیان یەكجار زۆرە، بەڵام دەكرا زۆر وشەی خوازراو كە دوو سەد سێ سەد ساڵەبوونە كوردی، دەكرا ئەوانەی تێدا بێ و فەرهەنگەكان باشتر بن.

سۆرانیخوازەكان دەڵێن: كورمانجی زۆر لە سۆرانی وەدواكەوتووە، لە باری چەندێتییەوە. هەر لەو ساڵانە دا، لە ساڵی ١٩٢١ تا ١٩٨٠ یانی لە ماوەی ٥٩ ساڵ دا، لە یەكێتیی سۆڤیەت، بەتایبەت لە ئەرمەنستان زیاتر لە ٣٧٧ كتێب بڵاوبۆتەوە. بیری لێبكەوە لە كوردستانی عێراق، ٦٥ ساڵ، ٩١٨ كتێب. ئەوەشتان لەبەر چاو بێ، نفووسی كورد لە یەكێتیی سۆڤیەت لە ساڵانی ١٩٢٠ نزیكەی ٦٠ هەزار كەس بووە و لە كوردستانی عێراق نزیكەی نیو ملیۆن بووە. واتا كوردی عێراق، زیاتر لە ١٠ بەرانبەری كوردی سۆڤیەت بوون، بەڵام ٩١٨ كتێبیان بەرانبەر بە ٣٧٧ كتێبی سۆڤیەتستان هەبووە. ئەگەر ئامارم هەبا و زانیبام تا ساڵی ١٩٨٥ چەند كتێبی تر

له یەکێتیی سۆڤیەت بڵاوبوەوە، ڕەنگبوو، ژمارەی کتێبی بە کورمانجی سۆڤیەت ببا بە ٤٠٠. ئەگەر ئەو کتێبانەی بە کورمانجی لە سووریا و لە دەرەوەی وڵاتیش بڵاوبونەتەوە، بێنینە سەری دەبێتە نزیک بە ٤٠٠ کتێب. لە عێراقیش چەند کتێبێک بە کورمانجی لەو ماوەیە دا بڵاودەبوەوە. چەند ساڵێک بوو لە کوردستانی عێراق، کتێب هەر بڵاونەدەبوەوە، یا جاری وا بوو هەر یەک یا دوو کتێب بڵاودەبوەوە. لە ١٩٣١ تا ١٩٣٧ لە ئەرمەنستان ١٦٣ کتێب بڵاوبوەوە، لە ماوەی شەش ساڵ دا، هەر لەو ماوەیە دا ٥٢ کتێب لە عێراق بڵاوبونەتەوە. بەداخەوە لە ساڵی ٣٧ و ٣٨ەوە، لە یەکێتیی سۆڤیەت بەشێک لە کوردەکانی قەفقاز ڕاگوێزران بۆ ئاسیایی ناوەندی و چاپەمەنی کوردی لە ساڵی ١٩٣٨ تا کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانیی ئیتر نەبوو. لە کوردستانی عێراقیش لە ساڵانی شەڕ کتێب زۆر زۆر کەم بڵاودەبوەوە، بەڵام پێوانە بۆ بەراوردکردنی ئەوانە ئەوەیە؛ کە ژمارەی کتێب بە پێی هەزار کەس بکەین. ئەوە دیققەتێکی زۆرتری هەیە. ئەگەر ژمارەی کتێبەکان دابەشبکەین بەسەر نفووسی کوردەکان لە ١٩٢٠ تا ١٩٨٥ لە کوردستانی عێراق، ٢,١ لە سەد کتێب چاپ بووە و لە سۆڤیەت ٦,٤ لە سەد. شەش لە کوێ و دوو لە کوێ! یانی ئەگەر بە گوێرەی نفووس بەراوردیان بکەین، لەو ماوەیە دا کە باسکرا، لە کوردستانی عێراق ٢ کتێب و لە سۆڤیەت ٦ کتێب بڵاوبونەتەوە. بە گوێرەی ڕۆژنامەش هەر وا. لە سۆڤیەتستان هەر وەک وتم، «ڕێیا تازە» هەر سێ ڕۆژ جارێک بڵاودەبۆوە و ئەگەر دابەشی بکەین بە سەر نفووسی کوردی سۆڤیەتدا ئەوان زۆرتریان ڕۆژنامە هەبووە تا لە کوردستانی عێراقی.

سۆرانیخوازان لە ساڵانی ڕابردوودا وتویانە، کە زۆربەی کوردستانی عێراقێ بە سۆرانی قسە دەکەن و ئەوە دەبێ ببێتە زمانی ڕەسمی و زمانی ستاندراد و ناڵێن کورمانجی نابێ قسەی پێ بکرێ، بەڵام دەڵێن دەبێ کورمانجی بۆ ژیانی ڕۆژنامەی ماڵ و بازاڕ و مەزرا و ئەوە باشە هەروەها کورمانجی دەبێ وشەکانی کۆبکرێتەوە بۆ ئەوەی کە سۆرانی پێ دەوڵەمەند بکرێ. تەنانەت ڕۆشنبیرێکی کورد گوتوویەتی کە «ئەگەر کوردی باکوور دەیانەوێ ڕزگار بن، ئازاد بن، دەبێ سۆرانی فێربن»! ئەوە زۆر خۆشە ئیدی! بۆ خۆتان لێکی بدەنەوە بزانن ئەوە مانای چییە! ئەمن بەو بۆچوونانە دەڵێم «شۆڤێنیزمی سۆرانی»! بە گەورە زانین و بە سەرکەوتوو دانانی

هەولاتی کتێب

سۆرانی و بە دواکەوتوو دانانی کورمانجی. ئەوەی کە بگووترێ ئازادی بە زمانی سۆرانی دەبێ؛ ئەوە ئیتر یەکجار شۆڤێنسیتییە!

ساڵی ١٩٩١ گۆڕانێکی گرنگبوو لە زمانی کوردی دا. لەو ساڵە دا دەوڵەتی تورکیا ئیجازەی دا کە کوردی تورکیا، جا چ زازا و چ کورمانج لە ماڵی خۆی بە زمانی خۆی قسە بکات، بەڵام قسەکردن لە پارلەمان و لە کاروباری حیزبی و سیاسی قەدەخەبوو. بەو خەباتەی کە کوردی تورکیا کردیان، نەک لەبەر ئەوەی کە سۆرانیان دەزانی، لەبەر ئەو خەباتەی کە بۆ مافی زمانی کردیان، ئێستا لە تورکیا چاپەمەنییەکی یەکجار زۆر بڵاودەبێتەوە بە زمانی کورمانجی، مۆسیقای کوردی بە گشت لەهجەکان، یەکجار زۆر بەرهەم هێنراوە، ڕادیۆ هەیە، تلەفیزیۆن هەیە، یەکەم تلەفیزیۆنی سەتەلایتی کوردی بە کورمانجی بوو. لە خۆراسان لە ئێرانێ، بە کورمانجی دەنووسن، لە سووریاش تا ڕادەیەک شت بڵاودەبێتەوە. ١٩٩١ هەر ئەو ساڵە بوو کە سۆڤیەت تێکچوو، کورمانجیش نیشەستێکی زۆری بوو. شتێک کە گۆڕاوە ئەوەیە کە تەکنەلۆژی تازەی زمان پەیدابووە، گشتتان ئاگادارن، زۆربەی ئێمە بەکاری دێنین، ئینتەرنێت و ئەو جۆرە تەلەفۆنە تازانەی کە پەیدابوونە، کە گشت کارێکیان پێدەکرێ و بۆ خۆشیان کۆمپیوتەرن و هتد. تەکنەلۆژی تازەی زمان، هیچ حەدێکی نییە، لە ١٠ ساڵی داهاتوو دا، دەکرێ زۆر هاسان مەتنێکی کوردی کە بە سۆرانی[ئەلفبێی عەرەبی] نووسراوە، زۆر ئاسان دەتوانی بیکەی بە خەتی لاتین و بە پێچەوانەوە، تەکنەلۆژییەکە کە هیچ سنوورێک ناناسێ. وەزعی زمان لە تەواوی دونیا دا دەگۆڕێ و لە کوردستانیش دەگۆڕێ، بەڵام ئەو کێشە سیاسییانەی کە گوتم دەبێ خەباتی سیاسی لەسەر بکرێ و دەبێ بکرێ.

شتێکی دی کە سۆرانیخوازەکان دەیڵێن ئەوەیە، کە «ئەگەر لە کوردستانی عێراق، کە لە ساڵی ٢٠٠٥ لە قانوونی ئەساسی عێراق دا، زمانی کوردی بۆتە زمانی ڕەسمی سەراسەری عێراق، ئەوەش ڕووداوێکی گرنگە، ئەوان دەڵێن ئەگەر کوردی، هەم سۆرانی و هەم کورمانجی، لەهجەی ستانداردی ڕەسمی بن ئەو ڕەسمییەتە[لە عێراق] تێکدەچێ، دەڵێن تەنانەت نەتەوەیی کورد دەبێتە دوو نەتەوە و دابەش دەبێ! من تەنیا یەک شت دەڵێم و تەواوی دەکەم. زمانی سێربی-کرواتی هەبوو، لە یۆگۆسلاڤی پێشوو، لە کورمانجی سۆرانیش لە یەکتر نزیکتر بوو، زمانی چێک-سلۆڤاکی هەبوو،

ئەوانە لێک جودا بوونەوە و بوون بە دوو نەتەوەیی جودا. من دەڵێم ئیمکانی ئەوەی هەیە کە کورمانجی و سۆرانی لێک جودا ببنەوە، بەڵام شتێکی دی کە زۆر هانی ئەوەی دەدات کە لێک جودا ببنەوە، هەر ئەو سیاسەتی سۆرانیخوازییە. ئەوەی کە بە زەبر و زەنگ، سۆرانی دابسەپێنی بەسەر کورمانجی زمانانی بادینان. ئەوە ئەوان هان دەدات بەرەو جوێبوونەوە نەک سیاسەتێکی دیموکراتیک. هەتا سیاسەتی زمانی دیموکراتیزەتر بێ، ئیمکانی یەکگرتنی گەلان، ئیمکانی یەکگرتنی چینی کرێکار، ئیمکانی یەکگرتنی زەحمەتکێشان زیاتر دەبێ. هەتا زیاتر بڵەی نەتەوە، یانی یەک زمان، یەک وڵات، یەک لەهجە، زووتر، دووبەرەکی و سەد بەرەکی دروست دەبێ. ڕێگا دیموکراتیزەکردنە. کەسێک کە باوەڕی بە دیموکراتیزەکردنی ژیانی خەڵک بێ لە کوردستان یا لە ناوچە دا، دەبێ لە باری زمانیدا و هەروەها لە باری سیاسیدا، دەبێ سیاسەتێکی تەواو دیموکراتیکی هەبێ. ئەگەر نەیبێ، شۆڤێنیزم سەردەکەوێ. من بە هیچ جۆرێک ناڵێم هەر کەسێکی کە تا ئێستا گوتوویەتی کە سۆرانی دەبێ ڕەسمی بێت و دەبێ زمانی ستانداردی بێ شۆڤێنیستە، من ئەوەی ناڵێم، بەڵام ئەوەی دەڵێم کە کەسێک پێی وابێ کورمانجی دواکەوتووە و سۆرانی ئەوەندە وەپێش کەوتووە کە هەموو کورمانجی ئاخێوان دەبێ سۆرانی بکەنە زمانی کولتوری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری، من دەڵێم ئەو سیاسەتە، سیاسەتێکی شۆڤێنیستیە. زۆر کەسیش کە ئەو سیاسەتەی ڕەچاو دەکا، نازانێ خەتەری ئەو سیاسەتەی چییە و نازانێ کە ئاڵتەرناتیڤی دی هەیە.

زمانی کوردی زمانێکی دێرین و ڕەسەنە، زمانێکە بە بەرفراوانی زاراوە و دیالێکتەکانی، ئەو دیالێکتانەی بە زاراوە فرەکانی خۆیەوە یەکێکە لە زمانە هەرە دەوڵەمەندەکان وەک ڕوبارێکی بە خوڕ و خاوەن دەریاییێک دەستەواژە و وشە. هەروەها بە شانازی گەورەوە کە ئەم زمانەمان بە زیندووی ماوەتەوە.

زمان ناسنامە و پێناسەی هەر گەل و نەتەوەیەکە، ئەگەر بۆ گەل و نەتەوەکانی تر پێویستەک بێت ئەوا بۆ ئێمەی گەل و نەتەوەی کورد شەنگەستەی ژیان و مانیشە. لەبەر ئەوەی ئەم زمان وەک هەبوونێکی ژیانی هێشتا لە ئێش و ژان نەجاتی نەبووە و لە پێناو مانەوەی خۆی بەرخۆدان دەکات. تاوەکو کوردستان بەم ڕەنگە بمێنێتەوە ئەو ئێش و ئازار و ژانەی دانامرکێتەوە و بەرخۆدان و پاراستنی ئەم شەنگەستە

هەواڵنامەی کتێب

و ناسنامەیەش تەواو نابێ. لە یەک دوورکەوتنەوە و لێکپچرانی خاکی کورستان و کەوتنە ژێر دەستەی دوو دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانییەوە، دواتر دابەشبوونی سەد ساڵەی بەسەر چوار دەوڵەتیش، زمانەکەیشی کەوتە بەر شاڵاوی کارتێکەری داگیرکەری بۆ ماوەیەکی درێژ سێوی و پەریشان مایەوە. لەلایەکەوە ئابلۆقەی لەسەر زمانی کوردی لەلایەن دەوڵەتانی سەردەستە بەردەوامی هەیە، لەلایەکی ترەوە ئێمەی کورد خۆمانیش بەها و نرخ و گرنگی پێویست بە زمانی خۆمان نادەین.

لەبەر هۆکاری ئاسمیلیاسۆنی دەوڵەتانی داگیرکەر، بە مێتۆد و تەکنیکی نوێوە بەردەوامن و ئاسیمیلیاسیۆنی ناوخۆییش بە جۆرێک هۆکاری بەردەوامی ئەم ئێش و ئازارەیە. ئێمە ئەزانین ئامانجی دەوڵەتانی داگیرکەر چییە و لە مەرامەکانیان تێدەگەین و هێندەی لە دەستیان بێ دەلیڤە و سەکۆکانی بەکارهێنان و بەرەوپێشچوونی زمانی کوردی بەرتەسک و ئابلۆقە دەدەن، ڕێ لەبەردەم چەقبەستبوونی خۆش دەکەن و ئەمە دەردی ئەوانە. بەگشتی پرسی گەورە و کوژەر ئەمەیە، ئەرێ گەلۆ ئێمە خۆمان بۆچی لە بەرانبەر زمانی خۆمان خەمساردین! ئەم کەمتەرخەمیەی ئێمە پارادۆکسی قووڵی ئێمەی کورد نیشان دەدات. ئێمە خۆشمان ناتوانین ئەم دژبەریەی لەناو خۆماندا ڕوون بکەینەوە، بەڵام کەمتەرخەمی و پرسگرێ لە سڕبوون و پەرتەوازەیی لە زمانی ئێمەدا هەیە. بە داخەوە تا ئێستاش نەمانتوانیوە ئەو گرێیانە بکەینەوە و گیانی بەرپرسیارانە لە پێناویدا کار بکەین و لە سڕبوونەوە بیگەیێنینە باری ستانداردبوون. هۆکارەکانی ئاشکران، ڕێگاکانی چارەسەری ئەوەندە قورس نین. تەنها ویست و ئێرادەی پێویستە و لەسەرڕوویانەوە هێزە سیاسییە کاریگەرەکان و خاوەن توانا پێویستە و باوەڕی بە یەک خاک، یەک نیشتمان و یەک نەتەوەیی کورد هەبێ کە ناوی کوردستانە و بەیەکەوە گرنگی بدرێتێ و بە شێوەیەکی زانستییانە کێشە و پرسگرێکانی زمان لە ئایدۆلۆژی حزبایەتی جیا بکەنەوە.

جێگای شانازییە کە لە باشور و ڕۆژئاوای کوردستان بە دیفاکتۆ و قەوارەی خۆبەڕێوەبەری، زمانی کوردی زمانی فەرمی بەڕێوەبردنە، هی پەروەدە و فێرکردن و خوێندنە، زمانی کوردی تیایاندا هی ژیانە. هەرچەندە زێدەڕۆیی لە پێناو هەر ئامانجێکیش بێت، هەبوونی پەروەردە و خوێندنی زمانی تورکی بەشێوەیەکی بەرچاو لە باشوری کوردستان و گرنگی نەدان بە پرۆسەی خوێندنی سەردەمیانە

و لاوازی فەلسەفەی خوێندنی نەتەوەیی و نیشتمانی کە کاردانەوەی نەرێنی کردوە و بۆوەتە جێگای مەترسی و جێگای ڕەخنەیە. هیوا و ئومێد دەکەین کە لە ڕۆژئاوای کوردستان پرسی زمانی کوردی لە دامەزراندنی فەلسەفەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی لە پرۆسەی خوێندندا دروست ببێ.

لە تاراوگە لەو باوەڕەداین، هەبوونی دەرفەت و شەرت و مەرجی بەکارهێنان و خوێندنی کوردی، بەڵام بەداخەوە لە باکور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان باشتر نییە. ئەشێ ئەم دیاردەیە لە ئەورووپا لە ئەنجامی کاردانەوەی سیاسی، کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێمە بێت لە لایەکەوە و لە لایەکی تری بەهێز ئەوە بێ کە دەوڵەتانی داگیرکەر هەوڵی مەزن بە پیلانەوە دەکەن بۆ لاوازکردنی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردان.

لە ڕووی دەستکەوت و پێشکەوتندا هەوڵی مەزن و بەرچاو هەیە بۆ بە جیهانیکردنی زمانی کوردی و ئامانج پێکێراون نمونەی کەوتنە ناوەوەی زمانی کوردی لە سیستەمی وەرگێڕی گووگلەوە. زمانی کوردی هاتە ڕیزی زمانە زیندووەکانی جیهانەوە، هەرچەندە کەموکوڕی تیایە، بەڵام دەتوانرێ ئەو کەموکوڕیانە چارەسەر بکرێن. بۆیە بە پێویستی دەزانین ئێمە لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان دەستخۆشی لەو خەباتکار و تێکۆشەرانە بکەین ئەوانەی ڕەنجیان دا و ئەم دەستکەوتەیان بەجێ گەیاند.

*لە سایتی ڕۆژپرێس | Rojpress وەرگیراوە.

نووسینەوەی تێکست: مەسعوود مەناف.

هەواڵنامەی کتێب

کوردستان موکریانی:

پێویستە ئەکادیمیایەکی تایبەت بە زمانی کوردی هەبێت

دیمانە/ زیاد رەشاد

د. کوردستان موکریانی لە هەولێر لە دایک بووە و بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە. بڕوانامەی لە زانستی فیلۆلۆژی لە مۆسکۆ وەرگرتووە. لە ماوەی جیا جیادا لە زانکۆکانی سلێمانی و سەلاحەددین و لوبنانی فەرەنسی مامۆستایەتی و سەرۆکایەتیی بەشی کردووە. بووەتە سکرتێری کۆڕی زانیاری کوردستان و دواتر بە سەرۆکی کۆڕ هەڵبژێردراوە.

خاوەنی ٥٤ کتێبی چاپکراو و چەندین لێکۆڵینەوەی زانستییە. بەدەرفەتمانزانی بۆ قسەکردن لەسەر پرسەکانی زمانی کوردی ڕووبەڕووی چەند پرسیارێکی بکەینەوە؛

سەرەتا کە پەیوەندییم پێوە کرد، هەندێک بە نابەدڵی وەرامی داوە و هەستم کرد جگە لەوەی بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی هەندێک لە بەرهەمەکانی خۆی و هاوژینی کۆچکردووی سەرقاڵە، هەروەها جۆرێک لە وەڕسییشی پێوە دیارە لە هەندێک پرسیاری سواو و دووبارە، لەبەر ئەوە وەهای پێ باش بوو، کە سەرەتا پرسیارەکانم ببینێت ئەوجا بڕیاری خۆی بدات. منیش هەرچەندە پێشتر بەشی زۆری بەرهەمەکانیم خوێندبووەوە، بەڵام جارێکی دیکە چاوم بە زۆرێک لە کتێبەکانیدا خشاندەوە ـ بەتایبەت کۆبەرهەمی زمانەوانییەکانی ـ سەرباری ئەوەش لە ڕێگەی بەدوودا چوون بۆ ئەو چاوپێکەوتنانەی پێشتر لەگەڵی ئەنجام دراوە، هەوڵم دا خۆم لە هەر پرسیارێک ببوێرم، کە پێشتر ڕووبەڕووی کراوەتەوە. بۆیە کە پرسیارەکانم لێی کرد، گوتی: "پێم خۆشە کەوا پرسیارێکم ئاراستە بکرێت پاش ئەوەی کەوا بزانن من کارم تێدا کردووە و شتێکی لێ دەزانم، دونیای منە، پرسیارەکانی تۆ بەم شێوەیە کە من ویستوومە..."

لە سۆنگەی ئەوەش کە لە سەرەتادا وەها بڕیار بوو، کە هەر پرسیارێکی منی زۆر بەدڵ نەبوو، سەرپشک بێ لە وەرام نەدانەوەی، بۆیە دوو- سێ پرسیارێکم بێ وەرام مانەوە. ئەمەی خوارەوە دەقی گفتوگۆیەکەیە تایبەتە بە گۆڤاری زمان و زار، کە لەگەڵ نووسەر و ئەکادیمیکار (د. کوردستان موکریانی) ئەنجام دراوە:

زیاد ڕەشاد: بە هۆی ئەوەی یەکەم کتێبی چاپکراوی بەڕێزتان فەرهەنگێکی ڕووسی ـ کوردی بووە بە هاوبەشی، دەکرێ بپرسین، ڕەوشی فەرهەنگنووسی بەشێوەیەکی گشتی لە کوردستان لە ئێستادا چۆنە و بەراورد بە گەلانی دونیا لە چ ئاستێکدایە؟

کوردستان موکریانی: لەگەڵ ئەوەی فەرهەنگدانان لە کوردستاندا ئێستەش بەزۆری هەوڵی تاکە کەسییە، کەچی زمانەوانان، زماننناسان و دڵسوزانی پەیڤی زمانی کوردی بەدەیان جۆرە فەرهەنگیان لە بواری جیاوازدا داناوە و کتێبخانەی کوردییان پێ دەوڵەمەندکردووە.

زیاد ڕەشاد: لە دونیادا فەرهەنگ دانان کاری ئەنیستیتۆ و لیژنە یان ئەکادیمیای تایبەت بە زمانە، کەچی لای ئێمە جگە لە چەند هەوڵێکی کەم، ئەوانی دی کۆششی تاکەکەسین، هۆکار چییە؟

د. کوردستان موکریانی: ئەو فەرهەنگدانەرانەی لە سەدەی ڕابردوودا ژیانی خۆیان بۆ فەرهەنگدانان تەرخانکرد، پێویستە ئەمڕۆ پەیکەریان لە زێڕ بۆ داتاشرێ، چونکە ئەوان لە کاتێکدا لەم بوارە پیرۆزەدا کاریان کردووە، زمانی کوردی ڕەواجی نەبوو.

هۆی ئەوەی فەرهەنگدانان ئێستەش بەزۆری هەوڵی تاکە کەسییە، نەبوونی ئەکادیمای زمانە بۆ پرسەکانی زمانی کوردی.

زیاد ڕەشاد: لەو فەرهەنگە کوردییانەی کە لایەن لیژنە یان دەستەیەک لە فەرهەنگنووسانەوە دانراون، زۆر جیاواز نابینرێن لە فەرهەنگەکانی دیکە، بۆ نموونە لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری زمان و زاردا، من بابەتێکی ڕەخنەییم لەسەر هەر سێ فەرهەنگی (هەراشان، هەرزە و فەرهەنگا پڕ زمانی) نووسی کە ئەکادیمیا دوانی چاپ کردووە، ئەوەی سێیەمیشیان ناوەندی نۆبهار لە باکوور بە چاپی گەیاندووە، فەرهەنگی هەراشان کەمتر، وەلێ دوو فەرهەنگەکەی تر لە مانا و ڕێنووس و هەڵەی چاپدا، هەر زۆر وێرانن، ئەمە بۆ؟ ئەو کەموکورتیانەی لە فەرهەنگەکاندا هەیە ئی ئەوەیە لە کوردستان فەرهەنگنووسی و فەرهەنگناسی نەبووە بە زانستێک لە زانکۆکان بەشێوەی ئەکادیکی بخوێندرێت؟

کوردستان موکریانی: لەڕووی ئەوەی بایەخێکی پێویست بە فەرهەنگی منداڵان نەدراوە، فەرهەنگی گەورەی من ٢٠٠٦ و یەکەم فەرهەنگی تۆ ٢٠٠٧ بۆ منداڵانی تەمەن چوار ساڵ و بەرەوژوور لە زمانی هۆڵەندییەوە وەرگێڕا بۆ سەر زمانی کوردی. لە هەمان کاتدا دانانی فەرهەنگی هەراشان، کە بۆ منداڵی تەمەن نۆ ساڵ و بەرەو ژوورە و

دواتر دانانی فەرهەنگێکی دی بۆ تەمەنی دوازدە ساڵ و بەرەوژوور، کە دواتر ناوی هەرزەیان لێنا، وەک پرۆژە پێشکێش بە لیژنەی فەرهەنگ کرد، لەبەر گرنگی بابەتەکە لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتی و هەروا ئەنجومەنی باڵای کۆڕی زانیاری کوردستان دانانی هەردوو پرۆژەکە پەژراندران.

لێرەدا پێویستە ڕوونکردنەوەیەک لە بارەی هەردوو فەرهەنگی هەراشان و فەرهەنگی هەرزە بدەم. ڕاستە دەیان مامۆستا بەشدارییان لە کۆکردنەوەی وشە فەرهەنگییەکان کرد و خۆم دەیان کۆبوونەوەم لەگەڵیاندا سازکرد لەپێناو فێرکردنیان لە هەڵبژاردنی وشە فەرهەنگییەکان و پۆلینکردنیان بەپێی بەشەکانی ئاخاوتن و دواتر ڕستە هێنانەوە بۆ هەر مانایەکیان و..

من سەرلەنوێ بە هەموو لایەنەکانی فەرهەنگی هەراشاندا چوومەوە ڕۆژهەبوو چواردە سەئات کارم تێیدا دەکرد. فەرهەنگی هەراشان لە ڕووی زانستیی فەرهەنگسازیدا جیاوازێکی زۆری لەگەڵ فەرهەنگەکانی پێشتر هەیە. فەرهەنگی هەراشان لە ئاستی ئەو فەرهەنگانەیە، کە بۆ هەمان تەمەن بە زمانانی، ڕووسی، هۆڵەندی و ئینگلیزی داندراون.

لام سەیرە دەیهێننە ئاستی فەرهەنگی هەرزە!

سەرەتای کارکردنم بوو لە فەرهەنگی منداڵانی تەمەن ١٢ ساڵ و بەرەوژوور کە داوای دەست لە کارکێشانەوەیان لێمان کرد. نەمانم لە کۆڕی زانیاریدا بوو بەهۆی تەواونەکردنی. بەداخەوە ئەم فەرهەنگە کەم و کورتییەکی زۆرزۆری تێدا هەیە، تیپی (ژ) ێ و (ڤ)یی تێدا نییە، پێویستە نەفرۆشرێت و بڵاو نەکرێتەوە. واباشە زمانەوانێکی شارەزای ئاشکی وشەی کوردی سەرلەنوێ پێیدا بچێتەوە و بیهێنێتە ئاستی فەرهەنگی هەراشان. بڕوانە کوردستان موکریانی. پاژێک لە هەڵە زمانەوانییەکانی فەرهەنگی هەرزەی ئەکادیمیای کوردی. ڕۆژنامەی خەبات. ژمارە ٤٥٠٨ لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٢/٢٠

مەبەستی من لە دانانی ئەم جۆرە فەرهەنگانە ئەوە بوو، کە:

١/ لە پاڵ فەرهەنگەکانی دی ببن بەسەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ فەرهەنگێکی گەورەی کوردی ـ کوردی هاوچەرخ.

٢/ کۆمەڵە مامۆستایەک ڕابهێنم لەسەر زانستی فەرهەنگدانان.

لە دنیادا ئەو کەسانەی کار لەسەر فەرهەنگ دەکەن، کەسانێکن لە هەموو لایەنێکی فەرهەنگسازیدا شارەزان. کەسانێکن کاریان تەنیا و تەنیا فەرهەنگدانانە. لەدەزگەیەکدا کار دەکەن تایبەتە بە دنیای فەرهەنگسازی، چەندین لێزان لە ئامادەکردنی سەرچاوە، بەدواداچوونی کارەکان، چاپکردن، پێداچوونەدا یارمەتییان دەدەن. هەموو ساڵێکیش بودجەیەکی باش لەلایەن حکومەتەوە بۆ ئەو دەزگەیە دەبڕدرێتەوە، کە بایەخ بە فەرهەنگدانان دەدات.

لای ئێمە فەرهەنگنووس خۆبەخشانە کاردەکات، لەکاتی پشوودانیدا کار لەسەر فەرهەنگدانان دەکات، چونکە فەرهەنگنووس خۆی پەیداکاری نانی ڕۆژانەی خۆی و خێزانەکەیەتی، هیچ دەزگەیەکی فەرهەنگسازی نییە یارمەتی بدات، یان بەڵێنی ئەوەی پێ بدات، کە لەگەڵ تەواوکردنی فەرهەنگەکەی لەپاڵ چاپکردنی خەڵاتێکی باشیشی بکات.

زۆرجار ڕەخنەی نابەجێ ئاراستەی ئەو فەرهەنگنووسانە دەکرێت، کە بێ بەرامبەر کاریان لە دنیای فەرهەنگنووسیدا کردووە و دەکەن، لە کاتێکدا ئەوانەی کاریان لە فەرهەنگنووسیدا کردووە هەر لەپێناوی ئەوەدا بووە، کە نەڵێن کورد فەرهەنگی نییە.

زیاد ڕەشاد: ئێوە لە چەند وێستگەیەکدا باستان لەوە کردووە، پێویستە ئەکادیمیای تایبەت بە زمان هەبێ، وابزانم کاتی خۆیشی پرۆژەی یاسای گەشەپێدانی زمانی کوردیتان پێشکێش ئەنجوومەنی وەزیران کردووە، سەر و سۆراخی ئەکادیمیای زمان و ئەو پرۆژە یاسایە چی بەسەرهات؟

کوردستان موکریانی: باری زمانی کوردی ئەوە دەخوازێت، کە ئەکادیمیایەکی تایبەت بە زمانی کوردی هەبێت، کۆمەڵە شارەزا، زمانەوان، فەرهەنگدۆست و.. لەخۆبگرێت.

لە هەمان کاتدا لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا ئەندامی کارای هەبێت. باشووری کوردستانیش گونجاوترین شوێنە بۆ دامەزراندنی ئەو ئەکادیمیایە.

دەستەی گەشەپێدانی زمانی کوردی ١٣ پسپۆری زمانی کوردی شارانی هەولێر، سلێمانی، کەرکووک و دهۆکی لەخۆگرتبوو. دوای چەندین کۆبوونەوەی چڕ یاسایەکی شیاومان بۆ دەستەکە داڕشت و لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٦/١٣ دا یاساکەم ئاراستەی بەڕێز سەرۆکایەتی هەرێم کرد. بەدواداچوونێکی زۆرم بۆی کرد، ئێستەش هیچ وەڵامێکم دەستنەکەوت.

هەر لەبارەی زمانەوە لە ساڵی ٢٠٠٤ دا (پرۆژەی هەزار کتێب بۆ منداڵی تەمەن نۆ ساڵ و بەرەوژوور)م پێشکێش بە ئەنجومەنی وەزیران کرد و ئەوانیش ڕادەستی وەزارەتی پەروەردەیان کرد. چەند جارێکیش گرنگی هەبوونی ئەو سەدان بابەتە بەزمانی کوردی بۆ ئەو تەمەنەی منداڵ بۆ لایەنی پێوەندیدار ڕوونکردەوە، سوودی نەبوو، کەچی ماوەیەک لەمەوبەربیستم، هەمان بیرۆکە بە دارِشتن و.. دی، سەریهەڵدا و کەوتە بواری جێبەجێکردنەوەش.

زیاد ڕەشاد: ئەکادیمیای کوردی هیچ ڕۆڵی هەبووە لە ڕێکخستنی مەنهەجی خوێندنی وانەی کوردی و میکانیزمی وانەگوتنەوەی زمانی کوردی لە ناوەندەکانی خوێندن، ئەگەر نەیبووە هۆکار چییە؟

کوردستان موکریانی: من ئاگاداری بەرنامەی کاری ئەکادیمیای کوردی نیم. کۆڕی زانیاری کوردستان لەم بارەیەوە لەپێوەندیدا بوو لەگەڵ هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و هەروا بەشەکانی زمانی کوردی لە زانکۆکانی کوردستاندا. بۆ ئەم مەبەستەش لەنێوان ١١/٣٠ ـ ٢٠٠٥/١٢/١ دا کۆنفرانسێکی سازکرد بۆ پێداچوونەوە بە ڕێبازەکانی خوێندنی زمانی کوردی.

زیاد ڕەشاد: پەرتەوازەییەکی زۆر هەیە و کەس ددان بەوی دیکەدا نانێت، بۆ نموونە لەباتی ئەوەی زاراوەکانی (قوتابی، خوێندکار، فێرخواز و خوێندەڤان...) لەسەری ڕێک بکەوین هەر یەکە بۆ قۆناخێکی دیاریکراو لە باخچەی منداڵان و قوتابخانەی بنەڕەتی و زانکۆ و خوێندنی باڵا بەکار بێت، کەچی هەر دەستەیە و زاراوەیەکی بەلاوە پەسەندە؟ ئەمە تا چەند زیانی هەبووە؟

کوردستان موکریانی: هۆی ئەمەش هەر بۆ نەبوونی دەزگەیەکی ئەکادیمی زمانەوانی دەگەڕێتەوە.

زیاد ڕەشاد: کاتی خۆی بەڕێزیشتان لە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لەسەر ڕێسای (خورمژ/ خورما و مێوژ)، فیدراسیۆنێکتان بەناوی (ئاژێ/ ئافرەت و ژن) دامەزراند، بۆچی ئاژێ، بەس بۆ ئەوەی ژن و ئافرەت هەردووکی بەکار بێت؟

د.کوردستان موکریانی: بەداخەوە هەندێک لە سیاسییەکانی کورد هەر بۆ داننەنان بەوەی بەرامبەریان و بەرجەستەکردنی لێکترازانیان لەپاڵ کردەوەکانیان پەنایان بۆ

وشەی فەرهەنگیش برد، منیش بۆ لێک نێزیککردنەوەی ڕێکخراوەکانی ڕەگەزی مێ بە هەموو جۆرە بۆچوونەکانیان وشەی (ئاژێ)م داڕشت، کە لە یەکەم دەنگی ئافرەت و ژن پێکهاتووە.

زیاد ڕەشاد: دەگوترێت یەک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی زیندوو ئەوەیە، وشەی زمانانی دی بێتە ناوی و بەکاری بێنێ، کەچی هەندێک لەوانەمان کە بایەخیان لە بواری زماندایە لەم بوارەدا زۆر خۆپارێزییان هەیە، ئەمە تا چەند دروستە؟

کوردستان موکریانی: زمانی زیندوو ئەو زمانەیە، کە وشەی بیانی بێتە نێو فەرهەنگی زمانەوانییەوە، بە مەرجێک بەپێی گۆکردنی دەنگەکانی زمانەکەی داڕێژراوبێت.

بۆ وێنە: کتاب - کتێب. حساب - حسێب. گیو موکریانی باوکم لەڕووی ئەوەی شارەزایی لە چەند زمانێکی ڕۆژهەلات و زمانانی فرەنسی و ئینگلیزی هەبوو، لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا وشەی پڕۆژە و ئابوونەی هێنا نێو زمانی کوردی، کە ئەورووپایین. وشەی پێشنیازی لەسەر بنەمای پیشنهادی زمانی فارسی داڕشت و.. من وشەی کۆلێژ، فیلۆلۆژی، فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی و.. م بە کوردی داڕشت و لەنێو نووسینەکانی خۆمدا بەکارم هێنان، جاران دەیاننووسی کولیج، فیلولوجیا، فونولۆجیا و..

زیاد ڕەشاد: بەڕێزتان بە پاساوی ئەوەی تیپەکانی (ع، غ، ق) لە کوردیدا نیین، وانازانی خۆتان تووشی کێشەیەک کردووە کە لێدەرچوونی هەندێک سەختە، بۆ نموونە ئەوە عێراقت کردە ئێراق، باغت کردە باخ، عاسمانت کردە ئاسمان، ئەدی چ لە قردێلە، قسە، تاقیکردنەوە، بەغدا، غەوارە، سەعات و شیعر... دەکەیت؟

کوردستان موکریانی: ئەم سێ دەنگانە لە زمانی کوردیدا بەزۆری لەو وشانەدا هەن، کە عەرەبین و هاتوونەتە نێو زمانی کوردی، کەواتا دەنگی ڕەسەن نین.

عیراق: وشەیەکی سومەرییە، بەواتای ولاتی نزم، تەعریبکراوە.

باغ: لە ڕەگوڕیشەدا باخە. من نەمکردووە بە باخ.

عاسمان: هەر ئاسمانە، بەلام لەژێر تەزوو و کاریگەری زمانی عەرەبیدا (ئا) بە (عا) گۆڕاوە. هەروەک چۆن ئامێدی کراوە بە عمادیە.

قسه ـ وشەیەکی ئاڤێستاییە و کسەیە و تەعریبکراوە.
بەغدا: باخی دادە.
غەوارە: لە ئەغیاری عەرەبی وەرگیراوە.
سەعات: کورد دەڵێت لەو ئان و ساتەدا.
شیعر: وشەیەکی سومەرییە و تەعریبکراوە

زیاد ڕەشاد: پێشتر کە بەشی کوردی لە زانکۆکانی عێراق بە (هەی بەلار) ناو دەبرا، دەگوترا ئەوە پلان و پیلانی بەعسە، ئێستا دەیان بەش و کۆلێژی تایبەت بە زمانی کوردی هەیە، کەچی هەر لە تابلۆی سەر مۆڵ و مارکێت و دوکانەکانەوە بیگرە تا ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵک، ئەوەی جاران پێی دەگوترا کوردیی پەتی، ئێستا پڕە لە وشەی بێگانە، هۆکار چییە؟

کوردستان موکریانی: هۆکاری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەکادیمیای زمان لە کوردستاندا نییە، پێویستە زمانەوان ئەکادیمیای زمان بەڕێوەی بەرێت. دامەزراندنی بۆ ڕاژەکردنی زمان بێت، نەک بۆ ڕازیکردنی ئەم و ئەو بێت.

زیاد ڕەشاد: لەنێوان هەردوو ئەلفبای لاتینی و عەرەبیدا خاڵی بەهێز و لاواز هەیە، بە بڕوای ئێوە بەگشتی کامەیان بێ کێشەترە بۆ زمانی کوردی؟

کوردستان موکریانی: من ئەلفوبێی لاتینی بێکێشەتر دەبینم.

زیاد ڕەشاد: لە (٢٠٠٩)وە ئەکادیمیای کوردی پەیڕەوێکی لەسەر ڕێنووس دەرکردووە، بەڵام بۆچی نەتوانراوە کەس پێوەی پابەند بکرێت؟ هەر سەبارەت بە ڕێنووس، باشە مەرجە هەموو کێشەکانی پەیوەست بە ڕێنووس لەژێر یاسا و ڕێساکانی ڕێزماندا چارەسەر بکرێن؟ پێتان وانییە ڕێنووس زانستێکی سەربەخۆیە؟

کوردستان موکریانی: یەکێک لە پێشینەی کارەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان ڕێنووسی کوردی بوو. لەساڵی ٢٠٠١ دا لەدوای چەند دانشتنێکدا ڕێنووسێک بەنێوی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی پەسندکرا و لە هەمان ساڵدا لە کۆڕی زانیاری و لە هەموو داو و دەزگەی میریدا پێڕەو کرا. لە ساڵی ٢٠٠٩ دا ئەکادیمیای کوردیش نامیلکەیەکی هەر لەسەر ڕێنووس چاپکرد، من جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان ڕێنووسی ساڵی ٢٠٠١ و ڕێنووسی ٢٠٠٩ نابینم.

هەوارنامەی کتێب

بەلای منەوە مەرجە ڕێنووس لەژێر یاسا و ڕێسای ڕێزماندا بێت، چونکە هەر لە بنەڕەتدا لەسەر ئەو بنەمایە داندراوە.

زیاد ڕەشاد: هەندێک پێیان وایە کورد زمانزانی زۆرە، بەڵام زمانناس کەم، بەڕاست ئێوە کێ بە زمانناس دەزانن، ئەوانەی لە کۆڕی زانیاریی پێشوو و ئەکادیمیای ئێستادا کار دەکەن زمانناسیان تێدا هەبووە و هەیە؟

کوردستان موکریانی: بە لای منەوە هەر کوردێکی بە زمانی کوردی قسەبکات، زمانزانە. زمانناس ئەو کەسەیە کار لەسەر کێشەکانی زمان دەکات و شارەزاییەکی تێدا پەیدا کردووە. زمانەوان ئەو کەسەیە پسپۆری لە زانستی زماندا هەیە.

لە کۆڕی زانیاری کوردستانی پێشوو و ئەکادیمیای ئێستادا زمانزان، زمانناس و زمانەوانیش هەبوون و هەن. لەڕووی ئەوەی لەنێو یاسای کۆڕی زانیاری پێشوو و ئەکادیمیای ئێستای کوردیدا هەر تەنیا بایەخ بە زمانی کوردی نادرێت، بەڵکو مێژوو، جوگرافیا، کەلەپوور و.. دەگرێتەوە، بۆیە دەبینین ژمارەی زمانەوان لە یەک یان دوو کەس زێتر تێناپەڕێت.

زیاد ڕەشاد: پرسیارێکی زۆر شەخسی، ئێوە بە بنەماڵە موکریانیین، لە هەولێر لە دایک بوون و گەورە بوون، لە بەغدا بەکالۆریۆس و لە سۆڤیەتی جاران دوکتۆراتان تەواو کردووە، لە سلێمانی دەرستان گوتووەتەوە و لە هۆڵەنداش ماونەتەوە، هاوژینەکەت کەرکووکی بووە، لە وەختی قسەکردنی ئاساییدا بە کام بنزار قسە دەکەن؟

د. کوردستان موکریانی: من لە بنەماڵەیەکی موکریانی هاتمە دنیا. دایک و باوکم بە شێوە زاری موکریان دەدوان. نووسینەکانی باوکیشم بە شێوەی موکریانین. هێندێک جار بەراوردێک لەنێوان شێوەی نووسینی باوکم و شێوەی نووسینەکانی خۆم دەکەم، جیاوازی دەبینم.

من لە ماڵەوە بە کوردی پەتی قسە دەکەم. لەو بارانەدا، کە لە دەرەوەی ماڵەوەدا هەر بە کوردی پەتی بدوێم، زۆرجار ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبمەوە: داکم ئەتو خەرکی کێندەرێی؟ منیش لە وەڵامدا دەڵێم: خەرکی تەیراوەم. ئەویش دەڵێت: ئەدی لۆچی قسەکانت هیچ بە خەرکی تەیراوە ناچن؟

زمانانی بێگانە کەم تا زۆر کاریگەرییان هەیە، لەوانە لەسەر جۆری دەربڕین، بۆ وێنە: کە لێم دەپرسن چۆنی؟ لە وەڵامدا دەڵێم: خراپ نیم، ئەمە دەربڕینێکی زمانی ڕووسییە. کاتێ یەکێک داوای ڕاپەڕاندنی کارێکم لێ دەکات، لە وەڵامدا پێی دەڵێم: هەوڵ دەدەم. ئەمەش جۆرە دەربڕینێکی زمانی هۆڵەندییە.

هەواڵنامەی کتێب

هەوڵەکانی مامۆستا سەلام ناوخۆش
لە بواری زمان و فەرهەنگنووسیدا

زیاد ڕەشاد قادر

پێشەکی

پرۆفیسۆری یاریدەدەر مامۆستا سەلام ناوخۆش (١٩٦٦ـ ٢٠٢١)، وەک نووسەر و وەرگێڕ و ئەکادیمیکار، پێش ئەوەی بەو ناوەوە بابەت بنووسێت و کتێب لە چاپ بدات، پێشتر بە ناوەکانی (هیوا ئەمین) و (هیوا سەلام)یش نووسینی هەبووە. مامۆستا سەلام لە کتێب و نووسینەکانیدا جگە لە بوارگەلی (مێژوو، ئاییناسی، ڕۆژنامەوانی، ڕەخنە، پەروەردە، یاداشت و ئەدەبیات...)، هەروەها لە مەیدانی زمان و فەرهەنگنووسیشدا چەندین هەوڵی ناوازەی هەیە، کە هەندێکیان لە کاتی خۆیدا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە، بەشێکیشان لە دوو توێی کتێبدا بە خوێنەر ئاشنا کراون.

کتێبەکانی مامۆستا سەلام لە بابەت زمان و فەرهەنگەوە

مامۆستا سەلام ناوخۆش، لە هەردوو بواری فەرهەنگ و زمانناسیدا ژمارەیەک چاپکراوی هەیە، بەم شێوەیە:

یەکەم: فەرهەنگەکان

ژمارەی ئەو فەرهەنگانەی مامۆستا سەلام دایناون و لە ماوەی ژیانیدا چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە، بریتین لەم (٦) فەرهەنگەی خوارەوە:

١ـ فەرهەنگی ئۆکسفۆرد (کوردی-ئینگلیزی).
٢ـ فەرهەنگی ئۆکسفۆردی نوێ (کوردی "سۆرانی، بادینی"-ئینگلیزی).
٣ـ فەرهەنگی هیوا (ئینگلیزی- کوردی).
٤ـ فەرهەنگی سیدرا (کوردی-عەرەبی-ئینگلیزی).
٥ـ فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش.
٦ـ فەرهەنگی یاسایی ئۆکسفۆرد.

هەروەها لەگەڵ چەند نووسەرێکیش بەشدار بووە لە دانانی ئەم (٥) فەرهەنگەی خوارەوە:

١ـ فەرهەنگی هەرزە (کوردی-کوردی).
٢ـ فەرهەنگی هەراشان (کوردی-کوردی).
٣ـ فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی.

هەواڵنامەی کتێب

٤- فەرهەنگی کارگێڕی.

٥- فەرهەنگی زاراوەی لەشکری.

ئەوەی جێگەی قسە لەسەرکردنە ئەوەیە، مامۆستا سەلام لە هەر سێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزیدا تەواو شارەزا بووە، هەروەها بەهۆی چەند ساڵێک دەرسگوتنەوەی لە زانکۆی دهۆک، بنزاری بادینییشی زانیوە. هەروەها لە فەرهەنگەکاندا هەندێکیان بە قەبارە گەورەن و بەشێوی پیتی ئەبجەدی دانراون، هەندێکیشیان فەرهەنگی بچووکن، وەک فەرهەنگی گیرفان و فەرهەنگی تایبەت بە قوتابییان و منداڵان. لەو فەرهەنگانەی کە بە هاوبەشیی دایناون، ئەوە دەردەکەوێ کە جگە لە فەرهەنگی تایبەت بە منداڵان و هەراشان، هەروەها لە زاراوە کارگێڕی و سەربازی و ئەدەبییەکانیشدا، ورد بووەتەوە و دیراسەی کردووە.

دووەم: کتێبەکانی لە بابەت زمانناسییەوە

لە بابەت زمانناسیەوەش، مامۆستا سەلام ناوخۆش ئەم (١٠) کتێبەی داناوە:

١- زمانناسی و هەندێ بابەتی زمانناسی.

٢- پوختەیەک دەربارەی زمانناسی (مێژوویی، بنیاتگەری، چۆمسکی).

٣- زمانی ئایینی کورد.

٤- ستاندەربوونی زمانی کوردی لەنێوان زمانی سیاسەت و سیاسەتی زمان.

٥- مێژوویەک بۆ مێژووی زمانی کوردی.

٦- بەریەککەوتنی زمان.

٧- زمانی قورئان لەنێوان زمانی دەقی ئیلاهی و زمانی نەتەوەدا.

٨- زمانەوانی لە پانینەوە بۆ چۆمسکی (بەکوردی و ئینگلیزی).

٩- دیدارە زمانەوانییەکانم.

١٠- بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە کەنەدا و خوێندنەوەیەک بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی لە شاخ و حکومەت.

هەروەها بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەری دیکە ئەم (٣) کتێبەیان داناوە:

١- کوردۆلۆجی (بەهاوبەشی لەگەڵ م.نەریمان خۆشناو و د. ئیدریس عەبدوللا).

٢- زمانەوانی (بەهاوبەشی لەگەڵ د.نەریمان خۆشناو).

٣ـ واتاسازی (بەهاوبەشی لەگەڵ د.نەریمان خۆشناو).
ئەمەو کتێبێکیشی لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بە ناوونیشانی (یاسا بنەڕەتییەکانی ڕستەی کوردی لە نووسینی پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین).
لە هەموو ئەو هەوڵانەیدا مامۆستا سەلام لێبڕاوانە تەواوی وزە و توانای خۆی خستووەتە گەڕ، بۆ ئەوەی لە پاڵ مژارەکانی دیکە، خزمەت بە بواری فەرهەنگ و زمانناسی بکات، ئەویش لە ڕێگەی خوێندنەوەی تیۆرەکانی سەر بە زمان و پەیوەندیی ئاین و دیرۆک و ناسیۆنالیزم بە پرسی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی زمانی کوردییەوە.

چاوپێکەوتنێکی (١٦) ساڵ لەمەوبەر

بەندە لە ساڵی (٢٠٠٦)، کە ئەوسا مامۆستا سەلام لە گەرمەی نووسینی بەشێک لە فەرهەنگەکانیدا بوو و بەشی زۆری ئەو کتێبانەی دیکەی کە ناومان هێنان، هێشتا نەینووسیبوون، چاوپێکەوتنێکم لەگەڵیدا سازدا، بەشێکی چاوپێکەوتنەکە قسەکردن بوو لەسەر فەرهەنگ و زمان و وەرگێڕان، ئەمەی خوارەوە کورتەکەیەتی:

زیاد ڕەشاد: چۆن خۆت لە دنیای نووسین و کتێب داناندا دۆزییەوە و سەرەتا بە چی دەستتان پێ کرد؟

سەلام ناوخۆش: لە ساڵی ١٩٨٢ برایەکم لە شەڕی کەنداوی یەکەم بە دیل گیرا، ئەو برایەم کتێبخانەیەکی بچکۆلەی لەماڵەوە هەبوو، ئەو کتێبخانەیەی وای لێ کردم هەر لە ناوەندییەوە شت بخوێنمەوە، سەرەتا هەر لە قۆناغی ئامادەییەوە هەستم کرد دەتوانم شیعر بنووسم. ئەو شیعر نووسینەم هەر بۆ خۆم بوو، هەتا ڕۆژێک لە کۆلێژ برادەرێکم شیعرەکانمی دیت و زۆری لێ کردم کە بینێرم بۆ ڕۆژنامەکان، ئەوە بوو ناردم، زوو بڵاو کرانەوە، بەڵام بە زۆر خوێندنەوەم گەیشتمە قەناعەتێک کە شیعر نووسین جیهانی من نییە، بە حوکمی ئەوەی لە هەشتاکاندا نەدەوێرام هیچ شتێ لەسەر مێژوو بڵاو بکەمەوە، بۆیە ڕووم کردە وەرگێڕان، یەکەم چیرۆکم لە ساڵی ١٩٨٦ وەرگێڕا، ئەو چیرۆکە بەناوی (بانقی حسابیم) بوو، هەروەها یەکەم نووسینیشم بە ناوی (دوو وێنەی ئەڤینی لە ڕۆمانەکانی هەمەنگوای) بوو، کە لە ساڵی ١٩٨٩ نووسیبووم.

هەولێرنامەی کتێب

ئەوسا بڵاو کردنەوەی ئاسان نەبوو بۆ کەسی وەک ئێمە، برادەرێک لە دوای ڕاپەڕین پێی گوتم کە لە ساڵی ١٩٨٩ەوە نووسینێکی وەرگێڕدراوم لە مێژ بوو بڕیاری بڵاوکردنەوەی درابوو، بەڵام لەبەرئەوەی ناسراو نەبووم ئەوانەی لە (پاشکۆی ئێراق) دا کاریان دەکرد، هەر دوایان دەخست، هەتا ڕۆژێک بەقەد نووسینەکەی من بۆشایی لە دیزاینی ڕۆژنامەکە دروست ببوو، ئەوجا بڵاویان کردەوە!

یەکەم کتێب کە لە دوای ڕاپەڕین نووسیم، کتێبی (دۆزی کورد لەنێوان هەڵچوون و داچوونێکی ناکۆک) بوو، ئەم کتێبە تا ئێستاش چاپ نەکراوە!!

زیاد ڕەشاد: لەم سەردەمی پڕ لە دەنگە دەنگ و زۆر بوونی بوار و بابەتەکانی نووسین و لکەکانی ڕۆشنبیریدا، چەندە بڕوات بە پسپۆڕی هەیە؟

سەلام ناوخۆش: بێ گومان پسپۆڕی تەرکیزی نووسەر لەسەر بابەتێک چڕ دەکاتەوە، ئەمەش هەنگاوێکی ناوازە دەبێ لە ئافراندن و داهێناندا، بەڵام با دوو شت لە یەک جیا بکەینەوە، پسپۆڕی لە بواری زانکۆیی و پسپۆڕی لە بواری جیهانی دەرەوەی زانکۆدا، مەرج نییە ئەوەی ماستەرنامە یان دکتۆرای لە بوارێک هەبێ پسپۆڕیش بێت لەو بوارەدا، چونکە دەیان مامۆستای زانکۆ هەن تەنیا (مامۆستا)ن نەک پسپۆڕ! بۆ نموونە ئەو کەسەی ماستەر و دکتۆرای لە بەشی مێژوودا هەیە مانای وا نییە ئەو کەسە (موئەریخ – مێژوونووس) بێت، بەڵکو ئەو کەسە مامۆستای مێژووە و هیچی تر.

زیاد ڕەشاد: ئەی بۆچی بەڕێزتان جگە لە زمان و فەرهەنگ (قامووس)، کتێبی مێژوویی و شتی تریش دەنووسن؟

سەلام ناوخۆش: من خۆم ماستەرم لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە، ماستەرنامەکەم توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە، بە واتای کە لە زمان و فەرهەنگ دەنووسم، ئەوە مومارەسەی بەشێک لە کاری زانکۆیی خۆم دەکەم، هەرچی مەسەلەی مێژوو نووسینە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەرکە نەتەوەیی و دینییەی کە چەندین ساڵە لەگەڵمدا دەژییێت، باوەڕ ناکەم هیچ مێژوویێک بەقەد مێژووی ئێمە شێوێندرابێت، لە سەردەمی ئێستاشماندا زۆر خوێندنەوەی سەقەت بۆ مێژووی سیاسیمان دەکرێ، ئەو هەموو فاکتەرە، پاڵنەری سەرەکی بوون کە بەشێکی زۆر لە ژیانی خۆم بۆ ئەو بوارە تەرخان بکەم.

زیاد ڕەشاد: کاتەکانی ژیانت زێتر بە خوێندنەوەی چی بەسەر دەبەیت؟

سەلام ناوخۆش: هەر نووسەرە و ژیانێکی سەیری هەیە، جاران باوەڕم وا بوو کە دەرفەتم هەبێ هەموو ژیانم بۆ خوێندنەوە تەرخان دەکەم، بەڵام کە لە ژیانی هەقیقی ژیام، بۆم دەرکەوت کە ناتوانین ژیان ئەوەندە بچووک بکەینەوە تەنیا لە شتێک. بەشێک لە کاتم بە خوێندنەوەی هەندێ کتێب بەسەر دەبەم، کە ئاراستەی ئایندەیەکی ڕووناکم بکەن، کتێبی ڕەخنەیی جا لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، هەتا ئایینیش بێت، ئەو کتێبانەن کە زۆر دەیانخوێنمەوە!

زیاد ڕەشاد: زۆر جار باس لەوە دەکرێ لە سەردەمی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا، خەریکە جێ پێی کتێب لێژ دەکرێت و ڕۆڵی جارانی ناهێڵن، تۆ پێت وایە کتێب ئەلتەرناتیڤی هەیە؟ بە بڕوای تۆ تەکنیکی تازە و میدیای ئەلیکترۆنی باو و ڕۆڵی کتێب کز دەکات؟

سەلام ناوخۆش: ئەم سەردەمە سەردەمی کورتبڕییە، ئینسانی ئەم سەردەمە حەوسەڵەی ئەوەی نییە ڕۆمانێکی پێنج سەد - شەش سەد لاپەڕەیی بخوێنێتەوە، بەڵکو هەوڵ دەدا شتی کورت بخوێنێتەوە. ئەلتەرناتیڤی کتێب هەر کتێبە، تەکنیکی تازە و میدیای ئەلیکترۆنی ڕۆڵی کتێب کز دەکا، بەڵام ناتوانێ لەناوی ببات، چونکە ئەو چێژ و تامەی لە خوێندنەوەی کتێبێکی بەردەستدا هەیە، زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لە شاشە دەیخوێنیتەوە.

زیاد ڕەشاد: بە بڕوای تۆ چی بکرێ باشە تا خوێندەواری وڵاتی ئێمە تاموچێژ لە کتێب و خوێندنەوە بکات؟

سەلام ناوخۆش: خوێندەواری وڵاتی ئێمە لە (خوێندنەوە) تۆراوە، یاخود وای لێ کراوە بتۆرێ، بێگومان ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵات ئەو حاڵەتەی دروست کردووە. قوتابییەک بۆ نموونە ئەو هەموو گوشارە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەی لەسەر بێت، چۆن دەتوانێ تام لە خوێندنەوە بکات، خوێندنەوە فەزای خۆی دەوێ، فەراهەم هێنانی ئەو فەزا و هارمۆنییەتە پابەندە بە ئەقڵیەت و ستراتیژیەتی دەسەڵاتەوە، هەتا دەسەڵات بەو ئەقڵە لە تاکی خۆی بڕوانێ، ئاکام هەر نەوەیەکی نەخوێندەواری لێ دەکەوێتەوە، جا بۆ ئەوەی وا لە خوێندەوار بکەین تام لە خوێندنەوە بکات، دەبێ ئەو گوشارانەی لەسەر هەڵبگرین.

زیاد ڕەشاد: وەک مامۆستایەکی زانکۆ، سیستمی پەروەردە بە گشتی و پڕۆگرامی زانکۆکانی کوردستان چۆن دەبینی؟

سەلام ناوخۆش: ئەوەی ئێستا هەیە ناتوانین ناوی پڕۆگرامی لێ بنێین، بەڵکو تەنیا چەند شتێکی باو و سواوی چەند ساڵەی ڕابردووە، ئەمە و دوو بەشەکەی دیکەی ناو پڕۆگرام کە مامۆستا و قوتابین، لە دوو دۆڵی جیاوازدان، هیچ هارمۆنییەتێک لەنێوان ئەم سێیەدا نییە، ئەم پڕۆگرامەی ئێستای پەروەردە، یان زانکۆ، هی ئەقڵێکی کۆنە بە نەزەر نەوەی نوێوە، بۆیە هیچ ئافراندنێک بەرپا نابێ، ئەو پڕۆگرامە مامۆستا و قوتابی دەرەقەتی نایەن، چونکە هی زەمەنی ئەوان نییە.

زیاد ڕەشاد: چەندە لەگەڵ ئەو بۆچوونانە دایت، کە زۆر کەڕەت زانکۆی ئێمە وەک وێرانە و کەلاوەیەک وەسف دەکەن؟ تۆ وا نابینیت زیادەڕەوییەک لەو وەسفەدا هەیە، وەک چۆن کورتبینییەکی ئاشکرا لە دیدی ئەوانەشدا هەیە کە زانکۆی ئێمە وەک ناوەندێکی کامڵ و بێ عەیب پیشان دەدەن؟

سەلام ناوخۆش: ئەوانەی لە دەرەوەی زانکۆن، زانکۆ بە کەلاوە و وێرانە وەسف دەکەن، ئەوانەی لە ناوەوەی زانکۆشن، زانکۆ بە ناوەندێکی مەعریفی وەسف دەکەن. خۆم لەگەڵ هیچ کامیاندا نیم، ئەوانەی دەرەوەی زانکۆ بە پێی پێوەر و دابی زانکۆ بۆیان نییە هیچ ڕۆڵێکیان لە زانکۆدا هەبێت، ئەو بێ ڕۆڵ کردنە بێگومان ڕەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤی دەبێت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەوانە هەرگیز ڕاست ناکەن، بەڵکو بانگەشەکەیان ئامانجێکی لە پشتەوەیە، ئەویش دژایەتیکردنی کادیری زانکۆیە. بەشێکی زۆری کادیری زانکۆش بەهۆی بڕوانامەکەیەوە خۆی لە تەلیسمێکدا دەنوێنێ و لە واهیمەیەکدا دەژی، وا دەزانێ ئەو بۆتە (بەراهیمە) و دەرەوەی زانکۆش هەر (شۆلدەر)ن! ئەو بەدحاڵیبوونە لە زانکۆ و دەرەوەی زانکۆ، ئەو ڕەوشەی لەنێوان هەر دوو بەرەدا دروست کردووە. بە نەزەری من، زانکۆ نە ئەو کەلاوەیەیە کە چاوەڕێی هیچی لێ ناکرێ و نە ئەو ناوەندە مەعریفییەشە کە وەڵامی هەموو پرسیارەکان بداتەوە! بێ گومان کە زانکۆ ڕازی بوو ببێتە (پاشکۆی حیزب)، حیزبیش بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی هەڵیدەسوڕێنێ، لەو نێوەشدا مەعریفە و داهێنان دەبنە قوربانی!

زیاد ڕەشاد: وەک نووسەر و ڕۆشنبیرێک پێت وایە پێگە و پایەی ڕۆشنبیرانی کورد لە کوێدایە، ئایا بە ڕاست شتێکمان هەیە بەناوی دەسەڵاتی ڕۆشنبیران؟

سەلام ناوخۆش: لە وڵاتی ئێمەدا (وەک هەر وڵاتێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی)، دەسەڵاتی سیاسی وڵات توانیویەتی دەسەڵاتی ڕۆشنبیری دەستەمۆ بکات، دەسەڵاتی سیاسی وڵات لەلای ئێمە یانی دەسەڵاتی حیزبی، جا کە حیزب و دەسەڵات یەک شت بوون، دەرفەتی ڕۆشنبیرانی دەرەوەی حیزب بچووک دەبێتەوە. کە بژێوی وەزیفی و غەیرە وەزیفی بە دەستی حیزبەوە بێت، ئەوەی کە لەم نێوەندەدا دەمێنێتەوە، دەبێ دەسەڵاتی لە چاو دەسەڵاتی ڕۆشنبیریی حیزبی چەند بڕ بکات؟! ئەوانەی لە دەرەوەی حیزبدان، کەم ڕێک دەکەوێ لە بەرەیەک، یا سەندیکایەکدا یەککرتوو بن، ئەو قەڵەمانە هەر ئەوەندەیان لە دەست دێ هەندێ شت بورووژێنن، بەڵام دەسەڵاتی ئەوەیان نییە شت بگۆڕن، بێگومان کە حیزب و حکومەت لە یەک جیابوونەوە و هەریەکە و سنووری خۆی زانی، یان ڕێکتر کە حکومەت سنووری بۆ دەسەڵاتی حیزب دانا نەک بە پێچەوانەوە، ئەوسا دەسەڵاتی ڕۆشنبیران بەرپا دەبێ. ئەوەی ئێستا هەیە دەسەڵات نییە، بەڵکو دەنگێکە نووزەی دێت.

زیاد ڕەشاد: لە شوێنێکدا خوێندمەوە کە "عەرەبەکان لە سەردەمی (مەئموون)ەوە تا ئەمڕۆ چەند کتێبیان وەرگێڕاوە، بەقەد کتێبە وەرگێڕدراوەکانی یەک ساڵی دەوڵەتێکی ئەورووپایی دەبێت"، وەک کەسێک کە تا ئێستا چەند وتار و کتێبێکت پاچڤە کردووە، ڕەوش و باری وەرگێڕانی کوردی چۆن دەبینی و لە چ ئاستێکدایە؟

سەلام ناوخۆش: عەرەب بە ئیسلامەوە هەبوون، پێش ئیسلام هیچ شارستانییەتێکیان نەبووە، دواکەوتووترین نەتەوە بوون بەراورد بەگەلانی دی، بە ئیسلام بوونە پێشەنگ، کە ناسیۆنالیستی عەرەبی دەسەڵاتدار لە ئیسلام هەڵگەڕاوە، دووبارە بوونەوە یەکێ لەو نەتەوانەی کە هیچ حیسێبێکیان بۆ ناکرێ. ئەو دەمەی موسڵمانەکان خەریکی کاری وەرگێڕان بوون، ئەورووپاییەکان خەریکی شەڕوشۆڕی یەکتری بوون، لە قۆناغێکدا دەژیان ئەقڵیان لە شیرەکەی دەستیاندا بوو، لەولاشەوە کڵێسا نەهامەتی تری بۆ دروست دەکردن، کڵێسا خەریک بوو ئەقڵی داگیر دەکردن بۆ ئەوەی قەت بیر نەکەنەوە و "ڕاستی" تەنیا لەنێو "کتێبی پیرۆز"دا ببینن!

مەسەلەکە پەیوەستە بە ئیش کردنەوە، ئەمڕۆ ئەقڵی عەرەبی ڕاوەستاوە، چونکە لەسەر هیچ نییە، هەرچی ئەورپاییەکەیە ئیش دەکات، ئەقڵی ئاراستەی دەکات، نەک کڵێسا!

هەواڵنامەی کتێب

مالیزیاییە موسڵمانەکان ئەوەتا بەهێزترین وڵاتی ئاسیان، لە بواری ئەلیکترۆنیدا کەم وڵاتی ئەورووپایی هەیە بگاتە ئەو ئاستە! لە وەرگێڕاندا کەم وڵاتی عەرەبی و ئەورووپایی هەیە بگاتە ئێران، ئەوەی دوا کەوتووە لە وەرگێڕاندا ئێمەی کوردین، لەوانەیە نزیکەی ملیۆنێک کورد لە ئەوروپا هەبن، بەڵام لە سەدا یەکی ئەو ملیۆنە خەریکی کاری وەرگێڕان نییە، کە کوردە ئەوروپاییەکان ئاوا بن، دەبێ ئەوانەی وڵات چۆن بن؟! نەوەی نوێ لە غەیری زمانی کوردی چیتر نازانێ، ئاوا بڕوا، نەوەیەکی بێ ئاگامان بۆ دروست دەبێت!

من خۆم جگە لە دەیان وتار، سێ کتێبیشم لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە، کاتێ ئەو هەموو وەرگێڕانەم کردووە، هیچ فەرهەنگێکی ئینگلیزی لە کوردستان نەبووە، ئێستا ئەو هەموو دەرفەتە لەبارە کەچی ڕەوشی وەرگێڕان زۆر کزە، ئێمە بە هیچ وڵاتێک بەراورد ناکرێین.

شایەتی و پێشنیازێک

هەرچەندە بواری پسپۆڕیی مامۆستا سەلام لە زمان بوو، لە زمانیش ئینگلیزی بوو، لەگەڵ ئەوەش بەشی زۆری ئەو کتێبانەی لە بابەت فەرهەنگ و زمانەوانییەوە دایناون، کە خۆی پێشتر باسی کردووە، بۆ پلەبەرزکردنەوە و (تەرقیاتی زانکۆ) بە کەڵکی نەهاتوون. مامۆستا سەلام، لەمیانەی دانانی ئەو هەموو کتێبە بەتایبەت لەسەر زمان و فەرهەنگ، خزمەتێکی گەورەی بە کتێبخانەی کوردی کردووە، بەندە کە نێزیکەی بیست ساڵ لەمەوبەر، بەو مامۆستا هێژایە ئاشنا بووم، چ لە ڕێگەی بەرهەم و نووسینەکانییەوە بووبێت یان پەیوەندی هاوڕێیەتییەوە، بەوردی ئاگام لێ بوو، یەکێک لە خەمە گەورەکانی کە بەشێکی گەورەی ژیانی خۆی بۆ تەرخان کرد پرسی زمان و فەرهەنگ بوو، ئەوەی ماوە بگوترێ، مامۆستا سەلام ناوخۆش ژمارەی کتێبە چاپکراوەکانی زێتر لە (٧٥) کتێب دەبن، ئەمە جگە لە کۆششەکانی لە نێوەندی زانکۆ و ئەکادیمیا و ڕێکخراوی زمانناسی و گۆڤاری زمانناسی، هەروەها لە چەند کۆنفرانسی زانستی لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێم بە توێژینەوەی زانستی بەشدار بووە، بەداخەوە وەکوو پێویست قەدری ئەو گەوهەرە دانسقەیەی نەزانراوە.

ئەو چەندین بابەت و کتێبی دیکە لە بەرنامە و پلانیدا هەبوو، لەوانە بەشێکیان لە تەواوبووندا بوون و بەشێکیشیان بەنیوەچڵی بەجێماون و هەندێکیشیان لە پلانیدا

هەبوو، بەڵام هێشتا ئیشی لەسەر نەکردبوو، بەداخەوە نەخۆشکەوتنی مامۆستا و مانەوەی چەند ڕۆژێک لە نەخۆشخانە و پاشان کۆچیدوایی کردنی لە ٢٠٢٢/١٢/٢٣، بوونە ڕێگر لە تەواوکردنی ئەو پرۆژە تەواونەکراوانەی، بۆیە ئومێد دەکەم دڵسۆزان و خەمخۆرانی زمانی کوردی ئاوڕ لەو بەرهەمانەی بدەنەوە کە چاپ نەکراون، هەروەها لێرەوە پێشنیاز دەکەم لەڕێگەی خەڵاتێکی ساڵانە بەناوی مامۆستا سەلام ناوخۆش و چاپکردنەوەی کۆی بەرهەمەکانی و سازدانی دیداری مامۆستاوە، پاداشتی بەشێکی کەمی ئەو هەوڵ و خزمەتە زۆرەی مامۆستا سەلام ناوخۆش بدرێتەوە، بە ئومێدی بەدەمەوەهاتن...

هەواڵنامەی کتێب

ڕەند زارعی: زمان یەکێکە لە توخمە بنەڕەتییەکانی ژێرخانی کۆمەڵگە

ئا: بێهزاد قادری

توخمێکی گرینگ کە هەر نەتەوەیەکی پێ دەناسرێت، زمانە، زمان نەک هەر بە قسە و ئاخاوتنی ڕۆژانە، بەڵکە بە خزمەت پێکردن زیندوو و بەردەوام دەبێت. هەتا زمانێک زیندوو بێت، گەلێکیش ناوی دەمێنێت و زیندووە. خزمەت پێکردن بە زمان وا دەکات کە ئەو زمانە نەفەوتێت، گەشە بکات و تەنانەت پەلوپۆ باوێ. لەم نێوانەدا خوێندکارانی کورد ئەرکێکی تایبەتتریان لەسەر شانە.

لەم وتووێژەدا لەگەڵ کاک "ڕەند زارعی" کە لە کوردستان کارگێڕیی کار و لە نۆرویژ لە زانکۆی ئۆسلۆ کۆمەڵناسیی خوێندووە، دەپەرژێینە سەر بابەتی "خوێندکاری کورد و پاراستنی زمانی دایکی":

***داگیرکەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە گەشەکردنی زمانی کوردی نادات؛ لە وەها دۆخێکدا چالاکی خوێندکاریی کورد لە ڕۆژهەڵات چ ئەرکگەلێکی لە ئەستۆیە؟**

- باشترە پرسیارەکە بکەینە دوو کوتەوە، بەشێکی بۆ باسی داگیرکاری و داگیرکرانی کوردستان و بەشێکیشی بۆ باسی ئەرکی ئێمە وەک داگیرکراو تەرخان بکەین، بەو تێبینییەوە کە لێرەدا پتر ئاوڕ لە ڕۆڵی خوێندکاران دەدەینەوە.

زۆر بە کورتی، هەروەک چۆن ئاوەدانکردنەوەی وڵاتێک، بە گەشەکردنی سەرخان و ژێرخانی ئەو کۆمەڵگەیە لە زۆر بواردا دەلوێ، لە بەرامبەر ئاوەدان کردنەوەشدا، بەو شێوەیەش ئامانجی داگیرکەر کاولکردنی ژێرخان و سەرخانی ئەو نیشتمانەیە کە داگیری کردووە. دەزانین کە بەشێک لە کوردستان کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی کوردستان، لەلایەن دەسەڵاتێکی فاشیستی- ئایینی وڵاتی ئێرانەوە داگیرکراوە کە ڕۆحی فارسیزم و پانئێرانیزمی لەبەرە. بۆ ئەوەی باسەکە دووروودرێژ نەبێتەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەمان لە کاولکاریی سەرخانی کوردستان لە ڕۆژهەڵات، هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێین پاش زیاتر لە ٤٠ ساڵ دەسەڵاتداریتیی ئەم ڕێژیمە داگیرکەرە، ناوچە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لە هەموو بارێکی ئاوەدانییەوە لە زۆربەی بەشەکانی تری ئێران لە دوان و پشتگوێ خراون و تەنانەت ڕێ لە ئاوەدانکردنەوەی خۆجێییش و خەڵکییش دەگیردرێت، بۆ نموونە: دۆخی ڕێگاوبان، ناوەندە گشتی، ناوەندە بەرهەمهێنەر و گەشەپێدەرەکان بە هیچ شێوەیەک لە هیچ کام لە بەشەکانی

کوردستان لەچاو حەشیمەت، داواکاری، چاوەڕوانی و تەنانەت پێداویستییەکانی ژیانی سەردەمدا نییە.

بەڵام مادام ئێمە پتر دەمانەوێت لەسەر تەوەرێکی ژێرخانی داگیرکراوی کوردستان بدوێین، وا باشە کە بە تێروتەسەلی ڕوونی بکەینەوە کە مەبەستمان لە ژێرخانی داگیرکراو یان ژێرخانی کۆمەڵگەکەمان کە ڕێژیم هەوڵی کاولکردنی دەدا چییە؟ ژێرخانی هەر نەتەوە و کۆمەڵگەیەک شتێکی هەستپێکراو و بەرچاوەکی نییە، بەڵام وەک شادەمار و گیانی ئەو کۆمەڵگەیە دێتە پێش چاو. مەبەست لە ژێرخانی کۆمەڵگەیەک لایەنی گەشەی کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەو کۆمەڵگەیەیە. هەروەک سەرخانەکان بە سەرمایە و پارە و داهات و دەستکەوت دەناسرێن، ژێرخانەکانیش بە سەرمایەی کولتووریی وڵاتێک دەزاندرێن. ژێرخانی کولتووریی هەر وڵات و کۆمەڵگەیەک زۆر لق و پۆپی لێ دەبێتەوە کە بۆ وێنە دەتوانین بڵێین گەشەکردن لە بوارەکانی زمان، دابونەریت، هونەر، پەروەردە، پێگەیشتوویی و تێگەیشتوویی فکری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئایینیش نموونەی زەقی ئەو سەرمایە کولتوورییانەین. با لە خۆمان بپرسین باشە ئەم توخم و بابەتانە بۆ گرینگن؟ وەڵامێکی کورت و خێرا بۆ ئەو پرسیارە ئەوەیە، کە چونکە ئەم توخمانە کاریگەرییان لەسەر ئاستی هۆشیاریی تاک لەمەڕ ناسنامەی خۆی هەیە. واتە مرۆڤێک بەم بابەتگەلەوە دەتوانێت ناسنامەی خۆی پێناسە بکات. بەم توخمانەوە دەتوانێت بڵێت کێیە، چییە و چی کردووە و تەنانەت چی دەوێت و دەیهەوێت ببێت بە چی. زۆر بە کورتی، ئەمانە لە هەنگاوی یەکەمدا ناسنامەی هەر تاکێک و لە هەنگاوی دووهەمدا ناسنامەی گشتیی کۆمەڵگە یان خەڵکانێکن کە خۆیان لەسەر بنەمای ئەم بنەما کولتووری یان لایەنە ژێرخانییەدا دەناسێنن. واتە بابەتەکە پەیوەندیی هەیە بە خۆناسینەوە و ئەم ژێرخان و سەرمایە کولتوورییە وا دەکات کە ئێمە بزانین کێین و سنوور و توخمەکانی ناسنامە و ”ئێمە کێینی خۆمان“ دیار بکەین.

هەروەک ڕوونم کردەوە، زمان یەکێکە لە توخمە بنەڕەتییەکانی ژێرخانی کۆمەڵگەیەک. مەبەست لێرە زمان هەر قسەکردنی ئاسایی نییە، مەبەست لە خوێندن و نووسین و بەرهەمهێنانی هونەر و زانستە بە زمانێک، بە کورتی پەروەردە بە زمانێک. ئایا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نزیک بە تەواوی دانیشتووانی کوردن،

پەروەردە بە زمانی کوردییە؟ نەخێر! بەپێچەوانەی ئەوە، تەنانەت ئەگەر کەسێک خۆبەخشانەش لەو بوارەدا کار بکات، یان دەیکوژن، وەک مامۆستا فەرزاد کەمانگەر، یان دەیگرن، وەک مامۆستا زارا موحەممەدی، یان تووشی تەنگ و چەڵەمەی دەکەن، وەک ئەو هەزاران هەزار چالاکی زمانەوانی و نووسەر و مامۆستایانەی کە ژیانیان لێ تاڵ کراوە. ئەمە بۆ دەکرێت؟ بۆ ئەوەی ئەو زمانە لاواز بکرێت، دەرفەتی گەشەی پێ نەدرێت، لەنێو بچێت و تەنیا لە ئاستی پلاکارد و سیمبۆلیکدا، وەک شتێکی عەنتیکە دەرفەتی هەناسەی پێ بدرێت و بەس. ئێستا بە بەراوردکردنی دوو بواری سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەوەی هەروەک چۆن کوردستان - مەبەست لە هەموو بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە - لە باری ڕێگاوبان و کارخانە و بوارەکانی تری سەرخانی ئابووریدا نەک هەر گەشەی نەکردووە، تەنانەت کاولکاریشیی تێدا کراوە، هەر بەو شێوەیە لە بواری کولتووری، زمانی، هونەری و پەروەردەشەوە کارەساتی گەورەی تێدا خولقاوە کە هیچ دەرفەتی بۆ ئەوە نەهێشتووەتەوە کە ئەم داگیرکەرییە بە بەربەرێسم و فاشیزم ناو ببەین.

ئێستا کە ڕوونمان کردەوە کاری داگیرکەر چییە و چۆن سیاسەتی داگیرکاری و کاولکاریی خۆی لە هەر دوو لایەنی ژێرخان و سەرخانی ئابووریدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە دەبات، با بزانین خوێندکاران کێن و ئەرکیان چییە. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، خوێندکاران ئەو توێژەن کە لە توێژێکی کۆمەڵگەوە بەرەو توێژ یان چینێکی تری کۆمەڵگە دەچن و بە زۆری وایە کە بەرەو توێژی سەرووتر هەڵدەکێشن، واتە خوێندن وەک سەرمایەیەکی کولتووری (کە دەکەوێتە خانەی ژێرخانی ئابووریی کۆمەڵگەیەکەوە کە پێشتر ئاماژەم پێدا)، دەرفەتی ئەوەیان پێ دەدات کە لە باری چینایەتیی کۆمەڵایەتییەوە Class بەرەو سەرتر یان باشتر وایە بڵێین بەرەو ئێلیتەیی بچن. بۆچی گرینگە کە باس لە کلاس و ئێلیت بکەین، چونکە ئەم توێژەی کۆمەڵگە لە بەرهەمهێنانی مەعریفە و بیردا زۆرترین پشکیان پێ دەبرێت، واتە ئەوان دەبنە زمان و زەینی کۆمەڵگەیەک. بە دیوێکی تردا، هەتا خوێندکار پتر گرینگی بە زمانێک بدات، لێرە پتر دەمانەوێت بڵێین زمانی کوردی، هەر بەو ڕێژەش کۆمەڵگەکەمان خاوەن زمان و بیرێکی کوردی یان کوردانە دەبێت. بابەتی زمان و بیری کوردانە بۆ ئێمەی کورد یەکێکە لە کۆڵەکەکانی بەرەوپێشچوونی خەباتی کورد بۆ وەدەستهێنان

یان نزیکبوونەوە لە ئامانجە ئینسانی و نەتەوەییەکانی. خوێندکاران، وەک توێژێک کە لە پێشڕەوی کۆمەڵگەدان، وەک پیلێک کە بەرەو لووتکەی هێرەمی کاتەگۆری لە کۆمەڵگەیەکدا هەڵدەکێشن، دەبنە ڕچەشکێن و ڕێبەری توێژەکان یان چینەکانی خواروەتر و تەنانەت سەرووتری کۆمەڵگە. بۆیەش ئەرکی خوێندکاران لە هەمبەر زمانی کوردیدا، هەم پاراستن و هەمیش گەشەپێدانی ئەو زمانەیە. بە دیوێکی تردا دەتوانین بڵێین کاری پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردی لەلایەن خوێندکارانی کوردەوە، وەک پەرچەکردارێک دژ بە داگیرکاری خۆی دەنوێنێت و لێرەوەیە کە خزمەت بە زمانی کوردی، ڕاستەوخۆ چوونە سەنگەری بەرگریکردنە لە نیشتمانی داگیرکراومان. بۆیەشە شتێکی سەیر نییە کە دەسەڵاتی داگیرکەر بەمجۆرە چالاکی و خزمەتانە بە زمانی کوردی دڵخۆش نەبێت و کاردانەوەی توونداژۆی جۆراجۆری دژ بەم چالاکییانە هەبێت.

***خوێندکارانی کورد بۆ بەرهەمهێنان و دەوڵەمەندکردنی دەقی کوردی لە دونیای خوازەکیدا (تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان) لە بواری خوێندنی خۆیان، دەبێ چی بکەن؟**

- وەک دەزانن، دنیای خوازەکی بووەتە بەشێک لە ژیانی مرۆی سەردەم. ئەستەمە لەم سەدەیەدا بژی و بڵێی لە دنیای خوازەکی دادەبڕێم. چونکە پتر وەک پێویستییەک خۆی دەنوێنێت تاکوو خوازەکی بوون. چونکە مرۆڤی سەردەم لەو ڕێگایەوە هەم پەیوەندی لەگەڵ دنیای شاراوە و دیاری مرۆڤەکانی تر دەگرێت، سەفەر بۆ هەموو شوێنێکی دنیا دەکات، زانیارییەکانی زۆرتر و بەڕۆژ دەکاتەوە و بەشێک لە پەیوەندی و تەنانەت پێویستییەکانیشی هەر لەو ڕێگایەوە دابین دەکات. ئەمە یانی تێپەڕاندنی سنوورەکان، چ سنووری هەستپێکراو و چ سنووری سێمبولی بن. پێشتر کە دنیای خوازەکی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەم شێوەیە بەرین نەبوون، سیستەمی دەوڵەتان لە هەموو شوێنێک کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر ئەندامانی کۆمەڵگە دادەنا. هەر بۆ وێنە ئێران، لە دەرەوەی ماڵ لە ڕێگای پاسدار و هێزی ئینتزامی و بەکرێگیراو و زۆر دامودەزگای تر ژیانی خەڵکیان کۆنترۆڵ و لەژێر چاودێریدا دەگرت، لە ماڵەشەوە لە ڕێگای ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تێلێڤیزیۆنەوە ئەوەی پێیان خۆش بوو بڵاویان دەکردەوە. واتە لە پرۆسەی داگیرکردن و کاولکردنی ژێرخان و سەرخانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەموو سنوورە کۆمەڵایەتی و تاکە

کەسییەکانیشی تێپەڕاندبوو تا سیاسەتی فاشیزمی فارس- ئێرانی بەڕێوە ببات. ئێستا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەموو ماڵ و ناخی هەر مرۆڤێکدا کە بیهەوێت دژ بە سیاسەتی داگیرکەریی ئێران ڕاوەستێت، وەک سەنگەر و قەڵخانێکی لێ هاتووە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتی ئەوەیان بە مرۆڤی کورد داوە تا لانیکەم سنووری تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و بنەماڵەییەکانی خۆی دیار و پێناسە بکات و تەنانەت بەرگرییان لێ بکات، واتە بەشێکی بەرچاو لەو کەسانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکن، لەڕاستیدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە دەرفەتێک دەزانن بۆ وەرگرتنی زانیاری و بۆ بەرگریکردن لە ناسنامەی خۆیان.

بەشێک لە ئەرکی خوێندکار یان توێژی چاوکراوەی کۆمەڵگە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا ئەوەیە کە دەرفەتی ڕۆشنگەری و فێرکاری و گەشەکردنی زمان و کولتووری کوردی بڕەخسێنن. بەخۆشییەوە خەڵکێکی زۆر، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چ وەک تاکەکەس و چ لە ڕێگای کاری بەکۆمەڵ و ڕێکخراوەییەوە لەو پەیوەندییەدا چالاک بوون کە جێی دەستخۆشی و دڵخۆشییە.

بە بڕوای من، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ئەرکی خوێندکارانیان هاسانتر کردووەتەوە، بەو واتایە کە خوێندکاری کورد لە ڕێگای چالاکبوون لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چ بە نووسین و چ بە ڤیدیۆ و دەنگ و ڕەنگی جۆراوجۆر دەتوانن بچنە نێو ماڵ و ناخی هەر مرۆڤێکی کوردەوە و لەو ڕێگایەوە سەنگەری بەرگریکردن و گەشەپێدانی زمان و کولتووری کوردی بەرینتر و بەهێزتر و تەنانەت ڕێکخراوتریش بکەن.

*** بۆچی گرینگە کە خوێندکاری کورد بە زمانی کوردی دەقی زانستی بەرهەم بهێنێت یان دەقی زانستی وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی؟**

– توخمێکی گرینگ کە هەر نەتەوەیەکی پێ دەناسرێت، زمانە. زمان نەک هەر بە قسە و ئاخاوتنی ڕۆژانە، بەڵکە بە خزمەت پێکردن زیندوو و بەردەوام دەبێت. هەتا زمانێک زیندوو بێت، گەلێکیش ناوی دەمێنێت و زیندووە. خزمەت پێکردن بە زمان وا دەکات کە ئەو زمانە نەفەوتێت، گەشە بکات و تەنانەت پەلوپۆ باوێ.

هەروەک لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشووتردا ئاماژەم پێ کرد، داگیرکەر بۆ ڕاماڵین و سڕینەوەی کورد لە نیشتمانی خۆی دەستی لە هیچ جینایەتێک نەپاراستووە،

یەکێک لەو کارەساتانەی دەوڵەتی ئێران هەر ئێستاش خەریکە بەڕێوەی دەبات هەوڵی سنووردارکردن، لاوازکردن و تەنانەت سڕینەوەی زمانی کوردییە. بۆ؟ چونکە ئەگەر زمانەکە نەمێنێت و ببێتە فارسی، کە فارسیزم سەرەڕای جێگۆڕکێی دەسەڵاتی شا و ڕێژیمی ئیسلامی بووەتە خوێنی پانئێرانیزم، هاسانتر پرۆسەی داگیرکاری و سڕینەوەی کورد بەڕێوە دەچێت.

خوێندن و بەرهەمهێنانی دەق وێڕای قسەکردن و پاراوڕاگرتنی زمانی کوردی دوو دیوی دراوی مانەوە و گەشەی زمانی کوردین. سەیر نییە ئەگەر بڵێین ئەگەر هەر کام لەو دوو توخمە، واتە قسەکردن و نووسین، پەکی بکەوێت، ئەوە زمانەکەمان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو لاوازی و فەوتان دەچێت. مەبەست لە قسەکردن پاراستنی کولتوور و دابونەریت و هەموو ئەو لقوپۆپانەیە کە پەیوەیستن بە قسەکردنەوە، واتە بە کوردی سیاسەت بکەین، بە کوردی بیر بکەینەوە، بە کوردی لەگەڵ یەکتری بدوێین، بە کوردی بژین و دابونەریت و بۆنە ئایینی و کولتوورییەکانمان بە کوردی بەڕێوە ببەین. مەبەست لە نووسین، هەر تەنیا نووسین و بەرهەمهێنانی دەق بە زمانی کوردی نییە، مەبەست ئەوەیە کە زانیاری و زانستی بەو زمانە بەرهەم بێنین، بە کوردی پەروەردە بکەین و بە کوردی کاری فێرکاری بکەین و فێرخوازێکی زمانەکەمان بین. جا وەک دەبینن، بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی چڕوپڕ بەرگری لە زمانەکەمان بکەین، پێویستیمان بە هەر دوو توخمی قسەکردن و نووسینە بە زمانەکەمان.

بەرهەمهێنانی دەق بە گشتی بە زمانی کوردی و بەتایبەتی دەقی زانستی کە ئێستا پێویستییەکی زمانەکەمانە، جگە لەوەی هەوڵێکە بۆ پاراستن و هێشتنەوەی زمانەکە، هەوڵێکی جیددیشە بۆ پاراوترکردن و پەرەپێدانی زمانەکە. وەک چۆن نووسەر و خولقێنەری دەقێک بە زمانی کوردی جیهانبینییەک بەو زمانە دەپارێزێت یان گەشەی پێ دەدات، خوێندنەوەشی ئەو کولتوور و جیهانبینییە جێگیر دەکات و وەک ڕەگی دارێک بە ناخی نەتەوەیەکدا دەیباتە خوار. ئەرکێک کە دەقی زانستی لە ئێستادا زۆرتر وەخۆی دەگرێت ئەوەیە کە فێرخوازی کورد بۆ فێربوون یان وەرگرتنی زانیاری لەمەڕ بابەتێک پێویستی بەوە نییە بە زمانێکی تر بخوێنێتەوە. خوێندنەوە بە زمانێکی تر کارهاسانی دەکات بۆ گواستنەوەی جیهانبینییەکان و هاسانکاری دەکات تا وشە

وەرگرتن زۆرتر بێت و بەرەبەرە ئەو کەسە لە هەموو ڕوویەکەوە دەکەوێتە ژێر کارتێکەری دەق و زمانی دەقەکە. بۆیەش بەڵێ، بەرهەمهێنانی دەقی جۆراوجۆر و بەتایبەتی دەقی زانستی ئێستا یەکجار گرینگن تا خوێنەری کورد زمانەکە بۆ کاری فێرخوازیش بە زمانی یەکەمی خۆی بزانێت.

بە سەرنجدان بەوەی کە خوێندکاران توێژی هەرە چالاکی کۆمەڵگەیەکن لە هەڵکشان و داکشان لەنێوان توێژ و چینەکاندا، لە بەرهەمهێنانی بیر و مەعریفەدا، لە خزمەتکردن بە زمان و کولتوور و تەنانەت تێرکردنی خواستی کرێکار و بەرهەمهێنانیشدا، بۆیەش شتێکی زۆر ئاساییە کە بزانین بەرهەمهێنانی دەقی زانستی لە زمانی کوردیدا، هەم یارمەتیی خوێندکاران دەدات تا هاسانتر بچنە پێش و سەرکەوتووتر بن و هەم دەرفەتی گەشەی بەردەوام و درێژخایەن بە زمانەکەش دەدات. بۆیە ڕۆڵی خوێندکار، چ وەک بەرهەمهێنەر و چ وەک بەردەنگ و خوێنەری دەقە زانستییەکان یەکجار گرینگ و بنەڕەتییە.

*** بەڕێوەبردنی سمینارگەلی جۆراوجۆر (سیاسی، فەرهەنگی و زانستی و...) لە زانکۆکان و لەلایەن خوێندکارانی کوردەوە بە زمانی کوردی، دەتوانێت چ کاریگەرییەکی لەسەر خوێندکارانی کورد هەبێت؟**

- زۆر گرینگن. هەر بە دیارکراوی زمان بابەتێکی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوە، واتە گرێبەستانەیە. بۆ وێنە من و تۆ و هەموو ئەوانەی وەک من و تۆ لە واتای وشەکان بە شێوەی هاوبەش تێدەگەن، گرێبەستێکمان هەیە کە هەر دوور نەڕۆین بەم دیالۆگەی نێوانمان بڵێین وتوویژ و بە ئاو بڵێین ئاو و بە بەرد بڵێین بەرد. ئەم گۆڕینەوەی مەبەستە لە واتا نەگۆڕ و جێکەوتووەکانی وشەکاندا خۆی جۆرێک ڕێکخستنە و هەتا زۆرتر بچینە نێو ڕێکخستنەکانی زمانێکەوە، پتر گرێبەستە زمانی و بەرز نرخێندراوەکانی زمانێکمان بۆ دەردەکەوێت. بە بڕوای من ئەوە کە زۆر کەس دەڵێن زمانێک لە زمانێکی تر دەوڵەمەندتر یان بەهێزترە، ڕەنگە ناڕاستەوخۆ مەبەستیان هەر ئەم بەرز نرخاندن و ڕێژەی ئەم گرێبەستانە بێت. بە زمانێکی ساکار، وشەی زۆرتر، گرێبەستی پتر، وشەی زۆرتر، بەرز نرخاندنی بەرزتر. هەر لەم سۆنگەوە بە بڕوای من بە دوو لایەندا دەتوانین کۆڕ و کۆبوونەوەکان هەڵسەنگێنین. یەکەم: هەروەک ئاماژەمان پێدا، خۆی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەمجۆرە کۆڕ و

هەواڵنامەی ئێتی

کۆبوونەوەگەلە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە بەرزنرخاندنی زمانەکە. وەک بڵێی بە کۆڕ و کۆبوونەوەمان بمانەوێت بڵێین ئەم گشتە گرێبەستە بپارێزن و گرینگ و بەنرخن. بۆچی گرینگ و بەنرخن، ئەوە شتێکی ترە کە پەیوەندیی بە پەروەردە بە زمانی زگماک و چارەنووسی سیاسی و گەلێک باسی دیکەوەیە، کە لێرە پێویست ناکات بچینە نێو ئەو باسەوە.

دووهەم: ڕێکخستنی کۆڕ و کۆبوونەوەکان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتین و وەک چۆن زمان خۆی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و گرێبەستانەیە، ئەم کۆڕ و کۆبوونەوانەش وەک نوێکردنەوەی پەیمان و گرێبەستەکان خۆیان دەرخەن. بۆ زمانێکی وەک زمانی کوردی، ئەم کۆڕ و کۆبوونەوانە پتر لایەنی هۆشیارکردنەوەی تاکی کورد بەخۆوە دەگرن تا هەمووان لە مەترسیی لەنێوچوون یان زەرەر و زیان لێکەوتن لە زمانەکەمان ئاگادار بکرێنەوە. وەک بڵێی، لە ڕێگای زمانەوە پرسی داگیرکەری بخرێتەوە ڕوو و لە بابەتێکی ناهەستیارەوە ببێتە بابەتێکی هەستیار، یان لە شتێکی هەستپێنەکراو و نادیارەوە، ببێتە شتێکی هەستپێکراو و دیار. بۆیە بە بڕوای من ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە یەکجار گرینگن.

*** بۆ پاراستن و گەشەی زمانی کوردی، چ پێشنیارێکتان بۆ خوێندکارانی کورد کە لە زانکۆکانی تری ئێراندان، هەیە؟**

– هەروەک ئاماژەمان پێکرد، توێژی خوێندکاران، کە دەڵێین خوێندکار مەبەستمان هەموو ئەوانەیە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خوێندکار بوون، چاوکراوەن، چالاک و بیرکراوەی کوردستانن. واتە ئەوان زۆرتر هەست بە ژانی برینەکە دەکەن و شتێکی ئاساییە کە کاردانەوەشیان جیاواز و کاریگەرتر دەبێت. بە بڕوای من کوردی ڕۆژهەڵات لە هەمبەر خزمەت بە زمانی کوردی، سەرەڕای هەموو لەمپەر و گیروگرفتەکان، بە گشتی هەوڵی گرینگی داوە و لەو پێناوەدا کاری زۆر گرینگ و گەورەی بە زمانی کوردی کردووە. ئەوە کە ئایا هەوڵەکان وەڵامدەری پێویستییەکانن یان هەوڵەکان تا چەند توانیویانە زمانەکە بپارێزن یان گەشەی پێ بدەن باسێکی ترە، بەڵام نابێ لە بیرمان بچێت کە هەتا سیستمی پەروەردە زمانی کوردی بە فەرمی نەناسرێت و لە شوێنە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکاندا نەبێتە بەشێک لە ڕۆتینی ڕۆژانە و نەکەوێتە پلانی

خوێندن و پەروەردەوە هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا بەرزترین ئاستەکان، ئەستەمە هەوڵەکان کاردانەوەیەکی قووڵ و هەمەلایەنەیان هەبێت. لەبۆیەش، سەرەڕای هەوڵی تاکەکەسی و گرووپی بۆ زمانی کوردی، پێویستە خوێندکاران و هەمووانە کە بابەتی پەروەردەی منداڵی کورد بە زمانی کوردی بەرز بکرێتەوە.

زانکۆکان یەکێک لەو گۆڕەپانە باش و لەبارانەن کە خوێندکاری کورد دەتوانن داخوازی پەروەردە بە زمانی کوردی تێدا بهێننە گۆڕێ. جگە لەوەی کە خودی باسکردن و یان بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبوونەوەکان بە زمانی کوردی یان باسکردن لەسەر زمانی کوردی لەو زانکۆگەلەدا خۆی بەرزنرخاندنی زمانەکەیە و ڕێگا خۆش دەکات کە سەهۆڵەکانی قین و دڵڕەشی کە ڕێژیم لەنێوان گەلان و زمانەکانی تر و زمانی فارس و زمانی فارسیدا هەڵیچنیون زووتر بتوێنەوە. لەگەڵ ئەوانەشدا، خۆ لە ئێراندا هەر کورد و فارس ناژین، بەڵکە ئازەری و بلووچ و عەرەب و نەتەوەکانی تریش لە زانکۆکاندا چاویان بەم کۆڕ و کۆبوونەوانە دەکەوێت و ڕەنگە ئەم بابەتە ببێتە پاڵنەر و هاندەرێک بۆ ئەوەی ئەوانیش چ ئێستا و چ لە داهاتووی ئەو وڵاتەدا داخوازیی پەروەردە بە زمانی زگماک بێننە گۆڕێ. بۆیە بە بڕوای من هەتا کۆڕ و کۆبوونەوەی زۆرتر لە زانکۆکانی تری ئێراندا لەمەڕ زمانی کوردی و بە زمانی کوردی بەڕێوە بچن، زووتر داخوازی پەروەردە بە زمانی کوردی لە کوردستان دەچەسپێت. لە بیریشمان نەچێت، بەرزنرخاندنی زمانێک لە هەر کام لەو کەمینە نەتەوانەی دیکە لە ئێراندا، دەرفەتی گەلەکۆمەگی زۆرتر دژ بە ڕێژیمی داگیرکەر دەڕەخسێنێت و ئەمە وا دەکات کە لە داهاتووی ئێراندا هاسانتر بتوانین بە ئامانجەکانمان بگەین.

چەند تیلماسکێك
لە هێشووی شیرینی زمانی کوردی

عەبدولکەریم شێخانی

من پێش ئێستا زۆر جار بە پێی توانا و لێزانیی خۆم و ئەوەندەی ئەقڵم پێی شکابێ لەسەر زمان شتێکم نووسیوە و کەسانێکیش هەبوون کە لەگەڵ بۆچوونەکانم هاوڕا بوون و ئەگەر هەشبووبن هاوڕام نەبووبن زۆر ئاساییە، چونکە خۆ من ئەو مەیدانی ڕادەربڕینەم قۆرخ نەکردووە بۆ خۆم و خەڵکی دیکەش خاوەنی بیرکردنەوەی خۆیانن ومن پڕ بە دڵ سوپاسیان دەکەم تەنانەت ئەگەر ڕای پێچەوانەشیان بووبێ ڕێز لە بۆچوونەکانیان دەگرم و دەست لەسەر سینگ بۆیان دەوەستم ئەگەر هەڵەم بۆ ڕاست کەنەوە، چونکە هەر خوا هەموو گفتار و ڕەفتارێکی ڕاستە هەر کەسێک وا تێ بگات کە هەڵە ناکات،ئینجا بزانە کە زۆر زۆر هەڵەیە.

لێم مەگرن ئەگەر بڵێم هەندێک جار کەسانێک پەیدا دەبن بە ناوی پێشخستن و تازە کردنەوە و پەرە پێدان، بێ ئاگایانە زمانی کوردی تێک دەدەن و دەیشێوێنن و گوێش لەکەس ناگرن و هەر خۆیان پێ ڕاستە، لەکاتێکدا ئەوانە هیچ پێشینەیەکی زمانزانییان نەبووە و ئێستاش نییانە. لێرە پەنجە بۆ چەند لایەنێکی ڕێزمان و ڕێنووس درێژ دەکەم، ئەگەر بە دڵتان نەبوو، سوپاستان دەکەم بۆم ڕوون کەنەوە و ڕای خۆتان دەربڕن، بەڵکو ئەگەر من هەڵەبووم، هەڵەکەم ڕاست کەمەوە.

من دەڵێم و زۆر بەڕێزی دیکەش گوتوویانە کە هیچ پیتێکی (و) لە سەرەتای وشە بە دوو (و) نانووسرێ، بەڵام ئێستاش و دوای ڕوون کردنەوەی زۆر کەسانێک دەبینم دەنووسن (ووشە، وورچ، وورگ، ووردە، ووس، ووتی، ووڵات). تکایە ئەوە بزانن کە هەر وشەیەک بە واو دەست پێ بکات بە یەک واو دەنووسرێ. ئەو وشانەی سەرەوە کە لە نێو دوو کەوانەدان هەموویان بە یەک واو دەنووسرێن و هەر کەسێک بە دوو واو بیاننووسێ، ستەم لەزمانی کوردی دەکات و بێ ئاگایی خۆیشی دەردەخات (وشە، ورچ، ورگ، وردە، وس ، وتی، وڵات) . هەر وشەیەکیش بە پیتی (و) کۆتایی هاتبێ پێش پیتی (و) پیتێکی بێ دەنگ واتە نەبزوێن هەبێ بە دوو واو دەنووسرێ وەکو (نوستوو، ڕۆیشتوو، سەرکەوتوو، بابردوو) و گەلێکی دیکەش. بەڵام ئەگەر پێش واوەکە پیتە بزوێن هەبوو، ئەوا بە یەک واو دەنووسرێ، وەکو : (ناو، چاو، ڕاو) و (نیو، پیو، شیو) و (دێو، خێو، نێو) و (شەو، کەو، دەو، خۆشڕەو). ئەم دەستوورە زۆر ئاسان و بێ گرێ و گۆڵە و لە هەندێک گرفتی ڕێنووس ڕزگارمان دەکات.

بابەتێکی دیکەی ڕێزمان پیتی(ی)ی نیسبەیە کە بە ڕای من هەندێک برادەر بە هەڵە بەکاری دێنن و پەنا دەبەنە بەر دەستوورە عەرەبییەکەو وەک زمانی عەرەبی

هەواڵنامەی کتێب

بەکاری دێنن. سەبارەت بە (یاء النسب) لە زمانی عەرەبیدا قاعیدەیەک هەیە دەڵێ : (ئەگەر ناوی شوێنێک، شار، گوند، وڵات، کیشوەر) بە ئەلف، یان بە (التاء المربوطة) کۆتایی هاتبوو کە یائی نیسبەی چووە سەر ئەلفەکە و تائەکە لادەبرێن و (ی) ی نیسبەیان بۆ زیاد دەکرێ وەکو (أمریکا أمریکی، أوربا أوربی) ئینجا (کوفة کوفی، بصرة بصری)، بەڵام لە زمانی کوردی ئەگەر ناوی شوێنەکە بە :

ئەلف کۆتایی هاتبوو وەکو (چوارتا، سەرقەڵا)

بە بزوێن کۆتایی هاتبوو وەکو (زێوە، شەقڵاوە)

بە واو کۆتایی هاتبوو وەکو (قامیشلوو، قورشاغلوو)

بە (ۆ(کۆتایی هاتبوو وەکو (زاخۆ، هەڵشۆ)

ئەوا هیچ خۆمان ماندوو ناکەین و بڕگەی (یی)بۆ زیاد دەکەین و دەڵێین : (چوارتایی، سەرقەڵایی)، (زیوەیی، شەقڵاوەیی)، (قامیشلوویی، قورشاعلوویی)، (زاخۆیی، هەڵشۆیی)،

ئەگەر بە (ێ(کۆتایی هاتبوو وەکو (شێنێ و قەڵادزێ(ئەویش دەڵێن (شێنێیی، قەڵادزێیی)، هەرچەندە زۆر جار دەڵێین قەڵادزەیی.

بۆ سلێمانی دەشێ پیتی (ی) بۆ زیاد بکەین ببێت بە سلێمانیی و بۆ گوتن کەمێک قورسە. سەبارەت بە کۆیە ناڵێین کۆیەیی و دەڵێین کۆیی و ڕەنگە ئەوەش لەبەر ئەوە بێ کە بە شاری (کۆ(ناسراوە و حاجی قادر گوتوویەتی :

لەمەیدانی بەهارا شارەکەی کۆ

قوبەی کشمیری دا بەر شەق وەکو گۆ

تێبینیی ئەوە بکەن نەیگوتووە شارۆچکە وەک هەندێک زمانزانی ئاخر زەمان دەڵێن شارۆچکە.

بەڵام ئەگەر ناوی شوێنەکە بە پیتی دەنگدار کۆتایی نەهاتبوو ئەوا تەنیا پیتی (ی(یۆ زیاد دەکرێ وەکو هەولێر هەولێری، کەرکووک کەرکووکی، شەنگاڵ شەنگاڵی).

ببوورن دەگەڕێمەوە بۆ ناوی ئەو شوێنانەی بە ئەلف کۆتاییان دێت. وەکو گوتم لەزمانی عەرەبی ئەلفەکە لادەبرێ و (ی(بۆ زیاد دەکرێ وەکو (أوربا أوربی، أمریکا أمریکی (. کەچی زۆربەی زۆری نووسەرە کوردەکان هەمان دەستووری زمانی عەرەبی پیادە دەکەن و بۆ نموونە دەڵێن نووسەرێکی ئەمریکی، یان وڵاتێکی ئەورووپی، من پێم وایە ئەگەر پەیڕەوی ڕێزمانی کوردی بکەین، دەبێ بڵێین نووسەرێکی ئەمریکایی،

وڵاتێکی ئەوروپایی یان وڵاتیکی ئەوروپا، من لە نووسینیکی دیکەمدا نووسیومە، ئەگەر لە کەسێکی خەڵکی چوارتا یان سەرقەڵا بپرسن تۆ کوێندەریت، دەڵێ چوارتایی یان سەرقەڵایی، بۆیە دەڵێم مادام کابرا دەڵێ چوارتایی یان سەرقەڵایی، منیش دەڵێم ئەوروپایی وئەمریکایی، هەر کاتێکیش ئەو گوتی چوارتی و سەر قەڵی ئە وسا منیش دەڵێم ئەوروپی و ئەمریکی.

کەواتە ئەو یائی نەسەبە تەنیا دەچێتە سەر ناوی شوێن و ناچێتە سەر ناوی خێڵ و عەشیرەت. ئەوەی تێبینیم کردووە هەندێک کەسی سەر بە عەشیرەتی شوان دەنووسن (شوانی) و با کاک خالید شوانی وەک نموونە بێنینەوە. هەندێک دەڵێن فلان شوان و ناڵێن شوانی هەر وەک خوا لێ خۆشبوو(عەزیز شوان). هەروەها سەبارەت بە عەشیرەتی هەمەوەند، هەندێک کەس دەنووسن فلان هەمەوەندی. بەڕای من هەردووکیان هەڵەن (شوانی و هەمەوەندی)، ئەگەر شوان و هەمەوەند ناوی شوێن بن ئەوا شوانی وهەمەوەندی ڕاستن، بەڵام ئەگەر ناوی عەشیرەت بن (لە ڕاستیشدا ناوی عەشیرەتن) ئەوا یائی نسب وەرناگرن. چونکە ئەگەر ئەوە راست بێ دەبێ بە کەسانی سەر بەو عەشیرەتانە (خۆشناو، بلباس، جاف، مامەش (بڵێین (خۆشناوی، بلباسی، جافی، مامەشی)، لە کاتێکدا دەڵێین (ئازاد خۆشناو، حمید بلباس، حەمە سەعید جاف، جەلال مامەش).

زۆڵەکورد و زۆڵەشەڕ

زۆڵ، لە ناوچەی سلێمانی و هەندێک ناوچەی دیکە بۆ منداڵی باوک نەناسراو بەکاردێت و بیژی و بیژوو هەر بۆ هەمان مەبەست خەڵکی بە منداڵی باوک نەزانراوی دەڵێن، یان بەو جۆرە منداڵانە دەڵێن حەرامزادە، واتە بە حەرامی و ناشەرعی لەدایک بوون. جاری وا هەیە وشەی (بیچ) یشی پێ دەڵێن و من لە کۆیە زۆر جار گوێم لێ بووە بە بیژییان گوتووە بیچ و من بە تورکیم دەزانی و بۆ دڵنیا بوون لە کاک (ئەحمەد ئیسماعیل)م پرسی کە تورکیی باش دەزانێ و گوتی تورکییە. هەندێک دەنکە نۆک کە وشک دەبن ڕەنگیان قاوەییە و لە دەنکەکانی دیکە بچووکترن لەسلێمانی پێی دەڵێن (زۆڵک) و لەکۆیەو ناوچەی هەولێر و گەلێک ناوچەی دیکە پێی دەڵێن (بیژۆک)، زۆر جار بەکەسانی زیرەک و وریاش دەگوترێ (زۆڵ) یان (بیژی) و لە مانا حەیابەرەکەی دەردەچێت و پەسنێکی جوان بە کەسەکە دەبەخشێ. جارێکیان

بابەتێکم نووسی ڕەنگە بێ سوود نەبێ و لەم نووسینە دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم ئەگەر سوودیشی نەبێ زیانی نییە، وەکو عەڕەب دەڵێن (فی الإعادة إفادة). کاک حەمە فەرەجی مەلا سمایل باوکی مامۆستا فەرەیدوونی زیندەوەرزانی و مامۆستا فۆاد کە پیاوێکی قسەخۆش و ئەدەب دۆست بوو و شیعری زۆری لەبەر بوو و جوانیش دەیخوێندنەوە و هەمیشەش جگەرە بە لالێویەوە بوو، ئەم سەرگوزەشتە خۆشەی بۆ گێڕامەوە و گوتی :

ئەندامی لیژنەی فەحسی تووتن بووم لە قەڵادزێ و سەرۆکی لیژنە غەفوراغا بوو. تووتنی ئاغایەکی پژدەریمان فەحس دەکرد و پێشی ڕاگەیاندبووین کە بۆ نانی نیوەڕۆ لەماڵی ئەوانین. ڕۆژەکەی زۆر سارد بوو تفت هەڵدایە دەیبەست. کابرایەکی ئینگلیزیش لەگەڵ ئێمە دەعوەت کرابوو و ناوەکەی وەک لەبیرم مابێ لەچمەن یان چەکمەن بوو. نیوەڕۆ کە چووینە دیوەخانی ئاغا سۆبەی دار نێڵە نێڵ دەسووتا و ژوورێکی گەرم و خۆش. نانی نیوەڕۆ سەروپێیەکی ئاغایانە بوو. دوای نان خواردن زۆپا دامردەوە و بە ئەستیوێک (ئەستیو لە خاکەناز بچووکترە و لە ئاسن دروست دەکرێت و ئەستووریشە و هەردوو لای هاتۆتەوە یەک بۆ ئەوەی کە پشکۆ ئاگری سۆبە دەردێنن نەکەوێتە خوارەوە). پشکۆی ناو سۆبەیان کردە مقەڵەیەک. پشکۆگرێکی شینی جوانی لێ بەرز دەبۆوە. ئینگلیزەکە گوتی: باشە من ئینگلیز و ئێوە کورد ئەو شتە چەند ناوی هەیە. یەکێک گوتی پشکۆ، یەکێکی دیکە گوتی پۆلوو(لەناوچەی پژدەر وای پێ دەڵێن)، یەکێکی دیکە گوتی سکڵ وەک ناوچەی شارەزوور. ئیدی وەستاین. گوتی چیدیکە ؟ گوتیان هەر ئەوەندەیە. گوتی نەتانزانی، (پەنگر)یشی پێ دەڵێن. لەڕاستیدا لە خۆشناوەتی و ناوچەی ڕواندزیش وای پێ دەڵێن. یەکێک پێی گوت بەخوا زۆڵی. یەکێکی دیکە پێی گوت ئاگات لیزەکە گوتی: مەبەستی ئەوە نییە، ئەگەر یەکێک زیرەک بێ کورد پێی دەڵێ زۆڵ. یەکێکی دیکە گوتی ئینجا سەلماندت کە زۆڵی.

زۆڵە کورد بەهەموو ئەو کەسانە دەڵێن کە دژی ئامانج و ئاواتی گەلەکەیان بوون و دەبن جا بە هەر ناوێک بێ و ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، چونکە بەداخەوە ئێمەی کورد لەو جۆرانەمان زۆرە و مایەی شەرمەزاریشە و چەند شانازیی بە ئازایەتی و نەبەردیی خۆمانەوە دەکەین، زۆر بەخۆمان دادەشکێینەوە کە باسی جاش و بەکرێگیراو دەکرێ و نازانم گەلانی دیکەش هەر وەکو ئێمەن، یان ئێمە لەم ڕووەوە پێشەنگێن. وشەی جاش بۆ هاوکارانی حکوومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عیراق

بەکار دەهات. وەکو هەندێک کەس دەڵێن بەو خۆفرۆشانە دەگوترا کە هاوکاری دەسەڵات بوون بۆ هێرش کردنە سەر (خولە پیزە)کە لە ناوچەی سلێمانی دژی دەسەڵات بوو و چەندان پۆلیسی کوشت و پێیان دەگوتن (جاشپۆلیس). هەندێکی دیکە دەڵێن ئەو ناوی جاشپۆلیسەیان بەو کەسانە دەگوت کە دژی حکوومەتەکەی شێخ مەحموودی نەمر بوون. بە هەر حاڵ ئەو ناوە لەو کەسە ناپاکە نرا کە دژایەتیی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیان دەکرد و پۆلیسەکە قرتێنرا و جاشە ڕووتەکە مایەوە و تەنانەت هەندێکیان پێیان شەرم نەبوو خۆیان بە خۆیانیان دەگوت جاش. من ئەو جاشە ئاشکرایانەم زۆر لا شەریفترە لەو کەسانەی پەردەیەکی تەنکی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری لەخۆیان دەئاڵێنن و هەموو (عەیب و عارێکیان(بە دەرەوەیە و دەشبێ دەستیان بۆ بە سینگەوە بگرین و بڵێین (سەددەقتە یا مێلم مریشک هێلکەی سپی دەکات). بەلای منەوە ئەوانە زۆر مەردتر و شەریفترن لەو کەسانەی ماڵ و سامانی وڵات بەبەرچاوی میللەتەوە دەدزن و بە تالانی دەبەن و خۆشیان بە پاڵەوان دەزانن. کە پێشمەرگە لەو شاخانەش بوون، لە کاتێکدا ژمارەی فەوجی خەفیفە لە ٣٥٠ تێپەڕیبوو کە ژمارەی هەر فەوجێک ١٠٠٠جاش بوو، جگە لە هێزی تایبەت و مەغاویری ڕژێم ئەو سەدان هەزار سەرباز بە تازەترین تانک و تۆپ و فڕۆکەی جەنگی و پێشمەرگەش بە بڕوای کوردایەتیی ڕەسەنەوە گیانی خۆی خستبووە سەر لەپێ دەستی، کەچی لایەنەکان لەو بارودۆخە ناهەموارو مەترسیدارەدا بە ناوی داکۆکی کردن لە کورد تێک بەربوو بوون و ئەوەندەی ئەوان لە یەکتریان کوشت ڕژێم بۆی نەکرا نیو ئەوەندە بکوژێ. ئەوەی ئەوان دەیانکرد لە پێناوی دەسەڵات و زەعامەتدا زۆڵەشەڕ بوو، کە تائێستاش هەر بەردەوامە و دەیانەوێ بە یەکتر کوشتن کورد بەئامانج بگەیەنن. ئەمە یەکێک بوو لە زۆڵەشەڕەکان کە هەندێک بێ باوک بوون و هەندێک جار بە بارە باڕ و بەئاشکرا باوکە ناپەسەندەکانیان دیار بوون و دەستیان لە پشتیان دەدان و تێکیان بەردەدان. شەڕ و جەنگی بە باوک و دایک لە نێوان زلهێزەکان ڕوویان داوە و زوێڵە چەرمیان بەیەکدیکە نەهێشتووە و دوای هیلاک بوونیان بۆ ماوەیەک دامرکاونەتەوە و هەر کاتێکیش بۆیان کرابێ تێ هەڵچوونەتەوە و تێک بەربوونەتەوەوە. زۆڵەشەڕی بچووکەکانە کە لە جیاتی دەسەڵاتدارە دەسترۆیشتووەکان کردوویانە و بۆ چاوبەستەکێی خەڵک پەردەی پیرۆزی و ڕەوایەتییان پێدا داوە. ئەوەتا ئەو

زۆڵەشەڕە ماڵوێرانکەرەی روسیاو ئۆکرانینا لەبەر ئەوەیە کە زیلینسکی لەجیاتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دژایەتی روسیا دەکات، دەنا هیچ یەک لە روسیا و ئەمریکا فریشتە نین هەردووکیان بۆ وەدی هاتنی بەرژەوند و قازانجی خۆیان کام تاوان قێزەون و دوور لە بەهای مرۆڤایەتییە دەیکەن و هەردووکیان گەل و میللەتان تێک بەردەدەن. زۆڵە شەڕی یەمەن و لوبنان و عیراق و لیبیا و چەندان وڵاتی ئەفریقا هەمووی دەستی دەوڵەتانی هەرێمایەتییان تێدایە و زیان لێ کەوتووی سەرەکیش ئەو وڵات و میللەتانەن کە زۆڵەشەڕ لە جیاتی دەوڵەتە لەخۆ گەورەترەکان دەکەن، بەڵام بۆ نەگبەتیی کورد ئێمە لە زۆڵەکورد پشکی شێرمان بەرکەوتووە و هیچ میللەتێک ئەوەندەی ئێمە جاشی نەبووە، کە دوای ڕاپەڕین لێ خۆش بوونیان بۆ دەرچوو و لە جیاتی ئەوەی دادگایی بکرێن، هەندێک جاش لە باشەکان زیاتر ڕێزیان لێ گیرا و هەر وەک خوا لێخۆشبوو فەلەکەدین کاکەیی دەڵێ هەندێکیان بوونە پەرلەمانتارو هەیان بوو کرا بە وەزیر و هەشیانە دیوەخانانەی بۆ بڕاوەتەوە و جاش پاشایانە دەژی و قوڕیش بەسەر پێشمەرگە. بەداخەوە پێوانەکە گۆڕاوە و زۆڵەکورد و زۆڵەشەڕ لە کوردستان دەبێ بخرێنە مەوسووعەی گینتس چونکە ئێمە لەم ڕووەوە پێشەنگین.

ئینجا با ئاوڕێک لە کەرو گا بدەینەوە کە هەندێ زمانزانی ئاخرزەمان درنەیان لێ داگرتوون و بێزیان نایە ڕوویان تێ بکەن. بەڵام بە ئاڵنگارییەوە دەڵێم زۆر کەس لەوانەی خۆیان بە پێشەنگ دەزانن و بە تایبەتی لە ڕووی زمانی کوردییەوە، ئەگەر سەت ساڵیش بژین ئەوەندەی کەرو گایەک خزمەتی مرۆڤایەتییان پێ ناکرێ و شارستانی لەسەر پشتی کەر و شان و ملی گا دروست بووە و کام باری قورس بووە بە پشتی کەر گوێزراوەتەوەو کام زەویش ڕەقەن و نەکێڵ بووە بە شان و ملی گا کێڵراوە.

دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناو شار، هەندێکیان کەچاویان بە پارە کەوت شاگەشکە بوون و ئەوانەی تا دوێنێ گیانی خۆیان خستبووە سەر دەستیان و هەموو شتێکیان لا هەرزان بوو لە پێناوی ڕزگاریی کوردستان، ئەمڕۆ سینگەڤو باز بەرەو سامان و پارەو ماڵی دنیا دەچن و هەندێک لایەن بە تەواوەتی دەستیان بەسەر داهاتی کوردستاندا گرت. ئەگەر جاران لە سەردەمی شاخ خەبات و قوربانیدان تاکە ئامانج

و مەبەست بوو، ئەمڕۆ خۆ دەوڵەمەند کردن و ماڵ و سامان پێکەوەنان بوو بە مەبەستی سەرەکی و سەرەنجام شەڕی ناوخۆی لێ کەوتەوە و گەندەڵیش بوو بە ناوێکی شەرمنانە بۆ دزی و هەرچەندە هەردووکیان هەر بەکن.

لەمەش خراپتر ئەو لێشاوی ڕاگەیەنکارە نەزانانە بوو کە بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی وەک ڕۆژنامە و گۆڤارو ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی حزبەکان وەربوون و نەزانانە کەوتنە بژارکردنی زمانی کوردی و هەموو ئەو بینایە پتەوەی مامۆستاو دڵسۆزانی زمانی کوردی هەڵیانچنیبوو ئەوان کەوتنە تێکدان و ڕووخاندنی بە بیانووی دروست کردنی زمانێکی مۆدێرن بۆ کورد و بەڕای ئەوان کەموکووڕیی زۆر لە زماندا هەیە، سەرەتا ملی بڕگەی (کەر و گا(یان کرد و، بیلامانی، هی کەرەکەیان درێژ کردەوەو هی گاکەشیان کورت کردەوە، یاریکەر بوو بە یاریزان و نوێژکەر بوو بە نوێژخوێن و پیشکەشکەر بوو بە پیشکەشکار، ئەم هەنگاوە نابەجێیە لە هەولێر لە ڕۆژنامەی گوڵان کە دوایی بوو بە گۆڤار سەری هەڵدا و کادرو ڕاگەیەنکارەکان پەیڕەویان کرد و تا سەرەنجام هەندێک کەس نەزانانە پەیڕەویان کرد.کە لە هەولێر بووم، پێم وایە ساڵی١٩٩٨ بوو گوتارێکی ڕەخنەئامێزم لە گۆڤاری ڕامان نووسی بە ناوی (کێشەی زمانی کوردی لە نێوان کەر وگادا (دوای ئەوە گوتارێکم لە ڕۆژنامەی کوردستانی نووسی گوتبووم (واپێت دەڵێم شەقیش بەری پێشەشکار نیت پێشکەشکەری(. لێرە لە سلێمانی ناو بەناو تەلەفۆنم لەگەڵ خوا لێ خۆشبوو (فیصل دێهاتی(دەکرد. جارێکیان باسی ئەو دیاردە مەترسیدارەم کرد، کەچی فیصل گوتی ئەوەی ڕاستی من دەستم بەو کارە کرد، چونکە ئەو کەرو گایەم بەلاوە ناشیرین بوو. گوتم برا بەڕاستی کارێکی خراپت کرد و ئێستا دەمانەوێ ڕاستی کەینەوە و بۆمان ڕاست ناکرێتەوە و کورد زۆر باشی گوتووە (بەردێک نەزان بیخاتە گۆمەوە بە سەت زانا نایەتە دەر(. ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێ و نامەوێ زۆر درێژی کەمەوە نەوەک هەندێک خوێنەری بەڕێز بێزار بن و بڵێن دوور و درێژە، بۆیە لێرە بەجێتان دێڵم بۆ خرتکەو پرتکەیەکی دیکە، کە باسی هەندێک شتی سەیرتان بۆ دەکەم. جارێ خواتان لەگەڵ و هیوای خۆشی و سەلامەتیتان بۆ دەخوازم.

دیسان بادەدەمەوە بۆ لای کەر و گا، کەر و گای چوار پێ نەک هی دوو پێ، چونکە کەر و گای دوو پێ مەترسیدارن و جووتە دەوەشێنن و قۆچ دەهاوێن. وەکو گوتم من لە ساڵی ١٩٩٨ گوتارێکی توانج ئامێزم لە گۆڤاری ڕامان بڵاو کردەوە بەناوی (

کێشەی زمانی کوردی لە نێوان کەر وگادا(. لەو گوتارەدا ئاماژەم بۆ هەندێک لایەن کردبوو سەبارەت بەو دوو بڕگەیەی هەندێک نووسەری تازە سەرهەڵداو لێیان بووە بە کێشە و مایەی سەرئێشەن بۆ ئەوان وسروشتی ناسکیان دەڕووشێنێ. هەنگین گوتبووم و ئێستاش دەیڵێمەوە ئەو دوو بڕگەیە هیچ پەیوەندییەکان بە کەر و گاوە نییە و پێویست ناکا زیاتر ڕوونی بکەمەوە. نووسەر وشاعیرانی زوومان بەکاریان هێناون و شەرمیشیان پێ نەبووە، چونکە نیازیان پاک بووە. ئەوانەی پێیان تیک دەچن وەکو ئەو مەلایە وان کە دەڵێ ناشێ ژن دەست لە مۆز و تەرۆزی و ئاروو بدات، بەڕای ئەو چونکە لە (ک..(دەچن. ئەو مەلایە چۆن هیچ جوانییەک لە ژندا نابینێ وهەر بیری بۆ نێوان ڕانی ژن دەچێ، ئەو نووسەرانەش هەر بیریان بۆ بڕگەی کەر و گا دەچێ، کە بە ڕای ئەوان مایەی شەرمە لە زمانی کوردیدا. هەندێک نموونە دەهێنمەوە : گەڕەکێک هەیە لە سلێمانی بە ناوی (سابوونکەران (و ڕەنگە خەڵکی ئەو گەڕەکە هەندێکیان سابوونیان دروست کردبێ و نەسابوونەکە بووە بە کەر و نەخەڵکەکەش و ئێستا تۆ بێیت و بڵێی ئەو ناوە ناشیرینە و بیکەی بە (سابوونکاران(. هەموو کورد دەڵێ مریشکی هێلکەکەر و تۆ بیی وبیکەی بە مریشکی هێلکەکار. بە ئیشکەر بڵێی ئیشکار. ناشیرینییەکە لە وشەکەدا نییە، بەڵکو لە شێوەی بیرکردنەوەو نەزانیی ونەشارەزایی ئەو کەسانەدایە، کە پێیان وایە ئەمە نیشانەی نەنگی و شەرمەزارییە. کێشەکە لە بەدنیازیی کەسەکەدایە، نەک وشەکە. برادەرێک لە دیدارێکدا گوتبووی (ئەدەب و سیاسەت تەواوکەری یەکترن). تەلەفۆنم بۆ کرد و گوتم دەستت خۆش بێ و باش بوو وێرگول(فاریزە)ت لە نێوان ئەدەب و سیاسەت دانەناوە. ڕستەکە بەو شێوەیە هیچ لێکدانەوەیەکی خراپی تێدا نییە. بەڵام ئەگەر یەکێک نیازی پاک نەبێ دەڵێ (ئەدەب و سیاسەت تەواو، کەری یەکترن) و هەنگین هەردووکیان دەکرێن بە کەری یەکتر. گوتیان مامۆستایەک لە گوندێک بوو و خەڵکەکەی زۆر ڕێزیان لێ دەگرت و نەیاندەهێشت دەست بە ئاوێدا بکات هەمیشە خواردنی لەسەر خەڵکی گوندی بوو. سەری مانگان کوێخا دەچووە سەر شوێنێکی بڵندی ئاوایی و هاواری دەکرد خەڵکینە مامۆستا کەرەو ماستی دەوێ، چونکە سیەینێ دەچێت بۆ شار بۆ مووچە وەرگرتن. ئەم ڕستەیە زۆر تەواوە و مانای ناشیرین هەڵناگرێ. بەڵام ئەگەر کوێخا بڵێ ((مامۆستا کەرەو، ماستی ئەوێ، ئەوا بۆ مامۆستا باش نییە. ساڵی ١٩٧٣ ئەندامی لیژنەی وەرگێڕانی کتێبی (

التربية الزراعية) پۆلی پێنج و شەش بووم، بۆ ناوەکەی من پێم باش بوو بەشێوەی زمانی خەڵکی لادێ بڵێم (ڕەنێو هینانی کشتوکاڵ (چونکە لە لادێ ڕەنێو هێنان بۆ بەخێوکرنی مەڕومالات و پەروەردە و کۆکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵیش بەکاردێ، بەڵام چونکە ئەو سێ مامۆستایەی لیژنەکە، کە یەکیان دکتۆریش بوو ژیانی لادێیان نەدیبوو بە قسەیان نەکردم منیش بە نابەدڵی بەدڵی ئەوانم کرد. کتێبی پۆلی شەشەم باسی دۆ و ڕۆنەکەرەی تێدا بوو. دەڵێ ماست و ئاو دەکرێنە مەشکەوە و بۆ ماوەوەیەکی باش دەژەنرێ و چەوریی ماستەکە کۆدەبێتەوە و دەبێ بە ڕۆنەکەرە، یان فەریکە ڕۆن، یان نیڤیشک و ئەوی دیکەش پێی دەڵێن دۆ. هەندێک جار دۆیەکە تامی مەشکەکە دەگرێ کە پێستی گوێرەکەیە، بۆیە بە جەوت و مازوو خۆشی دەکەن و تامی پێستەکە دەبڕێ و یان لەنێو بەرمیلی ئەلەمنیۆم دەژەنرێ و ئەویش تامی دۆیەکە ناخۆش دەکات، بۆیە لە نێو بەرمیلی دار دەیژەنن. من بەرمیلی دارم نەدیبوو و بەرمیل هەر ئاسنە وەکو بەرمیلی نەوت و شتی دیکە. زوو زوو دەچووم بۆ لای (مامۆستا محمدی شەلماشی) کە پیشنوێژو گوتاربێژی خانەقای مەولانا بوو و دوایی کەوتە هەندەران و ئێستا بەسەردان هاتۆتەوە و بەڵام بەداخەوە کەوتووەو قاچی شکاوە و هیوای زوو چاک بوونەوەی بۆ دەخوازم. ئەو پیاوێکی قسەخۆشی گفتار شیرین و کوردیزانێکی باشە. گوتم مامۆستا من بەرمیلی دارم بەو گەورەییە تەنیا لەفلیمەکانی هۆلیود وئەوانە دیوە کە کاتێ شەڕە دەمانچە دەکەن بەر بەرمیلی داری بیرەو شەراب دەکەوێ و کون دەبێ و مەیەکە دەڕژێ. یان بەرمیلی بچووکم لە شۆڕیجەی بەغدا دیوە کە عەنبەو بەهاراتی هیندی تێدا دەهێنن. مامۆستا پێکەنی و گوتی ئەو بەرمیلە دارە لای ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە و پێی دەڵێن (نێرە). مەلایەک هەبوو لە گوندی (سۆغانلوو) ی سەر بە لاجان، وەک مەلا بوو، دەستی دارتاشیشی هەبوو و نێرەی دروست دەکرد و پێیان دەگوت (مەلانێرەکەر) واتە نێرە دروستکەر و ئەوی دیکەش. ئیدی نیاز پاکی و بەدنیازیی خەڵکی لێرەدا لە شێوەی بەکار هێنانی وشەکە دەردەکەوێ. زۆر وشەمان هەیە ئەو کەرە بێزارکەرەی ئەفەندییانی سەردەمی نۆژەن کردنەوەی زمانی کوردی تێدایە. ئەوەتا پەندە کوردییەکە دەڵێ (ئەوەی لە گووکەری هەڵدەکەوێ، لە ڕاوکەری هەڵناکەوێ(. هەندێک کردوویانە بە ڕاوچی، کەواتە دەبێ لەمەودوا بڵێین ئەوەی لە گووچی هەڵدەکەوێ لە ڕاوچی هەڵناکەوێ، یان بە پێی ئەو مۆدێرنبازییەی زمانزانانی خاوەن بەکالۆریۆس بێ، دەبێ

بڵێین ئەوەی لە گووکاری هەڵدەکەوێ، لە ڕاوکاری هەڵناکەوێ. ئەو کۆمەڵەیەی دڵدار و هاوڕێیانی لە کۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکان دروستیان کرد ناوی (دارکەر) بوو و ئەقڵیان پێنەشکا بڵێن دارکار. دیلان دەڵێ (شوان کوڕی شەو گەرمکەر بوو بە فووی شمشاڵ) و گۆران دەڵێ (ڕاوکەری دارستان لەباڵدار پیسکەر) و بە داخەوە هەموو شیعرەکەم لەبەر نییە. تۆ بڵێی ئەوانەی لەبەر نمرە کەمی خزێنراونەتە بەشی کوردی لەو کەڵە زمانزانانەی لەمەوپێش کوردیزانتر بن ؟ بە دڵنیایی دەڵێم نا، چونکە ئەوانە بەخواست و ئارەزووی خۆیان و لەبەر خۆشەویستیی زمانی کوردی نەچوونەتە بەشی کوردی.

ئینجا با سەرێکیش لە گا خوار کەینەوە. ئەو برادەرانە هەستان هەموو بڕگەیەکی گایان کردە (گە) ئاگاداری بوو بە ئاگەداری، جێگا و ڕێگا بوون بە جێگەو ڕێگە. بەڕای من نابێ زمانمان لە قاڵب بدرێ و چونکە هەندێک وشە هەن ناکرێ ئەو گۆڕینەی تێدا بکرێ. شەوگار و ڕۆژگار و یادگار ناکرێ بە دەردی ئاگاداری بچن و بکرێن بە شەوگەر و ڕۆژگەر و یادگەر. دوای ئەوە بازرگان چی لێ دەکەی ؟ گوندێک لە ناوچەی پێنجوین ناوی (ڕاوگان)ە. ئەی بێگانە خۆ نایکەیە بێگەنە و هەندێک ناوێرن بەکاری بێنن و دەڵێن بیانی. لە هەندێک ناوچە دەڵێن بیانی و لە هەندێک شوێنیش دەڵێن بێگانە و پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ (بێگانە یەک مەیدانە(وهیچ پەیوەندییەکی بە (بێ گانە)وە نییە. دۆستێک دەڵێ نابێ بڵێین کۆمەڵگا و دەبێ بڵێین کۆمەڵگە. منیش دەڵێم هەردووکیان بەکاردێن و لە هەندێک باردا دەڵێین کۆمەڵگا و جاری واش هەیە دەڵێین کۆمەڵگە. هەروەها سەبارەت پیشانگاو پیشانگەو. تائێستا نەمبیستووە بڵێن یاریگەو هەر دەڵێن یاریگا. ئەگەر بیانگە یۆ ئەمە ئەوە بێ گوایە فارسییە، فارس دەڵێن (پیشانگاه) و دوای ئەوە ئێمە زۆر وشەی هاوبەشمان لەگەڵ فارس هەیە وەک (نان، دەست، پا، سینگ(. هەندێک وشە هەن کە بە پیتی (گ) کۆتاییان هاتووە وەک (جەنگ، مەرگ، مێرگ، بەرگ، ڕەگ، شۆخ وشەنگ، دەنگ) و گەلێکی دیکەش. دەڵێن ئەو جەنگانە بوونە هۆی مالوێرانی و کوشتاری زۆر، بۆ جوانەمەرگان فرمێسک دەبارێنم، بەرخەکان لەناو ئەو گۆڵ مێرگانە تێر گیا دەخرن، بەو جل و بەرگانەوە دەڵێی شازادەی،ئەو ڕەگانە تەمەنی داربەڕوو درێژ دەکەن، ئەو کچە شۆخ و شەنگانە شاییەکەیان گەرم کرد، ئەو دەنگانە هەمووی ساختەن و دیارە ئەو وشانە هیچ پەیوەندییەکیان بەگاو گانەوە نییە.

نموونە زۆرە، بەڵام مەرج ئەوەیە ئەو کەسانەی مەبەستی منن تێی بگەن و بەو نەزانییەیان خۆیان بە فیرعەونی زمان نەزانن. من جارێکی دیکەش گوتوومە، زمانی کوردی زۆر شیرینە و هیچ کەموکووڕییەکی نییە و ئەگەر ئەو برادەرە نوێخوازانە لێی بگەڕێن لە ڕێزی زمانە زیندووەکانە و لە تورکی و فارسی زۆر پاکتر و جوانترە، بەڵام هەندێک نەزان خەریکن ناشیر ینی دەکەن. دیسان جێتان دەهێڵم بە خوای تاک و تەنیاتان دەسپێرم خوا یاربێ لە دەرفەتیکی دیکە دێمەوە خزمەتتان.

هەواڵنامەی کتێب

ئێزیدییەکانی یەکێتیی سۆڤییێتی جاران

ئەستێللە ئامی دێ لا برێتێك

لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

ئێزیدییەکان کەمینەیەکی ئاینین، بە زاری کرمانجی دەئاخڤن (کوردیی باکوور) و بە سەر باکووری عێراق، سووریا، قەوقاز (ئەرمینستان و گورجستان) و ڕۆژاوای ئەورووپادا بڵاو بوونەتەوە. ئەمڕۆ گەورەترین گرووپی ئێزیدی لە باکووری عێراقدا دەژین، کە زێدی زۆربەی زۆری شوێنە پیرۆزەکانیشیانە. ئەو ئێزیدییانەی لە قەوقازدا جێگیر بوون لە ماوەی سەدەی نۆزدە و هەروەها لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیشدا ئەنەدۆڵیان بەجێهێشتووە. لە سەردەمی ڕووخانی یەکێتیی سۆڤییەتەوە، بێکاری و گرژی و ئاڵۆزیی ئیتنیکی زۆرێک لە ئێزیدییەکانی پاڵپێوەنا لە قەوقازەوە بەرەو ڕووسیا، ئۆکراینا یان ئەورووپای ڕۆژئاوا بڕۆن. ئەم باسەمان: (١) لە بوونی کوردانی ئێزیدی دەدوێت لە یەکێتیی سۆڤییەتدا و چاو خستنە سەر ڕۆڵیان لە پەرەپێدان و پێشخستنی توێژینەوە کوردییەکان و دەزگا و دامەزراوە کوردییەکان و هەروەها (٣) ویناکردنی چۆنێتیی پەرەسەندنی بوونی ئێزیدی لە پاش کۆتاییهاتنی یەکێتیی سۆڤییەت و بە تایبەتیش تیشک دەخاتە سەر مشتومڕە نوێیەکان لەبارەی شوناس و پەیوەندییەکانی نێوان ئێزیدییەکان و جووڵانەوەکانی کورد لە تاراوگەدا (دیاسپۆرا).

کوردەکان و ئێزیدییەکان لە یەکێتیی سۆڤییەتدا

نیشتەجێبوون و سەرژمێرییەکان:

کوردە ئێزیدییەکانی یەکێتیی سۆڤییەت لەو وڵاتەوە هاتوون کە ئێستا کۆماری تورکیایە لە ئەنجامی دوو شەپۆلی کۆچکردندا، کە یەکەم شەپۆلیان لە ماوەی جەنگەکانی ڕووسیا و عوسمانییەوە بوو لە سەدەی نۆزدەدا (١٨٢٨ - ١٨٢٩ و ١٨٧٩ - ١٨٨٢(، شەپۆلی دووەمیش لە ماوەی جەنگی جیهانیی یەکەمدا بوو، بەتایبەتی لە پاش قڕکردنی بەکۆمەڵی ئەرمەن لە ١٩١٥ - ١٩١٦دا کەوا ئەرمەن و ئێزیدییەکانی کردبووە ئامانج. ئێزیدییەکان لە ناوچەکانی وان و قارس و دۆغۆبایەزیدەوە کۆچیان کردبوو و لە پێش کۆچکردنیاندا بەشێکی دانەبڕاو بوون لە کارلێکی خێڵە کوردەکان لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا. ئێزیدییەکان لە حەیبەت ستەم و چەوساندنەوە لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا هەڵاتوون و پەنایان بردووەتە بەر ئیمپراتۆرییەتی ڕووسی٢. ئێزیدییەکانی کەوا لە شەپۆلی یەکەمدا کۆچیان کردبوو بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناوچە شاخاوییەکانی ئاراگاتزدا (ناوچەکانی ئاپاران و تالین(جێگیر بووبوون. ئەو ئێزیدییانەش کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا کۆچیان کردبوو لە

گوندەکانی پێدەشتەکاندا نیشتەجێ بوون (لە ناوچەکانی ئەشتەراک و ئیچمیادزین و ئارماڤیر(. دواتر لە ساڵانی ١٩٣٠کاندا، هەندێک لە ئێزیدییەکانی ناوچەی ئاپاران لە تبیلیسی نیشتەجێ کران بۆ کارکردن لە کارگەکاندا.

لەواقیعدا، کوردە موسڵمانەکان پێشتر لە ناوچەکانی پشت قەوقازدا (ترانسقەوقازیا(دەژیان، کاتێ کە ئێزیدییەکان ڕۆیشتنە ئەوێ و ئەوان لە سەدەی هەژدەدا ڕۆیشتبوون کاتی کە ئەو خاک و ناوچانە بەشێک بوون لە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و پاشان بوون بە ڕەعییەتی تساری ڕووسیا، کاتێ کە ناوچەکانی پشت قەوقازی لە ماوەی سەدەی نۆزدەدا داگیرکرد٣ (کاراتینی، ١٩٩٠: ١٢١). ئەوان لە کۆمەڵگەکانی یەکێتیی سۆڤییێتدا زیاتر بە "نەتەوە na-tionality" دەناسران وەک ئەوەی بە باوەڕی ئاینییان بناسرێنەوە٤. بەو پێیە ئێزیدییەکانیش هەر بە "کورد" لەقەڵەم دران شانبەشانی موسڵمانە کوردەکان. لە پاش ساڵی ١٩٢٦، ئەم پۆلێنکردنە لە ئەژماری سەرژمێرییەکانی سۆڤییێتیدا وا ڕەنگیدابووەوە کە چیتر ئایین و باوەڕ پێوەر نەبێت بۆ گەل و نەتەوە و کەمینەکان و بە ڕێگەی جۆراوجۆر تەگەرە خرایە بەر ئایین و ڕەگەز یان نەتەوە بوو بە پێوەری ئەوەی کە ئەم گرووپانە سەر بە چ لایەکن و بەو پێیە، کوردە موسڵمانەکان و ئێزیدییەکان لە ئامار و سەرژمێرییەکاندا هەر هەموویان بە کورد دانران. سەرژمێریی گشتیی ساڵی ١٩٢٦ی سۆڤییێت ٥٤٦٦١ کوردی تۆمار کرد، ئەوی ١٩٣٩، ٤٥٨٦٦ کوردی تۆمار کرد و ساڵی ١٩٥٩ ژمارەیان گەیشتە ٥٩ هەزار (لەگەڵ ٢٦ هەزار لە ئەرمینیا و ١٦ هەزار لە جۆرجیا) (ئەریستۆڤا، ١٩٦٦: ١٩؛ چەتۆییڤ، ١٩٦٥: ٩). دوابەدوای سەرژمێریی گشتیی ساڵی ١٩٥٩، بێننیگسن (١٩٦٠) نووسیوێتی کەوا لە یەکێتیی سۆڤییێتدا، ٢٦ هەزار کورد لە ئەرمینیادا دەژین، لە جۆرجیادا ١٦ هەزار، لە ئازەربایجان ژمارەیەکی گرنگ و بەرچاو کورد لە ناوچەی گەنجە و کۆماری ئۆتۆتۆنۆمیداری نەخچەواندا دەژین، بەڵام نازانرێت ئەو ژمارەیە چەندە) ٥ و لە تورکمانستانیش (چەند هەزارێکیان لە نزیک سنووری ئێران نیشتەجێن).بەهەرحاڵ، زۆربەی زانا و توێژەرەکانی بواری کوردناسیی سۆڤییێت (کورۆلۆجیست) وایدادەنین کە ئەم ژمارانە لە خوار خەمڵ و مەزەندەی ژمارەی ڕاستەقینەی دانیشتووانی ڕاستەقینەی کوردەوەن لە یەکێتیی سۆڤییێتدا. بە درێژایی ساڵانی ١٩٥٠کان نووسەران خەمڵ و مەزەندەی بەرزتریان داوە و ئەریستۆڤا

(١٩٥٤) بە ١٥٠ هەزاری داناون و لای کوردۆییڤ (١٩٥٧: ١٠) ١٢٠ هەزار بووە و مەحموودۆڤ (١٩٥٩) بە ١٦٠ هەزاری لەقەڵەم داون.

لە ساڵانی ١٩٩٠کاندا، تەنانەت لە پاش ڕووخانی یەکێتیی سۆڤییێتیش ژمارەی جۆراوجۆری خەمڵ و مەزەندەی دانیشتووان هەر بەردەوام بوو. سەرچاوە نووسراوەکان. سەرچاوە نووسراوەکان (کتێب و ڕۆژنامەکان(بەعادەت ژمارەی کوردیان بەو جۆرە دادەنا کە ئەوانەی نیشتەجێی ئەرمینیان ٦٠ هەزار و جۆرجیاش لەنیوان ٤٠ بۆ ٥٠ هەزار دەژین (کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە تبلیسین((کاراتینی، ١٩٩٠: ١٢٠ – ١٢١). بەڵام لیۆنیداس تی. کریزانتۆپاولۆس لە کتێبەکەیدا "تۆمارەکانی قەوقاز" باس لەوە دەکات کەوا "لە ساڵی ١٩٩٣دا لە نێوان ٦٠ تا ١٢٠ هەزار کورد لە ئەرمینیادا ژیاون. ئەم ژمارەی دواییەش لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە بەدەستم هێناوە و ئەوی پێشووش لە لایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوە. هەرچەندە ئایین هیچ کاتێ مەسەلەیەک نەبووە بۆیان کە بە توندی کێشەیان بۆ دروست بکات، بەڵام ١٠ هەزار لەوان ئیسلامی سوننە بوون و ئەوی دواییشیان ئێزیدی (کریزانتۆپۆلۆس، ٢٠٠٢: ١٤٥).

ئایین:

ئێزیدییەکان شوینکەوتەی ئێزیدیزمن. ئێزیدیزم (یان ئێزدیاتی)ئاینێکە، کە پێدەچێت لە لە باوەڕێکی ئێرانیی کۆنەوە هاتبێت و بچێتەوە سەر زەردەشتی یان هاوشێوەی بێت و گەلێ توخم و ڕەگەزی تیدایە کەوا لەگەڵ سیستەمی باوەڕەکانی تردا چوون بەناو یەکدا، چەشنی ئیسلام و مەسیحییەت و غنووسییەت٦. ئێزدیاتی دوو کۆڵەکەی سەرەکیی هەیە کە بریتین لە:

١. باوەڕ هێنان بەوەی کە دەچێتە ناو حەوت گیانەوەری پیرۆزەوە (دۆنایدۆن) کە دەگوترێ گوایە خودان و گرنگترینی ئەوانە مەلەکە تاووسە، یان فریشتەی تاووس.

٢. گرنگیی خاوێنی و پاکژ بوون، کەوا لە گەلێ شتی قەدەغەدا یان تابوو گوزارشی لێوە دەکرێت کە پەیوەندیدارن بە خواردن و پۆشاک و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی تاک و هەروەها یاسا و ڕێسای کۆمەڵایەتیی ژن و ژنخوازیی خزمان لەناو یەک گرووپدا، کە دوو گرووپیان ڕابەری ئایینین (پیر و شێخ) و گرووپێکیشیان ڕەشۆکی یان موریدن.

تایبەتمەندییەکی تری ئێزیدیزم، لانی کەم لە دۆخ و سیاقی ناوچەییدا، نەبوونی کتێبە پیرۆزەکانە. هەتا ئەم نزیکانەش، لە سۆنگەی نۆرم و نەریتی ئاینیی ئێزیدییەوە تەنانت نووسین قەدەغە بووە. لەئەنجامی ئەمەشدا، هەموو زانیارییەکی پیرۆز و سێکولار تەنها بەشێک بووە لە نەریتی زارەکی و جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان پراکتیزە کردنی ئێزیدییەکانی میسۆپۆتامیا ئێزیدییەکانی وڵاتانی پشت قەوقازدا.

لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، کۆمەڵگەکانی ئێزیدی بەگوێرەی سنوورە نێودەڵەتییە نوێیەکان دابەشبوون و بە درێژایی سەدەی بیستەم پەڕینەوە و بەزاندنیان تادەهات زیاتر ئاستەنگی بۆ درووست دەبوو. تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم میر واتە ڕابەری ئاینیی ئێزیدییەکان) لە شێخانەوە لە عێراق قەواڵی (واتە دەنگبێژی دەقە پیرۆزەکان) بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و ڕێنماییە ئاینییەکان و کۆکردنەوەی پارە٧. بە کێشانی ئەم سنوورانە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەو ئێزیدییانەی لە دەرەوەی عێراق دەژیان لەم ڕێوڕەسمانە دوورخرانەوە و ئێزیدییەکانی یەکیتیی سۆڤییێت و قەوقاز دەبوو تەنها پشت بە کەسایەتی و ڕابەرە ئێزیدییەکانی خۆیان ببەستن کە ژمارەیان کەم بوو و دەبوو سزا بدرایەن ئەگەر بە پیادەکردنی ئەم ڕێوڕەسمە ئاینییانەوە بگیرایەن (ئەلیسۆن، ٢٠١٧: ٤).

هەرچەندە ئایدیۆلۆجیای سۆڤییێتی هانی بێخودایی دەدا و ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە پێویستە ئایینەکان بسڕێنەوە، بەڵام بە کردار ئەمە ڕوویندەدا٨. ئاین لە کایەی گشتیی ژیاندا ئامادەگیی نەبوو، بەڵام لە کایەی تایبەتیدا هەر بە زیندوویی مابووەوە. بنەماڵەی پیاوە ئاینییەکانی (شێخ و پیر) بەردەوام بوون لە گواستنەوەی زانیارییەکانیان بۆ منداڵەکانیان (ئۆمەرخاڵی، ٢٠١٧: ١٣٩). سرووده پیرۆزەکانی (قەول و بەیتەکان(هێشتا هەر ئاشناییان هەبوو لای پیاوە ئاینییەکانی (کلێرگییەکانی(قەوقاز و بە زارەکی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی خێزان و ڕێوڕەسمەکاندا دەوترایەوە هەر کاتێ پێویست بووایە.

لە ناو ئێزیدییەکانی ترانسقەوقازدا، ژیانی ئایینی بە شێوەیەکی سەرەکی لە دەوری ستێر ster کۆبووبووەوە کەوا پەیکەر و سەکۆیەک بوو لە کەڵەکە کردنی خوری دروست دەکرا٩. ئەم جۆرە مەزارانە پێدەچێت لە سەدەی نۆزدەوە لە ئەنەدۆڵدا هەبووبێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لە عێراق و ئێراندا ئامادەگییان نەبووە١٠. لە قەوقازدا زۆرێک لە خێزانەکان ستێریان هەبوو لە ماڵەکانی خۆیاندا

و دەگوترێ گوایە ئەو ستێرانەی لە ماڵەکانی بنەماڵە ئاینییەکاندا بوون لەگەڵ هێزە جادووییەکاندا بەکارهاتوون. ئەمانە شوێنگەلێک بوون بۆ دەسەڵاتی ئوجاخ - واتە خێزان یان بنەماڵەیەکی پیرۆز - کە تێیدا پیرۆزی و پارێزگاری دابین دەکرێت لە لایەن پیر یان شێخەوە. ئەم ستێرانە لە ڕێگەی پەیوەستبوونیانەوە بە حۆرییەکەوە (کە گیانەوەرێکی نەبینراوە(یان بۆ یەکێک لە حەوت فریشتە سەرەکییەکە و هەر یەکە لەم فریشتانە تەرخانە بۆ بابەتیکی دیارکراو، کە هەندێک بۆ پاراستنی ئاژەڵ و ماڵاتە، هەندێک بۆ چارەسەری ئێش و ئازاری گەدەیە، هەندێک ترس لە تاریک دەڕەوێنێتەوە و بۆ منداڵبوون و زیادکردنی نەوەیە. ئەوانە دەکەونە هۆدەی سەرەکیی ماڵەوە لە بەشی ڕۆژهەڵاتییەوە. ستێر شتێکی زۆر ڕێزلێگیراوە لە ماڵدا بۆ ئێزیدییەکان و دەڵێن کەوا دەبێ گەلێ یاسا و ڕێسا ڕەچاو بکرێت، سەبارەت بە ستێر. بۆ نموونە نابێت ستێر بجووڵێنرێت بێ سازدانی ڕیوڕەسمێک کە ئاژەڵێکی تێدا سەرببڕێت و بکرێتە قوربانی١١. شوێنی تری پیرۆز هەن کە ئێزیدی بەزۆری ناوی زیارەتی لێدەنێن. ئەمانە بە زۆری شوێنی پەرستنی ئەرمەنەکانن، چەشنی کەنیسەکان. شوێنە پیرۆزەکانی تر کە هەن بەستراون بە خاسییەتە تۆپۆگرافییەکانەوە، وەک کانیاوەکان و ئەشکەوتەکان. وەک چۆن ئەرمەنەکان گۆڕستانی گوندەکانیان شوێنی گرنگی کۆبوونەوەکانیشیانە و خێزانەکانیان لەسەر گۆڕی کەسوکار و ئەندامانی خێزانەکانیان کۆدەبنەوە بە لای کەمەوە ساڵی جارێک بۆ یادکردنەوەی مردووەکانی خانەوادە و پێی دەوترێ ڕۆژا مازالاmazala (واتە ڕۆژی گۆڕستان(١٢. لەم ڕۆژەدا ئێزیدییەکان بە یادی کەسە لەدەستچووەکانیان دەخۆن و دەخۆنەوە و پیاوانی ئاین نوێژ و دۆعا دەخوێنن و خزم و کەسوکاری نزیکیش دەیانلاوێننەوە١٣.

کوردۆلۆجی و کولتووری کوردی لە یەکێتیی سۆڤییەتدا:

لە سەرەتای ساڵانی ١٩٢٠کانەوە، کوردەکان بوون بە نەتەوەیەکی جیا و تایبەتمەند (نارۆدنۆست(بۆ دەسەڵاتدارانی سۆڤییەت. ئەم دۆخە نەیگەیاندبوونە ئەوەی کە مافی ئۆتۆنۆمییەکیان بدرێتێ (ئۆبلاست یان ئۆکروگ)، بەڵام مافی ئەوەی ئەوەی دابوونێ کە بە زمانی خۆیان بخوێنن و چالاکیی ئەدەبی و هونەریی پێ ئەنجام بدەن. ئەوجا لەبەر ئەوەی هەردووک ئێزیدی و کوردەکان ئەندامی ” نەتەوەی“ کورد بوون بە

شێوەیەکی گشتی بەرهەمی کولتوورییان جیانەدەکرایەوە. گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان و چیرۆک و حیکایەتەکان کە لە ڕادیۆی یەریڤانەوە پەخش دەکران بەسانایی مۆرکی "کوردییان" پێوەبوو. بە هەمان چەشنی زۆرێک لە نەتەوەکانی ناو یەکێتیی سۆڤییێت، بەرهەمی کولتووریی کوردیش لە ئەرمینیا تووشی شکست و هەرەس بوو لە دوادوایی سالانی ١٩٣٠کاندا، بەڵام جارێکی تر لە سەرەتای سالانی ١٩٥٠کاندا دەستیپێکردەوە.

زمان و قوتابخانە:

ساڵی ١٩٢٢، لە یەریڤان ئەلفبێیەکی کوردی بە پێی بنەمای پیت و نووسینی ئەرمەنی دروستکرا. هەروەها لە ساڵی ١٩٢٧یش پیتی لاتینی بەکاردەهات بۆ نووسینی زمانی کوردی١٤ و دواتریش لە ساڵی ١٩٤٥دا بە پیتی کریلیکی١٥ (سلاڤی – و). لە دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤییێت زۆربەی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان پیتی لاتینییان بەکارهێنا١٦. لە سالانی ١٩٢٠کاندا مەسەلەی خوێندن و خستنە بەر قوتابخانە بوو بە ناچاری. وەک ئەنجامیش تاوەکوو سالانی ١٩٣٠کان بەشی هەرە زۆری ئێزیدییەکان (کە بە حوکمی داب و دەستووری ئایینەکەیان نەخوێندەوار بوون(بوون بە خوێندەوار (بلاو، ٢٠١٢: ١٩). تا کۆتایی سالانی ١٠٢٠کان زیاد لە چل قوتابخانەی زمانی کوردی لە یەکێتیی سۆڤییێتدا کرایەوە و بە شێوەکی سەرەکی لە ئەرمینیادا (ئۆمەرخاڵی، ٢٠١٣: ١٣٦). ساڵی ١٩٣١ لە یەریڤان قوتابخانەیەکی تایبەتی کرایەوە بۆ ڕاهێنانی ئەو مامۆستایانەی دەرسی نەهێشتنی نەخوێندەوارییان بە کوردی دەوتەوە لە سۆڤییێتدا (ئەڵیسۆن، ٢٠١٣ ئە: ١٩٤(. کتێبەکانی قوتابخانەی سەرەتایی و دواناوەندی لە یەریڤان چاپکران و لە لایەن نووسەرانی وەک حاجیێ جوندی (١٩٠٨ – ١٩٩٠(، ئەمینێ عەڤداڵ (١٩٠٦ – ١٩٦٤(و قەناتێ کوردۆییڤ (١٩٠٩ – ١٩٨٥) ئامادەکرابوون. زۆربەی ئەم کتیبانەی خوێندن لە ئەرمەنی و ڕووسییەوە وەرگێڕدرابوون. بێجگە لەوەش، بڕێکی هێجگار زۆری وەرگێڕانی کاری ئەدەبی (بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕووسییەوە(و بەڵگەنامەی ڕەسمی (چەشنی دەستووری یەکێتیی سۆڤییێت(وەرگێڕدرانە سەر زمانی کوردی لەسەر دەستی کوردەکانی سۆڤییێت (ئامی دێ لا برێتێک، ٢٠١٢: ١٠٥(. هەروەها چەندین قامووسی کوردییش

چاپ و بڵاوکرانەوە و دەسپێکی ”خەبەرنامەیێ ژی زمانێ فلێژی - کورمانجی Xebernamê ji zimanê filejî-kûrmancî“ (قامووسی کوردی-ئەرمەنی)، کە لە ساڵی ١٩٣٣دا لە لایەن ئەکادیمیای زانیاریی ئەرمینیای سۆڤییتیی سۆشیالیستی چاپکراوە.

ئەدەب و ڕۆژنامە:

لە ساڵی ١٩٢٩ بەملاوە ژمارەی کتێبە چاپکراوەکان بە زمانی کوردیل ئەرمینیا زیادی کرد. ساڵی ١٩٣٢ لقێکی نووسەرانی کورد لە ناو یەکێتیی نووسەرانی ئەرمەندا کرایەوە (ڤان بروونەسن، ١٩٩٧: ٢٢٠)، زۆربەی نووسەرە کوردەکان خودی خۆیان خۆیان فێری خوێندەواری و خۆ ڕۆشنبیر کردبوو و زۆر لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی ئەرمەنی و ڕووسیدا بوون و کار و بەرهەمەکانیان ڕەنگدانەوەی تەواوی ئەو دوو ئەدەبەی لەسەر بوو. ئەمینێ عەڤدال، حاجیێ جوندی و جاسمێ جەلیل (١٩٠٨ – ١٩٩٨) کار و بەربەرهەمەکانیان لە ڕۆژنامەی ڕێیا تازە Riya Taze دابڵاودەکردەوە کە هەفتەی دوو جار دەردەچوو و لە ساڵی ١٩٣٠وە دەردەکرا، بێجگە لە نامیلکە و بڵاوکراوە ئەدەبییەکانی تر. یەکەم دەقی شانۆیی ”قوتووی دەرمان Qitiya du dermana“، ساڵی ١٩٣٢ حاجیێ جوندی نووسیویتی، کە بەشێکی زۆری ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە فۆلکلۆری کوردەوە هەبوو. لە ساڵی ١٩٣٥، وەزیرێ نادر (١٩١١ - ١٩٤٧(دووەم دەقی شانۆیی نووسیوە بە ناوی ڕەڤا ژن Reva Jinواتە ژن فڕاندن و پاش چەند ساڵێکی کەمیش، چامە شیعرێکی دوور و درێژی نووسی بە ناوی نادۆ و گولیزەر Nado û Gulizer کە باس لە چیرۆکی قارەمانێتیی کوڕە لاوێکی کورد و دەزگیرانەکەی دەکات لە کاتی جەنگدا. ناسراوترین و پڕبەرهەمترین ڕۆماننووسی کورد لەم سەردەمەدا عەرەبێ شەمۆ بوو (١٨٩٧ – ١٩٧٩)، کە لە ساڵی ١٩٣٥دا ڕۆمانی ”شوانە کوردەکە و کوردەکانی ئەلەگەز Sivanê kurmanca û Kurd-ên Elegezê“ی لە یەریڤان بڵاوکردەوە. ئەم ڕۆمانی ژیاننامە ئامێزە دەسبەجێ وەرگێڕدرایە سەر زمانی ڕووسی بە ناوی (Kurdskij Pastux). ئەم ڕۆمانە ساڵی ١٩٥٨ سەرلەنوێ جارێکی تر بڵاوکرایەوە لەگەڵ پێداچوونەوەیەکی ورد و چڕدا و ئەمجارەیان لە ژێر ناوی بەربانگدا (واتە بەرەبەیان(و نووسەرەکەی باس لە منداڵیی

خۆی دەکات وەک شوانێک و چۆن بووە بە کۆمۆنیست و لە شۆڕشی سۆڤییێتیی ساڵی ١٩١٧دا بەشداریی کردووە.

ساڵانی ١٩٣٢ - ١٩٣٨ سەردەمێکی زێڕین بوو بۆ پەرەسەندن و پێشکەوتنی کولتووری کوردی لە ئەرمینیای سۆڤیێتیدا. لە ساڵی ١٩٣٤دا لە یەریڤان کۆنگرەیەک بەسترا بۆ نووسەران و دانەرانی کورد لەبارەی نووسینی زمانی کوردییەوە. لێرە بابەتگەلێک لەبارەی داهێنانی کوردی و زاراوەکانی ئامراز و چەمکە تەکنیکییەکان گفتوگۆیان لەبارەوە کرا. لە سەروەختی نزیکبوونەوەی جەنگی جیهانیی دووەمدا و لە ماوەی پاکسازییە گەورەکەی ستالیندا (١٩٣٦_ ١٩٣٨(، چاودێری و بایەخدانی سۆڤییێت بە کولتوور و زمانی کورد لەناکاو وەستا و ڕۆژنامەی ڕیا تازە Riya Taze لە ساڵی ١٩٣٨دا داخرا و چاپکردنی کتێبی کوردی وەستا.

لە پاش جەنگی دووەمی جیهانیی ، کۆماری ئەرمینیای سۆڤیێتی کەوتە چاودێری و بایەخپێدانی بووژانەوەی کولتووری کوردی. ڕۆژنامە کوردییەکەی ڕیا تازە جارێکی تر لە سالی ١٩٥٥دا دەرکرایەوە و کتێبی کوردی کەوتەوە چاپ کردن و بڵاوبوونەوە لە یەریڤان. لە نێو ژمارەیەک نووسەری تردا، ساڵی ١٩٥٩ سەمەندێ سیابەندۆڤ (١٩٠٩ – ١٩٩٨)چیرۆکێکی داستان ئامێزی ڕۆمانسیی بە ناوی"سیابەند و خەجێ" و "بیرئانینێد من (یاداشتەکانم)"ی نووسیبوو و ڕۆماننووس ئەعمەدێ مرازی (١٨٩٩ - ١٩٦١(جارێکی تر دایڕشتنەوە و لە پاش کۆچی دوایی خۆی لە ساڵی ١٩٦٦دا بڵاوکرانەوە. ساڵی ١٩٦٧ ڕۆمانی "هاواری"ی حاجیێ جوندی بڵاوبووەوە. هەروەها ئافرەتانیش لە کایە و ژیانی ئەدەبیدا بەشدارییان هەبوو: سیما سەمەند (لەدایکبووی ١٩٣٣) ساڵی ١٩٦١ ڕۆمانی "خـەزاڵ"ی بڵاوکردەوە (واتە ئاسک) و ساڵی ١٩٦٧ ڕۆمانی "دۆ شایی" بڵاوکردەوە (واتە دوو هەواڵی خۆش). لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠دا، لە یەریڤان، نەک بە تەنها هەر گۆڤاری ساڵانە ئەدەبیی "بەهارا تازە" دەردەکرا بەڵکوو ڕۆمان و شیعر و فۆرمەکانی تری نووسینیش لە لایەن نەوەی دووەمی کوردەکانی سۆڤییێتەوە جاپ و بڵاو دەکرانەوە چەشننی عەمەرێکێ سەردار (١٩٣٥ – ٢٠١٨) و وەزیرێ عەیشۆ (١٩٣٤ – ٢٠١٥).

لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠کان و ١٩٨٠کاندا، تبیلیسی بوو بە مەڵبەندێکی تر بۆ ژیانی کولتووری و ڕووناکبیریی کوردی. پایتەختی جۆرجیا شانۆیەکی کوردی و چەندین گرووپ و تیپی مووزیکی کوردی و پەخشی هەفتانەی ڕادیۆی کوردیی لەخۆگرتبوو.

هەروەها کتێبی کوردی لێرە چاپ دەکران و لقیکی کوردیی لە چوارچێوەی کۆمەڵەی نووسەرانی جۆرجیادا دامەزرا. هەڵبەت ئەدەب و کولتووری کوردی لە یەکێتیی سۆڤییێتی جاراندا ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان گێڕا لە گەشە کردنی ئەدەبی کوردیدا بەگشتی١٧. پەخشی کوردیی ڕادیۆی یەریڤانیش، کە لە پشت سنوورەکانی ڕادیۆی یەریڤانەوە گوێی لێ دەگیرا، ڕۆڵێکی گرنگی دەبینی لەو بوارەدا.

سینەما و شانۆ و ڕادیۆ:

یەکەم فیلمی کوردی ساڵی ١٩٢٧ لە ئەرمینیای سۆڤییت بەرهەمهاتووە لە لایەن دەزگای ئەرمەکینۆوە Arme – Kino وە و فیلمێکی سینەمایی ڕەش و سپی بێدەنگ بووە و ماوەکەی حەفتاودوو خولەک بووە و لە دەرهێنانی بەگ نەزارۆڤ بووە (١٨٩١ – ١٩٦٥) و ناونیشانەکەی زاریێ Zareبووە. فیلمە باس لە چیرۆکی دڵداریی زاریێ کیژی گەنج و جوان دەکات لەگەڵ سەیدۆی کوڕە لاوی شوان لە ساڵی ١٩١٥دا (چەند ساڵێکی کەم لە پێش شۆڕشی سۆڤییێتیدا). بە گونجان لەگەڵ هێڵی ئایدیۆلۆجیی ساڵانی ١٩٢٠کاندا، فیلمەکە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە چۆن ئیدارەی تسار باری ناهەموار و نەزانیی کوردی چەوساوە بەکاردێنێت بە یارمەتیی ڕابەر و سەرکردە ڕۆحی و فیوداڵەکانی کورد. لە ساڵی ١٩٣٣دا فیلمێکی بەڵگەنامەیی بێدەنگی ەەنجا و دوو خولەکی بە ناونیشانی "کوردەکان – ئێزیدییەکان" Krder – ezid–ner (Kurds – Yezidis) بەرهەمهاتووە و دەرهێنەرەکەی ئەماسی مارتیرۆسیان بووە (١٨٩٧_١٩٧١). ئە فیلمە دامەزراندنی کۆڵخۆزێک (واتە کێڵگەیەکی کشتوکاڵیی بەکۆمەڵ) پیشاندەدا لە گوندێکی کوردنشینی ئەرمینیای سۆڤییێتیدا. دوای ئەمەش، چەندین فیلمی تر بەرهەمهێنران بە کوردی یان بە ڕووسی لەبارەی کوردەوە.

ساڵی ١٩٣٧، شانۆی میللیی کوردی ئەلەگەز دامەزرا و کەوتبووە گوندێکەوە بە قەدپاڵی چیای ئاپارانەوە و شانۆکە تیپێکی خۆی هەبوو کە لە ئەکتەرە کوردەکان پێکهاتبوو و ساڵانە جەندین شانۆییان نمایش دەکرد. زۆربەی زۆری ئەم شانۆییانە بۆ ڕادیۆش تۆمار دەکران. تەلاری ئەم شانۆیە لە زەمینلەرزەکەی ساڵی ١٩٨٨دا ڕووخا و دوای ئەوە ئیتر دروست نەکرایەوە (جافەرۆڤا – برووتی، ٢٠٠١: ٩٨). ڕادیۆ یەریڤان پەخشی بەرنامە کوردییەکانی لە ساڵانی ١٩٣٠کاندا دەستپێکرد بەڵام لە ساڵی ١٩٣٧دا و لە ئەنجامی پاکسازییە گەورەکەی ستالیندا ڕاگیرا. لە

ساڵی ١٩٥٥دا و لە ماوەی حوکمڕانیی خرۆشۆڤدا، جارێکی تر پەخشی بەرنامە کوردییەکان بەشەرمێکەوە دەستپێکردەوە. جاسمێ جەلیل سێ بەرنامەی ماوەی پانزە خولەکیی بەڕێوەدەبرد و لە هەفتەیەکدا سێ جار پەخش دەکرا. بابەتەکانی ئەم بەرنامانە ڕاستەوخۆ لە مۆسکۆوە چاودێریی دەکران. هەڵبەت قەدەغە بوو هیچ باسێک لە ناسیۆنالیزم و سیاسەت یان یەکێتیی کورد بکرێت و لەجیاتیدا بەرنامەکان چڕبووبوونەوە لە سەر گۆرانی و شانۆنامەی ڕادیۆیی. لە ساڵی ١٩٦١وە، پەخشی ڕادیۆی یەریڤان بە زمانی کوردی ڕۆژانە بوو بە کاتژمێر و نیوێک بەسەر یەکەوە. لەو ماوەیە پەخشەکە سنووری ئەرمینیای تێدەپەڕاند و دەگەیشتە تورکیا، سووریا، عێراق، ئێران و هاوزەمان گەلێ لە وڵاتەکانی ناو یەکێتیی سۆڤییەتیش. بەو پێیە ژمارەی گوێگران زیادی کرد و کارمەندانی ڕادیۆکە لە پەیوەندییەکی بەردەوامدا بوون لەگەڵ کوردەکانی ناو یەکێتیی سۆڤییەت و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە ڕێگەی نامە نامەکاری و تەلەفۆنەوە.

لە سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠کاندا و لە پاش ڕووخانی یەکیتیی سۆڤییەت، دەوڵەتی ئەرمینیای نوێی سەربەخۆ بەرەوڕووی تەحەدای ئابووری و کۆمەڵایەتیی گەورە بووەوە. ڕادیۆ یەریڤان چیتر پاڵپشتی دارایی نەما و نزیکەی هەموو کارمەندانی بەشی کوردی کارەکانیان لەدەستدا و بە هۆی حاڵەتی بێکاریی سەختەوە زۆرێکیان وڵاتیان بەجێهێشت و تەنها کەرەمێ سەییاد (لەدایکبووی ١٩٣٨(مایەوە و کاری بۆ بەشە کوردییەکەی ڕادیۆکە دەکرد. هەروەها هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤییەتیش کۆت و بەندی ئایدیۆلۆجیی لە سەر ناوەرۆکی بەرنامەکانی ڕادیۆکە هەڵگرت. لە دوادوویی ساڵانی ١٩٩٠کاندا کەرەمێ سەییاد پلانی بۆ زنجیرەیەک بەرنامەی هەواڵ دانا کەوا هەواڵ، لێدوانی سیاسی، مێژوو و زمان و کولتووری کوردی لەخۆدەگرت. هەروەها بەرنامەیەکیش کەوا کەرەمێ سەییاد خۆی پەیوەندیی بەو خێزانە کوردانەوە دەکرد لە تورکیا و ئەرمینیادا کە لێکتر دابڕابوون لە ساڵانی ١٩٢٠کان و ١٩٣٠کاندا.

ڕادیۆ یەریڤان یادەوەریی گەلێ کوردی تۆمار کردووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا و کۆمارەکانی سۆڤییەتی پێشوو. بە درێژایی ساڵان کاتێ کە زمان و کولتووری کوردی لە تورکیادا قەدەغە بوو، خەڵکەکە دەرفەتیان قۆستبووەوە بۆ گوێگرتن لە ڕادیۆ ە ئاشنا بووبەوە بە کولتووری کوردی و بەتایبەتی مووزیک. وەک مارتن ڤان بروونەسن دەنووسێت کەوا "کاریگەریی ئەم پەخشە ڕادیۆییەی

کوردی لەسەر خودهۆشیاریی دانیشتووانی کوردی تورکیا و ئێران و عێراق هێندە گەورە بووە کە بەئاسانی مەزەندە ناکرێت" (ڤان بروونەسن، ١٩٩٧: ٢١٤). ئەمڕۆ ئەرشیفەکانی ڕادیۆی گشتیی یەریڤان، لە نێو ئەوانیتردا، هەزاران گۆرانیی میلیی کوردی و شانۆگەری لەخۆدەگرێت.

کوردۆلۆجی لە یەکێتیی سۆڤییێت (لێنینگراد و مۆسکۆ و یەریڤان).

کوردۆلۆجی لە یەکیتیی سۆڤییێتدا بە میرات لە توێژینەوەکانی کورد ماوەتەوە لە ڕووسیای تسارییەوە (قەیسەرییەوە(١٨. لە لێنینگراد، لە ساڵی ١٩٣٠وە تا ئێستاش بەشیکی کوردی هەیە لە ئینستیتیووتی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکاندا و ساڵی ١٩٣١ سیمینارێک لەبارەی مەسەلە زمانەوانییەکانی کوردییەوە سازکراوە لە فاکەڵتیی زمانەکانی زانکۆی لێنینگرادا و خوێندنی زمانی کوردی بووە بە زۆرەملێ لە توێژینەوە ئێرانییەکانی فاکەڵتیی فیقهی زماندا (فیلۆلۆجی(. لە ساڵی ١٩٣٠ بەملاوە، زانایانی کوردۆلۆجی کاریان لە ئینستیتیووتی ئیتنۆگرافیای سەر بە ئەکادیمیای زانستیی یەکێتیی سۆڤییێتدا کردووە و هەروەها لە ئینستیتیووتی ڕۆژهەڵاتناسیی مۆسکۆشدا. لە یەریڤانیش، مەڵبەندێکی کوردۆلۆجی (کە بە شێوەیەکی سەرەکی فۆکەسی خستووەتە سەر زمانەوانی و فۆلکلۆر) ڕێک لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر کراوەتەوە لە ئەکادیمیای زانستی کۆمارە سۆشیالیستییە سۆشیالیستییە تازە دروستبووەکەدا. لە ساڵی ١٩٣٣دا کۆنگرەیەکی گشتیی کوردۆلۆجیی تەواوی یەکێتیی سۆڤییێت لە یەریڤان بەستراوە١٩. شانبەشانی مێژوو، زمانەوانی و ئەدەبی کلاسیکی، لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری کوردی بەخێرایی پەرەیسەند بە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی چیرۆک و گێڕانەوە و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان٢٠. فۆلکلۆریست و زمانەوانەکان بە باشی ڕێکخرابوون و دەنێردران بۆ گوندەکانی ترانسقەوقازیا و ئەمە بەردەوام بوو تا ڕووخانی یەکێتیی سۆڤییێت.

بۆ چەند ساڵێکی دواتر، لە ١٩٥٩دا، دەستەی توێژینەوەکانی کورد لە لقی لێنینگرادی ئینستیتیووتی توێژینەوە ڕۆهەڵاتییەکان بە سەرپەرشتیی جۆزیف ئەبگارۆڤیچ ئۆربیلی (١٨٨٧ – ١٩٦١). کە بەزۆری بە دامەزرێنەری کوردۆلۆجیی نوێ دادەنرێت. ئەمە یەکەم مەڵبەند بووە بۆ توێژینەوەی کوردی لە جیهاندا. دەستەی زانایانی کوردۆلۆجی چالاکانە کاریان دەکرد لە سەر زمانی کوردی و دیالێکتەکانی

و دووکۆمێنتێکی بەربڵاویان کۆکردەوە لە ڕێگەی کاری مەیدانی و ژمارەیکی بەرچاو مۆنۆگرافیان چاپ و بڵاوکردەوە. لە نێو کوردۆلیجیستەکانی سۆڤییێتدا، مارگەرێتا ڕۆدینکۆ (١٩٢٨ – ١٩٧٧(و زۆر بە بەرفراوانی لەسەر هۆنراوەی زارەکیی نووسیویێتی و لەم ساڵانەی دواییدا، ئۆردیخانێ جەلیل (١٩٣٢ – ٢٠٠٧(و جەلیلێ جەلیل (لەدایکبووی ١٩٣٦(بڕێکی گەورەیان لە کەرەستە و بابەتی ئیتنۆگرافی کۆکردووەتەوە و بڵاوکردووەتەوە و بەتایبەتیش لەسەر ئەو ئێزیدییانەی کە لە ئەرمینیای سۆڤییێتیدا دەژین.

چارەنووسی توێژینەوە کوردییەکان لە ڕووسیای پاش سۆڤییێت و ئەرمینیادا ڕوون نییە، چوونکە بەبێ پاڵپشتی دارایی دەزگا و دامەزراوەکان دادەخرێن و گەنجە خوێندەوارەکانیش وڵات بەجێدێڵن (لیزەنبیرگ، ٢٠١١: ١٠ – ١١؛ ئۆمەرخاڵی، ٢٠١٣: ١٣٦ – ١٣٧٩.

لە پاش ڕووخانی یەکێتیی سۆڤییێت: گەڕان بەدوای شوناسدا
لە تائیفییەتەوە بۆ تائیفییەتێک ئیتنییکی:

لە دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤییێتەوە گرژی و ئاڵۆزیی ناسیۆنالیزم و ئیتنیکی زیادی کرد لە ناوچەکانی پشت قەوقازدا و ئەمەش سەریکێشایەوە بۆ جەنگی ناگۆرنۆ – قەرەباخ (١٩٨٨ – ١٩٩٤(٢١، کەوا کاری کردە سەر گەلێ لە کوردەکانی ئازەربایجان و ئەرمینیا. باکۆ سوودی لە فاکتەری ئاینی بینی بۆ دنەدانی موسڵمانە کوردەکان. یەریڤانیش هەمان تەکتیکی بەکارهێنا بۆ جۆشدانی کوردە خۆجێییەکانی ئێزیدی. ئەنجامیش وا کەوتەوە موسڵمان و ئێزیدییەکان بەرانبەر لە یەکتر بگرن لە هەردوو بەرەی شەڕ و ململانێکەدا٢٢. ئەمەش هەڵکشانێکی دا بەوەی کە پێیدەوترێت "مەسەلەی ئێزیدی" لە ئەرمینیادا، چوونکە هەندی لە دەستە و تاقمی ئێزیدی دەیانەێ وای لە قەڵەم بدەن کە ئێزیدی گرووپێکی ئیتنیکیی جیاوازە و هیچ شتێک لەگەڵ کورددا نایانبەستێ بەیەکەوە. زۆرینە کوردە موسڵمانەکانی کە لە ئەرمینیادا دەژیان لە میانەی جەنگەکەدا هەڵهاتن بۆ وڵاتی ئازەربایجان٢٣. لە ناو ئێزیدییەکاندا ناکۆکییەک پەرەیسەندووە لە نێوان ئەوانەدا کە خۆیان وادەبینن لەڕووی ئیتنیکییەوە کوردن بەڵام ئاینیان ئێزیدییە و ئەوانەش کە ئێزیدیزم (ئێزدیاتی(بە ئیتنیکێکی جیا دادەنێن.

لە ماوەی جەنگی قەرەباخدا، گەلێ لە سەربازە ئێزیدییەکان لە بەرەی ئەرمەنە (فیداییەکان(دژ بە ئازەرییەکان شەڕیان دەکرد. ئەم دۆستایەتیی ئەرمەن – ئێزیدییە لە ڕابووردووشدا هەبووە. گۆرانییە داستان ئامێزەکانی ئێزیدی تائێستاش ئەو یادەوەرییانە دووپات دەکەنەوە کە چۆن جەنەراڵە گورج و گۆڵەکانی ئێزیدی بەشداریی شەڕەکانی سەردارئاباد و باش ئەپارانیان کردووە لە ساڵی ١٩١٨دا. ئەندرانیکی جەنەراڵی ئەرمەنی و جەهانگیر ئاغای جەنەراڵی ئێزیدی، کە پێکەوە دژ بە سوپای عوسمانی شەڕیان کردووە، هەردوک قارەمانی نیشتمنی بوون. هەروەها ئێزیدییەکان هاوبەشی ئەرمەنەکانن لە یادەوەریی جینۆسایددا کە تێیدا کەوا کوردە موسڵمانەکان چالاکانە بەشدارییان تێدا کردووە (بۆزئەرسەلان، کێڤۆرکیان و دووکلەرت، ٢٠١٥؛ کێڤۆرکیان، ٢٠٠٦(، لەگەڵ یادەوەریی هەڵاتن بەرەو قەوقاز لە ماوەی جەنگی جیهانیی یەکەمدا بۆ ئەوەی هێزەکانی سۆڤییێت بیانپارێزێت. لە ساڵی ١٩٨٩شدا، یەکێتیی نەتەوەیی/ نیشتمانیی ئێزیدی لە ئەرمینیا دامەزرا لە لایە عەزیز تەمۆیان (سەرۆک) و خدر حاجۆیان (جێگری سەرۆک). ئەم گرووپە ئیددیعای ئەوە دەکەن کەوا ئیتنیکی ئێزیدی جیایە و زمانیش چیتر کرمانجی نییە بەڵکوو ئێزدیکییە. بۆ یەکەم سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤییێتەوە (٢٠٠١) ”کورد“ و ”ئێزیدی“ وا دانران کە دوو ئیتنیک یان ڕەگەزی جیاوازن و تەنها دەتوانرا یەک وەڵام هەڵبژێردرێت٢٤. ساڵی ٢٠٠٥، پەرلەمانی ئەرمینیا دانی بە ئێزدیکیدا نا وەک زمانێکی جودا. لەو کاتە بەدواوە، کەناڵی تەلەفزیۆنی نیشتمانی یەک کاتژمێری پەخش بۆ هەر ”کەمینەیەکی نەتەوەیی“ تەرخان دەکات، واتە کاتژمێریک بۆ کرمانجی و کاتژمێرێکیش بۆ ئێزدیکی٢٥. مشتومڕ لە سەر شوناس کۆمەڵگەکەی کردووە بە دوو بەشەوە: کوردە ئێزیدەکان و ئێزیدییەکان. لە مەودایەکی دووردا، دەکرێ ببن بە دوو نەتەوە و بە دوو زمانی جیاواز بئاخڤن. ئەو ئێزیدییانەی لە پێدەشتەکاندا دەژین زیاتر بەو لایەدا دایدەشکێنن کە خۆیان بە ئێزیدی دابنێن و بە زمانی ئێزدیکی قسە دەکەن، بەڵام ئەوانەی کە لە ناوچەی ئاپارانی شاخاویدا دەژین بە شێوەیەکی سەرەکی خۆیان بە کوردی ئێزیدی لەقەڵەم دەدەن و زمانەکەشیان بە کرمانجی دادەنێن (واتە کوردی – و(. دابەشبوونی جوگرافی دەکرێ بەو ڕاستییە لێکبدرێتەوە کەوا گوندە ئێزیدییەکانی پێدەشت بەزۆری تێکەڵن لەگەڵ ئەرمەنەکان یان مۆڵۆکانەکاندا

و تا جەنگیش لەگەڵ کوردە موسڵمان و ئازەرییەکاندا بوون. بەڵام، لە ناوچەی ئاپاران، زۆرێک لە گوندەکان تاڕادەیەک هەموویان ئێزیدین. بێجگە لەوەش، بەشێکی گرنگی ئیتیلێجێنتسیای سۆڤییتی (کە بەو لایەدا دایدەشکێنن کەوا خۆیان بە کوردی ئێزیدی دادەنێن(لە گوندەکانی ناوچەی ئاپارانەوە هاتوون.

هەر یەکە لەم دوو گرووپە ئەویتر بەو تۆمەتبار دەکات کە نەخشە و پلانیکی سیاسیی لە مێشکدایە. بە لای بزووتنەوەی سەر بە کوردەوە، بزووتنەوەی ئێزدیکی لە لایەن ناسیۆنالیستە ئەرمەنەکانەوە پاڵپشتی دەکرێن و ئامانجیان ڕێگرتنە لە هەوڵی جوداخوازە کوردەکان لە ترانسقەوقازیادا. لەولاشەوە، بزووتنەوەی ئێزدیکی ئێزیدییە سەر بە کوردەکا بەوە تۆمەتبار دەکەن کە پشتگیریی لە پارتی کرێکارانی کورد (پەکەکە) دەکەن. لە ڕاستیدا سیاسەتی ناوخۆییش ئاڵۆزە: دەولەتی ئەرمەنی هانی ئەوە دەدا کە ئێزیدییەکان وەک کەمینەیەکی جیاکار بناسرێن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا چاوپۆشی لە جەنگاوەرانی پەکەکە دەکات کە لە تورکیاوە بێن و لە سەر خاکی ئەرمینیا بوونیان هەبێت. دەگوترێ گوایە ئەم جەنگاوەرانە "خانەنشینن" و بە هیچ ڤیزەیەک لە ئەرمینیادا دەژین و ڕووداوی کولتووری و خۆپیشاندان ڕێکدەخەن. لێرە دوو ئۆفیس بۆ "هەڤاڵانی" خانەنشینی پەکەکە کراونەتەوە لە یەریڤان و ئەلەگەز.

بەپێی بەرەی "ئێزدیکی"، کەوا داواکاریی ڕەوا و درێژخایەنی ئێزیدی بۆ شوناسێکی جودا لە لایەن سیستەمی سۆڤییتییەوە سەرکوت کراوە. بەپێچەوانەوە "کوردە" ئێزیدییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەوا کێشەکە نوێیە و بەرهەم و دەرنجامی کەس ژینگەی سیاسیی جەنگی قەرەباخە (فلینت، ١٩٩٨: ٧٧ – ٨٣). ناکۆکییەکە سەخت و تاڵە و لە سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠کانەوە، خراپترین ڕووداوەکانی توندوتیژی بەرپا بوون٢٦ و تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە، بەڵام بارودۆخەکە لەئێستادا ئارامترە و هەردوو لا تێکەڵ بە یەک دەبن و دەچنە بۆنە و ئاهەنگی یەکترەوە. ناوبەناو گرژی و ئاڵۆزی ڕوودەدەن، بەتایبەتی لە هەندێ مەسەلەی وک خوێندن و قوتابخانە٢٧. بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن هەر بە جیا پەخش دەکەن لە نێوان ئێزدیکی Ezdiki و کوردیدا (کرمانجی(. ئێزیدییەکانی جۆرجیا پەیوەندیی خێزانییان هەیە لەگەڵ ئەوانی ئەرمینیادا (کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە دەوروبەری تبلیسین) و ئەمانیش هەمان کێشەی شوناسیان هەیە، هەرچەندە کەش و هەوای گشتی کەمێک ئارامترە لێرە.

گۆڕانکارییە ئاینییەکان

لە عێراق، ژیانی ئاینیی ئێزیدی ئەمشەر و ئەوسەر دەکات لە نێوان سەردانی پەرستگە و مەزارەکاندا. فیستیڤاڵی گەورەی پایز رەنگە گەورەترین کۆبوونەوەی ئاینی بێت بەدرێژایی ساڵ (سپات، ٢٠٠٥: ٥٠ - ٥٩). تاوەکوو کۆتایی یەکێتیی سۆڤییەت، ئێزیدییەکانی قەوقاز هیچ پەرستگەیەکیان دروست نەکرد بەڵام ستێرەکانیان لە ماڵەکانی پیاوە ئاینییەکانیاندا پاڕاستبوو (هەندێ جاریش لە خەڵکە ڕەشۆکی و موریدەکانیش). نەبوونی پەرستگە لە سەردەمی سۆڤییتیدا تەنانەی جێی پرسیاریس نەبوو چوونکە ئاین بەشێک نەبوو لە ئەجێندای سیاسیی سۆڤییتییەکان. بەڵام تەنانەت پێشتریش، لە ماوەی سەدەی نۆزدەدا، لە پێش یان لە کاتی گەیشتنیاندا بۆ قەوقاز، ئێزیدییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ پەرستگەیا بنیات نەنابوو. بەگوێرەی ئەڵیسۆن (٢٠١٣ بێ: ١٦١)، ڕوون نییە کەوا لالش چ ڕۆڵێکی گێڕاوە لە ژیانی ئاینیی ئێزیدییەکانی قەوقازدا پێش کۆچکردنیان لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە. ەە سەردەمی سۆڤییتدا، لالش بەتەواوی دیارنەبووە لە گوتار و ئایکۆنسازیدا ico-nography. نوێنەرایەتی کردنی تایبەتمەندیی تەلارسازیی لالش تەنها لە ساڵانی ١٩٩٠کانەوە هاتووەتە ناوناوانەوە. لە حاڵی حازردا بووە بە بەشێک نەخش و نیگار و ڕازاندنەوەی دیواری ماڵە ئێزیدییەکان.

لە کۆتایی ساڵانی ١٩٩٠کاندا، مەسەلەی بنەڕەتی لە ناو کۆمەڵگەی ئێزیدیی جۆرجیدا بنیاتنانی پەرستگەی ئێزیدی و مەڵبەندی کولتووری بوو لە قەراخ ساری تبیلیسیدا (سزاکۆنی، ٢٠٠٧: ١٦)،ئەم بیر و ئایدیایە بەتەواوی نوێ بوو بۆ ئەو ئێزیدییانەی کە پێشتر پەرستگەیان نەبوو لە ترانسقەوقازیادا. دروستکردنی پەرستگەکەی تبیلیسی زیاد لەو ماوەی بردا کە چاوەڕوان بوو بە هۆی کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لە ناکۆکی و ئاستەنگ٢٨. دواجار، ساڵی ٢٠١٣، پەرستگەکە لە شوێنێکی پەڕی تبیلیسیدا کرایەوە. لە ساڵی ٢٠١٦وە تەلارێک بە تەنیشتی ئەم پەرستگەیەوە ئامادەیە بۆ ئەوەی یەکەم "ئەکادیمیای ئێزیدیی زانستی لاهووتی (تیۆلۆجیی)" تێدا بکرێتەوە، بە ڕابەرێتیی پیر دیمای سەرۆکی ئەنجومەنی ڕۆحانیی ئێزیدییەکانی جۆرجیا. کردنەوەی مەنهەجێکی ئاینی بەتەواوی شتێکی نوێیە بۆ ئێزیدیزم (یان ئێزدیاتی) کە تێیدا گواستنەوەی ڕێنمایی و ڕاسپاردەی ئاینی هەر بە نهێنی ماوەتەوە لە زنجیرەی پیاوانی ئاینیدا. ئەم فۆرمەڵە نوێیەی خوێندن و فێرکردنی ئاین و باوەڕەکە وابەستەیە بە کردنەوەی

پۆلی دەرس وتنەوە بۆ هەر ئێزیدییەک کە پێویستی پێیەتی. بەرنامەی خوێندن و فێرکردنەکە بە کوردی و بە ڕووسییە و لەپاڵ ئەماندا کۆرسی عەرەبیشی تێدەکەوێت. لەم پرۆگرامانەدا، موفرەداتی سروودەکانی قەول و بەیت (کە بەشێکیان لە عەرەبییەوە خوازراون(ڕووندەکرێنەوە. لێرە قوتابییان ڕاهینان لە سەر "ئەرکی" نوێ دەکەن، وەک پاسەوانانی پەرستگەکە٢٩ یان کلێریکەکان (پیاوانی ئاینی(سەرپەرشتی کردنی ڕێوڕەسمی ئاینیی بووک گواستنەوە. ئاهەنگی هاوسەرگیرییش لە پەرستگەدا بەتەواوی نوێیە لە قەوقازدا. لە کۆتاییدا، ئەکادیمیای لاهووت (تیۆلۆجی)پێشنیازی ڕێوڕەسمی نوێی "گەڕانەوە" دەکات بۆ ئێزیدییەت. بەپێی مۆڵەتدان لە ساڵی ٢٠١٢دا لە لایەن بەرزترین دەسەڵاتی ئێزیدیزمەوە (ئێزیدییەتەوە((کە میر تەحسین بەگ و بابەشێخن) لە کاتی سەردانیاندا بۆ تبیلیسی، ئەم سرووت و ڕێوڕەسمە ڕێگە بە ئێزیدییەک دەدا بچێتە سەر ئاینی کریستیان و(دەکرێت) بگەڕێتەوە بۆ ئێزیدییەت ئەگەر ئەو کەسە هاوسەرگیریی نەکردبێت (ژن بێت یان پیاو(لەو کاتەدا٣٠. پێدەچێت ئەم گۆڕانکارییانە ئیشارەت بێت بۆ هەوڵدانێکی گێڕانەوەی "ئێزیدییە لەدەستچووەکان" بۆ کۆمەڵگەی ئێزیدی و ئەمە وەک بەخشینی هەل و دەرفەتێک بێت بۆ هەموو ئێزیدییەکان (تەنانەت ئەگەر لە بنەماڵەی پیاوانی ئاینیش نەبن) بۆ خوێندن و فێربوونی ئاینەکەیان.

لە ئەرمینیا، پەرستگەیەکی بچووکی هاوشێوەی ئەوەی عێراق بنیاتنراوە و ساڵی ٢٠١٢ لە ئەکنالیخ کراوەتەوە لە لایەن میرزا سلۆیانەوە (کە خاوەن کارێکی ئێزیدییە و لە ڕووسیا دەژی). دووەم پەرستگە، کەوا گەورەترین پەرستگەیە لە جیهاندا لە مانگی سێپتەمبەری ٢٠١٩دا کراوەتەوە و نزیکی ئەویترە. لە نزیک پەرستگەکەوە، هۆڵێکی کۆنفرانس، مۆزەخانەیەک و پەیمانگەیەکی خوێندنی ئاینی لە قۆناخی دروستکردندان. هەروەها ئاهەنگی هاوسەرگیرییش لەم کۆمەڵگەیەدا ساز دەکرێت. ناوی پەرستگەکە (قوبا مەرە دیوانێ) دەکرێ وەربگێڕدرێت بۆ "هەمووان دەتوانن پێکەوە بێن". بنیاتنانی ئەم پەرستگە زەبەلاحە بە هاوکاریی دارایی میرزا سلۆیان و بە هاندانی حکوومەتی ئەرمینیا ئەنجامدراوە وەک ئارەزوویەک بۆ "بە زیندوویی ڕاگرتنی یادگاریی کوژراوانی سنجار و ڕێزگرتن لە ئێزیدییەکانی ئەرمینیا" (کێللی، ٢٠١٧). لە مانگی ئابی ٢٠١٤دا، ئێزیدییەکانی قەوقاز لە ڕێگەی میدیا و هۆکارەکان ڕاگەیاندنەوە بەئاگا هاتن لەو کۆمەڵکوژیانەیە داعش بەرپای

کردن لە سنجاردا. ئەوا بە شۆک و ڕاچڵەکین بەوەی کە سەر خەڵکی سنجاردا هات، هەندێکیان لەم ڕووداوانە ئەوە تێگەیشتن کەوا دووبارەبوونەوەی ئەوەیە کە باوباپیرانیان ئەزموونیان کردووە، بەتایبەتی لە جینۆسایدی ساڵانی ١٩١٥ – ١٩١٦دا (هۆهنباڵکن، ٢٠١٨). لێرەوە هەستکردنی هاوبەش بەو چارەنووسە تراجیدییە دروستبوو لە ناو ئێزیدییەکانی قەوقازدا و لە میانەی چەند مانگێکی کەمدا لە پاش ڕووداوەکانی سنجار توانییان یارمەتی و پیتاک کۆبکەنەوە و فریای بەشێک لە ئاوارەکانی سنجار بکەون. نزیکەی پەنجا خێزانی ئێزیدییش لە باکووری عێراقەوە دەرباز بکەن و لە ئەرمینیا نیشتەجێیان بکەن. بەهەرحاڵ، پێنج ساڵ دواتر، نزیکەی هەموو خێزانەکانی سنجار ئەم وڵاتەیان بەجێهێشت. هەندێکیان بەرەو ئەورووپا ڕۆیشتن، بەڵام هەندێکیشیان گەڕانەوە بۆ عێراق. ئەم بڕیارەشیان پێدەچێت هۆکاری ئەوە بووبێت کە تاڕادەیەک ئەو ئاستەنگ و زەحمەتییە بووبێت کەوا بەرەوڕوویان بووەتەوە لە تێکەڵبوون بە کۆمەڵگەی ئەرمەنی، چوونکە ژیانی ڕۆژانە و ئاینی لە قەوقاز و عێراق بەتەواوی جیاوازە. کریستۆف بێرویێرتی نوێنەری ئاژانسی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کەوا "ئەوان لە گوندێکی بچووکدا پێشوازییان لێکراوە، لە لایەک مامەڵەیەکی کراوە لە لایەن دانیشتووانی خۆجێییەوە و لەلایەکی ترەوە هەندێک بەهەڵە لێیان تێگەیشتوون ئاخۆ ئەوا بە شێوەی موسڵمان یان شێوەی تر نوێژ دەکەن ... شێوازی ژیان بۆ ئەوان زۆر جیاواز بوو لە چیاکانی سنجار و کۆمەڵگەکانی ئێزیدی لێرە" (کێللی، ٢٠١٧).

ئەنجام:

هەرچەندە کوردەکانی سۆڤییێت بەشێکی بچووکیان پێکدەهێنا لە خەڵکی کورد، بەڵام ڕۆڵێکی گرنگ و گەورەیان گێڕاوە بۆ کورد بەگشتی. ڕۆژنامە و پەخشی ڕادیۆ بە زمانی کوردی بوو بە مایەی شانازی بۆ ئینتێلێجێنتسیای کوردی سۆڤییێت، لەکاتێکدا کەوا کوردەکانی تورکیا بە زەحمەت ڕێگەیان پێدەدرا کە لە سەر شەقامەکان بەکوردی بئاخڤن. ئەمڕۆ بارودۆخی ئێزیدییەکان لە قەوقاز و لە وڵاتانی دوای یەکێتیی سۆڤییێت جێی دڵنیایی نییە. هەڵبەت لە ڕووخانی یەکێتیی سۆڤییێتەوە، مەسەلەی شوناس یان ناسنامە کۆمەڵگەی ئێزیدیی کردووە بە دوو کەرتەوە و ناکۆکیی زۆری خستووەتە ناویانەوە و لەوەدایە بیانکات بە دوو نەتەوە و بە دوو زمانی جیاواز قسە دەکەن. بێگومان بە هۆکاری باری ئابووریی لاواز، زۆریک لە ئێزیدییەکان لە قەوقاز کۆچیان کردووە بۆ وڵاتانی یەکێتیی سۆڤییێتی پێشوو یان بۆ ئەوروپا. زۆرێک لە خێزان و بنەماڵە ئێزیدییەکان لە ئێستادا بە شێوەیەکی بەرفراوان پەرش و بڵاون بەسەر مەودای جوگرافیی زۆر دووردا٣١. هەروەها کەسانی گەنجی سەر بە کۆمەڵگەی ئێزیدی بە هەموو شوێنێکی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە و بەتەمەنەکان ترسی مانەوەی کۆمەڵگەیان لێنیشتووە. لە لایەکی تریشەوە، بنیاتنانی پەرستگەکان لە قەوقازدا زۆر بەفراوانی هاوکاری و پاڵپشتیی دارایی دەکرێت لە لایەن ئێزیدییەکانی دیاسپۆراوە. پێدەچێت ئەمەش ئاماژە بێت بۆ وابەستەبوونیان بە هەردوک ئاین و باوەڕەکەیانەوە و ناوچە جوگرافییەکەشیان هێشتا تا ئاستێکی گەورە پەیوەندیی ماوە بە کۆمەڵگە ئێزیدییەکانی تاراوگەوە.

سەرچاوە: The Cambridge History of the Kurds

٭ ئەستێلله ئامی دێ لا برێتێک Estelle Amy De La Brete`que

خانمە توێژەرێکی ئەنسرۆپۆلۆجیایە لە مەڵبەندی فەرەنسیی توێژینەوە زانستییەکان (CNRS). توێژینەوەیەکی لە سەر قسەکردنی بەئاواز و گێڕانەوەی خەفەتبار کردووە لە ناو ئێزیدییەکانی ئەرمینیادا و لەسەر ڕێوڕەسمی لاواندنـەوەی ئافرەتان لە ئازەربایجاندا و هـەروەها لەسەر لاواندنەوەی ژنە کوردە ڕاگوێزراوەکان لە دەوروبـەری ئەستەمبووڵ و دیاربەکر. ساڵی ٢٠١٣ کتێبێکی بڵاوکردووەتەوە لەسەر گێڕانەوەی داستان و لاواندنەوە لە ناو ءیزیدییەکانی ئەرمینیادا بە ناوی (وشە میلۆدییەکان و چیرۆکە داستانەکان و لاواندنەوە لە ناو ئێزیدییەکانی ئەرمینیادا (Paroles mélodisées. Récits épiques et lamentations chez les Yézidis d'Arménie, ed.Classiques-Garnier, ٢٠١٣) بێجگە لە گەلێ باس و بابەت لە سەر دەنگ و ئاواز لە قەوقاز و ئەنەدۆڵدا. لەئێستادا خەریکی توێژینەوەیە لە سەر ئێزیدییەکانی تاراوگە (دیاسپۆرا) لەبارەی کاروباری کۆمەڵایەتی و گۆرانکاریی ئاینییەوە.

کەوالنامەی کتێب

پەراوێز:

١. لە ڕێنووسی ئەدەبیاتی ڕۆژاواییدا دەنووسرێ یەزیدی و لە کوردیشدا یەزیدییەکان خۆیان بە ئێزیدی دەینووسن و گۆی دەکەن.

٢. لە سەدەی نۆزدەدا، ئێزیدییەکان بە "شەیتان پەرست" ناوزەد دەکران لە لایەن موسڵمانەکانەوە و لە ئەنجامی ئەمەدا بەر چەوساندنەوە دەکەوتن. بە شێوەیەکی بەربڵاو ئەم نازناوە پڕ لە سووکایەتییە لە نووسینی ڕۆژهەڵاتناسە ڕۆژاواییەکانیشدا ڕەنگی دەدایەوە: بۆ نموونە، بڕوانە ئەینسوێرث (١٨٥٥) و مینگانا (١٩١٦).

٣. کوردەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا لە ماوەی سەدەی حەڤدەدا تێکەڵ بە ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا بوون کاتێ کە سوپای تساری ئێرانیان بەزاندووە لە ئاسیای ناوەڕاستدا.

٤. بەهەرحاڵ، مەسەلەی ئایین فەرامۆش نەکراوە، لانی کەم لە ساڵانی بەرایی یەکێتیی سۆڤییەتدا. بەو پێیە، گرووپە تائیفییەکان و زمانی دایک وەک ڕەگەزی گرنگی نەتەوە دەبینران (هەردوک ناشناڵنۆست و نارۆدنۆست). لە بارەی ئەو پێوەرەی بەکارهێنراوە بۆ پێناسە کردنی ئەم زاراوانە لە سەرژمێریی گشتیی ساڵی ١٩٢٦ی سۆڤییتدا، بڕوانە هیرش (٢٠٠٥: ١٠٨ – ١٢٣).

٥. لە ئازەربایجان کوردەکان بە شێوەیەکی سەرەکی موسڵمان بوون و بەزۆری وەک "تاتار" یان "ئازەری" لەقەڵەم دەدران لە سەرژمێریدا. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی کوردی ئازەرییەوە، بڕوانە مولەر (٢٠٠٠). یەکەم چاپی ئینسکلۆپیدیای گەورەی سۆڤییت (بۆلشایا سۆڤیتسکایا ئینتسیکلۆپیدیا) بەرگی ١، بۆ ساڵی ١٩٢٦ ئەم ژمارەیە دەدا: ٣٤.٠٩٨ کورد لە ازەربایجان (ئینسکلۆپیدیای گەورەی

سۆڤییێت ١٩٢٦: ٦٤١).

٦. لەبارەی ئاڵۆزییەکانی ئایینی ئێزیدییەوە، بڕوانە کرەینبرۆیک (١٩٩٥)، کرەینبرۆیک و ڕەشۆ (٢٠٠٥) و ئۆمەرخاڵی (٢٠٠٥، ٢٠١٧). بۆ چاوخشاندنەوەیەک بە ئێزیدیزمدا لە دیدێکی جیهانییەوە، بڕوانە ئەڵیسۆن (٢٠١٧).

٧. لەبارەی ڕۆڵی قەواڵەکانەوە لە گواستنەوەی زانیاریی ئاییندا، بڕوانە ئۆمەرخاڵی (٢٠١٧: ١٣٨) و سپات (٢٠٠٥: ٣٣).

٨. بەردەوامیی بایەخ و گرنگیی ئایین لە هاوپەیمانیی ژن و ژنخوازیدا ڕەنگدەداتەوە لای کوردەکانی یەکێتیی سۆڤییێت، بۆ نموونە. هاوسەرگیریی نێوان کوردە موسڵمان و ئازەرییە موسڵمانەکاندا زۆر باو بوو، لەکاتێکدا کە زۆر دەگمەن بوو لە نێوان کوردە موسڵمانەکان و ئێزیدییەکاندا (دەڤرێشیان، ١٩٨٥). هەروەها کوردە موسڵمانەکان بە زۆری نیشتەجێی گوندەکان بوون کە دانیشتووانیان موسڵمان بوون (کە ئازەری و تورکمان و هیتر)، بەڵام ئێزیدییەکان لە ناو کریستیانەکاندا نیشتەجێ بوون (ئەرمەنی و مۆڵۆکانەکان) (ئۆمەرخاڵی، ٢٠١٣: ١٣٧).

٩. زۆربەی زۆری ئێزیدییەکانی قەوقاز جووتیاری ئاژەڵدار بوون (دەڤرێشیان، ١٩٨٦). لە کۆمەڵگەی شوانکارەییدا دۆشەکی خوری بە کاڵای گرانبەها دادەنرا و بەشێکی گرنگ بوو لە جیازیی بووک، بۆ نموونە.

١٠. بە پێچەوانەی ئێزیدییە عێراقییەکان، پەرستن لە لالش و زۆرێک لە مەزارە بچووکەکاندا کە هەمان شێوازی تەلارسازییان هەبوو.

١١. بۆ شیکارییەکی وردی ستێر و کارلێکی خەڵک لەگەڵیدا، بڕوانە ئامی دێ لا برێتێک (٢٠١٣: ١٥٩ – ١٦٢).

١٢. هەموو گوندەکان لانی کەم ساڵی جارێک یادی مردووەکانیان دەکەنەوە لە حوزێراندا. هەندێ لە گوندەکان دوو جار یادی مردووەکانیان دەکەنەوە: لە حوزێران و ئەیلولدا. لەبارەی ڕۆژژمێری جەژنی ئێزیدییەکانە وە لە ترانسقەوقازیا، بروانە ئامی دێ لا برێتێک (٢٠١١).

١٣. لەبارەی ڕۆڵی لاواندنەوە لەناو ئێزیدییەکانی ترانسقەوقازیادا، بڕوانە ئامی دێ لا برێتێک (٢٠١١).

١٤. وردەکاری و شیکردنەوەی لە لایەن ئیساهاک مارۆگیولۆڤ (١٨٦٨ – ١٩٣٣) و عەرەبێ شەمۆ – عەرەب شامیلۆڤ (١٨٩٧ – ١٩٧٨).

١٥. وردەکاری و شیکردنەوەی لە لایەن حاجیێ جوندی (١٩٠٨ – ١٩٠٩). ئەم ئەلفبێیە سی و نۆ ئیشارەتی لەخۆگرتبوو (نۆ ڤاوڵ و سی کۆنسۆنانت) (بێننیگسن، ١٩٦٠: ٥١٦).

١٦. بۆ بەراوردێکی وردی ئەلفبێیەکان کە بۆ زمانی کوردی بەکاردەهات لە یەکێتیی سۆڤییێت و دوای ئەویش، بڕوانە حەسەنپوور (١٩٩٢: ٣٧٤ – ٣٧٦).

١٧. بۆ وردەکاریی زیاتر لەبارەی ئەدەبی کوردیی سۆڤییێتییەوە، بڕوانە ئەڵیسۆن (٢٠١٣ ئە)، بلاو (٢٠١٢)، جافەرۆڤا – برووتی (٢٠٠١) و میرزۆییڤ (١٩٩٦).

١٨. بۆ وردەکاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە لیزەنبێرگ (٢٠١١).

١٩. بۆ وەسفێکی بەرفراوانی پەرەسەندنی کوردۆلۆجی تا ١٩٦٠، بڕوانە کوردۆییف (١٩٦٠(و بێنیگسن (١٩٦٠).
٢٠. بۆ نموونە، بڕوانە حاجیێ جوندی (١٩٥٧)فۆلکلۆرێ کورمانجا، بە هەردوو زمانی کوردی و ئەرمەنی.
٢١. لە ساڵی ١٩٨٨دا، بە مەبەستی جیاکردنەوەی لە ئازەربایجان و لکاندنی بە ئەرمینیاوە، جووڵانەوەیەکی بەهێز لە ئەرمینیا و ناگۆرنۆ قەرەباخ دەستپێکرد، کە سەریکێشایەوە بۆ شەڕ و ململانێیەکی چەکداری لەنێوان هەردوو کۆمارەکەدا.
٢٢. لە ئەرمینیای تازە سەربەخۆدا، وشەی "کورد" بە شێوەیەکی مورادیفانە لەگەڵ "موسڵماندا" و گومان خرایە سەر موسڵمانە کوردەکان بە پێی پەیوەندییە مەزعوومەکان لەگەڵ موسڵمانە ئازەرییەکاندا. هاوسەرگیری لەنێوان ئازەرییەکان و موسڵمانە کوردەکان باو بوو لە تەواوی سەردەمی سۆڤییَتدا.
٢٣. تەنها نزیکەی هەزار و پێنجسەد کوردی موسڵمان هەر لە ناوچەی ئابۆڤیان مانەوە لە پاش جەنگی ناگۆرنۆ قەرەباخ (سەردار، ١٩٩٨).
٢٤. سەرژمێریی دانیشتووان (ساڵی ٢٠٠٢)لە جۆرجیا ئەنجامدرا و (ساڵی ٢٠٠٢(لە ڕووسیای فیدراڵدا دیسان کورد و ئێزیدییان وەک دوو گرووپی ئیتنیکیی جیاواز تۆمارکرابوو.
٢٥. لە ڕاستیدا، جیاکردنەوەی نێوان کرمانجی و ئێزدیکی کات دوو ئەوەندە دەکاتەوە لەوەی هەمان سیستەمی زمانەوانی بەکاربێت. لەئێستادا زمانەکە ڕێک هەمان کاتژمێرە بۆ ئێزدیکی و بۆ کرمانجییش، بەڵام ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆجییان بە شێوەیەکی ڕادیکاڵانە جیاوازن و زۆربەی ئەوانەی زانیارییان داوە بە من تەنها گوێبیستی یەکێکیان بوون (بۆ وردەکاریی زیاتر، بڕوانە ئامی دێ لا بریتێک (٢٠١٣: ٣٥ – ٤٣).
٢٦. لێرەدا دوو ڕووداوی بەدناو هەن: کوشتنی سەید ئیبۆیان، کە پزیشکێکی منداڵانی "لایەنگری کوردە" – بڕوانە لێنۆکس (٢٠٠١: ٤١٨ – ٤٢٣)و بەشداربوونی ئێزیدی بە گرتنی پارەوی لاچین (کە هێشتا هەر کێشەی لەسەرە(، لە پاش پاکتاوی ئیتنیکیی تاڕادەیەک دانیشتووانە کوردەکەی.
٢٧. کتێبی خوێندنی قوتابخانە بە (زمانی(ئێزدیکی لە قوتابخانەکانی ناوچەی ئاپاران ڕەتکرانەوە و بەردەوام بوون لەسەر فێرکردن و پێخوێندن بە کتێبەکانی سۆڤییَت.
٢٨. سزاکۆنی (٢٠٠٧(ئاماژە بۆ سی هۆکاری سەرەکی دەکات بۆ دواخستن: ١- نەبوونی سەرچاوە لە پاش قەیرانە ئابوورییەکانی سالانی ١٩٩٠کان و کۆچکردنی بەرفراوان. ٢- ناکۆکی و ململانێی ناوخۆیی لەبارەی ڕەوایی و شەرعییەتی بنیاتنانی پەرستگەیەک لە دەرەوەی شوینە ئاینییە مێژووییەکانی وەک لالش یان سنجار ٣- بەشداریی نزیکی نێوان دەوڵەت و کەنیسەی ئۆرسۆدۆکسیی جۆرجیا کە بەرهەڵستیی دروستکردنی تەلار و بینا دەکەن ئاین و باوەڕەکانی تر.
٢٩. لە عێراق، پاسەوانانی پەرستگە سەر بە هەمان ڕەچەڵەکن و پەیڕەویی مەشق و ڕاهینانی فەرمی ناکەن.

٣٠. لەبارەی ئەو پەنجا کەسەوە کە ئەم ڕێوڕەسمەیان ئەنجامداوە لە کەمێک کەمتر لە پێنج ساڵدا، بڕوانە (گواردیۆلا، ٢٠١٧: ١٢٩).

٣١. بۆ نەخشەیەک کە نیشتەجێکانی ئێزیدی پیشان بدات لە سەرانسەری یەکێتیی سۆڤییەتی پێشوودا، بڕوانە ئۆمەرخاڵی (٢٠١٧: ٣٤ – ٣٦).

Bibliography بیبلۆگرافی

Ainsworth, W. F. (١٨٥٥). 'On the Izedis; or, devil worshippers'. Transactions of the Syro Egyptian Society, ١ ٤.

لەبارەی ئێزیدییەکانەوە یان شەیتانپەرستان ...

Allison, C. (2013a(. Memory and the Kurmanji novel. In C. Allison and P. G. Kreyenbroek (eds(, Remembering the Past in Iranian Societies (pp. 189 217(. Wiesbaden: Harrassowitz Verlag. 31 For a map showing Yezidi settlements across the former Soviet Union, see Omarkhali (2017: 34 36(.

یادەوەری و گێڕانەوەی کرمانجی ... لە کتێبی ... یادکردنەوەی ڕابووردوو لە کۆمەڵگەکانی ئێراندا....

بۆ نەخشەیەک کە نیشتەجێکانی ئێزیدی پیشان بدات لە سەرانسەری یەکێتیی سۆڤییەتی جاراندا ....

Allison, C. (2013b(. Addressivity and the monument: Memorials, publics and the Yezidis of Armenia. History and Memory, 25 (1(, 145 81.

Allison, C. (2017(. 'The Yazidis'. In Oxford Research Encyclopedia of Religion. www.oxfordrecom/view/10.1093/acrefore/9780199340378.001.0001/acrefore-9780199340378-e-254 .

ناونیشان و مۆنۆمێنت: یادەوەرییەکان و شوێنە گشتییەکان و ئێزیدییەکانی ئەرمینیا. یادەوەری و مێژوو...

Amy de la Bretèque, E. (2011(. Le Pleur Du Duduk et La Danse Du Zurna. Typologie Musicale Des Émotions et Fêtes Calendaires Dans La Communauté Yézidie d'Arménie. Acta Ethnographica Hungarica, 56 (2(, 385 401.

هاواری دوودووک و هەڵپەڕکێی زوڕنا. پۆلێنکردنی مووزیک بۆ سۆزداری و کالێندەری جەژنەکانی کۆمەڵگەی ئێزیدی لە ئەرمینیا....

Amy de la Bretèque, E. (2012(. 'Il y a Quand Même de l'espoir'. Interview with Emerîk Serdar. Etudes Kurdes, 11, 103 108.

"هێشتا هەر هیوا ماوە"، چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئەمەریک سەردار ....

Amy de la Bretèque, E. (2013(. Paroles Mélodisées. Récits Épiques et Lamentations Chez Les Yézidis d'Arménie. Paris: Classiques Garnier.

ئاواز و گێڕانەوە و لاونەوە و داستان لە ناو ئێزیدییەکانی ئەرمینیادا ...

Aristova, T. F. (1954(. Kurdy Irana. Kratkie Soobšcˇenija Instituta Etnogragii, XXI, 98 104.کوردی ئێران...
Aristova, T. F. (1966(. Kurdy Zakazkazya. Moscow: Nauka.
Bennigsen, A. (1960(. Les Kurdes et La Kurdologie En Union Soviétique. Cahiers Du Monde Russe et Soviétique, 1 (3(, 513 30.
کورد و کوردۆلۆجی لە یەکێتیی سۆڤییێتدا...
Blau, J. (2012(. La Littérature Kurde. Etudes Kurdes, 11, 5 38.
ئەدەبی کوردی... گۆڤاری توێژینەوە کوردییەکان ....
Bozarslan, H., Kévorkian, R. and Duclert, V. (٢٠١٥). Comprendre Le Génocide Arménien. Paris: Tallandier.تێگەیشتن لە جینۆسایدی ئەرمەن....
Caratini, R. (١٩٩٠). Dictionnaire Des Nationalités et Des Minorités En URSS. Paris: Larousse.قامووسی نەتەوە و کەمینەکان لە یەکێتیی سۆڤییێتدا....
Chatoev, K. M. (1965(. Kurdy Sovietskoi Armenii. Istoricheskii Ocherk (1920 1940(. Erevan: izd. Akademia Nauk Armianskoi CCP.
کوردی ئەرمینیای سۆڤییێتی .
Chrysanthopoulos, L. T. (2002(. Caucasus Chronicles: Nation Building and Diplomacy in Armenia, 1993 1994. Princeton, NJ: Gomidas Institute Books.
تۆماری مێژووی قەوقاز: بنیاتنانی نەتەوە و دیپلۆماسی لە ئەرمینیادا، ١٩٩٣ -١٩٩٤....
Cindî, H. (١٩٥٧). Folklora Kûrmanca. Yerevan: Aipetrat. فۆلکلۆرا کورمانجا..
Davreshian, M. K. (1985(. Zaprety v Brachnikh Obychaiakh KurdovEzidov (Malie I Dispesnie Gruppy v Evropeuuskoi Chasti SSSR(.
تابووەکانی نەریتی هاوسەرگیری لای کوردە ئێزیدییەکان (گرووپە بچووک و پەرت و بڵاوەکان لە بەشە ئەورووپییەکەی یەکێتیی سۆڤییێتدا(...
Davreshian, M. K. (1986(. Skotovodcheskoe Xoziaistvo Kurdov Vostochnoi Armenii (L’élevage Chez Les Kurdes d’Arménie Orientale(. Yerevan: Akademia nauk SSR Armenii.
ئابووریی شوانکارەیی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەرمینیا (سامانی ئاژەڵ لای کوردەکانی ئەرمینیای ڕۆژهەڵات).
Flint, J. (١٩٩٨). The Kurds of Azerbaijan and Armenia. London: Kurdish Human Rights Project.کوردەکانی ئازەربایجان و ئەرمینیا...
Great Soviet Encyclopedia (Bolshaya Sovetskaya Entsiklopedia). (١٩٢٦). Vol. ١. Moscow.گەورە ئینسکلۆپیدیای سۆڤییێت...

Guardiola, A. (2017(. 'Yézidis En Diaspora: Ethnographie Multi Située d'un Réseau Socio Religieux Transnational [Mémoire de Master Migrinter]'. Poitiers.

ئێزیدییەکان لە دیاسپۆرا: ئیتنۆگرافیای فرەپێگە بۆ تۆڕێکی کۆمەڵایەتی و ئاینیی ترانسناشناڵ (نامەی ماجستێر).

Hassanpour, A. (1992(. Nationalism and Language in Kurdistan, 1918 1985. San Francisco, CA: Mellen Research University Press.

ناسیۆنالیزم و زمان لە کوردستاندا، ١٩١٨ - ١٩٨٥ ....

Hirsch, F. (2005(. Empire of Nations: Ethnographic Knowledge and the Making of Soviet Union. Ithaca, NY: Cornell University Press.

ئیمپراتۆرییەتی نەتەوەکان: زانیاریی ئیتنۆگرافی و پێکهاتەی یەکێتیی سۆڤییێت ...

Japharova Brutti, L. (2001(. 'Littérature Kurde de La Période Soviétique (Années 1930 1990(: Prose, Poésie et Dramaturgie Kurdes Avec Leurs Systèmes d'images, Leur Langage et Leurs Thèmes Principaux'. www.theses.fr/111590590.

ئەدەبی کوردیی سەردەمی سۆڤییێتیی، ساڵانی ١٩٣٠ - ١٩٩٠: پەخشان و هۆنراوە و درامای کوردی لەگەڵ سیستەم وێناکردن و زمان و و بابەتە سەرەکییەکانیان...

Kelly, N. (2017(. 'After long trek to Armenia, Iraq's Yazidi families struggle to fit in'. Reuters, 29 April. www.reuters.com/article/usarmenia-yazidis-idUSKBN17V0TN.

لە پاش گەشتیکی دوور و درێژ بۆ ئەرمینیا، خێزانە ئێزیدییەکانی عێراق هەوڵ دەدەن لەگەڵیدا بگونجێن...

Kévorkian, R. (2006(. Le Génocide Des Arméniens. Paris: Odile Jacob.

جینۆسایدی ئەرمەنەکان...

Kreyenbroek, P. G. (1995(. Yezidism: Its Background, Observances and Textual Tradition. New York: Edwin Mellen Press.

ئێزیدیزم (ئێزدیاتی(: پاشخان و سەرنج نەریتی دەق ئامێز ...

Kreyenbroek, P. G. and Rashow, K. J. (2005(. God and Sheikh Adi Are Perfect: Sacred Poems and Religious Narratives from the Yezidi Tradition. Wiesbaden: Harrassowitz Verlag.

خودا و شێخ عادی ڕەها و تەواون: هۆنراوە پیرۆزەکان و گێڕانەوە ئاینییە نەریتییەکانی ئێزیدی ...

Kurdoev, K. K. (1957(. Grammatika Kurdskovo Yazyka. Moscow and St. Petersburg: Izdatelstvo Akademii Nauk SSSR.

ڕێزمانی زمانی کوردی ... خانەی بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای زانستیی سۆڤییەتی ...
- Kurdoev, K. K. (1960(. Razvitie Sovetskogo Kurdovedenija. Uchenye Zapiski Instituta Vostokovedenija, XXVI, 56 - 7.
پەرەپێدانی توێژینەوە کوردییەکانی سۆڤییەت. تێبینیی زاناکانی ئینستیتیووتی توێژینەوە ڕۆژهەڵاتییەکان ...
- Leezenberg, M. (2011(. Soviet Kurdology and Kurdish Orientalism. In S. and M. Kemper (eds(, The Heritage of Soviet Oriental Studies (pp. 86 - 102(. London: Routledge.
کوردۆلۆجیی سۆڤییێت و ڕۆژهەڵاتناسیی کوردی ... کەلەپووری توێژینەوە ڕۆژهەڵاتناسییەکانی سۆڤییێت...
- Lennox, G. (2001(. Fire, Snow and Honey: Voices from Kurdistan. ushcutters Bay NSW, Melbourne: Halstead Press.
ئاگر و بەفر و هەنگوین: دەنگەکان لە کوردستانەوە ...
- Mahmudov, N. (1959(. Kurd Joghovurd. Erevan: Haypethrat.
- Mingana, A. (1916(. Devil - worshippers; their beliefs and their sacred books. JRAS, 505 - 525.
شەیتان پەرستان، بیر و باوەڕیان و کتێبە پیرۆزەکانیان...
- Mirzoev, K. (١٩٩٦(. Istoricheskie Sud'by Kurdskoi Literatury (The Historical Destinies of Kurdish Literature(. Almaty.چارەنووسە مێژووییەکانی ئەدەبی کوردی
- Müller, D. (2000(. The Kurds of Soviet Azerbaijan, 1920 - 91. Central Asian Survey, 19 (1(, 41 - 77. https://doi.org/10.1080/713656178.
- Omarkhali, K. (2005(. Йезидизм: Из Глубины Тысячелетий. St. Petersburg: Издательский дом Санкт-Петербургского государственного университета.
ئێزیدیزم (ئێزدیاتی(لە قووڵایی هەزارەوە... خانەی بڵاوکردنەوە لە پوترۆسبوورگ ...
Omarkhali, K. (2013(. The Kurds in the former Soviet states from the historical and cultural perspectives. The Copernicus Journal of Political Studies, 2 (5(, http://apcz.umk.pl/czaso pisma/index.php/CJPS/article/view/18255.
کوردەکان لە وڵاتانی جارانی سۆڤییێتدا لە دید و تێڕوانینی مێژوویی و کولتوورییەوە...

هەواڵنامەی کتێب

زمانی شیرینی کوردی

حەمەسەعید حەسەن

لە ڕۆمانیشدا مەعریفە هەیە، بەڵام مەعریفەیەکی تەڕوبڕ نەک وشکوبرینگ. مەعریفەی ناو ڕۆمان، تەنیا سوودمان پێ نابەخشێت، چێژیشی لێ دەبینین. ڕۆمان فڕینێکی واقیعییە بە باڵی خەیاڵ، ئەوە ئەو فڕینەیە ڕۆمان لە ڕاپۆرت جودا دەکاتەوە.

ڕاپۆرت هەر جارێک و سەروەختی بڵاوبوونەوەی دەخوێنرێتەوە، بەڵام ڕۆمان دەیان ساڵ لەمەوبەریش نووسرابێت، هەر بە تامەزرۆییەوە دەخوێنرێتەوە. یەکێک لە جیاوازییەکانی ڕاپۆرت و ڕۆمان ئەوەیە، یەکەمیان وەڵامی هەندێک پرسیار دەداتەوە، بەڵام دووەمیان چەندان پرسیارمان لەکن دەورووژێنێت. ڕۆمانیش وەک موزیک، ئەگەر خۆت هەست بە جوانییەکانی نەکەیت، زەحمەتە بەهۆی توێژینەوەیەکەوە، دەرک بە لایەنە جوانەکانی بکەیت.

ڕۆماننووس کە مێژوو بەسەر دەکاتەوە، مەبەستی ئەوە نییە، خوێنەر بە نهێنییەکانی ڕابردوو ئاشنا بکات، دەیەوێت لەو ڕێیەوە خوێنەر هان بدات، ببێت بە بەشێک لە گیانی سەردەم.

نیتشە گوتوویەتی: "هەندێک کەس هەن، دوای مردنیان لە دایک دەبن."

وەختی خۆی گوستاڤ فلوبێر لەسەر ڕۆمانی مەدام بۆڤاری دادگایی کرا، بەڵام دواتر ئەو ڕۆمانە بوو بە یەکێک لە شانازییەکانی ئەدەبی فەرەنسایی.

ئەمبێرتۆ ئێکۆ ئەوەی بەلاوە پەسەند نییە، ڕۆمان بە ناوی کارەکتەرێکەوە ناو بنرێت، وەک (داڤید کوپەرفلێد) و (ئۆلیڤەر تویست)ی دیکنز یان (باوکە گۆریۆ)ی بالزاک، ئاخر ئەوە وەک کۆسپێکی لێ دێت لەبەردەم خوێنەردا کە ڕەنگە کارەکتەرێکی دیکەی ئەو ڕۆمانە جێی بایەخی بێت، ئەمە بێجگە لەوەی هاندانی خوێنەرە بۆ لێکدانەوەیەکی دیاریکراو کە لە دەوری کارەکتەرێک دەسووڕێتەوە، هەرچەندە ئەوە ئیشی نووسەر نییە، ڕێنوێنیی خوێنەر بۆ تاقە لێکدانەوەیەک بکات، ئاخر هەر ڕۆمانێک چەندان خوێندنەوە هەڵدەگرێت.

یەکێک لەو پردە پتەوانەی ئەو خەڵکە لەسەر ئاستی دونیا بە یەکەوە دەبەستێتەوە، هونەرە، بەتایبەتی هونەری گێڕانەوە. هونەر بەپێچەوانەی ئایین و ئایدۆلۆجیاوە، ئەو خەڵکە لە یەکدی ناکات بە دوژمن، دەیانکات بە دۆست. چونکە ئەم سەردەمە، سەردەمی چڕکردنەوەیە و ئینسان وەختێکی زۆری بە دەستەوە نەماوە، ئەگەری ئەوە بەهێزە، چیرۆکی کورت جێ بە ڕۆمانی درێژ

هەواڵنامەی کتێب

لێژ بکات. دایک کە ئەرکی پەروەردەکردنی نەوەی نوێی دەکەوێتە ئەستۆ، ئایین و ئایدۆلۆجیا بەگشتی، وەک پێویست بە چاوی ڕێزەوە بۆی ناڕوانن، هونەری گێڕانەوە هەوڵێکی گرنگی داوە، ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە. هونەری گێڕانەوە گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا هاتووە و لەمێژە شێوازە کلاسیکییەکەی جارانی نەماوە، یەکێک لە گۆڕانکارییەکان، سەرهەڵدانی شێوازی گێڕانەوەی ژنانە یان فێمینیستانەیە.

کە دەگوترێت ئەوە بواری کار و لێزانینی تۆ نییە، دەشێت ئەو بۆچوونە، کەم و زۆر ڕاستی و دروستیی تێدا بێت، بەڵام بە پلەی یەکەم مەبەست لێی، دەمکوتکردنی ئەوی دییە کە ڕایەکی جیاوازی هەیە و زیاتر ئەوانەی خۆیان بە زانای بواری ئایین دەزانن، هانا بۆ پاساوی وا دەبەن، چونکە گەرەکیانە لەو ڕێیەوە، قسەکردن لەو بوارەدا قۆرخ بکەن، لە بەهای ڕای جیاواز کەم بکەنەوە و تەنانەت بە هیچیشی لە قەڵەم بدەن.

سەلەفیبوون لە زماندا ئەوەیە، ئێستایش وێڕای گۆڕانکارییە ڕیشەیییەکان، بەو زمانە بنووسین کە ئەدەبی کلاسیکی پێ دەنووسرا، زمانێک لەمێژە تەپوتۆزی لێ نیشتووە و پێوەندیی بە ژیانی نوێ و هاوچەرخەوە نەماوە. سەلەفیبوون ئەوەیشە، بە پاساوی ئەوەی زمانی قورئانی پیرۆزە، عەرەبی لە زمانی شیرینی کوردی کە ناسنامەمانە، بە گرنگتر بزانین. لەمێژە ئەو زمانە گوڵگوڵییە سەردەمی بەسەرچووە کە زیاتر بایەخی بە زەخرەفە و درێژدادڕی دەدا.

ڕاستییەکەی هەموان مافی ئەوەیان هەیە، لەبارەی هەموو ئایین و ئایدۆلۆجیایەکەوە بدوێین، با شارەزاییەکی ئەوتۆیشیان نەبێت، ئاخر ئایین و ئایدۆلۆجیا کاریگەرییان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی هەموو تاکێک هەیە، ئیدی ئەو تاکە زانا بێت، یان زانیارییەکی کەمی هەبێت. (دەمکوتکردنی ئەم و ئەو بە پاساوی نەبوونی لێزانی، زادەی ترسە لەوەی بەرژەوەندیی ئەوانە بکەوێتە مەترسییەوە، کە لەم ئایین یان لەو ئایدۆلۆجیا سوودمەندن.

دروستکردنی کۆسپ لەبەردەم ئازادیی دەربڕیندا، هۆکاریشە بۆ بەرهەمهێنانی مێشکی بەردین و بۆ ڕاهاتن لەسەر ئەوەی نە پرسیار بورووژێنین و نە گومان لە هیچ بکەین(.

وێنەی شیعری و زمانی شیعر

(پێویستە پێوەندیی نێوان زمانی شیعر و زمانی ئاخاوتنی ئەو سەردەمەی شاعیری تێدا دەژی، بە جۆرێک بێت کە خوێنەر بڵێت، ئەگەر شاعیر بوومایە، منیش وەها دەهاتمە گۆ).

شیعری جوان نە تەمومژاوییە، نە ساکار، شاعیر هاوزەمان قووڵیی مەبەست و ڕەوانیی دەربڕین ڕەچاو دەکات و هیچیان ناکاتە قوربانی ئەوی دیکەیان. (مەرج نییە ڕەخنەگر شاعیر بێت، بەڵام هەموو شاعیرێک ڕەخنەگرە).

شاعیر سەروەختی نووسین بە دوو چاوی وریاوە سەرنجی شیعرەکانی دەدات و گوڵبژێر و شەنوکەویان دەکات. ئەو شاعیرەی جڵەو بۆ بەهرە شل دەکات، تووشی هەڵدێر دێت. هەندێک جار ڕستەیەکی ناشیعری سواری شیعرێک دەگلێنێت. لە شیعردا وشەی زبری وا هەیە، لە مێشێک دەچێت، کەوتبێتە نێو جامێک ماستاوەوە. شیعر گیانداریکی زیندووە، هیچ ڕەگەزێکی، بێ ئەوانی دیکەی ناژی و هەموو ڕەگەزەکانی پێکەوە شیعرەکە پێک دەهێنن.

ئەو شاعیرەی هەوڵی نوێکردنەوە بدات و توانای بە سەریدا نەشکێت، دەشێت (ئەمڕۆ بکەوێتە ژێر کاریگەریتیی ڕۆمانسیزمی ئینگلیزییەوە، سبەینێ سیمبۆلیزمی فەرەنسایی، دووسبەی کلاسیزمی کۆن یان نوێ، جاری وا هەیە هەموو ئەو چەشنە کاریگەریەتییانە لە یەک کۆمەڵەشیعری یان تەنانەت لە یەک تاقەشیعریدا ڕەنگ دەدەنەوە، تا ئەو ئاستەی کە دەشێت بابەتی شیعرەکەی ڕۆمانتیک بێت، بە شێوازێکی ڕەمزییانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات و لە چوارچێوەیەکی کلاسیکی بگرێت).

شاعیری بەتوانا وشە تەنیا بەو مانایەی لە قامووسدا هەیەتی، بەکار ناهێنێت، وزەی نوێی پێ دەبەخشێت و (ژیان بە بەر ئەو وشانەدا دەکاتەوە کە لە گیانەڵڵادان).

(ئەرکی هونەر ئەوە نییە لە دەرگا وازەکانەوە بچێتە ژوورەوە، بەڵکوو پێویستە دەرگا داخراوەکان بکاتەوە).

(شیعر وێنەیەکی بگۆیە، وێنە شیعرێکی بێدەنگە). شاعیر دەتوانێت بە وشە وێنە بکێشێت، وێنەیەک زرپوزیندوو بێت و ژیانی لێ بتکێت. وێنەی شیعری سەرکەوتووترین ڕێگەیە بۆ گەیاندنی پەیامی شاعیر. شاعیر ئەگەرچی ڕەنگی لەبەر دەستدا نییە، وەلێ وێنەکانی ڕەنگدانەوەی ئایدیاکانییەتی، بە مامەڵەکردنێکی هونەرییانە لەتەک وشەدا، دەتوانێت ڕەنگ، سێبەر، دووری، بەرزی، نزمی، شادی، خەم، هیوا و بێئومێدی وێنە

بکێشێت. شیعر شێوەیەکە لە شێوەکانی بیرکردنەوە، بەڵام بیرکردنەوەیەک کە لە وێنەدا خۆی دەنوێنێت، ئەو دەقەی لەسەر بناغەی وێنە بڵند نەبێتەوە، ئەستەمە بتوانێت خۆیمان وەک شیعر پێ بناسێنێت.

(ڕەخنەگر خوازە پەسەند دەکات، نەک لێکچوواندن، ڕەمز نەک دەستنیشانکردن، ئەو شاعیرە پەسەند دەکات، کە هانا بۆ شیکردنەوە نابات و بە وێنە ئاماژە بۆ ئەو شتە دەکات کە خوازیارە بیڵێت. ئەرەستۆ دەبێژێت: داهێنانی خوازە تاقە شتێکە کەس ناتوانێت لە کەسانی دیکەوە فێری ببێت و نیشانەی بلیمەتیشە).

شاعیر کە بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی، پشت بە وێنەی شیعری دەبەستێت، ئامانجی ئەوەیە گەشە بە ئایدیاکانی بدات، چڕتر و قووڵتر پێشکەشیان بکات و جۆرە کاریگەرییەتییەکی ئەفسووناوی لای خوێنەر جێ بهێڵێت و ناخی بهەژێنێت.

یەکێک لەو کۆڵەکانەی شیعری نوێیان ڕاگرتووە، ڕەمزە، (شیعری بێ ڕەمز و دەمامک، شیعرێکە ڕووت و برسی، لە پەیکەری ئێسکی لاشەیەک دەچێت.(شاعیر ڕەمز ناکاتە تەمومژێکی خەست و فیکری خۆی پێ ناشارێتەوە، ڕەمز بە مەبەستی چاوبەستی خوێنەر بەکار ناهێنێت، بەڵکوو ڕەمزەکانی ئاسۆی بەردەمی خوێنەر ڕوونتر و فراونتر دەکەن. بەگەڕخستنی ڕەمز، ڕێگەیەکە بۆ خۆ دەربازکردن لە درێژدادڕی و ڕاستەوخۆیی، ئەوەی ڕەمزێکی گونجاو لە وشەیەکدا دەیڵێت، نووسینێکی ئاسایی، یان شیعرێکی لاواز، بە لاپەڕەیەک بۆی ناگوترێت. شاعیر لەبەر ئەوە ڕەمز و داستان قوت ناکاتەوە، تا ڕەخنەگر پێی بڵێت، سوودی لە ڕەمز وەرگرتووە و مامەڵەی لەگەڵ داستاندا کردووە.

شیعری نوێ، پشتی نەکردووەتە کێش و سەروا، وەلێ زیاتر پشتی بە موزیکی ناوەوە بەستووە، شیعری نوێ وەک سەمفۆنیا وایە، لەسەر یەک ڕستەی موزیکایی بەند نییە، (کێش و ئاوازی شیعری نوێ، چرکەی سەعات ئاسا لە یەکتری ناچن و بەردەوام دووبارە نابنەوە(. ئەوە شتێکی ئاساییە کورتەشیعرێک لەسەر یەک کێش بنووسرێت، بەڵام پەنابردنە بەر تاقە کێشێک بۆ چیرۆکەشیعر، ڕەنگدانەوەی خۆماندوونەکردنی شاعیرە.

(پێویستە پێوەندییەکی پتەو لە نێوان، ئایدیا، موزیک و پاشبەندا هەبێت، شاعیری بێتوانا سەرەتا سەروا ڕیز دەکات و دواتر بە دوای ئایدیادا دەگەڕێت تا لەو سەروایانە شیعر دروست بکات! یان ئایدیای حازری لایە و سەرقاڵی گەڕانە بە دوای کێش

و پاشبەنددا!(وەلێ شاعیری توانا یەک لە دوای یەک، بە شێوەیەکی خۆڕسک، ئایدیاکانی بە زمانێکی ئەفسووناوی لە نێو موزیک و سەرواددا دەتوێنێتەوە، پاشبەندی شیعری هیچ زۆر لە خۆکردنێکی پێوە دیار نییە، بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان دێڕە شیعرەکانیشی، هانا بۆ وشەی هاوواتا و ناپێویست نابات و زمان ناشێوێنێت، ئەوی خاوەنی ئەزموونێکی مەزن بێت، خاوەنی زمانێکی دەوڵەمەندیشە.

هەواڵنامەی کتێب

د. نەجم ئەڵوەنی

ڕەهەندەکانی زمان
لە ڕۆمانی کوردیدا

د. نەجم ئەڵوەنی

هەرکەسێک دەقێکی ئەدەبی بە وردی بخوێنێتەوە، درک بەوە دەکات کە زمان لەم جۆرە دەقانەدا، وەک زمان لە ژیانی ڕۆژانەدا، کۆمەڵێ ڕەهەندی جیاوازی هەیەو نابێ نووسەر ئاگاداری ئەو ڕەهەندانە نەبێ.

لە مێژە ڕۆمان یاکۆبسن لە باسی شیعرییەتی زماندا ئاماژەی بەوە کردووە کە لەڕووی تایبەتمەندییەوە، زمانی دەقە ئەدەبییەکان هەندێ خەسڵەتیان هەیە لە زمانی ڕۆژانەیان جیا دەکاتەوە وک پەنابردنە بەر هونەرەکانی ڕەوانبێژی، بە تایبەتی هونەری خواستن کە ئەرکی شاردنەوەی واتایە. هەروەها خوازە کە بە لێچوونی پیتەکان، واتای جیاواز بەرهەم دەهێنێ و هەندێجاریش بە جیاوازیی ژمارەی هەندێ لە پیتەکان واتایەکی نوێ دادەڕێژێ کە لەوانەیە پێشتر بیری لێ نەکرابێتەوە.

ئەم بۆچوونە جەختکردنەوەیە لە سەر شێوازی جیاوازی دەربڕین، بەڵام نکۆڵی کردن نییە لەوەی کە زمانی ئەدەبیش چەند ڕەهەندێکی جۆراو جۆری هەیە و لە ڕێی ئەو ڕەهەندانەوە دەکرێ خەسڵەتی کۆمەڵایەتیی زمانی ئەدەب شیبکەینەوە. لەبەر ئەوەی بابەتەکەمان پەیوەندی بە زمانی ڕۆمانەوە هەیە، بۆیە زیاتر جەخت لەسەرهەندێ لە ڕەهەندەکانی زمانی ئەم ژانرە بەتایبەتی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی دەکەینەوە.

ئەوەی ڕۆمانی کوردی بخوێنێتەوە، درک بەوە دەکات تا ئێستا بەشێکی بەرچاوی ڕۆماننووسە کوردەکان بەوردی و گونجاوی پەیان بەوە نەبردووە کە بە گوێرەی قۆناخی مێژوویی و ژینگەی کۆمەڵایەتی و گروپی کۆمەڵایەتی و جیاوازیی ناوچەیی و جۆری پیشە دەبێ زمانی ئاخاوتنی کارەکتەرەکانیان سازبکەن، تەنانەت تەمەن ڕۆڵێکی گرنگ لە دروست کردنی ئەو جیاوازییەدا دەگێڕێ. بۆ نموونە ناکرێ منداڵێک و پیرەمێردێک وەک یەک لە قسەکردن و دەربڕیندا زمان بەکاربهێنن، چونکە وەک چۆن زمان ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە، بە هەمان شێوە زمان ڕەهەندێکی بایلۆجیشی هەیە.

زمان وەک (فلیپ دۆڤۆر) لە پەرتووکی (بیرۆکەی زمانی ڕۆمان)دا دەڵێ: ” زمان لە ناو مێژوودایە، وەک چۆن مێژوو لە ڕێی زمانەوە دەدوێ“ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونەشی سوود لە ڕاپۆرتەکانی (بەلزاک)ی ڕۆماننووس وەردەگرێ کە لەم

بارەیەوە گوتوویەتی: ڕۆمان ناچارت دەکات بیر لەوە بکەیتەوە ئاخاوتن پەیوەستە بە مێژووەوە، و نابێ ڕۆماننووس ئەم لایەنە لەبیر بکات. هەر ئەو ڕۆماننووسە سەبارەت بە بەکارهێنانی زمانی گفتوگۆ لە ڕۆمانی مێژووییدا گوتوویەتی: " ڕۆمانی مێژوویی ئاشکراکەرێکی زۆر هەستیاری هەڵەی بەکارهێنانی زمانی گفتوگۆیە، هەر هەڵەیەک لە داڕشتنی ڕستەیەکدا وەک لادانێکی مێژوویی دەنگ دەداتەوە." پێویستە وشەکان بۆنی ئەو سەردەمە مێژووییەیان لێ بێ کە کارەکتەرەکان ڕۆڵی تێدا دەگێڕن.

لای هەموومان ئاشکرایە کە مێژوو، مێژووی ململانێ کۆمەڵایەتییەکانە وەک (کارل مارکس) ئاماژەی پێکردووە. ئەگەر لەم سۆنگەیەوە تەماشای مێژوو بکەین ئەوا ڕێک بۆمان دەردەکەوێ کە مێژوو لە ژیانی کۆمەڵایەتی دانەبڕاوەو هەرگیزیش لێی جیا نابێتەوە.

ڕۆمانەکانی خەسرەو جاف، بە تایبەتی ڕۆمانی (ڕاز، دەغدو) ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن کە ڕۆماننووس لەم دوو دەقەدا نەک تەنیا لە زمانی گفتوگۆی کارەکتەرەکاندا، بەڵکو تەنانەت لە ناسینی کارەکتەرە مێژووییەکاندا هەڵەی زەقی کردووە. لە ڕۆمانی ڕازدا کە بە جامی جەم بەناو مێژوودا بەرەو سەردەمی میدییەکان گەڕاوەتەوە، لەوێدا دەڵێ (دەغدو) کچی ئەژدەهاکە. کەچی لە ڕۆمانی دەغدودا دەڵێ ئەم کارەکتەرە کچی دیاکۆیە. زۆربەی دیالۆگی کارەکتەرە مێژووییەکان وەک ئەژدەهاک و کۆرش لە ڕۆمانی ڕازدا و زمانی گفتوگۆکانی دەغدو لەگەڵ سەنگەر لە ڕۆمانی (دەغدو)دا بەهەمان شێوازی کارەکتەرەکانی سەردەمی ئێستای ڕۆمانەکەیە. خوێنەر بە تێڕامان لەو گفتوگۆیانە هەست ناکات زمانەکەیان لە ڕووی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە لەیەک جیاوزبن. ئەگەر چی (فراولە، شێرۆ،و هاوسەفەرەکانیان) کە کارەکتەری ڕۆمانی (ڕاز) ن، خەڵکانێکن لە سەدەی بیستەمدا دەژین و هارپاک و ئەژدەهاک و کۆرش و دەغدو لە سەردەمی میدیاکاندا ژیاون وەک ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا باسکراوە. فەرامۆشکردنی ئەو لایەنە هەستیارانە، بەڵگەی ئەوەیە کە خەسرەو جاف بێ ئاگابووە لەم ڕاستییەی کە (فیلیپ دۆڤەر) سەبارەت خەسڵەتی کۆمەڵایەتیی زمانی گفتوگۆی کارەکتەر گوتوویەتی: " ڕۆماننووس لە ڕێی گفتوگۆوە خەسڵەتی کۆمەڵایەتیی زمانەکان بنیات دەنێت." هیچ

کاتێ خوێنەر لە ڕێی گفتوگۆی کارەکتەرەکانی نێو ئەو دوو ڕۆمانەوە هەست بە جیاوازیی تۆنی دەربڕینی کارەکتەرەکانی هەردوو سەردەمەکە ناکات (سەردەمی کۆن و سەردەمی ئێستا).

ڕاستە بەگشتی هەرنەتەوەیەک بە یەک زمان ئاخاوتن دەکەن، بەڵام بەهۆی جیاوازیی چینایەتی و ناوچەیی و پیشەییەوە، زمان لە ناو خۆیدا دابەش دەبێ بۆ چەند دیالێکتێ، یان چەند دیالێکتێکی کۆمەڵایەتی. ئەم جیاوازییانەش زۆر جار واتای جیاواز بەهەمان وشە دەدەن کە تاکەکانی سەر بەو نەتەوەیە ڕۆژانە بەکاری دەهێنن. لەم بارەیەوە گۆستاڤ لۆبۆن دەڵێت: " لە یەک کۆمەڵدا، زۆر جار یەک وشە واتای جیاواز هەڵدەگرێ بە پێی توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان. ئەمەی دوایی بە ڕووکەش هەمان وشە بەکاردەهێنێ، بەڵام بەهەمان زمان ئاخاوتن ناکات."

کارەکتەرەکانی ڕۆمان، نموونەیەکی بەرچاوی جیاوازیی زمانی ئاخاوتنن. جیاوازیی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری و جیاوازیی دەروونیی و نەتەوەیی ڕۆڵیان هەیە لە چۆنیەتی دامەزراندنی گفتگۆی کارەکتەرەکاندا. زمانی کارەکتەر گوزارشت لە کەسایەتی ئەو دەکات و وێنەی کەسایەتیی ئەومان پیشان دەدات. لەبەر ئەوە ناکرێ لە ڕۆمانێکدا هەموو کارەکتەرەکان یەک توانایان هەبێ لە قسەکردن و دەربڕین و وێناکردنی جیهانی دەوروبەریاندا. مایکڵ هۆڵیدای ئەرکەکانی زمان دەکات بە سێ جۆرەوە: دەقی، نێوان کەسی، وێناکەری. لە بارەی ئەرکی وێناکەرییەوە دەڵێ: "قسەکەر، یان نووسەر شارەزایی خۆی دەربارەی دیاردەکانی جیهانی ڕاستە قینە بەرجەستە دەکات." (بڕوانە: رۆجەرفاولەر: ڕەخنەی زمانی، ل٦٣ـ ٦٤، بە زمانی عەرەبی).

